گەلاوێژی نوێ

گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیریی

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

ژمارە (28-27) ساڵی 2002

ئازادی .. داهێنان .. ئەقڵانیەت

خاوەنی ئیمتیاز:

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

سەرنووسەر:

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین:

لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران:

سەلاح محەمەد

سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید

مۆنتاژ: ناشنا عەبدوڵڵا

پەیوەندی لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت

ژمارە یەکی گەلاوێژی نوێ لە (مایسی ۱۹۹۷)دا دەرچووە

ئەدرەس: سلێمانی – شەقامی سالم – بنکەی

ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

کلیلی گەلاوێژی نوێ لەسەر ئینتەرنێت:

http://home.bip/hawre/

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە: سەنتەری سلێمانی

(تەلەفۆن ۰۰۱۲۱۲۸۹۶۳۳۰٤)

(فاکس ۰۰۱۲۱۲۸۹۶۳۳۰۵)

تایپی کۆمپیوتەر: زانا عارف – ئالان سامی

مۆنتاژو فەرز: (جلیل حسین)

ئۆفسێت: چاپخانەی داناز (شاخەوان ئیردیس)

چاپی بەرگ: ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناو وڵات (۱۰) دینار

بۆ هەندەران (۷) دۆلار

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە	لاپەڕە
سپیدە	٤
نهاد جامی	
سەرەتایەک بۆ سیمۆلۆژیا	٦
و/ سامان عەلی	
تەماشاکەری پابەند ریمۆن ئارۆن	٢١
و/ محەمەد کەریم	٢٩
عەقڵ و هەست	
ئاسۆ وەهاب	٣٧
زمان و هزر	
عەبدوڵڵا سیوەیلی	٥١
پرسیارەکانی شوناس	
ناهید حوسێنی	٥٩
بوکی زستان	
نازاد مارف	٦١
ژیان بەکەلەپچەی دێرەکانەوە	
ئیدریس عەلی	٦٢
سازش لەگەڵ بادا	
رەنج شوکری	٧٠
ئەو گوڵانەی تەمەن لەمەنفا ناشتنی	
و/ سیامەند مەحمود	٧٥
گفتوگۆی ئۆکتافیۆباز	
و/ محەمەد کەریم	٨٠
گفتوگۆیەک لەگەڵ گوڵی تەرەقی‌دا	
ئا/ کامیل قەرەداغی	٨٧
ژنانی کورد لەمەندەران	
سەلام مەنمی	١٠٢
مۆر	
و/ تۆفیق عەبدول	١٠٥
شەمیدەکان ئەم مەفتەیە دەگەڕێنەوە	
یاسین بەرزنجی	١٢٢
شەوێکی روناک	
و/ ئەرخەوان	١٢٥
زانگی جی	
ئەدۆنیس	١٣٣
شیعرو تەئویل	
پشکۆ نەجمەدین	١٣٧
درەختێک لەتیشک زمانێک لەزەریا	
مەلا بەختیار	١٤٢
مەڵەو بەمەڵەنەبردنی خەڵک	
و/ دلاوەر عەبدوڵڵا	١٧٤
جەنگی چوارەمی جیهان	

کەمال نوری مەعروف	
جارێکی تر شوێنەواری بازیان	١٩٥
عەبدوڵلاّ سیوەیلی	
دەربارەی تەسەوف و ئاین	١٩٩
مەم بورهان قانع	
هونەری چاپێکەوتنی رۆژنامەنووسی	٢٠٣
ئەبوبەکر کاروانی	
کارتێکردنی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵان	٢٢١
عەبدولخالید سابیر	
فەلسەفەی میسری	٢٢٤
مەلەفی مولازم تەحسین و شتی تریش	٢٢٩
حەسەن یاسین	
مولازم تەحسین و پرۆسەی ناشتی	٢٣٠
سیامەند هادی	
هەڵسەنگاندنی نۆڤلێتی مولازم تەحسین و...	٢٣٢
جەوهەر کرمانج	
دووفاقی لەکەسایەتی نۆڤلێتی مولازم تەحسین و...	٢٣٨
مستەفا صالح کەریم	
ئەرێ گوڵشەن بۆ بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ دەبەی تەوار	٢٤٥
رەبی هووی لێ بێت زمانی..	٢٤٦
روونناک فەرەج — تریفە عەلی	
وێنای (ژن — شۆڕشی — شار)	٢٤٧
غەفور صالح	
روانین	٢٥١
شوان داودی	
بەقسەی کامتان بکەین	٢٥٢
ئیدریس عەلی	
فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان...	٢٥٤
سەردار عەبدوڵلاّ	
نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز (مام جەلال)	٢٥٩
بەدرخان	
مولازم تەحسینمان واناسی	٢٦١
حەمید ئەبوبەکر	
دکتۆر فەرهاد لەگەڵ رۆژنامەی بەدرخاندا	٢٦٩
ئەحمەدی مەلا	
پاڵەوانی ئەدەبی پاڵەوانێکی کاغەز	٢٧٧
ئازاد تۆفیق	
هەمرومان لەژێر پاڵتۆکەی کۆمەڵەوە هاتووینەتە دەرەوە	٢٨٢
کاوە حاجی عەزیز	
ڕووبەڕوو لەگەڵ د. فەرهاد پیربالّدا	٢٩٨
سەمەد ئەحمەد	
ئەختەری سۆزانی بان قوربانی	٣٢١
ڕوونکردنەوەی بنکەی گەلاوێژ	٣٣٠

پێشڕەو

داهێنان-ڕەخنە

لەتیف هەڵمەت

کاتێ کافکا ڕۆمانی-کۆشک-ی نووسیو بڵاوی کردەوە.. بەڕپرسی وێژەیی ڕۆژنامەی (ساتردای ریفیو) شاڵاوێکی زۆری بردە سەر ڕۆمانەکەو نووسی: (ڕۆمانی-کۆشک- منجەمنج کردنەو ئیتر هیچ) جگە لەوەش لە پێشەکی ڕۆمانی-تحریات کلب-دا کە کافکا نووسیویەتیو کامل یوسف حسینی کردوویەتی بە عەرەبیو ساڵی ١٩٨٦ (دار الوسام) لە بەیروت چاپی کردووە، باسی گەڵێ لەو شاڵاوە ناڕەواو هێرشە نالەبارانە کراوە کە لەلایەن هەندێ لەنووسەرانی لاوەکیو ڕۆژنامەنووسانی داخ لەدڵەوە کراوەتە سەر ڕۆماننوسی داهێنەر کافکاو ڕۆمانەکانی کە تا ئێستاش لەجوگرافیای ڕۆمانی جیهانیدا بەشاکار لەقەڵەم دەدرێن بەتایبەتی ڕۆمانی-کۆشک- لەو بارەیەوە کە باسمان کرد وەرگێڕ لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێ: (سوپایەکی بێ شومار لەرەخنەگرانی سەر بەهەموو تەوژمو شێوازەکان لەڕووی کافکادا ڕاوەستانو بەرەنگاری بوونەوەو هەموو چەکێکیان لەپێناوی تێکشکاندنیدا خستەکار) سەیر ئەوەیە سەرباری ئەو هەموو نابووتکردنەی کافکاو بەرهەمەکانی لەلایەن هەندێ لە ڕەخنەگرانی سەردەمەکەیەوەو بەپێچەوانەی خواستی ئەوانەوە ناوو بەرهەمەکانی کافکا بەگشتیو ڕۆمانی کۆشک بەتایبەتی هەتاکو ئێستا بە پڕشنگداری ماونەتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خوێنەری بەرهەمەکانی کافکا زیاد دەکاتو بەڵام ئەو ڕەخنەگرانەی کە دەیانووسیوە لەپلەو پایەی بڵندی ڕۆمانەکانی کافکا کەم بکەنەوەو ناوو ناتۆرەی لێبنێن.. ئێستا کەس نایانناسێو هەرچیشیان لەدژی کافکا نووسیوە. لەدووتوێی لاپەڕە پواوو گەچڵاوەکاندا مۆریانەو ژەنگ تێی داونو کەس هەر نایانخوێنێتەوە..

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کافکا تەنها نووسەرێک نییە لەلایەن بڕێ لەڕەخنەگرانەوە هەوڵی شکاندنەوەی درابێو دەتوانین بڵێین گەڵێ لە شاعیرانو نووسەرانو هزرمەندانو ڕۆشنبیرانو هونەرمەندانو زانایانی بلیمەت لەو جۆرە شاڵاوە ناڕەواو ناپەسەندەیان کراوەتەسەر.. یاخود سەردەمەکەیان هەستیان بە لێهاتوویی و داهێنانەکانیان نەکردووەو پشتگوێی خستوون یا سزای سەختی داون یاخود کوشتوونی.. لەوانە: حەلاجو سەهرەوەردیو گالیلۆو ئانۆ برۆنۆو ئیمامی حەنەفیو مایکۆفسکیو جان دارکو پۆشکینو شەکسپیرو ڤان کوخو ڕامبۆو بۆدلێرو موتەنەبیو یەسەنینو باسترناکو ئۆسیب مەندە لشتامو ئیلیۆتو بەدر شاکر سەیابو بەیاتیو ئەدۆنیسو گۆرانو هتد... لەبارەی ئەم جۆرە حاڵەتەوە قسەیەکی نەستەقی عەرەبی هەیە دەڵێ: (پێغەمبەران لەوڵاتی خۆیاندا ڕێزیان لێ ناگیرێ) منیش لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم زۆربەی داهێنەران لەلایەن سەردەمەکەی خۆیانەوە بەرز هەڵناسەنگێنرێن... جا ئەمە هەندێ جار بەدەستی ئەنقەستەو پلانێکی لەپشتەوەیەو هەندێ جاریش ناهەمواری بارودۆخی کۆمەڵگاکە ئەو حاڵەتە دروست دەکاتو لەم دیدەوە بۆم هەیە بڵێم نووسەری گەورە -فیتزجیرالد- ڕاستی کردووە کە گوتوویەتی: نووسەری ڕاستەقینە بۆ لاوانی هاوچەرخی خۆیو ڕەخنەگرانی وەچەی داهاتوو دەنووسێ..! ئیتر دەڵێم مەحاڵە کەس بتوانێ (هەتاسەر) ڕێ لە داهێنەرو داهێنان بگرێو کەس ناتوانێ هەور بخاتە قەفەزەوەو ڕێگای باران بارینی لێ بگرێ.

(داهێنان رەخنە)

سەلاح محەمەد

کاردانەوەی چەمکی تێکست یان هەر پێکهاتەیەکی هونەریی هێندەی هەڵگرتنی چەندێتی توخمی کاریگەر ئەوەندە دەتوانێ دەسەلاتێك بەسەر وەرگر یان بینەر یان بیستەر دروستبکات بۆیە لەوێوە دەتوانین دەستنیشانی ئاستە جیاجیاکانی جیاوازی ئەو پرۆسەیە بکەین. کەواتە تێکستی کاریگەر خۆی لەناو جەستەی خۆیدا بنەما سەرەکیەکانی ئەفراندن دابیندەکات هەتا لەوێوە هزری خۆی بگوێزێتەوە لای ئەوانیتر. بێگومان جۆری وەرگرتنیش لە کەسێکەوە کە خاوەنی باگگراوندێکی هونەریی یان وێژەیی بێت جودایە، چەند وەرگر کامڵ بێت ئەوەندە باشتر دەتوانێ سنورەکانی ببەزێنێو لێوەی بچێتە ناو مەودا جیاجیاکانی تێکستەوە، کەواتە وەرگرێکی خاوەن ئەزموونو هۆشمەند دەتوانێ بە ئاسانی خاوەنی رای تایبەتی خۆی بێت دەربارەی ئەو پێکهاتەیە، کەواتە قسەکردن لەسەر داهێنان کارێکی رەوایەو پێویستە دەرگا لەسەر سڵەمینەوە داخەینو هەموو پەردەکان لەسەر خوێندنەوەی ئازایانەی تێکستەکان بخەینەڕوو هەتا ڕوخسارە گەشەکان لە ڕوخسارە لێڵەکان جیابکەینەوەو هەریەکەیان بەڕێگەی سروشتیی خۆیدا بگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەمەبەست کاریتیاکراوە، رەخنە لەسەر بنەمایەکی زانستیو مرۆڤانە دوور لە دەمارگیریی دەتوانێ زەمینەی پێشبڕکێیەکی کارکردن فراوانو رەخساوتر بکات.

بۆیە لێرەدا رەخنە وەك کردەیەك دەتوانێ بەچالاکی ڕوگەکانی داهێنان ببینێتو لەهەمانکاتدا توخمە لاوازەکانی ئەو تێکستانەی کە هێزێکی زیاتریان دەوێت بۆ تەندروستێکی باش تا بگەنە ئاستی پێویست بدۆزێتەوە. ڕۆیشتن ڕووەو تێکست بەدیدێکی هۆشیار زەمەنی مانەوەو بەردەوامبوونی درێژتر دەکاتەوە، کەواتە چەندین رەخنەگر دروستدەبێت هەر لەنووسەر یان هونەرمەند خۆیەوە کە یەکەم رەخنەگری خۆیەتی هەتا ئەوانیتر.

دەرچوون لەژێر کاریگەری دەسەلاتی سۆزێکی سادە لەکاتی کارکردنداو پێداچونەوەیەکی بوێرانە تێکست لەهەندێ تەگەرە دووردەخاتەوەو دەیکاتە خاوەنی ریتمێکی خاوەن پێناسەی تایبەت بەخۆی، بۆیە لێرەوە دەتوانێ سەفەر بەناو مێشکەکانا بکاتو لایەنی پۆزەتیڤی خۆی لەنێوەندەکەدا دەستنیشانبکات، کەواتە یەکەم سەلماندن لەتێکستەوە بۆ ناو رەخنە دەستپێدەکاتو دواجار رەخنە کارتی چونە ناو تێکست وەردەگرێت.

یەکێك لەو زانستە نوێیانەی ناومیتۆدی ڕەخنەیی کە توانی عەقڵی خۆرئاوا ڕووبەڕووی ئەبستمۆلۆژیای ڕەخنەیی بکاتەوە زانستی ئاماژە (سیمۆلۆژیا) بوو، بەوەش گوتاری عەقڵی خۆرئاوای خستە ژێر پرسیارەوە، ئەو زانستەش سەرەتا لای فەیلەسووفی ئەمریکی (چارلز ساندرز بێرس) بە ناوی (سیمۆتیکا) ناسرا، دواتر لەلای (فردینان دی سۆسێر) بە (سیمۆلۆژیا) دەرکەوت، سیمۆلۆژیا میتۆدێکی ڕەخنەییە بۆ ڕاڤە کردن، دامەزراندنی پێوەندی نێوان ئاماژەو زمانە، خوێندنەوەی ئەو ئاماژانەیە کە لەناو زماندا کاردەکەن، ئەوخاڵەش کرۆکی باسەکانی (سۆسێر) بوو چونکە زمان بەلایەوە سیستەمێکی ئاماژەکارییە، بۆیە زمان ناسی دەبێ بە بەشێك لەناو ئاماژە، بەواتای ئاماژەی زمانەوانی ئەو دووانەن کە ناتوانین لەیەکتریان دابڕین، ئەویش (دال/ مەدلول)ن، دال وێنەی دەنگییە.. وێنەیەك هەست پێکراوە، پێوەندی بە هەستەکانەوە هەیە، وێنەیەك بیستن دەبینێ و بە هاوبەشی لەگەڵ بینین وێنای وێنەیەکی زهنی دەکەن، ئەو وێنەیەش گەیشتنە مەدلولە کە گەیشتۆتە فکر، ئەوەش پێوەندیەکی بێسوودەکە بە ئاماژەی ڕەمزی ناودەبرێت، ئەوەش وای لە کەسانێك کرد بیخەنە ژێر ڕەخنەوە، دیارترین ئەوڕەخنانەش وتارێکی (بنفنیست) بوو لەژێر ناوی (سروشتی ئاماژەی زمانەوانی)، ئەوەی (سۆسێر) بە پێوەندیەکی بێ سوود ناوی دەبات، (بنفنیست) بەپێویستیەکی دەزانێ، چونکە هیچ بێ سوودیەك نابینێ لەنێوان پێوەندی دال و مەدلول، لەسەر ئەوبنەمایەش ئەو بۆچوونە دەسڕێتەوە کە ئاماژەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ، ئەوەش بە (ئاماژە / بابەت) ناودەبات، بەوناوبردنەش لە (بێرس) خۆی نزیك دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر توانای سۆسێر لە ئاماژەی زمانەوانیەوە دەربکەوێت ئەوا بێرس لە ئاماژەی (نا زمانەوانی) بالاّدەستەو توانیویەتی بەتاکتیکی پێشکەوتوو ((سیمۆلۆژیا لە سنوری بەرتەسك بۆپێوەندیەکانی زمان دەربکات))[1] چونکە ویستی کارلەسەر نەریتە کۆمەلاّیەتیەکان بکات و ئاماژە سۆسیۆلۆژیەکان بخوێنێتەوە، نەك بەفەرامۆش کردنی چەمکە زمانەوانیەکان، بەلّکو لەزاراوە زمانەوانیەکانەوە بۆئەو ئاماژە نازمانەوانیانە دەپەڕێتەوە، بۆیە میتا زمان گرفتێکی سەرەکی

سەرەتایەك بۆ سیمۆلۆژیا

نیهاد جامی

کـــارکردنی بـــێرس بـــوو لـــەناو کـــارکردنی (سـیمۆتیکا)دا، لەوکارکردنەشـدا هیـچ پێوەندیـەک لەنێوان (بابەت/ تەئویل)دا نییـە، تـەئویل سـنورێکی ناکۆتا دەبەخشێت بۆتێپەڕاندنی چەمکی ئاماژەکـان، ئەوەش لای سوسێر ونـە، بۆیـە (بـێرس) لەئاسـتێکی فراوانترەوە لە ناو ئاماژە کاردەکـات، چونکـە ئەگـەر لای (سۆسێر) ئەو پێوەندیـە پایـەکانی لەسـەر دال و مـەدلول دابمـەزرێنێت، ئـەوا لای (بـێرس) دەبـێ بـە (شـیکەرەوە، بابـەت، وێنـەدار)، ئـەو (بابـەت)ە لای سۆسـێر بوونـی نیـە، بـەڵام بـێرس بـەدووجۆر لەیـەکتریان جیادەکاتـەوە (دینـامیکی/ ڕاسـتەوخۆ) ئەوەش پێوەندی کردنـی ئاماژەیـە بـە پێوەندیـەکان لەوەی تەنیا ئاماژە نیـە نرخـی پـێ دەدرێـت، بـەڵکو لەو کاتەدا ئاماژەی بەشەکان هەمان وەزیفەی کـارای دەبێـت، ئـەوەش قـووڵ بوونەوەیـەتی لـە چـەمکی فەلسـەفی، چونکـە (بـێرس) دەیـەوێ لـە ڕوانگـەی فەلسەفیەوە لەناو ئاماژە کاربکات، بۆیە گەڕانەوە بۆ (کـانت) دەکاتـە (ئەیقونـە) تـاوەکو لـە (لۆژیکـی ئەرستۆیی) وەری بگرێت، کە دەیگەیەنێت بە تەعویز وەرگرتنـەوە لـە لۆژیکـی ئەرسـتۆیی بـۆ (لۆژیکـی پێوەندیەکان) کەدەبێ بـە سـتراتیژی گەیشـتن بـە سیمۆتیکا ئەوەش بـۆ گەیشـتنە دەرەنجامـەکانی بـە (کـانت) دا چۆتـەوە، چونکـە (کـانت) بـۆ ئـەو فەیلەسـووفێك بـوو، پێشـتریش لـەبواری فەلسـەفە دەیویسـت لـە ڕێگـەی زانسـتی ئەزموونگـەری کـاری لەسەردا بکـات، ئـەوەش پشـکنینێکی تربـوو لەسـەر ئەو فەیلەسووفە کەبە لۆژیکـی تـری گـەیاند، چونکـە سیمۆتیکا سەرهەڵدانێکی فەلسەفی بوو لەناو (پێشڤە چوون، واقعی، براگماتیکی).

بۆیـە هەریەکـە لـەو دوو ئامـاژە ناسـە خـاوەن تـێڕوانینی تایبـەتن لـە ئامـاژە ناسـیدا، ئـەوەش لەدەرەنجامـەکانیدا بەمەعریفەیـەکی قوولّـی ئامـاژە ناسـی ڕووبـە ڕوومـان دەبێتـەوە، تابـەو هۆشـیاریە سـیمۆلۆژیەمان بگەیـەنێت، کـە ئامـاژەکـان بـەپێی سیستەمێك توخمەکانی بەرهەم هێنان پێکدێنێت، کە وادەکـات سـیمۆلۆژیا دژی هەمووئەودەقانـە بووەستێتەوە، ئەوانـەی لـەناو خۆیـاندا دەرگـا لـە ئامـاژەکان دادەخەن، دەرگاداخستن لە ئامـاژە سست بوونـی زمانـە لـەناودەقدا، زمـان لـەو نووسـینانەدا توانایـەکی کزیان تیاماوەکـە نـاتوانن سـەربەخۆیی

سۆسێر

خۆیان لە پێوەندی بەتوخمەکان بپارێزن، بۆیە بونیادی زمان لەناو وەهمێکدایە کە توانای بکەری خۆی لە دەست دەدات، لەوکاتەدا زمان بونیادی فکری و بونیادی ئیستاتیکی دەدۆڕێنێت، چونکە زمان لەبنەڕەتدا لە ئاخاوتن جیادەبێتەوە، وەک تاکە جەستەیەک کارناکەن، بەڵکو ئاخاوتن وەک بونیادێکی زمان کاری خۆی دەکات، ئەگەرچی سۆسێر ئەوەی کەشفکرد کە زمان سیستەمێکی ئاماژەکارییە و ئاخاوتنیش ڕوویەکی ئازادە لەناو زمان، چونکە زمان سەرەڕای ئەوەی هەڵگری فۆرمە، بەڵام ناوەڕۆکێکی سەربەخۆی هەیە، وەک چۆن ئاخاوتن هەرچەندە گوزارشت لەناوەڕۆک بکات، دواجار فۆرمێک هەیە ڕوویەکی تەواوکەرییەتی، بۆیە جەخت کردنەوەو گۆڕینەوە لەسەر پێوەندی (زمان / ئاخاوتن) لەڕێگەی ئالۆزی ئاماژەکارییەوە دەبێت ئەو دەقانەی زمان تیایدا کزن، کۆمەڵەدەقێکی مردوون کە توانای جوڵەو بزاوتیان لەدەست داوە، چونکە (دال) لەبڕی پەڕینەوەو گەیشتن بۆ (مەدلول) جارێکی تر دال بەرهەم دێنێتەوە، ئەوەش بۆ شایی نێوان (دەق/ وەرگرە)، کە شوێنی لە پڕۆسەی خوێندنەوە گیراوە، داگیرکردنی شوێنی مەدلول بە دال بەواتای کوشتنی ئاماژەکان دێت، کەوابێ مردنی دەق فەنابوونی ئاماژەکانە، کاتێ ئاماژەکان لەناو دەق ون دەبن زمان لەناو وتراوەکان خۆی بەگەمەیەکی نیهلیستی خەریک دەکات، کەناتوانێ لەوفەزا بێهودەیە دەربچێت، بۆیە دەقی زیندوو فکرناکاتە لقێکی پێوەندی بە زمان، بەڵکو زمان بۆ خۆی دەبێ بەهەڵگری فکر، بۆیە مانەوەی زمان، مانەوەی گوتاری فکرییە.

زمان هاوکێشەیەکە بۆ دەستنیشان کردنی توانا عەقڵیەکان کە مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە خودی هۆشیار دەخوڵقێنێت، ئەوەش بۆ هۆشیاری زمان دەگەڕێتەوە، چونکە نەست و زمان بەلای (جاک لاکان)ەوە، وەک یەک بونیادنراون، بەواتای توانای نەست توانای زمانە، ئەوەش دڵنیابوونە لە مێژووی زمان، بەوەی پێش ئەوەی نەست هۆشیاری بەگەڕبخات زمان هەبوو، بەواتای زمان وزەیەکی ئەزەلییە.

زمان لەڕێگەی سیستمی زمانەوانی لەناو نووسین کاردەکات، ئەوەش بایەخدانیەتی بە سیستەمی دەلالی، بەڵام ئەو دەقانەی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە نووسین دروست دەکەن، تەنها دەیانەوێ هەڵچوونێکی کۆمەڵایەتی تۆماربکەن، ئەوەش نووسینەوەی زەمەنی ڕووداوەکانی کۆمەڵگایە کە نووسین دەباتە ئاراستەیەکی ون لە گوتار، چونکە هەست بە ئامادە نەبوونی گوتار دەکرێت لەدەقدا، ڕاستە گوتارێك هەیە بەڵام لاواز... خاوەن توانایەکی کزە، بۆیە کاتێ زمان دەیەوێ بەپێی سیستەمی تایبەتمەندی دەلالی گوتار بەرهەم بێنێت، ئەوا گوتارێك دێنێت کە ئاماژەکارییە، هەڵبەت لەوساتەدا نووسین پلەیەکی بالا تۆمار دەکات، بەوەی (ساتی گوتار) پەڕینەوەیە بۆ نێو چەمکی قوواڵی ڕووداو، خوێندنەوەی سیمۆلۆژیای ڕووداوی گریمانکراوە بۆ نێو زمان، بۆیە ئاماژە خاڵی کارکردنی لەناوئەو دەقانەدایەکە سیستەمێك ڕێکیان دەخات و توانای فرەڕەهەندی تەئویلی هەیە ئەوەش دەبێ بەهەڕەمێکی بەدوا یەکهاتوو کە دەقیان پێکهێناوە. لەژێر سیستەمێکی دەلالی، بۆیە ئەگەر نووسین دالێکی ناتەواوی گەیاندن بێ، ئەوا مەدلول دەبێ لەلایان وەرگرەوە لە (سیاق)ی گەیەنراو تەئویل بۆ دالەکان بکات، وەرگر لەکردەی خوێندنەوە هەڵدەستێ بەکاری نووسین ئەوەش پڕۆژەیەکی هاوبەشە ((بەمجۆرەش دەق لەنوێوە خۆی دەنووسێتەوە، بێ ئەوەی نوسەرێك هەبێ بینووسێتەوە، کەواتەخوێندنەوەی بەرهەمهێنەر دەقێکیترە لە نێو دەقی یەکەمدا)).[٢]

ئەوەش دۆزینەوەی ئاماژەیە، چونکە ئاماژەکان لەناو بونیادی زمان کۆبوونەتەوە، بۆ دامەزراندنی

سیستەمێکی دەلالی بۆ گوتاری دەق، ئەو گوتارەش زیندوویەتی بەهۆی توانای ئاماژەکانە پێکهاتەی گوتار لە ڕێگەی هەردوو سیستەمی زمانەوانی و دەلالین، بەواتای زمان لە پێوەندی بەمەرجە گەیەنەرەکانی (سیاق) دەکەوێتە کارکردنەوە بۆ ستراتیژی گوتار، ئەویش ستراتیژی تایبەتمەندی ئەو چەمکەیە کە زمانەوانی لەناو بونیادی زاتی خۆیدا بەدوای کەشفکردنی مانا دەگەڕێت، ماناش وێنەیەکی زهنی بەرهەم دێنێت کە گەیشتنە بە دەلالەت، ئەوەش نووسینەوەی جەستەی گوتارە، گوتار لەناو میتۆدی سیمۆلۆژیادا گوتارێکی تردادەمەزرێنێ کە (گوتاری ڕەخنەییە)، ئەویش پێکهاتەکانی گوتاری دەقە لە پێوەندیەکی سیانەیی کە بریتین لە (سیاق، سیستەمی زمانەوانی، دامەزراوەکان) ئەوەش واقعێکی نادامەزراوەییە لە ڕێگەی ئامرازە عەقڵی و ژیریەکان دەبێ بە ڕێکخەری گوتار، چونکە دەق چاوگەی بابەتە کە پێوەندی ئاماژە بە پێوەندیە ڕاستەوخۆو دینامیکیەکان دەدۆزێتەوە، لە (سیاق)ی وەرگرتندادەبێتە مەرجی بەرهەمهێنەری گوتار، ئەو مەرجەش بەبێ پێوەندی نێوان(نێرەر/نێردراو) نایەتە دی، بەمانای ئەوەی هەریەك لەوپێوەندیە گوتارێکی سەربەخۆن و لە پێوەندیەکی هارمۆنیدا گوتارێکی تر بەرهەم دێنن، کە گوتاری پێوەندی دوانەییە.

بەواتای (گوتاری سێیەم) خوێندنەوەی وەرگرە، بۆیە ئەو گوتارە تەئویلێکە بۆ دامەزراندن، وێناکردنی گوتارێکی تازەیە کە بەدوای دۆزینەوەی مانای شاراوەی گوتاری یەکەمە، ئەو گوتارە هەرگیز نامانگەیەنێتەوە بەرەو گوتارێکی پێشوو، هێندەی دەیەوێت لە ئێستادا ڕابردوو ئاشکرابکات، ئاشکراکردنی ڕابردووش تەئویلی وەرگرە بۆ گوتاری یەکەم، کەدەسەلاتی دەق لەتەئویلدا مانامەجازیەکانی ڕادەگرێت بۆ بەجۆلە کەوتنی مانا دواخراوو شاراوەکان، تەئویلی ئاماژەکان پێوەندی نێوان (خود/سەمت)ە، لەو ڕێگەیەوەش پێویستمان بەمانای مەجازی نامێنێ، ئەوەش خوێندنەوەی ستراکتۆریەتی زمانە، کەدەیەوێ خود بناسێ، ناسینیش گەڕانێکی فەلسەفیە بۆ پرسیاری (خۆت بناسە)ی سوقرات.

کەوابێ تەئویل دەیەوێ لەکەنالی زمانەوانییەوە جۆرە گوتارێکی ئاماژەکاری بنووسێتەوە، ئەوەش گۆڕین و شوێنی دەلالەتەکانە، بەگۆڕینی شوێنی دەلالەتەکان (مانا)کانی مەجاز شاردبوویەوە هەست بەگیانی شاراوەی دەکەین.

ئەوەش لەڕێگەی قوڵ بوونەوەیە بۆ نێو دەلالەتەکانی وەدەستیان دێنین، بۆیە (گریماس) گوتاری یەکەم بە (گوتاری لۆژیکی) ناودەبات، کە جۆلەیەکە حاڵەتی سەرەتایی و کۆتایی هەیە، بەواتای چیرۆکێکە خاوەنی گرێ چنی درامی بۆ گەیشتنە لووتکە، ئەوەش بەمانای بەکارهێنانی تواناکان، کە کۆمەڵە کردەیەکە بۆ وەدەست کەوتنی مەعریفە، مەعریفەش لەو چەمکەی کە گوتار دۆزینەوەی پرسیارە، دۆزینەوەی پرسیار دەسکەوتنی دەسەلاتێکە بۆوەرگر کە (بیر بۆردیۆ)بە دەسەلاتی ڕەمزی ناوی دەبات.

چونکە بەڕێکخەرێکی ڕەمزی دەبینێت، ئەو ڕەمزەی لە (ئەیقونە)وە هاتووەو لە (ئاماژە)دا جێگیر دەبێ، ئەوەش لەبەرامبەر (سۆسێر) هەڵوەستەیەکمان پێدەکات، بەوەی ئامادەنەبوونی (بابەت) لای (سۆسێر) گریمانی ڕەچاو نەکردنی مێژوو لەلامان دروست دەکات، وەك (فریدریك جیمسۆن) ڕەسەنایەتی سۆسێر بۆجەخت کردنەوەی بۆسەر زمان دەگەڕێنێتەوە، چونکە لە هەرکاتێکدا بە سیستەمێکی تەواوی دەزانێ بەبێ ڕەچاوکردنی مێژوو بۆیە زمان بونیادێکی سەربەخۆیە کە لە مێژوو دادەبڕێت و بۆخۆی لەناو سیستەمی زمانەوانی دەیەوێ گەشەبکات، بەواتای مێژو زمانەکە ناگۆڕێت، بەڵکو زمان پارێزگاری لەو مۆرکە ڕەسەنەی خۆی دەکات، ئەوەش بەمانای مت بوونی زمان نایەت،

بەڵکو بەشداری کردنیەتی لەنێو سیستەمێك کە (سۆسێر) نموونە بە سیستەمی یاری کردن لە شەترەنج دێنێتەوە، بۆیە ئەگەر سیستەمێك لە شەترەنجدا فەرمان بە (قەڵا، فیل، ئەسپ) بدات، ئەو سیستەمە لە زماندا فرمان بە ئاماژەکان دەکەن بۆ وێناکردنی گوتاری سێیەم.

ئەو گوتارەش بەر لە کرانەوەی (زمان) لەتوانای نەبوو ئومێدی بوونی ڕابگەیەنێت، بەڵام زمان لە کردنەوەی خۆیدا هەوڵی قوواڵ بوونەوەو ڕۆچوون دەدات لەناو گوتاری یەکەمدا، ئەوەش پێوەندی گوتاری دووەمە بەیەکەم، چونکە زمان لەو پرۆسەیەدا دەبێ بەکەناڵی گەیاندنی ئەو دوو گوتارە کە (ستراتیژی گوتارەکان) هاتن و وێناکردنی گوتاری سێیەمە، ئەوەش ستراکتۆریەتی پێوەندی زمانە بۆفۆرم بوونی، فۆرمێك بێ بوونی سیستەم و دەنگەکان و فکرەکان بوونیان نییە، چونکە ئەوە سیستەمە زمان دروست دەکات، بۆیە توخمەکان بێ ئەو سیستەمە دروست نابن و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش (بونیادگەری زمانەوانی) دامەزرا.

بونیادگەری زمانەوانی

بەهۆی کارەساتی جەنگی جیهانی یەکەم، دابڕانێکی ڕۆشنبیری لە نێوان ئەوروپاو ئەمریکا دروست بوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کتێبەکەی سۆسێر (زمانەوانی گشتی) درەنگ بگاتە لای زمانەوانەکانی ئەمریکای باکور، ئەوەلە کاتێکدا لەلای ئەوان توێژینەوەی زمان بەهۆی (فرانزبۆس/ ١٨٥٨ـ١٩١٤) خاوەنی هێلێکی سەربەخۆی زمانەوانی وەسفی بوو، بەڵام بەگەیشتنی (سۆسێر) بۆ ئەمریکا زمانەوانێکی تر دروست بوو ئەویش (ئێدوارد سابیر/ ١٨٨٤ـ١٩٣٩)بوو بە تایبەت دوای بڵاو بوونەوەی کتێبەکەی بەناوی (زمان)لە (١٩٢١) بەو کتێبە توانی کاریگەریەکی گەورە دروست بکات، کەئەمڕۆ بە (بونیادگەری زمانەوانی) ناودەبرێت، بەو کارەش وەك (سۆسێر) گەیشتە دۆزینەوەی ئەو ئاستە بۆ زمان کە (جیاوازی نێوان دوو دەنگ مانای قسەکەرنییە بۆ زمان، تەنها ئەوکاتەی لەگەڵ بونیادی دەنگی گونجاوی (یاخاڵە نمونەییەکان) بۆ ئەو زمانەی کەلێی دەدوێت))[٣] ئەوەش پێوەندی (ئاگایی خود) بوو بۆ زمانەکەی لەسەر ئاراستەی دەنگی، کە بە میکانیزمێکیتر پێوەندی (زمان /ژیان)ی بەیەکەوە دەبەستەوە، لەڕێگەی توێژینەوە لەسەر مێژووی خێڵەکان کە پێوەندیەکی ئەنترۆپۆلۆژی زمان بوو، ئەوەش دیاری کردنی پێوەندی زمانە بە مێژووی خود.

بۆیە کتێبەزمانەوانیەکانی دوای خۆی کەلەلایەن (لیۆنارد بلۆمفێلد)و (ثریگرۆسمث) نووسران، نەیانتوانی زمانەوانی ئەمریکی لە کاریگەری (ئیدوارد سابیر) ڕزگار بکەن، چونکە بەلای ئەو زمان تاکە میکانیزمی گوزارشتە لەکۆمەڵگا بۆ دەست نیشان کردنی گۆشەگیری خودو پێوەندی بە کۆمەڵگاوە، نەك (جیهانی بابەتی)و (چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان)، ئەوەش وادەکات لە ئامادە نەبوونی زمان پێوەندیەکان بپچڕێن و تەنها خودی زمانەکە پێوەندی و چالاکییەکان بەیەك دەگەیەنن، چونکە هەموو چالاکیەکانی کۆمەڵگا بۆ زمان دەگەڕێتەوە، (زمان)یش پێوەندی ڕەمزبوونە بە ژیارەوە، ژیاریش

خولّقاندنەوەی زمانە، بۆ ئەوەش (سابیر) (زمان و ڕۆیشتن) دەخاتە ڕوسەی فێربوون، ڕۆیشتن.. کردەیەکە دوای پێگەیشتنی خانەبایەلۆژیەکانی جەستەی منالّ لەلایەن دایك و باوکیەوە فێردەکرێت کە چۆن بڕوات، ئەوەش نەریتێکی کۆمەلّایەتییەو دەبێ پەیڕەو بکرێت و پێوەندی بە ڕۆشنبیرییەوە نییە، ئەوەی پێوەندی بە زمانەوە هەبێ مەحکوم بوونی هەردووکیانە، مرۆڤ چۆن مەحکومە بەوەی بڕوات، ئاواش مەحکومە بە زمان، بەلاّم (ڕۆیشتن) غەریزەیەکە پێگەیشتنی خانەکانی جەستەبەجێ دەگەیەنن، کەچی (زمان) تەنیا پەیوەستە بەوەزیفەی ڕۆشنبیری، بۆیە((جیاوازی نێوانیان بەگەورەیی دەمێنێتەوە لە نێوان گوزارشتی نائیرادەیی لەهەست و جۆری ئاسایی لەگەیشتنی فکرەکان کە ئاخاوتنە))[٤]

بەمانای ئاخاوتن لە شێوەی ئاسایی خۆیدا هەوڵی گەیاندنی داڵەکان دەدات، بەلاّم (هەست) هەڵدەستێ بە جوڵەی نائیرادەیی کە لە توانای ئەو بەدەرە، ڕۆیشتنی منالّ و پێگرتنی لەو قۆناغە هەنگاوێکە بۆ بازدان لە قۆناغی گاگۆڵکێوە ئەوەش پێویستی بە ئیرادەیەکە بەدەر لە ڕۆشنبیری، کە کۆمەڵگا وەك نەریتێك بۆ گەورە بوون پیادەی دەکات، لەبەرامبەر ئەوەدا(ئاخاوتن) سیستەمێکی دەنگی بەڕێوەی دەبات بۆ گەیشتنی فکر، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کەدەکرێت منالّێك فێری ڕۆیشتن نەبێت، بەلاّم زمانی هەبێت بۆ پرسیار، چونکە دواجار زمان توانای پرسیاری لادروست دەکات بۆ ڕۆیشتن. ئەسەر ئەو بنەمایەی کە سێنتەری زمان لەناو میشکدایە، بەواتای هەردوو کرداریکە چاوگەکەیان میشکە، بەلاّم (هەست) دەیەوێ توانا نائیرادەییەکان بسەپێنێ، کەچی(زمان) دەیەوێ بۆخۆی گەشە بکات و پارێزگاری لەبوونی خۆی بکات، ئەوسا پرسیار بۆ گۆڕان بێنێت، چونکە زمان ئامرازێکە توانای ژیان کردنەوەبەری ئەو زنجیرە پێوەندییەی هەیە کە کۆمەڵگا لە چەمکە سادەکەیەوە بۆ چالاکیەکانی دەیگەڕێنێتەوە، کەلە بنەماوە تەنیا خودی زمان لەتوانایدایە ئەوچالاکیانە گەشەپێ بدات زمان تەنیا گوزارشت لە فکرناکات، چونکە لەدەرەوەی گەیشتنی فکر دەق دەنووسێتەوە ئەوەش ڕێکخستنی سیستەمێکی زمانەوانی و پێوەندی دەلالیە، کەواتە (خود) دەیەوێ لە ڕێگەی نووسینەوە بەدوای ئازادی گەردوونی بگەڕێت ئەوەش کەشف کردنی نەزانراوەکان و دۆزینەوەی پێوەندیە شاراوەکانە لەڕێگەی زمانەوە، زمان ئاوەژووی پێوەندیەکان دەنووسێتەوە، لە ڕێگەی فرێدانی کۆمەلّێك ئاماژە، ئەو ئاماژانە نووسین لە ناودەق کۆدەکەنەوەو جیهانێك دادەمەزرێنن لەسەر پێوەندیەکی زمانەوانی کەلە دەقێکی تر ناچێت، چونکە سیستەمێك پێوەندیەکانی لەناو سەربەخۆی ئاماژەکان پاراستووە، ئەگەر ئامێری (پیانۆ) بە نمونە وەربگرین کەهەرئەو ئامێرەیە هەموو پیانۆژەنەکان دەیژەنن، بەلاّم هەریەکەو پارێزگاری لە ئاماژەکانی خۆی دەکات، بۆیە ئەوەی لای (شۆپان) هەیە تەواو جیاوازە لەو ئاماژانەی کەلە ڕێگەی دەنگی مۆسیقی تەوە (باخ) ئاراستەمان دەکات، چونکە ئاماژەکان خاوەن زمانێکن لەیەك ناچن، ئەوەش ڕێکخستنی ئاماژەکانە کە سیستەمێك زمان لەناو (دال)ی گەیاندن ڕێك دەخات، بۆیە ئەو (دال)ەی لە سەمفۆنیای (دەریای بەستەلەك)ی چایکۆفسکی وێنای جیهانێکی ئاماژەکاریی دەکات، کە پێشنیاری قولّبوونەوە بۆ نێو دەریادەخاتە ڕوو، زمانێکە لەلای (بتهۆڤن) لەسەمفۆنیای (قەدەر) مەترسیەك هەیە، ترسێکی سایکۆلۆژیە، هەڵگری ڕەهەندێکی فۆبیاییە، ئەوەش چاوەڕوانی دەخاتە پرۆژەی مەرگدۆستیەوە، بەلاّم ئەگەر هەر ئەو چاوەڕوانیە بەراورد بکەین بە (چاوەڕوانی) پیانۆژەنی ئێرانی (جەواد مەعروفی) دیسان چاوەڕوانی یەك ئاماژە بەرهەم ناهێنێتەوە، دالێك هەیە لای (مەعروف)ی —دال—ی چاوەڕوانیە،

ئەوەش لەڕێگەی دەنگەکانەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێ، لەکردەی وەرگرتن وەرگر وێنای وێنەیەکی هزری دەکات، وێنەی چاوەڕوانیە ئەو وێنەیە ترسێکی سایکۆلۆژی هەڵنەگرتووە، پێشبینی مەرگ ناکەین، بۆیە مەرج نییە ئاماژەی زمانەوانی پارێزگاری لەو یەکەیە بکات، بەڵکو دەکرێ (ئاماژەی نازمانەوانی)ش بەهەمان شێوە ئەو هێڵە سەربەخۆیە بپارێزێت، چونکە زمان بەتەنها ئاخاوتن بەئاماژە داناباتە خوارەوە، بەڵکو بەشەکانی تری زمانیش بەتەواوکەری جەستەی زمان دەزانێت، تەنانەت ئەو بەشانەی تەنها دەنگن، بەڵام لەتوانایاندایە رۆڵی رستەیەك بگەیەنن، بۆ نموونە دەنگی (چ..چ..چ..چ..چ) هەمان واتای ئەو رستەیە دەدات بەدەستەوە (چ کارەساتێکی گەورەیە..!) بەمانای ئێمە لەبەردەم تراژیدیاکاندا، ئەوتراژیدیانەی ماهیەتو لۆژیك لەزمان وەردەگرنەوە، دەتوانین تەنها دەنگ دەربڕین، چونکە بوونی تراژیدیاکان، ونبوونی زمانە لەپێوەندیەکان، بۆیە ئەو دەنگانە لەزماندا دەرناکەینە دەرەوە.

(ئێدوارد سابیر) ئەوەشی بۆ روون کردینەوە کە هەرسیستەمێکی زمانەوانی خاوەن پێودانگێکی ئیستاتیکیە ئەو پێودانگەی دەکرێ لەزمانێکی تر هەڵگری ئەو خاسیەتە نەبێ، تەنانەت بەشەرمیش نابڕێ، بۆیە کاتێ رووبەڕووی دوو دەقی زمان جیاوازدەبینەوە، دەبینین هەریەك لەدەقەکان لەناو زمانەکەی خۆیدا چەمکێکی ئیستاتیکی زمانەوانی فەزای دەقەکەی داگیرکردووە، بەڵام بۆ زمانەکەی تر ئەو چەمکە ماناکانی خۆی لەدەست دەدات.

چونکە زمانی دەقەکان بەپێی ئەو سیستەمە تایبەتمەندە نووسراون، کە زمان پێوەندیە سیۆسیۆلۆژیەکان گریمان دەکات، بۆیە لە وەرگێڕانی دەقەکان بۆ زمانێکی تر وێنە شیعریەکانی ئەو چەمکە ئیستاتیکیە زمانەوانیە لەدەست دەدات، بەو جۆرە کارکردنەش لەسەر زمان (ئێدوارد سابیر) توانی زمانەوانی ئەمریکی بەرەو سیستمێکی تر بێنێو لە (فرانزبۆس) رزگاری بکات، بەڵام لەڕێگەی پشت بەستن بە گێڕانەوەی حیکایەتەکان.

زمانی بەدامەزراوێکی نەستی سەیردەکرد کە لەمرۆناسی جیانابێتەوە، بەو کارەش هەوڵیدا لایەنێکی گرنگ بایەخ پێبدات، کە زمانەوانەکانی تر فەرامۆشیان کردبوو، ئەویش (ئەنترۆپۆلۆژیا) بوو، بۆیە لە روانگەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیەوە لەزمانی دەکۆڵیەوەو مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای دەبەستەوە بەمێژووی زمان، ئەوەش بەمەبەستی گۆڕینی (دال- مەدلول)ی سۆسێر بوو بۆ (رەمز/فکر) زمان بەلایەوە دەبووە ئەو رەمزەی کە کاری بۆ دامەزراندنی فکر دەکرد، بەوەش زمانی بەناو کلتوردا رۆدەبرد تاوەکو بەهۆی زمانەوە (مێژووی ژیار) وەدەست بێنێت، وەك لەچەند لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زمانی هندیەکانی ئەمریکا ئەنجامیدا، توانی بگات بە مێژووی ژیاری کۆمەڵگاکەیان، کەواتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بناسین دەبێ تۆێژینەوەی زمان بکەین، دیارە ناشتوانین لەزمان بگەین ئەگەر لەکەنالی ئەنترۆپۆلۆژیەوە رەفتاری لەگەڵدا نەکەین، هەریەك لەو دووانەش ئەرشیفێکە بۆ ئەوەیتر، بۆیە چیرۆکی ژیاری کۆمەڵگا، چیرۆکێکە زمان پێوەندیەکانی رێکدەخات لەڕێگەی تۆێژینەوەی (ئەنترۆ- سۆسیۆلۆژی) ئەو تۆێژینەوەیەش لەهەوڵەکانی پێشوو جیای دەکردەوەو کردی بە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی (بونیادگەری زمانەوانی) هەر بۆیە ماهیەتی (ئیدوارد سابیر) شتێکی ئەوتۆی لە (سوسیر) کەمتر نییە، بەوەی توانی ئاسۆیەکی نوێ بۆزمان بدۆزێتەوە.

(فۆرمالیستی رووسی)

زمان پێویستی بە رزگارکردنی ناوەکی هەیە، راقەکردنی بونیادگەرانەش بۆ زمان، ئەو توانایە لەئەستۆ دەگرێت لەڕێگەی پێوەندی زمان و ئەدەب، چونکە ئەدەب سەربارى ئەوەی سیستمێکی

ئاماژەکاریە، ئەوا سیستمێکی تر هەیە، کە زمانە، هەر ئەویشە ئاماژە دەکاتەوە بە سیستم، بۆیە زمان فۆرمێکە توانای دامەزراندنی سیستمێکی فۆرمالیستی هەیە، ئەوەش سەربەخۆیی زمانە کە سیستمێك پێوەندی لەنێوان رەگەزەکان دروست دەکات، هەموو ئەو رەگەزانەش پێوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەدوای ئەو بەشانە دەگەڕێن کە ستراتیژی پێوەندیەکان دیار دەخات، ئەوەش بەهۆی وەزیفەکانیان دەردەکەون.

بۆیە فۆمالیستە روسەکان لەسەر بنەمایەکی هەرەزانستی لەتیۆری ئەدەبی نزیك دەبوونەوە بەوەی هەوڵی کردنەوەی زمانیان دەدا، کرانەوەش دۆزینەوەی ئاماژە بوو لەناو پرۆسەی نووسین، ئەوەش پێوەندیەکی تری لەنێوان دەق و وەرگر دروست دەکرد، بۆیە کاتێ (کلینش برۆکس) لەسەر گۆڕانکاریەکی هۆراس مارفێل سووربوو کەوا مانیفێستێکی سیاسی نییە، بەڵکو وەك هەر دەقێکی تر سەیری دەکرد، کەزمان تیایدا کۆمەڵە بونیادێکن بوونە بەدامەزراندنی گوتارە ئەدەبیەکە، ئەوەش کارکردنێکی وردبینانەبوو لەسەر زمان کە دەقەکرچەکانی لەبااڵدەستی زمانی دەقەکان جیادەکردەوە، ئەوەش خولقاندنی چێژی جوانکاری بوو لە پێوەندیە زمانەوانییەکان، ئەوە سەرباری ئەوەی کەتوانی ئیتر نووسەر بەسەرچاوەی نهێنیە رەهایەکان دانەنێت، چونکە لەکرانەوەی زمان نهێنیەکانی دەق نامێنێت، بەڵکو وەرگر ئەو زمانە راڤەدەکات. ئەوبارو دۆخە سیاسیەی ئەوان تیایدا دەژیان لەباربوو بۆ دەرکەوتنیان، چونکە کاتێ شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەڵگیرسا، ئەوان تەنها دوو ساڵ بوو دەستیان بەکارکردن کرد بوو، بەوەش توانیان تێکەڵی شۆڕش ببن و هۆشیاری کۆمەڵگا لەچەمکێکی مرۆییەوە بەکار بخەنەوە، بۆ ئەوەش "زمان هۆشی بە بەر ئەوشتانە پێدەکردنەوە کەببووە بابەتی ئاسایی لە هۆشیاری رۆژانەمان".[٦]

(شکۆڤسکی) هۆش کردنەبەری ئەو شتانەی کە ئیدراکیان پێدەکەین بە یەکێك لە ئامانجەکانی کاری هونەری دەدانێ (ئیدراك) لە (زانین) جیایە، چونکە شتە زانراوەکان بابەتن، بەاڵم (ئیدراك) فۆرمە کە رۆدەچێتە نێویۆتۆپیاکانی جوانی، دەسکەوتنی ئەو یۆتۆپیایەش توانایەکی قورسی دەوێ، میکانیزمی دەسکەوتنی تەنیا جیهانی ئەزموونکاریەتە.. تەنها بەئەزموون دەکرێ ئەو فۆرمە وەدەست بێت، ئەوەش رەخنەی رووسی بۆ زمانی شتەکان (نووسین، ئاماژە، جلو بەرگ) گۆڕی، بەوەش زمانو ئاخاوتن لەیەك جیاکرایەوە، ئەو کارەش تا رادەیەك بۆ گەڕانەوەی یەکێك لە قوتابیەکان سۆسێر دەگەڕێتەوە کە لە ١٩١٧ گەڕایەوە مۆسکۆ کەناوی



(کارشفکی) بوو لەو کارانەی (کارشفکی) ئەنجامی دەدا، وای لە رەخنەگرەکان کرد بایەخێکی تایبەت بدەن بە پێوەندی دەنگ بەشیعرەوە، بەوەش رەزمی شیعر بوو بە رەزمی زمان، ئەوەش جیاوازیەکی بنەڕەتیان هەیە، چونکە شیعر بەهۆی شاعیرەوە رەزمی خۆی گریمان دەکات.

ئەگەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرەتا پێشوازیەکی گەرمی لێکردن، ئەوا دواتر لە ١٩٢٤ هێرشی خۆیان بۆسەر فۆرمالیستەکان راگەیاند لەلایەن (ترۆتسکی)یەوە بۆیە شۆڕش ئیدی دەرگای کارکردنی لێ تەسک کردنەوە، دوای چوار ساڵ لەو هێرشانەیان دواجار بەیەکجاری رەتیان کردنەوە، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی فۆرمالیستەکان بڵاوەی لێ بکەن، چونکە شۆڕش دەیویست مارکسیزم وەک ئایدیۆلۆژیەکی بەشەری سەیربکات، بەو کارەش شۆڕش کەسێکی وەک (شکۆلۆفسکی) ناچارکرد رووبکاتە سینەما، ئیتر نووسینەکانی بۆ سینەما تەرخان بکات، ئەگەرچی ئەو پێشتریش خولیای بۆ سینەما هەبوو، هەندێ کاری بچوکی لە رووی نووسینەوە ئەنجامدا بوو، بەڵام رەتکردنەوەی لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە وای کرد بە یەکجاری رووبکاتە سینەما.

وەک چۆن (یاکۆپسن)یش ناچاربوو رێگای کۆچ بگرێتەبەر روسیا بەجێ بێڵێت لەگەڵ ئەوەی هەریەک لەوان پەڕاگەندەبوون، بەڵام شۆڕش بەردەوام بوو لەسەر هێرش کردنە سەریان، ئەگەرچی ئەو کارەش نەبووە مایەی دەستەوەستانیان، بەڵکو لەپرۆژەی نووسین بەردەوام بوون، ئەگەرچی کاریگەری فۆرمالیستی بەسەر بڕواکانیان مابوو بەتایبەت لەسەر نووسینەکانی (تۆماشفسکی).

فۆرم نابێ بەتاکتیکی بکەر بۆ ستراتیژی مۆدێرنیزم، بەڵکو تاکتیکی بکەر زمانە، دواجار بەر لەگەیشتنی فۆرم بەرهەم دێت، فۆرمیش دەبێ بەشوناسی مۆدێرنیزم. شوناسێك كه زمان وەدەستی هێناوە، هەر ئەو زمانەی کاری بۆ فۆرمی نوێش کردووە، هەر ئەویشە لەپشت فۆرمەوە بابەتی نوێش دروست دەکات، بەڵام "ئامانجی فۆرمی نوێ تەعبیر کردن لەناوەڕۆکێکی نوێ نییە، بەڵکو فۆرمی نوێ دێت تاجێی ئەو فۆرمە کۆنە بگرێتەوە، کە ئیدی بەهاو توانای ئیستاتیکی خۆی لەدەستداوە"[٧]

بەواتای فۆرم چەندە بۆ نوێکردنەوەی خۆی دێت، هێندەش مەبەستێتی گۆڕان بەسەر بابەتەکانیش دابێنێت، ئەوەش تێڕوانینێکی فکریە دەیەوێ ئەو رەخنەیەی بە ئایدیای ئەخلاقی دیسپلین کرابوو کودەتایەکی بەسەردا بێنێت لەڕووی بایەخدان بە فۆرمەوە، چونکە رەخنەی رووسی تا دە ساڵ بەر لە سەدەی بیستەم لەو ئایدیایە رزگاری نەببوو، فۆرم و پێودانگە ئیستاتیکیەکان کێشەی رەخنە نەبوو (میرزۆفسکی) و (فلادیمێر بریۆسۆفی)و چەندانی تر هەوڵی ئەوەیاندا بنەماو سیستمی دەق و پێودانگە جوانکاریەکانی پێوانەی دەق بن، ئەوەش هاتنی ژیارێك بوو کە پەیوەست بوو بەشارەوە، سەدەی بیستەم سەدەی شاربوون بوو.. شار بەمانای ژیار، کە ئیدی فۆرم گوتارێکی ئیستاتیکی دادەمەزرێنێت ئەوەش گەیشتن بوو بە چێژێك، کە لەڕێگەی هەوڵە تیۆریەکانی (شکۆلۆفسکی) یەکەم بەردی بنەما سەرەتاییەکانی فۆرمالیستی دامەزراند، کە تا ئەمڕۆ کاریگەریەکی گەورەی بەسەر تێورە ئیستاتیکیەکان هەیەو (یاکۆپسن) لە کتێبێکدا کاریگەری (شکۆلۆفسکی)و هاوڕێکانی بەسەر نەخشەی شیعری نوێی رووسی دیاری کرد، کاتێ لەچلەکان خاسیەتەکانیان دەرکەوت (وجودیەت)و (بونیادگەری) کەوتنە ژێرکاریگەریانەوە (فۆرمالیستەکان) توانیان یەکەم ئاسۆی زانستی رەخنەی رووسی لەلایەن (بۆریس ئاخنیام، تۆماشفسکی، تینیانۆف، ژیرمۆنسکی) لەبەردەم شاکارەکان (لێرمەنتۆف، گۆگۆل، دستۆفسکی) ئاوەڵا بکەن، سەرباری ئەوەی فۆرمالیستەکان لەگەڵ خۆیاندا چەند ناوێکی تازەی رەخنەیان هێنا دیارترینیان (ڤینۆگرادۆڤیش)و (ئۆسپ بریك) ئەوەی دواتریان بەهۆی کەمی نووسینەکانی کە زیاتر تیۆریین بۆ فۆرمو ماهیەتی زیاتر لای (قوتابخانەی براگ) ئاشکرادەبێت، بۆیە (بریك)و (گینۆکۆر) زیاتر هەوڵی چەسپاندنی ئەو بنەمایانەیان دەدا کە

فۆرمالیستی لەسەری دەوەستا، ئەوەش (گیورگی ڤینۆکۆر)ی سوورتر دەکرد لەسەر پێوەندی زمان بە تایبەت لەسەر شیعرەکانی (مایکۆفسکی)، بۆیە فۆرمالیستەکان لەگەڵ (مایکۆفسکی)و فۆتۆریستەکانی تر پێوەندیەکی بەتینیان هەبوو.

فۆرمالیستی دەیویست پێوەندیە زمانەوانیەکان لەناو دەقدا بدۆزێتەوەو پشت بەو بونیادە دەرەکیانە نەبەستن کە دەیانەوێ هێڵێك بەدەق بگەیەنن، ئەوەش رەخنەیەك بوو لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، چیتر رەخنەگر نەدەبووە ئەو پۆلیسەی رەگەزو توخمەکان بگرێتو کارەکتەر ئەشکەنجە بدات، بەو جۆرەش دەیانوویست تەنها پێوەندی بەخودی ئەدەب گرێ بدەنەوە، دەقی ئەدەبیان لەرەهەندە کۆمەڵایەتیو مێژووییەکەی دادەبڕی، ئەوەش سەربەخۆیی پانتایی دەقە بەوەی دەبێ لەواقیع جیابێتەوەو مێژووی کۆمەڵگا.. مێژووی نووسین نەبێت، بەوەش (مێژوو) یان لە (نووسین) جیادەکردەوە، نووسین دەست نیشانکردنی شوێنگەی (ئێستا) بوو، بۆ ئەوەی بەدیدێکی سەردەمیانە سەیری مێژوو بکەین، ئەوەش سەلماندنی بۆچوونی فەلسەفی (هیگڵ) بوو کە زیاتر لەلای (ئاخنبام) کاری بۆ دەکرا، بەوەی نابێ (زەمەنی مێژوویی) بە (زەمەنی ئێستا)ی نووسینەوە ببەسترێتەوە، چونکە زەمەنی نووسین.. سەیرکردنەوەی مێژووە لەئێستادا، واتە بۆ ئەوەی مێژووبناسین، نابێ ئێستا دووبارەبکرێتەوە، بەڵکو نووسین لە (ئێستا)دا هەوڵی ناساندنی (مێژوو) دەدات، چونکە (مێژوو) توانای خوڵقاندنی (ئێستا)ی نییە لەناو ئەو دەقانەی کە دەیانەوێ بەرەو رابردوو بگەڕێنەوە ئەوەش (ئۆسیب بریك)ی زیاتر قوڵ دەکردەوە لەو مەسەلەیەو تا گەیشتە ئەو رادەیەی بڵێ "ئەگەر پۆشکینیش نەبوایە، یەقگین ئۆگین هەر دەنووسرا".[8]

ئەو بۆچوونە بەلای (بابەك ئەحمەدی)یەوە زیادە رۆییە، چونکە (بابەك) پێی وایە نەك هەر (بریك) بەڵکو لەو تێڕوانینە (شکۆلۆفسکی)یش تووشی موفارەقە هاتووەلەبەرامبەر (مێژوو)دا، بەوەی کاتێ دەیەوێ توانایەکی خودی بۆ مێژوو دروست بکات، بە ئاگاییەوە تەسلیمی دەسەڵاتی مێژوو دەبێتەوە، چونکە "هەر وێناندنێك دەبێت ئیدراکێکی نوێ سەبارەت بە بابەتەکە بەدەستەوەبدات، نەك ماناکەی دووبارە بکاتەوە"[9]، ئەو قسەیە هەرگیز بەوە لێك نادرێتەوە کە فۆرمالیستی توانای دامەزراندنی بنەمایەکی زانستی بۆ رەخنە نەبووە، بەڵکو خاسیەتەکانی نوێگەری لەلای فۆرمالیستی رۆشنن.

ئەوەتا کاتێ لەشەستەکانی سەدەی بیستەم، رەخنەی ئەڵمانی زۆر درەنگ ئاوڕیان لێ داونەتەوە، ئەوەش بۆ دۆزینەوەی ئەو پێوەندیەی لە رەخنەدا ئاشکرایان کرد، بەتایبەت لەنامۆبوونی زمان، وەك (شکۆلۆفسکی) لەدەقەکانی (تۆلستۆی) کاری لەسەر دەکات، چونکە لەلای (تۆلستۆی) پرسیاری وەرگر گەڕانە بەدوای فۆرم لە رێگەی پێوەندی خوێنەرو دەقەکەدا، ئەوەش بۆ ئاشکراکردنی دەقە لەلایەن خوێنەرەوە، تاوەکو نووسین ئاڕاستەیەکی تری هێز وەربگرێت وەك لە رۆمانی (شەڕو ئاشتی)دا بۆ ئەوەی بەقولایی فەنتازیاکانی شەڕمان ببات، هەوڵی دەرخستنی ئەو وێنانە دەدات، کە توانای ئیدراکی قووڵی هەیە، کە دوای ئەمیش (وێتمیزسترێن) بە رۆمانی (تراستڕام شاندی) توانی شۆڕشێك لەبواری فۆرم بەرپابکات.

"قوتابخانەی براگ"

یاکۆپسن هاندەرێکی سەرەکی دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە بوو، کەوای لە زمانزانی چیکسلۆفاکی (ماتیسیۆس) کرد لەساڵی ١٩٢٦ بڕیاری راگەیاندنی بدات، هەر لەسەرەتاوەش بایەخیان بە (زانستی دەنگی ئاخاوتن) دەدا، بەتایبەت لەڕووی تیۆری

ئەدەبی و هونەری، هەوڵیان دەدا زمان دۆزینەوەی تیۆری ئەدەبو ئیستاتیکای دەق بێ، بۆیە ئەگەر رەخنەگرانی پێشوو لە چیکسلۆفاکیا بابەتی سەرەکی رەخنەکانیان بریتی بوو لە (زمانی شیعری، کێش، شێواز) ئەوا بەدەرکەوتنی دیارترین کەسی ئەو قوتابخانەیە (مۆکارۆفسکی) رەخنەش لەو شێوازە گۆڕانی بەسەر داهات، تەنانەت ئەو بایەخەی (ئۆتۆکازریج) بۆ (شیعریەتی شوێن)و (دیدگای سایکۆلۆژیا)و (ئیستاتیکای مۆسیقا) لای ئەو رەتکرایەوە، لەبری ئەوە بایەخی بە کەلتوری چیکسلۆفاکی دەدا وەك لە کتێبی (تێڕامانەکان لەبارەی ئیستاتیکای شیعری چیکسلۆفاکی) ١٩٢٣، دەیویست سێ شاعیری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەیەك جیابکاتەوە، ئەوانیش (نیرۆدا، وجك، فرجلکی) بەو کارەش ئەوەی لای ئەو دەبووە مایەی سەرنج راکێشان کارکردنە بۆ (کار، وەرگر) ئەوەش ئەو گریمانەیە کە (فلیکس خۆدیشکا)ی قوتابی دەستی کەووتووە لەنێوان شێوازی (دیاردەگەری) ئینگاردن و نموونەی بونیادگەرانەی مامۆستاکەی چونکە مامۆستاکەی کاری هونەری بە ئاژاوەیەك ناودەبات بۆ ڕێکخستنی پێوەندیەکان، بەپێی وەزیفەی ماناکان چارەسەری کۆمەڵێك بابەتی کۆنی ناسراو دەکات و ڕێکیان دەخاتەوە، بەپێی ڕێکخستنەوەی پێوەندیەکی نوێ، ئەوەش بەها بەخشینە بە ئیستاتیکا، گەڕانەوەیە بۆ چێژێك کە پێوەندیەکانی لەسەر ئێستا دابمەزرێت، ئەوەش کاری ڕێکخەری ئەو سیستەمە بە ئاژاوەگێڕییە، کە (مۆکارۆفسکی) لەڕێگەی ئالۆزکردنی پێوەندیەکان دەکەوێتە کارکردن، ئەگەرچی لەو تاکتیکە زمانەوانیەدا، دان بە کاریگەری (بێرسن) نانێ، بەڵام لە (دینامیکیەتی پێوەندیەکان) هەست بەو کاریگەریە دەکرێت، بۆیە تاکتیکی بێرسانەی مۆکارۆفسکی گەیشتنە بە (ستراتیژی زمان)، بۆ ئەوەی ناڕاستەوخۆ (بێرسن) ڕەتبکاتەوەو (سۆسێر) قەبوڵ یکات، دێت (ئەرنست کاسرەر) دەخاتە ژێر ڕەخنەوە، سەبارەت بەو وتراوە نوێیانەی لەبارەی (کانت)ەوە لەکتێبی (فەلسەفەی فۆرمالیستی ڕەمزیەت) نووسیوویەتی، کە پێش ئەو (بێرس) لەسیمیۆتیکا گەڕابۆوە بۆ کانت، بۆیە ئەو چەند بیەوێ بێرس ڕەتبکاتەوە، بەڵام لەبنەماوە کاریگەری ئەوی بەسەرەوەیە، مۆکارۆفسکی دەیەوێ لەبایەخدانی بەڕەمزەکان بەرەو (سۆسێر)یش بگەڕێتەوە، ئەوەش سەربەخۆبوونێکی زاتیە بە (ڕەمز)و(زەمەن) پێوەندیەکی ناڕاستەوخۆی ئۆبجێکتە بە واقیع، کە خوازیارە ئیستاتیکا بەمارکسیزم ببەستێتەوە، ئەوەش دوای ئەو هەوڵانەی دەستی پێکرد کە جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهات، بۆیە مارکسیزمی بەو جیهانە دەزانی کە تەنها لەڕێگەی ئەو جیهانەوە دەتوانین بگەینە ڕاستی، ئەوەش دروستکردنی پێوەندی بوو لەگەڵ مارکسیزم، بەو کارەش دەیویست گونجاندنێك لەنێوان ئەو دوانە دروست بکات، ئەوەش لە تەنیا ئاڕاستەیەکی زمانەوانی نەبوو بۆ (داهاتوو) بەڵکو ئاوڕی لە (ڕابردوو)ش دەدایەوە، ئەوەتا کۆمەڵێك ڕەخنەی ئاڕاستەی فۆرمالیستەکان کردو لەڕووی زانستیەوە ڕەتی دەکردنەوە، بەتایبەت ڕەخنەیەکی زۆری لەنووسینەکانی (تینیانۆف) دەگرت لەڕووی ڕاڤەکردنی ناوەکی بۆ دەق، ئەوەش دوان بوو لەسەرپێوەندی (ئەدەب)و (کۆمەڵگا) ئەوەی فۆرمالیستەکان بە (هونەری پێشڕەو) ناویان دەبرد، ئەو هونەرەی بە هونەرێکی لاسایی کەرەوە ناودەبرد، کە لەژێر کاریگەری (هونەری میللی)یەوە هاتۆتە بوون، بەوەش ڕەخنەی لە (سۆسیۆلۆژیای هونەری شکۆلۆفسکی) دەگرت، بەتایبەت بۆ کتێبی (تیۆری بڵاوکردنەوە) بۆ چەمکی بونیاد لای (مۆکارۆفسکی) لە فۆرمی دەرەکی جیایەو، ئەو چەمکە لای ئەو یەکگرتنی ناوەکی هەمووانە، لەڕێگەی پێوەندی ئالۆگۆڕی بەشەکان، ئەوەش لەو

رابردووه فەلسەفیەی ئەوەوە هاتووە. بەتایبەت لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرەل، یا بۆ لێکۆڵینەوەی تیۆری زمان، سەرەتا لەلای (سۆسێر)ەوە دواجار بۆ (کارل بۆیهلەر)، هەروەها بایەخدانی بەفەیلەسووفی پۆڵەندی (رۆمان ئەنگاردن) بە تایبەت بۆ کتێبی (کاری هونەری) بەمەبەستی بایەخدان بە ئیستاتیکای زمانەوانی، یا بۆ کتێبی (فەلسەفەی هونەر)ی برۆدەرکریستیانن، کە دەیویست ئیستاتیکای ناوەڕۆك لەکاری هونەری جیابکاتەوە، بە مەبەستی دەستنیشان کردنی رۆڵو بایەخدانی بە ئیستاتیکا وەك بابەت، ئەوەش وروژاندنی فەلسەفیە بۆ کاری هونەری: کە ئایا پرۆسەی هەر پرۆژەیەکی هونەری بەدەرکردنی ئیستاتیکا چیمان پێ دەبەخشێت!؟ ئەو پرسیارەش ماهیەتی پرۆسەی هونەری بۆ بنیات نانی زمان دەگەڕێنێتەوە کە دامەزراندنی ئیستاتیکایە، ئەوەش بۆ فەلسەفەی ئەو رەمزانەی ناو زمانە کەلای (بێرس) لەوەوە دەچنە سەر ئاماژە، چاوگە کەشیان (ئەیقونە)یە، ئەو رەمزانەش فۆرم لەتەك سیستەمی زمانەوانی بەکاردەخەن، بۆیە "ئەگەر وامان دانا کە وێنەو فکرو هەستەکان ناوەڕۆکن، هەردەبێ ئەوەش بڵێین کە توخمە زمانەوانەکانیش فۆرمن"[10]

ئەوەش بەها وەرگرتنەوە نیە لە (ئاماژەی زمانەوانی) بەڵکو لەشێوەیەکی بایەخداری وەك زمانەوانی سەیری دەکات، ئەگەرچی فۆرمی پێ مەزنتربێت چونکە بە بەشێکی ئەوی دەزانێت، بۆیە فۆرم ئەو سیستەمە نازمانەوانیەیە کەبێ بوونی ئەو کاری هونەری تەنها گێڕانەوەیەك دەبێت، گێڕانەوەش بەبێ زمان ناتوانێ (سیستەمی دەلال) وەدەست بێنێت.

ئەوەش هاوتەبابوونی (مۆکارۆفسکی)یە لەو خاڵەدا لەگەڵ فۆرمالیستەکان، کە فۆرم وەزیفەی دەبێتە (شێواندن)و (رێکخەر) فۆرم شێوازێك بۆ ئاخاوتن دەدۆزێتەوە، دەیەوێ زمانەوانی لەهێڵێکی ئاسۆیی لەگەڵ دەقەکاندا بڕوات، بۆ ئەوەش لەڕێگەی فۆنۆلۆژیا دەیەوێ (بیستراو)و (دەنگ) لەشیعردا لەیەك جودا بکاتەوە، بۆ ئەوەی پێوەندیە هەرەمەکیەکان رێکبخەنەوە لەسەر ئاڕاستەی ئەو دەنگانەی بوونیان پێوەندیەکی تر بەمانا دروست بکات.

(قوتابخانەی باختین)

سەدەی بیستەم ئاسۆیەکی نوێ بوو بۆ فکری مرۆیی کە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی لەگەڵ خۆیدا هێنا، مارکسیزم بوو بەو گوتارەی توانی ئاسۆی فکری مرۆڤ بگۆڕێت، دوای شکستی بەلشەفیەکان لەبەرامبەر قەیسەردا رووبەکی تری ئەو فەلسەفەیە لەلایان (لینین)ەوە دەرکەوت، ئەویش وەبیرهێنانەوەی ئەو حەقیقەتەی مارکس بوو، کە مارکسیزم بڕوای بە ریفۆرمیستیەت نییە، وەك بەلشەفییەکان تێگەیشتبوون، بەڵکو دەبێ کودەتا بەسەر سیستەمی سەرمایەداری بێنێت، ئەو تێگەیشتنەی لینین بۆ مارکسیزم لە واقعی حاڵی تاکتیکی بەلشەفیەکان دەرکەوت، کاتێ داوای تەمەن درێژیان بۆ قەیسەر دەخواستو ئازادیش بۆ خۆیان، ئەوا پیاوانی قەیسەر بە گوللە وەڵامیان دانەوە، بۆیە بە گۆڕینی تاکتیکەکان شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەڵگیرسا، ئەو شۆڕشەی سەرەتا رێگای بە فۆرمالیستەکاندا بە ئازادی خۆیان کاربکەن، بەڵام دواتر بەدوای کتێبەکەی ترۆتسکی (ئەدەب و شۆڕش) بەتەواوی بەر بەستیان خستە رێگایان، چونکە مارکسیەتیان بەدەقێکی پیرۆز دەبینی کە شایەنی رەخنە لێگرتن نییە، هەر بۆیە کاتێ لە ١٩٣٣ (بلۆمفێلد) کتێبە زمانەوانیەکەی بەناوی (زمان) چاپکرد کە (باس لەتیۆرییە رەوشتیەکەی خۆی دەکا لە راستیە زمانەوانیەکاندا، بەشێوەیەك (لبشی) لەم بارەیەوە دەڵێ: لە ماتەریالیزمی میکانیکیەوە ئیلهامی وەرگرتووە، نەك لەماتریالیزمی میژوویی‌ەوە، ئەو

کارەشی لەلایان هەندێ کەسی ماتەریالیستی دیالەکتیکییەوە بەئایدیالیزمێکی ڕووت دانرا"[11]

بۆیە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدوای هاتنی فۆرمالیستەکان پێویستی بە قوتابخانەیەکی زمانەوانی هەبوو کە داکۆکی لەشۆڕش بکاتو بەرەو ڕووی ڕەخنەکان بوەستێتەوە، بەوەی مارکسیزم لەزمان جیانەکەنەوە کە دواتر لەنێوان فۆرمالیستو مارکسیزم ئەوەی شۆڕش خەونی پێوە دەبینی لەلایان (قوتابخانەی باختین)ەوە هاتەدی کە هەریەک لە "میخائیل باختین، باڤێل مدفیف، ڤالنکین ڤۆلۆشینۆف" دەیانووییست بەوکارەیان زمان لەبونیاتی فۆرمالیستانەوە بپەڕێننەوە بۆ مارکسیزم، بەوەی گریمانە میژوونووسەکانی ئەو فەلسەفەیە بگەڕێننەوە بۆ نێو ئەدەب، لەڕێگەی بەستنەوەو دروست کردنی پێوەندی لەدیدێکی ئابووریانەوە بە گوتاری سۆسیۆلۆژیا دەگەیەنرا، ئەوەش کێشانی بازنەیەک بوو بەدەوری زمان، ئەو بازنەیەش ئایدیۆلۆژیا بوو، چونکە لای ئەوان زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بوو.

بۆیە لەلای (ڤۆلۆشینۆف) وشە دەبێ بەئاماژەی کۆمەڵایەتی کە توانای وەدەست کەوتنی مانای هەیە لەساتە میژووییو کۆمەڵایەتیەکان، بەوەش وەزیفەی ئاماژەیان گۆڕی بۆ چەمکێکی چینایەتی، ئەگەرچی (باختین) لەڕووی خوێندنەوەی بۆ دەق، هەوڵی لێ کرانەوەی زمانی دەداو جەختی لەسەر (زمان)و (ئایدۆلۆژیا) دەکردەوە، بەڵام ئامادە نەبو خاڵێك بۆ کۆنایی دابنێت، بەڵکو دەیویست ئاسۆیەك بۆ پێشڤەچوونو خوێندنەوە والابکات، ئەوەش لەژێر ئەو ڕۆشناییەوە کە بەلایەوە دەق بینراوێکە.. نەبینراوەکەی سیستەمی زمانەوانییە، نەبینراوی دەق لە داخستنی زمان لە ئەیقونە، ڕێگای وەدەستکەوتنی نابێت، کاتێ ئەیقونە بینراوەکانی دەق تەئویلی کۆمەڵێك ڕەمزدەکات، ئەوا ئاماژەکانی نووسین ڕێگایەك بۆ دۆزینەوەشیان دەدەن، ئەو ڕێگایەش کرانەوەی زمانە، کە لەودیوو دەق نەبینراوبوو، ئەو خوێندنەوەیەش بۆ کرانەوەی زمان دارشتنەوەی نووسینە، ئەوەش (باختین) پێوەندی (ڕۆشنبیر)و (کۆمەڵگا)ی پێ دروست دەکرد، ئەگەرچی ئەو پێوەندیە لەلایادی خودیمارکس خۆیەوە لەچلەکانی سەدەی نۆزدە تیشکی هاویشتۆتە سەر، بەڵام ئەو پێوەندیەی مارکس لێیەوەدوا، تا سەدەی بیستەم تەنها لەدوو توێی کتێبە نووسراوەکان مایەوە، بەڵام لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو پێوەندیە دەپەڕێتەوە نێو میتۆدە ڕەخنەییەکان، دیارە بەلای مارکسیزم گۆڕانی فەلسەفی یەکێکە لەو توانا ڕەخنەییانەی ئەو فەلسەفیە، بە واتا ئەوەی ئەو چەمکەی مارکسی لەفەیلەسووفەکانی ترجیادەکردەوە، ئەوەبوو کە مارکس ئەو تێزەی پێچەوانەکردەوە، گوایە مرۆڤ لەڕێگەی ئامادەگی سۆسیۆلۆژی هۆشیاری دابین دەکات، چونکە بەو کارە هۆشیاری مرۆڤ دەسڕدرێتەوە، ئەوەش دروست کردنەوەیەکی تری فەلسەفی بوو بەجیهانەوە، ڕەخنەگرتن بوو لە سیستەمی عەقڵی هیگلیزم، چونکە (هیگل) دامەزراوە یاساییەکان بەداهێنانی عەقڵی مرۆڤ دەزانی، کەچی (مارکس) هەوڵیدا ئەو بۆچوونە شکست پێ بێنێت، بەوەی (هەموو دامەزراوە عەقڵیەکان (ئایدیۆلۆژی) بەرهەم هێنانی بوونێکی ئابووری)و واقیعێکی کۆمەڵایەتین)[12] ئەوەش بەمانای چەمکی کلتوری واتایەکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو قۆناغە میژوونووسەکان گریمانی ئەو کلتورە دەکەن لەڕێگەی "ئاکار، ئاین، فەلسەفە" ئەوەش ئەو خاڵە بوو کە (مارکس)و (ئەنگلس) لە "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی" جەختێکی زۆریان کردۆتە سەری، کەواتە ئەو پێوەندیەی نێوان (ڕۆشنبیری، کۆمەڵگا) پێوەندی ئاماژەیە بەفکرەوە، کە پێشتر بەر لە (باختین) زمانەوانی سویسری (سۆسێر) بەجەخت کردنەوەی بۆ زمان دیدی فیلۆلۆژی (جۆن لۆك)ی دووبارە بوژاندەوە، ئەوەش دواتر لای

فۆرمالیستەکان بووە بنەمایەکی سەرەکی بۆ کارکردن، کە توانی سیستەمی ئامادەگی لەڕێگەی ئەو بۆچوونەی (لۆك)ەوە تێکبشکێنێت، بەوەی ئەدەب پانتاییەکی سەربەخۆیە بۆ راڤەکردن و خوێندنەوە، کە دواجار (قوتابخانەی باختین) هەوڵی وەرگەڕاندنی ئەو بۆچوونەیدا، چونکە ئەدەب لای ئەوان جیهانێکی سەربەخۆی ئاماژەکان نەبوو، بەڵکو ئەو زمانە لە ئایدۆلۆژیا دانابڕێت ئەوەی لەوساتەدا رۆڵی ئایدیۆلۆژیا دەگەیەنێ (وشە)یە، بۆیە لای ئەو قوتابخانەیەوە (وشە) توانای ئەوەی هەیە هاودژبێتەوە لەگەڵ خۆیدا، چونکە ململانێی نێوان (ئایدۆلۆژیا/زمان) لەپانتایی وشەدا دەسازێنرێت، بەڵام بەتێپەڕینی زەمەن ئەو بڕوایەی باختین کەوتە ژێر رەخنەوە، چونکە دەق پێویستی بەئازادبوون بوو لەو گوتارە دەرەکییەی کە ئایدیۆلۆژیا خۆی هێناوەتە ناو زمانەوە، دەق پێویستی بە گوتارێکی ناوەکی ناو بونیادی زمان هەیە، کە توانای ئەبستمۆلۆژی بەرهەم بێنێت، لێرەدا دەبێ (باختین) نەخەینە ناو بازنەیەکی تەسکی ئایدیۆلۆژی، راستە ئەو بڕوای بەو پێوەندییەی نێوان (ئەدەب)و (ئایدیۆلۆژیا) هەبوو، بەڵام رەخنەی لەو کەسانە دەگرت، کە ناتوانن لەچوارچێوەی دەقەکانی ئایدیۆلۆژیا لابدەن، مەبەستی لەو نووسەرانەبوو کە دەیانوویست ئەدەبەکەیان ببێتە ئاوێتەیەك بۆ فەلسەفەی مارکسیزم، ئەو تێگەیشتنەی باختین بەدڵی دەسەڵات نەبوو، بەڵام هەر چۆنێك بێت بۆ ئەوان (باختین) لە (فۆرمالیستیەکان) باشتربوو.

چونکە فۆمالیستەکان ئایدیۆلۆژیایان نەدەهێنایە ناو دەق، بەڵکو نووسین بەلایانەوە بۆخۆی ئایدیۆلۆژیایەکی سەربەستە کە دەق دەخوڵقێنێت، لەو بارەیەشەوە "باختین جەخت دەکاتەوە کە قوتابخانەی فۆرمالیستی جوانکاری کەرەستەی بونیادنانە، چونکە کێشەکانی خوڵقاندنی شیعری کورت دەکاتەوە بۆ مەسەلە زمانەوانیەکان"[١٣]

لەکاتێکدا ئەو توانایانەی تر فەرامۆشی دەکات کە پێوەندی (بابەت)و (زمان) دروست دەکەن، ئەوەش بەلای (تۆدۆرۆف)ەوە خۆ جیاکردنەوەی (باختین)ە لە فۆرمالیستەکان، زمان تەنها لەئاستێك دەرناکەوێت، بەڵکو لە ئاستەکانی (هەوالّ/نواندن) کارەکانی خۆیان زیاتر رادەپەڕێنن، ئاستی (نواندن) وەك ئەوەی لای فۆرمالیستەکان هەبوو، زمان وەزیفەی گێڕانەوە نەبوو، چونکە زمانەوانی کۆمەڵێك رووداوە بۆ یەکگرتنەوەی توخمەکانی دەق، کەسیستەمی نووسین دەبێ بەڕێکخەری ئاخاوتن، بەڵام لای (باختین) بایەخ بە ئاستی (هەوالّ) دەدرا لەڕێگەی (وشە)ەوە هەوڵی دروست کردنی پێوەندی دەدا لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکە، بەوەش وشە خۆی دادەبڕێت لەوشەکانی دەقی تر، چونکە سنوری ئاماژەکانی زمان لەڕێگەی ئەو سیستمە زمانەوانیە دەردەخرێ، کە بەشێکی لەئاخاوتن خۆی دەردەخات، ئەوەش چەند پێوەندی ئایدیۆلۆژیە بەدەقەکان هێندەش بوارێکی کراوەیە بۆ دیالەکتیکی دەق تاوەکو پێکهاتەکانی زمان لەناو دەقدا پێوەندی نێوان (دەق/خوێنەر) لەڕووی ئایدیۆلۆژیای بدۆزێتەوە، بۆیە (وشە) کە رۆڵی ئایدیۆلۆژی دەبینێ بچوکترین بەشی بەردەکەوێت، ئەوەش بۆخۆی چەمکێکی تر لە ڕووی ئایدیۆلۆژیا بە باختین دەبەخشێت، کەنەك هەر لەمارکس جیابێت، بەڵکو لە کەسانی وەك (ئالتۆسێر، گۆڵدمان، گرامشی، فۆکۆ)ش جیابێت، ئەوانەی دوای ئەو هاتن بەلاّم چەمکی ئایدیۆلۆژی باختین مەسەلەیەکی تر، هەر ئەو واتا بەخشینەیەتی بەئاماژەوای لێکردووە شوێنێکی دیار بۆخۆی بدۆزێتەوە، کەتەواو جیاواز بێت لەئاماژە ناسەکانی ترو ببێت بە قوتابخانەیەکی تایبەت لەپاڵ قوتابخانە زمانەوانیەکانی تر لەجۆری قوتابخانەکانی "جنێف، نیۆیۆرك، کۆپنهاگن".

(قوتابخانەی جنێف) دەیویست سەر لەنوێ چارەسەر بخاتەڕوو بۆتیۆری زمان (چارلزبالی) کە بە

دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت، هەوڵیدا شێوازی عەقڵانیانە بخوڵقێنێت، لەوەی گوزارشتە هەڵچووەکانی زمان بشکێنێتەوە، لەوەشدا گەشەی بەو تیۆرەی (سۆسێر)دا، کە دەبێ زمانو ئاخاوتن لەیەک جیابکرێتەوە، (ئەلبرت سیشهایی)ش بایەخی بە فاکتەرە زمانەوانیو دەروونیەکان دەدا لەڕستەدا، دیارە لەئەمڕۆدا (هنری خرای) دیارترین کەسی ئەو قوتابخانەیەو لەکارەکانیشیدا دەیەوێ بە پێوەندیە رێکخەرەکاندا بچێتەوەو بەپێی تێگەیشتن لە (سۆسێر) چارەسەری بکاتەوە بەڵام هەرچی (قوتابخانەی کۆپنهاگن)ە بەتەواوی خۆیان وەک گروپێکی توندڕەو دەردەخست، لەوەی زمان فۆرمەو ناوەڕۆک نییە، لەو رێگەوەش خوازیار بوون (زمان/ نووسین) بەتاکە زمانێك بناسن، ئەوەش خاڵی هەرە سەرەکی جیاوازییان بوو لەگەڵ (قوتابخانەی براگ)، چونکە ئەگەر (قوتابخانەی براگ) دەیویست زمان ستراتیژێکی رەوان بێ بۆ دامەزراندن، ئەوا لەلای (قوتابخانەی کۆپنهاگن) زمانو نووسین دوو توخمن لەبونیادە هەمە جۆرەکان، بۆیە هەریەک لەو قوتابخانانە هەوڵیدا گەشە بەتیۆرە زمانەوانیەکەی سۆسێر بداتو ئیدی سەدەی بیستەم بوو بە سەدەی زمان کە ناکرێ ئیتر فەرامۆش بکرێت، بەڵکو بەو دەرگا کردنەوەیە توانیان چەندین قوتابخانەو رەوتی جیاواز بهێننەدی، ئەوەش وای کرد حەتمیەتی زمان ببێ بە پێویستییەك لەوەی زمان زانستێکەو لەناو زانستەکانی مەعریفە رۆڵێکی سەرەکی هەیە بۆ گەشەکردنو پێشڤەچوون، ئەو سەرەتایەش بوو بە دەروازەیەک بۆ (ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی) لای (شتراوس)و دواتر (رۆلان بارت) هەموو ئەو هەوڵانەی چڕکردەوە بەوەی بنەمایەك بۆ (سیمۆلۆژیا) دابنێت، هەر ئەو بنەمایەش بوو وای کرد (دریدا، ئیکۆ، کریستیفا) گەشەی پێ بدەن و (سیمۆلۆژیای هاوچەرخ) بخوڵقێنن و دواجار (چۆمسکی)ش زمان بەئاقارێکی فکری و دامەزراوەی عەقڵیدابیات.

پەراوێزو سەرچاوەکان

[1] –البعد السيميائي للسياق/ باسل حاتم–ايان ميسن /ترجمة (سلمان حسين) الثقافة الأجنبية عدد (١) ١٩٩٨

[2] –ئاگایی زمان.. زمانی ئاگایی/ عبدالمطلب عبدالله/ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم/سلێمانی ١٩٩٩

[3] –البنيوية وعلم الأشارة/ترنس هوكز /ترجمة (مجيد الماشطة) سلسلة المائة كتاب (بغداد) ١٩٨٦

[4] –مدخل للتعرف باللغة/ إدوارد سابير–ترجمة (سعيد الغانمي) اللغة والخطاب ألأدبي (بيروت) ١٩٩٣

[5] –رۆجەر فاولەر لەوتاری (ما القواعد) پەندێکی فەرەنسی دێنێتەوە، دیارە کاتێ (سەعید غانمی) ئەو وتارە وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، بەلایەوە ئەو پەندەی (فاولەر) هێناویەتیەوە کەمتر لەعەرەبی نزیکەو ئەو پەندێکی تر دێنێتەوە کە لێیەوە نزیك بێت، بۆ ئەوەش پشت دەبەستێ بە پەندێکی کوردی لەبری فەرەنسیەکە، بۆیە هەر بە رێنوسی کوردی دەنووسێت "هەر زمانێك لەراستیا ئادەمیزادە" بڕوانە" اللغة والخطاب الأدبي–اختيار وترجمة (سعيد الغانمي) المركز الثقافي العربي (بيروت) ١٩٩٣/ لاپەڕە (٦٤)

[6] –النظرية الأدبية المعاصرة/ رامان سلدن ترجمة (سعيد الغانمي) المؤسسة العربية للدراسات (بيروت) ١٩٩٦.

[7] –فۆرمالیستە رووسەکان/ بابەک ئەحمەدی وەرگێڕانی (ئازاد بەرزنجی) گەلاوێژی نوێ ژمارە (٢)

[8] –هەمان سەرچاوە.

[9] –هەمان سەرچاوە.

[10] –النظرية الأدبية والاستطيقا عند مدرسة براغ/رينيه ويليك ترجمه (د.محمد عصفور) الثقافة الأجتماعية–عدد (١) ١٩٨٨

[11] –بنچینە زمانەوانیەکانو لێکدانەوەی فەلسەفەی بونیادگەری/سەعید غانمی وەرگێڕانی (فایەق رەحیم) گەلاوێژی نوێ ژمارە (٩) ئابی /١٩٩٨

[12] –النظرية الأدبية المعاصرة/ رامان سلدن ترجمة (سعيد الغانمي) المؤسسة العربية للدراسات–بيروت/ ١٩٩٦

[13] –الحوارية وفلسفة اللغة عند باختين/باسم صالح حميد الطليعة الأدبية / عدد (٢)/١٩٩٩.

❖ سەبارەت بەخودی خۆی دەیگوت سەربەو (پۆل)ە یە لەخەڵکی کەدەست هەڵناگرن لە پرسیار ورژاندن دەربارەی پرس ومەسەلەکانی جیهان وئەو ڕووداوە وبەسەرهاتانەی کەتیایدا ڕووئەدات. دیگۆلیش لەبارەیەوە دەیگوت ئەو ڕۆژنامەنووسەیەکەلە ڕۆژنامەی "ئەلفیگارۆ" وئەو مامۆستایەیە کەلە کۆلێجی دی فرانس کاردەکات.

لەم دوو دەستەواژەیەشدا تێکڕایی ژیان وبەشداری وپەیامەکەی ڕێمۆن ئارون وتێڕوانینی بۆ خۆی وبۆکەسانی دیکە و هەروەها تێڕوانینی کەسانی دیکە بۆئەم هەڵوێستی بەرامبەر بەخودی ژیان کورت وپوخت دەبێتەوە. ریمۆن ئارون هەموو تەمەنی خۆی لەگەڕان و وردبوونەوە لەدوی حەقیقەتی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان وجەوهەری پەیوەندیە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان وسروشتی پەیوەندی نێوان تیۆرەوپراکتیک و، جیاوازی نێوان ئاقارو ئاڕاستە گشتی وئەو کارومەسەلە ڕووالەتیە بەپەلە ودەست وبرد وناکاوانەدا بردەسەر کەباڵی کێشاوە بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا.

ئەمانەش تێکڕا مەسەلە گەلێکی دژواروئاڵۆزن، بەڵام بەو پەڕی جدییەت وبەقوڵی لەگەڵ قوتابیەکانیدا لەکۆلێجی دی فرانس ولەزانکۆو لەپەیمانگاکانی دیکەشدا کەکاری وانە گوتنەوەی تیایدا دەکرد، گفتوگۆو مشتومڕی لەبارەوە دەکردن، هەروەها بەهەمان جدییەت وقوڵییشەوە لەوتارگەلە ڕۆژنامەنووسیەکانیدا ولە(ستونە) نیوە هەفتانەکەشیدا لەڕۆژنامەی ئەلفیگارۆدا کەماوەی سی ساڵ، لەنێوان١٩٤٧،١٩٧٧بەشێوەیەکی بەردەوام دەینووسیو پێش ئەوەی ڕووبکاتە نووسین لەڕۆژنامەی "ئێکسپرێس(EXPRESS)"دا، ئەو مەسەلانەی پێشان ئەداو نمایشی دەکرن.

ڕێمۆن ئارون لەڕێگای هەموو ئەمانەشەوە ئێجگاروابەستەبوو بەبەها ئەکادیمییە کۆنە پارێزە تونەدەکانەوە، هەم لەشێوازی گەڕان ولێکۆڵینەوەو، هەم لەهەڵسوکەوتی گشتی وپەیوەندییەکانیدا بەخەڵکییەوە، هەم لەحوکم ونرخاندنەکانیدا بۆکەسانیدی ڕۆشنبیرو بیرمەند وفەیلەسوف وننووسەران.

تەماشاکەری پابەند ڕێمۆن ئارون

نووسینی/ دکتۆر ئەحمەد ئەبوزەید
و/ سامان عەلی

هەربۆیە نووسینە(ڕۆژنامەنووسیی)ەکانی ئەو_وێرای ئاسانی شێوازو بڕشتیی و دەوڵەمەندیی ئایدیا وبۆچوونەکانی_ لەو ئاستە ئەکادیمییە بالایە دانەدەبەزین کەئەو خودی خۆی دیاریکردبوو، ئەو ئاستە کە مامۆستای زانکۆ، ئەو مامۆستایەی کەڕێز لە خودی خۆی و لەزانست و لەپیشەکەی دەنێ، پێویستە پابەندبێ پێوەی .

بەم جۆرە ئارون لە نێوەندی ئەو کەش وهەوا قانگدراوەدا بە ئایدیۆلۆجیای مارکسیی و لەنێوەندی ئەو تۆمەتانەدا کە ئاراستەی هزری محافیزەدەکراو بەهزرێکی کۆنەپەرست ودواکەتوو وەسف دەکرا، توانی پارێزگاری لە تێڕوانینە بێلایەنە بابەتیانەکەی بکات، ئەمە بەرلەوەی تەوژمی شەپۆلی مارکسیی ڕوولەکزیی و پاشەکشێ بکات و، لەم ساڵانەی دوایشدا زۆرێک لەبیرمەندانی فەرەنسا واز لە مارکسیزم بهێنن. نووسین و کتێب و هەڵمەتە توندوتیژو بەردەوامەکانی ئارون بۆسەر مارکسیزم وبیریاران و نووسەرانی مارکسیی، بەشداریەکی بەرچاویان هەبوو لە پەردە هەڵماڵین لەسەر هەندێ لەلایەنەکانی لاوازیی وکەم کورتی ئایدیۆلۆجی مارکسیزم و پاشانیش لەکزکردن وپاشەکشێ کردندابە تەوژمی هزری مارکسیی، ئەم بە جۆرێك کە دەبینین نووسەری ناوداری فەرەنسی "ئالان بیزانسۆن" دەڵێت: هەنوکە نووسەرێکی فەرەنسی هێژا نابینی کە خۆی بەنووسەرێکی مارکسیی بداتە قەڵەم.

بیرمەندی گەرتخواز:

ئەگەر چی هەندێ جار ریمۆن ئارون بە (بیرمەندی گەرتخواز) و دەرچوو لەهزری هاوچەرخی فەرەنسی ئەدرایە قەڵەم، بەهۆی دەرچوون وجیابوونەوەی لەو تەوژمە مارکسییە، بەڵام هەمیشە جێگای ڕێزو مایەی سڵ لێکردنەوە بووە، شوێنێکی باڵا و بڵندیشی داگیرکردبوو، هەم لەفەرەنسا و هەم لەدەرەوەی فەرنسا بەتایبەتی لەئەمەریکا. ئەم (بیرمەندە کۆنەپارێزە) پێش مەرگی خۆی بەمانگێك، گەیشتە لوتکەی سەرفرازی وترۆپکی دان پێدانان(لە لایەن نێوەندی ڕۆشنبیریی و خەڵکییەوە)، بەخۆی وبەوجێگایەدا کەگرتویەتی، ئەمەش وەختێك کە کتێبی (یادەوەریی... پەنجا ساڵ لەتێڕامانی سیاسیی) دەرکرد. ئەم کتێبەی ڕواجێکی ئەوتۆی



ریمۆن ئارۆن

پەیداکرد بەجۆرێك كە كتێبی هیچ نووسەرێكی دیكە لەفەرەنسا لەماوەی سەدەی بیستەمدا بەو چەشنە ڕواجی نەبوو، ئەوە بووتەنها لەماوەی سێ هەفتەدا سێسەد هەزار دانەی لێ فرۆشراو، هاوكات بووە جێگای باس وخواستی هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارە گەورەكان لە تێكڕای جیهانی پێشكەوتوودا.

پاشان لەناكاوێكدا وبێ ئەوەی هیچ كەس چاوەڕوانی بووبێ، ریمۆن ئارون لەپۆژی حەفدەی ئۆكتۆبەر(تشرینی یەكەم)ی ساڵی ١٩٨٣داو بەهۆی نەخۆشی لەناكاوی دڵەوە لەتەمەنی حەفتاوهەشت ساڵیدا كۆچی دوایی كرد. مردنی ئارون ڕۆشنبیرانی دووچاری داچڵەكین كرد. لەكاتی خۆیدا مەرگی ئارون بووە مایەی وروژاندنی پرسیار گەلێك سەبارەت بەڕەوشتی ڕۆشنبیریی لەفەرەنسا، پاش ئەوەی هاوكات لەو ساڵانەدا ئەو ژمارە زۆرە لەنووسەر وبیریاران كۆچی دواییان كردو مردن، هەر لە(ڕۆلان بارت) و(سارتەر)و(جاك لاكان)ەوە هەتا (ئەراگۆن)و .....هتد.

سەیر لەوەدایە ئارون لەدواییەكانی ژیانیدا هەندێ توانج وپلاری گاڵتە ئامێزی هەبوو كەلە ڕاستگۆیی وقوڵیی بەدەرنەبوو، دەربارەی ژیانی فیكریی لەفەرنسا و پلەو پایەی ڕۆشنبیرانی فەرەنسا، ئەوانەی كەزۆربەی هەرە زۆریشیان _بەخودی سارتەریشەوە _ لەدەست هێرش وڕەخنەكانی قوتاریان نەبوو.

چونكە لەكاتێكدا نووسەرێكی ئینگلیزی سەرنجی ئەوەی دابوو كە هزر لەژیانی فەرەنسادا ڕۆڵێكی ئەو تۆ دەبینێ كە هیچی كەمتر نییە لەڕۆڵی خۆشەویستی وخواردن وخۆراك، ئا لێرەدا ئارون هەڵئەداتێ وئەڵێ: جیاوازییەكی بنەڕەتی هەیە لە نێوان ئەنگلۆسا كسۆن وفەرەنسیەكاندا، چونكە ئەنگلۆساكسۆنەكان سەرەتا وێەكەمجار بایەخ ئەدەن بەدانان و داهێنانی ئەو سیستەمكۆمەڵایەتی و سیاسییانەی كەلە ژیانی كردەیی واقیعییاندا بەكەڵكیان دێت وسودی لێ دەبینن. بەڵام فەرەنسیەكان كاردەكەن لەپێناو تەرجەمەكردنی ئەم سیتمانە بۆ ئایدیا گەلێكی نەمرو سەرفراز.

بەڵام هاوكات لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیرانی فەرەنسا _ بەبڕوای ئارون _ لەحاڵەتێكی تونسدی كەرتبوون وپارچە بووندا دەژێن، لەنێوان خواست و ئارەزوویاندا بۆ جیهانگیری(العالمیة)و مەیل و ئاراستەیان بەرەو گرنگیدان بەبارودۆخی ناوخۆی و هەڵوێستی ناوخۆیی لەفەرەنساو، لەنێوان وابەستەبوونیان بەئایدیا وبیروڕا دیموكراتیەكان و، شەیدابوونیان بەبەها ئەرستۆكراتیەكانەوەو، لەنێوان شەیداییان بۆ ئازادی ویاخیبوون لەدەست دەسەلات وپێشكەوتوویی ژیاری ئەمەریكی داو، لەنێوان پەیوەست بوونیان بەپرەنسیپە ئەخلاقیەكان وگاڵتەكردنی ئازاراوییان بەهەموو شتێك.

لەئاكامی هەموو ئەم ململانێ ولێكدژییانەشدا _ بەبۆچوونی ئەو _ بیرمەندان شتێك بوون لەحقیقەتی خۆیان گەورەتربوون.

بیریاری بۆجوازییەت:

ریمۆن ئارون لە پڕوپاگەندەی سۆڤیتیدا بەو جۆرە وەسف دەكرا كە: (بیرمەندی ئایدیۆلۆجیستی سەرەكی بۆجوازیەتی فەرەنسییە). بەڵام ئەگەر بمانەوێ كەمێك مونسیفتر بین و مافی خۆی بدەینێ _ هەروەك پییێرمانان "Pierre manent" ئەڵێ، ئەبێ بڵێین ئارون ئەو بیریارەیە كە بایەخ ئەدات بە گەیشتنە تێگەیشتنێكی قوڵترو گونجاوتر لە كۆمەڵگا نوێیەكان، ئیدی ئەو كۆمەڵگایانە چ كۆمۆنیستیی بن یان لیبرالی، ئەوجا ئەگەر چی ئارون لە ساڵانی پەنجاكانی سەدەی بیستەمدا هێرشی توندی كردبێتە سەر ستالینیزم و پەلاماری شۆڕشی خوێندكارانی ساڵی ١٩٦٨ی دابێ و كتێبەكەشیدا (شۆڕشی چەواشە Larevolution Introuvable) بە توندی ڕەخنەی لە هەڵوێستی مامۆستایانی زانكۆی

سارتەر

هاوڕێی گرتبێ، ئەوانەی کە هاوپشتی خۆیان بۆ ئەو بزووتنەوەیە دەربڕی، بەڵام هاوکات ئارون دژایەتی و پرۆتیستۆی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوایی دەکردو پشتگیری لە شۆڕشی جەزائیر دەکرد، بەڵکو تەنانەت زۆرجار دژایەتی و بەرهەڵستی سیاسەتی دەرەکی دیگۆلیشی دەکرد.

ئیدی ئەو بیروڕایانە هەر چۆنێک بن، ئێستا ئەو بۆچوونەی کە دەربارەی ریمۆن ئارون بووەتە بۆچوونێکی زاڵ، ئەوەیە کە ئارون بیرمەندێکی لیبرالیستی واقیعبینە، دەخوازێ و لە هەوڵی سازان و پەیوەست بوونداید بە بەها تەقلیدییە بالاو پێشکەوتووەکانەوە.

ئیدی ئەو بۆچوونەی کە ئەڵێ ئارون بۆ خۆی نوێنەرایەتی قوتابخانەیەکی دەکرد کە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەرکەوت، لێرەوە پەیدابوو. ئەو قوتابخانەیەی کە پێی وابوو هەموو ئەو خەڵ و بارگرژییەی کە سیستمی دیموکراسی بە دەستیەوە دەنالێ، لەمپەر گەلێك نین کە رەوتی ژیان پەکبخەن و پاساوی خراپیی هەموو دیموکراسیەت بدەنەوە، بە ئەندازەی ئەوەی بەشێکی بنەڕەتی و جەوهەری و تەنانەت ئارەزووکراون سەبارەت بە خودی پۆرسەی ژیانی خۆی.

ژیانی ریمۆن کلۆد فردینان ئارون هێندەی جیاوازنییە لە ژیانی زۆرێك لە بیرمەندوونووسەرو فەیلەسوفانی دیکەی فەرنسا، کە توانییان لەپاش دووەمین جەنگی جیهانی ناو و هزری خۆیان بەسەر ژیانی کەلتووریی فەرەنساو دەرەوەی فەرەنسادا بسەپێنن. ئارون لە ئیکۆل ئۆرمال سۆپیریۆر (قوتابخانەی بالای مامۆستایان) لە پاریس خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٢٨دا خوێندنی تەواو کردووە. لە پێشدا مەیل و ئاراستە سەرەتاییەکانی ئەو بەرەو میتافیزیك بوو، پاشان لە ژێر کاریگەری لیۆن برنشفیج ی مەزنە مامۆستایدا رووی کردە خوێندنی زانستە بایۆلۆجیەکان، بەڵام دەسبەجێ ــ وەك خۆی دەڵێ ــ دەرکی بەوە کرد کە کارێکی دژوارە کەسانی غەیری زانایانی بایۆلۆجیا بتوانن تێۆری بایۆلۆجی دابهێنن، لە کاتێکدا کەسی فەیلەسوف دەتوانێ بیربکاتەوەو رابمێنێ و لەهەر بابەت و بوارێکدا کە خۆی ئارەزوو دەکات. داهێنان بکات، ئیدی چ لە بواری لێکۆڵینەوە سروشتیەکان یان توێژینەوە رەوشتیەکان یان مێژووییەکاندا بێ. ریمۆن ئارونیش رێگای زانستە مێژووییەکانی بۆ خۆی هەڵبژارد.

ئارون و سارتەر:

ئارون لە ئیکۆل ئۆرمال بە دیداری (جان پۆل سارتەر) شادبوو هاوڕێیەتییەکی توندو تۆڵ لە نێوانیاندا دروست بوو، ئیدی هەردووکیان رووبانکردە فیکری ئەڵمانی، بەڵام لە کاتێکدا کە سارتەر شاکارەکانی (هۆسرل و هایدگەر)ی کەشفکرد، ئارون

بایەخ و گرنگیی دا بە شاکارو نووسینەکانی سۆسۆلۆجیست و فەیلەسوفانی مێژوونا سی ئەڵمان، لە نموونەی (ماکس فیبەر) و (ویلهلم دیلتای) و (هاینرسن ریکرت) و (جۆرج زیمل). هاوکات لە نامەی دکتۆراکەیدا کە پاشان لە سالّی ١٩٣٨دا بە ناونیشانی (پێشەکیەك لە بارەی فەلسەفەی مێژوو) بڵاوی کردەوە، دەرفەتی بۆ رەخسا بۆ دەربڕینی سەرسامیی خۆی بەو فەیلەسوفانەو، لە رێگای شیکاری تێرو تەسەلی سەراپاگیری بارودۆخی مێژوویی مرۆڤەوە، توانی بگاتە رەخنەگرتنێکی قەناعەت پێکەر لە فەلسەفە حەتمییەکانی مێژوو.

بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەموو نووسینەکانیشیدا تەرکیزی دەکردە سەر دەرخستن و ئاشکراکردنی کارلێکی نێوان ئەزمونی مێژوویی و ویستی سیاسی، بە جۆرێکی تەواویش دوور دەکەوتەوە لە هەموو جۆرو چەشنەکانی حەتمیەتی مێژوویی، ئەمەش لە سۆنگەی باوەڕبوونیەوە بەوەی کە هەروەك (میریام برنهایم کۆنانت) لە وتارەکەیدا لە ئینسایکلۆپیدیای دەوڵەتیی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا دەربارەی ئارون ئەڵێ مێژوو (کۆتاییەکانی پێشنیارکراو)ی هەیە.

بەڵام وێڕای کارتێکرانی بە هەموو ئەو نووسەرە سۆسیۆلۆجیستە ئەڵمانانە، کارەکانی ئاراستەیەکی تازەو جیاوازیان گرتەبەر، چونکە مشتومڕ و گفتوگۆیان لە بارەو لەگەڵ گرفت و کێشە دەست و بردو بەپەلەو واقعییەکانی سەدەی یستەمدا ئەکرد.

لە راستیدا ئارون لەو کاتەوەی کە کاری مامۆستایانی ئەکردو مامۆستای فەلسەفە بوو لە ئەڵمانیا، دەستی کردە بایەخ و گرنگیدان بە گرژبوون و گرفتەکانی ئەم سەدەیەو، بە چاوەکانی خۆی سەرهەڵدانی هیتلەریزم و دەرکەوتنی سۆشیالیلازمی نیشتمانی و، ئەو بەسەرهات و روداوانەی بینی کە سەبارەت رەوشتی مرۆیی، دەروونی ئارونیان تووشی رەشبینی کرد. رەشبینیەك کە بە درێژایی ژیان لەگەڵیدابوو، ئینجا وای لێکرد کە دواتر خۆی بێبەری بکات لە پارتی سۆشیالیست کە بۆ ماوەیەکی کەم پەیوەندی پێوە کردبوو، هەروەها خۆیشی بێبەری کرد لە ئاکاری نامێژوویی (الأخلاقية اللاتأريخية) کە لە رۆژانی زانکۆدا باوەڕی پێ هێنابوو.

ئارون لە سالّی (١٩٣٠-١٩٣١) لە زانکۆی کۆلۆنیا لە ئەڵمانیای خۆرئاواو، ئینجا لە (١٩٣١- ١٩٣٢) لە پەیمانگای ئەکادیمیای فەرەنسی لە بەرلین خەریکی وانەگوتنەوەبوو، بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا و لە ژمارەیەك لە زانکۆو پەیمانگا پالاکانیدا، سەرەتا لە (لیسێ هاڤر) لە (١٩٣٣-١٩٣٤) بۆ قوتابخانەی مامۆستایان لە (سان کلو) لە (١٩٣٥- ١٩٣٩) ئینجا زانکۆی تۆلۆز لە (١٩٣٩) دا پۆستی وانەگوتنەوە بگرێتە دەست.

وەختێکیش کە دووەمین جەنگی جیهانی هەڵگیرسا، پەیوەندی کرد بە هێزی ئاسمانی فەرەنساوە، بەڵام لە دوای داگیرکردنی فەرەنسا، لەگەڵ هێزەکانی فەرنسای سەرفرازدا بە سەرکردایەتی (دیگۆل) لە لەندەن کاری کردو، بەرپرسیارێتی دەرکردنی رۆژنامەی (فەرەنسای France Libre)ی گرتە ئەستۆ، ئێنجا لە دوای تەواوبوونی جەنگەکە گەڕایەوە بۆ نێو ژیانی ئەکادیمی و وانەگوتنەوە، دواجار لە سالّی ١٩٧٠ لە کۆلێجی دی فرانس بووە مامۆستا.

ئارون لە هەموو ئەو ماوەیەدا دەستی لە نووسین بۆ رۆژنامە هەڵنەگرت و، لەوەتی سالّی ١٩٤٦ دەستی کردە نووسین لە رۆژنامەی Combatی چەپڕەودا، بەڵام یادی سەربازگەکانی نازیزم و، دڵڕەقیی ستالینیزم و، ئینجا خوێندنی وردو قوڵی بۆ ئابوری، کارێکی وایان کرد کە ئارون لە سۆشیالیزم دوربکەوێتەوەو پاشان بەرەو کارکردن لە رۆژنامەی (ئەلفیگارۆ)ی کۆنەپارێزدا وەربچەرخێ و بیکاتە مینبەرێکیش بۆ نووسینە سیاسیەکانی و، هەر لەو بڵندگۆیەشەوە پەلاماری ئاراستەی مێژوویی بدات،

ئـــەو ئاراســـتەیەی کـــە بـــاڵی کێشـــابوو بەســـەر بیرکردنـــەوەو نووســـینەکانی بیریـــار و بیرمـــەندە مارکسییەکاندا.

دواتـر وەك باسمـان کـرد رووی کـردە رۆژنامـــەی (ئێکسـپرێس)ی پێشـکەوتنخوازو تـا رۆژی مردنـــی وابەستە بوو بەو رۆژنامەیەوە.

لە ماوەی ئەم هەموو ســاڵە دوورودرێژانـەدا رووی لە کارکردن لە زانکۆ وەرنەگێڕا، ئەگەرچی ماوەیەکی کەم یـاریدەدەری (ئەندرێ مـالرۆ) بـوو لـە یەکەمین وەزارەتـــی (دیگـــۆل)دا، بـــەڵام هێنـــدەی نـــەبرد دەسبەجێ لەویش جودا بۆوە بۆ ئەوەی بتوانـێ وەك چاودێر، یـا خـود وەك (تەماشـاکەر)ێکـی پابـەند پارێزگاری لە شوێن و لە هەڵوێستی خۆی بکات.

زۆربـەی ئـەو کەسـانەی کـە دەربـارەی ئـارون نووسیویانە، جیاوازی کردنیان لە نێوان ئارون و لـە نێوان مەزنـــە فەیلەســوفی فەرەنسـی (جـان پـۆل ســارتەر)دا کردووەتـــە نـــەریتێك بـــۆ دەرخســـتنی جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە، بە تایبەت لێکدژیـی دیـدو تـێڕوانین و هەڵوێسـتیان بەرامبـەر سیسـتمی سـۆڤێتی، ئـەو لێکدژییـەی کـە دواتـــر کەرتبوونێکی ترسناکی لـــەنێو ژیـانی فیکریـی لـە فەرنسادا دروست کرد.

ئاشکرایە کە ئارون ـ بە هۆی ئەم لێکدژییـەوە ـــ لە کۆتاییەکانی سالاّنی چلەوە پەیوەندیـەکانی خـۆی بە سارتەرەوە بچڕاند و دەستی کردە رەخنەگرتن لە هەڵوێست ولە بیروڕا سیاسیەکانی کە بە کرچ و کاڵ و ساویلکانەی دەزانـی. ئـارون لـە کتێبـی (ئـەفیونی رۆشنبیران)دا کە لە سالّی ١٩٥٥دا دەرچوو، هاوکـات بـە یـەکێك لەبـــەنێو بانگـــترین کتێبەکانیشـــی دەژمـــێردرێت، بـــە شـــێوەیەکی بابەتیانـــەو بـــە تەحەفوزەوە بەرپـەرچی ئـەو بیروڕایانـەی سارتەری دایەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبـە، هێرشـکردنە سـەر کۆمۆنیستی یا خود پەلاماردانی ئەو بیرمەندانە نەبوو کە رێگایاندابوو ئـەقڵ و بیرکردنـەوەیان لـەنێو چـەند قـاڵبێکی ئاسـنین دا دۆگمابـێ، بـە ئـەندازی ئـەوەی ئاراستەبوو لـە دژی ئـەو (پێشـکەوتنخوازان)ەی کـە دەگەڕان و وێڵی دوای ئەو شتانە بوون کـە بـۆ خۆیـان خـــەوش و نەنگییـــەکانی دیموکراســـیەتی خۆرئاوایەو، هـەوڵی گـەورەکردنیان ئـەدا لـە کاتێکدا چاوپۆشـیان ئـەکرد لـــە (تاوانـــەکانی دەوڵـــەتی مارکسیی) و ئـەو نموونـە باڵانـەیان لـەیاد ئـەکرد کـە چەپڕەوەکان و خودی ئارونیش باوەڕی پێ بوو.

ژمارەیـەکی دیکـەی زۆری کتێبـەکانی لـە هـەمان دیدی رەخنەگرتن لە هەڵوێسـتی بیرمـەندو نووسـەرە (پێشکەوتنخوازەکان)ەوە سەرچاوەی دەگرت)، ئـەو بیرمەندانـەی کـە پڕوپاگـەندە بـۆ سیسـتم و رژێمـە تۆتالیتارەکان دەکەن، وەك کتێبـی (دیموکراسـیزم و

رۆلان بارت

تۆتالیتاریم) که له ساڵی ١٩٦٥دا دەرچووە، پاشان کتێبی (شۆڕشی چەواشە)، ئینجا ئەو کتێبەی کە تیایدا هێرش دەکاتەسەر فەیلەسوفی مارکسیی بونیادگەر (لویس ئالتۆسێر) کە له ساڵی ١٩٦٩ لەژێر ناونیشانی (لە خێزانی پیرۆزەوە بۆ خێزانێکی دیکە)دا دەرچووە.

باشترین بەڵگە بۆ ئاست و ئەندازەی دوژمنایەتی ئارون بەرامبەر بە سیستم و رژێمە تۆتالیتار و مارکسییەکان، دەست لە کارکێشانەوەی بوو لە کارو فرمانەکانی لە سۆربون لە ساڵی ١٩٦٨دا، وەک ناڕەوایی دەربڕینێک بەرامبەر کەنەفتیی مامۆستایان لە گرتنەبەری هەڵوێستێکی تووندو یەکلاکەرەوانە بەرامبەر بزاڤی خوێندکاران.

بەڵام دوژمنایەتی لەگەڵ سارتەری هاوڕێی دێرینداا، لە جۆرێکی دیکە بوو، هەتا کۆتایی تەمەن درێژەی کێشا.

ئەگەرچی ئەو دوو هاوڕێیە لەوەتی ساڵانی چلەوە لە یەکدی دابڕان و تەنها لە ساڵی ١٩٧٩، واتە بەر لە مردنی سارتەر بە ماوەی ساڵێک، بۆ یەکجار لە دیدارێکی راگوزارنەو خێزادا بە یەکدی شادبوون. بەڵام دوژمنایەتی فکرییان کە دەتوانرێت بگوترێت وێڕای جیاوازی و ناکۆکی ئایدیۆلۆجییان، بەڵام هەر یەکێکیان رۆڵێکی گرنگی دەبینی لە ژیانی ئەوی دیکەیاندا.

خودی ئارون خۆی لەو بارەیەوە ئەڵێ: ناکۆکی و نەیاریی، شێوەیەکە لە شێوەکانی (بوون لەگەڵ یەکتردا ـ یا خود پێکەوە بوون)ە. بەهەر حاڵ ئەوجا ئەگەر سارتەر ئەو گریمانە بوونگەراییە بکاتە خاڵی دەست پێکردن کە ئەڵێ پێویستە هەر کەسێک یاسای ئەخلاقیی تایبەت بە خۆ دەستنیشان بکات و، ئینجا کار گەیشتە ئەو سنورەی کە بانگەشەی پابەندبوون بکات بە مەسەلەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕییەوە، ئەوا ئارون بانگەشەی جۆرێک لە فرەیی لیبرالیزمی ئەکردو، قایل نەبوو دوای ئەو بانگەوازە تیۆرییە بە لێشاوانە بکەوێت کە رۆشنبیرانی فەرەنسا لە پاش دووەمین جەنگی جیهان پەرۆشی بوون، ئارون زیاتر مەیلی هەبوو بەلای وابەستە بوون بە واقیعی ئەزموونگەرییەوە، هەر بۆیە وا پێدەچوو کە کەسێکی (نامۆ) بێ بەو کەشە فیکرییە گشتیەی باوەی فەرەنسا، پاشان ئەمەش پاڵی پێوە دەنا کە لە ژیانی تایبەت بە خۆیدا بژی، ئەگەرچی هەرگیز ئەمە ڕێگای ئەوەی لێنەگرت کە کەسێکی کاریگەرو کارابێ لە بزووتنەوەی بیرو ئەندێشەدا. جیاوازی دیدو تێڕوانینی رۆشنبیرانی فەرەنساش بەرامبەر هەریەک لە سارتەرو ئارون، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەشدا کە بەسەر ئەم تێڕوانینەدا هاتووە، هەروەک (سکۆت سۆلیفان) ئەڵێ بیرۆکەیەکی رۆشنمان ئەداتێ لە بارەی چیرۆکی مێژووی فیکرو کەلتور لە فەرەنسا.

ئەوە بوو نادیاریی و لێڵی و بریقەداریی لە لای رای گشتی رۆشنبیر لە فەرەنسا خواستی زیاتر بوو لە شیکاری لۆجیکی میتۆدیی ڕێک و پێک و بابەتیانە، هاوکات چەپۆکی مارکسیزمیش لەسەر فیکری فەرەنسی توندو قورس بوو، بە ئەندازەیەک کە هەر جۆرە دەرچوونێک لەژێر باری ئەم چەپۆکەدا رەنگە ببوایەتە مایەی (لاتەریک کردن) یا خود دەرکران لە کۆمەڵگای ئەنتلجانسیا. ئینجا لە ساڵانی حەفتاکاندا لە دەرنجامی هەڵهاتن و راکردنی ژمارەیەک لە زاناو بیرمەندانی سۆڤێتی لە یەکێتی سۆڤیەت، کە لە شەستەکانەوە دەستی پێ کردبوو باردۆخەکە بە خێرایی ڕووی لە گۆڕان کرد، پێداچوونەوەی بیریارو رۆشنبیرانی فەرەنسا بە خۆیانداو چاوخشاندنەوەیان بە هەڵوێستەکانیاندا لەبەر رۆشنایی ئەم ڕووداوانەدا.

ئاشکرایە ئەمانە ئەو ڕووداوانە بوون کە ڕێمون ئارون وەختێک کتێبی (ئەفیونی رۆشنبیران)ی دەنووسی، پێشبینی دەکرد و تیایدا ئاماژەی دەکرد بە کۆتایی هاتنی سەردەم و رۆژگاری ئایدیۆلۆجیاکان و نزێکبوونەوەی بەسەرچوونی مارکسیزم ببێتە مایەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەو تەوژم و ڕێبازە

راستڕەو توندڕەوانەی کە دژایەتی و بەرهەڵستی فیکری ئازاد دەکەن و، زیان و زەرەریان بۆ فیکری ئازاد، زۆر زیاتر دەبێ لەو زیانەی کە مارکسیزم بەو فیکرەی گەیاندبوو بەهەر حاڵ تا ئێستایش لایەنی راست نەیتوانیوە ئەلتەرناتیفێکی ئەو تۆ بدۆزێتەوە کە بە جۆرێکی ڕەزامەندو قەناعەت پێکەر، شوێنی چەپ بگرێتە، ڕەشبینی ئارون و بانگەوازی بەردەوامی ئەو بۆ پێداویستیی پەنابردنە بەر دەسەلاتی ئەقڵ و میانڕەویی لێرەوە هاتبوو، پاش ئەوەی جیهان لە سەر ڕێگای خۆی لایدا بۆ ماوەیەکی زۆر ملی ڕێگای نائەقڵانییەت و توندڕەویی گرتەبەر.

هێندە بەسە لێرەدا ئەوە بهێنینەوە یاد کە فەلسەفەکە ئارون لە بنەڕەتدا لەسەر باوەڕهێنان بە بایەخ و گرنگی ئازادی و بەهاو نرخی ئازادی لە ژیانداو، کارایی ئەقڵی مرۆیی و کاریگەریی لە میژوودا بەندە، ئەگەر چی ئەو کاریگەرییە ئێجگار سنوردارێشە. گرفتی سەرەکی ئارون لە ماوەی ژیانیدا لە پەیوەندیەکانیدا، هەمان گرفتی لیبرالیزم بوو، کە لە لایەک داوای پابەندبوون دەکات بە پرەنسیپە ڕەهانەوەو لە لاەیکی دیکەش داوای سازان ئەکات، ئەو سازانەی کە لە سەر ئەقڵانی بوون و باش حاڵیبوون و دەرک پێکردنی تەندروستانە ڕاگیردەبێ.

جیاوازی بیروڕاکان سەبارەت بە ریمۆن ئارون هەرچۆنێک بێ، بەڵام ــ دروست ــ بە شایەتێکی سەردەمەکەی خۆی و لێکۆڵەرێکی ئەو سەردەمە دادەنرێت. ئەو بۆ چوونەش کە ئێستا سەبارەت بەم بیرمەندە بووەتە بۆچوونێکی باو، ئەوەبەکە ئارون بیریارێکی جیهانییە بە هەموو واتایەکی وشەی بیریارو، لە نووسینەکانیشیدا ڕووی دەمی نەدەکردە گروپ یا خود دەوڵەت یان بنەچەی ڕەگەزیی یا خود ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی خۆی، بەڵکو وەک گەشتێک لەگەڵ مرۆڤایەتیدا دەدوا. ئەوجا ئەگەر لە ڕۆژگاری خۆیدا هەندێ نێوەندی کەلتوریی لە فەرەنسا هەڵوێستێکی بەرهەڵستکار و دوژمنکارانەیان بەرامبەری نواندبێ بە هۆی دژایەتیکردنی بێ پێچ و پەناو ئاشکرای بەرامبەر بە مارکسیزم، ئەوا هەنوکە هەمان ئەو نێوەندانە بە یەکێک لە کۆشک و تەلارە هەرە گەورەکانی فیکری فەرەنسی دادەنێت. لەم تەماشاکردنەشدا جۆرێک لە ئیعتیبارو ڕێز گەڕاندنەوەی تیادایە بۆ ریمۆن ئارون، تەنانەت پاش ئەوەی کە مردو گیانیشی سپارد.

سەرچاوەی/ گۆڤاری (العرب) (کوێتی) ــ ژمارە ٣٠٢ ــ مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٤

عەقڵ و

هەستێ

ئەمبرتۆ ئیکۆ

وەرگێڕانی فارسییەوە/محەمەد کەریم



ئەمبرتۆ ئیکۆ

ئاماژه/ ئەمبرتۆئیکۆ دیاردەناس وفەیلەسوفی ئیتالیایی کە لە رۆمانتوسینیشدا دەستێکی بالای هەیە بەلای خوێنەرانەوە ناوێکی ئاشنایە. زۆرکەس رەنگە رۆمانەکانی (اسم الوردە_ناوی گول)و (بندول فوکو_ڕێسمانی فۆکۆ)یان مەقالەو چاوپێکەوتنەکانییان لەم کتێب یان لەو بڵاوکراوەدا خوێندبێتەوە. ئیکۆلە راڤەوشیکردنەوەی رەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیش داوێڕای پەیوەندییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە وبیرو بۆچوونی پڕبایەخ لەم بوارانەدا دەخاتەروو. لەڕۆژانی دوای(١١)سێپتەمبەریش دا ئیکۆبە چاوپێکەوتن ولێدوان ومەقالەکانی دەربارەی‌لایەنە جیاوازەکانی ئەو ڕوودداوە یەکێك بووە لە کەسە بەرچاوەکان لەدەزگاکانی راگەیاندن ودەزگارۆشنبیری‌یەکانی خۆرئاوادا. ئەمەی کەلێرەدا باڵاوکراوەتەوە بریتی‌یە لە نووسینێکی ئەمبرتۆ ئیکۆ کەیەکەمجار لە هەفتەنامەی (ئیشپیگل)ی ئەلمانی‌دا رۆژی (٢٠٠١/١٠/٢٢)باڵاوبۆتەوە.

هەموو شەڕە مەزهەبیەکان کە چەندین سەدە دنیایان لە خوێن هەڵکێشا بەرهەمی پێداگرتنی دەمارگیرانە بوون لەسەر چەند ناکۆکیەکی سادە. ناکۆکی وەکو ئێمە وئەوانی دی، باشوخراپ،ڕەش وسپی. ڕۆشنبیریی خۆرئاواتەنها کاتێك کەلەسایەی ئەزموواندا بەکەڵك وەرگرتن لەگیانی ڕەخنەگرانە توانی گیرۆ دەبوونی خۆی لەم جۆرە سادە کاریبە زیان بەخشانە ڕزگار بکات، پێی نایە قوناغێکی پڕ بەرەکەتەوە. هەڵبەتە ڕۆشنبیریی خۆرئاوا کەسانی وەکو هیتلەریشی پەروەردەکردووە کە کتێبی دەسوتاندو مرۆڤی(نەژاد نزمتری) دەکوشت. بەڵام ئێستا یەکێك لە باشترین دەرفەتەکان بۆ ڕۆشنبیریی ئێمە، ئەگەر دەمانەوێ لەدوای ئێمە ڕۆژێك بورجێك وێران نەبێ، ئەوەیە کە لەگەڵ گەنجان دا باس وگفتوگۆ بکەین ئیتر ڕەنگی پێستیان هەرچۆنێك بێت. ئەوەی کە هەندێ جار دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی ئەو ڕاستیەیە کە ناتوانرێ مەسەلە جیاوازەکان بە جیالەیەکتری بخرێتە بەرباس ولێکۆڵینەوە. بۆ نموونە پراکتیك بەڕەگوڕیشەی خودییەوە، هەستکردن بەکەسێك کەخاوەنی بنەچەورەگ وریشەیەکی تەرەو حوکم دان لەسەرئەوەی کە چ شتێك باشو چ شتێ خراپە. بەڵام



ئەمبرتۆ ئیکۆ

سەبارەت بەڕەگ وڕیشەکان، ئەگەر کەسێك لێم بپرسێ من پێم خۆشە سالانی خانەنشینیم لەیەکێك لەگوندەکانی مۆن فراتو(بەرزاییەکانی پیمونت)بەسەربەرم یان لەشاخە سەرکەشەکانی پارکی نیشتمانی ئەبروزن یان لەبەرزاییەجوانەکانی سینا، رەنگە من مون فراتو هەڵبژێرم، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە بەو مەعنایە نیە کە من مون فراتو لەشوێنەکانی دیکەی ئیتالیا بە بالاتر دەزانم.

لە کاتێکدا سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا لەقسەکانیدا (روو لەخەڵکی خۆرئاوا نەك روو لەعەرەبەکان) دەیەوێ بڵێت کە پێی خۆشە لەنزیکی میلانۆ بژی نەك لەکابول ولەکاتی نەخۆش کەوتندا حەزدەکات لە نەخۆشخانەی میلانۆ چارەسەر بکرێ نەك لەنەخۆشخانەیەکی بەغدا، من تەئیدی قسەکەی دەکەم. هەتا ئەگەر بزانم کە نەخۆشخانەی بەغدا باشترین ئامێری تیایە میلانوشاری منە ومن لەوێ دەتوانم سەلامەتی خۆم بەدەست بێنمەوە. کاریگەریی رەگ وڕیشە(رەچەڵەك) دەتوانێ لەسنووری ناوچەیی و نیشتمانی زیاتر بێ. نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە. من لە لیموگن خۆشتر لەمۆسکۆ دەژیم. بۆچی؟ ئایا مۆسکۆ شارێکی زۆر جوان نیە؟ بەڵێ شارێکی زۆر جوانە، بەڵام من لە لیموگن لەزمانی خەلك تێدەگەم .هەرکەسێك ناسنامەی خۆی لە رۆشنبیریی یەکدا دەدۆزێتەوە کەتیایدا گەورە بووە. ژمارەی لایەنە پەیوەست کەرەکانی (رەچەڵەك) کەمن (هەڵبەتە شتی لەو بابەتەش هەن). لۆرەنسی عەرەبستان راست وەکو عەرەبێك جلی لەبەردەکرد. بەڵام ئەو دواجار گەرایەوە بۆ نیشتمانەکەی. بابگەڕێینەوە سەر بەراوردکردنی رۆشنبیریەکان چونکە قسەمان لەسەر ئەوەیە. خۆرئاوا هەمیشە سەبارەت بەشارستانیەکانی دیکەو زۆر جار لەبەر سەرنجی ئابووری وردبینی نیشان داوە. روانینی خۆرئاوا بۆ ئەوانی دی لەزۆر لایەنەوە بەسووك تەماشاکردن بووە. بۆ نموونە یۆنانیەکان ئەوانەیان بە بەربەر یان لاڵ ناودەبرد کە بەباشی زمانی یونانیان نەدەزانی بە جۆرێك کە گوایە ئەوانە ئەسڵەن توانای قسەکردنیان نیە.هەندێ لە یونانیەژیرەکان وەکو فەیلەسوفە رەواقییەکان(رەنگە لەبەرئەوەی خۆیان لە نەژادی فینیقیەکان بوون) بەزوویی هەستیان بەوە کردلە ئەگەرچی بەربەرەکان بەزمانێکی غەیری یونانی قسەدەکەن بەڵام بیروبۆچوونیان لەهی یونانیەکان دەچێ. مارکۆ پۆلۆهەزلیدا کە بەو پەڕی ڕێزەوە باسی شێوەی جل لەبەرکردن وداب ونەریتی چینیەکان بکات. مامۆستا گەورەکانی مەسیحیەت لەکلێسای سەدەکانی ناوەڕاست دا هەوڵیان دەدا کە دەقە فەلسەفیەکانو زانستی پزیشکیو ئەستێرەناسی عەرەبەکان تەرجوومە بکەن. پیاوانی جولانەوەی رێنیسانس هەتا لەدۆزینەوەی زانیاری لەناوچووی خۆرهەلاتیەکاندا لەئارامیەکانەوە بیگرە هەتا میسرییەکان ڕێگایەکی زۆریان بڕی. مونتسکیو هەوڵیدا لەوە تێبگات کە فارسێك چۆن لەفەڕەنساییەك تێ دەگات ومرۆڤ ناسانی مۆدێرن(سالزیانەکان)یان وەکو یەکەم بابەتی لێکۆڵینەوەکانیان هەڵبژاردو بۆ ژیان لەهەلومەرجێکی وەکو هەلومەرجی ئەوانداو هەروەها بۆ زانینی شێوەی بیرکردنەوەو ژیانیان چوونەلای (بورووکان)من مرۆڤ ناسەکانم بەنموونە هێنایەوەونەموت لقێکی واتە فەرهەنگ ناسی لەناوەراستی سەدەی نۆزدەیەمدا لەبەرئەوەهاتە ئاراوە تا ئازادی ویژدانی خۆرئاوا سەبارەت بەوانی دی تارادەیەك کەمبکاتەوە. بەتایبەتی سەبارەت بەوانەی کەبەمەعنای تەواوی وشەکە کێوی بوون، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەنی مێژوو نەبوون وخەڵکەکەیان سەرەتایی بوو. رەفتاری خۆرئاوا لەگەڵ ئەو کێویانەدا هێندە رەفتارێکی لوتف ئامێزنەبوو. خۆرئاوا ئەوانی دۆزییەوە، هەولیدا شێوەی ژیانیان فێربکات، خۆرئاوا ئەوانی تاڵانکردو

پاشان بەیارمەتی بازرگانانی کۆیلەی عەرەب زۆربەیانی بردبۆ کۆیلایەتی. ئەو کۆیلانەی کەلەنیوئورلیان تەسلیمی خانەدانەرەچەڵەك فەرەنسیەکان دەکران ئەو کۆیلانە بوون کەلەڕێگەی بازرگانانی کۆیلەی عەرەبەوە لەئەفریقاوە رەوانەی دەکران. ئەرکی فەرهەنگ ناسیی ئەوەبوو کەنیشانی بدات بێجگە لە لۆژیکی خۆرئاوا لۆژیکی دیکەش لەجیهاندا هەن ولەجیاتی ئەوەی بەسووك تەماشابکرێن وسەرکوت بکرێن دەبێ بەجدی بگیرێن. بەڵام ئەمە بەومەعنایە نەبوو کە فەرهەنگ ناسان بریاریان دابوو لەدوای روونکردنەوەی لۆژیکی ئەوانی دی، وەکو ئەوانیش بژین. ئەگەر چاوڵەهەندێ حالەتی تایبەتی بپۆشین، هەموو ئەو مرۆڤ ناسانە لەدوای تەواوبوونی لیکۆڵینەوە دریژەخایەنەکانی خۆیان لە بیابانەکانی ئەولای دەریاکان دەگەڕانەوە بۆ(دون شایر) یان(پیکارد) بۆ ئەوەی لەوێ لەزەت لەژیانێکی بێ دەردی سەر بکەن.

ئەو دەرسە سەرەکییەی کەمرۆڤ لەخوێندنەوەی کتێبی فەرهەنگ ناسان وەری دەگرێ زیاتر ئەوەیە کە ئەو بۆبریاردان لەسەرئەوەی کەکام فەرهەنگ لەوی دی بااڵترە دەبێ چەند پارۆ مەتریك بۆ خۆی دەست نیشان بکات. وتنی ئەوەی کەفەرهەنگێك چۆنە،شتێکە ونیشاندانیئەوەی کەبەپشت بەستن بە چ پارۆمەترێك دەتوانرێ بریار لەسەرفەرهەنگەکان بدرێ، شتێکی تر ە. دەتوانرێ فەرهەنگێك بەشێوەیەکی بابەتیی روون بکرێتەوە وەسف بکرێ بۆ نموونە دەتوانرێ بگوترێ خەڵکی سەربەم فەرهەنگە رەفتاریان ئاوایەبەتارمایی (روحیانەت)ی جۆراوجۆرەوە یان بەپێی ئەم یان ئەو پرانسیپە لەیەکەکانی خێزاندا دەژین. ئەڵقەکردنە لوتیان بەشتێکی جوان دەزانن(کەدەکرێ ئەمە وەسفی لاوانی ئەمرۆی خۆرئاواش بێت) سەگ رادەگرن بۆ ئەوەی لەرۆژانی چەژن دا بیکەن بەکەباب، ویان بەو جۆرەی کە ئەمریکاییەکان دەربارەی فەرەنسایەکان دەڵێن بۆق دەخۆن.

بەڵام دەست نیشانکردنی پارۆمەترەکان بۆ بریاردان مەسەلەیەکی تر ە. هەڵبژاردنی ئەم پارۆمەترانە پەیوەندی بەرەچەڵەکی ئێمەوە هەیە. یەعنی پەیوەندی بەوشتانەوە هەیە کەبەڵامانەوە گرنگن،پەیوەندییان بەنەریتو هەستو سیستەمی بەهادانانی ئێمەوە هەیە.

بانموونەیەك بهێنینەوە: ئایا ئێمە زیادکرنی تەمەنی مام ناوەندیی مرۆڤ لەچل ساڵەوە بۆ هەشتا ساڵ بەبەهایەك دەزانین؟

بەش بەحاڵی خۆم بەبەهایەکی دەزانم، بەڵام رۆمانیەکان دەتوانن بڵێن کەئێمە لەنێوان کەسێکی زۆرخۆر کەهەشتا ساڵ دەژی ولویجی گونزاگای پیرۆزدا کە تەنها بیست وسێساڵ ژیا دووەمیان بەخاوەنی ژیانێکی پڕبەرەکەت دەزانین. بەڵام گریمان کەزیادکردنی خاڵی مام ناوزەندی تەمەن بۆ خۆی بەهایەك بێت. بەگریمانەیەکی وادەتوانرێ ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنرێ کەزانستی پزیشکی خۆرئاوا بەدڵنیاییەوە لەزۆری تر لەشێوە زانستیەکانیو ئەزموونە پزیشکیەکان باڵاترە. بەڵام ئایا ئێمە لەو باوەڕەداین کە گەشەکردنی تەکنەلۆژیا وفراوانکردنی بازرگانی وخێرایی بارکردن وگوێزانەوە هەموویان بەهان؟ هەندێك باوەڕیان وایە هەربۆیە حەقیانە کەشارستانیەتی تەکنیکی ئێمە بە باڵاتر بزانن.

بەڵام لەدنیای خۆرئاواشدا کەسانێك بەدی دەکرێن کەبەهایەکی زۆر بۆژیانێکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ژینگەی تەندروست دا دادەنێن وئامادەن لەم پێناوەدا چاوپۆشیلەفرۆکە وئۆتومبیل و یەخچاڵ بکەن. کەواتە دەبینین کەئەگەر مرۆڤ بیەوێ فەرهەنگێك بەباڵاتر لەفەرهەنگێکی تر پێناسە بکات، ئەوەندە بەس نییە کەتەنها وەسفی ئەو فەرهەنگە بکات(بەو شێوەیەی کە فەرهەنگ ناسان ئەنجامی

ده‌ده‌ن) بـه‌ڵکو مـرۆڤ ده‌بـێ بگه‌ڕێتـه‌وه بـۆ سیستمێکی بـه‌هادانان که‌لـه‌م باره‌یـه‌وه بوونـی چاوپۆشـی لێنـاکرێ. ته‌نـها لـه‌م حاڵه‌ته‌دایـه کـه ده‌توانـین بڵێـن فه‌رهـه‌نگی ئێمـه بۆ ئێمـه باشـتره. لایه‌نگرانی گفتوگۆی نێـوان فه‌رهه‌نگه‌کان داوامـان لێ ده‌کـه‌ن کـه‌ڕێز لـه‌دنیای ئیسـلام بگریـن وئـه‌وه‌مان به‌دیاد ده‌هێنیته‌وه که‌ئه‌و دنیایه پیاوانی وه‌کو ئیـبن سیناو رازی هه‌بووه، ئه‌وه راست نی‌یه که هه‌میشه وا نـاوی ئـه‌م دوانـه بـبرێ کـه گوایـه ئـه‌م دوانـه ته‌نـها پیاوانی ناوداری ئه‌و فه‌رهه‌نگه‌بوون. له‌به‌رامبـه‌ر ئـه‌م دوانه‌دا ناوی ئه‌لکندی، ئیبن جبرون، ئیبن طفیل یـان نـاوی گـه‌وره‌ترین مێژوونووسـی سـه‌ده‌ی چـواردە واتـه(ئیـبن خـه‌لدون) نـابرێ کـه خۆرئـاوا وه‌کـو بنیاتنـه‌ری ڕاسـته‌قینه‌ی کۆمه‌ڵناسـیی ده‌یناسـێ. ئه‌وه‌مان له‌یاد نه‌چێ له‌کاتێکدا که‌دنیای مه‌سیحیه‌تی ئێستا هێشتا زۆر له‌دواوه بوو عه‌ره‌به‌کان له‌ئیسـپانیا سه‌رقاڵی زانیاری وه‌کـو جوگرافیـا، ئه‌ستێره‌ناسـیی، بیرکـاری وزانسـتی پزیشـکی بـوون. ئه‌مانـه هـه‌مووی ڕاسـتن بـه‌ڵام بـه‌م شـێوه به‌ڵگـه هێنانه‌وانـه کێشـه‌ی ئێمه چاره‌سه‌رناکرێت. چونکه ئه‌گه‌ر مـرۆڤ بیـه‌وێت به‌م شێوه‌یه بچێته پێشه‌وه ده‌توانێت بڵێت (ڤینچی) کـه گوندیکـه له‌ناوچـه‌ی (توسـکانا)له‌ولایه‌نـه‌وه لـه‌نیویورك له‌پێشـتره چونکـه ئه‌وکاتـه‌ی لیونـاردۆ داڤینچی لـه‌و گونـده لـه‌دایك بـوو، لـه‌و شـوێنه‌دا کـه ئێسـتا بـه‌نیورك نـاو ده‌بـرێ، چـوار سـوورپێسـت نیشته‌جێ بوون وده‌بوو(١٥٠)ساڵی تر چاوه‌ڕێ بکـه‌ن تاکه‌شـتی هۆڵه‌ندییـه‌کان لـه‌وێ له‌نگه‌ربـه‌اوێ و ئـه‌م نیمچه دورگه‌یـه‌یان به‌شه‌ست گوڵدن لێ بکـرێ. ئـه‌م جـۆره به‌لگـه هێنانه‌وه‌یـه ڕاسـت نی‌یـه و مـن بـه‌بێ ئه‌وه‌ی که مه‌به‌ستم سـوکایه‌تی کـردن بـێ به‌که‌سـێك ده‌بێ بڵێم که‌مه‌ڵبه‌ندی گۆڕانکارییـه‌کانی دنیـا ئـه‌مڕۆ له‌نیویورکه نه‌ك له(ڤینچی). هه‌موو شـتێك به‌ره‌به‌ره ده‌گۆڕێ. به‌یادهێنانه‌وه‌ی ئه‌وه‌ی که له‌کاتێکدا ئێمـه هێرشمـان ده‌کـرده سـه‌ر(گتوکانمـان)، عه‌ره‌بـه‌کانی ئیسـپانیا له‌گـه‌ڵ مه‌سـیحی وجوله‌کـه‌کاندا به‌میهره‌بانییـه‌وه ره‌فتاریـان ده‌کـرد چ سـوودێکی هه‌یه؟ یـان ئـه‌وه‌ی که بڵێین ره‌فتاری سه‌لاحه‌دین لـه‌دوای گرتنـه‌وه‌ی ئورشـه‌لیم له‌گـه‌ڵ مه‌سیحیه‌کاندا به‌بـه‌راورد له‌گـه‌ڵ ره‌فتـاری مه‌سـیحیه‌کان له‌گه‌ڵ(سارازانه‌کان)دا له‌کاتی داگیرکردنی ئۆرشـه‌لیم دا زۆر نه‌رمتربووه؟ هه‌موو ئه‌مانه ڕاستن به‌ڵام ئه‌مڕۆ له‌دنیای عه‌ره‌بدا چه‌ند رژێمێك هـه‌ن که‌لـه به‌رامبـه‌ر مه‌سیحیه‌کاندا نه‌رم و نیانی نیشـان نـاده‌ن. ئوسـامه بن لادنیش له نیویـورك ره‌فتارێکی نـا مهیره‌بانانـه‌ی نواند. له‌لایـه‌کی تـره‌وه ئه‌گـه‌ر چـی فه‌ره‌نسـاییه‌کان له‌شه‌وی (بارتو لوموسیی) دا قـه‌تڵ وعامێکیـان کـرد بـه‌ڵام ئه‌مـه نابێته به‌لگه‌ی ئه‌وه‌ی کـه ئـه‌مڕۆ بـه به‌ربه‌رناویان به‌رین.

ئێمـه نامانـه‌وێ باسـی مێژووبکـه‌ین چونکـه مێـژوو شمشـێرێکی دووده‌مـه. تورکـه‌کان بـه‌نێزه دوژمنـه‌کانیان به‌کێش ده‌کـرد(ئه‌مـه‌ش کـارێکی زۆر دزێـوه) بـه‌ڵام بیزانسـیه‌کانی ئه‌رسـه‌دوکیش چـاوی خزم‌وکه‌س‌و کاره ترسناکه‌کانی خۆیـان ده‌رده‌هێنـا. کاسۆلیکه‌کان(جودانوبرونو) یان لـه‌ئاگردا سـووتان. دزه‌کـانی ده‌ریـا(سـارازانی) قوربـانی خۆیانیـان ده‌کوڵاند، له‌کاتێکدا کورزاره‌کان که‌مۆڵه‌ت نامه‌ی تاج وتـه‌ختی بـه‌ریتانیایان به‌ده‌سـته‌وه بـوو لـه‌کاریبی کۆڵۆنیالـه‌کانی ئیسـپانیایان ده‌سـووتان. ئه‌گـه‌ر سه‌رۆکی عێراق‌و بـن لادن دوژمنـانی سه‌رسـه‌ختی خۆرئاوان، ئێمه‌ش لێره(خۆرئاوا) له‌گه‌ڵ که‌سـانێك دا سه‌رۆکارمان هه‌بووه که‌ناویان هیتله‌روستالین بـووه. (ستالین ئـه‌وه‌نده دڕنده‌بـوو که‌ئێسـتاش هـه‌روه‌کو خۆرهه‌ڵاتییـه‌ك بـاس ده‌کـرێ هـه‌تا ئه‌گـه‌ر زانکۆشـی ته‌واوکردبێ‌و کتێبـه‌کانی مارکسیشـی خوێندبێتـه‌وه) نه‌خێر، نابێ پارۆمه‌تر بۆ مێژوو به‌گشتی متمانه‌ی پێ بکرێ وپشتی پێ ببه‌سترێ، بـه‌ڵکو هـه‌ر پارۆمـه‌ترێك پـه‌یوه‌ندی بـه‌ماوه‌ی خۆیـه‌وه هه‌یـه. ئـه‌مڕۆ لـه فه‌رهـه‌نگی خۆرئـاوا یـه‌کێك لـه‌و لایه‌نانـه‌ی شـایانی

رێزن(ئازادی وفره مینبه‌ری،ئه‌مانه ئه‌و به‌هایانه‌ن که‌چاوپۆشییان لێناکرێ) ئه‌وه‌یه که ماوه‌یه‌کی زۆره مرۆڤ له‌وه تێگه‌یشتووه‌که که‌سێك ده‌توانێت به‌پارۆمه‌تری جیاوازو ره‌نگه دژبه‌یه‌کیش له‌مه‌سه‌له جیاوازه‌کان بکۆڵیته‌وه. بۆ نموونه ئێمه زیاد کردنی مام ناوه‌ندی ته‌مه‌ن به‌باش وکاول کردنی ژینگه به‌خراپ ده‌زانین. به‌ڵام ئه‌وه‌ش به‌جایز ده‌زانین که لیکۆڵینه‌وه ده‌رباره‌ی زیادکردنی مام ناوه‌ندی ته‌مه‌ن به‌تاقیگه گه‌وره‌کان سیستمی دابینکردنی وزه‌و به‌یوه‌ندی ودابین کردنی پێداویستیه‌کانی پێویسته که ئه‌مه‌ش بۆ خۆی زیان به‌ژینگه ده‌گه‌یه‌نێ. فه‌رهه‌نگی خۆرئاوا توانایه‌کی وای به‌ده‌ست هێناوه که به‌ئازایه‌تیه‌وه هه‌ل ومه‌رجه ناکۆکه‌کانی خۆی بخاته به‌رچاو. ره‌نگه ئه‌م کێشانه چاره‌سه‌رنه‌کرێن به‌ڵام مرۆڤ ده‌زانێت که‌ه‌ن و ده‌رباره‌شیان قسه‌ده‌کرێ. له‌کۆتایی دا هه‌موو گفتوگۆکان ده‌گوڕێ به‌قبوڵ کردنی یاردی سیستمی جیهانیی به‌و شێوه‌یه‌ی که: ده‌توانرێ چه‌ند له‌لایه‌نه باشه‌کانی ژه‌وتی به‌جیهانی بوون له‌پێناوی جڵه‌وگیریی له مه‌ترسی وبێ عه‌داله‌تیه‌کانی لایه‌نه دواکه‌وتووه‌کانی به‌کار بهێنرێ؟ چۆن ده‌توانرێ به‌بێ قبوڵ کردنی سیاسه‌تێکی جیهان گیری ئابووری ژاده‌ی ته‌مه‌نی ملیونه‌ها ئه‌فریقایی که‌به ئایدز ده‌مرن و(له‌مان کاتدا راده‌ی ته‌مه‌نی خۆشمان) زیادبکه‌ین؟ سیاسه‌تی جیهان گیر ڕێ ده‌دات توشبووانی ئایدز له‌برسا بمرن وئێمه‌ش خواردەمه‌نی ئالووده بخۆین. ڕاسته ئه‌م جۆره ره‌خنه‌گرتنه له‌و پارۆمه‌تره‌ی که خۆرئاوا به‌کاری هێناوه‌و ره‌واجی پێ ده‌دات.ئه‌وه‌مان تێ ده‌گه‌یه‌نێ که کێشه‌ی پارۆمه‌تر کێشه‌یه‌کی حه‌ساسه. ئایا شاردنه‌وه‌ی رازی حسابه بانکیه‌کان کارێکی ڕاست وشارستانیانه‌یه؟ ئه‌گه‌ر ئه‌م شاردنه‌وه‌یه ڕێگه‌به تیرۆریسته‌کان بدات که‌پاره‌کانیان له‌شاری له‌نده‌ن به‌بانك بسپێرن چی ده‌بێ؟ ئایا له‌م حاڵه‌ته‌دا داکۆکی له‌م مافه‌که‌سی‌یه‌مه‌سه‌له‌یه‌کی ئیجابی‌یه یان ده‌بێ به‌چاوی گومانه‌وه لێی بڕوانرێ؟ ئێمه به‌رده‌وام پارۆمه‌تره‌کانی خۆمان ده‌خه‌ینه به‌ر گفتوگۆوه. دنیای خۆرئاوا هێنده به‌فراوانی ئه‌م کاره ئه‌نجام ده‌دات که‌هه‌ر هاوولاتیه‌ك بتوانێ بۆ نموونه‌پارۆمه‌تری گه‌شه‌کردنی ته‌کنیکی به‌ئیجابی نه‌زانێ و بۆنموونه ببێته بوزایی یان له‌ناوکۆمه‌ڵێکدا بژی که هه‌تا بۆ تایه‌ی گالیسکه‌ش لاستیك به‌کارناهێنن. قوتابخانه‌کان ده‌بێ باس وراڤه وشیکردنه‌وه له‌سه‌ر ئه‌و پارۆمه‌ترانه‌ی ئیدیعاکانی ئێمه‌ی‌له‌سه‌ربه‌نده فێری خوێندکاره‌کان بکه‌ن. ئه‌و کێشه‌یه‌ی که‌فه‌رهه‌نگ ناسان نه‌یانتوانیووه چاره‌سه‌ری‌بکه‌ن ئه‌وه‌یه: له‌کاتێکدا که‌سێك له‌فه‌رهه‌نگێکه‌وه که‌ئێمه فێربووین، ڕێز له‌پرانسیپه‌کانی بگرین، دێته لامان وله‌گه‌ڵماندا ده‌ژی، ده‌بێ چی‌بکه‌ین؟ له‌راستی‌دا زۆری کاردانه‌وه‌ی نه‌ژاد په‌رستانه له‌به‌رئه‌وه‌نی‌یه که‌بۆ نموونه بۆچی له(مالی)که‌سانێك هه‌ن که‌باوه‌ریان به(روحیانه‌ت) هه‌یه‌له‌شێوه‌ی خواردا، به‌ڵکو له‌به‌رئه‌وه‌یه که‌بۆچی کۆچ ده‌که‌ن بۆ ولاتی ئێمه. ئه‌گه‌ر ئه‌وانه ڕێگربن له‌ڕێی ئه‌وه دا که‌خوێن بکرێته منااڵ نه‌خۆشه‌کانیانه‌وه(ئه‌وکاره‌ی که‌هه‌ندێ گروپی خۆرئاوایش ده‌یکه‌ن) یان ئه‌گه‌ر دوامرۆڤی مرۆڤخۆری گینیای نوێ(ئه‌گه‌ر هێشتا شتی وامابێ) بیه‌وێ بێته ولاتەکه‌مان ولێره بمێنێته‌وه‌و به‌لای که‌مه‌وه له‌رۆژانی یه‌ك شه‌مه‌دا منااڵێك بکات به‌که‌باب چی ده‌بێت؟

سه‌باره‌ت به‌مرۆڤی مرۆڤ خۆر هه‌موومان رامان وایه که‌ده‌بێ به‌ندبکرێ. به‌ڵام من ناتوانم له‌وه تێبگه‌م که‌بۆچی له‌سه‌ر له‌چك کردنی کچان، له‌کاتێکدا که خۆیان حه‌زیان له‌وکاره‌یه، تراژیدیایه‌ك دروست ده‌که‌ین ئێمه چه‌ند یاسایه‌کمان هه‌یه که‌بۆ هه‌موان یه‌کسانن وبۆ دیاری کردنی ناسنامه‌ی هاوولاتیان چه‌ند بڕیارێکیان ده‌ست نیشان کردووه. من پێم وایه نابێ ئه‌م یاسایانه نادیده بگیرێن.

لەکاتێکدا من دەچمە مزگەوتێك پێڵاوەکانم دادەکەنم چونکە رێز لە پرانسیپ و نەریتەکانی وڵاتی خانە خۆئ دەگرم. ئەو ژنە موسوڵمانانەی کە شێوەی جل لەبەرکردنی خۆیان دەپارێن بەڵام دەچنە قوتابخانەکانی ئێمە دەتوانن لەو مافانە ئاگادارنین کەهەیانەو لێ ئاگادارنین. راست وەکو زۆر لەو خۆرئاواییانەی کەبەرۆیشتن بۆ قوتابخانەکانی قورئان بریاریان داوە مسوڵمان بن.

چەندین ساڵە کە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەناوی رێکخراوی میتا فەرهەنگی دامەزراوە کە بەشوێن داهێنانی ئەڵتەرناتیڤیکدا دەگەڕێ بۆ فەرهەنگ ناسی. ئەم ریکخراوە چەند توێژەرەوەیەکی ئەفەریقاییان هەیە کە هەرگیزلە خۆرئاوا نەبوون بەڵام حەزدەکەن وەسفی ناوچەیەکی فەرەنسایان کۆمەڵی پۆلۆنیا بکەین.

وا وێنای بکەین توێژەرانی مسوڵمانانی ئسوڵی داوای ئەوە بکەن سەبارەت بەئسوڵیەتی مەسیحیی لێکوڵینەوە بکەن. لەو حاڵەتەدا ئەوە کاسۆلیکەکان نین کە سەرنجیان لێ دەدرێ، بەڵکو سەرنجی ئەو مسوڵمانانە بەلای ئەو پرۆتستانە ئەفەریقاییانەدا رادەکێشرێ کەلە پاپا دەمارگیرترن ودەیانەوێ لە کتێبی دەرسەکانیان دا هەرئاماژەیەك بۆ داروین لابرێ. بەم پێیە من لەو باوەڕەدام کە خوێندنەوەی فەرهەنگ ناسانەی ئسوڵیەتی کەسانی دی ئەو توانەیەمان دەداتێ کەباشتر ئسوڵیەتی خۆمان بناسین. ئەو توێژەرە مسوڵمانانە رەنگە لەجەنگە پیرۆزەکانی ئێمەیان بکۆڵیایەتەوە. (من دەمتوانی لەم بارەیەوە پێشنیازی کۆمەڵی نووسینی سەربخراکێشیان بۆ بکەم)رەنگە لەم رێگایەوە سەرنجی ئەندیشەی جیهادی خۆیان بدایە. لەڕاستیدا ئێمەی خۆرئاواییش لەکاتێکدا دەربارەی سنووورەکانی فیکرمان بیرمانکردەوە توانیمان لەوەسفی فیکری ئەوان دا سەرکەوتووبین.

یەکێك لەبەهاکانی خۆرئاوا، ئەو بەهایانەی کەلە خۆرئاوا زۆر لە بارەیانەوەقسەدەکرێ، قبوڵکردنی جیاوازییەکانە. مرۆڤ بۆ فێربوونی قبوڵ کردنی جیاوازیەکان دەبێ چیبکات؟ ئەکادیمیای فەرهەنگ لە ئینتەرنێت دا لاپەڕەیەکی کردۆتەوە کەتیایدا دەربارەی بابەتی جۆراو جۆر زانیاری دەدرێ (رەنگی پێست،مەزهەب، دابونەریت.. هتد)ئەم زانیاریانە بۆ پسپۆڕانی پەروەردە وفێرکردنی ئەو وڵاتانە لەبەرچاوگیراوە کەدەیانەوێ خوێندکارانیان فێربکەن کە چۆن دەتوانن کەسانێك قبوڵ بکەن کە بەشێوەیەکی ترن. لەسەرەتادا بریاردرا کە درۆ لەگەڵ منالاّن نەکرێ. بۆ نموونە ئەوەی هەموو مرۆڤەکان لەیەك دەچن. منالاّن باش تێ دەگەن کەدراوسێکەیان یان هاوپۆلەکەیان وەکو ئەوان نییەو پێست وچاوی شێوەبادامی، قژی پرتریان ساف تریان هەیە، یان شتی سەیر دەخۆنو لەمەراسیمی مەزهەبیئەوان دابەشداری ناکەن. ئەوەبەس نییە کە بەمنالاّن بڵێیین هەموو کەسێك خوا دروستی کردووە. چونکە ئاژەڵەکانیش خودا دروستی کردوون. بەڵام منالاّکان هەرگیز لەپۆلەکەیان دا بزنێکیان نەدیووە کەویستبێتی خوێندن ونووسینیان فێربکات. لەبەرئەوە مرۆڤ دەبێ منالاّن وافێربکات کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری دا جیاوازی زۆریان هەیە. دەبێ ئەوە روون بکاتەوە کەئەو جیاوازیانە چین وئەوەش روون بکاتەوە کە ئەو جیاوازیانە بۆ خۆیان دەتوانن ببنە سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندترکردنی ژیان. مامۆستایەکی ئیتالیایی لە قوتابخانەیەك دا لەئیتالیا دەبێ یارمەتی قوتابیەکانی بدات بۆ ئەوەی فێربن کە منالاّنی تر چۆن خوایەکی تر دەپەرستن وچۆن مۆسیقایەکی تر لێ دەدەن کەلەگەڵ (راك ئەندرول) دا جیاوازە. لە هەنگاوی دوای ئەوەدا مامۆستا دەبێ ئەوەنیشان بدات کە مۆسیقای ئەوان لەگەڵ مۆسیقاکانی ئێمەدا(ئیتالیا) چ خاڵێکی هاوبەشیان لەنێوان دایەو ئەوەش کە مەزهەبی

ئەوانیش رێنمایی کۆمەڵێ کاری چاکە دەکات. ناڕەزایی ئیحتیمالی: ئێمە لە فلورەنسا ئەم کارە دەکەین. بەڵام ئایا ئەوانیش لەکابول کارێکی لەو جۆرە دەکەن؟ بەڵام ئەم ناڕەزاییە زۆر لەبەهاکانی مەدەنیەتی خۆرئاواوە دوورە. ئێمە کۆمەڵگاکەمان بە کۆمەڵگایەکی فرەمینبەر دەزانین، چونکە ریگا دەدەین کەلای ئێمە مزگەوتیش دروست بکرێ. ئەگەر ئەم کارە نەکەین ئێمەش دەبین بەتالیبان، ئێمە ئومێدمان هەیە لەبەرئەوەی ئێمە رێگەمان بەدروستکردنی مزگەوت داوە رۆژێک ئەوانیش رێگەبەدروستکردنی کڵێسابدەن. یان ئەوەی کە بەلای کەمەوە پەیکەری بوزا بۆمباران نەکەن. لەم رۆژانەدا شتی زۆر سەیروسەمەرە سەرهەڵدەدەن ودەردەکەون.وادیارە داکۆکی کردن لەبەهاکانی خۆرئاوا بووە بەهەقی راستڕەوەکان، لەکاتێکدا کەچەپڕەوەکان ئاسایی خۆیان بەلایەنگری ئیسلام نیشان دەدەن.

بەرگریی لەبەها زانستیەکانو پێشکەوتنەتەکنیکیەکان و فەرهەنگی مۆدێرنی خۆرئاوا لە بنچینەدا سیفەتی هێزە عەلمانی وپێشرەوەکان بووە. هەموو رژێمە کۆمۆنیستیەکانیش خۆیان بەلایەنگرو پەیرەوی ئایدیولۆجیایەک دەزانی کەلایەنگری پێشکەوتنەتەکنیکیو زانستیەکانە. مانیفێستی کۆمۆنیست کەلە ساڵی(١٨٤٨)دا نووسراوە بەستایشی بێلایەنانەی پێشکەوتنە مۆدێرنەکان دەست پێ دەکات. مارکس بۆ نموونە نااڵێت مرۆڤ دەبێ سەرلەنوێ ئامێر دروست بکاتەوە یان بەشێوەی بەرهەم هێنانی ئاسیایی دا تێپەڕببێت بەڵکو دەڵێت پرۆلیتاریا دەبێت چەند بەهاو دەسکەوتێکی دیاریکراو لەبورجوازی وەربگرێ. خاڵی بەرامبەری بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرە بریتەیە لە بیرکردنەوەیەکی کۆنەپەرستانە(بەمەعنای دەقیقی وشەکە) کەبەلای کەمەوە بەرەتکردنەوەی شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێ کردووە ودەڵێ مرۆڤ دەبێ لەبەرامبەر ئایدیۆلۆجیای پێشکەوتووەدا بوەستێ وداوای گەرانەوە بۆ بەها کۆنەکان بکات. جدی ترین بیریارە تەقلیدییەکان کەهەمیشە (لەپاڵ پرانسیپە مەزهەبیەکانی مەسیحیەت و بیروباوەڕی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و رینماییەکانی بوزا)دا وەکو سەرچاوەیەکی هێشتاتازەی مەعنەویەت رووبان لەئیسلام کردووە. ئەوانەن کە هەمیشە ئەوەیان بەبیرهێناوینەتەوە ئێمە کەبەئایدیۆلۆجیای پێشکەوتوو مەسخ بووین، لەوانی دی باڵاتر نین ودەبێ ڕاستی پەیدا بکەین حاڵی حازر بەپێی ئەم بنەمایە درزێکی گەورەلەکاتی سەرهەڵداندایە. ڕەنگە ئەمەش نیشانەیەکی ئەو راستیە بێت لەسەردەمی ڕەتکردنەوەی بەهاکاندا (بەدڵنیاییەوە ئێمە لەسەردەمێکی وادا دەژین) هیچ کەسێ نازانێ لەکام لادا وەستاوە. راستە لەسەردەمێکی وادایە کەمرۆڤ بەهەمان شێوە کەلەدژی خورافاتەکانی ئەوانی دی راست دەبێتەوە دەبێ روبەرووی خورافاتەکانی خۆشی بێتەوە، ئەوەش بەچەکی ڕەخنەوشیکردنەوەو توێژینەوە. ئومێدەوارم کەئەم بابەتانە تەنها لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکاندا ئاماژەیان بۆ نەکرێ بەڵکو لە قوتابخانەکانیشدا بخرێنە بەرباس ولێکۆڵینەوەوە.

سەرچاوە:
حیات نو اردی بهشت ۱۳۸۰/۸/۳
سەرنج: ئاماژەکەم بەدەستکارییەوە وەرگێڕاوە.

زمان و هزر

نووسینی: (ئاسۆ وەهاب)/ کەلار

رۆچونێك بە نێو بابەتەکەدا

وشەکانی زمان وەکو ئەو پارچە پارەیە وایە، کە ئالۆگۆڕی پێدەکەین و پێی پێداویستییەی هزری و رۆحی و ئاکارییەکان دەکڕین.

مرۆڤیش گیاندارێکی زمانییە، دەبینێ... دەبیستێ... بیردەکاتە بە زمان، هەربۆیە "زمان مەزنترین دەزگایە لە هەر میللەتێکدا، لەبەر ئەوەی ئامرازی بیرکردنەوەیەتی"[1]، بەم پێیەش دەپرسین، ئایا دەتوانین رۆژێك و لە هەموو بابەتەکاندا بگەینە زمانێك، کە هەموو هزرە هونەری و زانستی و فەلسەفییەکانمان، بەگشت وردی و ئاستانییەك بگوازێتەوە؟!

زمانیش لە پاڵ بایۆلۆژیای بونمان، ژینگەی کۆمەڵایەتیمان رۆڵی تیادەبینێ، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: زمان بەندە بە کۆمەڵەوە، کە بەبێ ئەو (زمان) کردەی هەرەوەزی لە نێوان تاکەکانیدا نایەتە دی.

کۆمەڵیش بەپێی روانینەکانی (مارکس)، دەرئەنجامی توانای رێکخستنە، کە رێگا بەمرۆڤ دەدات هەرەوەزی لەگەڵ مرۆڤی دیدا بە ئەنجام بگەیەنێ لە کاردا، کە ئامانج لێی جەختکردنە لەسەر هۆکارەکانی بوونی، (کەزمان هۆپەکێتی)، مرۆڤیش تاوەکو ئێستا تاکە بونەوەری گۆی زەوییە کە لە "کردەی بەردەوامیدا" سیستەمێکی دەنگی. لە رێگای چەند کردەیەکی فیزیکییەوە بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێنێ، کە ئامانج لێی گەیاندنی هزرە. گەیاندنی هزریش بەندە بەو گەشە بایۆلۆژییەوە کە بەسەر ئەندامەکانی لەشی مرۆڤدا هاتووە وەك گەورەیی مێشکی و رێکی باڵای کە دەستی لەزەوی بڕیوە... تەریبی و رێکی چاوی... کە رۆڵیان لە فراوان کردنی ئاستۆی بیرکردنەوەی مرۆڤدا بووە.

ئێمەش بە وشە هزردەگەین، هەربۆیە ناتوانین گوتەکەی (واتسون)، لە بارەی ئەوەی، کە مرۆڤ لە خەوندا، دەتوانێت بیری سەرەتایی و سادە بەبێ وشە دروست بکات بەراست بزانین، چونکە لە خەوندا، سادەیی یان فاکتەرەکانی بەناو یەکدا چووبێت، ئەوا پێویستییەکی زۆری بە وشە هەیە، هەرچەندە ئەو وشانەش نادەربڕاون.

(شکسپیر)یش لە زاری گریگورییەوە لە رۆمیۆجۆلێت دا بە سادەیی نەیگوتووە "ئەو مانایە دەبەم، کەهەستی پێ دەکەم"[2]. چونکە پەی بە پەیوەندی نێوان ئەندامە بایۆلۆژییەکانی هەستکردن و هزری دەربڕینی مانای وشەکانی بردووە، کە دواتر تاك لە دووکردەی میکانیکیدا گوزارشتی لێدەکات، یان ئەوەیە لە تێگەیشتنی نێوان دووان (دیالۆگ)دا

دەردەکەوێت، یان لە پرۆسەیەکی تاکی، ناوەکی (مۆنۆلوگ)دا دەردەکەوێت، بەم پێیە، بەبێ ئەو سیستەمەی، کە کردەیی هەرەوەزی دێنێتە ئاراوە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا (ماهیەتی هزریان دەردەخات)، کە زمانە، لە یەککەیشتن نایەتە ئاراوە. بەمەش بەندێتی ئەو سیستەمەمان بە کۆمەڵەوە بۆ دەردەکەوێت.

بەو مەبەستەش (د.نوری جەعفەر) دەڵێ: "منداڵ شتە ماتریالییەکانی دەوروبەری دەبینێ و دەنگیان دەبیستێ و دەست نیشانیان دەکات، لە کاتێکدا، کە لە لایەن گەورەکانەوە گوێبیستی ناویان دەبێ"[3]، بەمەش دەنگی وشەکان پەیوەست دەبن بە هزری کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە، "(زمانیش) بەرهەمی بوونی کۆمەڵایەتی هاوبەشە"[4].

بە پێی ئەوانەی سەرەوەش، ئێمە لەبەردەم چواریەکە داین، کە پەیوەندیەکی هاوجوتیان هەیە لەگەڵ یەکدا، کە ئەویش ئەمانەن:



بە باشیشی دەزانم، کە دوای ئەوەی ئەو پەیوەندیانەمان لە هێڵکارێکەدا خستەروو، چەند نموونەیەک لە بیری کۆمەڵایەتی چەند کۆمەڵێکی مرۆیی باس بکەین، کە لە زمانی هەریەک لەو کۆمەڵانەوە بۆمان روون دەبێتەوە... بۆنموونە (شتراوس) لە (هزری کێوی)دا لە زاری ئەنسرۆپۆلۆژییەکەوە، کە لەگەڵ گروپێکی زانستیدا و لە ساڵی (١٩٢١)دا چۆتە دوورگەکانی (مرکیز) بۆمان ئەگێڕێتەوەو دەڵێت: هاوڕێکانم لە دوورگەی (مرکیز) لە بیرمن، بە پێکەنینەوە دەیانڕوانیە بایەخدانی زانستی رەگشناسی لەبەر ئەوەی ئەو رووەگانە ناویان نەبوو لای ئەوان.

(هاندی)یش جەختی لەسەر ئەو کردەوە، کە کۆمەڵە شتێك، لە ئاژەڵ و رووەگ و بێگیاندا ناویان نییە، لە کۆمەڵە دوورگەی (هاوای)، تا ئەوکاتەی بەکار دەهێنرێت"[6]، لەبەر ئەوەی پیادەکردنی پەیوەندی، بەشتە هەست پێکراوەکان، لەلای قسەکەری سەرەتایی پاڵی پێوەدەنێ، بۆ دۆزینەوەی ناسنامەیەك بۆی، واتە دۆزینەوەی ناوێك بۆی، کە ئەمەش هەستکردنە بە پێشکەوتن و بەرزیی توانای زانینی مرۆ بە واقع و ژینگەی ژیانی ئەوانەوە. بۆ نموونە " (کۆمەڵی پیغمە pygamees) لە فیلیپین دەتوانن کۆمەڵێکی زۆرلە رووەك و باڵندەو دابونەریتی هەر کۆمەڵەیەکیان دیاری بکەن، ئەم دەست نیشانکردنەش بەزانینی گشت پۆلێك و ناسنامەیان، ئەمەش بەزمان درکی پێدەکەین، کە وەسفیان دەکات بۆ نموونە، ئەوان لە توانایاندا هەیە (١٥) جۆر شەمشەمەکوێرەو نەرێتیان و (٢٠) جۆرە مێرووله دەست نیشان بکەن.

هندییە سوورەکانیش (هوبی) توانایان هەیە (٣٥٠) جۆر رووەك دەست نیشان بکەن، هەروەها (النامۆهۆ) زیاتر لە (٥٠٠) رووەك، لە کاتێکدا فەرهەنگی زمانی (السۆبافۆن) زیاتر لە هەزار زاراوەی رووەکی لەخۆ گرتووە"[7]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە زمان بە هەستکردن بە کەرەستە زمانییەکانی سروشت و بەریەککەوتنی لەگەڵ مرۆڤدا دەست پێدەکات، بە شێوەیەك کە ناسنامەی زمانی بۆ هەر کەرەستەیەك هەڵدەبژێرێ و درك و مامەڵەشی لەگەڵدا دەکات، جا ــ ئاژەڵ بێ یان رووەك، یان بێگیان ــ لە کاتێکدا دووره لەو شتانەی کە پیان ئاشنا نییە و لە رووی هزرەوە مامەڵەی لەگەڵدا ناکات ــ بە مانا زمانییەکەی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە "ئاوەزی هەستی دەگۆڕدرێ بۆ ئاوەزی کۆمەڵایەتی و ئاوەزی کۆمەڵایەتیش لەلای

مرۆڤـه سـه‌ره‌تاییه‌كان سیسـته‌مێكی ته‌وتـه‌می هـه‌ڵگرتووه، بۆنموونـه (الیتـۆی) كۆمـه‌ڵێك ناو بـه‌بێ دسپلین به‌كار ده‌هێنـن و گشت كه‌سێكیش كۆمـه‌ڵێ ناوی هه‌یـه، مردنـی ئـه‌و كه‌سـه‌ش، ده‌بێتـه هـۆی قه‌ده‌غه‌كردنی به‌كارهێنانی ئه‌و ناوانه بۆ كه‌سی‌تر"[8]، ئه‌مـه‌ش ئـه‌وه ده‌گه‌یه‌نێ، كـه هـێزێكی بـه‌رده‌وامی زمانیان هه‌یه، ئه‌مه جگـه لـه هـێزی تـه‌ولیدی زمـانی سـیحری پـێرۆزی تایبـه‌تی (الیتـۆی) خۆیـان. لێره‌شه‌وه، ده‌گه‌ین بـه‌وه‌ی كـه ئیستیدلالی ئـاوه‌زی له‌لای هه‌موو مرۆڤایه‌تی، كه به قسه دیالۆگ ده‌كه‌ن، یه‌كێكه، بـه‌ڵام له‌هـه‌ر میلله‌تـه‌و ئاستێكی دیالۆگ و ره‌فتاری هێمای گوزارشتكه‌ری تایبـه‌تی هه‌یه، كـه به‌رهـه‌می پـه‌یوه‌ندی نێـوان ده‌نـگ و مانایـه، لـه چوارچێـوه‌ی زمـاندا، ئـه‌م ئاسـته‌ش بـه‌نده بـه كه‌شـوهه‌وای سۆسـیۆلۆژی و سـایكۆلۆژییه‌وه بـه واتایـه‌كی‌تر بـه ئه‌پستمۆلۆژیای داربـڕاو، كـه له‌گـه‌ڵ یه‌كه‌یـه‌كی تـردا كۆده‌بێتـه‌وه بـۆ ئـه‌وه‌ی قسـه‌كردن پێكبـهێنن، ئـه‌و قسـه‌كردنه‌ی، كـه ده‌بێتـه مایـه‌ی پێكهێنانی نووسین و ئه‌میش (واته نووسـین) ده‌بێتـه مایه‌ی پێكهێنانی هزری مێژووی میلله‌تان.

ده‌رباره‌ی زمان

مرۆڤ له دێره‌وه به شێوه‌ی كۆمه‌ڵایـه‌تی ده‌ژێت، یه‌كێكیش له گرنگترین ئاره‌زوه‌كانی مرۆڤ لـه ژیانی كۆمه‌ڵایـه‌تیدا به‌رقـه‌ڕاركردنی پـه‌یوه‌ندییـه به‌هـه‌موو جـۆرێ و دۆزینـه‌وه‌ی تریـنگـه‌كانی تێگه‌یشـتن و تێگه‌یاندن. مرۆڤیش بۆ به‌رقه‌ڕاركردنی پـه‌یوه‌ندی لـه كۆمـه‌ڵدا، لـه كۆمـه‌ڵێ مه‌به‌سـت و ئـامراز كـه‌ڵك وه‌رده‌گـرێ، كـه لـه نێوانیـاندا زمـان گرنگـترین میتالیێتی.

له به‌رامبه‌ر ئه‌مه زمان یه‌ك "بونیادی (ستراكتوری) كۆمه‌ڵایه‌تی"[9]یه، به‌و مانایه‌ی كه تاكـه‌كانی كۆمـه‌ڵ، بـه مـه‌نزوری ئاگـاداری لـه مه‌به‌سـت و نیازه‌كـانی یه‌كتری و بۆ چه‌سپاندنی پـه‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ یه‌كدی‌دا، میتاڵه‌كانی ئه‌و ـ واته زمان ـ به‌كار دێنن.

"زمـانیش نـه‌ك ته‌نـها گرنگـترین ئامێره‌كـانی پـه‌یوه‌ندییـه، بـه‌ڵكوك پـه‌یگـه‌ی زۆربـه‌ی سـتراكتۆره كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی تریشه، به‌و به‌ڵگه‌یه‌ی كه سروشتی كۆمه‌ڵایـه‌تی زمـان بـه‌نده بـه گۆڕانـه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانه‌وه"[10]، به واتایـه‌كی‌تر، بـه‌و پێیـه‌ی كه (بونیاد) له هه‌موو كۆمـه‌ڵێكی مرۆیـی ئامـاده‌یی و ئـه‌رك و رۆڵـی هه‌یـه‌و لـه هـه‌موو شـوێن و كـاتێكدا یه‌كسانه، بـه‌ڵام فۆرمـی ئـه‌و (بونیـاده) لـه هـه‌موو كۆمه‌ڵێك یه‌كسـان نییـه‌و شـێوه‌ی كارلێكردنیشـی لـه كۆمه‌ڵێكـه‌وه بـۆ كۆمـه‌ڵێكی تـر جیـاوازی هه‌یـه، بـه شـێوه‌یه، كـه زمـان ته‌نـها لـه نێـوان تاكـه‌كانی كۆمـه‌ڵێكی دیـاریكراودا ئـه‌ركی به‌رقـه‌رارکردنی پـه‌یوه‌ندی و له یه‌كتر گه‌یشتن ده‌گه‌یه‌نێ.

"هیچ چالاكییه‌كی مرۆیش نییه، كـه لـه ده‌ربڕینـی بیرو مه‌به‌ست، هه‌ست و نه‌ست، لـه پێشـكه‌وتن و گه‌شه‌كردنیدا، زمان به‌شداری تێدا نه‌كات"[11].

زمانیش سیسته‌مێكی هێماییه، ئیست كردنمان لێی به‌و سیفه‌ته‌یه كه ((زمان كۆمه‌ڵـه ده‌نگێكـه ڕێبـه‌دێی ئه‌پسـتمۆلۆژی هه‌یـه"[12]، هـه‌ر بۆیـه گوزارشـته ده‌نگییه‌كه وشه‌كان ده‌جوڵێنێ بۆ گه‌یاندنی هزرێ له كه‌شێكی سیو ـ سایكۆلۆژیدا.

"سیسـته‌می زمـانیش، تایبه‌تـه بـه مرۆڤـه‌وه‌و جیاوازیشی هه‌یه له نێوان خودی مرۆڤه‌كانیشداو هیچ شـوێنێكی دی وێنـه‌ی نییـه، بـۆ نموونـه، نزیكـترین گیانله‌بـه‌ر لـه مرۆڤـه‌وه، كـه گه‌شـه‌ی نێوانیـان بـه بیلونێك ساڵ مه‌زه‌نه ده‌كرێ (هه‌نگه)، كه سیسته‌می پـه‌یوه‌ندییه‌كه‌ی هاوبه‌شه له‌گه‌ڵ مرۆڤـدا به تایبـه‌تی (الاشارة المزاحة) واته، توانای قسـه‌كردن ده‌ربـاره‌ی شته‌كان، ئه‌گه‌ر لـه رووی شـوێن و كاتیشـه‌وه لێمـان دووبێت، كـه تیایـا هـه‌نگ جـۆره سـه‌مایه‌كی ئـاڵۆز به‌كاردێنێ بـۆ گوزارشـتكردن لـه ئاراسـته‌ومه‌وداو سـه‌رچاوه‌ی هـه‌نگوێن"[13]، سـه‌ره‌تایترین سـیفه‌تی زمانی مرۆڤیش، كه دووره له بونیـادی بایۆلۆژییـه‌وه (بـێ كۆتاییـه)، ئه‌مـه‌یش لـه سیسـته‌می ژمـاره

سروشـــتی‌یه‌کاندا ده‌رده‌کـــه‌وێت (١، ٢، ٣، ٤،... تاد)"[١٤]".

فـــێربوونی زمـــانیش هاوشـــێوه‌یه له‌گـــه‌ڵ نه‌شـونماکردنی ئیسـقان، بـه شـێوه‌یه‌کی گشـتی، چونکـــه حاڵه‌تێکـــه به‌ســـه‌رمنادا دێـــت نـــه‌ك پێهه‌ڵده‌ستێت. لێره‌شه‌وه پەیوه‌ندی نێـوان (زمـان و بوون)مان، هـه‌روه‌ك (هایدگـه‌ر) ده‌ڵـێ: "زمـان مـاڵی بوونـه"[١٥] بـۆ ده‌رده‌کـه‌وێت، چونکـه زمـان سـیمای میتـاڵێکی سـه‌ره‌کی‌یه بـۆ (بـون)مـان لـه جیـهان، هـه‌روه‌ك چـۆن "فۆرمـی سـه‌ره‌کی‌یه بـۆ بونیـادی جیهان"[١٦].

زمانه‌وانـه فۆرماليسته‌کانیش، لـه‌و بڕوایـه‌دان کـه "زمـان ئـامێرێکی لـه یه‌کگه‌یشـتنی تایبه‌تـه‌و سـه‌ربه‌خۆیه لـه رووی ئه‌رکـه‌وه، کـه بـاڵاتره لـه‌و ناواخنـه‌ی که‌زمان ده‌یگه‌یـه‌نێ، بـه‌و واتایـه‌یی، کـه ناواخن تواوه‌یه له هه‌ژموونی فۆرمدا، هه‌روه‌ها زمـان وه‌سیله‌یه‌کی بـاڵاتره لـه‌و نامه‌یـه‌ی کـه لـه خـۆی ده‌گرێت"[١٧] (ئیدوارد ساپیر)، (باوکی زانسـتی زمـانی بونیادگـه‌ری و جێگیرکـه‌ری ئه‌نسـرۆپۆلۆژیای ئه‌مریکی، ١٨٨٤ ـ ١٩٢٩)، زیادکردنه‌کانی له بـواری زمانه‌وانی‌دا، جه‌خت له سه‌ر شێوه‌ی فۆرمی نائاگـای زمان ده‌کات.

تیوره‌که‌شی بایه‌خ به لێکچوونی نموونه که‌لتوری و نموونه زمانییه‌کان ده‌دات، (سـاپیر) لـه‌و بڕوایه‌دایـه، که ئـه‌رکی یه‌کـه‌می زمـان گـه‌یاندنی یـان خولقـاندنی نموونه که‌لتورییه‌کانه، به‌و پێیه‌ی که‌زمان به‌ڵگه‌یه‌کی سـومبولییه بـۆ دیراسـه‌تکردنی کـه‌لتور، لـه ئاسـته کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کـــه‌ی و دیراســـه‌تکردنی نموونـــه هزرییه‌که‌یه له ئاسته تاکییه‌که‌ی"[١٨]، به‌و پێیـه‌ی کـه "هـــزر، زمـــانێکی ئه‌پســـتراکته لـــه پۆشـــاکه ده‌ره‌کی‌یه‌که‌ی"[١٩]، واته هزر زمانێکی کورتکراوه‌یه و ئه‌رکێکی رووت و خاڵی هه‌یه له ده‌نگدا، کـه ئه‌مـه‌ش پاشان به گریمانه‌ی ـ ساپیرووورف هاته ناسین.

لـه پـاڵ ئه‌مه‌شدا ساپیر، پێـی وابـوو کـه "گشـت زمانێك له ناخیدا، هونه‌رێکی گشتی یه له گوزارشت و هـه‌ڵگری کۆمـه‌ڵی فاکتـه‌ری ئسـتاتیکی و ده‌نگـی و هارمونی و سـومبولییه‌و هیـچ زمـانێکی تـر هاوبه‌شـی ناکات له‌و فاکته‌رانه‌دا"[٢٠].

(فردینـان دی سۆسـێر)یش، (١٨٥٧ ـ ١٩١٣، بـه بـاوکی راسـته‌قینه‌ی زانسـتی زمـانی سـتراکتورالیزم ده‌ناسرێت)، هه‌رچه‌نده له دوای مردنی وانـه‌کانی لـه لایه‌ن خوێندکاره‌کانییه‌و له (١٩١٦) بڵاوکراوه‌ته‌وه له کتێبێك دا به ناوی (علم اللغة العام)، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شـدا وشـه‌ی (سـتراکتوری) بـه‌کار نـه‌هێناوه، بـه‌ڵکو زیـاتر ناوی سیسته‌می بردووه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ده‌رکه‌وتنی (میتـودی سـتراکتورالیزم) ده‌گه‌ڕێتـه‌وه بـۆ چالاکیـه زمانییه‌کانی ئه‌و.

سۆسێر پێی وابوو که "زمـان، نه‌سـقێکی ئۆرگـانی ڕێکخراوه له هێماکان، به‌و پێیه‌ی که (هێما) بریتییـه لـه یـه‌کێتی (وێنـه‌ی ده‌نگـی)، کـه (دالـه le signifiant)، و (وێناکردن ـ تصور) که (مدلوله ـ signifie)"[٢١].

کـه باسـیش لـه قوتابخانـه‌ی (براکـی، زمانـه‌وانی ده‌که‌ین، هه‌رگیز ناتوانین ناوی "ڕۆمان پاکۆپسـن" و تێزه‌کـانی له‌مـه‌ڕ زمـان فـه‌راموش بکـه‌ین، کـه کاریگه‌رییـه‌کی دیـاری هـه‌بوو به‌سـه‌ر زانایـانی ئـه‌و قوتابخانه‌یه‌وه، کـه (پاکۆپسـن) له‌گـه‌ڵ (ترپزکـۆی و کارجفسکی) له (١٩٢٦) دایانمـه‌زراند، تێگه‌یشـتنمان بۆ ستراکتوری هزری (پاکۆپسن)یش له وه‌ڵامدانه‌وه‌ی (پاکۆپسن)دا بۆ پرسیارێك، که ئاڕاسته‌ی کرابـوو بـۆ ده‌رده‌کـه‌وێت، کـه ده‌ڵێـت: "زمـان مه‌سـه‌له‌یه‌کی سـه‌نترالییه بـۆ کـۆی هه‌وڵـه‌کانی مرۆڤایـه‌تی، بـه‌و پێیه‌ی، که مادام زمان ئامرازی گوزارشت کردنه، ئه‌وا ڕۆچوون بۆ ناو مه‌سه‌له‌کان ئاساییه له کاری منـدا"[٢٢] لـه لای فۆکـۆش وه‌ك ئیشـاره‌تی پێده‌کـات" زمـان بریتییه له‌و نیشـانانه‌ی، کـه بـه نیشـانه‌کانی دیکـه‌ی سروشته‌وه ده‌چوێنرێن، به‌و پێیه‌ی که زمان به‌شێك بووه له سروشت، ئه‌وه به‌س بوو وشه‌یه‌کی دیاریکراو بدرکێنێ"[٢٣]، بۆ نموونه وشه‌ی (نه‌وره‌س) تا نه‌بینرێ

وێنەی درکێنراوەکەی نایەتە زەینمانەوە، بەمەش بۆچوونەکانی (فۆکۆ) لەمەڕ زمان لەگەڵ بۆچوونەکانی (هاندی) یەکدەگرنەوە. (بلومفیلد)یش لە کتێبە سەرەکییەکەیدا کە بەناوی (اللغة ـ ۱۹۹۳) نووسیویەتی، لە سەر رۆشنایی ئەزموونەکانی (پاڤلوڤ) تیورە رەوشتێکەی لەمەڕ زمان داڕشت، "بلوفید بە پشت بەستن بەهەردوو تای هاوکێشە رەوشتییەکەی (r ← R...S ← s)، کە پیتی (S) بە شێوە گەورەو بچوکەکەی (وروژێنەر ـ Stimulus) دەگەیەنێ و پیتی (R) بە شێوە گەورەو بچوکەکەی (کاردانەوە ـ Reachion) دەگەیەنێ"[۲۴]، بەمەش "پیتە گەورەکان لەو هاوکێشەیەدا چەند راستیەکی وروژاو ـ دەگەیەنن لە دەرەوەی زمان و پیتە بچوکەکانیش چەند راستیەکی زمانەوانی"[۲۵]، بۆ ئەمەش نموونەی (جاك و جێڵ) دێنیتەوە.

(لیڤی شتراوس)یش، کە لە ئەنسروپۆلۆژیاوە تێهەڵچووە بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەوە، لەو باوەڕەدایە کە "زمان یەکەم نموونەی تێکڕای نموونە کەلتوورییەکانی تێرە"[۲۶].

لەلای (چومسکی)یش زمان دەورێکی باڵا دەبینێ لە بونیادنانی عەقڵانییەت و شارستانیەت و نقار، چونکە زمان لای ئەو بریتییە لە "پەیوەندی نێوان دەنگ و مانا و دەستوری رێکخستنی وشەو رستەش تایبەتی خۆی هەیە، کە سیستەمێکە لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەوە هاتووتە بەرهەم"[۲۷]، لە نموونە سەمەرەکانیشی لەمەڕ ئەو. گوفتانەی: (بیرە سەوزە بێرەنگەکان بە تونـدی ئەنون)، هەروەها چومسکی پێی وایە کە "باشترین داڕشتنی رێزمانی، ئەوەیە کە لە دیراسەتکردندا سەربەخۆ بێ لە سیمانتیك دا"[۲۸].

لە دەروازەی هزردا

دولا کروا دەڵێت "هزر، زمان دروست دەکات، لەو کاتەی کە لە لایەکی تـرەوە زمـان هـزر دروسـت دەکات"[۲۹]. بەو پێیەی کە زمان ئەو ئامێرەیـە مـرۆڤ گوزارشت لە بیرەکانی خۆی پێ دەکات و لەو کاتـەی کە هـزری دەربـڕاو، لـە گۆڕانێکـی بەردەوامدایـە، لـە ئـەنجامی کارێکـە دەرەکییـەکان و پێشـکەوتنی، زانستی... تـەکنیکی... کۆمەڵایـەتی و نقـاری نـوێ، ئەو وا لە زمـان دەکـات، هاوتـەریب بـێ لەگـەڵ، ئـەو پەکانەی پێشکەوتن.

باسکردنیش لە بابەتێکی وا ـ هزر ـ پێویستیەکی زۆری هەیـە، بـە راڤـەکردنێکی سـەرەتایانەی ئەنۆتۆمیای چاوگەکەی، بەوەی، کە تەنی مرۆڤ، لـە حاڵەتی چـالاکی و بزواتنـی بەردەوامدایـە، لـە کاتـێ تێکگیرانی لەگـەڵ ژینگـەی سروشـتی و کۆمەڵایـەتی دەوروبەر لەکاتی بونی ئەو تەنە، لە بازنەی پرۆسەی ژیاندا ـ واتە، کاریگەری و کاریگـەربون بـە ژینگـە ـ ئەوە ئەو ئامێرەی کە لە رێگەیەوە ئـەم کاریگـەری و کاریگەربونـە دێنـە بەرهـەم (کۆئـەندامی دەمـارو ماسولکەکانە)، پێویستییەکەش زیاتر لـەوەوە دێت، کـە هـەر یـەك لـە "خـەیاڵکردن و بیرکردنـەوەو زمـان دەکەوێتە بەشی (سەنتەرە عەقڵییە باڵاکان ـ المراکز العقلیـة العلیـا)"[۳۰]، کـە لـە رووی تۆپۆگرافیـا و لـە پـەیژەی دروسـتبون و گەشـەکردندا، تـا رادەیـەك بەشـێکی تازەیـە، گەڕانـەوەش بـۆ سـەرچاوە زانستییەکان دەمانخاتە بەردەم بوپەرێکی زانستی، کە مێشکی مرۆڤ پێکهاتـەی دوو کۆمەڵـە سـەنتەرە، {یەك} (سەنتەرە عەقڵییە باڵاکان ـ المراکـز العقلیـة العلیـا)، {دوو} (سـەنتەرە عەقڵییـە خواروەوەکـان ـ المراکـز العقلیـة السـفلی)، کـە ئـەرکی دووەمیـان، کۆنترۆڵکردنی کردە ناوەکییەکانە، کە لە ژێـر توانـای مرۆڤـدا نـین، وەك کۆنـترۆڵی لێدانـی دڵ و کـارکردنی کۆئـەندامی هـەرس یـان میکـانیزمی نـاوەکی کۆنترۆڵکردنی هەستە سـەرەتاییەکان، یەکەمیشیان، کـە کۆنترۆڵکـەری ناوچـە زمـانی و هزرییەکانـە، رێکخسـتنی ئـەم دوو بەشـەش بـەو شـێوەیەیە، کـە بەشە تازە پێکهاتووەکە لە پەیژەی دروسـت بـوون و گەشـەکردندا دەکەوێتـە سـەروی بەشـە کۆنەکـە، کـە

ئەوە ناگەیەنێ، ئەرکەکانی ئەوی نەرێ کردووە، بەڵکو بە گوزارشتە فەلسەفییەکەی (هیگل) "چینە تازە کە بە شێوەی نەرێکردنێکی دیالێکتیکیانە نەرێی چینە کۆنەکان دەکات"[٣١]، هەرچەندە کارکردنی ئەو بەشە لەکاتی ئاڵۆزی باری بەشە تازەکەدا سەرەتاییە، ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن، کە گەشەکردنی سەرچاوەی بیرکردنەوە بە شێوەیەکی جیۆلۆجی بووە، بەوەی کە چینەکان لەسەر یەکتری دروست بوونە، بێ ئەوەی بەو پێیەی گوتەکەی (هیگل) چینە تازەکان ئەرکەکانی چینە کۆنەکان نەرێ بکەن.

سەنتەری زمانی هزریش، وەکو دووبەشی تازە، بە درێژایی بونیان پەیوەندییەکی هاوجوتیان لەگەڵ یەکدا هەیە. هەزری دەربڕاویش لە چوارچێوەی فۆرمێکدا ــ بەوەی کە مرۆڤ هەردەم بەدوای شرتێکی دەنگییدا دەگەڕێت، بۆ گوزارشتکردن لە بیرەکانی ــ بەگشتی دووچەمکی هەیە، {یەک} ئەپستراکت، لەو واتایەی، کە دابڕاوە لە کۆنتێکستە سۆسیۆ ـ سایکۆلۆژیەکەی گوتن، {دوو}، بەهاتنی ئەو فۆرمە دەربڕاوە، لە کۆنتێکستە سۆسیۆ ــ سایکۆلۆژیەکەی گوتن، کە خودی ئەمەش دەمانخاتەوە بەرامبەر دوو تێگەیشتن ـ لە حاڵەتێکدا ئەو چەمکە بچێتە خانەی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی کەلتوری و هزری ـ "{یەک} ئەلوکراتی ـ گشتی، {دوو} ئۆتۆکراتی تاکی، کە دووەمیان و بەپێی تێپەڕبوونی کات دەچێتەوە خانەی تنێگەیشتنە گشتییەکە"[٣٢]، هزریش بەو سیفەتەی کە چەمکە، کۆک یان ناکۆک دەبن لە دیاریکردنی ماهیەتەکەی لەکاتی پەخشکردنی لەناو کۆمەڵدا، ئەمەش مەودای ئەوە دەدات، هەر یەکێک رای خۆی دەربارەی بڵێت. (جان هیبولیت) پێی وایە کە: "هزرێک نییە، لە دەرەوەی زماندا"[٣٣]، بەو پێیەی، کە هەموو بیرێکی رۆژانەو فەلسەفیمان، بە زمان یان ئاماژە گوزارشتی لێدەکەین، جا ئەو بیرە لە حاڵەتی مۆنۆلۆگێکی ناوەکی بێ، یان دیالۆگ لە شێوە رۆژانەییەکەی بیر کردنەوەدا، بەو پێیەی کە بیرکردنەوەی تاکێك (پیاوێك)، لە رۆیشتنی بۆ دیداری هاوڕێیەکی، پاش گەیشتن بە شوێنی دیدارەکە،کۆمەڵی کوردی زمانی دەردەبڕێت (لەوێ... لای... لەگەڵ... بەڵێ لەگەڵ... ئاخر... تازە)، کە ئەمە هەرچەن لەکاتی دیالۆگ و خوێندنەوەی دا، لە لای ئێمە هیچ کاریگەرییەکی دەروونی بەجێ ناهێڵێ، بەڵام لەلای کەسی بیرکەرەوە، شرتێکی دەنگییەو واتاکە کاملە، کە گوزارشت لە بیرکردنەوەو قسەکردنێکی مۆنۆلۆگیانە دەکات، کە بریتییە لە (لەوێ لەلای دەرگاکەوە بینیم، لەگەڵ ئەوکەسەی کە گومانم لێیە، بەڵێ لەگەڵ (فلان) کەسدا، ئاخر چۆن لەگەڵ ئەودا، تازە تەواو هاوڕێتی من و ئەم) کە دوای ئەم تۆمارکردنە تەمتومانی ئەو کۆدانەمان بۆ دەڕۆێتەوە، جگە لەوەی حاڵەتی وا، لەباری دیالۆگدا دەچێتە خانەی تێگەیشتنە ئەلۆکراتییەکە بۆ هزری رۆژانە، بەڵام لە شێوەکەی تری بیرکردنەوەدا، رۆدەچین بەرەو دیاریکردنی خودی چەمکی بیرکردنەوە (Thinking)، کە بە پێی (الداینی) بریتیە لە "رێڕەوێك لە ماناو سومبلی عەقڵی، کە کێشەیەك ئەیوروژێنێ یان هەڵوێستێك دەیەوێ، بۆ گەیشتن بە ئەنجام"[٣٤]، کە ئەمە پاشان لای (یونگ ــ yong) دەگاتە ئاستی ئەرك دانان بۆ هزرکردنەوە (hinking Function)، "بەو پێیەی کە یارمەتیمان دەدات، بۆ تێگەیشتنی گرنگێتیمان و ئەوەی لەم جیهانە مەبەستمانە، بەڵکو خودی جیهانە"[٣٥]، بەم شێوە رووتەش پێناسەی هزر لە لای هەریەك لە (ئەفلاتۆن) و (ئەرستۆ) و (کانت) دەبینین:

١) لای ئەفلاتۆن: نموونەی عەقڵییە بۆ شتە هەستییەکان، بەو پێیەی کە بونی حەقیقییەتی.

٢) ئەرستۆ: ئەو وێنە زەینیە، کە لە جیهانی دەرەکی‌یەوە وەرگیراوە.

٣) کانت: وێناکردنێکی زەینییە جیهانی هەستپێکراوی تێپەڕاندوەو لە جیهانی ئەزموندا نموونەی نییە"[٢٦].

لێرەشدا ئیست کردنێك گەلێك گرنگە بۆ پرسیارێك، کە ئەویش ئەوەیە، ئایە ئەپستراکت کردنی چەمکی هزر لە هەموو کۆتێکسەکانی، تا چ رادە خۆی لە بەرامبەر گوزارشت لێکردنی بە زمان رادەگرێ؟... هەروەها ئەگەر زمانی قسەکردن بەلاوە بنێین، ئەوە چ وەلامێکی دەبێ لە ئاست گوزارشت لێکردنەکەی بە زمانی نووسین؟.

لە ئەمرۆیشدا، تێبینی کالبوونەوەی نەخشەی هزری فەلسەفی و میتافیزیکی دەکەین، بەوەی کە هەموو زانستەکان ـ بە زانستی زمانیشەوە ـ خۆیان لە بۆتەی گریمانە فەلسەفییەکان رزگار کردووە، ئەمیش بەهۆی زۆربونی لقە زانستیەکان و ئالۆزییانەوە، کەوای کردووە پەی بردن مەحاڵ بێ بە (دەستپێکی یەکێتی زانینی مرۆڤایەتی)، بەڵام ئەمە ناگاتە ئاستی نەرێکردنی ـ فەلسەفە ـ، بەوەی کە تەنها کۆمایەك دانراوە، لە نێوان زۆربەی بوارەکانی هزردا، ئەم نەرێ نەکردنەش وامان لێدەکات، کاریگەری شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژی، لەبەر چاوگرین، لەسەر بزافە هزرییەکانی سەردەمی ئێستامان.

ئەمەش وامان لێدەکات، بازێك بەسەر هزری فەلسەفی ئەپستراکت لە کۆنتێکسی بەکارهێنانی بدەین و بەپێی پسپۆڕێتی لە هزری زانستی تاکە دیارەکان بدوێین.

لەلای (ئوپناهیمر ـ باوکی بومبای ئەتۆمی)، "زانست ئەو تەلارەیە کە بونیادنانی تەواو نەبووە، بەڵکو تەنها چەند ژوورێکی تەواو بووەو ئامادەیە بۆ پێشوازیکردن لە خەڵك"[٢٧]، ئەم گوتەیەش ئەوە دەگەیەنێ، کە پێشکەوتنی زانست، لە بەردەوامی دایە، کەواتە، پێشکەوتنی هزریش تەریبە لەگەڵ پێشکەوتنی میکانیکی زانستدا، چونکە پەیکەری زانست، نابێ بە نەگۆڕ و چەسپاو وەسف بکرێ، کە ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی دەبێ، لەسەر شەپۆلە هزرییەکان لە هەموو بوارەکانداو بە مانایەکی‌تر، دەتوانین بڵێین، پێشکەوتنی زانست دەرئەنجامی پێشکەوتنی گشتی عەقڵی مرۆیە، لە هەموو بوارەکانی چالاکی لە چوارچێوەی سروشت و مرۆڤدا.

(دیکارت)یش وەك ماتماتیکستێك، (یەقین)ی بەوە هەبوو، کە زانستی ماتماتیك زانستێکی (یەقینی)یە، بەو پێیەی کە ئەتوانێت بەڵگەی سەلمێنراوی نە گۆڕمان بداتێ، هەربۆیە (دیکارت)، "لە دۆزینەوەی (بون ـ وجود)ەوە، کە بریتییە لە ـ هزری خودی ـ یان (بون بەوەی کە هزرمە)، پرسیار دەکات، کە بیرکردنەوە چییە؟، ئەمەش پرسیارێکە لەو کێشەیەی، کە بون چییە کە ئەمەش پەیوەستی بون بە هزرەوە دەگەینێ، کەواتە (من بیردەکەمەوە، من هەم).

راڤەکردنی فۆکۆیش، بۆ گوتەکەی (دیکارت) چەند گریمانەیەکی (فۆکۆ)یی دێنێتەکایەوە، کە بریتییە لە:

- بیرکردنەوە ئەو بونەیە، کە پاڵمپێوە دەنێ بۆ گومان.
- بیرکردنەوە، پاڵمپێوە دەنێ بۆ تێگەیشتن.
- بیرکردنەوە، رێنمایم دەکات، بۆ وێناکردن.
- لە بیرکردنەوەوە توانای رەتکردنەوە دادەمەزرێت.
- بە پێی بیرکردنەوە، درك بەوە دەکەم، کە بابەتێکم دەوێ.
- هەروەها، لەبیر کردنەوەوە، درك بەوە دەکەم، کە ئەوەم ناوێ.
- هەروەها، لە رێگەی بیرکردنەوەوە من وێنا دەکەم.

❖ لەبیر کردنەوەوە، درك بەوە دەکەم، کە هەست دەکەم"[٣٩].

فۆکۆیش بە هەمان شێوەی بابەتەکانی پێشووی ئەم گریمانانەشی بە ئاڵۆزی خستۆتە روو، کە سیمایەکی زمانی بونیەوێکانە، هەرچەند خۆی ئەوە ڕەتدەکاتەوە

(التوسیر)یش وەك (بیریارێکی ستراکتۆرالیزمی مارکسی)، سەرجەم نوسینەکانی لە خزمەتی جیاکردنەوەی دیالیکتیکیەتی مارکسی بووە، لە دیالیکتیکیەتی هیگڵی و لە باسەکانیدا، دووتێبینی خستووتەروو ــ کە تەنها یەکەمیان پەیوەندی بە باسەکە ئێمەوە هەیە ــ کە ئەویش بریتییە لە "بە نیسبەت مارکسیەتەوە، بە پێچەوانەی ئایدیالیەت، هزر بە بەرهەمهێنان (production) دادەنرێت، واتە جۆرێك لە پیادەکردنی تیوری (production theorique)، کە ئەمەش کارێکی (تاکی ــ فەردی) ناگرێتەوە، بەوەی کە هزر، ئەنجامی ئاوێتە بونێکی ناوەکییە، کە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و مێژوویییەکان تیایدا بەشدارەبن"[٤٠].

لەلای (ماکس مولەر)یش "بیری ئەفسانەیی، دەرهاویشتەی نەخۆشی زمانییە، بەو پێیەی، کە گوتنهی وەك {هەتاو هەورەکان دەبڕێ، با دارەکان دەجوڵێنێ}، دەبنە نەرێتی زمانی، لە دیاریکردنی شتە نەجوڵاوەکان، کە ئەمەش دەبێتە فاکتەر بۆ نەشونماکردنی بیری ئەفسانەیی"[٤١].

(سایپر)یش، کە زیادکردنەکانی لە بواری زماندا، جەخت لە سیما فۆرمییە نەستیەکەی زمان دەکات، پێی وایە کە "هزر جگە لە زمانێکی ئەپستراکت، لە پۆشاکە دەرەکییەکەی هیچی تر بەولاوە نییە"[٤٢].

(بلومفلید)یش لە هاوکێشە زمانییەکەیەوە(S R... r S) خوێندنەوەی خۆی بۆ هزر دەکات، بەو پێیەی کە "هزر، چەمگ و وێنەکانە، کە (خاوەن مێشك) پەنای بۆ دەبات، کە ئەویش جگە لە ڕێگەیەکی ناشایستە کورتکراوە بۆ دیاریکردنی بزاوتنەکانی تەن، کە زۆر ئاڵۆزە، هیچی ترنییە"[٤٣]، ئەمەش هەوڵدانە بۆ توانەوەی زمان، لە بۆتەی گوتاری زانستە سروشتییەکاندا، کە دەمانگەیە نێتە ئەوەی کە بیرۆکەکەی (بلومفلید) لەرادەبەدەر زانستیبە، کە دەکرێ بپرسین، ئایا لە بڕی ئەوەی مرۆڤ پراکتیکی بێ، دەکرێ زیاتر میکانیکی و ڕەفتاری بێ؟.

(دونلاپ)یش لای وایە کە "لێکۆڵینەوە لە بونیادی زمانی هەر میللەتێ، مایەی خوێندنەوەی وێنەو ڕێگاکانی بیرکردنەوەیەتی"[٤٤]، کە ئەمەش دەمانخاتە ڕووی گوتەکەی (پندکت) کە دەڵێ "ئەو تاکەی، کە لە ژینگەیەکی ڕۆشنبیری تایبەت دا، لە دایك دەبێت، بە پشت بەستن بە یەکەکانی دیالۆگی ئەو (کۆمەڵە یان ژینگەیە)، (گوزارشت لە بیروڕاکانی دەکات"[٤٥].

ماراسۆنی زمان و هزر

کەمن، ئەو تاکە بە ئاگایانەی، لەمەڕ زمان و هزر، لە کونجی ئەم بەرهەم و ئەو بەرهەمدا رای خۆیان لە مەڕ پێشڕەوایەتی، ئامادەبونی زمانەوە لە پێش هزردا یان هزر لە پێش زماندا نەچاندبێ، چونکە پەیوەندی ئەو دوویەکەیە (زمان و هزر)، لە دێرەوە گرفتی هاتنە کایەی پرسیارێك بووە، لەمەڕ ئەو پەیوەندییە بایومیکا نیکییەی، کە ئایا زمان پێش هزرە؟ یان هزر پێش زمانە؟.

(هنری هۆیگر) لە (زمان و نوسین)دا لەو بڕوایە دایە کە "زمان ئەو بیرە دەربڕاوەیە، کە بەبێ ئەو ــ زمان ــ مێژوو ون دەبێ"[٤٦]، واتە بەبێ "زمان ڕێگەیەکی تر نامێنێ بۆ ئامادەکردنی کارامەییە رابردووەکە، لە کارامەیی نوێ، کە مەبەست لێی گەیاندنیانە بەکەسانیتر"[٤٧]، بەمەش بە بێ زمان ئامێرێك نامێنێ بۆ گوزارشت کردن لە راوبیرەکانمان بۆ بەرامبەرەکانمان، یان تەریب بون لەگەڵیان، لە کردەی بیرکردنەوەدا، کە ئەمەش دەمانگەیەنێ بەوەی، کە بە شێوەیەکی ڕەها ناتوانین بیر

بکەینەوە، چونکە هەروەک زۆربەی دەروونناسەکان دەڵێن "خودی هزر پێویستی بە بەکارهێنانی زمان هەیەو لە روبەڕیشدا کردەیی بیرکردنەوە، جگە لە قسەکردنی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا، دەربارەی هەندێ بابەت، شتێکی تر نییە"[٤٨].

(واتسن)یش پێی وایە کە "هزر جگە لە قسەکردنێکی بەبێ سیستەمی دەنگی، شتێکیتر بەولاوە نییە، واتە قسەکردن بە قورگ نەک بەدەربڕینی سیستەمی دەنگی و کاتێک مرۆڤ بیردەکاتەوە، ئەو کاتە قسەدەکات بە شێوەیەک، کە کەس گوێی لێی نییە"[٤٩].

لای (هاردەر)یش (بیریاری ئەڵمانی)" عەقڵ ناتوانێ کردەیەک ئەنجامبدات بە بێ کۆدە زمانییەکان، هەروەها ساتی یەکەمی عەقڵانیەت، هەمان ساتە بۆ هاتنە ئارای زمانی ناوەکی... مرۆڤیش هەست بە عەقڵی دەکات و قسە دەکات، لە ساتەوەختی بیرکردنەوەیدا، بۆیە گەشەکردنی زمان، بابەتێکی سروشتییە، وەک سروشتی مرۆڤایەتی"[٥٠].

لەلای (رۆلان بارت)یش "بیرکردنەوە هەمیشە بە زمان دەکرێت و هیچ هزرێکیش، لە پێش زماندا بونی نییە"[٥١]، بەو پێیەی کە میکانیکی دروستبوونی هزرێک سەرەتایی بێ یان ئاڵۆز، یەکەکانی زمانە، کە کۆیی بونیادی هزرمان بۆ پێکدێنێت، کە ئەمەش وای لە ماتماتیکسی بریتانی (برتاند رسڵ) کردووە "سنووری زمانەکەی پەیوەست بکات بە سنووری جیهانەکەیەوە"[٥٢]، بەمەش روو بە رووبەرووبونەوەی لەگەڵ پرسیارێک، کە ئایا سنوری زمان لە کوێیە؟. (فۆکۆ)یش لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان زمان و مەعریفەدا پێشەوایەتی زمان، بەسەر هزردا دەردەخات، کاتێک کە دەڵێت "زمان جگە لەوەی مەعریفەیەکە لە دوو توێی فۆرمێکی زارەکیدا، کە لە پێش هزردا هاتووە شتێکیتر نییە"[٥٣].

مارکسیەکانیش، لایان وایە، کەوا زمان کانگەی لەدایک بونی هزرەو زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەر وەک (ستالین) دەڵێت "ئەڵێن هزرەکان لە رۆحی مرۆڤەوە دێن، پێش ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکات لە دیالۆگدا، هەروەها هزر بەبێ کەرەستەکانی زمان لەدایک دەبێ، یان بەواتایەکی تر، بە رووتی لە دایک دەبێت، بەڵام ئەمە هەڵەیە، هزریش نییە بەبێ کەرەستەی زمانی لەدایک ببێ، واتە بەبێ بنەما دەستەواژەیی و رستە زمانییەکان، هەروەها دابڕاوبێ لە کەرەستە سروشتییەکەی کە زمانە، هەربۆیە زمان بوپەری راستەوخۆیە بۆ هزرو بەبێ زمان ناتوانین دەربارەی هزر قسەبکەین، جگە لە ئایدیالەکان"[٥٤] ئەمەش دەمانخاتە بەردەم گریمانەیەکەوە، کە ئایە کۆمەڵ (لەرووی هستۆرسیزمەوە) پێش هزرە یان هزرە پێش کۆمەڵە؟، کە لە لای مارکسیەکان یەکەم (کۆمەڵ) پێش دووەمە (هزر) و لە ئەنجامی فاکتەرە ماتریالییەکان، کۆمەڵ هاتووەتە کایەوە... بەمەش (ستالین)، لە پەیوەندی زمان و هزردا، زمان دەکاتە بنەمایەک بۆ هاتنەبوونی هزرو پێی وایە، شتێک نییە بەناوی هزری رووت، بەبێ کەرەستەکانی زمان. (بولەزیر)یش لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی (پاڤلوف) رای خۆی تۆمارکردووە، بەوەی کە "زمان بنەمای سەرەکی هزرەو زمانیش جگە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هیچی تر نییە، هزریش بەو پێیە، جگە لە دیاردەیەکی لاوەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هیچی تر نییە"[٥٥].

(هنری سوێت)یش لەو بڕوایە دایە کە "زمان بەهۆی دەنگە قسەییەکانەوە کە پێک هاتووە لەوشەکان، گوزارشت لە بیرەکات دەکات"[٥٦]، راڤە کردنمان بۆ گوتەکەی (سوێت)یش، بەو شێوەیەیە، کە لە کاتی مۆنۆلۆگدا (قسەکردنی ناوەکی تاک، لەگەڵ خۆیدا، بەهۆی چەمکی گشتی وشەوە، کە کۆیی بونیادی بیرەکەیە، بیرکردنەوەکە دێتە ئەنجام، بۆ نموونە فەرمانێکی ناوەکی وەک (رۆیشتن، ئەنجامدانی هەر کارێکیتر)، کۆی بونیادەکەی زمانە.

لای (سایپر)یش جگـه لـەوەی کـه (هـزر، زمـانێکی ئەپستراکتە لە پۆشاکە دەرەکی‌یەکەی)، پێیشی وایە کـه "زمـان رێگەیـەکی مرۆیـی پوختـەو بـه رەهـایی ناغەریزییـه، بـۆ گـەیاندنی هـزرو هـەڵچون و ئارەزووەکان، لە رێگای سیستەمێك لـه سـومبل، کـه بە شێوەیەکی توانایی کـار دەکـات"[٥٧]. بەکارهێنانی زمانیش لە لای (برۆنۆسلاڤ مالینوفسکی) لـه شـێوە سـەرەتاییەکەی‌دا "ئـەرکێکی بازنـەیی لـه چـالاکی رێکخراو، لـەلای مـرۆڤ دەگەیـەنێ، وەك بەشـێك لـه رەفتـار یـان شـێوەیەك لـه کـارکردن"[٥٨]، کـه تیـایدا (مالینوفسکی) زیاتر ئاماژە بەوە دەکات، کە زمان لە قۆناغـه سـەرەتاییەکەییەوە ئـامرازێکی رەنگدەرەوە نییە بۆهـزر، بـەڵکو زمـان یەکەیـەکی چـالاکی گروپـە مرۆییە سەرەتاییەکانە، هەربۆیە دەڵێـت "قسـەکردن رێگایـەکی پێویستە بـۆ خولقـاندنی پەیوەندییـەکانی سـات (لحظـة)، کـه بـەبێ ئـەو پەیوەندییـه کـاری کۆمەڵایەتی مەحاڵە بە ئەنجام بگەیەنرێت"[٥٩].

بەمـەش دەگـەین بـەوەی کـه پـەیوەندی ئـەم دوو یەکەیە (زمان و هـزر) پەیوەندییـەکی هاوجوتـه، کـه هەر دوو لە میکانیکای کارکردنیان دا کاریگەری هەیە بەسـەر ئـەوی دیکـەوە زمـان و هزریـش لـه ماراسـۆنێکدان، کـه تەنـها کۆمایـەك پلـەی پێشەوایەتییەکەیان دەگۆڕێ

(.. ← زمان ← هزر ← زمان ← هزر ← ..)،

کـه ئەمـەش کـاری جیاکردنـەوەیان، لـه یـەکدی و پێشخسـتنی ئـەم بەسـەر ئـەودا ئـاڵۆز دەکـات و سیماکانی جیاکردن و پێشخسـتنی لێـڵ دەکـات و دەمانخاتە گێژاوی بڕیاردانەوە.

سیحری زمان

یـەکێ لـه پڕبایـەختڕین میتاڵـەکانی زمـان، ئـەو سیحرەی زمانە، کە بە رێژەیەکی دیاریکراو لە هێمای زمانی و رێژەیەکی کەمی یاساو بە درێژایـی پرۆسـەی ژیان، تاك ئەتوانێ رێژەیـەکی بـێ سـنوور، لـه رسـتە بخولقێنێ، بێ ئەوەی دووبارە ببنـەوە، هـەروەها لـه کات و شوێنی جیاجیاو بۆیەکەمجار بەکاری بهێنێ... بەواتایەکی تر، مرۆڤ بۆ فرەگوتن یـەك سیسـتەم لـه رستەو وشە، لە مێشکی خۆیدا ئەمبار ناکـات، تـا لـه دواییداو لە بۆتەی شیاودا، هەڵیانبژێرێ بۆ دەربڕیـن، بەڵکو ئامادەبوون بۆ دەربڕیـن، خـودی و زگماکییـه، بـەو شـێوەیەی، کـه تـاك لەهـەر شـوێن و کـاتێکداو لەگەڵ هەر رووبەروو بوونەوەیەکدا مێشکی خۆی بۆ گوزارشتکردن ئامادەباش دەکات.

ئەو سیحرەی زمانیش، کاتێك دێتـه بەرهـەم، کـه دیالۆگی نێوان دووکەس یان زیاتر سیمای پـەیوەندی بێت، چونکـه پەیوەندییـه گشـتیەکان، شـەپۆلی زانیاری هـەردوو جەمسـەری پـەیوەندی ــ قسەکەرو گوێگر ــ زیـاد دەکات، کـه ئەمـەش وا لـه "گروپـی کۆمەڵایەتی دەکات ببێتە نەسەقێکی ناوێزە، چونکـه گروپـی کۆمەڵایـەتی مرۆیـی هـەڵگری کۆمەڵـه نەسەقێکی دەرك کردنە، کە پنتی جیاوازییە، لەگـەڵ ئاژەڵدا، کـه هـەمان گروپـی کۆمەڵایـەتی هەیـه"[٦٠]، بەمەش دابڕینی زمانی تـاك، لـه گوزارشـت کـردن لـه دەوروبـەر، مایـەی دابڕینـی بیرەکانییـەتی لـەو کۆنتێکسەی کـه تیـایدا کۆمـەڵ ناگەیـەنێ و دابڕینـی زمانی تاکیش، لە نەقسـه کۆمەڵایەتییەکەی، مایـەی لە خشتەبردنی زمان و شێواندنی ریتمـی کۆمەڵایـەتی شارستانییە، کە زمان رێکیدەخات.

ئێمـەش وەك چـۆن قسـه دەکـەین، بـەو جـۆرەش بیردەکەینەوە، واتا ئەو توانایەی، کە تـاك هـاندەدات بۆ قسەکردن، هەمان ئەو توانایـه، کـه پـاڵی پێـوە دەنێ بۆ بیرکردنـەوە، هەربۆیـه (ئـادەم شـاف)، کـه بیرێکی مارکسی‌یە، لـەو بڕوایەدایـه کـه "زمـان، ئـەو بەرهەمـه کۆمەڵایەتییەیـه، کـه رەنگدانـەوە بوپـەری کۆمەڵایەتییـه، کـه خـودی خۆیشـی، واتـه زمـان، کاریگـەری هەیـه، لەسـەر شـێوازی بیرکردنـەوەی مرۆیی، بـەو رادەیـەیی، کـه کاریگـەری هەیـه لەسـەر درککردن و تێگەیشـتنیان لـه جیـهان و پاشـانیش تەئویلکردنی زەینیان"[٦١].

بەمەش دەتوانین هەردوویەکەی (زمان و کۆمەڵ) لە هاوکێشەیەکی هاوجوتدا دابنێین، چونکە هەردوو، رۆڵ دەبینن، لە خوێندنەوەی ئەوی تردا، هەر وەك چۆن لەدەست نیشانکردنی چەند کۆمەڵێکی وەك دانیشتوانی (دوورگەی مرکیز) و (کۆمەڵی بێگمە ــ pygmees) و (ئەناماهۆ)دا، بەهۆی زمانەکەیانەوە ئاشنای هزری کۆمەڵایەتییان بوین، ئەوا بەهەمان شێوە، دەتوانین، لە ڕێی زمانەوە، کە کۆڵەکەیەکی سەرکی (ئەنسرۆپۆلۆژیا)یە، دیاردەیەکی ناو کۆمەڵێکو ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتیان دەست نیشان بکەین، بەمەش دەتوانین بڵێین کە "زمان، مەرجێکی سەرەکی هزرە، هەر چۆن خودی خۆی ــ واتە زمان ــ وابەستەی بوپەری کۆمەڵایەتییە، کە خودی کۆمەڵ مەرجێکی سەرەکی زمانە"[٦٢].

لەم ڕووەوە، ڕەورەوەی مێژوویی لێکۆڵینەوەی زمانی بە پێویستی زانی، لەو پەیوەندییەوە، واتە ــ زمان و کۆمەڵ ــ لێکۆڵینەوەی (سۆسیۆلانگویستیك)* بهێنێتەکایەوە، کە پاشان، لەلای زمانەوانانی وەك (هالیدای، سایپرو هاریس و فرانز بواز) و پاشان لای (فێرس) گرنگییەکی بێ نەزیری پێدراوە.

(فێرس) لەمەڕ ئەو پەیوەندییەوە، لەو بڕوایەدایە کە "ژیانی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا، پێویستی بە ئەنجامدانی چەندان رۆڵ هەیە، کە دەبێ مرۆڤ بینوێنێ، لە هەلومەرجە جیاجیاکاندا، کە ئەمەش وای لێدەکات، لە ڕوی زمانییەوە، ڕابێت لەگەڵ ئەو رۆڵ و هەلومەرجانەدا"[٦٣]، کە ئەویش "کاتێك دێتە بەرهەم، کەهەر دوو جەمسەری پەیوەندی ــ قسەکەرو گوێگر ــ ئامادەبن، لە دووتوێی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا"[٦٤] (میلیە)ش لەم بوارەدا، ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانی (دی سۆسێر) و (چومسکی) دەکات، بەوەی کە هەردوو، میتاڵی کاریگەری کۆمەڵیان، لەسەر زمان فەرامۆش کردووەو لە مەڕ چەمکەکانی (دی سۆسێر) بۆ زمان ناتەواون، بەو هۆیەی، کە زمان تەنها بە بوپەرێکی زەینی دادەنێت"[٦٥]، بەمەش دەتوانین بڵێین دانانی زمان بە دیاردەی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی (سۆسیۆلانگویستیك)، بەو پێیە دەتوانین بڵێین، کە زمان گوزارشتکەرە لە سەرجەم دیاردەکانی کۆمەڵ، کە زۆربە وردی و ڕونی، ڕووە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵمان، لە شارستانیەت... یاسا... نەرێت... ئاراستە هزری و ڕۆشنبیری و زانستی و هونەری و... تاد، بۆ تۆمار دەکات.

قسەکردنیش لە ڕۆڵی زمان لەناو جوگرافیو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، پرسیارێکی وەك ــ ئایە زمان لە کۆمەڵی مرۆیی بسێنرێتەوە چی ڕوودەدات؟ دێنێتەکایەوە، کە بە باشی دەزانم کۆنترین نموونەی مێژوویی بۆ وەلامدانەوەی باس بکەم، ئەویش مەسەلەی سەندنەوەی زمانە لە کۆمەڵی مرۆیی دێرین، لە ڕووداوی (بورجی بابل)دا، "لە ڕۆژگاری زۆرکۆندا نەوەکانی ئادەم، لە ڕۆژهەلاتەوە کۆچیان کرد، تا گەیشتنە سەرزەمینەکانی شنعار (کەنعان)، ئەو دەمە، هەموو بەیەك زمان قسەیان دەکرد، پاش جێگیربونیان بە یەکتریان گوت، بۆ شارێك دروست نەکەین، بۆ ئەوەی لە پەڕاگەندەیی و ترس ڕزگارمان بێت و تیایدا بورجێك دروست بکەین، سەر لە ئاسمانی خودا بدات، پاشان نەوەکانی ئادەم، شارو بورجیان ڕۆژبەڕۆژ دروست و بەرزتر دەکردەوە، پاش ماوەیەك، خودا کارەکانی نەوەی ئادەمی بەسەر کردەوەو لە جەسارەتی ئەو قەومە سەرسام بوو، هەربۆیە بڕیاریدا کارەکەیان هەڵبوەستێنێت، چونکە لەو بڕوایەدا بوو، یەکپارچەیی و یەکزمانی ئەو میللەتە وایان لێ دەکات، یەك دەست و یەك بڕیار بن، هەر بۆیە ئامرازی پەیوەندی و لێگەیشتنیانی لێسەندەوە، کە ئەویش زمانە، کە ئەمە وای کرد نەوەکانی ئادەم بە ناچاری دەست لە دروست کردنی شارو بورجەکە هەڵگرن و بە سەرزەمینەکانی تردا

پەڕاگەندەبن"[٦٦] ئەم نموونەیە ئەوەمان بەیاد دێنێتەوە، کە رۆڵی زمان، لە ناو کۆمەڵی مرۆیی، وەک ئامرازێکی پەیوەندی، بە ئەنجام گەیەنەری پرۆسە شارستانییەکانە. (زمان و شارستانیەت)یش پەیوەندییەکی هاوجوتیان هەیە، بەوەی کە زۆرجار دەتوانین بڵێین (زمان ئاوێنەی شارستانیەتە)، چونکە تاوەکو شارستانیەت پێشکەوتووتر بێ، ئەوا کەرەستەی زمان زیاتر دەبێ و ئاستی گەشەی زمانی ئەو شارستانیەتە زیاتر دەبێ، زمانیش ئەو ئامێرەیە، کە شارستانیەت بەرهەم دەهێنێت، بەو پێیەی کە زمان میتاڵی بنەڕەتییە، لە گوزارشتکردن لە تێهەڵچونی تاک و کۆمەڵ و گەیاندنی زانیاری، لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ و بە پێچەوانەوە، "شارستانیەتیش بەرهەمی کۆمەڵە، هەرچۆن کۆمەڵ بەرهەمی تاکەو بۆ ئەوەی زانیاری بەشداری بکات لە بونیادی شارستانیەتدا، پێویستە لەناو کۆمەڵدا بڵاو بێتەوە، هەر لە تاکەوە، کە زانیارییەکەی بەرهەم هێناوە، تاوەکو کۆمەڵ بەگشتی دەبێتە خاوەنی"[٦٧]، بەڵام پنتی جیاوازی لە نێوان زمان و شارستانیەتدا، ئەوەیە، کە زمان تا پێشکەوێت بەرەو ئاسانی دەچێت، بەڵام شارستانیەت تا پێشکەوێت بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، هەر ئەمەش وای کردووە، ئەو رەشبینییەی کەسێکی وەک (هـ.ج. ویلز) سەرنجمان رابکێشێ، کە لە (آلة الزمن)دا باس لە کۆتایی مرۆڤ و شارستانیەتەکەی دەکات لەسەر زەوی، کە لە ئەنجامی ململانێی مرۆڤ و ژینگە دێتە روخان، ئەمەش وامان لێدەکات، ئیستێك بکەین و پرسیارێك بوروژێنین، کە ئەویش، ئایە توانا هزری و هونەری و زمانییەکانی مرۆڤ، لە ناو پێشکەوتنە ئایندەییەکانی شارستانیەتدا، لە بواری تەکنۆلۆژیاو زانستی بایۆلۆژیادا چۆن دەبێت؟ جۆرج دێهامێڵ و جۆلیان هەکسلی و تەنانەت تۆڵستۆیش، کە سەرەڕای هێڵە هزرییە گشتییەکانیان، کە بڕوایان بە توانا بێ سنوورەکەی مرۆڤ هەیە، لە گەشەپێدانی هێزە رۆحییەکاندا، هەموو لەو بڕوایەدان، کە مرۆڤ، لەناو تەکنۆلۆژیاو بایۆلۆژیادا، توانا هزری و هونەری و زمانییەکەی لە دەست دەدات.

هەروەها (شتراوس) هەمان رای هەیە و جەخت، لەسەر ئەوە دەکاتە کە "ئەستێرەی زەوی، بەبێ مرۆڤ دەستی پێکردووەو بەبێ مرۆڤ کۆتایی پێ دێت"[٦٨]، خاڵی هاوبەشیش لە پێشبینییەکانیان ئەوەیە کە "زۆربەی هونەرە گەورەکان، لە رێگای دەستکاری مرۆڤ، بۆ سیستەمە ماکیەکانیان، لە رێگای پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان، بەهای خۆیان لەدەست دەدەن"[٦٩]، وەک (شیعر، شانۆ، هونەری شێوەکاری".

هەڵگرانی ئەم بڕوایەش لەسەر رۆشنایی تیۆرەکەی "لامارك" سەیری گۆڕانکارییە بایۆلۆژی و فسیۆلۆژییەکان دەکەن، "بەو پێیەی کە (دەست) لە پەیژەی گەشەکردندا پێشکەوتنی خێرایی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی پێویستی بەکارهێنانی بۆ راوو...تاد، هەروەها بۆشایی قوڕکیش بازی خێرایی داوە بەهۆی، ئەوەی مرۆڤی لە بونەوەری بێ زمانەوە گۆڕی بۆ زماندار. هەروەها چاو گەشەی (ستریوسکوبی) باشی بەخۆوە بینیوە، کە بە ئاسانی و وردی دەتوانێ، رەهەندەکان و مەوداکان دەست نیشان بکات"[٧٠].

بەمەش دەتوانین بڵێین، کە گەشە بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ بە رادەیەك بوو، کە پێشکەوتنە تەکنولۆژییەکانی ئەمڕۆ لە رووی ماوەوە پێڕانەگەیشتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پانتایی پێویستییەکانی مرۆڤ، زۆرخێراترە لە شۆڕشە زانستی و تەکنۆلۆژییەکەی، کە ئەمەش وای لە بیریاران کردووە، بە گومانەوە بڕواننە ئایندەی مرۆڤ، بەوەی کە مرۆڤ داڕمانێکی گەشە سەندنە... لە ئەنجامی دژایەتی نێوان گەشەکردنی خۆی و ئەو ئامێرانەی، کە رۆژانە بەکاری دێنێ، هەروەها لە ئەنجامی بەکار هێنانی ئەو ئامێرانەی کە (موخەیەلە)

و توانای قسەکردن لە دەستدەدەن، کە ئەمەش وادەکات، پێویستییەك نەمێنێ بۆ بەردەوامییە کلاسیکیەکەی دەربڕین، بەمەش زۆربەی هونەرە گەورەکان، کە لە ئەمڕۆدا نقاری تێدا کراوە، لە پاڵ داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانەدا لەناو دەچن، هەروەها چەندانێکی تر، لەو بڕوایەدان، کە گەشەسەندنی مرۆڤ لە ئایندەدا لە ژێر یاساکانی (داروین) و بۆ ماوەدا نابێت، بەڵکو مرۆڤ، مرۆڤێکی کۆکراوە دەبێت لە (جیناتە) بۆ ماوەییە جۆراوجۆرەکان، کە دەتوانین بە ئامێرێکی نیمچە مرۆیی (سایبورغ) ناوی ببین.

سەرچاوەکان:

١. البلاغة العصرية اللغة، العربية، سلامه موسى، لـ١٣.

٢. روميو جوليت، شكسپير،ت. غازى جمال، لـ٢٠.

٣. "اللغة التداولية المنطوقة بين الصوت و المعنى" باسم عبدالحميد حمودي، الموقف الثقافي، عدد ١٥ لـ ٧١.

٤. هەمان سەرچاوە، لـ٧٢.

٥. الفكر البري، كلود ليسفى شتراوس، ت. د.نظير جاهل، لـ ١٩ـ٢٠.

٦. هەمان سەرچاوە، لـ ٢٠.

٧. هەمان سەرچاوە، لـ ٢٠.

٨. "اللغة التداولية المنطوقة بين الصوت و المعنى" باسم عبدالحميد حمودى، الموقف الثقافي، عدد ١٥، لـ ٧٣.

٩. مقدمات زبانشنايى، د.مهرى باقرى، لـ١١.

١٠. هەمان سەرچاوە، لـ ١١.

١١. سەرەتاییکی زمانناسی، و.میدیا، بەرگی یەکەم، لـ ٣.

١٢. اللغة التداولية المنطوقة بين الصوت و المعنى، باسم عبدالحميد حمودى، الموقف الثقافي، عدد ١٥ لـ ٧٠.

١٣. (اللغة و العقل ــ افكار حدثية حول مشكلات قديمة) نعوم چومسكى، ت ــ رمضان مهلومل، الثقافة الاجنبية، عدد السنة ١٩٩٨، لـ ٣.

١٤. هەمان سەرچاوە، لـ ٣.

١٥. (سؤال النقد، جدل في المرجعيات)، جمال جاسم امين، الموقف الثقافي، عدد ٢٠ لـ ١٠١.

١٦. هەمان سەرچاوە، لـ ١٠١.

١٧. البنيوية و علم الاشارة، ترنس هوكز، لـ ٥٥ ـ ٦٨.

١٨. (اللغة و الادب)، ادوارد سايير، ت. د. سعيد الغاغي، الثقافة الاجنبية، عدد السنه ١٩٨٨، لـ ١٦.

١٩. هەمان سەرچاوە، لـ ١٦.

٢٠. هەمان سەرچاوە، لـ ١٨.

٢١. مشكلة البنيوية آو اضواء على البنيوية، د.زكريا أبراهيم، لـ ٤٨ ــ ٤٩.

٢٢. افكار و آراء حول اللسانيات و الادب، رومان باكوبسن، ت. فالح صدام الاماره واخرون، لـ ٩.

٢٣. ئاگایی زمان و زمانی ئاگایی، عبدالمطلب عبدالله، لـ ١٦.

٢٤. بنچینەی زمانەوانییەکان و لێکدانەوە فەلسەفییەکانی بونیادگەری، سەعید الغاغی، و.فایق رەحیم گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٩، لـ ٢٠.

٢٥. هەمان سەرچاوە، لـ ٢٠.

٢٦. هەمان سەرچاوە، لـ ٢٢.

٢٧. نئوم چومسکی و چەند بیروڕایەك، ئا: کریم دەشتی، رامان، ژ ٢٦، ئابی ٩٨، لـ ٢٧.

٢٨. فهم اللغة ــ نحو علم اللغة لما بعد مرحلة چومسكى، تيرنيس موورو كريستين كارليغ، ت.د حامد حسين الحجاج و آخرون، لـ ٣٢.

٢٩. اللغة و الفكر، د.نورى جعفر، لـ ١٣٩.

٣٠. الفكر طبيعته و تطوره، د.نورى جعفر، لـ ١٢٩.

٣١. هەمان سەرچاوە، لـ٨٣.

٣٢. (جدلسية المفاهيم ـــ مطابقات في الفكر و الممارسة)، واثق الداينى، الموقف الثقافي، عدد ١٤. لـ ٢٣.

٣٣. (بنية اللغة الفلسفية عند هيغل)، جان هيبوليت، ت. سعيد احمد الحكيم، الثقافة الاجنبية عدد المسنه ١٩٩١، لـ٨٤.

٣٤. (جدلية المفاهيم ـــ مطابقات في الفكر و الممارسة)، واثف الدايني، الموقف الثقافي، عدد ١٤ لـ ٢٣.

٣٥. هەمان سەرچاوە، لـ ٢٣.

٣٦. هەمان سەرچاوە، لـ ٢٣.

٣٧. الفكر و المعاصرة، محي الدين آسماعيل، لـ ١٩ ـ ٢٠.

٣٨. فوكوقارئاً لديكارت، محسن الصخري، لـ ٧٥.

٣٩. هەمان سەرچاوە، لـ ٧٦.

٤٠. البنيوية، جان بياجية، ت ـ عارف منحنه و بشيراوبرى، ل ١٠١.

٤١. علم اللغة، د.جاتم صالح الضامن، لـ ١٤٣.

٤٢. (اللغة و الادب)، ادورد سايبر، ت.د. سعيد الغاغي، الثقافة الاجنبية، عدد ١، لسنة ١٩٨٨، لـ ١٧.

٤٣. (فلسفة اللغة)، پول ريكور، ت.د. علي مقلد، مجلة العرب و الفكر العالمي، عدد ٨ لسنه ١٩٨٩.

٤٤. (علم اللغة) د.حاتم الضامن، لـ ١٤٣.

٤٥. هەمان سەرچاوە، لـ ١٤٣.

٤٦. تأملات في الحضارة و الاغتراب، عزير السيد جاسم، لـ ١٢.

٤٧. هەمان سەرچاوە، لـ ١٣.

٤٨. هەمان سەرچاوە، لـ ١٣.

٤٩. علم اللغة، د.حاتم ضالح الضامن، لـ ١٤٣.

٥٠. الفكر و المعاصرة، محي الدين اسماعيل، لـ ٣٧.

٥١. حوارات مع مفكري الغرب، حميدة نعنع، لـ ٩٨.

٥٢. الفكر و المعاصرة، محىالدين اسماعيل، لـ ٣٥.

٥٣. الكلمات و الاشياء، فوكو، لـ ٩١.

٥٤. اقتصادنا، محمد باقر الصدر، مجلد العاشر، لـ ٧٥.

٥٥. هەمان سەرچاوە، لـ ٧٧.

٥٦. علم اللغة، د. حاتم صالح الضامن، لـ ١٣٢.

٥٧. اللغة و الادب، ادرود سايبر، الثقافة الاجنبية، عدد ١، لسنه ١٩٨٨، لـ ١٦.

٥٨. تأملات في الحضارة و الاغتراب، عزير السيد جاسم، لـ ١٥.

٥٩. هەمان سەرچاوە، لـ ١٥.

٦٠. اللغة و الحياة و الطبيعة البشريه، روى. سى، هجمان، ت ـ داود حلمي احمد، لـ ١٨٠.

٦١. نقد النقد العقل العربي ـ اشكاليات العقل العربي، جورج طربيشى، لـ ٩٥.

٦٢. هەمان سەرچاوە، لـ ٩٥.

❖ زانستى زمانى كۆمەلايەتى.

٦٣. اللغة في اطارها الاجتماعي، مصطفى لطفي، لـ ٤٦ ـ ٤٧.

٦٤. هەمان سەرچاوە، لـ ٤٧.

٦٥. هەمان سەرچاوە، لـ ٤٥.

٦٦. مسائل زبانشناسى نوين، محمدرضا باطنى، لـ ١١.

٦٧. اللغة و الحيا و الطبيعية البشريه، روى، س، هجمان، لـ ١٨١.

٦٨. الفكر و المعاصرة، محي الدين اسماعيل، لـ ١٣٨.س

٦٩. هەمان سەرچاوە، لـ ١٣٨.

٧٠. هەمان سەرچاوە، لـ ١٣٩.

١-ناسنامەی نیشتمانیو روناکبیریم نەبۆتە جێگەی ئیرەیی بردنی ئەوانی دی لەجیهانی هاوچەرخدا. ئەوەش نەتوانایی و هەژاری دروست دەکات زیاتر لەوەی هێزو دەوڵەمەندی دروست بکات.

لەکۆندا عەرەبەکان بەدەسکەوتو داهێنانەکانیان موعجیزەیان خوڵقاندووە کەوای کردبوو بەدرێژایی چەند سەدەیەك پێشەنگی کاری شارستانی بن. بەڵام لەسەردەمی نوێدا کەسەردەمی رۆژئاوایە بەتایبەت سەردەمی یابانە تارادەیەکی زۆر، ناتوانن بەو شێوەیەبن. بەبۆنەی ئەم نەتوانایییەوە لەلایەکو بەهۆی نەرجسیەتی روناکبیریمانەوە کەوامان لێ دەکات هەست بەخۆ بەزل زانینو کەللەڕەقیو مامۆستایەتی بەسەر خۆرئاواوە بکەین، ئەبینرێین کە بەکەڵکی هیچ نایەین جگە لە چنینەوەی (مفاجأة)و توش بوونی راچڵەکینی شارستانی: لە راچڵەکینی مۆدێرنیزمی خۆرئاواوە بۆ راچڵەکینی موعجیزەی یابانی لە رۆژهەڵات، لەراچڵەکینی مالیزیا لەپوی گەشەسەندنەوە بۆ راچڵەکینی ئێران لە کۆڕاندا

بەرەو دیموکراسیەت، ئەمە جگە لە راچڵەکینی جیهانگیریو تەکنەلۆژیا کە هەندێ لەگوتاری روناکبیرەکانو بانگەشەکاران کە لە شەڕانگێزیو مافیاکانی جیهانگیری ئاگادارمان دەکەنەوە ئەمە جگە لە وشەکانی نەفرەتو بەردباران کردن.

٢-لێرەوە من پێم وانیە کە ئەرکی من بریتی بێت لە پاراستنی ناسنامەکەم لەگۆڕانکاریو پێشهاتەکان. بە پێچەوانەوە ئەرکەکە ئێستا برتییە لەوەی کە ناسنامەی روناکبیریم بخەمە ژێر باری رەخنەوە بۆ پشکنین، هەتا لە راستیەکانی لاوازیو نەتوانایم تێبگەم، بەقەدەر ئەوەی کە ناسنامەی مرۆڤیم بخەمە ژێرباری شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەوە بۆ ئەوەی راستیەکانی بەربەریەتو درندەییم بزانم.

کەواتە ئێستاو لەبەر رۆشنای ئەوەی کە روودەدات، گونجاوە کە بەشێوەیەکی رەخنەیی نوێوە پیادەی پەیوەندیم بەناسنامەکەمەوە بکەم.

ئەمە هەلم بۆدەڕەخسێنێ کە توانای فیکرو کارکردنم بۆ بڕەخسێنێت، کە بەهۆیەوە لەتەڵزگەی شارستانیو وجودی خۆم بێمە دەرەوە بۆ ئەوەی

پرسیارەکانی شوناسو گرەوەکانی فیکر لەسەردەمی بەجیهانیکردندا

ن/ علی حرب

و/ عبدالله سیوەیلی

بەشداری بکەم لەداڕشتنی روبەری تایبەتی خۆم لەسەر نەخشەی ماناو شانۆی هێز، بێگومان ئەمەش لەڕێگەی بەشداری کردن لەبەرهەمهێنانی سامانو بەها یان ماناو مەعریفە یان ئامرازو زانیارییەوە دەبێت.

٣-لەوباوەڕەدانیم کە کەس بتوانێت لەیادەوەری خۆم یان لە تایبەتمەندێتیو هەواداریەکانی خۆم دابڕێت ئەویش بەهۆی ئەوشت گەورەکردنو وەهم دروست کردنەوە کە لەلایەن بانگەشەکارانی تایبەتمەندێتییەوە کەشکست خواردوون لە پارێزگاریو پاراستنیدا.

مێژووی مرۆڤو کلتورەکانی بریتییە لەراستیو رووداوەکانی ژیانو دراوەکانی وجودی ئەو کەسە کەوای کردووە بیگەیەنێتە ئەوەی کە هەنووکە تیای ئەژی. ئەمیش چاوەڕێی کەسێکە کە هەستێت بە گۆڕینی بۆ دراوێکی شارستانی هەنووکەیی و شایستەی ئالۆگۆڕ، یان گۆڕینی بۆ دەستکەوتگەلێکی مەعریفیو زانستی یان کاری ئەدەبیو هونەری یان رێکخستنی سیاسیو نموونەی گەشەسەندن.

٤-عەرەبەکان بەروبوی رۆژئاوان کە بەشارستانیەتەکەیو دیسپلینو فەلسەفەو بەهاکانیو بە ئامرازو شمەکەکانی عەرەبەکانی تێپەڕاند.

ئەمە ئەوەیە کە لەماوەی دوو سەدەدا رووییداوە. ئەمەشە کە بەردەوام لەسەر زەوی واقیع رووەدات. بابەمە ئاشنابین هەتا پیادەی وجودی خۆمان لەڕێگەی ساختەوە پیادە نەکەین کەوامان لێدەکات خۆمان لەڕاستی لابدەین بۆ ئەوەی نکوڵی لە دەسکەوتو باشییەکانی رۆژئاوا بکەین.

ئەوەی واش بکات ئەوا راستی ناپێکێت هیچ پێشکەوتنو پێشبڕکێیەک بەدەست ناهێنێت.

٥-بەم مانایە، هیچ ناسنامەیەکی پوخت نییە کە چەمکی ناسنامە بەپاراستنی تایبەتمەندێتییەکان بەئاسانی فەراهەم بکات. گوتاری ناسنامەی پوخت کە خاڵی بێت لەکاریگەری (غەیر) بریتییە لە خورافە هێندەی ئەوەی کە بریتی بێت لەخۆ هەڵخەڵەتاندن. کەواتە خۆرئاوا رووەکەی تری ئێمەیە یان ئەوەی کە لەسەردەمی گەشەسەندنیدا تیای بووین کە ئیمپراتۆریەتێکمان بۆ جاریەکانو ئیمپریالیەتێکمان



ماركس

چۆمسکی

بۆ سامان دروست کردبوو. ئەوەش کە ئێستا خەریکین لەدوا رۆژدا پێکی بەهێنین یان ئەوەی کە ئاواتە خوازین پێکی بهێنین بەڵام ناتوانین بیکەین، بەهۆی گوتەزا نەزۆکەکانمانەوە دەربارەی خودی خۆمان یان دەربارەی غەیری خۆمانو جیهان، یان بەهۆی دووفاقیمانەوە دەربارەی کلتورو نوێگەری یان تایبەتمەندێتیو جیهانییەتی یان خۆرهەلاتو خۆرئاوا. ئالێرەوە، ئەرکی من بریتی نیە لە چونەناو هەڵمەتی داگیرکاریو روناکبیری یان جیهانییەت لەفیکرو ئەدەبدا، نەک بۆ هەڵمەتی جیهانگیریو رایەڵەو بازاڕەکانییەوە، بەڵکو ئەرکی من بریتییە لە پیادەکردنی تایبەتمەندێتی خۆم بەشێوەیەکی بە بەرهەمو دەوڵەمەندانە. کە کاریگەرو لەبەرچاو بێت، بەشێوەیەك کە کار ئەکەم لەسەر تێکشکاندنی کۆتو بەندەکەو بەجێهێشتنی پەراوێز ئەویش بە بەرهەمهێنانی فیکرەیەك یان شێوازێك یان ئامرازێك یان زانیاریەك یان شمەکێك کە سنور بەزێنەربێت هەتا ئەوانی دی لەدەرەوەی رووبەری عەرەبی پێویستیان پێی بێت ئەمە بریتییە لەئەرکی بنەڕەتی: هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ تایبەتمەندێتیدا بەشێوازێکی جدیو بنەڕەتیو دەگمەن.

٦-ناسنامەی نیشتمانیو نەتەوەیم یان ئایینیو روناکبیریم تاك ماناو تاك بنەڕەتو تاك ناو نیە. بەڵکو جیهانێکی لێکدراوەو چەندین رەگەزی جۆراو جۆرو لقو پۆپو چینی کەڵەکە بوو کە ناویان پێکدا دەچێت یان کار لەیەکتری دەکەن. لەخۆ دەگۆڕێت بەم مانایە، هەر ناسنامەیەك کە هەڵدەوەشێنرێتەوە فرە لایەنگریو تێکهەڵکێشبوونی کەلەپوور دەگەیەنێت. ئەرکی خۆمە کە پەنابەرمە بەر ئینتحاری خۆم یان بۆ ریشەی خۆم بگەڕێم یان لەگەڵ بنەڕەتەکانمدا تەماهی بکەم یان شتی تر لە کۆششی رێتێچوو، بەڵکو فێری هونەری ژیانو بەردەوام بوون ببم لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازە لەناوخۆدا یان لەگەڵ ئەوی دیدا لەدەرەوە، ئەویش بەفیکرێکی پێکهاتەیی کە رێگە خۆشکەربێت بۆم بۆ تێگەیشتن لە واقع بەهەموو ئاڵۆزکاویو فرە چەشنیو فرە رەنگییەکانیەوە، یان بەزمانێکی میانەڕەوانە بەها ئاڵۆگۆڕکێیەکانم بۆ بەرجەستە بکات، یان بە لۆژیکی گۆڕەڕانە رێگەم بۆ خۆش بکات کە هێندەی هەماهەنگی دەکەم لەگۆڕانی ئەوی دیدا، خۆم بگۆڕم، ئەمەش لەڕێگەی کردنەوەی هێڵێکی پێك گەیاندن یان پێکهێنانی ژینگەیەك بۆ دایەلۆگو لێك گەیشتن یان کردنەوەی بازاڕێك بۆ ئاڵۆگۆڕو ئاڵو وێر.

٧-کۆمەڵگایەك نیە کە خاڵی بێت لەجیاوازیو ناکۆکی. ئەمە حاڵی کۆمەڵگایە لەجیهانی عەرەبیدا جا لەکۆندا بێت یان ئێستا، بەڵکو ئەمە حاڵی کۆمەڵبەستنە لەنێوان مرۆڤەکاندا: ئەمە لەسەر جیاوازیو کۆك بوون دروست دەبێت بەقەدەری ئەوەی کە فرەییو بەدوای یەك داهاتنیو باشێتی دروست دەکات. لەبەر ئەوە، گرنگ لەمەدا لای من ئەوە نیە کە بازبدەم بەسەر واقیعی جیاوازیدا هەتا بانگەشە بکەم بۆیەکێتییەکی یۆتۆپی، ئایدیالیستی، میتافیزیکی، من زۆرم لەجیاوازێتییەوە هەڵهێنجاوە هەروەك چۆن ئەزموونەکان فێریان کردینو پرۆژەکانیو یەکێتیو یەکگرتنم بینیوە.

ئەرکەکە ئەوەیە کە کاربکەم لەسەر جیاوازییەکانم لەگەڵ غەیری خۆم بەشێوەیەکی عەقڵانیو ناسنامەکەم بەشێوەیەکی گەیەنەرانە بناغەڕێژ بکەم. ئەمە ئەو تەحەدایەیە کەهی ئێمەی عەرەبە، بەتایبەت ئەوانەی کە لەبواڕەکانی روناکبیریو مەعریفەدا کاردەکەن: پەیوەندیم بە غەیری خۆمەوە دەربهێنم، دەرهێنانێکی ئاڵۆگۆڕەکیانە، بۆ ئەوەی ئەوی دی نەبێتە مینێکو چاوەڕێی کاتژمێری تەقینەوە بکات. بەم مانایە، ئەو مەترسیەی کە لەناو خۆوە لەسەر تایبەتمەندێتی دروست دەبێت، کەمترە لەو مەترسیەی کە لەدەرەوە دێت.

گەرنا ئەی چۆن لەو جیاوازیە وەحشییەو ئەو ناکۆکیە خوێناویانەی کە هەندێ لەکۆمەڵگا عەرەبی ئیسلامییەکان بەخۆیانیەوە ئەبینن تێبگەین.

٨–هەموو کۆمەڵگایەك بنەمای نەگۆڕی خۆی هەیە لەناو رووداو یان لەکات و شوێن. بەڵام پەیوەندی بە نەگۆڕەکانەوە خۆی لەخۆیدا جێگیرنیە بەڵکو لەگۆڕاندایە. لێرەوە گونجاندن لەگەڵ بنەڕەتەکاندا مەحاڵە. ڕووی مەحاڵ بوونیش وایە کە لەتوانای کەسدا نیە کە ڕاستی واقع دەستگیربکات یان بێتە

خاوەنی مانای دەق یان رووداو. ئێمە مانا بەرهەم دەهێنین لەکاتێکا کە بانگەشەدەکەین کە دەرکمان پێکردووە. کاتێك بانگەشەی گەڕان بەدوایدا دەکەین ئەوا ڕاستیەکان دروست دەکەین، کاتێك بانگەشەی گونجانکاری لەگەڵدا دەکەین ئەوا ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقەکە لاواز دەکەین. بەم مانایە، (ئەصل) هیچ نیە جگە لەبەری لقەکانی کە لەگەڵ نەگۆڕەکانیدا چەند پەیوەندیەکی زیندووو گۆڕاو هەڵدەسەنگێنێ، کە نوێبووەوەتەرو پێشکەوتووترە. لەدەرەوەی ئەمە، پەیوەندی لەگەڵ بنەڕەتو نەگۆڕەکاندا بە بازدان بەسەر واقعداو نەهی کردن لەجیاوازی کە بریتییە لە بنەڕەتو بناغە پیادە دەکرێت، هێندەی ئەوەی کە بۆ گەیشتن بە ئەوی دی بەشێوەیەکی روناکبیری یان جەستەیی ڕاڤە دەکات ئەمە حاڵی ئاینیو سایکۆلاریستیو نەتەوەییو سۆسیالیستییە. لەبەرئەوە بە گوتارەکان هەڵناخەڵەتێین. چونکە (ئوصولیەت) بریتییە لەنکوڵی کردن لە (ئەصل) هێندەی ئەوەی کە بریتییە لە (ئەصالەت)و دەگمەن. یان ئەوەی کە مانای فرەییو هەمە جۆری یان نوێگەریو بە بڕشتی.

٩–لێرەوە پێداویستی بۆ چاوخشاندنەوە بەدوا لیزمەی خودو غەیر، سەرهەڵدەدات. ئەم مەسەلەیە لای من بریتی نیە لە پارێزەری ناسنامەی من، بەڵکو چۆن مامەڵە بکەم لەگەڵیدا: دوو شێواز هەیە:

یەکەم: ئوصولیەتی ناوەندی، کە تاکجەمسەرو ئاسانخوازییە، تراتیندیتالیو میتافیزیکییە، وشکو نەگۆڕە، داخراوو دەورەدراوە. ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ناسنامەدا یان بیرۆکە یان دروشمدا، جا هەرکامیان بێت، بریتییە لە گۆڕینی ناسنامەی مرۆڤە یان بۆ سەربازگەیەکی بڕواگەرایی کە تۆقاندنو توندوتیژی، یان وێرانیو کارەسات دەخاتەوە کە نموونەی ئەمەش هاواردەکاتو ئەزموونەکان گەواهی ئەمەن. لەروسیا پرۆژەی چاکسازی کشتوکاڵ لەپێناو پارێزگاری کردنی بەرژەوەندی جوتیارەکان کوشتنی چوار ملیۆن جوتیاری لێکەوتەوە. لەئەفغانستان چەندین قوتابخانەی زانستی گەشەسەندوو لەسەردەستی ئەوانەی تیایدا پێگەیشتبوون تەختو تەراج کران. لەیەمەنیش لەهەفتەیەکدا دەهەزار کوژراو کەوتەوە لەئاکامی ململانێ لەنێوان گروپو باڵەکاندا لەپێناو پەیڕەو کردنی سۆشیالیزمدا.

ئا ئەمەیە دیکتاتۆریەتی گوتەو تاکگەرای ماناو تیرۆرخوازی بنەڕەت. رێگەیەکی تریش هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ناسنامەدا یان بیرو بڕوادا کە رێگەیەکی کراوەو نەرمونیانە، رەخنەییو پرسیار ئامێزە، زیندوو جوڵاوە. پێکهاتەییو فرە خوازە، ناوەنجیو ئاڵوگۆڕەکییە. ئەم رێگەیەیە تواناکان ئەکاتەوە بۆ دروست کردنی خودو هاوبەشی کردن لەپێکهێنانی دیمەنی جیهانی ئەویش لەڕێگەی دروست کردنی (وەقائع)و بەرهەمهێنانی راستیەکانەوە لەبواریک لەبوارەکانی کاردا.

ئەمە چۆن بەڕێوە دەچێت لەکاتێکدا ئێمە ئەمڕۆ ئەچینە سەردەمێکی نوێوە لەسەردەمەکانی بونەوەردا، کە لەگەڵیدا دیمەنی جیهانو رێکخستنی شتەکان ئەگۆڕێت کە شان بەشانە لەگەڵ شۆڕشی پەیوەندیو تەقینەوەی زانیاریدا. هێندەی کە بکەری مرۆڤی نوێ لەسیفاتو ناوەکانییەوە سەر هەڵدەدات وەک مرۆڤی ژمارەیی، هاو نیشتمانی نێوانەی (البینی)، کرێکاری مەعریفی، ناوەندگەر نەک ئامۆژگارکاری لەسەر مافەکانو سەربەستییەکان، پاش خامۆش بوونی پرۆژەکانی رزگاربوون، ئەوەی کە لە توانادایەو گونجاوە بریتییە لە رزگاربوونی بانگهێشت خوازان لەوەهمەکانیان دەربارەی سەربەستی، بەقەدەر ئەوەی کە بریتییە لە رزگاربوونی خەڵک لەپابەندبوون بە بەها گشتییەکانەوە.

١٠-جیهانگیری، کە بۆتە تەوەری گفتوگۆو دایەلۆگو جیاوازی، بریتییە لەبەهەشتێک مەگەر لەوەهم دانەبێت، چونکە لەم سەرزەمینەدا فیردەوسێک نیە. بەڵام جیهانگیری کارەساتیش نییە مەگەر لای بێ عەقڵەکان نەبێت لەوانەی کە چەکی فیکریان تۆڕ هەڵدەدەن و وەک تۆقیو هەڵسوکەوت ئەکەن لەبەرامبەر ئەوەی کە روودەدات لەگۆڕانکاریو هەڵگەڕانەوە. رەنگە فەرەنسییەکان خەڵەفابووبن لە هێرش کردنیاندا بۆسەر جیهانگیری کەهاوکاتە لەگەڵ پاشە کشەیاندا لەبەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. بەڵام عەرەبەکان پێش جیهانگیری لەبەهەشتی بەریندا نەبوون. لە پێشەنگی کەژاوەی شارستانیدا نەبوون ئینجا بەرەو دواوە پاشەکشەیان کردبێت. کەواتە ئیتر بۆچی ترس؟! باشتر وایە یەکەم جار عەرەبەکان وەک هەلێکی مەعریفی مامەڵە لەگەڵ جیهانگیریدا بکەن، بۆ ئەوەی لەرەوتی کاروبارەکان تێبگەنو ئاگاداربن لە گۆڕانکاری پێشهاتەکان. دووەم جار وەک هەلێکی وجودی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. چونکە ئەوەی لەتوانادایە گونجاوە ئەوەیە کە ئەو حاڵە بگۆڕن کە تیایدان بە عەقڵیەتو وێناکردنو بەهاکانیشیانەوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوکێشە وجودیەکە بگۆڕن بەهۆی ئەفراندنو بەرهەم هێنانو داهێنانەوە. بەرهەمهێنەر بەقەدەر ئەوەی دروست دەکاتو داهێنان دەکات واقیع دەگۆڕێت. ئەمە وەک شاعیرێک وایە کە شیعرێک دەئەفرێیت یان ئەو سیاسەتمەدارەی کە شێوازی کاریگەر ئەگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، یان ئەو سەرمایەدارەی کە چەندین بوار بۆ وەبەرهێنان ئەکاتەوە، یان ئەو زانایەی تیۆرێک دائەنێت بۆ دەستنیشانکردنی واقع، یان ئەو فەیلەسوفەی کە کاردەکات بۆ نوێ کردنەوەی مەفهومەکانو ماناو رەهەندی نوێی دەبەخشێت. کامەیان زیاتر بەسوودترو راستی لەخۆگرترە، ئەوەی کە درۆشمی سەربەستی بەکاربراو بەرزدەکاتەوە یان ئەوەی کەچەمکی سەربەستی نوێ دەکاتەوە؟ ئەوەی کە پارێزگاری لەتایبەتمەندێتی روناکبیری خۆی دەکات لەدژی داگیرکاری بەشێوەیەکی شکست خواردوانە یان ئەوەی کە بەشێوەیەکی بە بەرهەمو شکێنەر مامەڵە لەگەڵ ناسنامەکەی خۆی دەکات ئەویش بە ئەفراندنی بیرۆکەیەک کە کاریگەری خۆی بەجێ دەهێڵێت و بوارە ئاڵوگۆڕ ئامێزەکەی خۆی دروست دەکات لە گۆڕەپانی فیکری جیهانیدا؟ من بە پرسیارێک رایئەگەیەنم کێ زیاتر کاریگەری هەیەو

سودمەندتریشە، ئەوەی کە لەداگیرکاری روناکبیری (الغزو الثقافي)ئەترسێت یان ئەوەی کە دەسکەوتێك ئەهێنێتەدی کە کەسانێکی تر پێویستی پێیەتی یان شتێك بەرهەم دەهێنێت کە بڵاودەبێتەوەو بەکاردەبرێتو دەستاو دەست دەکەوێت؟

١١- من بەعەقڵیەتی مژدەبەخشیو ئاگادارکەرەوە (البشیرو النذیر)ەوە باس لەجیهانگیری ناکەم چونکە من پێغەمبەرنیم هەتا مژدەببەخشمەوەو خەڵك رێنومای بکەم. بەڵکو هەوڵ دەدەم کە تێبگەمو دەستنیشانی ئەوە بکەم کەروودەدات، بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانم بەشتە لەگۆڕانهاتوەکانەوە بگۆڕمە سەر ئاکامێکی مەعریفی یان بگۆڕم بۆ کارێکی فیکری ئەمە بە قەدەر ئەوەی کە پیادەی تایبەتمەندێتی روناکبیری خۆم دەکەم بەشێوەیەك کە لەگەڵیدا دەرچەیەکی زۆر دەوڵەمەندترو کاریگەرتر بێتە ئاراوە ئەمەش ئەرکی یەکەمینی منە:

هەڵێنجانی (امکان) ئەویش بەهەڵسوکەوت لەگەڵ رووداودا بەزمانی لێك گەیشتنو کارکردن بۆ داڕشتنەوەی بەشێوەیەکی عەقڵانی، هەروەك چۆن مامەڵەم لەگەڵ شۆڕشی تەکنۆلۆژیو گۆڕانکارییە شارستانیەکان کردووە لەکتێبەکەمدا بەناوی (حدیث النهایات).

ئەمەیە وام لێدەکات کە وەك (امکان)یك بۆ وجودو ژیان یان بۆ مەعریفەو کار، سەیری جیهانگیری بکەم کە ئێستا لەکرانەوەدایە بەقەدەرکرانەوەی جیهانەکان بەسەر یەکتردا، بەقەدەر ئەوەی کە هاوشان دەبێت لەگەڵ پێکهاتنی بونەوەری نوێ یان لەدایك بوونی شێوازێکی نوێ بۆ بەرهەمهێنانو پەیوەندیو ئاڵوگۆڕ یان سەرهەڵدانی هێزو کاریگەری نوێ لەسەر شانۆی کەونی.

ئالێرەوە، من ئەگەر بێتو حەماسەت بۆ قسەکردن لەسەر کرانەوەی زانستیو شۆڕشە تەکنەلۆژیەکانی سەردەمی جیهانگیریدا رایکێشام، ئەوامن واز لەئەرکی مەعریفیم ناهێنم، بۆ ئەوەی سەرقاڵ بم بە چەپڵە لێدان بۆ جیهانگیری، نەك بۆ سەرقاڵ بوون بەنەفرەت لێکردنیشی، بەو شێوەیەی کە ئەوانەی بە عەقڵیەتی ئایدۆلۆژیای خەباتکارانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن واتە ئەوانەی کە بە کۆمەڵە چەمکێکو بەهای بەکار براوەوە هێرشی دەکەنە سەر جیهانگیری کە بەو پێیە ئەو هێزانەی رابەرایەتی جیهانگیری دەکەن زیاتر پێی بەهێز دەبن.

١٢-من وابیرناکەمەوە کێشەکەم لەگەڵ جیهانگیریدایە، بەڵکو لەگەڵ بانگەشەکارە بنەڕەتگەر (اصولی)یەکاندایە کە ئەیانەوێت بیروباوەڕی داخراوو حوکمە رەهاکانیان لەسەر عەقڵو ویژدانو جەستەی من مۆربکەن، بەقەدەر ئەوەی کە لەگەڵ روناکبیری نوێگەر بەچەمکە پوچەکانیو نموونە بەکار براوەکانی دایە.

بێگومان کێشەی من لەگەڵ کلتورەکەمدا نیە، بەڵکو لەگەڵ ئەو بانگەشەکارە کلتوریەدایە کە پەیوەندی من بەکلتوری زیندووو دەوڵەمەندەوە ئەگۆڕێتە سەر مەعریفەیەکی مردوو یان چەند بە بەرد بوویەکی فیکریەوە، لەبەرامبەریشدا کێشەی من لەگەڵ پۆست مۆدێرنیزمدا نیە بەڵکو لەگەڵ ئەو روناکبیرە مۆدێرنیستەدایە کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەسکەوتە مۆدیرنەکاندا ئەگۆڕێت بۆ بانگەشەی ئایدۆلۆژیو دروشمی پوچ یان بانگەشەو پڕۆژەی شکست خواردوو. کەواتە، گرفتەکە لەپەرستنی بنەڕەتە کۆنەکانو نموونە نوێیەکاندایە پێکەوە. کە ئەمەش لە گرنگترینو ترسناکترین تەگەرە رێگرەکانی بەردەم نوێ کردنەوەو ئەفراندنو گەشەسەندنو پێشکەوتن دایە. بەم مانایە، قەیرانەکە لەوڵاتە عەرەبیەکاندا، لای سەرمایەدارو پیاوانی راگەیاندن نیە بەقەدەر ئەوەی کە لای روناکبیرو بانگەشەکارەکانە..، واتە خودی پارێزەرانی ناسنامە. مەبەستم لەپارێزەرانی ناسنامەش ئەو کەسانەیە کە بیر لە هەڵگێڕەرەوە (مقلوب) دەکەنەوە هێندەی کە تواناو وجودییەکانی

رووداوەکان پەردەی لەسەر هەڵدەدەن ئەگۆڕن بۆ نەتوانایییەکی فیکری یان کەمتەرخەمی کرداریکی.

ئەمە هەڵوێستی منە لەبەرامبەر ئەوەی کە رووبەدات: بیرو بڕوایەک یان گوتەیەک یان تیۆرێک ئەو کاتە بەندەو ناوێک یان بنەڕەتێک یان نموونەیەک داگیرم نەکات، بەشێوەیەک سەربەستیو ناسنامەی خۆم پیادە بکەم لەبیرکردنەوەی رەخنەییو بەمەرجدا، مەگەر مەرجی رەخنەی مەعریفی، پشکنینی عەقڵی، بۆ ئەوەی بەشداربم لەگفتوگۆ جیهانیەکان کە لەسەر کێشە هەنووکەییەکان بەزمانێکی لێك تێگەیشتوویی و نوێو جیاواز بەڕێوە دەچێت.

١٣-کورتەی قسەکان: کەس جێگەمان ناگرێتەوە لەتێگەیشتن لە واقیعی خۆمانو داڕشتنەوەی کێشەکانمان یان چارەسەرکردنی قەیرانەکانماندا. نە پێشینەکانی عەرەبو نەهاوچەرخە ئەوروپییەکان: نە شافیعیو نە مۆنیسلیۆ، نە فارابیو نە رۆسۆ. نە ئیبن سیناو نە دیکارت، نە ئیبن روشدو نە کانت، نە ئیبن خەلدونو نە مارکس، نە چۆمسکیو نە ئەنتۆنی گیدتر...

ئێمەین ژیانی خۆمان دروست دەکەینو پێشکەوتنی خۆمان بەدی ئەهێنین بەقەدەر ئەوەی کە ئەتوانین ئەفراندنو داهێنان ئەنجام بدەین، بۆ بەشداری کردن لەوەرشەی شارستانی جیهانیدا، ئەویش بەوەی کە لە مەعریفەو تیۆر یان بەهاو پێوەر یان یاساو (تەشریعات) یان ئامرازو تەکنەلۆژیا، یان شمەکو زانیاری بەرهەم دەهێنێت. لە دەرەوەی ئەمە ئێمە بەدەر دەبین لە ئەرکی بیرکردنەوەی زیندوو و ئەفرێنەر، ئەوسا زیاتر ئەکەوینە پەراوێزەوە پاشەکشەی زیاتر ئەدوورینەوە لەبەرامبەر پێشکەوتنی ئەوانی دیدا. بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نکوولّی لە پێشبینیەکانمان بکەین، هەروەك چۆن بەو واتایەش نایەت کە بەر پرسیارێتی ئەوەی کە ئێستا پێوەی ئەنالێنین بخەینە ئەستۆیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێشینەکان ئەفرێنەرو داهێنەربوون سەرباری ئەوەی کە جیاوازبوون لە قوتابخانەو رێبازیاندا. ئەو پاشماوەو نووسینانەی کە بۆیان جێهشتووین بریتییە لەسەرمایەیەکی رەمزی یان رەسیدێکی زۆرو زەوەندی مەعریفی، کە بۆی ئەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی

دیکارت

کاری لەسەر بکەین بەو مەبەستەی کە بیخەینە کارو وەبەری بهێنین یان سەرفی بکەینو بیگۆڕینە سەر دەسکەوتی فیکریو شمەکی رەمزیو هەنووکەیی هەتا بەهۆیەوە جیهانی فیکرو مەعریفەی پێ دەوڵەمەندتر بکەین.

ئەم مەسەلەیە هەمان شتە بۆکارتێکەری نوێگەرەکانو دەسکەوتەکانیان. ئەمە سەرچاوەی قەیرانەکانمان نیە هەروەك ئەوانەی باس لە

داگیرکاری روناکبیری دەکەن پێمان رائەگەیەنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمە دراوو رووداون کە خۆیان ئەسەپێنن بەسەرماندا. بە قەدەر ئەوەی کە توانستی کراوەن لەبەردەممانداا، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین و کاری لەسەر بکەین بۆ فراوانکردن و پێشخستنی یان دەولەمەندکردن و نوێ کردنەوەی بەوەی بۆمان ئەلوێت کە بەشداربین لەدروست کردنی شارستانی جیهانی و نەخشەکێشانی چارەنووسی مرۆڤیدا.

١٤-ئەوەیە گرەوی من وەک کارایەک لە لقێک لە لقەکانی مەعریفەدا کە بەتایبەتمەندێتی خۆم کاربکەم بەشێوەیەکی بەردراو بە بەرهەم مامەڵە لەگەڵ ناسنامەی خۆمدا بکەم، بەشێوەیەک کەواز لە عەقڵیەتی قوربانی و پیلان بێنم و بەعەقڵیەتی بەرپرسیارێتی و هاوبەشێتییەوە هەڵسوکەوت بکەم، واز لە زمانی تەشەرو سکالای دژە تێگەیشتن و عەقڵانیەت بهێنم، بۆ ئەوەی بەزمانی داهێنەرانە بدوێم و بە لۆژیکی کرانەوە و کەشف کاربکەم. ئەمەیە پارێزگاری کردنی راستەقینە لەخود لەرووبەڕووبوونەوەی تەحدیاتەکاندا.

ئالێرەوە، پێم وایە کە ئەرکی ئێستای من، بریتی نیە لە بەرگری کردن لەهەواداری (انتحاء)ی خۆم بەڵکو ناسنامەی روناکبیریم هەڵبوەشێنم بۆ ئەوەی لەراستێتی بەربەریەت بوونم تێبگەم، واتە بەوەی بۆم دەلوێت دووبارە ناسنامە پێکهاتەییەکەم دابڕێژمەوە بەشێوەیەکی نوێ. ئەوەی پابەندی دەبین لەچەمک و بەهاو نەریتەکان رەنگە سەرچاوەبن بۆ ئەوەی کە سکالای لەسەر دەربڕین. بە پێچەوانەوە، ئەوەی کەلێی دەترسین رەنگە کلیلی دەرچوون بێت لەتەڵەزگە شارستانی یان وجودییەکانی جا کۆیی بێت یان تاکی.

سەرچاوە: رۆژنامەی (السفیر)ی رۆژی ٢٠٠١/٧/١٣

بووکی زستان

ناهید حوسێنی

سنه



شار تریفه تریف داوەت ئەگێڕێ
دار وەك من بە بەرگی بووکێنی خۆی پێکەنی
ئاسمان بێ دەنگ هاواری کرد
پەپوولە سپیەکان دابارین
چەند جوامێرانە روانیتە بالای ئاواتەکانم
چەند ئازایانە فڕیت تا ئەوپەڕی چاوەڕوانیم
پرووش، پرووش دابارێت
کڕێوە، کڕێوە، هەستەکانت داپۆشی
بۆران، بۆران، ناسینتم کرد
هەتاو، هەتاو توامەوە
کامە وەرزی ژیانم بووی
وا هەتاوو رووبارو هەورت ئەناسی
دار پێکەنی
ئەو کاتەی نامۆ بووم لەبەرگی خۆم
سپی، رەش بوو
ئەو کاتەی بوو بە بەرگی من
هۆ ئاسکۆڵە بەرگ بەفرینەکان
نەکەن پێکەنن بەبووکێنیتان



ناشێ سەرکردەی گەورەی مالّ
ئەم شەوە بەفرینە بناسێتەوە
بێزار ئەبم لەخۆمو تۆ
چەند رێکو پێک قۆڵت گرتم
ئەو کاتەی ئاواتەکانم پێکەنین
بەزستانە بەرگی بەختەوەریم
پێکەنیمو پێئەکەنم
بەهەموو بەرگە سپیەکان
وابۆ دوا رۆژ
ئەبن بە تۆپەڵە شەڕەی کۆڵان
چاوت بکەرەوە
بگری ئازیز
بگری بۆ پێکەنینەکانی من
بۆ پێکەنینی دارستان
بۆ بێزاری ئەم داوەتەو
ئەو گۆڤەندەی تۆم تیا ناسیتو
قەت نەم ناسیت.

أ/

زاوای ئاسان
بەرگی سپی ئەکردە بەر بووکی کۆڵان
بووکی کۆڵان
هێدی، هێدی
کچێنیەکەی
بەهەتیوی سکڵ ئەدۆڕان.

ژیان بەکەلەبچەی دێرەکانەوە

نازاد مارف

کەی تەمێکی ئاڵی شیعر دام ئەپۆشێ
دەمم پڕە لەئاوی مزری بێدەنگی
گلۆپی ژوورەکە تادێ کز ئەبێ.. بەدیوارەکەوە دوور ئەکەوێتەوە
شیعر هەواڵێکی نییە.
شانی تاریکی لەسەر پیرێتیم ناجوڵێ.
لەنێو سنگی نەرمی چرکەیەکدا خەیاڵم ناوەستێ
تا هێشویەك پیتی رەنگاو رەنگ لەرۆحم بکەمەوە
شیعر هەواڵێکی نییە.
لەخۆوە وەهمی دێرێك بەلامدا گوزەر ئەکا ناگیرێو
دەسکی پەنجەرەیەك ئەکاتەوە
بۆنێك بەنازەوە خۆی دەڕێژێ
پۆل پۆل وشە لە شووشەی سەوزەوە ئەفڕێ
عومرێکی سپیش بە حەرفەکانمەوە ئەلکێ
شیعر هەواڵێکی نییە
تۆش لەتابلۆکەوە کە دابەزیت
عەتری رەنگەکان مەسڕە
بەبۆنی خۆتەوە وەرەو
پێکەنینێکم بۆ راخە.. زۆرنا.. جێی عینوانی شیعرێکم بۆ بکەرەوە

با خەیاڵم بتەکێنم
منداڵێك بەتارمایی باوکیا هەڵزناوە
بە ئیشارەت لەودیوی خەیاڵەوە پێی ئەڵێ:
کە ئایندەی تۆ لەسەر جەستەی من مردو
وردە شووشەی خۆر رژایە نێو چاوانم.
هێشووە بەفری درەختێکم بۆ بکرێ
با لەژێر سەعاتی دیوارەکەمانا رایخەم‌و لەسەری راکشێم
تا تك تك چرکەکانی ئەچۆڕێتەوە نێو دەمم.
شیعر هەواڵێکی نییە
شوێن بۆنی دێرێکی دی ئەکەوم
لەبەردەم قەڵبەزەی گومانێکدا
ژنێك لە کەپرێکی ئاودا دەبینم
بە پارچە شەرمی رەنگاو رەنگ لەحزە دڕاوەکانی ئەنێژێ‌و
یاداشتی وەرزێکی بۆنخۆش بەئەگریجەیدا دێتە خوارێ.. شیعر هەواڵێکی نییە
دەنگێك لەنێو خۆمدا پێم ئەڵێ:
چڵێ شیعر کە بۆنی دایکتی لێدێ
بەقەدی ساڵەکانەوە پەرژینی گوڵان ئەشکێنێ
لەخەونیدا لەسەر زەردەی ئێوارەیەك فرمێسکی وشە ئەڕوێنێ
شیعر هەواڵێکی نییە
لەنیگای نامۆییەوە پرژەیەك ئەکەوێتە سەر کاملبونی تەنیایم
لەژێر ئاسمانی ئاوابووندا بە ئاگادێمەوە
رێبوارێکی مەست بەرچاکی پڕە لە رەنگی تەپۆ
مەزرای حەرفەکان ئاو ئەدا
لەتەموزی خەیاڵا بە گوێسوانەی هەورەکانەوە
ژیان بە پەلکی شیعرەوە شۆڕئەکاتەوەو
بەکەلەبچەی دێڕەکانی هەڵمئەکێشێ
لەگەڵ مندا شیعریش دەست لەملان ئەبێ.

سازش لەگەڵ بادا

ئیدریس عەلی



سڵاو ئەی با..
ئەی یەکەمین ئازاری هەڵکردووی دڵی زەمین
ئەی نەوزاشی یەکەمین نزای ژیان
ئەی قوببەی باڵاشەنگی سەر مللەی
ئەوەڵین ماچ.
من لەگریانی یەکەمین بەیانی بەهارەوە
بارانم ناسی،
لەزەردەخەنەی یەکەمین سپێدەی گوندەکەمانەوە
ئەوەڵین راچڵەکینم دەستی پێکرد،
من لەجەنگی پەپولەکانی سەر تەوێڵی دایکمەوە زانیم
گوڵ چەند بەشکۆیە لەخەونی باخچەدا،
لەوەرزی تاعونەوە.. لەئافاتە سارەکانی زەمەنەوە
دڵنیابووم.. ژیان تەریق بونەوەیەکی بەردەوامە،
لەسەر شەقامێکی بێ باوەڕ خەونم دیت
دەرگایەك بەشینی دەکرایەوە.. تۆم لەوێ دیت
لەشەرما سپیت دەشاردەوە،
لەخەونمدا یەکەمین باخچەم ناسی

هەستی بەئازاری سێوێك دەكرد لەكاتی گەییندا،
چۆلەكەیەك بێ رەحمانە هەرمێی دەخستە رستەوە
باخەوانێكیش لەترسا
شاتوویەكی غەمباری بەكاڵی
دەبردەوە بۆ ماڵی خوا..
لەیادم چوو ئێوارەیەك
بەدەم داكرمانی خۆرەوە كوژرابم‌و
هاوڕێكانم بەدەم پیاسەوە باسێكیان كردبم،
بیرم چوو شەوێك هەیبەتی خەیاڵم
رۆكردبێتە نێو شكۆمەندی بەرچینەی قەسیدەیەكەوە،
یان خەونی نیمچە كۆڵاوم هەربەخوێنەوە
بۆهاوسێیەكی سیاسیم گێڕابێتەوە.
بەڵام ئەی با
لەیادمە سااڵنێكیان پشیلەكانت فێركرد
وەفا بە گیانمانەوە بلێسنەوە
لەیادمە گەر بەملەكانی ژێر خاكت گوتبێ
چیمەنەكانی ئارەزوویان بەجوانییەوە هەڵڵوشە،
تەنیایی ئێمە بەردی تۆبوو
چاوی ئینجانەكانی عەشقمانت پێ كوێركرد
نیازت بوو گوڵەكانی دڵمان نەخوێندەوارین!!
ترسایت.. ئەی با لەوەدەچوو ترسابیت
لەپشتی وێنەكانی منااڵی بنوسین:
(یادگاری جوانترین یارییە لەپیریدا

* * * * * *

ئێمە هێشتا روخساری خودامان
لەئاوێنەی هیچ رۆژگارێکەوە نەدیبوو
مانگمان لەتەنیایی‌دا بەنەفرەت کرد
هێشتا ماناى بتە ڕەقەکانمان
لەبێدەنگی بەردەکان جودا نەکردبوویەوە،
هێشتا وشەی شمشێرمان لەچیرۆکەکاندا بەکارنەهێنابوو
نیشتمان ئەو روبەرە ئاگراویە نەبوو
کۆمەڵێ مرۆڤ لەسەری بسوتێن،
هێشتا درەختی پرسیارمان چرۆی نەکردبوو
پێناسەی شەڕی جۆگەلەکان
لەتاقی کردنەوەکانی سەری سالّدا نەدەهاتەوە
هێشتا شەرمان لەڕوتی مانگو
فڕینی بالّندەکان نەکردبوو
ترسمان نەبوو لەوەی سبەینێ هەتاو
لەکوێی نیشتمانەوە هەڵدێ..
پایزمان بەنەفرەت کردوو.. تۆومان لەکۆلّان وەدەرنا ! !

*　　*　　*　　*　　*　　*

بەلّام هاتی..
وەک بایەکی تەوقیت کراو
دلّی هەموومانت لەسەدلای شەڕەوە تەقاند،
تەنها من لەشەڕێکدا
لەپەناشەرەفی باخێکدا کوژرام ! !
ئێستاش دەبێ لەسیمناری سەرۆکدا
چەپڵە بۆچەند درۆ لێبدەم؟
چەندجار بڵێم مەرگی دایکم لەچاوەشینەکانی نیشتمان دەچێ؟

ئەبێ دەست لەملی چەند کتێبی پیرۆز بکەم
هەتا عومرم لەنەفرەتی ئەم بێباوەڕییە پاك دەبێتەوە؟
بڵێ ئەی با.. هەتا چەند پایزی دیکە
حیکایەتی تەنیایی سیسارکەکان
بۆ منداڵە ترساوەکانی شەو بگێڕمەوە
ئەبێ چەند سیمی دڕکاوی
لەسنوری خەیاڵم بکەمەوە.. هەتا تامی تاڵی
ئەم سەفەرەم لەزاردا شیرین دەبێ؟

*　　*　　*　　*　　*

بەنەفرەت بێ یەکەمین مامۆستا
کە بەچاوی کوێرەوە دووداری وشکی نیشاندام
لێنەگەڕا لەپەنجەرەوە هەربەسەوزی بیان بینم،
بەنەعلەت بێ ئەو باوکە خەیاڵییەی بەیانییەك تائێوارە
لەسەر یەك پێیان وەستاندمی‌و
لێنەگەڕا پڕ بەکۆڵان هاواربکەم:
(منالێنە دەستم نییە لەدیوار)
مردن بۆ ئەو هاوڕێ سیاسییەم
کە لەچاوی عەشقەکەمی کردمە دوژمن
لێنەگەڕا گۆرانیەك بین بۆ سەوزی باخچە
نەی ئەهێشت شەقامێك بین بۆ گەمەی
منالە سپیەکانی ئایندە
لێنەگەڕا پایزێك لەرۆحی تەزیوی زەمەندا سامالّ بین.
تۆش درەنگ هاتی ئەی با
کە هاتی کۆترەکان گمەیان لێبڕابوو،
ئێمەش شوێن خەیاڵی هەنگاوەکان کەوتین

لەدوورەوە هاوارمان کرد:
سوپاس ئەی نیشتمان کە رێگەت داین
گۆرانیەکانی سپێدە لەبێدەنگی ئێوارەیەکدا بکوژین
قیژانمان:
مەمنون ئەی سەرکردە خۆشوازەکانی شەڕ
کە هێشتان چریکەی بولبولو زەوقی یاسەمینەکانو
تەرمی شەرمی منالّە تەمبەڵەکانی مەکتەب
لەم کۆڵانە رەشەوە بپەڕێنینەوە کۆڵانێکی رەشتر،
سوپاس بۆ تۆش ئەی با
ئەی سەرداری مەخلوقە شینەکانی ئاسمان
سوپاس کە فریای داخستنی دەرگاکانو
مالّئاوایمان نەکەوتی،
بەڵام نزای کۆلارە دڕاوەکانی شارت بەرزکردەوە
لای عەرشی خواو
پرسێکت بە بالّندەکان نەکرد..
درەنگ هاتی.. ئەی با.. کە هاتیشی
ئێمە نوێژەکانی عەسرمان بردەوە مەیخانەیەکی قەراخ شار
لەیەکەم رکاتدا سەری بوتڵەکانمان بەکالّیدا کرماند
لەدووەم رکاتدا خۆمان لەمەستی ئێوارە گوشی
لەسێهەم رکاتدا چۆڕ.. چۆڕ.. تکاینە
نێو مەرکانە بەتاڵەکانی شعورەوە
لەچوارەم رکاتدا پەپولەکان رژانە نێو زهنمانەوەو
لەدوورەوە حەوزێکیان نیشان داین
پڕپڕ بوو لەماسی مردوو..

* * * * *

لەیادم چوو گەر شەوێك بەمەستی
گۆرانیەکم بەهەڵە گوتبێ
یان شیعرێکی (دلاوەرم) لەپەنجەرەوە هەڵدابێتە
سەرە رێی کچێك
ئەویش بەدەم سەرسوڕمانەوە گوتبێتی
(تەماشا چەند سادەیە ژیان)
بێ ئاگابووم گەر شەوێك بەمەستی
شەقامێکی موحەجەبەم زویر کردبێ
کفرم کردووە گەرتفم لەروتی مانگ کردبێ
لاڵ بووم گەر بەکچی مامۆستاکەم گوتبێ:
(کچی جوان تەنورەکەت زۆر کورتە)

* * * * * *

دەرەنگ هاتیو کاتێ هاتی
دڵنیات کردم حەقیقەت
سەرێکی دەچێتەوە سەرکوشتن
زانیم راستی دراوسێی برینەو
عەشق هاوڕێی جەلادێکی لەخوا ترسە
تێگەشتم مۆسیقا بۆچی ئاگری نێوان دوو خێڵە؟
تۆ کەهاتی ئێوارەیەکی دەرەنگ وەخت بوو
کەڵەشێرەکانی کۆڵان دەستیان بەخوێندن کرد
ئیدی زانیم دڵنیایی سەری کوڵانەکەمان دەخوات و
فریای داخستنی دەرگایەك ناکەوین
فریا ناکەوین بەکابرای بەقاڵ بڵێین:
(کاکی برا میوەکانت کۆکەرەوە)
یان بەپیرەژنە دەنگ زیکنەکە بڵێین: (دەرەنگە کەروێشكو مریشکەکانت بکەرەوە نێو کولانە)

* * * * *

ئێستاش لێرە
لەم کۆڵانە تاریکەوە دەرگاکان
بە بزەی روناکی مانگ نەبێ ناکرێنەوە،
ئێستاش لێرە
لەم ژوورە تەنگەی خەیاڵەوە
منداڵێك بەدیار تەرمی دایکیەوە
پەنجەکانی خۆی لێك دەخشێنێ
ژنێك بەدەم باوێشك دانەوە
واقی لەژیان وڕ دەمێنێ
پۆلیسێك پێکەنینی بەشیعردێو دەڵێ:
(یاساغە ژیان بۆیاخبکرێ)
کچێك باوەڕ بەدوعاکانی باوکم ناکات
بڕوابە سوێندەکانم ناکات
بڕوا ناکات ئێوارەیەك لەجەنگی پەپولەکاندا کوژراوم.
نازانێ دەماخم بەدووکەڵی جگەرەیەکی پیر رەش هەڵگەڕاوە،
بڕواناکات سێبەرم لەدیوار پێ جوانترەو
قەفەسم لەکەو خۆشتر دەوێ،
نازانێ لەخەونمدا باران و هەتاوم پێکەوە دیوە
رژاونەتەنێو پەرداخێکی بەتاڵەوە،
بڕواناکات بەهارانێ مااڵێکم هەبووە درەختەکانی پێکەنیوون
شەوانەش پەنجەرەکانی لەپرخەی (با) هاڕەیان کردووە
خۆشم سااڵنێ دەستەکانم مەشخەڵی سااڵوو دوعا بوون..

ئەو گوڵانەی تەمەن لە من ناشێنن..



ڕەنج شوکری تۆفیق

بە بێدەنگی نیشتمانێك بڵێ
چەندجار ڕوو ڕەشی بە بەردبوونی
جەنگە سەرابیەکان بووە؟...
لە وژەی ڕژانەکانی تەمەن بپرسە
چی لەگریانی دەرفەتەکانی عیبادەتو
ڕۆحە پیرەکانی سەفەرکرد؟...
لەزێوانی گۆڕستانێکی دەربێنە
کامە چرای لەگەڵ مردنی چاوەکاندا
بەکێڵی قەبری خەیاڵێکدا هەڵواسی؟...
لەدوای وەرینی تەمەننای پاساریەکان
هیچمان نەدی،
تەنها نزای پەروانەیەکی لەگوڵ دابڕاونەبێ!
هیچمان نەدی،
تەنها خڕۆکە کوژراوەکانی تەرمی هەنارنەبێ،
لەهەوارە شینەکانی تکاندا جێ مابوون.
ئەمجارەیان
لەعەیامی حەکایەتی پیرەژنانەو

نهێنیی‌یه دۆڕاوه‌که‌ی شاعیران ده‌گه‌ڕێین.
قومێك یه‌ئس
له‌پیاڵه شکاوه‌که‌ی زوڵمدا نۆش ده‌که‌ین‌و
پایزانێك به‌ره‌و ئه‌و وڵاتی غه‌ریبی‌یه
ڕێده‌که‌وین..
له‌وێ له‌مێژووی شه‌ڕ ئه‌دوێین
گۆرانیه‌کانی براکوژی
به‌سه‌راپای خه‌ونی هه‌تاودا ئه‌که‌ین‌و
چڕتر له‌ره‌شبینی،
بۆ ته‌مه‌نی ئێواره سپیه‌کانی کوفر ئه‌گه‌ڕێین.
له‌وێ له‌فنجانی فاڵچیه‌کاندا
به‌خته پەمه‌یی‌یه‌کانی گێڵاس ئه‌بینینه‌وه
فڕینه‌کانی تری ته‌نیایی‌و
سه‌فه‌ره‌کانی جاڵجاڵۆکه،
له‌مسه‌ری گوناهه‌وه
تا ئه‌و سه‌ری گومان
له‌وێ له‌یه‌ك سکێچی ناسینه‌وه‌دا
وێنه‌ی قه‌تله‌کانی باران ئه‌به‌خشینه‌وه به‌گوڵ!!
ڕێزمانێك بۆ تووڕه‌بوونی ماسی‌و
رسته‌یه‌ك بۆ له‌دایك بوونی مردن ده‌نووسین
له‌وێ ته‌مه‌ن پڕده‌بێت له‌ئه‌فسووس‌و ترسان
چ جای له‌باوێشکی به‌ره‌به‌یانی هاوڕێکانمان ناگه‌ین
ئیدی گوێ بۆ زه‌نگه نابووته‌کانی
دوای خه‌زان رائه‌دێرین.
له‌پەنجه‌ره‌ی دڵه‌کانه‌وه
بۆ پەیکه‌ره بێ ماناکانی بێ به‌ری ئه‌ڕوانین
نامه جێ ماوه‌کانی ڕێککه‌وتننامه‌ی واشنتۆن





له باکگراوندی نەوارێکی خۆڵاویدا ئەدۆزینەوە

* * * *

من لێرە دڵێکم

لەترسی عەشق رادەکات

لەوێ لەچنگی قەڵبەزەی ئاودا

بۆ بەخشینی نیشتمان دەڵێت:

چ سڕینەوەیەکی بێ ئاگابوو تەمەن؟

چ نهێنیەکی شاراوە بوو هەرەس؟

چ هەواڵێکی سەرسامکەربوو

قووتاربوون لەدەست بیابانە وشکەکانی سنگی – تۆ–؟

لە – تۆ–دا.

دواهەمین جەنگێك هەڵگیرسا..،

بەر لەکۆکردنەوەت

لەسەرابم دەرهێنا،..

کەچی ئەو هەر بانگت ئەکات

تۆش وەك منداڵێك بۆ دایکە سەراب ئەگریت

ئەی قاسیدە بریندارەکەی نێو ئومێدی رۆمانسیەت:

لە ئامێزە سەوز بووەکەی خۆتدا

جێی پەپوولەی باڵ ژەنگاوی ئەم گوڵە پەژموردەیە بکەرەوە

تا.. باوکەکانی بەرائەت دێنەوەو

گۆرانیەکانی گۆڕستان لێ دەکەون

تاریکیش لەوێنەی ئەستێرەکان دەبێتەوە،

(من) ئەمجارە هەنسك

لەتاراوگەی برا مەراق شکێنەکەم دەچڕم..

براکەم؛

لەدێڕزەمان عەشق رایگواستە نێو

–نەزۆك بوونی خەونە باریوەکانی مانگ



(ئێمە) بەیەکتری‌و شکستی خۆمان ئەوت:
حەرامێکین، خۆزگا لەسێبەری شەڕدا گەورە ئەکراین..
براکەم؛
تارمایی‌یەکی سەیر بوو
هەرگیز لەتۆقاندنی خونچە لەبارچووەکانی
-نێو قژی باخەکەمان نەدەکەوت
هەمیشە بەترسێکەوە لێیان ئەڕوانی،
تاوەرزێك
لەگۆڕی فەرزا دەینێژان!!..
* * * *
بەسە هاوڕێم
سەفەر تاکەی؟!
بۆ لەچارەنووسی دەریاکانی وەهم گەڕای
ئەوان رووبارێك کوشتنی‌و
لەتخووبی تریفەی مانگدا جێی هێشتن
ئەو بە ئافاتەکانی (تۆ)و (مانگ)ی نەزانی لای خوا
ئەو لەنێو چەواشەیی غرورا جێما
ئەو گومڕایەکی شێت بوو،
پایزێکی دڵ رەقو
دۆزەخێکی فراوان بوو لە شەڕ،
دڵۆپی رەنگی دڵمانی ئەخواردەوە
تا تێربێت لەنالێنەکانی تەنیایی!
ئەم رووبارە سکێچێك بوو لەتاوان
ئەم تاوانە هەزارەها منداڵی زۆڵی خستەوە؛
مۆمیان بەشوعلەی کوفر دادەگیرساند
میزیان بە پەرداخە سپی‌یەکانی بێزاریا دەپرژاند
ماچیان بۆ (چنار)ە وەهمیەکەی مێردی (توو)یەك هەڵدەدا

شەپقەی منداڵە هەتیوەکانی سۆزداریان دەدزی‌و لەدوادا؛

بێ باکانە بەنێو خەیاڵە ماندووەکانی لەزەتدا

خۆیان بەماڵە خۆڵەمێشی‌یەکانی یەئسدا دەکرد ! !

* * * *

زۆر تێپەڕیم؛

نا ! ئیدی پرسیار مەکە..

پرسیار مەکە لەکۆچی ئەسپە باڵدارەکانی

ئەم ژوانگە بەکریستاڵ بوانە..

بانەوروژێنەوە سەر سکاڵای ئەسپ سواڕە تاوانبارەکانی

بەساتمەوازیان لەخوێن خواردن هێنا

پرسیار مەکە لەفەنابوونی نەورەس‌و

لەهاربوونی ئادگاری جوانی

مەپرسە لەئەسرینە بەجێماوەکانی دووکەڵ

لەوەرینی بەیبوون‌و باڵی پەروانە نەخۆشەکان

ئێرە مەزارەکانی عیشقە

ترۆپکی خامۆشی‌و

کوشتنی جوانیەکانە..

ئێرە جەللادخانەکانی ڕۆم‌و

دەمە بۆڵێی غافڵ بوونە لەسەر خۆشی

ئێرە مەملەکەتێکی تڕە لەمەنفا

ئێرە دیسان

هەر عەدەمە..

عەدەمە

عەدەمە...!



هاوینی ٢٠٠

سلێمانی

گفتوگۆی

(ئۆکتاڤیۆ باز)ی شاعیری مەکسیکی لەگەڵ

(ڕۆبەرت فرۆستی)ی شاعیری ئەمریکاییدا

وەرگێڕانی/ سیامەند مەحمود فەرەج

شاعیر بۆ دەربڕین لەشتی تایبەت بـەخۆی لـەدایك دەبێتو
یەکەم ئەرکی ئەو نکۆڵی کردنە لەپێشینانی خۆیەتی

پاش ماوەیـەك رۆیشـتنێك بـەپێو بـەدرێژایی رێگـا گشتیەکەو لەژێر خۆری کـاتژمێری سـێدا کـە بیسـت خولـەکی خایاندبوو، لـەکۆتاییدا گەیشتمە پێچەکـە. بـەلای راسـتدا لام داو بەهەورازەکـەدا سـەرکەوتم. درەختـەکانی سـەر رێگاکـە کـەمێك فێنکییـان پـێ بەخشـیم. ئـاو بـە جۆگەلەیـەکدا کـە بـەناو دارو دەوەنـەکاندا درێژدەبـوو دەڕۆی. لم لـەژێر پێمـدا خشەی دەهـات. خۆرەکـە تیشـکی خـۆی بـە هـەموو شوێنێکدا پەخش دەکرد. عەتری ڕووەکێکـی سـەوزو گـەرمو تینـوو بەهـەوادا بڵاوببـوو. درەختێـك یـان گەڵایـەك نەدەلەرییـەوە، چـەند گەوالّـە هـەورێك بەقورسی وەستابوونو لەنگەری خۆیان لەبەندەرێکی بێ شەپۆلەوە هەڵدابوو. جریوەی باڵندەیەك بەرزبوو، لەبـەر خۆمـەوە وتم: "ئـای کـە دڵڕفێنـە لـەژێر ئـەو درەختەدا قاچێك درێژ بکەم".

خـوڕەی ئـاو لـەلام لەوشـەی هـەموو شـاعیرەکان بەهادارترە؟ بۆ ماوەی دە خولەکی تر ڕۆیشتم، کاتێ گەیشتمە کێڵگەکە کۆمەڵێك منالّی قژ جوانم بینی کـە لەدەوری دار بەهێیەکدا یارییان دەکرد. بەبێ ئـەوەی یاریەکـەیان لێ تێك بـدەم دەربـارەی مامۆسـتا لێـم پرسین. وەڵامیان دامەوە: "ئـەو لەوێیـە، لەسـەرەوە لە کوختەکەدایە" و ئاماژەیـان بـۆ سـەرگردەکە کـرد. جارێکی تر کەوتمەوە ڕێو بەناو گژوگیاو دەوەنێکدا ڕۆیشتم کـە تـا ئـەژنۆم بـەرز بـوون. کـە گەیشـتمە لوتکەکـە توانیـم هـەموو چەمـە چکۆلانەکـەو چیـا شینەکانو جۆگەو زەویە تەختو ڕووناکو سـەوزەکە ببینـم. دارسـتانەکەی بنەوەشـم بینـی. بـا کەوتـە هـەڵکردنو تـا ڕادەیـەك هـەموو شتێك بەشـێوەیەکی خۆشـی بـەخش لەریـەوە. هـەموو گـەڵاکان گۆرانیـان چڕی، بەرەو کوختەکە چـووم. کوختەیـەکی دارینـەو چکولانـەو کـۆن بـوو. بۆیەکـەی تۆێکڵـی هـەڵدابوو، ڕۆژگـاریش بـۆ ڕەنگێکـی خۆڵەمێشـی گۆڕیبـووی.

ئۆکتافیۆباز

پەنجەرەکان بێ پەردەبوون. لە دەرگاکەی دەرەوە رێگەی خۆم گرتەبەرو تەماشام کرد. لەناوەوە پیرەمێردێکم بینی کە لەسەر کورسییەکی فەریح دانیشتبوو، سەگێکی لۆکەیی لەنزیکیەوە پاڵ کەوتبوو، کاتێ پیاوەکە منی بینی داوای لێکردم لەلایەکی تەوە بچمە ژوورێ. بەقسەیم کردو بینیم لەبەر دەرگای کوختەکەیدا چاوەڕێم دەکات. سەگەکە بۆ بەخێرهاتنم بازێکی دا. ڕاڕەوێکی کورتمان بڕیو چووینە ناو ژوورێکی بچکۆلانە. زەوییەکەی سفت نەکرابوو، دوو کورسی تێدا بوو، یەکێکیان شینو ئەویتریان سورباو بوو، مێزێکی نووسینگەی لێ بوو کە هەندێ کتێبی لەسەر بوو. مێزێکی تری چکۆلانەی لێ بوو کە هەندێ پەڕە کاغەزو نامەی لەسەر بوو. سێ چوار نەخشیش بە دیوارەکانەوە بوون‌و هیچی تری سەرنجڕاکێشی لێ نەبوو، دانیشتین.

"بێگومان دنیا گەرمە، ئارەزووی شوشەیەک بیرە ناکەیت؟".

"وابزانم، بەڵێ. نیو کاتژمێر بەپێ ڕۆیشتووم‌و زۆر ماندووم". بە هێواشی بیرەکەمان دەخواردەوە کاتێ دەمم بۆ پەرداخەکەم برد. دەبێ شتێك هەبێت لەکراسی سپی‌و پاك پاکتربێت. چاوە شین‌و بێ تاوان‌و گاڵتە پێ هاتووەکانی‌و سەرە فەلسەفیەکەی‌و بەو دوو دەستەی کە لەدەستی جووتیارێك دەچوون وەك پیرە شارەزایەك دەهاتە بەرچاوو لەوانەی پێیان خۆشە لە گۆشەگیری خۆیانەوە چاودێری جیهان بکەن. بەڵام هیچ شتێکی سۆفییانە لە نیگاکانیدا نەبوو، دووڕەپەڕێز لەجیهان نەك بۆ ڕەتکردنەوەی، بەڵکو تاکو بەشێوەیەکی باشتر ببینێت. خوا پەرستێکی دووڕە پەڕێزنەبوو، گردەکەشی بەردێکی ناو بیابان نەبوو، سێ قەڵە ڕەشەکە ئەو خواردنەیان بۆ نەهێنابوو کە دەیخوات، سەرەشتییەخوودی خۆی لە دووکانی گوندەکە کڕیبووی.

"بەڕاستی شوێنێکی جوانە، واقیعی دیارە، ئەم دیمەنە سروشتیە لەچاو دیمەنەکانمان لە

(مەکسیك)دا زۆر جیاوازە، بۆ ئەوە دروستکراوە تاکو خەڵکی تەماشای بکەن و مەوداکانیش بۆ قاچەکانمان دروستکراون"

"کچەکەم پێی وتووم دیمەنەکە لەولاتەکەتاندا زۆر دراماییە".

"سروشت لەوێ دوژمنکارە، ئێمەش کەم و بێ هێزین، دیمەنە سروشتیەکە مرۆڤ بەکاردەهێنێت. پاش ئەوە لەوێ هەمیشە ئەگەری مەترسی گۆڕانت بۆ رووەکێکی دڕکاوی هەیە".

"پێیان وتووم کە خەڵکی لەوێ بەدرێژایی چەندین کاتژمێر ئارام دادەنیشن و هیچ شتێك ناکەن".

"لەکاتی زەردە پەڕاندا لەقەراغ رێگاکاندا لەدەروازەی شارۆچکەکاندا بەشێوەیەکی تەواو ئارام دەیانبینیت".

"ئا بەم شێوەیە بیرکردنەوەی خۆیان دروست دەکەن؟"

"ولاتێکە رۆژێك لەرۆژان دەبێتە بەرد. درەخت و رووەکەکان وەکو مرۆڤەکان هەر هەموو روو لەبەرد بوونن. گیاندارەکانیش: سەگ و گورگ و مارەکان. باڵندەی لێیە لە قوڕی سوورکراوەن و ئێجگار سەیرە ببینیت بفڕن و گوێت لێیان بێت بجریوێنن. چونکە تۆ هەرگیز بەو بیرۆکەیە رانایەیت کە ئەمانە باڵندەی راستەقینەبن".

"لەتەمەنی پانزە ساڵیمدا بوو کە یەکەم هۆنراوەم نووسی. دەزانی باسی چیی دەکرد؟ ئەوسا (بریسکۆت)م دەخوێندەوە. لەوانەیە (بریسکۆت) خوێندنەوە وای لەمن کردبێت بیر لە ولاتەکەتان بکەمەوە. ئایا (بریسکۆت)ت خوێندۆتەوە؟".

"لە نووسەرە خۆشەویستەکانی باپیرم بوو، جارێکیان کە منالبووم کتێبێکم خوێندەوە. پێم خۆشە جارێکی تر بیخوێنمەوە".

"دووبارە کتێب خوێندنەوەم پێ خۆشە. بڕوام بەو مرۆڤانە نییە کە خوێندنەوە دووبارە ناکەنەوەو ئەوانەی کتێبی زۆر دەخوێننەوە وەکو شێت دێنە بەرچاوم. شێتیەکی نوێیەو ژمارەی ئەوانەی دەم بادەدەن زۆر دەکات. دەبێ چەند کتێبێك بەباشی و بە بەردەوامی بخوێنیتەوە".

"برادەرێکم پێی وتووم کە شێوازێك بۆ خێراکردنەوەی خوێندنەوەیان داهێناوە. وابزانم پلان بۆ فێرکردن لە قوتابخانەکاندا دادەڕێژن".

"ئەوانە شێتن. ئەوەی دەبێ بیکەیت ئەوەیە کە وا لە مرۆڤەکان بکەیت بە هێواشی بخوێننەوە. پاش ئەوە دەزانیت بۆ ئەم شتانەیان داهێناوە؟ چونکە ترساون، مرۆڤەکان لەبەهێواشی کردنی پەیوەندییان بەشتەکانەوە ترساون، چونکە ئەمە دەستیان دەخاتە روو. لەبەر ئەوە لە لادێکانەوە بۆ شارەکان هەڵدێن، لەوە ترساون کە خۆیان بن".

"بەڵێ، جیهان پڕ لەترسە".

"دەسەلاتدارەکانیش ترس دەقۆزنەوە، بەر لەئێستا بەم جۆرە سووکایەتی بەژیانی تاکایەتی نەکراوەو ڕێز لە دەسەلات نەگیراوە"

"بەدڵنیاییەوە، وەکو تاك بژی و وەکو تاك بڕیار بدەیت ئاسانترە، مردنیش ئاسانترە لەوەی لەسەر حسابی کەسێکی تر بمریت، ترس هێرشمان دەکاتە سەر. ترسی مرۆڤی ئاسایش هەیە کەوای لێ دەکات ملکەچی پیاوی بەهێز بێت. بەڵام ئەو ترسەش هەیە کە بەهێزەکان هەستی پێ دەکەن. ئەوان ناوێرن بەتەنیا بمێننەوە، چونکە ترساون. بە تووندی دەست لە دەسەلات گیردەکەن".

"لێرە مرۆڤەکان لادێ بەجێ دەهێڵن و بۆکار لە کارگەکاندا دەڕۆن، کاتێ دەگەڕێنەوە ئەو خۆشەویستیەی خۆیان بۆ لادێ لە دەست دەدەن. لادێ سەختە. دەبێ هەمیشە وریابیت و تۆ لەهەموو شتێکدا نەك لەتەنیا بەشێك وەکو لە کارگەکاندا بەرپرسیاریت.

"پاش ئەوە لادێ ئەزموونی گۆشەگیرییە، ناتوانیت لە نومایشکردنی فلیمێکدا ئامادە بیت یان پەنا بۆ مەیخانەیەك بەریت، هەر وەکو شیعرە، ژیان وەکو شیعر وایە. کاتێ شاعیر هۆنراوەیەك دەنووسێت وەکو بانگەشەیەك بۆ نەزانراوە دەست پێدەکات: دێڕی یەکەم دەنووسێ و ئەوەی بەدوایدا دێت نەزانراو

دەبێت. لەوە دڵنیانین کە لەدێڕی دوای ئەم دێڕە شیعرە چاوەڕێمان دەکات یان شکستییە. ئەم هەست بەمەترسی کردنە کوشندەیە هاوڕێتی شاعیر دەکات لەهەموو جەربەزییەکانیدا ".

"لەهەموو بەیتێکی شیعردا بڕیارێك چاوەڕێمان دەکاتو ناتوانین چاو لێکنان هەڵبژێرینو لەرەمەك بگەڕێین بە ئارەزووی خۆی ئیشی خۆی بکات. رەمەکی شیعری لەگرژییەکی وریا پێك دێت".

"لەهەموو بابەتێکدا، لەهەموو وتەیەکدا ئەگەرێکی شکستی خۆی حەشاردەدات. ئەگەری ئەوەی کە لەوانەیە هەموو هۆنراوە کە نەك ئەو بەیتە شیعرە بەتەنیا شکست بهێنێت. لەژیانیشدا وایە، لەهەموو ساتێکدا دەتوانین لەدەستی بدەین. لەهەموو ساتێکدا گرەوێکی کوشندە هەیە، هەموو ساتێك هەڵبژاردنێکە".

"ئەمە راستە، شیعر ئەزموونی ئازادییە، شاعیر گرەو بە خۆی دەکاتو لەهەموو دێڕێکدا کە دەینووسێت رووبەڕووی مەترسییەك دەبێتەوە".

"ناتوانیت بۆچوونی خۆت بگۆڕیت. هەموو دێڕێك کارێکی کۆتاییانەیەو بۆ هەتا هەتایە. لەهەموو دێڕێکدا مرۆڤ بۆ هەتا هەتایە پابەند دەبێت. بەڵام ئێستا مرۆڤەکان وازیان لە بەرپرسیارێتی هێناوە. کەس نایەوێت بڕیار بۆ خۆی بدات. هەر وەکو ئەو شاعیرانەن کە پێشینانی خۆیان کۆپی دەکەن".

"بڕوات بەکەلەپوور نییە؟".

"بەڵێ، بەڵام هەموو شاعیرێك بۆ دەربڕین لەشتی تایبەت بەخۆی لەدایك دەبێتو یەکەم ئەرکی ئەو نکۆڵی کردنە لەپێشینانی خۆیەتی، لە رەوانبێژی ئەوانەی بەر لە ئەو هاتوون. کاتێ دەستم بەنووسین کرد، بینیم وشەکانی شاعیرە دێرینەکان بەکەڵکم نایەن. ئەوەی بەلای منەوە پێویست بوو داهێنانی زمانی تایبەت بەخۆم بوو، ئەو زمانە بوو کە زۆر مرۆڤی سەرسامو بێزارکرد. زمانی کۆمەڵەکەی خۆم بوو. ئەو زمانەی کە دەوری منالّیو هەرزەکاریی دابوو. دەبوایە بەر لە دۆزینەوەی وشەکانی خۆم ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەم. دەبێ زمانی ژیانی رۆژانە بەکاربهێنیت".

"بەڵام تۆ پەستانێکی جیاواز کاری تێکردوویتو دەڵێی هەموو وشەیەك هەر بۆ ئەوە خولقێنراوە تاکو گوزارشت لەو ساتە تایبەتە بکات، چونکە لەوشەکاندا شتێکی پلان بۆدانراو هەیە، نووسەرێکی فەرەنسی دەڵێت: "گەڕان بۆ وێنە ناکرێ بەڵکو دەدۆزرێتەوە". لەو بڕوایەدا نیم مەبەستی لەوە بووبێت کە جڵەوی داهێنان لەدەستی رێککەوتە، بەڵکو ئەوە بووبێت کە هەڵبژاردنێکی دانراو بۆ لای وشەی تایبەتمان دەبات".

"شاعیر زمانی تایبەتی خۆی دادەهێنێت، پاش ئەوە دەبێ دژ بەو رەوانبێژییە بجەنگێت. هەرگیز نابێ پابەندی شێوازەکەی خۆی بێت".

"شێوازی شیعری نییە. کاتێ شێوازێکت دەستدەکەوێت ئەوە (ئیتر ئەو شێوازە) جێگا بەشیعر لێژ دەکات".

"کاتێ دەستم بەنووسین کرد ئەمە دۆخی شیعری ئەمەریکی بوو، لەوێوە هەموو سەرکەوتنەکانمو هەموو تەنگانەکانم دەستیان پێکردو ئێستا لەوانەیە دژ بەو رەوانبێژییەی دامان هێناوە بجەنگین، جیهان دەخولێتەوەو ئەوەی دوێنێ هەبوو لە ئەمڕۆدا جێگای نابێتەوە. دەبێ کەمێك گاڵتە بە هەموو ئەمانە بکەین. پێویست ناکات هەموو شتێك بە بیرۆکەکانیشەوە بەڕاستی وەرگرین. ئێمە بەڕاستیمانەو زۆر سۆزدارین. بەڵام دەبێ کەمێك بەخۆمان پێبکەنین. بڕوا بەو کەسانە مەکە کە نازانن چۆن پێبکەنن" و پێکەنی، پێکەنینی پیاوێك بوو بارانی دیوە، هەر وەها پێکەنینی پیاوێك بوو کە تەڕبووبێت".

هەستاینە سەر پێ، بۆ پیاسەیەکی کورت چووینە دەرەوە. لە گردەکە دابەزین. سەگەکە لەبەردەممادا بازێکیدا. کە هاتینە دەرەوە پێی وتم: "لەکۆتاییدا بڕوا بەو کەسانە مەکە کە نازانن چۆن بەخۆیان پێبکەنن، شاعیرە سەنگینەکان. ئەو پرۆفیسۆرانەی هەستی گاڵتەو گەپیان نییە. ئەو پێغەمبەرانەی کە هەر ئەوە دەزانن بنەڕێنەو وتاربێژن. هەموو ئەمانە مەترسیدارن".

"هاوسەردەمەکان دەخوێنیتەوە؟".

"هەمیشە شیعر دەخوێنمەوە. پێم خۆشە هۆنراوەی شاعیرە لاوەکانو نووسینی هەندێ لەفەیلەسوفەکان بخوێنمەوە، بەڵام بڕستی رۆمانم نییەو بڕوا ناکەم تاقە رۆمانێکم خوێندبێتەوە".

رۆیشتین، کاتێ گەیشتینە مالّی کێڵگە، منالان دەوریان داین، شاعیر باسی منالّیی خۆیی بۆم دەکرد، ئەو ساڵانەی لە (سان فرانسیسکۆ) بەسەری بردوون و گەڕانەوەی بۆ (نیو ئینگلاند).

"ئەمەیە ولاتەکەمو بڕوام وایە کە گەل رەگو ریشەی خۆی لێرەدا شۆڕکردۆتەوە، هەموو شتێك لێرەوە پەیدابوو، ئایا دەزانیت کە ویلایەتی (فیرمۆنت) بەشداربوونی لەو جەنگەی دژ بە (مەکسیك) رەتکردبۆوە؟ بەڵێ، هەموو شتێك لێرەوە پەیدابوو، لێرەش ئارەزووی مرۆڤ بۆ خۆنقووم کردن لەنەزانراودا پەیدابوو، هەر وا ئارەزووی بەتەنیا مانەوەت لەگەڵ خودی خۆتدا. ئەگەر بمانەوێت ئەوەی تێیدایین بپارێزین. دەبێ بۆ ئەمە بگەڕێینەوە".

"بەڵی منەوە کارەکە سەخت دیارە، ئێوە ئێستا گەلێکی دەوڵەمەندن".

"بەر لەچەند ساڵێك بیرم لەوە کردبووەوە کە بۆ ولاتێکی بچووك بچم، لەوێ گوێت لەو ژاوەژاوە نابێت کە لەهەمووانەوە بەرز دەبێتەوە. "کۆستاریکا"م هەڵبژاردو کاتێ خۆمم بۆ ئەو رۆیشتنە ئامادە دەکرد گوێم لێ بوو کە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی جلّەوی رووداوەکانی ئەوێی لەبەست بوو، لەبەر ئەم هۆیە. هاتنم بۆ (نیو ئینگلاند) هەڵبژارد.

گەیشتینە سەر پێچەکە، تەماشای کاتژمێرەکەمم کرد. پتر لەدوو کاتژمێر بەسەر چووبوو.

"باشترە بڕۆم، لە پۆستەی (لۆف)دا چاوەڕێم دەکەن".

دەستی درێژکردو وتی: " شارەزای ڕێگاکەیت؟"

وتم: "بەڵێ"و تەوقەێکمان کرد، پاش ئەوەی چەند هەنگاوێك دوور کەوتمەوە گوێم لەدەنگی بوو:

"دەستبەجێ بگەڕێوە! کاتێ دەگەیتە (نیۆیۆرك) بۆم بنووسە. لەیادت نەچێ".

سەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاند. چاوم لێی بوو بە تووڵە ڕێگاکەدا سەردەکەوتو لەگەڵ سەگەکەیدا یاری دەکرد. لە دڵی خۆمدا وتم: لە حەفتا ساڵی تەمەنی خۆیەتی" کە گەڕامەوە لەڕێگادا گۆشەگیرێکی ترو سەردانێکی ترم بەخەیاڵدا هات "لەو بڕوایەدام (رۆبەرت فرۆست) پێی خۆشدەبێت (ئەنتۆنیۆ ماتشادۆ) بناسێت. بەڵام چۆن لە یەکتر دەگەن؟ ئەو ئیسپانییەو بە ئینگلیزی نادوێتو ئەمیان ئەمەریکییەو ئیسپانی نازانێت. بەچاو پۆشینەوە لەمە بزەیان بۆیەك دەکردو لەوە دڵنیام کە دەستبەجێ برادەری یەکتر دەبوون. ئەو خانووەی کە لە (رۆکافۆرت)ە لە (بلینسێ)م بیرکەوتەوە. باخچە کێویلە فەرامۆشکراوەکە. ژووری دانیشتنەکەو شتومەکەکانی کە تۆزیان لێ نیشتووەو (ماتشادۆ) سیگارەکەی بەدەمەوەیە دێتە دەرەوە. ئیسپانیەکەش پیرەمێردێکە لەجیهان دوورەپەڕێز بوو. ئەویش دەیزانی چۆن پێبکەنێتو خەیاڵ ڕۆیشتوو بوو. وەکو ئەمەریکیەکە نەك لەقوتابخانەکاندا بەڵکو لە پەراوێزەوە فەلسەفاندنی پێ خۆش بوو، هەردووکیان پەندیارن: ئەمەریکیەکە لە کوختەکەی خۆیداو ئیسپانیەکە لەچایخانە دێهاتیەکەدا.. (ماتشادۆ)ش گوزارشتی لەو ترسەی خۆی لە سەنگینەکان کردبوو. خاوەنی هەمان بزەی کەمەندکێش بوو. بەڵام بزەی ئەویتریان خەمناکترو دڵڕفێنتر بوو. بڕێکی زۆر بەفر لە هۆنراوەکانی ئەم کەسەدا هەیە.

بەڵام گەردو تۆزو شوێنەواری سەردەمە دێرینەکانو مێژوو لەهۆنراوەکانی ئەوی تریاندا هەیە. گەردو تۆزی (قشتالە)و گەردو تۆزی (مەکسیك) کە هەر ئەوەندە دەستت بۆ برد لەدەستتدا دیار نامێنێت..".

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی/ ئوسامە ئەسبەر رۆژنامەی (السفیر) ژمارە (٨٣٦٦لە ١٩٩٩/٨/٦).

پێناسەو کارنامەی گوڵی تەرەقی

*ساڵی ١٩٣٩لەتاران لەدایکبووە، زانکۆی لەئەمریکا تەواوکردووە، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران (٩)ساڵ لە(سازمان برنامە)و (٦)ساڵ لەکۆلێژی (هنرهای زیبا)ی زانکۆی تاران کاری کردووە.

*بەرهەمەکانی:

١-من هم چەگوارا هستم (کۆمەڵە چیرۆك)١٩٦٩. ٢-خواب زمستانی (رۆمان)١٩٧٣. ٣-خاطره های پراکنده (کۆمەڵە چیرۆك)١٩٩٢. ٤-جای دیگر (کۆمەڵە چیرۆك)٢٠٠٠.

*گوڵی تەرەقی کۆمەڵێ وتاری دەربارەی ئەفسانەو رەمزە کۆنەکان نووسیووەو بڵاویکردوونەتەوە بەڵام هێشتا وەکو کتێب چاپی نەکردوون. رۆمانی (خواب زمستانی)کراوە بەفەرەنسی و ئینگلیزیو دڵاوەر قەرەداخ-یش لەژێر ناونیشانی (زستانه خەون -دا- کەدیارە ناونیشانەکەی بەهەڵە تەرجومەکردووە)کردوبەتی بەکوردی. کورتە چیرۆکی (بزرگ بانوی، روح من)لەساڵی ١٩٨٩خەڵاتی باشترین چیرۆکی ئەو ساڵەی وەرگرتو چیرۆکی (اتوبوس شمیران)ی کراوە بەفەرەنسی.

*بەرهەمە تازەکانی بریتین لەڕۆمانی (بازگشت) و رۆمانی (عادت های غریب اقای الف درغربت).

*دوومنالی هەیەو لەساڵی (١٩٧٩)ەوە لەفەرەنسا دەژی.

*تۆ لەم ساڵانەدا ژمارەیەکی کەم چیرۆکت بڵاوکردۆتەوە. ئایا ئەوەندە کەم دەنووسیت یان هەندێ لە چیرۆکەکانت خستە لاوەو بڵاوت نەکردنەوە؟

-دەبێ دان بەوەدابنێم کەمن نووسەرێکی وەسواسمو کەم دەنووسم. نووسەران لەڕوی سروشتی چیرۆك نووسینەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە. نووسەری وا هەیە کە شەوو رۆژ دەنووسێتو ساڵی دوو کتێب بڵاو دەکاتەوە. نووسەری واش هەیە وەکو ئەمیلی بروتنە یەك رۆمان زیاتری نەنووسیوە رۆمانەکەشی (بەرزاییەکانی وێزرینگ)ەو بەیەکێك لە شاکارەکانی ئەدەبی ئینگلیزی لەقەڵەم دەدرێ. کەمو زۆر نووسین پەیوەندیی بە شێوازی بیرکردنەوەو خولقو خووی نووسەرەوە هەیە. من نووسەرێکی دوو دڵمو دنیا بەگران دەگرم. بەردەوام گومان لەو شتە دەکەم کە دەینووسم. تەماشای نووسەرە گەورەکانی دنیا دەکەمو دەبینم، بە بەراورد لەگەڵ ئەواندا زۆر بچووکم. حەیام دەچێ. ناتوانم کڵاویکەمە سەری خۆم. لەلایەکی تریشەوە ناتوانم دەست لەنووسین هەڵبگرم.

گفتوگۆیەك لەگەڵ گوڵی تەرەقیدا

چیرۆك ئاوی ڕەوانە نەك لمی ژێر زمان

و/محەمەد کەریم

پەلە قاژە دەکەم بۆ ئەوەی باشتر بنووسم. پرزە لەخۆم دەبڕم. ئەوەی نووسیوومە خەتی بەسەردا دەهێنم‌و سەرلەنوێ دەینووسمەوە. ئەوەی کە نووسیوومە سەدجاری دەگۆڕم. بەشوێن ئەو وشەیەدا دەگەڕێم کە حەزم لێیەتی. لە وردێنە دەترسم. رستەکانم کبورت دەکەمەوە. دەترسم خوێنەر تاقەتی نەمێنێ. چونکە ئەم بەڵایە هەمیشە تووشی خۆم دەبێت. بیست لاپەڕە لەکتێبێك دەخوێنمەوە‌و دەبینم کە ئیتر ناتوانم بەردەوام بم. بەکورتی نووسین بەلای منەوە کارێکی زۆر دژوارە. رۆمانێکم هەیە بەناوی (عادت های غریب آقای الف در غربت) "رەفتارە سەیرو سەمەرەکانی ئاغای ئەلف لە غوربەتدا" بیست‌و دووساڵ بەسەر دەست پێکردنی ئەم رۆمانەدا تێپەڕ دەبێ. تەواوم کردووە بەڵام هێشتا بەناتەواویی ماوەتەوە. پڕە لەچاڵ‌و چۆڵ، لاوازو کەم خوێنە هێشتا قابیلی چاپکردن نییە. دەبێ زیاتر لەگەڵ ئاغای ئەلفدا بژیم. لە فەسڵی یەکەمدا ئاغای ئەلف تەمەنی پەنجاو دوو ساڵە. ئەمڕۆ کە بیست ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە بووە بە پیرەمێردێکی حەفتا ساڵە. دەبێ پەلە بکەم دەنا ناچارم مەراسیمی ناشتنەکەشی بنووسم. نووسینی رۆمانێك لەچەند بەرگێکدا لەتوانای فیکریی‌و جەستەیی من بەدەرە. نووسینی من چڕو پڕو شاعیرانەیە. هەر بۆیە کورتە چیرۆك فۆرمی نموونەیی منە.

*بەڵام هەموو جارێك رۆمان دەنووسیت؟

—تەنها رۆمانێك کە نووسیبێتم (خواب زمستانی)یە ئەویش فۆرمێکی تایبەتی هەیە. دە چیرۆکی سەربەخۆی پێکەوە بەستراوە. شەش مانگە لەتارانم. سەرقاڵی نووسینێکی تازەم. سی‌و چوار لاپەڕە زیاترم نەنووسیووە. بەشوێن ئەو وشانەدا دەگەڕێم کە خۆم دەمەوێن‌و حەزم لێیانەو هەتا نەیاندۆزمەوە رازی نابم. لەئەنجامدا قەڵەمەکەم دەخەمە لاوەو کتێب دەخوێنمەوە. ئەوروپایی، فارسی کۆن‌و نوێ، کتێبی زانستی، جیۆلۆجی، ئەستێرە ناسی، کون بەکون بەشوێن ئەو وشانەدا دەگەڕێم کە پێویستمن. ئەو وشانەی کە دەشێ سوودیان لێ وەربگیرێ. زمان بەلامەوە گرنگترین رەگەزە.

بەڵام زمانێکی خامۆش‌و خاکی. بەبێ نازکردن‌و خۆ نواندن. دوژمنی پەخشانی بریقەدارم. پەخشانی پڕ

بریق‌و باق یان پڕ پێچ‌و پەنا. هات‌و هاوار لەسەر هیچ. خوێنەر چ گوناهێکی کردووە؟ دیوانی (شمس) کتێبی ئازیزی منە. پڕە لە وشەی مۆدێرن. وشە سازیی زاراوەی نوێ یان زاراوەی عامیانە. لەتەک وشەی سەنگینی شاعیرانە لەم کتێبەدا لە ئاستێکی بالادایە. دوو دنیا ئاوێتە دەکات. تەنها لەوە دەترسم بێ ئاگا زمانم زۆر شاعیرانە بێ.

*بەڵام لەکتێبێکدا کە باسی سوهرابی سپهریت کردووە نووسینەکە دەبێت بەشیعرو چیرۆکەکە زۆر شاعیرانەیە.

-رەنگە مەبەستت لە (بزرگ بانوی روح من) واتە (گەورە خانمی رۆحی من) بێت. ئەم چیرۆکە تێکەڵێکە لە واقیع‌و خەیاڵ. لە دوو ئاست یان پێکهاتەدا فۆرمەڵە دەبێ.

یەکێکیان رووداوی ژیانی رۆژانەیە‌و ئەوی تریان رووداوی مەعنەوی دەروونییە. زمان، بۆ خۆی، ملکەچی ئەو دوو شێوازە دەبێت. بەڵێ، بەشی کۆتایی ئەم چیرۆکە خۆتان وتەنی دەبێت بەشیعر. چونکە بریتییە لەوەسفی حاڵەتێکی ترو پەیوەندی بەناخەوە هەیە وەسفی ئەزموونێکی بینراوە. دەربڕینی ئەم ئەزموونە زمانی خۆی هەیە بەڵام یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ واقیع. مەگەر خودی ئێمە، من‌و تۆ، لەنێو ئەم دوو دنیایەدا ناجوڵێینەوە؟ لەنێو وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەدا نقووم بووین‌و لەهەمان کاتدا، بەردەوام، لە دەرگایەکی دیکە دەدەین.. واتە دنیای خەیاڵ‌و شیعر. بەتایبەتی ئێمە کە فەرهەنگێکی شاعیرانەمان هەیە‌و رۆحمان لەگەڵ شیعردا شێلراوە، کە بۆخۆی یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی ئێمە لەچیرۆک نووسیندا. سونەتی رۆمان نووسینی ئێمە بەبەراورد لەگەڵ سونەتی شیعریماندا بەقەد یەک دانە هەرزنە. دەبێ لەنێوان ئەم دوو زمانەدا. واتە زمانی ئاماژەو زمانی دەربڕین، جۆرێک لەهاوسەنگی دروست بکرێ. من بۆ خۆم، پەنا بۆ تەنز دەبەم. تەنزی شیرینی لەڕادە بەدەر زمان دەشکێنێ‌و چەوری وشە فەلسەفیەکان دەتوێنێتەوە. تەنزەکە زمان تازە دەکاتەوە. بەڕای من تراژیدیا ئەگەر بەخەم‌و ئاهو ناڵە دەربڕێ دەبێ بەلاوانەوەی پرسە. بەڵام ئەگەر بەسادەیی‌و بە- تەنزی تاڵ- دەربڕێ، رەهەندێکی قوڵتر پەیدا دەکات. من شەیدای زمانێکم کە رۆح‌و جەستەی هەیە، رۆح‌و گەدەو سک، جار بەجاری مرۆڤ بەدڵ‌و ریخۆڵەی دەنووسێ، بەدانەکانی‌و هەندێ جاریش، بە پێچاو پێچەکانی دنیای خەیاڵی دەنووسێ.

*ئەگەر مۆڵەت بدەی وەکو چیرۆکەکانی خۆت بەفلاش باک بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٥و یەکەم چیرۆکت (میعاد-ژوان) کە لە گۆڤاری (اندیشەو هنر)دا بڵاوبۆوە، میعاد چەندەمین چیرۆک بوو کە نووسیت‌و بڵاوت کردەوە؟

-میعاد یەکەم چیرۆکی من بوو کە بڵاوبۆوە. واتە یەکەم چیرۆک کە بە ئینگلیزی بڵاوم کردەوە لە گۆڤارێکی زانکۆدا بوو. کە هاتمەوە ئێران، ئامانج‌و مەبەستم نووسین‌و بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانم بوو. چۆن چۆنی؟ کەسم نەدەناسی لەنزیک بوونەوە لەزمانی فارسی دەترسام ئەو ترس‌و لەرزە بوو بە هۆی ئەوەی کە سادە بنووسم‌و زۆر خۆم دەرنەخەم‌و بەخۆمەوە نەنازم. ئەم سادە نووسینە بو بەشێوازی چیرۆکەکانم. لەڕێگەی مێردەکەمەوە واتە (هژیر داریوش)پێم بۆناوەندە ئەدەبیەکانی ئەوکاتە کرایەوە. لەمااڵی (ابراهیم گلستان) (فروغی فرخزاد)م ناسی.

فروغ رقی لەو ژنە رۆشنبیرانە بوو کە حەزیان لەخۆ دەرخستە، رەحمی لەدڵدانەبوو. من گۆشەگیرو بێدەنگ بووم. بوو بە هاوڕێم. کاتێ لێی نزیک بوومەوە دەستم بەقسەکرد- یەعنی چیرۆکم دەگوت- و فروغ زۆر هانیدام فروغ بەلامەوە گرنگ بوو. باوەڕم پێی هەبوو ژنێک بوو کە هۆش‌و نیگای شاعیرانەی بۆ دنیا زۆر بەدڵی من بوو. (میعاد)م نووسی. (شمیم بهار)یشم ناسی. ئەویش لوتفێکی

زۆری لەگەڵ خۆم‌و چیرۆکەکانم کرد. هاوکاری گۆڤاری (اندیشەو هنر)ی دەکرد. بەهیمەتی ئەو چیرۆکی (میعاد) بڵاوبۆوەو من بەخەیاڵی خۆم، بووم بە نووسەر.

*تۆ لەساڵانی ۱۹۶۸-۱۹۶۹دا یەکەم کتێبت بڵاوکردەوە؟

—بەڵێ، کەم کەم دەستم بەنووسین کرد. بەڵام بەوریاییەوە لەسەرخۆ هێواش بڕۆ هێواش وەرەو بەردەوام بووم. ئەمڕۆ جۆرئەتم زیاتر بووە. لەو کاتەدا، وەکو کەسێك وابووم کە مەلە نازانێ. بەچووپەوە، شڵپە شڵپم دەکرد. دەست‌و پێم دەجوڵان بۆ ئەوەی سەرم نقوم نەبێت.

ئەمڕۆ خۆم فڕێ دەدەمە ئاوەکەوەو سەرم نقوم نابێت. زمانی فارسی وەکو دەریایەکی گەورە لەبەردەمما خەوتووەو حەز دەکەم هەتا دوورترین شەپۆل مەلەبکەم.

*با بێینە سەر کتێبی دووەمت واتە (خواب زمستانی) فەزایەکی جیاوازتری هەیە لەگەڵ هەموو چیرۆکەکانی دواییتدا. شێوەی رەفتارو تێڕوانینی کارەکتەرەکان جیاوازە. چۆن گەیشتیتە (خواب زمستانی)؟

—خواب زمستانی، بەڕای خۆم، جۆرە دان پێدانانێکی دەروونیە. کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە لەخەودان. توانای جموجۆڵیان نیە. لەوەزعێکی دەروونیدا بەستوویانە. چەق بەستنی ئەو کارەکتەرانە بۆ خودی خۆم دەگەڕایەوە. لەهەمان کاتدا نیشاندەری چەق بەستنێکی کۆمەڵایەتی‌و گشتی بوو. ئەم قسانە ئێستا دەیانکەم. کاتێ ئەو رۆمانەم دەنووسی ئاگاداری ئەم مەسەلانە نەبووم. بابەتەکەیم هەڵنەبژاردبوو. رۆمانەکە بۆ کەمنی دەنووسی. من تەنها وەسیلەیەك بووم. باناوێ بنێین بەرەو پەرتکردنی نەست. زۆر بەخێراییش ئەو رۆمانەم نووسی. دەتگوت لەپێشدا نووسراوە. یەکێك پێم دەڵێت‌و من دەینووسمەوە. من پێم وایە سادقی هیدایەتیش بەهەمان شێوە (کونە بەبووی کوێر)ی نووسیووە. وات بەخەیاڵدا نەیەت کەمن دەمەوێ خۆم لەگەڵ هیدایەتدا بەراورد بکەم. قسەم لەسەر جۆری نووسینە. پێم وایە فروغیش لەزۆربەی شیعرەکانیدا ئیلهامی بۆ هاتووە. رۆحی شاعیرێکی جیهانی لەجەستەی فروغدا توایەوەو لەزمانی ئەوەوە قسە دەکات.

جۆرێکی دیکەی نووسین هەڵبژاردنی بابەت‌و تەرح کردنی پرسیارە. کەلەسەر بنەمای پرسیاری فەلسەفەی چیرۆك فۆرمەڵە دەبێت‌و دوور لەم ناوکە مەرکەزیەیە دنیایە دروست دەبێ. من سوود لە ئەزموونە واقیعیەکانی ژیانم وەردەگرم. پاڵەوانی چیرۆکەکانم دەناسم. کەسانی دەوروبەرمن. بەشێك لەم بەشێك لەو وەکو لێفەی چل پارچەیە، پێکەوە دەلکێنرێن. دەسکاری کارەکتەریش دەکەم ئەم دەسکاریە خۆشم دەگرێتەوەو خانمی نووسەر بە ئاوریشمی بەجیا چنراو لەکەسانی دی نازانم. بەهەرحاڵ (خواب زمستانی)م زیاتر ناگایانە نووسی. هەر بۆیە، لایەنی رەمزیی ئەم رۆمانە لەهەموو کارەکانی دیکەم زیاترە. رەمز یان وێنەکانی سەرەتا دەبێ بۆخۆیان لەقوڵایی نەستەوە هەڵبقۆڵێن‌و بێنە دەرێ. ئەگەر ئاگایانە هەڵبژێردرێن دەسکردن‌و وزەو رەسەنێتیان تێدانییە. (خواب زمستانی) هەتا فۆرم‌و تەکنیکەکەشی منی غافلگیرکرد.

*ئەو بێ توانایی‌یە لەچیرۆکەکانی دیکەشتاندا بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە لەو فەسڵەدا کە بیرەوەرییە پەرش‌و بڵاوەکانی ئاغای ئەلف-ی تێدا بڵاوکرایەوە، ئەم بێ توانایی‌و دڵ رەنجاندن‌و کۆچکردنە بۆ هەندەران بەزۆری بەرچاو دەکەوێ.

—هێشتا زووە کە لەبارەی ئاغای ئەلف—ەوە قسەبکەین. لە راستیدا ئەو فەسڵەم کە نووسی رەش نووس بوو. دووبارە ئەوەم نووسیووەتەوەو شتێکی دیکەی لێ دەرچووە. ئەلف بوونەوەرێکی هەزار لایە.

ئازارم دەدات، ناتوانم بەتەواوی بیناسم. ئاڵۆزە، وادیارە کە بێ توانایە بەڵام وانییە. ساردیو گوێ پێ نەدانی لەجۆرێك حیکمەتەوە دێت. حیکمەتی خیامی. ئەلف کۆچەریان دوور خراوە نییە. شوێنێکی جوگرافیایی نییە. رێبوارێکی ئەبەدییە. لەهەر جێگایەك بێت نامۆیە. لەهەموو جێگایەك هەیە بەڵام نادیارە. وەکو داری هەرمێ وایە. حەکیمێکە لە خەڵوەتی خۆیدا راوەستاوە. لەهەموو ئیشەکانی ترمدا لەچیرۆکی "من هم چەگوارا هستم-منیش چێ گیڤارام"ەوە بیگرە هەتا چیرۆکی (جای دیگر- شوێنێکی دیکە) مەسەلەی هەڵبژاردنو ئازادی تەرح کراوە، بۆچی مرۆڤەکان توانای هەڵبژاردنی چارەنووسی دڵخوازیی خۆیان نییە؟ کێ کەمتەرخەمە؟ تیمانی تایبەتی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، نەژاد، ناسنامە، پێکهاتەی کیمیایی خانە، کارو کاردانەوە جیهانیەکان؟ هەموو ئەم رەگەزانە پێکەوە؟ من بۆخۆم فەلسەفەیەکم هەیە. هەموو ئەم فاکتەرانەیە سەرەڕای هۆشیاریی. ئەگەر نا هەڵبژاردنو ئازادی بێ مەعنا دەبوو. مرۆڤی هۆشیار کەسێکە کە شێوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ بووندا هەڵدەبژێرێ. روانینی دەچێتە ئەودیوی دیاردەکانەوە. روانینێکی مەعنەوی هەیە. ئەم مرۆڤە خۆی دروست دەکات. توانا لەبن نەهاتووەکانی دەدۆزێتەوە. ئەمە هەمان ئەو مرۆڤەیە کە (یۆنگ) بە مرۆڤی کامڵ ناوی دەبات. ئەم مرۆڤە کەسێکە لەڕێگەی رەوتی تاکێتیەوە خۆی دۆزیوەتەوە. خودی راستەقینەو ئەسیڵ. بڕوانە، (امیر علی) پاڵەوانی چیرۆکی (شوێنێکی دیکە) گیرۆدەی جۆرە ژیانێکی درۆینە. کە پێچەوانەی خواستو باوەڕەکانی ناخێتی. بەردەوام رووی خۆی دادەپۆشێو واخۆی نیشان دەدات کە بەختەوەرە. بووە بە پەیکەرێکی بێگیانو کارتۆنی. هەتا ئەو کاتەی کە بەدەنی لەدژی رادەپەڕێ. لەڕاستیدا نەستێتی کە لەڕێگەی بەدەنیەوە رووبەڕووی دەبێتەوە. (امیر علی) بووە بە بوونەوەرێکی دوو پارچە. وێنەی راستەقینەی خۆی لەئاوێنەی چایخانەکەدا دەبینێ، ناناسێتەوەو پاشان پەی بەوە دەبات کە ئەو وێنە پێچەوانەیە لە ئاوێنەکەدا روخساری راستەقینەی ئەوە. کاتێك کە ئەم روخسارە قبوڵ دەکاتو لەگەڵیدا دەبێت بەیەکێك، ئەوسا دەتوانێ هەڵیبژێرێ.

*لەڕاستیدا نووسەری (دار هەرمێ)-ش تووشی هەمان مەسەلەبووە؟

-بەر لەوەی بچینە سەر (درخت گلابی-دار هەرمێ)، دەبێ ئاماژە بۆ چیرۆکی (بزرگ بانوی روح من) بکەم. ئەم چیرۆکەم لەدوای (خواب زمستانی) نووسی. پاڵەوانی ئەم چیرۆکەش مرۆڤێکی گیرۆدەیە لەناو هاتو هاواری مێژوو و روداوەکانی رۆژانەدا. دەڵێی رێگەیەکی دیکە بۆ خۆی نادۆزێتەوە. چاوی لە رووداوە بچووکەکانی دەرەوە بڕیووە. موعجیزەیەك رووداوەدات. لەو هاتو هاوارەدا پەیام دەگات بە بایەخێکی سەوز لەبیابانێکی وشکدا. لەم باخەدا دەڵێی ئەزەلیە، دوور لە تەوژم ماوەتەوە. چاوی بە مالێکی سپیو مەلەکوتی دەکەوێ. حاڵی حازرو رووداوەکانی ئێستای لەبیردەچێتەوە. بۆ ماوەیەکی کەم جوانیی رەهای ماڵەکە دەرگایەکی بچووك لەئاسمانو ئاسۆی زیهنیدا دەکاتەوە. لێرەدا دەوەستم. ئەوەی بەلای منی نووسەرەوە گرنگە کردنەوەی ئەو دەرگا بچوکەیە. (خواب زمستانی) دنیایەکی داخراوە. بێ رووناکییە، چی روویداوە؟ چیرۆکەکانی من، بۆمن شەرحی حاڵی دەروونی منن. سوپاس بۆ خوا لەئاسۆی تاریكو داخراوی رۆحی منداپەنجەرەیەك بەرەو رووناکی دەکرێتەوە. لەوێوە دەچمە سەر رێگایەکی دیکە. پەیوەندیم لەگەڵ بووندا شێوەیەکی تازە بەخۆیەوە دەبینێ. دەتوانم هەناسە بدەم، بجوڵێم.

*بەم حسابە ئایا دەکرێ (دار هەرمێ) بە قسەی ناخی جیلی ئێوە بزانین، لەراستیدا ئەو جیلە لە رۆشنبیران کە هەست دەکەن پشتیان چۆڵەو ئومێدێکیان نییە؟

-لە چیرۆکی (دار هەرمێ)دا، بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێك لێکیان داوەتەوە، قسە لەسەر بێ توانایی یان زڕی دار هەرمێ-کە نییە. بە پێچەوانەوە دار

هەرمێ- کە پڕە لەوزەو بەرداڕە. بێ دەنگی کاتیی دار هەرمێکە لە حیکمەتەوە سەرچاوەی گرتووە. گوتراوە کە هەموو شتێك لەبەر خۆردا کاتیيە. کاتێك بۆ لە دایك بوونو کاتێك بۆ مردن. کاتێك بۆ دورینەوەو کاتێك بۆ دڕاندن. کاتێ بۆ قسەکردنو کاتێ بۆ بێ دەنگی، دارهەرمێ-کە تەمەنێك بەری داوە، تەمەنێك بەرداربووە. ئەوەی کە هەیبووە نیشانی داوە. ئێستا کاتی بێدەنگیو تێڕامانە لە موعجیزەی بوون. هەموو دارەکانی باخەکە، بەلقی پڕ بەرەو هاواردەکەن من باشترینم، من جوانترینم، من بە بەرترینم، من من، تەنها دار هەرمێیە کە لەو هات‌و هاواری منو باشترینەدا، لەو پێشبڕکێێی جوانیەدا، خامۆشو بێ دەنگە، وەستاوەو تەماشای دنیا دەکات. دار هەرمێکە پەیامێکی سادەی هەیە بۆ پاڵەوانە بێ تواناکەو پێی دەڵێت: هاوڕێی ئازیز تەمەنێك بیرت کردەوە، دروشمت گوت، راستتکرد، قسەت کرد، لەمەیداندا ئامادەبووی، پەرشو بڵاوبووی، وبستت دنیا بگۆڕی. بەسە، کەمێك بێدەنگبە، سەرنج بدە، لەخۆتو لەهەمیشە تەرحکردنی خۆت بەدوور بە. ئەو کرمە ببینە کە بەچ تەوازعێکەوە سەرقاڵی خوڵقاندنی گەورەترین شاکاری گەردوونە. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە پیاوێکە کە ئاوات‌و ئارەزووە بالاکانی بەباچووە، رەهاکانی شکاون. عەشقی منالیی لەبیرچۆتەوە، ئەو عەشقەی کە وابیری دەکردەوە ئەبەدییە. دڵدارەکەی کەوا بیری لێ دەکردەوە بوونەوەرێکی هەمیشەییە چیتر لە ئارادانییە. مەرگ قوتی داوە. ئایدیۆلۆژی سیاسی پاڵەوان شکستی هێناوە. ستالین بووە بە دێوێکی ترسناك. ئەو حزبەی کە باوەڕی پێی بوو لەناخەوە سڕاوەتەوە. سەراپا فریودانو ئەفسوون بووە. کڵاو کراوەتە سەری. روو لە عیرفانو مەزهەب دەکات. لەمەشیاندا شکست دەخوات. ئیتر باوەڕی بەهیچ نییە. دەیەوێ کتێب بنووسێت. نازانێ دەربارەی چی بنووسێت. جورئەتی دان پێدانانیشی نییە. قسەیەکی نییە بیکات. بەڵام لەگەڵ وێنەی کۆنی خۆیدا راهاتووە. هێشتا دەیەوێ ڕێزی بگرنو ئافەرینی بکەن. هێشتا دەیەوێ لەئارادابێتو دەیەوێ خۆی بەکەسێكو فکرێكو فەلسەفەیەکدا هەڵواسێ. نیما گوتەنی: نازانی عەبا شڕەکەی بەکوێی ئەم شەوە تاریکەدا هەڵواسێ. جگە لەمەش کەسانی دی دەستی لێ هەڵناگرن. وێنەیەکی تایبەتیان هەیە بۆیو ناچاری دەکەن ملکەچی ئەو وێنەیە بێت. شکستی ئەو شکستی ئەوانە.

*ئاماژەت بۆ ئەوە کرد کە لەدوای (خواب زمستانی)، (بزرگ بانوی روح من)ت نووسی چۆن لەو سالانەدا چاپت نەکرد؟

-چونکە مۆڵەتی چاپکردنیان نەدا بۆچی؟ نازانم. لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی عیرفانییەو ئاماژە بۆ راستیە ئەزەلییەکان دەکات- وەکو جوانیی رەهاو لەو جۆرە. یەکەم جار لەکتێبی هەینیدا ئەحمەدی شاملو سەرنووسەری بوو بڵاوبۆوە.

وبستم لەکتێبی (خاطرەهای پراکندە)دا جێی بۆ بکەمەوە نەکرا تا ئاخری توانیم لەکتێبی (جای دیگر)دا جێگای بۆ بکەمەوە.

*لە (خاطرەهای پراکندە-بیرەوەرییە پەرش‌و بڵاوەکان)دا بەتایبەتی لەچوار چیرۆکی یەکەمدا ناسینی کارەکتەرەکان لەڕێگەی گەڕانەوەو بۆ رابردوو ئەنجام دەدرێ.

-بەلای منەوە، زمانو کات دوو رەگەزی گرنگی چیرۆکن. دەربارەی زمان من بەتەواوی قسەم کرد. ئێستا با بچینە سەر مەسەلەی کات. مرۆڤ بوونەوەرێکە. لەکاتداو لەهەمان کاتدا کاتیش لەودایە. ناتوانرێ بەجیاو سەربەخۆ باس لەمرۆڤو کات بکرێ. منو تۆ میراتگری رابردووی فەردیو مێژوویی خۆمانین. من چۆن دەتوانم بەجیا تەماشای رابردوو و ئێستاو ئایندەی پاڵەوانی چیرۆکەکەم بکەم؟ بۆ ئەوەی بیناسمو بە ئێوەی بناسێنم، دەبێ تەماشای رابردووی بکەم. ئەو رابردووە لەئێستای ئەودا رەنگی داوەتەوەو ئایندەی دەست نیشان دەکات. راڤەیەکی دیکەی مرۆڤ ئەوەیە کە بوونەوەرێکە بەڕێوەیە بەرەو خۆی. ئێمە بەردەوام لەئایندەدا وێنەیەکی خۆمان هەیە. لەکاتدا وێنەیەکی جێگیرنینو ئەم

ئینسانه لەڕێگەی‌دا بەرەو هەزاران خودی دیکە دیلی کاتە. ئایا بە مردن دەگاتە مەنزڵی ئەبەدی؟ نازانم. ئەگەر هیندۆس بوومایە باوەڕم بەگەڕانەوەی ڕۆح دەبوو دەمگوت کە ئینسان تا کاتێ لە خولگەی گەڕانەوە دەرنەچووە، گێرۆدەی کاتە. دواجار، سەرنجدان لەکات بەلای منەوە مەسەلەیەکە قابیلی خۆ لێلادان نییە. بەقبوولْ کردنی ئەم بنەمایە، بیرەوەری (یادی رابردوو)و پێشبینی (چاوەڕوانی ئایندە) دوو ڕەهەندی مرۆڤن. لەیەك جیاکردنەوەی سێ کات: رابردوو، ئێستا، ئایندە، شتێکی دەسکردە. هەر ساتێك لە کاتی ئێستا ئایندەیەکە کە دەبێ بەڕابردوو. من بەجۆرێك هەڵگری ئەو سێ کاتەم. ئەگەر دەرهێنەری سینەمایی بوومایە فیلمەکانم پڕ دەبوون لە فلاش باك. چونکە لە چیرۆکەکانمدا هەمیشە دەگەڕێمەوە بۆ رابردوو.

*کەی کتێبی (پری دریایی)ت نووسی و چۆن سەرلەنوێ چاپ کرایەوە؟

–دەست پێکردنی (پەری دەریایی) وەکو شیعر دەگەڕێتەوە بۆ سی ساڵ بەر لەئێستا. هەڵبەتە من شاعیرنیم و هیچ ئیدیعایەکیش لە شیعردا ناکەم و شیعر دنیای من نییە. من حەز دەکەم سەرو کاریم لەگەڵ ئینسانەکان و پێست و گۆشت و خوێندا هەبێ. بەڵام نەمدەتوانی ئەو چیرۆکە بەشێوەی پەخشان بنوسم، دەمویست بەشێوەی شیعر بینووسم.

*چەند درێژەی کێشا تا ئەم کتێبە چاپکرا؟

–زۆر درێژەی کێشا. من هێشتا نزیکەی (٢٠) نوسخەم لە دەستنووسەکانی سەرەتام هەیە. نوسخەکانی سەرەتا نەکێشیان هەیە نەسەروا شتێك لە شیعر نازانم. هەڵبەتە ئێستاش نالێم لێی دەزانم. بەڵام بیری ئەم کتێبە لەژیانی منداوەکو نەخۆشی لێ هاتبوو کە هەتا نەمنووسیایە چارەسەر نەدەکرا. ڕەنگە هەزار جارم نووسیبێتەوە. ژیان و قسەکردنم بەشێوەی ئەو ریتمەی لێ هاتبوو کەدەمویست پەری دەریایی بنووسم لەناخەوە ئەوەندەم پەری خۆشدەویست کە دەتگوت منالّی خۆمە. عاشقی بووم، وەکو کچی خۆم وابوو. هەتا وێنەکانیش خۆم کێشام، لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ ئەزموونێکم نەبوو لەوێنەکێشاندا. بەیانی هەتا شەو وەك ئەوەی لە جێگایەکی تربم، تەواوی ماوەکە وێنەی پەریو ماسیم کێشا. لەدنیایەکی دیکەدا بووم و ڕەنگە باشترین کاتی ژیانم بووبێ. ڕەنگە ئەگەر ئێستا پێم بڵێن دووبارەی وێنەی پەری بکێشە نەتوانم. چونکە لەو کاتەدا بیرێك یان هەستێك لەمندا توایەوە. دواجار بەتەواوی خەمەکانیەوە، بە قۆشمەییەکانیەوە، بە بێگەردییەکەیەوە بەعەشقیەوە پەریم نووسیو لەکۆتایی‌دا چارەنووسێکی غەمگینی پەیداکردو حاڵی حازر ڕاگیراوەو مۆڵەتی چاپکردنەوەی نییە.

*بۆچی مۆڵەتی سەر لەنوێ بلاوکردنەوەیان نەدا؟

–کاتی پەری دەریایی لەژێر چاپ هاتە دەرێ بەخێرایی فرۆشرا. ڕاست لەکاتی چاپی دووەمیدا بوو کە یەکێك لە (کتاب ماه)دا وتارێکی لەدژی (پەری دەریایی) نووسیو هێرشێکی باوەڕ پێنەکراوو نالۆجیکی کردە سەر کتێبەکە. پاش ئەوەش ڕۆژنامەیەك لەوتارێکدا بەبێ ڕەحمی تەواوەوە (دەریا پەری– کاکۆڵ زەڕی) مەحکوم کرد.

*بەشێوەیەکی ئاسایی پەیوەندی نووسەر لەگەڵ سینەمادا باش نییە. بەڵام تۆش لەکارنامەی خۆتدا دوو فیلمت هەیە. واتە (بی تا)و (درخت گلابی) چی بووە هۆی نووسینی ئەم دوانە؟

–هەردووکیانم لەبەر برادەری نووسی. (بی تا)م بۆ (هژیر داریوش) واتە مێردەکەم نووسی کە دەیویست فیلمێك بەرهەم بهێنێو پێویستی بە چیرۆکێکی عاشقانە بوو. سێ ڕۆژ وەختی دامێ تابۆی بنووسم. هەڵبەتە لەبەرهەمان هۆ زۆر پەلە پەلی تێدابوو من لەسەرەتادا ناڕازی بووم لەبەرئەوەی چیرۆکی (دار هەرمێ) زۆر ئەدەبیو دەروونیە. بەڵام ئاغای مەهرجوی، بەهەرحاڵ توانی فیلمی لێ بەرهەم بهێنێ.

سەرچاوە/ پاشکۆی هەشهری ژمارە (٦). ص/٤٦/٤٧

*کۆمەڵێك لەژنانی کوردی کارای بواری خەباتی ژنان لە هەندەران هەوڵی خۆیانیان یەکخستووە بۆ گەڵاڵەکردنی داخوازینامەی ژنی کورد لەبواره کۆمەڵایەتی، وسیاسی ،وپەروەردەییەکاندا .بۆ ئەوەی وەك پلاتفۆرمێك پێشکەش بە ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی و رێکخراو وحزبە سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستانیش بکرێ. ئەو دەستەیەی کە کاری گەڵاڵە کردنەکەیان گرتۆتە ئەستۆ،وکارە بەراییەکانیان ئەنجامداوە و دواتریش کاریان لەسەرکردوە. لەڕۆژی شەممە(٢٠/ئۆکتۆبەری/٢٠٠١)دا لەشاری (یۆتۆبۆریی) سوید دیدارێکیان ئەنجامداوە. تێیدا گەڵاڵەی پێشنیاری داخوازینامەکەیان ڕاگەیاندوەو بیروڕای هەمەلایەنەیان لەسەروەرگرتووە.

خانمان {مهاباد قەرەداغی_ شنەی هیدایەتی_مونیرەی موفتیزادە}ئەندامانی دەستەی دەستپێشخەریی ئەو گەڵاڵەنامە وداخوازییەن. ئێمە لەڕێگای ئینتەرنێت وئیمەیلی هەرسێ ئەو بەڕێزەوە پەیوەندیمان پێوەکردنو باسوخواسمان سەبارەت بەو داخوازینامەیە لەگەڵ کردن، ئەوانیش بەدەنگمانەوەهاتن وهەریەکەو لەولاتی نیشتەجێبونیەوە وەلامی ئێمەیان دایەوە.

پاش ئەوان دیداری بەڕێز(رووناك فەرەج رەحیم)مان کرد، ئەویش لەکوردستان دادەنیشێ،وبەشداریی ئەودیدارانەی ئەو دەستەیەیکردوە،کە لە کوردستان ئنجامیانداوە،و خۆشی کەسێکی چالاکی بواری ژنانە، ڕای ئەویشمان لەسەر ئەو داخوازینامەیە وەرگرت:-

دیداری گەڵاوێژی نوێ

ژنانی کورد لە هەندەران داخوازینامەی ژنانی کورد ڕادەگەیەنن

(کامیل محەمەد قەرەداغی) دیدارەکانی ئەنجامداوە.

مهاباد قەرەداغی

*بەڕێز مەهاباد خان لەبەرئەوەی باسەکەمان لەسەرئەوەیە کەئایاچی بۆژنانی کورد کراوەوچیی بۆ دەکرێ! حەزدەکەم مهابادخان بەدیدی خۆی و بەکورتی باسی رەنگدانەوەی راپەڕینی باشوورمان لەسەر رەوشی ژنانی کورد بۆبکات. ئایای راپەڕینی جەماوەری چیی خستۆتە سەر ئەو رەوشە؟

+سەرەتا دەمەوێ سوپاست بکەم بۆ ئەو بایەخەی کە داوتە بە داخوازینامەی ژنی کورد، هەرگرنگیدانێکی ڕۆشنبیری کورد بەکێشەی ژنان هەستکردنێتی بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی و خوازیاریی گەشەسەندن و پێشکەوتنە بۆ کۆمەڵگەکەی.

ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و ئەو سەربەخۆییەی کە لەبەهاری(١٩٩١)ەوەدەستی پێکرد، وتائەمڕۆش درێژەی هەیە، وئاواتەخوازین هەمیشەیی بێت، گرنگترین و بێهاوتاترین خاڵی وەرچەرخانە لەمێژووی گەلەکەماندا بەگشتی وله‌باشووری کوردستان بەتایبەتی. ئێمە(بەژن و پیاوەوە)لەو بەهارە پیرۆزەدا ووتمان نا بۆ کۆیلەیی وجارپی ئازادیی خۆمانمان بەگوێی‌جیهان و بەگوێی داگیرکەراندا دا،و رەوتی ژیان ومێژووی خۆمانمان گۆڕی.

پێش ئەو قۆناغە لەناو تاریکییەکی رەهادا گیانماندەدا، بەکاوەخۆیی بەرەو نەمان وتوانەوە بەکێشدەکراین. ئەنفالی فیزیکی و دەروونی دەکراین. ئەنفالە فیزیکییەکەمان کاریگەریی چەندێتی و ئەنفالە دەروونییەکەش کاریگەریی چۆنێتیی لەهەست وبیر وکەسایەتیماندا بەجێهێشتووە. ئێمە لەو بەهارەدا سەرەتایەکمان بۆ مێژوویەک دانا کە شایستەی مرۆڤی ئازادە. ڕاپەڕین بۆ هەموان بووەمایەی گەشەسەندن، و بوژانەوە،و کۆشش.ئەگەر بەتایبەتیش لەژنی کورد لەباشور بدوێم، گومانی تێدانییە کە یەکەمین ڕۆژی ڕاپەڕین زەمینەی بۆ یەکەمین هەنگاوی ژن خۆش کرد بۆخەباتکردن وبۆ دۆزینەوەی خۆی لەناو تەموومژی مێژوویەکی کۆیلانەی‌پێش ڕاپەڕیندا، بەڵام ئەوەی من لەلام مەبەستە ولە زۆر شوێن و نووسینیشدا ئاماژەم

کۆڕی داخوازی ژنی کورد

پێداوە ولێرەشدا جەختی لەسەردەکەمەوە ناسنامەی ژنی کوردە، کە دەبوایە وپێویستە ئامانجی سەرەکیی ژنان وئافرەتانی کورد بوایە لە تێکۆشانی خۆیاندا، هەموو ئەو رێکخراوانەی کە ناونیشانی خەباتیان کارکردن بووە بۆ یەکسانیی ژن و پیاو، هێندەی ئامانجە لاوەکییەکان بزواندوونی، ئامانجە سەرەکییەکە کە خەباتە بۆ بەدیهێنانی ناسنامەیەک بۆ ژنی کورد نەیبزواندنوون، وفەرامۆشیان کردووە. بەڵام ئەو کەموکوڕییانەش بۆهەنگاوەکانی سەرەتا وبۆ ئەزموونێکی ساوا رەنگە تاڕادەیەک پاساوی هەبێت، بەڵام ئەوەی لەمەودوا دەبێتە ئامانجی ژنی کورد ئەگەر هەمان ئەو ئامانجە لاوەکییانەبن ،دەبنە جێی نائومێدی و مایەی ڕەخنە ونابێ چاویان لێبپۆشرێ.

من وەکو نووسەرێکی سەربەخۆ کە خەمی گەورەم ڕەوشی ژنانی وڵاتەکەمە، ئومێدی ئەوەدەکەم کە هەوڵ ورەنج وتێکۆشانی ژنان وئافرەتانی وڵاتەکەم کە ووزەیەکی زۆریان لێ دەخوازێ، بەفیڕۆ نەچێ وئامانجیان بەدەستهێنانی ئەو ناسنامەیە بێ کە کلیلی کاریگەرێتی و بایەخ و گرنگبوونیانە لەناو کۆمەڵگەدا. ژنی کورد ئەو کاتە دەبێتە خاوەنی ناسنامە کەلە وردودرشتی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا بەکارایی‌ەوە ڕۆڵ وکاریگەریی هەبێ. مرۆڤ ئەگەر(خۆی)نەبێت، واتە ناسنامەیەکی نەبێ، ناتوانێ بەهرە لەهێزی هۆش و وزەی جەستەی خۆی وەرگرێ،و ئەو هێز و وزەیەی داگیردەکرێت، وەکو گروپێش هەر بەوجۆرەیە،ژنانی کورد ئەگەر (خۆیان)نەبن، هێزو وزەیان زەوتدەکرێت و ئەوەی دەیکەن بۆ خۆیان نابێت، بۆیە بەلای منەوە زۆر گرنگە لە باشووری کوردستاندا بزوتنەوەی ژنان لە ئاستی بەدەستهێنانی ناسنامەدا کاربکات، بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو بنێ (ئاراستەی ناسنامە).

شتەی هیدایەتی

*** بەڕێز شنە خان پلاتفۆرم(داخوازینامەیەک)ی گەلاڵەکردوە،پوختەی ئەو داخوازینامەیە چیە؟پێشکەشی کێ کراوەو پێشکەشی کێ دەکرێ؟ئایا کارەکانی پلاتفۆرم جگە لەو داخوازینامەیە چیی ترن؟**

-بەڕلە هەموشت پێویستە ڕوونکردنەوەیەک لە سەر دوو وشەی پلاتفۆرم و داخوازینامە بکەم. یەکەمجار کە داخوازییەکان گەلاڵەکران و ئیدیە و فکرەکە مەترەحکرا، وەک گەلاڵەی پێشنیاری پلاتفۆرمی ژنی کورد لە یەکەم کۆبوونەوە دا پێشکەشکرا. بەڵام ئێستا ماوەیەکی زۆرە کە وشەی داخوازینامەی ژنی کورد جێگای (پلاتفۆرمی ژنی کورد)ی گرتۆتەوە. دیارە ئەوە چەند هۆی هەبوو کە ئێستا ناچمە سەرئەوان.

داخوازینامەی ژنی کورد بریتیە لە داخوازییەکانی ژنی کورد لە بوارەکانی یاسایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و سیاسیدا. ئەو داخوازینامەیە دەبێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرینگ کە هەموو ژنانی کوردستان سەرەڕای بیروباوەڕی جیاوازی ئیدئۆلۆژیکی ویست و داخوازیی خۆیان لە نێو ئەو داخوازینامەیەدا دەبینەوە. ئەو داخوازینامەیە داخوازیی ژنی کوردە بۆ هەموو ژنانی کوردستان . لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە پێناوی دابینکردنی کۆمەڵگایەکی شارستانی و دادپەروەر لە کوردستاندا. دیارە پێویستە و دەبێ هەموو خاڵ و داخوازییەکانی نێو داخوازینامەکە لە چوارچێوەی یاسادا جێ بگرن و پیادە بکرێن. یاساکان لە کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە مافی ژنیان وەکو مرۆڤیکی ئازاد دەستەبەر نەکردووە. بەو پێیەش ژن کراوە بە مرۆڤیکی ژێردەست. بۆیە ئێمەی ژنی کورد کە خەبات دەکەین بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر لە کوردستاندا .خوازیاری ئەوەین کە لە

یاسادا هیچ جۆرە هەلاواردنێك نەمێنێ و هەموو مافەكانی ژن وەكوو مرۆڤیكی ئازاد دەستنیشان بكرێ و بپارێزرێ.

وەك نمونە لە هەركام لە بوارەكان:

- لە بواری یاساییدا: داخوازیمان ئەوەیە كە لە گەواهیدان و لە دابەشكردنی میراتدا ژنان و پیاوان وەكو یەك بە مرۆڤی تەواو دابنرێن.

دانانی كوشتنی ژنان بە پاساوی ناموسپەرەستی بە تاوان ،وەك هەر تاوانێكی كوشتنی بەمەبەست دابنرێ و بكوژان بە زیندانی ماوەی ژیان سزابدرێن.

- لە بواری كۆمەلایەتیدا: داخوازیی مافی هەلبژاردنی هاوسەر لە دوای تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بۆ تاك دەكەین و بە زۆری بەمێرددان دەبێ قەدەغە بكرێ.

- لە بواری پەروەردەییدا: سەپاندنی یاسای نۆ ساڵ خوێندنی بە ئیجباری و بە خۆرایی بۆ منداڵان داخوازیمانە. - لە بواری ئابووریدا: خوازیاری دابینكردنی كار بۆ ژنان و پیاوانین ، بە بێ هەلاواردن بە موچە و حەقدەستی وەك یەك بۆكاری یەكسان.

- لە بواری سیاسیدا: داوای بواردان بە ژن و دروستكردنی زەمینە بۆ بەشداریكردن لە ناوەندە بریاردەرەكان دەكەین.

ئەو خاڵانەی سەرەوە تەنیا هەر نمونەیەكن لە داخوازیەكان لە هەر كام لە بوارەكان. دیارە داخوازییەكانی ژنی كورد دەخرێتە بەر سەرنجی كۆمەڵگای كورد و كۆمەڵگای نێونەتەوەیی و كاردەكرێ بۆ جێگرتن و جێبەجێ كردنیان لە هەموو ناوەندە بڕیاردەرەكان لە كوردستان و لە جیهاندا. ئێمە وەك هەوڵ هەنگاو چاوی هومێدمان لە حكوومەتەكانی هەولێر و سلێمانییە لە باشوور، لەبەرئەوەی باشوور تەنیا ناوچەی ئازادكراوی كوردستانە و بەخۆشییەوە دەسەلات بەدەست خۆمانەوەیە ،و بواریان هەیە بۆ گۆڕانكاریی زۆر بنەڕەتی لە یاساكاندا. هەروەها رووی قسەمان لە حیزبە بەرپرسەكانی كوردستانە لە باكوور و رۆژهەلاتی كوردستان كە بایەخ بدەن بە داخوازییەكانی ژنی كورد و ئەو داخوازییانە بێننە نێو بەرنامەی كاری خۆیانەوە، و بۆ بەجێگەیاندنی هەنگاو هەلێننەوە

مونیرەی موفتیزادە

*بەڕێز مونیرەخان پلاتفۆرم دەیەوێ چی بكات؟ئایا نیازو كارەكانتان چین،بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێكی ئەكتیڤ بێت،هەرئەوەندە نەبێت كە چەندكەسێك لەناو فۆرمێكدا كاربكەن؟

+هەروەك لە پێشەكیی داخوازینامەی ژنی كوردا هاتوە،مەبەست لە ئامادەكردن و داسەپاندنی داخوازینامەكە دابینكردن وپاراستنی مافەكانی ژنی كورد و ژنانی تر لە كوردستان،كە وەكو مرۆڤی ئازاد لە كۆمەڵگەیەكی دادپەروەر و شارستانیدا بژین.بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی كە كۆمەڵگەی كورد بەگشتی كۆمەڵگەیەكی پیاوسالار و دواكەوتوە،وژنان لەو كۆمەڵگەیەدا بەهەمو شێوەیەك چەوساونەتەوەو مافیان پێشێل دەكرێ.ئاكتیڤ كردنی داخوازینامەی ژنی كورد كارێكی زۆرزەحمەتە.یۆیە پێویستە ژنان و پیاوانی خاوەن هەست و بیروڕا و یەكسانیخواز لە هەمو چین و توێژێكی كۆمەڵگەی كورد چی وەك تاك،وچی لە رێكخراوەو حزبدا لەو ئەركەدا بەشداریی چالاكانەیان هەبێت.ئێمە لەم رێبازەدا هەوڵماندواوەدەین،كە لە پارچەكانی كوردستان و لە هەندەران پەیوەندی بەو كەسانوە بكەین،وداخوازینامەكەیان پێبناسێنین،وە داوای پشتگیری و هاوكارییان لێبكەین.دیارە هەر كەس بەگوێرەی تەجروبەو زانستی خۆی دەتوانێ لەم ئەركە مێژووییەدا بەشداربێت.پێویستە بووترێت كە رێكخراوە كۆمەلایەتی و پیشەیی و حیزبەسیاسیەكان دەتوانن لەم بوارەدا رۆلی بەرچاویان هەبێت.

ئێمه له کۆڕو کۆبونەوه ،هەروەها له وتووێژ لەگەڵ میدیادا ئەوەمان روونکردۆتەوە کە ئێمە وەکو دەستەی دەستپێشخەریی داخوازینامەی ژنی کورد تا ئێستا ئەرکە سەرتاییەکانمان بەڕێوە بردوەو، نامانەوێ،وناکرێ کار لەسەر داخوازینامەکە تەنیا لەسەرشانی ئێمەبێ،دیارە ئەرکێکی وەهاگران بە سێکەس ناکرێ.بۆیە داوامان لە خەڵك کردوە کە چالاکانەو بەرپرسانە یارمەتیی بە پێشەوەچونی ئەم کارە بدەن.ئێمە تائێستا توانیومانە گەڵاڵەی داخوازینامەکە بکەین،بەڵام پیاچونەوەو، نوسینەوە،و تەواوکردنی نەتەنیا بە سێکەس،بەڵکو بە دەیان کەسیش هەر زەحمەتە بکرێ.بۆیە تکادەکەین لە ژنان و پیاوانی خاوەن هەست و بیروڕا،وڕێکخراو،و حیزبەپێشکەوتنخوازەکان کە بڕوایان بە مافی ژنان هەیە،و بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دادپەروەر،کە هەرچی زووتر بێنەپێشەوە بۆ کارکردن لەسەر داخوازینامەکە.ئەمە ئەرکێکی مێژوویی،و پێویستە لە بەرنامەی کاریاندا جێیەك بگرێ.

شنەی هیدایەتی

***بەڕێزشنە خان ئەو فاکتەرانە چین کە قایلیان کردن هەردوو پرۆژەکەتان بەناوی(ژنی کورد)ەوەبێت،نەك (ژنانی کوردستان)؟**

—هەروەك لە سەرەوە روونمکردەوە دوو پرۆژە نییە ،وشەی داخوازینامە جێگای پلاتفۆرمی گرتۆتەوە. بەڵام بۆچی داخوازینامەی ژنی کوردە؟ هەروەك لە پێشداش ئاماژەم پێکرد ئەو داخوازینامەیە داخوازیی ژنی کوردە بۆ هەموو ژنانی کوردستان! تا ئێستا بەداخەوە داخوازیی نەتەوەکانی تری غەیری کوردمان بەدەست نەگەیوە ،و نادروست دەبێ کە غەیری ئەوە بڵێین. بەڵام کوردستان وەك وڵاتیکی فرەنەتەوەیی کە ئەرمەنی، ئاسۆری، تورکمەن، عەرەب، فارس و تورکی تێدا دەژی، ئاساییە ئێمە تەواوی داواکاری و داخوازییەکانمان کە دەبێ لە جوارچێوەی یاسادا جێبگرن و پیادە بکرێن، داخوازییەك بن بۆ هەموی ئەو ژنانەی کە دانیشتووی کوردستانن.

نیوی داخوازینامەی ژنی کورد هەر وەك ناوەرۆکەکەی ،جارێ هەر گەڵاڵەی پێشنیارییە و بڕیاری ئاخرنین

مونیرەی موفتیزادە

***مونیرەخان ئەی وەڵامی بەڕێزتان بۆ ئەم پرسیارە چیە؟**

+دەتوانم بڵێم کە داخوازینامەکە داخوازینامەی ژنیکوردە ،بەڵام بۆ دابینکردنی مافەکانی هەمو ژنێکە لە کوردستان و لەڕاستیدا بۆ دابینکردنی یاسایەکە لە کوردستانکە مافەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بپارێزێ.دیارە بۆئەوەی داخوازینامەکە گشتگیربێت،ومافەکانی ژنان وچین و تووێژە زۆڵملێکراوەکان لە کوردستان دابین بکات،ئێمە دەبێ پەیوەندیی راستەوخۆمان هەبێت لەگەڵ زۆربەی زۆری خەڵکەکەمان بۆ وەرگرتنی پێشنیارو بۆچوونیان.هەڵبەت ئەمەیش کارێکی ئاسان نیە.بەڵام پێویستە بکرێ.

ئێمە پرۆژەیەکمان لەبەردەستدایە کە پرۆژەی ژنی دەخوازینامەی ژنی کوردە.بەڵام لەوبڕوایەداین کە بۆ کارکردن لەسەر داخوازینامەکەو داسەپاندنی لە دواڕۆژدا پێویستە بزووتنەوەیەکی سەرانسەری لە کوردستان و لە هەندەران وەگەڕبکەوێت.ئەو بزووتنەوەیە دەبێ لە هەمو گروپ وڕێکخراوەو تاکەکەسانی پێشکەوتو،ویەکسانیخواز پێکبێت،تا بە هاوکاریو هاوخەباتی لەگەڵ یەکتری بتوانین کوردستان بکەین بە کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دادپەروەر.

شنەی هیدایەتی

*شـنەخان نوێنـەرانتان سـەردانی کوردسـتانی باشـوریان کـرد ودیـدارو کۆبونـەوەیان لەگـەڵ هـەردووناوەندی هاوبەشـی رێکخراوەکـانی ژنـانی هـەولێر و سـلێمانیدا ئـەنجامدا.لـەناو ئەوناوەندانەشدا رێکخراوی ژنانی نەتەوەکانی تری کوردستان .هەن ئایا بەرنامەی کارتان بۆ مامەڵەی ئەوان چۆنە؟

-دیارە لـە جوابی پرسـیاری پێشـوودا وەڵامـی بەشێك لەوپرسیارەشـم داوەتـەوە. بـەڵام دیسـان دووپـاتی دەکەمـەوە کـە داخوازینامـەی ژنـی کـورد داخوازییـە بـۆ هـەموو ژنـانی کوردستان، دیارە ئـەو یاسـایانەش کـە بـەپێی داخوازییـەکان گۆڕانکاریـیـان تێدادەکرێ، یان وەك یاسای تـازە دێنـە ئـاراوە، یاسـایەك دەبـن کـە هـەموو ژنـانی کوردسـتان دەگرنـەوە. هـەر بۆیـەش ئێمـە داوامـان لـە هـەموو رێکخراوەکـانی ژنـانی کوردسـتان و هـەموو ژنـان و پیـاوانی یەکسـانیخواز ئەوەیـە کـە بـە هاوکـاری و پشتیوانیی خۆیان هـەم لـە پرۆسـەی نووسـینەوە و تـەکمیلکردنی داخوازینامەکـە وەك بەڵگەنامەیـەکی گرنگی مێژوویـی و هـەم لـە بـە ئەنجامگـەیاندن و داسەپاندنی داخوازیەکان یارمەتیدەرمان بن.

لـەو کۆبوونەوانـەی باشـوور کـە هـەردوو نـاوەندی هاوبەشـی رێکخراوەکـانی ژنـانی هـەولێر و سـلێمانی تێیـدا بەشـداربوون هـەموو ئـەو ژنانـەی کـە لـە ناوەندەکاندا ئەندامن، ئاگادار کرابوون.

دیارە لێرەڕا جارێکیتر سوپاسێکی زۆر ئاراستەی (سەنتەری راگەیاندن و روناکبیریی ژنان لـە سـلێمانی و کۆمەڵـەی ئافرەتـانی کوردسـتان لـە هـەولێر) دەکەین، کە تەرتیبی پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوانەیان دابوو

مونیرەی موفتیزادە

* رووی پرسیارەکە لە مونیرەخانە،ئایا پلاتفۆرم کە لەدەرەوەیە،لەبەرامبەر رێکخراوەکانی ژنانی ناو کوردسـتاندا چـۆن پێتاسـەی خـۆی دەکات؟ئەڵتەرناتیڤە؟یان تەواوکار؟

+فیکرەی بزوتنەوەوئامادەکردنی گەڵاڵەنامەکـە لـە هەندەرانـەوە هـاتوە،بـەڵام هاوڕێمـان (مـەهاباد قـەرەداغی)لـە سـەفەری هـاوینی رابوردوویـدا بـۆ باشوری کوردستان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گروپ و رێکخراوەکانی ژنـان لـە هـەردوو بەشـی دەسـەڵاتدار بـاس و لێدوانـی بـو،وبـیروبۆچوونی ئـەوانی لەسـەر داخوازینامەکـە کۆکـردەوە.هـەروەها لـە دەرەوەی وڵات بە شێوەهای جۆراوجـۆر پـەیوەندی کراوە بـە تاکەکەس وگروپ وحیزبەسیاسیەکان،ورێکخراوەکانی ژنانـەوە بـۆ وەرگرتنـی پێشـنیار و بـیرو بۆچونیان.ئینجا گەڵاڵەی داخوازینامەکـە ئـاڵوگۆڕی بەسـەرداهاتوە،ونوسـراوەتەوە. پێویسـتە ئـەوەش بووترێ کە تەنانەت ئەم گەڵاڵەیـەش پێویستە کـاری زۆر لەسـەر بکرێ بۆ تـەواوکردنی بەشـێوەیەك کـە داخوازینامەکەگشـتگیربێت،و وەکـو بەڵگەیـەکی یاسایی بتوانـرێ بەکاربـهێنرێت،و هـەروەها وەکـو بەڵگەیـەکی نێونەتـەووەیی لەسـەر مـافی ژن کـەڵکی لێوەربگیرێت.

ئـەم داخوازینامەیـە(ئەڵتـەرناتیڤ)نیـە ،بـەڵکو تەواوکـەری چـالاکیو خـەبات و لێبوورەیـی ژنـانی کوردە لەکرودستان،واە هەندەران بۆ دابینکردنی مافی ژنان لە کۆمەڵگەکەماندا،

مهاباد قەرەداغی

*مهاباد خان بەڕێزتان یەکێکن لـەو کەسانەی کە (پلانفۆرمـی ژنـی کـورد)تـان راگـەیاندوە.پلاتفۆرمـی ژنـی کـورد چیـە؟ئـەو زەمینانـە چـین کەدروسـتبونی پلاتفۆرمیـان سـەپاند؟چـۆن پلاتفـۆرم لـەدەرەوەی زێدی کورد گەڵاڵەبو؟

+(پلاتفۆرمی ژنی کورد) ئێستا بووە بە(داخوازینامەی ژنی کورد)، مەبەست لەو گۆڕانەش لێکدانەوەی ناو وناوەرۆکی ئەو بەڵگەنامەیەیە کەوەکو گەڵاڵەیەکی پێشنیاریی ڕاگەیەندراو کاری بۆ بکرێ.

داخوازینامەی ژنی کورد ویستی ژنی کوردە بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی لە هەموو ڕووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسیی و کلتووری وپەروەردەیی و تەنانەت ئایینییش، ئەمڕۆ لەسایەی ئازادبوونی بەشێکی کوردستاندا دەبێ ژیانی مرۆڤی ئێمە بەرەو باشترو باشتر بگۆڕدرێ ،ومرۆڤی ئێمە بەژنان وپیاوانەوە خۆیان ڕۆڵیان هەبێ لەو گۆڕانکارییانەدا، ئەو گۆڕانکارییەبروسکە ئاسایانەی لە هەموو بوارەکاندا لە ڕۆژئاوای دنیادا ڕووەدەن وپرۆسەی (گلۆبالیزە) بەخێرایی مووشەك پێشدەکەوێ ،وئەوەی بێئاگابێ لێی نەك تەنها بەجێدەمێنێ، بەڵکە خەتەری کوژانەوەی ناونیشان وناسنامەیشی لەئارادایە، ئەمڕۆبواریکی گرنگ ولەبارهەیە بۆ گۆڕانکاری لەژیانی کۆمەڵگەی ئێمەشدا، بەتایبەتی لەباشووردا، بابانگەشەکردن بۆ دیموکراسی ومافی مرۆڤ وئازادیی ڕادەربڕین و هەموو دروشمەباوەکانی کە ئەمڕۆ دەوترێنەوە تەنها تیۆری نەبن و تەنها رازاندنەوەی قسەی سیاسەتمەدارەکان نەبن، بەڵکە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا بواری هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنی ئەو دروشمانە زۆر لەبارە. بواری گواستنەوەی کۆمەڵگەی کورد لە کۆمەڵگەیەکی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیمەدەنی زۆر لەبارە. هەموو مرۆڤێك، هەموو گروپێك،هەموو دامودەزگا ودامەزراوێك ،حکومەتیش دەبێ پرۆژەمان هەبێ بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کەدەبێ ڕووبدەن، ژنی کوردیش لەم بوارەدا ئیدی دەبێ ڕۆڵ ببینێ و پرۆژەی خۆیی هەبێ، داخوازینامەی ژنی کورد پرۆژەی ژنی کوردە بۆ بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردو خەڵکی کوردستان.

ژنی کورد هەستی بە بەرپرسیارێتی کردووە، لەهەرکوێدا بڕی خەباتی خۆی ئاراستەی ئەو شوێنە دەکات کە پێویستی بەخەبات هەیە. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لەژنانی کورد بەهۆی جیاواز وبۆ مەبەستی جیاواز لەدەرەوەی زێدی خۆیان دەژین وژمارەیەکی باشی ئەو ژنانەش لە ئەزموونی ژنانی گەڵانیدنیاوە فێربوون، ودەیانەوێ ڕەنگدانەوەی ئەو زانیاری و فێربوونەوە لە کۆمەڵگەی خۆیاندا کە پێویستی پێیانە کارابکەن و ئەوبیرانە لەسەرخاکیخۆیاندا پیادەبکەن. گرنگ نییە ئەو بیرۆکانە لە کوێ لەدایکدەبن، زێد، یان تاراوگە، گرنگ ئەوەیە تا چەند پرۆژەیەکی گشتگر و هەمەلایەنەیە و تاچەند دەبێتە سەکۆیەك بۆ هەموان.

شتەی هیدایەتی

***شەنەخان ئایا زۆربونی ژمارەی ڕێکخراوەکانیژنان کارلەئاستی هۆشیاریی گشتیی ژنان دەکات،یان ڕێکخراوەکان تەنها لەناو دەستەبژێردا دەمێننەوەوهۆشیاریيە گشتیەکەش لە ئاشتی خۆیدا؟یان بەدیوێکی تردا ئایا ئەو دەستەبژێرە دەتوانێ کارێکی وابکات ژنان بەگشتی سودمەندبن؟**

—بێشك ڕێکخراوەکانی ژنان شوێنەوار و جێپەنجەی خۆیان لە ئاستی هۆشیاریی گشتیی ژنان بەجێهیشتووە. شاراوە نیە کە چالاکی و تیکۆشانی بێپسانەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان لە باشوور ،بووبەهۆی ئالوگۆڕی بەشێك لە یاساکانی ئەحوالی شەخسی.

زۆربەی ڕێکخراوەکانی ژنان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ سەروە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن، و کارو تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوانە لە بەرژەوەندیی حیزبە سیاسییەکاندایە ،و زیاتر لە چوارچێوەی ئەندامانی ئەو حیزب و

رێکخراوانەدا دەمێننەوە. دیارە زۆربەی حیزبە سیاسییەکان کەم ،یان زۆر لە پەیڕەو،وپرۆگرامی خۆیاندا لە سەر مەسەلەی ژنی کورد دواون و رێکخراوەی ژنانی ئەو حیزبانەش هەر لەو چواچێوەیەدا هەنگاویان هەڵێناوەتەوە، ئەوەی بە کردەوە بۆ ژنی کورد کراوە، کەم یان زۆر وە ژنی کورد ،چەندە بۆتە خاوەنی مافی ئینسانیی خۆی ،ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو کارانەی کە ئەو حیزبە سیاسیانە و رێکخراوەکانی ژنان تائێستا کردوویانە.

ژنانی کوردستان پێویستیان بە یەکێتی و یەکگرتنێکی پتەوتر هەیە. ئێمە دەتوانین ئەندامی حیزب و رێکخراوەیەکی سیاسی بین، یان سەربەخۆی سیاسی بین، بەڵام هاوکات وەک ژن لە دەوری داخوازییەکانی خۆمان سەرەڕای بیروباوەری جیاوازی ئیدئۆلۆژیکی یەک بگرین و بەیەکەوە وەک ژنانی کوردستان بۆ مافەکانمان خەبات بکەین.

لە راستیدا مەسەلەی ژنی کورد مەسەلەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریە کەمەسەلەی هەموو کۆمەڵی کوردەوارییە، هەربۆیە ژنانی کوردستان پێویستە یەکگرتوانە داخوازییەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن ،و بۆجێگرتن و داسەپاندنیان پێویستە هەموو کۆمەڵی کوردەواری بەژن و پیاویەوە لەدەوری ئەو داخوازییانە کۆ ببنەوە و هەوڵی بۆبدەن

مهاباد قەرەداغی

*وەڵامدانەوەی ژنان بۆ گردبونەوە لەدەوری پلاتفۆرم چۆنە؟(مەبەستم لە پایەی جەماوەرییە- دیسان بۆمهاباد خان)

+هەتا ئێستا هەموو ئەو پشتیوانیەی کەلە کوردستاندا (ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان لەسلێمانی وهەولێر) پیشانیانداوە و هەموو پشتیوانییەی کەلە رێکخراو، وکەسایەتی وپیاوان لەدەرەوەی کوردستانەوە لەداخوازینامەی ژنان کراون. سامانێکی گەورەن،و بەهیوای فراوانترکردنین.

من دەمەوێ خاڵێکی زۆر گرنگ لەم پەیوەندییەدا ڕوونبکەمەوە .پەیوەندیی نێوان داخوازینامە ورێکخراوەکانی ژنان، وپەیوەندیی نێوان داخوازینامە و خەڵکی کوردستان. ئەو داخوازینامەیە تایبەت نیە بە هیچ کەسێ ،یان لایەنێ ،یان رێکخراوێ، یان تەنانەت ئەو چەند کەسەی کەدەستپێشخەرییان تێداکردووە وکارە پراکتیکییەکانیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان. نەخێر داخوازینامەی ژنی کورد هی هەموو ئەو رێکخراوانەیە کە پشتیوانیی لێدەکەن، هی هەموو ئەو ژن وئافرەتانەیە کە بە راوبۆچوونیان ئەو داخوازینامەیان دەوڵەمەندکردووە، هی هەمو ئەوانەیە کە رەنگە بەهۆی نەخوێندەوارییەوە هەر نەشتوانن داخوازینامەکە بخوێننەوە، بەڵام ویستی ئەوانیشە، هی ژنانی ئەنفال، هی کچان وکوڕانی زانکۆیە، هی هەموو ئەو کەسانەیە بەژنان وپیاوانەوە کە هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەن وخوازیاری گۆڕانکاریی گرنگ و بنەڕەتین لە کۆمەڵگەی خۆیاندا.

شنەی هیدایەتی

***شنەخان ئایاکاری گەڵەکردنی پلاتفۆرم هەوڵی تاکەکەسیی چەند کەسێتییەکە،یان رێکخراویشی تێدایە،ئەگەر رێکخراو هەن هی دەرەوەی ولاتن،یان ناوەوە؟**

+ئێمە وەک دەستەی دەستپێشخەریی داخوازینامەی ژنی کورد سێ کەسین، کە بەم کاروئەرکە گرنگە هەستاوین. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە ئێمە ئەو سێ کەسەمان وەک دەستەی دەستپێشخەری داخوازینامەکە سەربەخۆی سیاسین

ئەوە ماوەی شەش ،حەوت مانگە لە سەر ئەو داخوازینامەیە و پەیوەندییەکان زۆر چالاکانە کاردەکرێ تاڕادەیەکی زۆر ئامادەیە. بەڵام هێشتا هەر گەڵەی پێشنیارییە. تێکۆشاوین بیروڕای هەمەلایەنە وەربگرین، جگە لە سێ کۆبوونەوەی

گەورەی ژنان لە ستۆکهۆڵم وکۆبوونەوەی ژنان لە هەولێر وسلێمانی، وسیمینار لە ستۆکهۆڵم و یۆتیبۆری، سەدان باس و لێدوان و کۆبوونەوەی چەند کەسی و گۆڕینەوەی رایەکان لە سەر داخوازییەکان، ولە هەموو بوارێکەوە بوومانە. پەیوەندیمان گرتوە دەگەڵ زۆر کەسایەتیی ژنان و پیاوانی کورد. هەم لە ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا و هەروەها ژووروەوەی وڵاتیش ،لە هەر چواربارچەی کوردستان. ویست و داخوازی سەدان کەس بە تایبەتی ژنانی کورد، هەم وەك کەسایەتیی سەربەخۆی سیاسی و هەم ئەندامی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، و هەروەها ئەندامی رێکخراوەکانی ژنان و کۆڕ وکۆمەڵەکانی کوردی تێدایە. بە دەیان رێکخراوەی ژنان لە دەرەوە،ولەکوردستان پشتیوانی لە داخوازینامەی ژنی کورد دەکەن .بۆنمونە: رێکخراوەکانی ژنان لە هەردوو ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنانی هەولێر و سلێمانی، دایکانی ئاشتی و رێکخراوەی ژنانی هەدەپ، و (ب.ژ.ئا) و ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان، رێکخراوەی ژنانی کورد لە لەندەن و..هتد.

مهاباد قەرەداغی

***دەستەی پلاتفۆرم چۆن دەڕوانێتە هاوکاریی پیاوانی رۆشنبیر بۆ پلاتفۆرم؟(بۆمهابادخان)**

+زۆر ڕوون وئاشکرا، و بێ سڵەمینەوە دەڵێم کە لە بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەردا ، ژنان وپیاوان وەك یەك پێویستە کارابن و هاوکاری یەکتربن. لەپرۆژەیەکی گرنگی وەك داخوازینامەی وئەو زەمینەیەی کە دەبێ تەخت بکرێ بۆ جێگرتنی لە جێگاکانی خۆیاندا کاری هەمووانە. دنیای نوێ ئامرازی نوێی دەوێ بۆ خەبات، ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە بە ژن وپیاوەوە هەریەکەو لەشێوەی خۆی بەرێژەی خۆی بەو دواکەتوویی و نەریتیبوونەی کۆمەڵگە،و زیانی پێگەیشتووە، گۆڕینی ئەو پەیوەندی و شێوازەنەریتییانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی وسیاسی و کلتووری و ئایینیو .... هتدەکاندا ، هەموواوان بەهرەی لێوەردەگرن، وبەرهەمی ئەو گۆڕانکارییانە بۆهەموان دەبێت. بەکورتی و کۆنکریتی بیناکردنەوەی ستڕکتووری کۆمەڵایەتی،وئابووری و سیاسیی کۆمەڵگە نە بەتها پیاوان دەکرێ، و نەش بەتەنها بەژنان دەکرێ، بەڵکە بە بەشداریی هەردوولا وبەکارایی و کاریگەرێتیی هەردوولا دەکرێ.

لێدوانی (روناك فەرەج رەحیم–رۆژنامەنوس)

مەسەلەی ژنان بەشێکی گرنگی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانە، کە بەدرێژایی مێژوو بیرەنگەی لێکراوە، بێگومان ئەم بیرەنگییەش لە ئاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ باروودۆخی سیاسیی کوردستان کە خۆی لە کۆلۆنیالکردنی خاك وئابووری و فەرهەنگیدابینێتەوە.

بۆیە تاکی کوردی بەردەوام بەجەستە وەستاوەتەوە لەڕووی ئەم داگیرکاریەدا ،نەك بە

عەقڵ. هەرئەمەش وایکردووە بزوتنەوەی فکری ژۆر لاوازبێت، لەهەلومەرجێکی واشدا گفتوگۆ لەسەر مەسەلە کۆمەلایەتیەکانیش بونی نیە.

لەدوای ڕاپەرین، ولەماوەی ئەم دەساڵەدا ڕۆژ بەڕۆژ گفتوگۆ لەسەرمەسەلە کۆمەلایەتیەکان ئاستێکی فراوانتر وەردەگرێت، بەتایبەت مەسەلەی ژنان لەڕێگای ئەو ڕێکخراو،وناوەندانەی کە دامەزراون ودادەمەزرێن لەناوە،ولەدەرەوە.

دیارە مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینە باسی یەکێك لەو ناوەندانەیە کە لەدەرەوە، لەساڵی(٢٠٠١)دا دامەزراوە بەناوی "پلاتفۆرمی ژنی کورد" گەیاندنی مەبەست وئامانج و بەرنامەی ئەم پلاتفۆرمە بەکوردستان لەڕێگای {چنور صدیق ومهاباد قەرەداغی ومەرزیە رەزای}یەوە بووە،دووکۆبونەوەیان لەسلێمانی ،وکۆبونەوەیەکیشیان لە هەولێرئەنجامدا بۆگفتوگۆ سەبارەت بەخاڵەکانی پلاتفۆرمەکە. بەردەوام هەواڵەکانی کۆبونەوەکانی دیش دەنێرن بۆ کوردستان. بێگومان بوونی ئەم پلاتفۆرمە و هەرناوەندێکی دی کە لەدەرەوە دادەمەزرێت هەنگاوێکی ئیجابیە گەر مەبەستە سەرەکیەکەی کارکردنبێت بۆ ئەو پرنیسیپانەی کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە دادەڕێژرێت، گرنگیەکەش لەم چەند خاڵەدا چردەبێتەوە:

بونی ناوەندێکی سەربەخۆ کە داکۆکی لەمافەکانی ژنی کوردبکات.مەبەستم لەسەربەخۆیی ئەو ناوەندە ئەوەیە جیابێ لەو ناوەند،وبزوتنەوانەی کە ژنانی تورك وفارس وعەرەب هەیانە،ژنی کوردیش سالانێکی زۆرە پاشکۆی بزوتنەوەی ژنانی ئەم وولاتانەن.

دیارە بەندە دوور لە هەردەمارگیرییەك ئەم ئامازەیەم هەیە ،کە مەحاڵە ژنێکی(فارس یان عەرەب یان تورك) بتوانێت گوزارە لە ئازاری ژنێکی پاشماوەی ئەنفال بکات.

ئەمە بەدەرلەوەی کە پێکهاتەی رولی ژنانی ئەم وولاتانە بەشێوەیەك کاری لەسەرکراوە کەهەربزوتنەوەیەك، یان ناوەندێکی ژنی کورد بەپاشکۆی بزوتنەوەکانی خۆیان دەزانن.

بەشداریکردنی بزوتنەوەی سەربەخۆی ژنی کورد لەو کۆنفرانس و کۆبوونەوەجیهانیانەدا هەنگاوێکی ئیجابییە بۆ ناساندنی ژنی کورد،و کۆکردنەوەی هاودەنگی وهاوپشتی بۆی.

ئەمجۆرە ناوەندو پلاتفۆرمانە بتوانن ببنە پردێکی پەیوەندی لە نێوان دەرەوەی کوردستان و ناوەوەی. خاوەنی بیرۆکەی ئەم پلاتفۆمە ژنە و دەستەی دامەزرێنەریشی هەر ژنن. بۆتاوتوێکردنی خاڵەکانی بەرنامەکەو،گفتوگۆکردنی پیاوانی ڕۆشنبیریش ئەوانەی ئەم مەسەلانەیان بەلاوە گرنگە،بەشداریپیانکردوە. ئەمەش ئامازەیەکە بۆ دروستیی کارەکە.

هەر ئەم پلاتفۆرمە بتوانێت ڕۆلێکی ئەوتۆ ببینێت،کە کەمێك لە کێشەو ئازەرەکانی ژۆر لەو خێزانانە سوك بکات کە لە تاراوگەن.

خاڵێکی دیش کە پیچمباشە ئامازەیەکی بدەمێ،ئەوەیە کە لەدامەزراندنی هەر ناوەند،و سەنتەر،وپلاتفۆرمێکدا دنیایەك گومان و ئەگەری لەدەور کۆدەبێتەوەو دەیان ڕاڤەی بۆ دەکرێت.کە گوایە ئەمە فلان حیزب،وفیسار دامەزراوی لە پشتەوەیە.ئێستاش لەگەڵ دامەزراندنی ئەم پلاتفۆرمەدا دەیا بۆچون هەیە لەسەر ئەوەی کە دەستی لەپشتەوەبێت.من بۆخۆم چەند هاوڕێم هەن ،بە نامە ئاگاداریان کردوم،کە مەترسیی ئەوەیان هەیە. دیارە دەکرێت ئێمە ئیدی دەستبەرداری حوکمە پێشوەختەکانمان ببین..کاروچالاکیی هەر ناوەندێك کە دادەمەزرێت هەڵبسەنگێنین،و هەمیشەش بەئاگابین لەوەی کە هەر بیرۆکەیەك لەسەرەتای دروستبونیدابو،لەناوی نەبەین.با پلاتفۆرمیش هەر بەمشێوەیە سەیربکەین.

بەڵام لەسەر ئەم گومانانەشەوە ڕاستییەك هەیە،لە دەستەی دامەزرێنەری ئەم پلاتفۆرمەدا هەندێك کەسایەتیی ناسراو هەن،کە مێژویەکی پڕماندوبون،وراستگۆیی هەڵوێستیان هەیە.ئەمە

جگەلەوەی کە لە ئاستێکی فکری و هۆشیاریی ئەوتۆدان کە لەوانەوە پێموایە،گەر مەسەلەکە خزمەت بە ژنی کورد نەکات،ئەوتن پێیان قبوڵنابێ.وەکخانمان(چنور صدیق،مەهاباد قەرەداغی،مونیرەی موفتیزادە)

ئیدی هەرکەسێك لەئاستێکی فکری ئەوتۆدابێت هەرهەنگاوێك هەڵبسەنگێنێت درك بەم مەسەلەیە دەکات.

بۆیە من بۆخۆم هەرناوەندوسەنتەر و هەواڵێك کە بۆخزمەتی ژنی کوردبێت لە هەرکوێیەك بێت لەگەلیم .تائەو جێگایەی کە خزمەت بەمەبەستەکەی دەکات، بەدەرلەوە بڕیاری خۆمم هەیە.

خواسێشمە ئێمە ناوەندێکی ژنانی سەربەخۆلە نەتەوەکانی دیمان هەبێت لەدەرەوەو گوزارە لەئازارو کەینەتیەکانی ژنی کوردبکات وپشتیوانی جیهانی بۆ پەیداکات.

بەو ئومێدی پلاتفۆرمە بتوانێت ئەو ناوەندەبێت.

داخوازینامەی ژنی کورد

یاسا لە کۆمەڵگە شارستانییەکاندا بالاترین دەسەڵاتە، ئەم دەسەڵاتە بالایە دەتوانێت بناغەی دادپەروەری، یەکسانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کلتووری بێ. یاسا پارێزەری مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، ئەرکەکانی هاوڵاتی دیاری دەکات و مافەکانیشیان دەستەبەر دەکات. یاساکان لە کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە مافی ژنیان وەکو مرۆڤێکی ئازاد دەستەبەر نەکردووە، بەو بێیەش ژن کراوە بە مرۆڤێکی ژێردەست. بۆیە ژنانی کورد خوازیاری ئەلتەرناتیڤێکی شارستانیانەن بۆ ئەو یاسایانەی کە تا ئەمڕۆ لە کوردستاندا پەیڕەوی کراون و دەیانەوێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا چاکسازی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی کوردا بێکبێت. ژنانی کورد دەیانەوێ لە یاسادا هیچ جۆرە هەڵاواردنێك نەمێنێت، و هەموو مافەکانی ژن وەکوو مرۆڤێکی ئازاد دەستنیشان بکرێ و ببارێزرێ. داخوازییەکانی ژنی کورد لە پێناوی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانە و شارستانیدایە و بۆ چاکسازییەکی کشتی و هەمەلایەنەیە، بەدیهێنانی ئەو داخوازییانە بیشاندەری رادەی بپشکەوتوویی کۆمەڵگەیە.

یەکەم - لەبواری مافە یاساییەکاندا

تا ئەمڕۆ لە کوردستان، هەروەکو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دەوروبەریشی لە بواری یاسایی دا مافی کەسایەتیی ژنان و پیاوان وەك مرۆڤی هاوتا و یەکسان دانەنراوە و لەم بوارەدا هەڵاواردن کراوە. بۆ ئەوەی لەم بوارەدا یاساکان دادبەروەرانە و مرۆڤانە بن، ژنانی کورد دەیانەوێ ئەم مافانەی خوارەوە بەم شێوەیە دابنرێن:

١ـ١/ لە گەواهیدان (شایەتی) دا ژنان و پیاوان وەکو یەك بە مرۆڤی تەواو دابنرێن.

١ـ٢/ لە دابەشکردنی میراتدا ژنان و بیاوان بەشی یەکسانیان هەبێ.

١ـ٣/ دانانی کوشتنی ژنان بە پاساوی ناموسپەرەستی بە تاوان وەك هەر تاوانێکی کوشتنی بەمەبەست. سزادانی بکوژان بە زیندانیی ماوەی ژیان.

١ـ٤/ دانانی سزا بۆ هەرجۆرە زەبروزەنگ و تووندووتیژییەك لە سەر ژنان.

١ـ٥/ وەستانی سزای دژ بە مرۆڤایەتیی (بەردبارانکردن).

١ـ٦/ بەسەندکردن و دابینکردنی رێکەوتنامە و بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان لە سەر مافی مرۆڤ.

١ـ٧/ لە مافی جیابوونەوەدا ژنان و بیاوان یەکسان بن.

لە دوای جیابوونەوەش دا ئەم مافانە بۆ ژنان دەستەبەر بکرێن:

- مالّی گوێزراوە و نەگوێزراوە لە نێوانیاندا بە یەکسانی دابەشبکرێت.

- لە رووی داراییەوە ژیانیان لە لایەن دەزگاکانی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە مەیسەر بکرێ.

- لە کاتی سەربەرشتیکردنی منداڵدا، باوك نەفەقە بۆ هەر یەك لە منداڵەکان بدات بە دایك، دەزگاکانی

کاروباری کۆمەڵایەتیش کۆمەکی دایک بکات بۆ سەرپەرشتییەکی شایستە بۆ ئەو مندالانە.

- مافی سەرپەرشتیی منداڵ، تا تەمەنی پێگەیشتن بدرێ بە دایک، بە مەرجی تەندروستی باری دەروونی و عەقڵی (بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لیژنەیەک لەپزیشک و دادوەری بێلایەن کە ژنیشیان تێدا بێت بڕیار بۆ دروستیی، یان نادروستی باری دەروونی و عەقڵیی بدەن).

دووەم - لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا

لە زۆربەی کۆمەڵگە نەریتییەکاندا یاساکان لە سەر ڕێسا ئایینییەکان و نرخاندنە کۆمەڵایەتییەکان دانراون. بەرژەوەندییەکانی تۆڕ و چین و گروپە دەسەڵاتدارەکان بەسەر یاسادا زاڵدەبن و جێگەی دەکرن. بۆیە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر پەڕەوییەکانی ئەو ڕێسا و نرخاندن و بەرژەوەندییانە شێوە دەگرن، لەبەرئەوە زۆربەی ئەو ڕێسا و نرخاندنانە لە سەر بناغەیەکی لۆژیکی بنیات نەنراون و مافی هەموو چین و تۆڕەکانی کۆمەڵگە ناپارێزن. هۆی ئەوەیە لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا مافە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە پێشێل دەبن و ڕەفتار و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان دادپەروەرانە نابن.

لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا مافە کۆمەڵایەتییەکانیش، هەروەکو مافە یاساییەکان و مافە ئابووری و سیاسی و ئاینیەکان لە سەر بناغەیەکی لۆژیکانە و گونجاو لە یاسادا جێدەگرن و کاریان پێدەکرێت. لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەردا ژنانی کوردیش دەیانەوێ بە دانانی بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێسا و نرخاندنە نالۆژیکییەکان بهێنرێ و ئەم مافە کۆمەڵایەتییانەی ژن لە بڕگەی یاساییدا جێبگرن و چاودێریی جێبەجێکردنیان بکرێت

٢ـ١/ مافی هەڵبژاردنی هاوسەر لە دوای تەمەنی هەژدەساڵییەوە بە دەستی تاک خۆیەوە بێت.

٢ـ٢/ تەمەنی هەڵبژاردنی هاوسەر لە هەژدەساڵ کەمتر نەبێت.

٢ـ٣/ قەدەغەکردنی بە زۆر بەشوودان.

٢ـ٤/ هەموجۆرێکی نرخدانان لەسەر ژن لە کاتی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتیدا قەدەغە بکرێ، وەک مارەیی، شیربایی و جیازیی بووک.

٢ـ٥/ قەدەغەکردنی کرین و فرۆشتنی سێکسیی ژن بە ناوی سیغە و هاوسەرێتیی کاتی و هەر جۆرە پاساوێکی تری ئایینی.

٢ـ٦/ قەدەغەکردنی لەشکڕین و لەشفرۆشتن، سزادانی ئەو کەسانەی لەش دەکرن و ئەو کەسانەشی کە لەش دەفرۆشن بە بڕی پارە یان زیندان.

٢ـ٧/ مافی لە باربردنی منداڵ لە دەستی ژندا بێ، بە مۆڵەت و سەربەرشتیی پزیشک.

٢ـ٨/ ئازادیی سەفەرکردن وچالاکی و هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی و جلو بەرگ پۆشین.

٢ـ٩/ دانانی خانەی تایبەتی بۆ سەرپەرشتیکردنی پیران و دابینکردنی پێداویستییەکان.

٢ـ١٠/ قەدەغەکردنی ژنبەژن.

٢ـ١١/ قەدەغەکردنی فرەژنی.

٢ـ١٢/ قەدەغەکردنی خوێنخۆشکردن بە ژن (بەرخوێن).

٢ـ١٣/ قەدەغەکردنی گەورە بە بچووک و لە سەر لانک بە شوودان.

٢ـ١٤/ قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە لە هەر تەمەنێکدا.

٢ـ١٥/ قەدەغەکردنی لێدانی ژن لەلایەن باوک، برا، مێرد و پیاوانی بنەماڵەوە.

٢ـ١٦/ قەدەغەکردنی هەرجۆرە دابو نەریتێکی کۆمەڵایەتی کە مافی ئینسانیی ژن پێشێل دەکات.

٢ـ١٧/ قەدەغەکردنی دەستدرێژیی سێکسی بۆ ژنان تەنانەت لە ژیانی هاوسەرێتیشدا.

لادان لەو ڕەفتارانەی کە قەدەغە دەکرێن، بە تاوان دابنرێن و سزایان هەبێت.

سێیەم ـ لە بواری پەروەردە و سیستەمی پەروەردەییدا

خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە سێ دامەزراوی گرنگ و تەواوکەری یەکترن بۆ دروستکردنی کەسایەتیی مندالْ. سیستەمی پەروەردەکردن چ لە مالْ و چ لە قوتابخانە و کۆمەڵگەدا بایەخێکی مەزنیان هەیە لە سەقامگیرکردنی جۆری کەسایەتیی مرۆڤدا. بایەخدان بەم بواره بایەخدانە بە ئێستا و دوارۆژی کۆمەڵگە. لە پێناوی ئێستا و دوارۆژێکی شایستە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و مرۆڤی کورد، ژنانی کورد دەیانەوێ لە سیستەمی پەروەردەیی کوردستاندائەم گۆرانکارییانە بکرێن و یاسایان بۆ دابنرێت.

۳ـ۱/ زمانی خویندن لە هەموو قوتابخانەکان بە کوردی بێت.

۳ـ۲/ سەپاندنی یاسای نۆ سالْ خوێندنی بەزۆر و بە خۆڕایی بۆ مندالْان.

۳ـ۳/ گۆڕینی ئەو میتۆده پەروەردەییەی کەرەنگدانەوەی بیرو بۆچوون و نیازەکانی دەوڵەتی سەردەستن، بە میتۆدێکی تری گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کوردستانی ئازاد و بۆ دروستکردنەوەی کەسایەتییەکی ئازادی مرۆڤی کورد.

۳ـ٤/ گۆڕینی میتۆدی یەکجۆری بە میتودی فرەجۆری لە بواری فێرکردن و فێربووندا، سودوەرگرتن لە میتوده پەروەردەییە جۆراجۆرەکانی جیهان بۆ دروستکردنی کەسایەتیی سەربەخۆ و ئازاد و پشتبەخۆبەستوو لە خوێندکار.

۳ـ٥/ قوتابخانەی تێکەڵ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

۳ـ٦/ رەچاوکردنی یەکسانیی ژن و پیاو لە بەرنامەی کتێب و سیستەمی فێرکردندا.

۳ـ۷/ قەدەغەکردنی لێدان و هەموو جۆرە زەبروزەنگێکی فیزیکی و دەروونی لە لایەن مامۆستا و فێرگەکانەوە.

۳ـ۸/ دابینکردنی تواناکاری بۆ خوێندکار بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن لە زانکۆکان و خوێندنی بالْادا.

ـ دابینکردنی تواناکاریی ئابووری بۆ هەموو قوتابییەك لە قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی و خوێندنی بالْادا.

دابینکردنی تواناکاریی ئابووری و بەشی ناوخۆیی بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە شارەکانی تردەوە روو لە زانکۆکان دەکەن.

ـ دابینکردنی تواناکاریی زانستی، وەك کتێبخانەی دەوڵەمەند و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

۳ـ۹/ لەپێشترێتیی وەرگرتن بۆ قوتابیانی کەمئەندام لە زانکۆکاندا و پیویستییە تایبەتییەکان بە کەمئەندامەتییان بۆدابینبکرێت.

۳ـ۱۰/ زۆرکردنی ژمارەی دایەنگە و باخچەی ساوایان و باخچەی منداڵان.

ـ وەرگرتنی منداڵی یەك تا شەش سالْ بە مەرجی کارکردنی دایك و باوك.

ـ کاتی مانەوەی منداڵ لە باخچەی ساوایان بەپێی کاتی کارکردنی دایك و باوك بێت.

ـ دابینکردنی تەواوی پێویستییەکانی منداڵ لە باخچەدا.

ـ وەرگرتنی منداڵ لە باخچەدا بۆ چەند سەعاتێك بە پێی مەرجی کاری دایك و باوك بۆ راهێنان و فێرکردن.

۳ـ۱۱/ کردنەوەی خانەی تەندروستی و سەرپەرشتی بۆ ئەو منداڵانەی کە بە زگماك کەمئەندام ،یان دواکەوتووی عەقڵین.

چوارەم ـ لەبواری ئابووری و ژیانی کار و بەرهەمهێناندا

ژمارەی مرۆڤی بەرهەمهێنەر و رادەی بەرهەمهێنان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا داهاتی نەتەوەیی و ستانداردی ژیان لەوکۆمەڵگەیەدا دەستنیشان دەکات. کار و بەرهەمهێنان بڕبڕەی پشتی ئابووریی هەر کۆمەڵگەیەکن. بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمی ئابووری بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و

بەرزکردنەوەی ستانداردی زیانە، کە بەستراوە بە رێژەی مرۆڤی چالاک و کارا لەو کۆمەڵگەیەدا. ژیانی کار و بەرهەمهێنانیش مەرجە بە یاسای لۆژیکی و گونجاو ماف و ئەرکەکانی کارمەند و فەرمانبەر و کرێکاران دەستنیشان بکات. لە پێناوی گەیاندنی ئاستی کۆمەڵگەی کوردستان بە ئاستی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و ستانداردی ژیانی مرۆڤی کورد، پێویستە رێژەی مرۆڤی بەرهەمهێنەر بە ژن وپیاوەوە زۆرتر بکرێنەوە و چالاکی ئابووری فراوانتربکرێتەوە. بۆئەم مەبەستەش پێویستەماف وئەرکەکان لەیاساداجێبگرن وکاریان بێ بکرێت. لەبواری کاروبەرهەمهێناندا پێویستە ئەم مافانەی کە لە خوارەوە پۆلینکراون دەستەبەربکرێن

-١/ دابینکردنی کار بۆ ژنان و پیاوان بە بێ هەڵاواردن.

٤-٢/ مووجە و حەقدەستی وەک یەک بۆکاری یەکسان بۆفەرمانبەر وکرێکار وکارمەندی کاری ئازاد دەستنیشان بکرێت.

٤-٣/ کرێکار و فەرمانبەران و خاوەنکارە ئازادەکان بە زن و پیاوەوە باج بدەن بە دەوڵەت و لە دەوڵەتیشەوە مافی خانەنشینییان بۆ دابین بکرێ.

٤-٤/ ژینگەی کارەکان تەندروست بن و هەر کارێکی زیان بە تەندروستی دەگەیەنێ قەدەغەبکرێ.

٤-٥/ قەدەغەکردنی کەڵک وەرگرتن لە هێزی کاری ژن و منداڵ لە لایەن خاوەنکارە ئازادەکانەوە.

٤-٦/ مەرجی بەڵێننامەی کارلەکاتێکدا کاری ئازاد دەکرێت لەنێوان کرێکارو خاوەنکاردا دا بنرێت، لەو بەڵێننامەیەدا هەموو مافێکی وەکو بیمەی بێکاری، بیمەی نەخۆشی و مووچەی خانەنشینی دەستنیشان بکرێت.

٤-٧/ ژینگەی تەندروست بۆ کرێکار و فەرمانبەر، بەتایبەتی بۆ ژنان لەقۆناغی دووگیانی(سکپڕ)یدا دەستەبەر بکرێت.

٤-٨/ بیمەی بێکاری بۆ ئەو کەسانەی دوای ماوەی ساڵێک کارکردن لەبەر هەر هۆیەک بێکار دەمێننەوە.

٤-٩/ مۆڵەتی منداڵبوون و گۆشکردنی منداڵ بە موچەوە بۆ ماوەی سالێک بۆ دایک قبوڵ بکرێت.

_ مۆڵەتی شەش مانگ بە مووچەی تەواو بۆ باوک. بۆ سەرپەرشتیی منداڵ دابنرێت.

٤-١٠/ قەدەغەکردنی کاری منداڵی ژێر تەمەنی هەژدەساڵ، بەرامبەر بەمەش دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی لەڕووی ئابوورییەوە.

٤-١١/ یارمەتیدانی کەمئەندامان لەرووی ئابووری وتەندروستیەوە و هەوڵدان بۆچالاککردنەوەی رۆڵ وکاریگەرییان لەناوکۆمەڵدا.

- دانانی پلان بۆ سوودوەرگرتن لەهێزوبەرهەمی کەمئەندامانی وەکو: نابیناکان، گوێکرانەکان، لاڵەکان، شەلەکان، گۆجەکان کەمئەندامی جەستەیی تر لە رێگەی کارێکی گونجاو لەگەڵ کەمئەندامێتیی ئەواندا.

- کردنەوەی خانەی سەرپەرشتی و تەندروستی بۆ ئەوانەی لەڕووی عەقڵییەوە دواکەوتوون.

- دانانی سەرپەرشتی و بەرنامەی چارەسەر بۆ ئەوانەی لەڕووی دەروونییەوە ئالۆز و پەشێون.

٤-١٢/ یارمەتیدانی ژنان و منداڵانی ئەنفالکراو. هەروەها یارمەتیدانی هەمووی ئەو بنەماڵانەی کە لە هەر شوێنێکی کوردستان و بە هەر شێوەیەک ئاوارە کراون.

-دابینکردنی کاری شایستە بۆ ژنانی ئەنفال و هەموو ئەو ژنانەی کە لە هەر شوێنێکی کوردستان و بە هەر شێوەیەک ئاوارە کراون.

- یارمەتیدانی ئابووریی ئەو ژنانەی لەبەر هەر هۆیەک ناتوانن کار بکەن

- دابینکردنی خانوو، ناومال و پێویستییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان بۆیان.

٤-١٣/ مافی مووچەی خانەنشینی

- مووچەی خانەنشینی لەتەمەنی(٥٠)ساڵیدا، یان هەرتەمەنێک کەلەگەڵ ناوەندی تەمەن لەکوردستاندا بەگونجاو دادەنرێت.

- خانەنشینکردنی پێشەوەخت لە کاتی پێویستییەکی تەندروستیی فیزیکی، یان دەروونیدا.

_ زیادەیەك لە کاتی هەبوونی منداڵی ژێر تەمەنی(١٠) ساڵ بۆ سەر مووچەی خانەنشینی.

- زیادەیەك لە کاتی هەبوونی زیاتر لە سێ منداڵی تەمەنی قوتابخانە.

پێنجەم - لە بواری سیاسەتدا

سیاسەت کەنالێکە کە بڕیار بۆ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە دەدات. ئەم کەنالە دەتوانێ کاریگەریی باش ،یان خراپ لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە دابنێت و بە هەمان شێوەش تاك دەتوانێ کاریگەریی هەبێت لە بڕیارەکانی ئەو کەنالە. ڕەچاوکردنی یەکسانیی ژن و پیاو لە بواری سیاسەتدا ،بۆیە گرنگترین و بایەخدارترینە چونکە ناوەندی بڕیارە و کاریگەریی دەبێت بۆ سەر هەموو بوارەکانی تر. ژنانی کورد دەیانەوێ لە بواری سیاسەتدا هەڵاوردن نەمێنێ و دادپەروەری ڕەچاوبکرێت، هەروەها ئەرکی سیاسییان هەبێت و مافەکانیشیان بێ کەموکووڕی بێت. بۆیە لەم بوارەدا خوازیاری ئەم مافانەن:

٥.١/ بواردان بە ژن و سازکردنی زەمینە بۆ بەشداریکردن بە ڕێژەیەکی کاریگەر لە ناوەندە بڕیاردەرەکاندا.

- لە سەر کردایەتی پارتەکاندا.

- لە پەرلەماندا.

- لە دەسەڵات و لە بەڕێوەبەرایەتیی دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا.

- لە ڕێکخراوە پیشەیی و کلتوورییەکاندا.

٥.٢/ ڕەچاوکردنی یەکسانیی ژن و پیاو و قەدەغەکردنی هەر جۆرە هەڵاوردنێك لە:

- نووسراوە ڕەسمییەکانی دەزگاکانی دەوڵەت.

- لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێت).

_ بێلایەنکردنەوە و ئاساییکردنەوەی پەیامەکانی میدیای کوردی.

٥.٣/ بەشدارکردنی ژنان لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسە چارەنووسسازەکاندا چ لەئاستی ناوخۆ، و چ لەئاستی نێونەتەوەییدا.

- هەبوونی ژن لەگەڵ ئەو وەفدانەی کە دەنێردرێنە وڵاتان بۆ ڕاییکردنی کارێکی سیاسی.

- هەبوونی ژن لە کاتی پێشوازی و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو وەفد و ڕێکخراوانەی کە دێنە کوردستان.

٥.٤/ ئازادیی بیر و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و ئازادیی چالاکیی سیاسی لە دەستووری بنجینەییدا چێبکرێ.

٥.٥/ ئازاد کردنی زیندانییە سیاسییەکان.

٥.٦/ هەڵگرتنی یاسای سزای کوشتن (ئیعدام). هەروەها قەدەغەکردنی کوشتن و تیرۆرکردنی نایاساییانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە. هەوڵی داسەپاندنی کلتووری ئاشتی لە ڕێگەی میدیای کوردییەوە بدرێ.

*****

ئەم داخوازییانە، ئامانجی سەرەکیی ژنانی کوردن لە کوردستان و جیهان، تا بەدیهێنانی دواخاڵی خەباتی بۆ دەکەن. ئەم داخوازییانە بەڕەسمی ئاراستەی ناوەندە بریاردەرەکانی کوردستان دەکەین و داوای بە جیدی وەرگرتن و وەڵامدانەوە و جێبەجێ کردنیان دەکەین، هەروەها ئاراستەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوە مرۆڤایەتی و پەروەردەیی و سیاسییەکانیشی دەکەین.

ژنانی دادپەروەریخوازی کوردستان، خوازیاری کۆمەڵگەیەکی مەدەنین بۆ کوردستان و پێیانوایە بە ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی ئەم داوا ڕەوایانە کۆمەڵکەی مەدەنی لە کوردستاندا دەشێ بێتە ئاراوە.

لەپێناوی داهاتوویەکی ڕۆشن و پێشکەوتوو، کۆمەڵگەیەکی دادپەروەریی مرۆڤانە، بە پێویستی دەزانین هەموو ماف و داخوازییەکانی نێو ئەم داخوازینامەیە لە چوارچێوەی یاسادا چێ بکرێ و پیادە بکرێ.

(١)

لەسەر بەردە پانەکەی پشت خانووەکە کە پێیان دەوت–بەردە دۆڵەکە– دانیشت، زەردەخەنە سەمای بەلێوی دەکرد، فرمێسکی خۆشبەختی بە سەرگلێنەیەوە کە پرۆکەی کردبوو.. دەمو چاوی سروشتی بوو لەوە نەدەچووە خانووی رووخا بێو تازە گەڕابێتەوە، مێشێکی میوان نەبوو..

سەیری ئەوبەردەی لای سەرووی خۆی کرد کە پێیان دەوت–بەردە خەرمانە– (چوار ساڵی رەبەقە–جیهازەکەم لە بنیاشاردۆتەوە، کە فووم پیادەکرد فرۆکە وەک دالاش دادەباری، بەکلاو ئەمانەی دەگرتو وەک شەلاقەی باڵشکاو دەکەوتنە بەردەستی.. ئەگەر ئەژانن ئەو جیهازە لەوێیە سەرم دەکەنە دنگو برنجی تیادەکوتن، هەر چۆنێ بێ ئەم شەو دەری دەهێنمو بەپیک پارچە پارچەی دەکەم..)

کیفی نووشتەو مۆرەکەی دەرهێناو ماچی کردو نایە بان سەری: (ئەگەر خێڵی پەناهی رۆژی سەدنان بخۆن دەبێ پەنجای بکەنە خێری ئەم مۆرە، بارانی پەڵەیە بەردی سەبرە، دەشتو دەرمان سەوزە، گەنمان کۆڵەکە دەدات بزنو مەڕمان دوانە دەهێنن، گیسکمان گیسکە زا دەکات.. ئەمە پێنج پشتە لەباخەڵمانایەو سەرچاوەی بوونمانە.. لەپێش لەدایک بوونی ئەم مۆرەدا خاوەنی بزنە گەڕێک نەبووین، بەرگایلکەو مەخودەی پێش مێگەل بووین، لەبرسا قاچمان قاویژی دەکرد، بەکەپوولەی ئاسیاو دەژیاین، مێشمان دەقەپان، گوێزی ناو بێژنگ بووین، خانوومان لە گەمڕەو گورگەو نیرگەو کۆڵەکەی چەوتو چێڵ دروست کرابوو، سەری تیاڕاست نەئەبۆوەو ئەتووت کولانەی دێڵی تەرەکیوە..) کوێخاجانەی باپیرە گەورەمان ژیرو هۆشیاربوو، ئەم نێچیرە گەورەیە چۆن بوو بە تەڵەیەکەوە، ئەڵێن کە دڵی خۆشبووبێ مۆرەکەی خستۆتە سەر رانی راستیو دەیووت:– بەردە نوێژی خێڵو قیبلەی نمایەتی.. ژیرییەکەی لەوە دابوو یەکەمجار مۆرەکەی خستە ناو کیفی نووشتەکەی– پیرخدری شاهۆ–وەو کیفو ناوەڕۆکەکەی وەک یەک پیرۆزبوونو بەنەزەرگەکەی خێڵی پەناهی ناودەبران، دەرمانی ئازارو برین بوو، لەسەر خەرمان دادەنران، بەمەشکەدا هەڵدەواسران، بۆ ئەوەی بەرە مەشکەکە زۆربێ. وشەی پەناهیش لەوەوە هاتووە کاتی خۆی

مـــۆر

سەلام مەنمی

پـــەنایان بـــۆ ئـــەم مـــۆرە بـــردووەو لەپـــەنایا حەساونەتەوە، ئەوەندە پیرۆزە هـەتا ئێستا ژەنگی هەڵنـــەهێناوەو هـــێزو هەیبـــەتێکی نـــەهێنی پـــێ بەخشیوینو شـەرمان لێ دەکـەنو کـلاوی سـەخری جنی کردۆتە سەرمان..

(٢)

ئێستاش کلاوەکەم بەلایەکی سەرمەوە دەنێم، شـا بەسەپان نازانم، شەوو رۆژنیزا بۆ مۆرەکـەی-جانـە- ی باپیرم دەکەمو ئاوزەنگی بەرەو لوتکـە لێدەدەم، خۆ وەك خەڵك لەسـەر سـکی رووت نەهاتوومەتـەوەو ئـەو رێوییـەم هـەزار تەڵـەی بـەکلك تـــەقانووە، ئـــەو کاتەی کە خەڵك لە پـــەراوێزی خـەماگیری خواردبـوو، سەری کلاڤەی ون کردبوو، شەش قات هەقی خانووی خـۆم وەرگـرت، ســـەدفاکیان بـــە فیکێکـم، ئـــەوەی ئیزرەم نـان بخـوات ئـەلیرەم عـەقڵی هەیـــە. (عـــەلی دووری)

پێی وتم:-باخانۆکەت نەڕووخێنین..

(خەڵەف)ی بەڕێوەبەر وەڵامی دایەوە:

-لەپێشەوە ئەو تەخت دەکرێ، باگومانـاوی نـەبێ پیـاوی وەك کوێخـا-بلّبـاس-مـان چنـگ ناکـەوێ، ئـەوەی بـەو دەکرێ بـەکێ دەکـرێ سـەری منیشـی بەرزکردۆتەوە، جیهازەکەی هەمیشە لەگەڕابوو، ئـەی نەزەرگەکەی باخەڵی بۆ نالێی مێشکیانی بـەکائاخنی بوو، سەری دنیای بە پووش لێگرتبوون..

کوێخـا ئـەتووت کەشـکی ئـاوە سـووەو سـەری بەرزکردەوەو وتی:

-پشتو پەنام هەیە، سواربك بەتەنها تۆز ناکات..

ئەوەی وتو کەوتەوە قسە:

-ئێستا کیفەکە لـەباتی گوللەبـەن دەچێتـە نـاو شەڕەوەو پۆیلانەی سـەریانە.. شـێوازی دۆزەخ تـرم هەیە:- کە چاویـان بـەکاوڕی چـەرموو سـوورو چـارو گیسـکی هـەمسو بەلـەپۆش دەکـەوێ سـلاواتیان لـە دیاردەدەن لەگەڵ منـا پێیـان نـاکرێ وەك دەڵێـن:- سـەد قـەڵو بـەردێكو ریشـەی دابەسـتراو بـەکزەبا هەڵناکەنرێ..

(٣)

چارەنووســـی خێڵـــی پـــەناهی بەچارەنووســـی مۆرەکەیانـــەوە بەســـتراوە، هـــەرچیمان هەیـــە لەناوچـەوانی ئـەوی دەناسـین، گۆڕەپـانی ژیانمـان سـەنگو سـوودەکات، خواسـتەکانمان جەڵـەی

تیادەبەستن، لەمیحرابی خواپەرستاندا نیزامان بۆ دەکات، لەدادگای هەقدا بەرگریمان لێ دەکات، گڕ لەدڕکو دالّی ڕێگامان بەردەدات، باڵو پشتی ئەسپی بەختمان شانەو ڕنەک دەکات..

-جانەی باپیرە گەورەمان دەمێکە وەسێتی کردوە:

-بنەماڵەی پەناهی، هەر کەسێکی لێ مرد وێنەیەکی مۆرەکە بخەنە گۆڕەکەیەوە لەو دنیادەرگای بەختەوەری بۆ دەکاتەوە، تارمایی‌یەکان ڕاودەنێ، پەساپۆرتی پەڕینەوەیە.. باپیرەم ڕاست دەکات، هەتا ئەو مۆرە بمێنێ قەندەمان سەربەرەو ژوورەو کەس پێمان نالّێ لەل، مۆری هاودەنگی‌و نووشتەکەی پیرخدر مالّمان کردۆتە چراخان، مێژوویەکی پیرۆزیان بۆرەخسانووین، تازەکێ ئەو شوێنەوارە دەسڕێتەوە.؟! ئەوە دیزەی ڕەشە کەس لێینەکەوێ.. -حەمە پیزە- بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی نایە بانی، ئەڵڵاقویسەن چووە ناو کۆمەڵەوە دوو کوڕی خۆی کوشت، بە فوویەک خۆیشیم بەگرتندا ئاگریان لەسەر پشتی کردەوە شەویلەشیان خوارکرد، ئێستاش دەمی دەلّێی شێر پاڵیوکە، هەوڵّدا مۆرەکەم لێ زەوت کات، وتبووی:- کوێخا سیخوڕە، سنگ لەقێنە هەڤاڵ -فارس- لێی ڕاپەڕیبوو:

-لەو دەڤەرەدا لەوی خانەدانتر تیا هەیە..؟! ئەو شەوە تێردەخەوتین کە لەماڵی ئەوانا بووینایە، خۆی‌و کوڕەکانی پاسەوانمان بووون، لە شاریش دەگەڕایەوە بارێ دیاری‌و دەسەنەی بۆ دەهێناین، لەباتی ئەمانە مۆرەکەیشی لێ بسێنینەوە.؟! ئەو مۆرەیش مەرقەدی خەڵکە، لەگەڵ مۆرەکانی تردا جیاوازە، خۆم چەندجارم بردووە بۆ بەرەی جەنگ، مۆرو نووشتە کوێخایان گەیانە قوللەی قاف، کێ دەستی پێی دەگات.؟!

ئەوەی خۆی لەو دارەتە بدات لەکۆشکی خەیاڵ پلاودا پرخەی خەوی دێ..

(٤)

-کوڕەکان دەچنە خەوی -حەمە پیزە-ی باوکیان‌و بەناوچەوانێکی ترش‌و تاڵەوە پێیان وت:

-راستە کاتی خۆی کونمان بەسەهۆڵ پڕدەکردەوە، کانیاومان خورپو سازگاربوو، زەلکاوو مێش‌و مەگەزی ڕادەماڵی، پەپوولە بەسەرکەپری برژانگمانەوە ئاهەنگی دەگێڕا، هەورمان دادەگرت، مردووی گۆڕستان بەرگری لێ دەکردین جارێکی تر خۆی بەخت دەکردەوەو ئەیووت:- ئەمجارە نەمرم.. بەڵام ئەوە خەوێك بوو نابینرێتەوە، مەگەر هەر بڵێین ئەم نانە بەو ڕۆنە.. ئێستایش گورێ گورێ لەگەڵ کوێخا بڵباسدا مەکەو سواری گای هارمەبە، جیهازە خوێناوییەکەی لەبن -بەردە خەرمانە-دا بالۆرە دەڵێ، خوێنی لێدەچۆڕێ‌و دەڵێ:_ باش قەیارم تاشین، ئەگەرچاویان کوێر نەبوایە، قاچیان پەیزەن نەبوایە، گوێیان مسی تێنەکرایە ئەبوایە دەمێك بوو منیان بدۆزیایەتەوە، بەڵام سوڕ سووڕە زەینن..

-ئەمجارەش پێت دەڵێینەوە کۆڵەکەی لەگەڵ مەدە، نەک تۆ ئێمەیش زیندوو ببینەوە ئەو مۆرەمان بۆ داناگیرێ، باشبوو زوو شەهید ناکوژراین‌و ئەم ڕۆژەمان بەچاوی خۆمان نەدی، ئەگەر بمایناینایە ئەبوایە دەستمان بچوایەتە خوێنی خۆمان، کوێخا ریشی تاشین‌و ئاوێنەشی‌دایە دەستمان.. بۆ زانینت، ئەستێرەی شانی کوڕەکانی، شەهیدانە بۆ ئەو کوڕەی هێشتا لەدایك نەبووە لەگەڵ دیوەخانانەدا پێمان دەگەفن، وەك مارەکەی شێخ هۆمەر- بە ملمانەوە ئالاون‌و بازاڕی شێواو شاری خۆڵ‌و دۆ بەسەراکراویان دەوێ.. ئەو جێگایەی ئێمەیان تیا لە سێدارەدا کارگەی دوا ڕۆژێکی نزیکی- کوێخا بڵباس‌و هەڤاڵ -فارس-ە، کەرەسەکانیشی لە پایتەختەوە باڵدەگرنەوەو لێرە مالّی دەبن...

٢٠٠١/٧/١٢

کـاتێك لەفەرمانگـــەی پۆســتەکە هاتـــە دەرەوە نامەیەکی بەدەستەوە بوو فەرمانبەرەکە لـەو کاتـەدا کە دایە دەستی پێی وت:

-ئەمـە لـەدەرەوەی ولاتـەوە بـۆت هـاتووە، مـام عـابید لـەولاتێکی زۆر دوورەوە رووی کـردە سـێبەری دارێك، تا لەســەر بـەردێك دابنیشـێت، ئینجـا لـەخۆی ئەپرسی:

-بۆ من هاتووە، عابیدی کوڕی مەسـعود الشـاوی، کە لەماوەی شەست سالّی ژیانیدا هیچ پەیوەندییەکی بەدەرەوەی ولاتەوە نـەبووە، نامەیـەك لـە دەرەوەی ولاتەوە؟

باشـە، کـێ ناونیشـانی عـابیدی کـوڕی مەسـعود الشاوی دابێت بەدەرەوە تا نامەی بۆ بنوسن؟ ئەبێت کێ بێت لـەدەرەوە بیر لـەوە بکاتـەوە نامـە بـۆ مـن بنێرێت؟

نامەکەی کردەوەو بەسەریدا نوشتایەوەو لـەچاویدا نوقمی کرد. هەروا لەوێدا بە کراسە ئاو دامانە سـپییە پیسەکەیەوە بەگرمۆڵەیی مایەوە. سـێبەرەکە سـوڕاو رۆژەکـە هاتـــە سەرســەری، وردە وردە ســێبەری دیوارەکەی تەسك ئـەکردەوەو ئـەو هێشـتا هـەر بـەو شێوەیە مابووەوە.

لەکۆتاییداو دوای نزیکەی چـوار کـاتژمێر نامەکـەی پێچایەوەو خستیە ناو ئەو تووڕەکە بچکۆلەیـەوە کـە بەملیدا هەڵواسرابوو، ئینجا بەگرانییەکـەوە هەستایە سـەر پـێ، بەهـەنگاوی ورد، ورد، دەسـتی کـرد بـە بڕینی ئەو شەقامەی کە لەم سەری ئاواییەکەوە شـۆڕ ئـەبووەوە، بـۆ ئـەوەی بـەو بـەریدا سـەربکەوێت. پیرەمێردێك کە بەشەقامەکەدا هەڵ ئەگەڕا پێـی وت: ماندوو نەبیت، مـام عـابید وەستاو ورد تێـی روانـی، ئینجا بەسەری پەنجەکانی دەستی بانگی کرد:

-وەرە، وەرە.

تەوقـەی لەگـەڵدا کـردو، چـاوی بڕییـە چاوەکـانیو کوتو پڕ لێی پرسی:

-ئایا هـەرگیز بیرت لـەوە نەکردۆتـەوە کـە کـوڕە شـەهیدەکەت رۆژێك ئەگەڕێتـەوە لـەدەرگا ئـەدات خۆی ئەکات بەژووردا باوەشت پێدا ئەکات؟

-خوا ئاگای لێیە ئەوە حـەوت سـاڵە شـێوەی ئـەو کوڕە لەبەرچاوم ون نەبووە هەرچەند نیوەڕوان، یـان ئێواران نان ئەخۆم بـەم لاو ئـەو لای خۆمـدا ئـەڕوانم، بـەڵکو لەلامـەوە دانیشـتبێت، چـی ئـەو دەرگایـەمان ئەکرێتەوە من دڵم دائەچڵەکێت ئەڵێم ئـەوە، یـان کـە یـەکێك لـەژوور سـەرم رائەوەسـتێت سـەرهەڵئەبڕم

شەهیدەکان ئەم هەفتەیە دەگەڕێنەوە

نووسینی/: نووسەری جەزائیری (الطاهر وطار)
وەرگێڕانی: تۆفیق ئەحمەد عەبدول

بەتەمام ئەو بێت. خۆزگە ئەو کەسە شیرینانەی لێمان ون بون بگەڕانایەتەوەو ئێمە بمردینایە.

مام عابید ژیانی ئێمە بێ ئەوان، براکەم، شتێکی بێ مانایە.

—من بەڕاستمە، خوا لێت خۆش بێت.

—ئەی وا ئەزانیت من گاڵتە ئەکەم، کابرا، ئەم باسە باسی گاڵتە پێکردنە؟

هەرچی پەیوەندی بەشەهیدانەوە هەبێت شتێکی گرنگە.

—وادابنێ ئێستا بروسکەیەکت بۆ بێت بڵێت کوڕەکەت سبەینێ یان دووسبەی دێتەوە، چی ئەکەیت؟!

—تووشی گەشکە ئەبم و ئەیکەم بەشایی و هەڵپەڕکێ.

—باش بیربکەرەوە.

—لەڕاستیدا گەڕانەوە لەم دواییانەدا گیروگرفتی لێ پەیدائەبێت، گیروگرفتی گەورەو گران، ئەگەر لەماوەی ئەو دووساڵەی سەربەخۆییدا بوایە شتێکی دروست بوو، بەڵام ئێستا دوای ئەم چەند ساڵە مەسەلەکە وەک تۆ ئەفەرموویت بیرکردنەوەیەکی باشی ئەوێت. خواحافیز من ئەبێت خێرا بچم بەلای ئیشمەوەو بەجێتبهێڵم.

—من بیستوومە هەموویان ئەگەڕێنەوە، خوات لەگەڵ.

مام عابید رۆیشت بەڕێی خۆیەوەو ئەمیش لەجێی خۆیدا ساتێك مات بوو، لەدواوە لێی ورد ئەبووەوەو لەبەرخۆیەوە ئەیوت:

—عەقڵی سووك بووە، بەرەو شێت بوون ئەڕوات، خەڵك بەرەو پێشی ئەچێت، کەچی ئەم هەر خۆی بەڕابوردووەوە بەستۆتەوە، ئاخ بۆ کوڕەکەی هەڵئەکێشێت. ئەگەر ئەویش وەك ئەوانی تر بگەڕایەتەوە ئێستا ئەمیش لەهیچ کەسێکی کەمتر نەبوو. وەکالەتێکیان ئەدایە، یان (ئینجا زەیەکی عەومی) کەچی ئێستا هەر کەس لەبیریشی نییە. کوڕەکەی من مافی خۆی بەزیادیشەوە وەرگرت، ولّات سەربەخۆیی وەرگرتو ئەوەتا منیش حەوت ساڵە هەموو سێ مانگ جارێك پارەیەکی باشی وەرئەگرم کە هەرگیز خەونیشم پێوە نەدیبوو، ئەگەر شتێك دابەش بکرێت، خۆراك بێت یان پۆشاك بەشی من لەپێش هەموانەوەیە، ئەگەر بانگ کرام بۆ دادگا



به داواکەر بێت یان داواکراو ئەوا کوڕەکەم دێتو به بەرژەوەندی خۆم ئەیبڕێنێتەوە.

سوپاس بۆ یەزدان بۆ ئەوانەی کەماون، ڕەحمیش بەهەموو شەهیدان بکات.

-ئێوارەت باش سەید قەدور.

-بەخێربێیت مام عابید، ئەوەڕێت هەڵە کرد ئەم ئێوارەیە هاتیت بۆ ئێرە ؟فەرموو، فەرموو، بێئیش نەهاتویت مام عابید.

-نا، نەوەڵڵا، هەرحەزم کرد سەرت لێ بدەم ماوەیەکە نەمدیویت.

-یاخوا بەخێربێیت، نان پەیداکردن مام عابید... ئەوە تا ئەبینیت تازەبەم ئاخری پیرییەوە وردەواڵەئەفرۆشین، ئەمەمان پێبڕاوە، ئەبێت هەربژین مام عابید، کۆمەڵێك مالّ ومناڵیش بژێنین.

-ویستی خوایە کوڕم، وای لەناوچەوان نووسیون جێی ئەوان بگرنەوە، باپێشتان خۆش نەبێت. ئەمە دووەم جارە پێ بنێمە ئەم دوکانەی تۆ ، یەکەم جارسالّی چل بوو کەسەرکردەکە ناردی بەدوامداو، تاکەئەسپەکەمی لەدەست دەرهێنام و ناردی بۆ بەرەکانی جەنگ، ئەمەش دووەم جارمە هاتووم چاوم پێت بکەوێت.

-بەخێربێیت.

- ئادەی ئەمەوێت چیرۆکی شەهیدبوونی مستەفای کوڕمم بۆ بگێڕیتەوە چۆن ڕوویدا؟

- بەڵکو جارێکی تر سەرم لێ بدەیتەوە مام عابید.

- نا ، تکات لێئەکەم ئێستا بۆم بگێڕەوە.

- لە ئوراسەوە ئەهاتینەوە بەرەو سنوور، پۆستەی ناوچەکەمان پێ بوو، بەتەنیشت یەکەوە ئەڕۆیشتین، دوای ماوەیەك نازانم مستەفا چۆن پێشم کەوت، تەنیا سەعات و نیوێکمان مابوو بگەینە تەلەکارەباوییەکان، شەویش مانگە شەوبوو، سەرم هەڵبڕی بانگی مستەفا بکەم کەچاوەڕێم بکات، بینیم لەجێی خۆیدا وشك وەستاوەو هاوار ئەکات: خوایە هاوارە،

- ئەوەچییە مستەفا؟

- مینێك لەژێر پێم دایە. لەجێی خۆت بوەستە.

- نابێت خۆ ئەبێت یارمەتیت بدەم.

- ناتوانیت. لەجێی خۆت مەجوڵێ، خۆت بدە بەزەویدا با پارچەیەکت بەرنەکەوێت. هەرخۆم دابەزەویدا، گرمەیەك هات، گرمەیەکی تریش. مستەفا خۆی هەڵدایە چاڵێکەوەو مینەکەی ژێرپێی تەقییەوە، بەختی ئەو چاڵەکەش مین چێن کرابوو،ڕام کرد بۆ لای بینیم گیانی سپاردووە. خوای عافوی کات سنگی یەکاڵابو بووەوە. ئیتر مام عابید هەر لەوێدا ناشتم وملی ڕێم گرتەوەبەر.

- ئەڵێیت ناشتم؟

- بەڵێ، بەم دەستانەی خۆم، چەند بەسەریداگریام، ئەو لەبرام زیاتر بوو مام عابید.

- ئەگەر ئەم بەسەرهاتەم لەدەمی خۆت نەبیستایە هەرگیز بڕوام نەئەکرد.قەدور ڕاچەنی، بەتیلەی چاو تێی ئەڕوانی بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەناوەڕۆکی ئەم وتەیە.

- مەبەستت چییە مام عابید.

- مستەفای کوڕم بەم زووانە ولەماوەی هەفتەیەکدا ئەگەڕێتەوە !

- مستەفا ئەگەڕێتەوە؟ ئەوەئەڵێیت چی مام عابید؟

- گوێبگرە کوڕم قەدور، قسەکانی تۆ ڕاستن، گومانیان تێدا نییە.

- بەڵێ وایە.

- خەونەکانی منیش ڕاستن، ئەم بەیانییە لەدوای نوێژ لەدیارسەرم وەستاو چۆنت بۆئەگێڕمەوە ئاوا وتی: من نەمردووم . لەو مینە بەناڕەحەت ڕزگارم بوو، هەمووی دە ڕۆژنابات ئەگەڕێمەوە ناوتان.

- هیچی تری پێ نەوتیت؟

- هەرئەوەندەی وت.

- خوالە شەهیدان خۆش بێت مام عابید، مستەفای کوڕت ئێستا لەبەهەشتی بەریندایە، تۆ بیر لەخۆت بکەرەوە مام عابید، دەفەرموو شتێك بخۆرەوە.

- خوانەیبڕێت.ڕووی کردە دەرگاکە و قەدوری بەسەرسامی بەجێ هێشت تاوردە وردە خوێن ئەگەڕایەوە دەم وچاوی، ئەویش بەشەقامەکەدا گلۆربووەوە.

- ئەم ئێوارەیە چۆنیت مام عابید؟

سەری هەڵبڕی: عەبدولحەمیدی لاوە. گەورەی شارەوانی گوندەکە.

- باشم شوکور، وەرە، وەرە کوڕم عەبدولحەمید ئەمەوێت پرسیارت لێ بکەم.

- خێر ئینشائەڵڵا مام عابید.

- بەو ناوەی کە تۆ گەورەی شارەوانی ئاواییتو بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیت ئەمەوێت پرسیارت لێ بکەم.

- فەرموو.

- تۆ کەگەورەی شارەوانیت، هەڵوێستت چییە ئەگەر هەموو شەهیدانی ئاوایی بگەڕێنەوە یان هەر هیچ نەبێت هەندێکیان؟

- ئەم پرسیارە بۆچی مام عابید؟

لەدڵی خۆیشیدا ئەیوت ئەگەر مستەفای کوڕت ئەگەڕایەوە، تۆڵەی باوکم لێ ئەکردەوە،بەدان گۆشتم لێ ئەپچڕی، لەهەمان کاتیشدا مام عابید بۆ خۆی دووپات ئەکردەوە، باسی مستەفای لاناکەم چونکە ئەو باوکە ناپاکەکەی ئەمی کوشت.

-هەروا، پرسیارەو بەبیرمدا هات، تکات لێ ئەکەم کەوەڵامم بدەیتەوە، ڕاست و بێ پێچ وپەنا.

بەڵای منەوە مەسەلەکە ئاسانە، ئەوان لەتۆماری مردووواندا ناونوس کراون وئەبێت سەرلەنوێ بیسەلمێنن کە ئەژین، ئەمەشیان بۆ ناکرێت. بەڵایەنی کەمەوە تاماوەی هەڵبژاردنی من تەواو ئەبێت.

-مەسەلەکە پەیوەندیدارە بەشەهیدانەوە...بە تێکۆشەرانی ڕاستەقینەوە.

- با واش بێت.

- مەبەستت چییە؟

- هەفتەیەکیان پێ ناچێت، تا لەڕێ لائەدەن وئەوەیان بەسەردێت کەبەسەرزۆری ترهات.

- ئەی ئەگەر چەکەکانیان هێنایەوە؟

- ئەو کاتە مەسەلەکە پەیوەندی بەمنەوە نابێت، مەسەلەیەك ئەبێت پەیوەندی بەدەوڵەتەوە ئەبێت، مەسەلەکە زۆر ئاسانە بەڵای یاساوە مام عابید، بەڵام لەسەر ئێوە خۆتان، زۆرگران ئەکەوێت.

بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت ودڵنیا لەوەی کە مام عابیدی بەستەزمان بەپەلە بەرەوشێت بوون ئەچێت،وای لێ هاتووە خەونی سەرسوڕهێنەر ئەبینێت وپرسیاری سەرسوڕهێنەتر ئەکات، هەڵوێنەکانی سەیرن، پێڵوەکانی شۆڕبونەتەوەو ماسولکەکانی دەم وچاوی ڕەق بوون ودەستەکانی ئەلەرزن. نەخۆشە.

مام عابید لەگەڵ شەقامەکەدا شۆڕبووەوە، پشتی کۆم و تەکەتەکی سەری ئەهات، یاسا، مەسەلەی مردوان بەڵایەوە ئاسانە، ڕێگای ئەوەیان لێ ئەگرێت کەمافی خۆیان بسەلمێنن وازیان لێ ئەهێنێت، وەڵامەکانی گەورەی شارەوانی ئاشکراوساکارن، وەکو پێشتر خۆی بۆ ئامادەکردبن. ئەو لەگەڵ زیندواندا خۆی ڕاهێناوە، ئەم کردەوەیەی بەچاکی لەگەڵدا نواندون، تێکۆشەران بەڵای ئەوەوە چی شەهیدان بن یان کەسانی تر... مردوون. ئەبێت تێبکۆشن بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان بسەلمێنن. بەچکەی ناپاك. دانیشتوانی دێ هەموو ئەمە ئەزانن کەچی هەرهەموویان هەڵیان بژارد ، من خۆم یەکێك بووم لەوانەی دەنگم بۆ ئەودا.

-بەچکەی ناپاك.

-بەڵام ئەو تاوانی چیە ؟تاوانی هەر ئەوەیە کەچووە ئەو جێگایەی باوکی گرتبوی پێش ئەوەی بەدەستی مستەفای کوڕم بکوژرێت هیچ

پێویستیەکمان پێی نەبوو،ئاواییەکە بێجگەلەو ڕۆشنبیری زۆری تیایە، تێکۆشەران وسەربازانو ڕۆڵەی شەهیدان... بیرکردنەوەیەکی ساکارە. ئەو وەکو کوڕی گەورەیەکی پێشووی شارەوانی لەیەکێکی تر سەرکەوتوترە.. ئەو خۆبەدەستەوەدانە یەکجارییە بۆ شەپۆلی لێبوردنە گشتییەکە لەهەموو شتێکی ڕابوردو وای لێکردین ئەو هەڵبژێرین... لەوانەیە ئارەزووی هەموومان بەگشتی بۆ پێچانەوەی لاپەڕەی شۆڕش وای لێ کردبین ئەمە بکەین.

من تیاماوم ئایا ئەمانتوانی باوکە ناپاکەکەی هەڵنەبژێرین ئەگەر بەسەر زیندوبوایە؟

لەمەزیاتریشمان کردو، خراپتریش.

- تەندروستیت چۆنە مام عابید؟

سەری هەڵبڕی وڕوانییە ئەو کەسەی سڵاوەکەی لێکرد، پێش ئەوەی بیناسێت یەکسەر ڕووی تێکرد.

- ئەمە تۆیت سەید ئەلمانع؟ تەندروستیت چۆنە؟

- باشم شوکور.

- ئەمەوێت قسەت بۆبکەم سەیدئەلمانع.

- بەڵام سەرم قاڵە. مام عابید، کۆبونەوەم هەیە.

- تەنیایەك خولەك و هیچی‌تر .

- ناتوانیت بیخەیتە کاتێکی‌تر؟ وەرە بۆ بارەگای لقی پارتەکەمان.

- تەنیا یەك وشە.

- فەرموو.

- لەو باوەڕەدایت کە هەموو شەهیدان بەڕاستی مردوون؟

- نەخێر مام عابید، ئەوان زیندوون وجێگایان لای یەزدانی مەزنە.

- مەبەستم ئەوە نییە. یان بەڕاستی شەهیدکراون؟

- تیایانایە کرا بەقوربانی و هەیانە بەهەڵەڕۆیشتن وهەشیانە بارودۆخ سەپاندی کە ئەبێت بەشەهید بژمێردرێن.

- مەبەستم ئەوەش نییە. مەبەستم ئەوەیە ئێستا ئەوان لەم ژیانەدا نین. نان ناخۆن و بەبازاڕدا ناسوڕێنەوە؟

- خوائەزانێت.

- مەسەلەکە لەمەش زیاترە.

- چی‌تر.

- شەهیدانی ئاوایی هەموویان ئەگەڕێنەوە.

- ئەوە تۆ ساغیت مام عابید؟ من کۆبونەوەم هەیە.

- نەخێر مەسەلەکە زۆر (جدی)یە. مستەفای کوڕم _ئەوەی کەوا جێگەی لەخانووەکەی تۆدا بو لەبیابان، پێش ئەوەی ئەوێ بەجێ بێڵێت و ببێتە ناودێ _ ئەم هەفتەیە ئەگەڕێتەوە.

ڕەنگی ڕێکخەری لق زەرد هەڵگەڕا، هەستی کرد حەزئەکات دابنیشێت، یان هەرهیچ نەبێت پشتی بدات بەدیوارەکەوە یان دارتەلێکی تەلەفۆنەوە... نازانم چۆنی زانیبوو من لای دوژمن ڕاستیم لێ وتووەولەماڵەکەی مندا بۆسەیان بۆناوەتەوەونەهات. ماوەی مانگێك سەربازەکان لەماڵەکەی منداخۆیان حەشاردا، هەرنەهات، تالەدواییدا ناچاربووم باربکەم بۆ ئاوایی.نامەیەکی بۆ ناردم بۆ ئەویش وتبووی _هەر ئەتۆپێنرێیت، درەنگ بێت یان زوو، هەی بێ ویژدان، هەی ناپاکی نیشتمان. شانسی من باش بو ئیتر دوای مانگێك مرد.

- ئەمەت لەکوێوە زانیوە مام عابید؟ دەمی تەتەڵەی ئەکرد.

مام عابید تۆزێك بیری کردەوەو وتی:

- ئەم بەیانییە دوای نوێژ لەسەرسەرم وەستاو پێی وتم: شەهید نەبووم ولەماوەی چەند ڕۆژێکدا ئەگەڕێمەوە ناوتان.

- ئەمە خەوت بینیوە؟

- بەدرێژایی ژیانم خەوم نەدیوە درۆبێت، سەید ئەلمانع کوڕەکەم لەماوەیدە ڕۆژدا ئەگەڕێتەوە.

- هیچی تری پێ نەوتیت؟
- هەندێك شتی بۆباس کـردم و هـەندێك نـاوی هێنا. بەڵام بەداخەوە لەبیرم نین.
- ناوی منی هێنا؟
- باوەڕناکەم.
- کۆبوونـەوەم هەیـە لـەبارەگای لـق، لەگـەڵ رێکخـەری ناوچـەیی ولەوانەیـە چاودێرێکیشـی لەپایتەختەوە لەگەڵ بێت. داوای لێ بوردنت لێئەکـەم مام عابید.
- بەڵام پێت نەوتم.
- چیتر؟

–وەکو رێکخەری لق هەڵوێستت چی ئەبێت ئەگـەر هەموو شەهیدانی ئاوایی بگەڕێنەوە؟

–ئا، هەموو ئەو دەسکەوتانەیان پیشان ئەدەم کە سـەربەخۆیی هێناویەتیـە دی‌و دوای ئـەوە دۆسـیەی هاتنە ریزی حیزبیـان ئـەدەمێ لەگـەڵ خۆگرێدان بـە پسـوڵەی پـەیڕەو کردنـی دەسـەڵاتی شۆڕشـگێڕانە، ئەگەر مەرجـەکان‌و پێـوەرە پێویستەکانیان تێدابـوو ئـەوا ئـەبێت لـە لیژنـەکاندا بەلایـەنی کەمـەوە وەکـو بەشداریکەر وەربگـیرێن‌و دوای ئـەوەی ئەیسـەلمێن کـەوا گوێڕایـەڵ‌و دڵسـۆزو قوربـانی دەرن بـەرز ئەکرێنەوە بۆ شانەکانی تێکۆشەران.

–ئاوا؟!

–ئـەی لـەوە زیـاتر چیـت ئـەوێت؟ هـەموو خـەڵك چوون یەکن بەرامبەریان.

–هەتا کەسە پیرۆزەکانیش؟ هەتا خۆشەویستترین ئەوانەش کە واشانازییان پێوە ئەکەین؟

–جارێکی تر ئەم لێدوانە تەواو ئەکەین مام عـابید، بەخوات ئەسپێرم.

–بـەڵام لێت روون بێت کـە لـەماوەی هەفتەیـەکدا هەموویان ئەگەڕێنەوە.

–بەسەرچاو.

ئەلمانع بەپەلە بەڕێی خۆیەوە بـەرەو بارەگـای لـق کـە ئەکەوێتـە نزیـك شـارەوانی‌و مـام عـابیدیش وردە وردە بە مێشك پڕییەوە داگەڕان.

(نازانم ئەو خولەکە بیدەنگییانەی کە ئەوەستن بۆ گیانی پاکیان چییان ئەوێت؟

ئایـا ئـەڵێن: یـاڕەبی خـوا بتانخاتـە بـەر بـەزەیی فراوانی خۆی، ئـەی ئـەو پاڵەوانانـەی کـە مردنتـان لا پـیرۆزتربوو هـەتا ژیـان، بۆئـەوەی نیشـتمانەکەتان‌و براکانتـان بـە بـەختیاری بژیـن، قوربانیـەکانتان پێشەنگمان ئەبێت لـەرۆژانی داهاتووماندا لەهـەموو کارێکدا کە پێی هەڵدەستین. یـان ئـەڵێن خوایـە تـۆ بـەندەی خـۆت بـاش ئەناسـیت، ئەگـەر تـۆ رزگارتنەکردنایە لەوانە، بۆمان نەئـەکرا ئاوابەخۆشی ژیـان رابوێریـن، حیکمـەتی تـۆ گـەورەو فراوانـە ئـەی کەسیبێکەسـان ئێمـە هـەر سـوپاس‌و ستایشـت ئەکـەین. دۆسـیەی هاتنـە ریزی حیزبییـان ئـەدەنێ، لەگـەڵ پسـوڵەی خۆگرێـدان، دوای لێکۆڵینـەوەو هەڵسەنگاندنیان وەکو بەشـداریکەری کـە وەریـان ئـەگرن. ویسـتم لێـی بپرسـم ئـەی باشـە ئەگـەر ئەفسـەرانی پلـە بـەرزبوون یـان لێپرسـراوانی گـەورە بـوون وەك لێپرسـراوی ناوچـەکان یـان سـەرکردەی هەرێمەکان، دامەزرێنەرانی شۆڕش. چـۆن مامەڵـەیان لەتـەکدا ئەکـەن؟ بـەڵام پەلـەی بـوو.. ئـاخ، خەفـەت دایگرتووم‌و خەریکە گیانم دەرئەچێت.

–ئێوارەت باش مام عابید.

راستەوخۆ روی تێکردو قۆڵی گرت، وەستاندی..

–ئـەوە لـەئاسمان کەوتیتـە خـوارەوە.. لـەم سـەر لێشـێواوییە دەرم بێنـە کـورِم تـۆ نـەبیت کـەس ناتوانێت.

–خێربێت خوایە.

–تـۆ تـەنیا کەسـیت لـەم ئاواییـەدا کـەجێگای بڕوامیت. ڕابوردوت لەشیر پاکترەتێکۆشەرێك بویت بەچـەك هـەر لەسـەرەتاوە تاکۆتـایی. شـانازی بەئێستاتەوە ئەکەم، دایکی منااڵەکانت تـەڵاق نـەداوە تـاکچی دەوڵەمـەندێك یـان خـائینێك بێنیـت.ڕازی نـەبویت ویژدانـت بفرۆشـیت بـۆ وەکالـەتێك. داوای قـەرزێکت نـەکردووە لەسەرحسـابی براکـانت،

لەگەڕەکی _خۆبەڕێوەبردن _یاساولێت لەوەتەی دروستبووە تائێستا. شایەتی درۆت بۆ هیچ ناپاکێك نەداوە تاپسولەی تێکۆشان وەربگریت، هەرچەندێد تەماعیشیان نابێتەبەرت، کوڕم تۆ فریشتەی ئاواییەکەمانیت.

- یەکجاری واش نیە مام عابید.
- نا، بەسەری کوڕم ئەمە ڕاستییەکەیەتی.
- وتت سەرم لێ شێواوە مام عابید.
- ئەزانیت گەورەی شارەوانی چی پێ وتم؟
- نەو.
- ئەگەر شەهیدان زیندوو ببینەوە، ئەبێت بەدرێژی ژیانیان هەوڵ بدەن ناویان لەتۆماری مردواندابکوژێننەوە.
- کوڕی ئەو ناپاکە ، ئەتەوێت لەوە زیاتر چی بڵێیت؟
- ئەی ئەزانیت ڕێکخەری لق چی وت؟
- نەوەڵڵا.
- دۆسیەی هاتنە ڕیزی حزبیان ئەداتێ وداوی هەڵسەنگاندن وەکو ئەڵقەی پۆشنبیری وەریان ئەگرێتەوە.
- گوێ بگرە مام عابید، دڵم ئەوەندە پڕلەپەژارە لێی ئەڕژێت، تۆش ئەوەندەی تر خوێ مەکەبەبرینمەوە، مەسەلەیەك هەیە دەڵێت: _زیندوو چۆنی پێ خۆشە ڕووی مردووبکەرە ئەوێ. زیندووە کەش یاسایەو ئەوانیش بەڕێوەی ئەبەن، مردووەکەش ئەوە، ئەوەو،ئا.
- کێیە ! ؟
- هەڵم مەپێچە مام عابید، خۆت ئەزانیت. خۆت لەناو ڕاستییەکەدا ژیاویت لە سەرەتای شۆڕشەوە تائێستا، کوانێ قوربانی دان؟ کوادڵسۆزی؟ کوا بەجەرگی؟کوا برایەتی؟ کوا قۆڵ لێهەڵماڵین، هەمووان بۆبەرژەوەندی گشتی؟ هەموو شتێك ئەمڕۆ بەپسولەیە مام عابید. ڕابوردووی پاك وشۆڕشگێڕانە ئەبێت پسولەیەك شایەتت بێت، تێکۆشان ئەبێت بەپسولە بسەلمێت، ڕێڕەوپاکی پسولەی ئەوێت. تەنیا خیانەت پسولەی ناوێت، هەموومان خائین ئەناسین بەڵام ناتوانین ڕووبەڕووی ببینەوە. لەبەرئەوە پسولەکە لەهەمووکەس ڕاستترە. زیندووچۆنی ئەوێت ڕووی مردووەکە بکەرە ئەوێ، شتێك هەیە مام عابید پێی ئەڵێن بیرۆکراتی، لەکۆتاییدا سەرکەوتن هەربۆئەوە.
- بەڵام کوڕم ئێمە شتێکی ترمان هەیە شانازی پێوەئەکەین، پیرۆزی ملیۆن ونیوێك شەهید، ئەگەر ڕێزی ئەوان بشکێنین، ئیتر چیمان بۆ ئەمێنێتەوە ؟
- بەڵام ئەمە قسەیە کەڵکی چی ئەگرێت مام عابید؟
- ئەرێ لەبیرم چوو پێت بڵێم، مستەفای کوڕم ئەناسیت؟
- چۆن ناینناسم، خوا پاداشتی شەهیدانمان بداتەوە، هەرچەند نەبونیان لەم سەردەمەدا خۆی لەخۆیدا پاداشتە.
- پێم وتیت مستەفای کوڕم...
- بەڵێ مام عابید ئەتەوێت چی بڵێیت لەبارەیەوە ؟
- لەم هەفتەیەدا ئەگەڕێتەوە.

ڕێکخەری تێکۆشەرە کۆنەکان هات بەدڵیدا، بڵێیت مام عابید نەخۆش بێت؟ نەخێر تەندروستی تەواو باشە... ئەی ئەمە چییە ئەیڵێت؟ مام عابید جێی متمانەیە، قسەتاهەڵی نەسەنگێنێت نایکات. کوڕەکەی کە پۆستەی ناوچەکەی پێبوو بۆ دەرەوەی‌سنور شەهید کرا، قەدوری لەگەڵدا بوو... قەدور ئەڵێت دوو مینی لەژێردا تەقییەوە. ئەو خۆی ناشتی، ئەم مەسەلەی ناشتنە تائێستا بیرم لێ نەکردۆتەوە،لەوە ناکات ڕاست بێت، مەسەلەیەکی نوێ دێنێتە کایەوە. نزیك تەلەکارەباییە تێکچراوەکان ، ناوەڕاستی هێزە بڵاوەکانی دوژمن. دووەمین بتەقێتەوە، قەدورچۆن ئەتوانێت

وئەپەرژێت مستەفا بنێژێت؟. بۆ ئەگەر بریندارێش بوایە ئەم ئەوەندە ئازار بوو هەرچاوەڕوانیشی بکات؟ بڵێیت مستەفا بەڕاستی ئەگەڕێتەوەیان مام عابید تاسەی کوڕەکەی ئەکات وئەیەوێت هەموو شتێك بەدرێژی لەبارەی مردنەکەیەوە بزانێت؟ئەگەر ئەمە نیازی بێت، شێوازێکی لێکۆڵینەوەی ترسناکی گرتۆتەبەر.

- قسەکانت مانایەکی زۆر گەورەیان هەیە مام عابید.

- مانایەکی گەورەکوڕم، زۆر گەورە.

- باشە ئەمەت چۆن زانیوە ؟

- ئەمەم زانیوەو زۆر بەڕاستیشی ئەزانم کوڕم.

- باشە لەم دنیاوە ئەگەڕێتەوە یان لەو دنیاوە ؟

- کوڕم تۆش وەکو ئەوان بەوە تێمەکەوە لە هەموو ئاواییەك یان کوێر دێیەك لە گۆڕستانی شەهیدان نوسراوە((ولاتحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون)).

- بەڵێ هەموویان لەلای خوای خۆیانن مام عابید.

- هەموو مردوویەك ئەچێتە لای خوای خۆی، بەڵام خوا نەمریی نابەخشێت بەهەموویان، تۆ لەوە تێگەیشتووتریت کفربکەیت کوڕم.

- گرنگ ئەوەیە مەسەلەی گەڕانەوەیان باس ئەکرێت، مام عابید.

- کوڕم. لەڕۆژی شەهیدبونیانەوە ئەوە باس ئەکرێت.

- ئەوەیاساش خۆی لێ ئامادەکردون، نازان چۆنم باشترەیەك بگەڕێنەوەیان بەکۆمەڵ؟

- پاشە ڕۆژی ئەم میللەتە چۆنی بۆ دیاری کرابێت ئاوا، کوڕم.

- پاشە ڕۆژی دیاریکراوی میللەت لەیاسادا مام عابید_ بۆنموونە ئەمیر عەبدولقادر دوای سەدەونیوێك بەزیندوویی مایەوە _کارناکاتە سەر پاشەڕۆژی نەوەکان ئەوەی خۆیان بۆ خۆیانی نەکەن، بەدەستی خۆیان. من ئێستا لەبەردەمتدا شەهیدێکی زیندوونیم؟

- خەریکم ئەکەوم، سەرم گێژئەخوات، خۆم بەپێوە ناگرم، لەوە زیاترم بۆ مەڵێ.

پێش ئەوەی مام عابید بەشەقامەکەدا دابگەڕێت، گوێی لەڕێکخەری لقیتێکۆشەرە کۆنەکان بوو بەدەنگێکی نزم پێی ووت:

- ئەگەر ئەتوانیت پەیوەندی پێوە بکەیت پێی بڵێ نەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی، زەوی خوا فراوانە، پێش هەموو شتێك پێی بڵێ خۆی ڕابێنێت لەسەر ژیان لەشوێنێکیتر لەگەڵ ئەوەشدا مێشکی مام عابید پڕبوبو لەشتێکی قورسی وەك قورقوشم، گیانیشی داهێزرابوو، بەڵام جیاوازی کاری هەر لەبەرچابوو.

- کەس حەزناکات بگەڕێنەوە، نە دڵسۆزو نەهەڵپەرست، نەتێکۆشەر نەخائین نازانم ئەم خەڵکە چییەتی؟ سواری چی فارگۆنێك بوون؟ ئاوا ئەڵقەکەیان بەخێرو شەڕیەوە لەسەرخۆیان داخست، بەئارەزووی خۆیان بوویان بەزۆر _چیمۆتەکەیەك ئاوا هۆشی لانەهێشتن؟ ئەو فارگۆنەی سواریبوون ناڕوات، لەباقی شەمەندەفەرەکە پچڕاوەو لە تونێلەکەدا ماوەتەوە. ئەوان ئەمە نازانن، هەستی پێناکەن، تاشەمەندەفەرێکی تر نەیەت وخۆی نەدا بەفارگۆنەکەیاندا و نەیداتە پێش خۆی.

- مام عابید، ماندوو نەبیت. ئەوە هیچت لێ قەوماوە ؟.

ڕووی تێکرد. سەرۆکی بەشی دەرەکەکانی دێ، جانتایەکی ڕەشی بەدەستەوەیە.

- ڕاوەستە کوڕم، ئەمەوێت پرسیارێکت لێبکەم.

- داوای لێبوردنت لێ ئەکەم مام عابید، ئیشێکی زۆر بەپەلەم هەیە.

- تەنیا بۆ دوو وشە تۆم ئەوێت.

- فەرموو هەرچەند پەلەشمە، ژنی شەهیدەکان .... ئەوانە توشی زۆر بەزمیان کردووین، ئێستا لەماڵی یەکێکیان شەڕەکوتەك و خەنجەرە، ماڵەکەی کردووە بەشوێنی خواردنەوەوقەحپەخانە، ئائەمە سەرئەنجامەکەیەتی، چەند جارێك ئاگادارمان کردۆتەوە بەڵام تەمێ نابێت.

- منیش ئەمەوێت ئەم باسەت لەگەڵدا بکەمەوە.

- چیيە مام عابید هیچی تر ئەزانیت پێمان بڵێیت؟ دۆسیەکەی زۆرگەورەیە.

- ئەگەڕێنەوە.

- کێ؟

- شەهیدان.

- چاك ئەکەن.

سەرۆکی دەرەکەکان ئەمەی وت ودەستی کرد بەبیرکردنەوە... ئەگەر ئەوەی ئەمناسێت ئەگەڕێتەوە، فەرتەنە ئەبێت، کەس هیچ نازانێت لەبارەی دەستگیرکردنمەوەئەو ڕۆژەی شەڕەکە بوو هەموو ئەندامانی تیپەکەمان شەهیدبوون، هەرئەوەندە تەقەدەستی پێکرد، دەستم هەڵبڕیو بەرەو دوژمن ڕامکرد بێ ئەوەی گوێبدەمە ئەو هەموو هاواروبانگکردنە لەدوامەوە، من بەرەشاشەکەم پشتگیری تیپەکەم ئەکرد،من تەقەم نەکردایە یانی هەموویان تیا ئەچوون. کەس نەیتوانی بگانە سەنگەرە قایمەکەی ڕەشاشەکەو هەموویان کوژران.

مام عابید ڕەنگی ڕۆشن بووەوە ولەدڵی خۆیدا وتی: ئەمە یەکەم کەسە حەزبکات بگەڕێنەوە، ئای کە پیاوێکی باشە، تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەبوو، ئەوە گومانی تیا نییە، ئینجا دەنگی هەڵبڕی.

- بەهەموو دڵێکتەوە وا دەڵێیت کوڕم؟

- ڕاوەستە بامنیش پرسیارێکت لێبکەم مام عابید، تۆ ڕازی ئەبیت مستەفای کوڕت، خوا عافوی بکات، بگەڕێتەوە و شەرەف مەندێتی_باوکی شەهیدت لێ بسەنێتەوەوهەرچی مافێکت هەیە وەکو: بەخشیش ، ئیجازەی عمومی، دانیشتن لەباشترین خانووەکانی ناودێ بەکرێیەکی کەم، ئەو ڕێزەی لەلایەن میری و گەلەوە هەتە، هەموویت لەکیس بدات؟. ڕاستە تۆ تێکۆشەربویت، بەندکرایت، ئەشکەنجەدرایت لەکاتی شۆڕشدا بەڵام چی تێکۆشەرێك یا قارەمانێك ئەو شەرەف مەندێتییەی هەیە کە باوکی شەهید هەیەتی؟ باش بیربکەرەوە مام عابید، ئەبوایە یەکەم ڕۆژی سەربەخۆیی پەیوەندی یان پێوەبکردینایە، بەڵام ئێستا تازە ڕۆیشت، کاروان بەجێی هێشتن.

- بەڵام ئەگەر بەڕاستی گەڕانەوە، یان هەر هیچ نەبێت هەندێکیان؟.

- مەسەلەکە ئاسانە مام عابید، چەك ئەدەین بەژنەکانیان، کارەکە ئەدەینەدەست ئەوان.

سەری زیاتر قورس بوو، هەستی کرد پێچ بەسکیدا دێت، ناو دەمی بووە بەپەڵاس، چاوی داگیراوە، لەگەڵ شەقامە لێژەکەدا بەرەو پێش تەکانی دا. فارگۆنەکەیان تەواو پچڕاوە، کەس هەست بەوە ناکات، ئێمە ئەمانەوێت بیخەینەوە گەر بەبێ بەشێکی گەورەی خۆمان، بێ ئەوەی هیچ حسابێکیان بۆ بکەین لە گۆڕەپانی هەموو گوندێکدا تابلۆیەك نوسراوە: (ولاتحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عندربهم يرزقون)ئایا ڕاستە ئێمە واسەیری مەسەلەکە ئەکەین و کردەوەی پێ ئەکەین؟ یان هەر لەبەرئەوەیە کەوا باوە؟ یا گوندەکانی پێ ئەڕازێننەوە بەشێك لەبوودجەی شارەوانی تیا خەرج ئەکەن؟ئایا وەکو یەکێك وانین کەماڵەکەی نزیك گۆرستانێك بێت، حەزئەکات مانگاکانی لەسەر گۆڕەکان بلەوەڕێنێت، لەبەرئەوە ئەوەندە لەبیری ئەچێتەوە کە گۆڕستانەو لاشەی خەڵکێکی تێدایەکە وەك ئەو زیندووبوون و تیایاندا هەیە کە زۆر خۆشەویستیش بووە لای ئەم؟ یان

وەکـو ئـەوەین کـە کارگەیـەکی هـەبێت لـەپاڵ گۆڕسـتانێکدابەردی مەڕمەڕدروسـت بکـات، تـەنیا لەڕووی گۆڕی هەڵبەستراوو هەڵنەبەستراوەوە نـەبێت سەیری ناکات.

ئای برسێتی ئـەوەندەی تریش ئـازاری سـەرو دڵـم زیاد ئەکات. لەبەیانییەوە هیچم نەخواردووە.

کاتێك مەسەلەی گەڕانەوەیان باس ئەکرێت ، کەس بەبیریدانایەت کە ئەوانیش خـاوەن مـافن لەگـەڵماندا، بەڵکو خاوەنی مافی ڕەوا تەنیا ئـەوانن،ئەگـەر ئـەوان شەهید نەبونایە لەپێشدا چۆن بوو هـەروا ئەمایـەوە. بـەڵێ ئەگـەر بیانویستایە بەڕاسـتی بـارێك بگۆڕیـن ئێمەش ئێستا وەکو ئەوان زیندوو نەئەبوین، بەهەموو توانامانەوە خۆمان ئەکرد بەشەڕەکەداو، بـەم بیـانوو بەو بیانوو خۆمان لەمردن نەئەشاردەوە.

خوایـە .... ئەگـەر ئەوانـەی ئەگەڕێنـەوە ئـەم ڕاستییە بزانن، جـارێکی تـر ئەکـەن قوربـانی بـدەن؟ ئای سەرم ئای، دڵم، هەردوو چۆکم،سکم.

- مانوو نەبیت مام عابید.

- ڕاپـەڕی و ڕووی کـردە دەنگەکـەو دەسـتی ڕاکێشا تالەخاوەنەکەی گیربێت؟

- ئێـوارەت بـاش کـوڕم، مـەڕۆ، مـەڕۆ، قسەیەکت لەگەڵ ئەکەم.

- خـێربێت خوابکـات مـام عـابید، وابـزانم یارمەتییەکەت درەنگ پێ گەیشت؟

- ئا، منیش بۆ ئەم باسە تۆم ئەوێت.

- ئـەی بـۆ سـبەینێ بـەیانی نایـەیت بـۆ (*پوولگەی*) شارەوانی؟

- مەسەلەکەمنی ناوێت بێم، شتێکی گشتییە، تەنیا پرسیارێکە لێت ئەپرسم و هیچی تر.

- فەرموو.

- ئەگـەر گەڕانـەوە هەڵوێستی پوولگـە چـی ئـەبێت، تـۆ بـەو بۆنەیـەوە کەلێپرسـراوی پوولگـە کەمانیت... ئەزانیت...

- کێ ئەگەڕێنەوە مام عابید؟

- ئـەو شـەهیدانەی کـەوا پوولگـە یارمەتییەکانتان ئەدات بەکەس وکاریان.

- بەڵام ئەمە هەرگیز نابێت مام عابید.

- لەسـەرچاوەیەکی بـاوەڕ پێکـراوەوە پێـم گەیشتووە کەوا شـەهیدانی گوندەکـە هـەموویان یـان هـەرهیچ نـەبێت هـەندێکیان ئەگەڕێنـەوە. هیـچ لـەم بارەیـەوە لەگـەڵمدا مـەدوێ، تـەنیا وەڵامـم بـدەرەوە وەکو سەرۆکی پوولگەکە یارمەتی لـەژێر دەستی تۆ دەرئەچێت هەڵوێستت چییە؟

- ئـەم مەسـەلەیە هـەرگیز بـەبیری کەسـدا نـەهاتووە مـام عـابید، بـەڵام هـەتا ئـەو کەسـەی کـە گەڕاوەتەوە لەبەرامبەری دادگادا ئەیسـەلمێنێت کـەوا ئەژی، کەئەمەش بێنەو بەردەیەکی ئەوێت کەوا چەند سـاڵێك ئەخایـەنێت ئێمـە یەکسـەریارمەتییەکەی ئەوەستێنین.

-ئەی ئەوەی کەوا وەرگیراوە کوڕم؟

-ئـا، ئالەمـەیاندا سـەرم دەرنـاچێت. بـەڵام مەسـەلەکە لـەڕووی بۆچوونـی یاسـاوە ئاشـکرایە، پارەیـەو بـێ ئـەوەی پێویسـت بکـات لەپوولگـەوە دەرچووە، پولگەش لـەوە کـەمتر داواناکات کـە ئـەو کەسە یان میراتگرەکانی ئەو پارەیە بگێڕنەوە، بەڵام من وادێتـە بـەرچاوم مەسـەلەکە-لەگـەڵ ئەوەشـدا کەیاساییە- بـەردەوام بـەندە بـە هـەڵس و کـەوتی پولگەوە، ئەتوانێت ڕاپۆرتێك پێشکەش بکات، ئـەم ڕاپۆرتـەش ئـەکرێت زۆر ئاشـکراو ڕاسـت بێـت، ئەشکرێت زۆر نادیارو سەر لێشـێوێن بێت، یـان هـەر ئـەتوانێت ڕاپۆرتیـش پێشـکەش نـەکات، تـەنیا لێپرسـراوان ئاگـادار بکـات کـە ئـەم یارمەتییـە لەخاوەنەکەی بڕا. بەگوێرەی یاسا ئەشتوانێت خـۆی کێشەکە بخاتە بەردەم دادگـا. وەڵاهـی، مەسـەلەکە لەگەڵ ئەوەشدا بـەپێی یاسـا ئاشکرایە، بـەڵام گـەلێ ڕووی هەیە.

-سوپاست ئەکەم کوڕم. بەقسەکانتدا واتێ ئەگـەم بەگەڕانەوە یان ئەبێت سەرلەنوێ چاو بەگەلێك شـتدا بخشێنرێتەوە.

—بەڵێ وایە، راستە. لەڕاستیدا گەڕانەوەیان گیروگرفتە.

—بەهەرحاڵ وەکو تێکۆشەرانی کۆن مافیان هەر ئەمێنێت، نەك وەك شەهیدان.

—لەگەڵ ئەوەی ئەو لیژنە نیشتمانییەی کە بڕوانامەی شارەوانی ئەدات لەبارەی رابوردوی شۆڕشگێڕانەوە کۆتایی بەکارەکانی هێنا ئەبێت شەهیدان بۆتەواوکردنی (دۆسیەی هاتنە ریز)ەوە ئەوراقێکی زۆر بێنن کە بەئاسانی دەستیان ناکەوێت هەتا بڕوانامەی ژیانیان دەست ئەکەوێت، لەڕووی بۆچوونی یاسایی روتیشەوە هەرگیز ئەم گەواهییەیان دەست ناکەوێت، تۆ بڕوانە، کۆمەڵ، لەپێش هەموشیانەوە کەس و کاریان، نکوڵییان لێئەکەن و خستونیانەتە پشت گوێ و هەتا شکاتی ئەوەشیان لێ ئەکەن کەوا دەست بڕن. ئەوان ئەوپەڕی ئەوە ئەتوانن سەربۆ زروفەکە شۆڕبکەن و بەدوورەپەڕێزی بمێننەوە، بێگومان ئەوەیان بەشەرەف بێت ئەوا خۆی ئەکوژێت.

—بەڵام هەموویان بەشەرەفن کوڕم، پیرۆزترین شتن کە ئێمە شانازییان پێوە ئەکەین.

—کەس لەگۆڕەوە نەگەڕاوەتەوە، خێری لەگەڵ خۆیدا هێنابێت، مام عابید.

مام عابید پێی ناخۆش بوو، بەشەقامەکەدا دادەگەڕا کە خەریك بوو ئەگەیشتە ناوەڕاستی ئاوایەکە بۆ ئەوەی بەو بەریدا هەڵبگەڕێت.

روی کردە سەرچاوەی دەنگەکەی کە لێی نزیك بوو، دەستی لەخاوەنەکەی گیرکردو بەدەمیەوە ئەیوت:

—بێوەی بیت یاخوا، کوڕم.

—ئەوە هیچت لێ قەوماوە مام عابید؟.

—ئا، ئەمە تۆی هەی کۆنە چەوساوە؟

—ئەو کاتە رۆیشت مام عابید، ئێستا تەنیا لێپرسراوی لقی نەقابەی کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەرم. لەبیرتە مام عابید ئەفسەرەکە ئەیوت چی کاتێك کە بەیەکەوە ئەشکەنجەی ئەدایین؟

—لەبیرمە کوڕم.

—تا ئێستاش ئەو وتانە لەگوێمدا ئەزرنگێتەوە باوە عابید.

—تۆیان لەئێمە زیاتر ئەشکەنجە ئەدا، ئەیانویست بتکوژن.

—لێپرسراوی لق بڕیاری داوە لەحیزبو نەقابەشم دەربکات، باوە عابید.

—بەڵام بۆچی؟؟.

—تۆ نەتفەرموو وتەکانی ئەفسەرەکەت هێشتا لەبیرە؟

"میکرۆبێکی ترسناك لەناو ئەم بزوتنەوەیەدا".

—بەڵێ، راستیی پێشێل ئەکرێت، بەڵام نافەوتێت کوڕم. ئەمەوێت پرسیارێکت لێبکەم.

—فەرموو، یاخوا خێربێت.

—ئەگەر شەهیدەکان گەڕانەوە..؟

—مەبەستت هەموو شەهیدانە؟

—بەڵێ.

—ژمارەی دانیشتوان زیاد ئەکات و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی تەشەنە ئەکات.

—لەم رووەوە ناپرسم، ئەمەوێت بڵێم ئایا وەریان ئەگرن یان نا؟

—رێگای هەیە بۆ وەرگرتنیان، یەکسەر ئەیان بەن بۆ مەڵبەندەکانی راهێنان، چەند سااڵێك بەبێ چەك لەوێ ئەمێننەوە بێ ئەوەی پەیوەندییان بەدەرەوە بێت.

—دوایی لە ئەفسەرە پایە بەرزەکانەوە، یەکە یەکە دەست ئەکەن بە بەردانیان یان قەرزێکی زۆریان ئەدەنێ، یان دایان ئەمەزرێنن بەسەرۆك یان بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیانەی کە تا ئەوکاتە پەرە ئەسێنن، دوای ئەوە نۆرەی سەربازە ئاساییەکان دێت، دابەشیان ئەکەن بەسەر کێڵگەکانی—

خۆبەڕێوەبردن–و لەوێ بەپێی لێهاتوویی موچەی خۆیان وەرئەگرن.

–ئەمە هەڵوێستە کوڕم؟ تۆ لەوە بەڕێزتری کە ئەمە قسەت بێت.

–تۆ لێت نەپرسیم هەڵوێستی خۆم بەتەنیا چییە، باوە عابید. تۆ فەرموت ئایا وەریان ئەگرن یان نا؟؟

–ئەی باشە تۆ هەڵوێستت چییە؟؟

–وازم لێبێنە باهەر خۆم بزانم باوە عابید، ناتوانم دەری ببڕم، تا یەکەمجار، پێش هەموو شتێك بەوان نەڵێم.

–بەڵام مەبەستم ئەوەیە پێخۆشحاڵیت بەگەڕانەوەیان؟

–لەباری تێکۆشانەوە ئەوە بەپێی ئەو بیرو باوەڕەی کە ئەیان بێت، لەباری کۆمەڵایەتیشەوە، ئەوە تکات لێئەکەم باهەر خۆم بیزانم، من کابرایەکم لەنیقابە باوە عابید، مەسەلەکان واتێکەڵاوبوون و چوون بەیەکدا پیاو ناتوانێت هەڵوێستێکی کوت و پڕی هەبێت.

مام عابید سوپاسی لێپرسراوی لقی نەقابەی کردو دەستی کردەوە بە داگەڕان بەسەرەو خوارەکەداو لەوسا زیاتر سەری سوڕمابو.

ئەمە فەرمانڕەوایی نیە، بۆچی پێخۆشحاڵ نیە بەگەڕانەوەیان؟ ئەو وای پیشان نەدا کە بەرەنگاربیان ئەکات، لەگەڵ ئەوەدا دانیشی پیا نەنان. شۆڕشگێڕێکی دڵسۆز کە شارەزای کارە شۆڕشگێڕانەکانی بووم پێش ئەوەی بیگرن، شایەتی خۆڕاگرتنی ئەدەم بەرامبەر ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی بەندیخانە کەچی دڵگەرم نەبوو.

بەهەواڵی گەڕانەوەیان. اللە اکبر، اللە اکبر، هەتا ئەوانەی کە گیانی خۆیان بەخت کرد لەپێناوی کامەرانیماندا گومان لەهەڵوێستیان ئەکەین بەرامبەر مەسەلە شۆڕشگێڕییەکانمان.. ئەبێت چی بیرو باوەڕێك بهێننەوە لەگەڵ خۆیان جگە لەوەی لەگەڵ خۆیان بردیان و لەپێناویدا مردن؟.

ئەوا ئێمەی زیندوو کەوتوینەتە داوی خائینەهەلپەرستەکانەوەو لەخۆشی و ژیاندا نقوم بوین، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوەبین کە ئەو فارگۆنەی سواری بوین لەشەمەندەفەرەکە پچڕاوە، بەڵام ئەو خۆشەویستە پیرۆزانە جگە لەوەی لە ئێمەی دڵسۆزترن– چونکە قوربانییان لەئێمە زۆرتردا هێشتا گیروگرفتەکانی ژیانیان تێوە نەچووە.. ئەوان ئەو شەمەندەفەرەن کە خۆیان ئەکەن بە تونێلەکەداو فارگۆنە پچڕاوەکە ئەدەنەبەر.

لەوانەیە ئەم خۆ پێدادانە فارگۆنەکەش و شەمەندەفەرەکەش لەڕێگەکە دەربکات، لەوانەیە شەمەندەفەرەکە لەو سەرەوە بێتو فارگۆنەکە بگێڕێتە دواوە. اللە اکبر هەتا منیش گومانم لێ پەیدا کردون، دەستم کردووە بە فەلسەفاندنی خۆشەویستترین و پیرۆزترن شت کە شانازی پێوەئەکەین.

کابرای– سۆشیالست– نەفرەتییە ئەیەوێت لەپێشدا بزانێت بیرو باوەڕیان چییە ئەوجا هەڵوێستی خۆی دیاری ئەکات.

–ئەرێ ئەوە هێشتا هەر لێرەدایت مام عابید؟.

–ئای ئەمە تۆیت. سۆشیالست؟

–بەڵێ، لەبیرم چو پێت بڵێم– دەربارەی ئەوان– ئێمە ئەتوانین بەشێوەیەکی تر وەریان بگرین. چۆن شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرەکان کە لەچیاو جێگای دورخستنەوەکان و بەندیخانەکانەوە گەڕانەوە، لە رۆژی سەربەخۆیی دا فێستیڤاڵ و ئاهەنگی خۆشی و شادییان بۆ ئامادە ئەکەین و پێشوازییان ئەکەین.

–نا، نا، ئەمەیان هەرنا.

مام عابید بە وروژانێکەوە قسەکەی پێ بڕێ و لێی دوورکەوتەوە و لەبەرخۆیەوە ئەیوت: لەمە زیاتر لەگەڵم مەدوێ هەی نەفرەت لێکراو.

–باوکە ئەوە چیتە؟

کوڕەکەی لەدوو ریانەکەی ناوەڕاستی ئاوایی قۆڵی گرت.

ئەمە تۆیت؟ ئەوە لەکوێوە هاتیت؟.

–لەماڵەوە، بەدوای تۆدا ئەگەڕام، لەبەیانییەوە چویتە دەرەوە نەهاتویتەوە ئەوە لەکوێ بویت؟.

–بۆچی هەوالّم ئەپرسیت؟ گوێ بگرە. ئەگەر مستەفای برات گەڕایەوە چی ئەکەیت؟

–مستەفای برام ئەگەڕێتەوە؟

–بەڵێ ئەگەڕێتەوە. ئا ئەگەڕێتەوە. لەم هەفتەیەدا دێتەوە.

–ئەی تۆ ئەڵێیت چی باوکە؟.

–لاچۆ لەبەرچاوم. تاوانی تۆ نییە، تاوانی منە، تاوانی هەوومانە. بڕۆ هەوالّ بدە بەدایکتو ژنەکەتو منالّەکانت.

قۆڵی لەدەستی کوڕەکەی هەڵپڕوچقان بەڕێی خۆیدا ڕۆیشتو لەگەڵ خۆیدا ئەیوت: ئەبێت بچم بە پێش نوێژ خوێنی مزگەوتەکە بڵێم، ئەو لەهەموویان باشترەو لەهەوومان تێگەیشتووترە. ڕاستەوخۆ ڕووی کردە مزگەوتەکە، چاوەڕێی کرد تا ئیمام سڵاوی نوێژەکەی عەسری دایەوە، بەدەست ئیشارەتی بۆ کرد:

–ئەمەوێت لەگەڵتا بدوێم. مامۆستا..

–ئەوە تۆش نوێژت لەگەڵ نەئەکردین؟

–دەست نوێژم نەبوو، ئەمەوێت پرسێکت پێ بکەم.

–دەربارەی چی؟

–ئەزانیت مستەفای کوڕم لەگەڵ گەڕاوەکاندا نەهاتەوە؟

–ئەی ئەو شەهید نەبوو؟.

–با بڵێین وایە. ژنەکەی کە پاش چوار مانگ لەگوێزانەوەی بەجێی هێشت لەماڵەکەی منداچاوەڕێی کرد تا دڵنیا بووین لەشەهیدبوونی.

–ئەی دوای ئەوە؟.

–مارەم کرد لەبرا بچوکەکەی، چوار منالّی لێیەیە.

–ئەوە بەڕاستتە؟ ئەوەتان کرد؟ لاحول ولا قوة الا بالله.

–بۆچی چی تیایە قوربان؟

–حەرامە کوفرە، زینایە، تۆببە خوایە.

–چۆن ئەفەرموویت؟

–چۆن ئەتوانن ئافرەتێکی تەلاق نەدراو مارەبکەن؟

–بەڵام مێردەکەی مردووەو بەڵگەنامەی مردنەکەیمان هەیەو لای قازیش مارەکراوە.

–ئەمە کوفرە شێخ عابید، کوفر، کوفرە بەخواو پێغەمبەرو قورئان، کوڕەکەی تۆ شەهیدە. شەهیدیش نامرێت بەڵکو زیندووەو لای خوای خۆی ئەژی، تۆ ئەو ئایەتەت نەخوێندۆتەوە کە لە گۆڕەپانی دێکاندا نووسراوە؟ ئەم بەڵگەنامەی مردنە تەنیا گاڵتە پێکردنێکی یاساییە بۆ دروست کردنی شتێك کە لەشەرعدا هیچ مانایەکی نییە. ئەوەی پەیوەندی بەژنە شەهیدەوە هەیە ئەوەیە ئەبێت تەلاق بدرێت. ئەمە زینایە. اعوذ بالله من تۆم زۆر بەتێگەیشتووتر ئەزانی لەوەی بۆم دەرکەوت، هەتا ناتوانین پێیان بڵێین مالّیان بەجێهێشتووە یان مالّو منداڵ بەخێو ناکەن چونکە ئێمە جێگایان ئەزانین. ئای چی کوفرو ناشکورییەکە!!.

–ئەی تۆ ئەڵێیت چی بکەم قوربان؟

–ژنو پیاوە زیناکەرەکە داری حەددیان لێ ئەدرێت..

–ئاوا قوربان؟

–بەدەست مێردی یەکەمیشیەتی تەلاقی ئەدات یا ئەیباتەوە لای خۆی، مەسەلەکە بەنیسبەت ئێوەوە لەسنوری زیناش ئەچێتە دەرەوە، ئەوە نازانن کە نەمری شەهید هەموو ئاینەکان لەسەری یەك کەوتونو فەلەکان هەتا ڕۆژی گەڕانەوەی مەسیح چاوەڕوانی ئەکەن چونکە شەهیدە، ئێوە ئەبێت تۆبە بکەنو کەفارەتی ئەو کوفرەش بدەنو داوای لێبوردن

لەیەزدانی مەزن بکەن بەڵکو بەگەورەیی خۆی لێتان قوبوڵ بکات.

—مەسەلەی تەڵاقەکە لەمەسەلەی کوفرەکە ئاسانترە قوربان.

—چۆن؟

—مێردی یەکەم، مستەفای کوڕم ئەم هەفتەیە ئەگەڕێتەوە.

—تۆ هێشتا هەر کوفر ئەکەیت، کابرا.

—بەڵام...

—بۆ وائەزانیت کوڕەکەی تۆ حەزرەتی مەسیح یان مەهدی—یە؟. استغفرالله، استغفرالله، لەمزگەوتەکە بڕۆ دەرەوە کافر

—بەڵام ئەگەڕێتەوە، کا..

—بڕۆ دەرەوە، تاوانەکەت لەتاوانە گەورەکانە، لەسەر مەزەبی خۆمان تۆ لەدۆزەخدا نەمریت، تۆبەی تاوانە گەورەکان قوبوڵ ناکرێت، بڕۆ لەسەر مەزەبێکی تر موسڵمان ببەرەوەو تۆبە بکە.

مام عابید بەدڵ شکاویو زەلیلی مزگەوتەکەی بەسەرو دلێکی قورسو گرانەوە بەجێهێشتو سەرەو ژێربووەوە بەرەو ئەو شوێنەی هێڵی ئاسنەکەی پیا ئەکشێت.

* *

دوای ئەوە کۆبونەوە تەواو بوو لەبارەگای ناوچەکە، مانع بەتەنیا خۆی مابۆوە... سەرۆکی شارەوانیدوژمنی خوێنەخۆرمە، ئەوە شەش مانگە قسەمان بەیەکەوە نیە، بەلام مەسەلەکە کۆتوپڕە، زۆر بەپەلەیە، تۆ بڵێیت بانگی بکەم بۆ کۆبونەوەیەکی کار رێکخستن ئامادەبێت یان وەکو هەموو جارێك داوای لێبوردن ئەکات؟

دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، داوای لێپرسراوانی رێکخراوە نیشتمانییەکانی کرد یەکەمجار نەقابە، دوایی تێکۆشەرە کۆنەکان، ئەمجا یەکێتی ئافرەتان، لاوانو دیدەوانان ودوای هەموویان سەرکردەی کەرتی دەرەك، لەسەرەتاوە تۆزێك دوودڵ بوو، بەڵام پێی ناجەرگی خۆیداوم بەڕێوەبەری شارەوانیشی‌بانگ کرد:

- هەلاو، شارەوانییە؟
- بەڵێ، من نووسەرەکەیم.
- ئەمەوێت قسەلەگەڵ کاك عبدالحمید المانع بکەم. من کار رێکخەری بارەگام.
- چاوەڕێ بکە، بزانم لێرەیە.
- فەرموو.
- نەخێر، چووەتە دەرەوە ، بۆچیتە زەحمەت نەبێت؟.
- وتەوتێکی زۆر هەیە دەربارەی ڕوداوێك ، ئێستا لەبارەگای ناوچەکەکۆبونەوەمان هەیە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کاروباری ناوخۆ وئەبێت ئەویش ئامادەبێت.
- هەلاو، ئا ئەوەتا هات، چاوەڕێ بکە.
- هەلاو، کاك مانع، فەرموو.
- کاك عبدالحمید تەندروسیت چۆنە؟
- سوپاست ئەکەم، تۆ چۆنیت؟.
- ئەوە بۆیە تەلەفۆنم بۆ کردیت، داوات بکەم بۆ کۆبونەوەیە کە ئێستا یەکسەر ئەبەستریت لە بارەگا، لەگەڵ ئەوەشدا کەدەمێکە پەیوەندیمان پچڕاوە، بەڵام من تۆم لەبیر ناچێت، من وەکو تۆنیم.
- من لەگەڵ حیزبدا هیچم نییە، هەروەها لە نێوان من وتۆشدا، بەڵام ئێوە ئەو لەخۆباییەتان کردووە بەسەرۆکی تێکۆشەرە کۆنەکان وئەو دەم دڕێژەسۆشیالیستەش کە بەندیخانە نەبێت هەقی هیچ شوێنێکی تری نییە، من خوانە خواستە هیچ شتێك دژی حیزب ناڵێم، بەڵام لەگەڵ ئەوانەدا هەرخەرێك ناکەوم.
- کابرا، تۆ ئەم قسانەت زووتر بکردایە ئێستا بڕیبومانەوە، تۆوەرە چاری ئەکەین . بەرژەوەندی گشتی لەسەر و هەموو شتێکەوەیە کاك عبدالحمیدجگە لەوەش خۆئێمە خزمین.

* * * * *

ڕێکخەری ناوچەکە یەکسەر کۆبونەوەکەی دەست پێکرد، بەخێرهاتنێکی گەرمی سەرۆکی شارەوانی و فەرماندەی کەرتی دەرەکی کردو ڕاستەوخۆ چووە ناو باسەکەوە((کۆبونەوەکەمان دەربارەی بەرگری کردنە لەو نەخشەی وتەوت وچیەچیە گەورەیەیەکەلە ئاواییەکەماندا ئەتەنرێت و لەوانەیە لەئاواییەکانی تریش هەبێت، گومانیشم لەوەنییە کە پەیوەندییان بە دەرەوە هەیە، یەکێك لەتاوانبارەکانی ئەم بزوتنەوەیە کە تازە پێمان زانیوە، پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا هەیە و لەوێوە نامەی بۆ دێت تەنانەت هەر ئەمڕۆ نامەیەکی لەوانەوە پێگەیشتووە.

ئەم بزوتنەوەیەش لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە گوایە شەهیدە نەمرەکانمان خوا لێیان خۆش بێت لەو دونیاوە ئەگەڕێنەوە وهەوێ گەڕانەوەکەشیان ئەوەیە کە کاروباری خەڵك چاك بکەن، چونکە ئەوان وادائەنێن کە ئێمە دەسەلاتی چاك کردنمان نییە وئێمە هۆی شیرازە تێکچونی کۆمەڵین باش لەواتای ئەم قسەیە تێ بگەن و وردببنەوە.. یانی هەڵگەڕانەوەویاخی بونێکی چەکدارانە کە ملیۆن ونیوێك لەباشترین ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەبەشداری تیائەکەن بۆ سەرەوژێرکردنی هەموو شتێك.

بێگومان گەڕانەوەی شەهیدان شتێکی موستەحیلە، بەڵام کێ ئەزانێت ئەو یاخی بوانەی داویانەتە شاخ نیازی چیان هەیە، لەوانەیە سوپایەکی گەورەش پێك بهێنن و ولاتەکەمان کەقوربانییەکی زۆرمانداوە لەپێناوی سەربەخۆیی وسەربەستی و سەربەرزیدا داگیربکەن.

من وەکو تێکۆشەرێکی دڵسۆزی شۆڕش لەساڵی ١٩٥٤ەوە و وەکو لێپرسراوێك کە لەلایەن بنکەوە هەڵبژێردراوم یان وەك باوەڕپێکراوێکی هەرێمایەتی وپارێزگاو سەرکردایەتی حیزب لەپایتەخت، بەئەرکی سەرشانی خۆم وبەچاوکراوەیی ئەزانم کەداواتان لێبکەم سنورێك بۆ ئەم بزوتنەوەیەدابنێین وڕیشەکێشی بکەین.

پێویستە مام عابید بگیرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و دەسەلاتی بالاش یەکسەر ئاگاداربکرێت)).

- من لەگەأ پێشنیارەکەی تۆدام، منیش ئەم ئێوارەیە مام عابیدم دیو شتێکی سەرسوڕهێنەری پێوتم، لەسەرەتاوە وامزانی تۆزێك تێك چووبێت، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەم کابرایە بەئەنقەست وائەکات، سەرۆکی شارەوانی ئەمەی وت ولێپرسراوی یەکێتی ئافرەتانیش هەڵی دایە:

-ئەگەر ئەزانن لەماڵاندا چی ئەوترێت ڕاستە پشێویەکی گەورە ڕوویداوە، ئافرەتەکان هەموسەریان سوڕماوەئەڵێن گوایە شەهیدەکان ئەم هەفتەیە ئەگەڕێنەوەوهەموشمشێریان لەکەمەریان داوە و خۆیان پڕچەك کردووەبەتۆپوهەنارۆك و ڕەشاش و هەریەکەیان لیستەیەکی درێژی پێیە ناوی ئەوانەی تیایە کە ئەبێت بکوژرێن.ئەڵێن گوایە ئەوان وەکو ئێمە بەگوللە نامرن و هیچ شتێك کاریان تێ ناکاتوهەتا بەئاگریش ناسوتێن، پەیامی خۆیان بەجێ دێنن و ئیتر خوا ئەیانباتەوە بۆلای خۆی.

- پێم نەوتن مەسەلەکە زۆر ترسناکە.

ڕێکخەری ناوچەکە ڕاکەی سەلماندو لێپرسراوی لاوان هاتە قسە:

- ئێمەش دەسەلاتمان بەسەر لاواندا نەماوە، ئەزانن بیروباوەڕێکی لەدەرەوە هێنراویان هەیە وبەتوندی ڕەخنە لەلێپرسراوان ئەگرن؟

- بەڵێ، بەڵێ. ڕێکخەر وتی لێپرسراوی لاوان لەسەری ڕۆیشت!

- هەڵوێستی پشتگیریی شەهیدان دەرئەبڕن یان باشتر بڵێین یاخی بوان، چاکت کرد داوات کردین بۆ کۆبوونەوە کاك مانع.

- ئێمەی دیدەوانان ئەم قسە پڕوپوچانەکاری تێ نەکردوین. بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە بڕیاری دروستکردنی تیپەکانی (ووشیاری)مان داوە بۆ

ئاگادارکردنی دەوڵەت لەبارەی هەموو کەسێکی نەناس کەبێتە ئاواییەکەمان، یان دەربارەی هەر جموجوڵێك کە جێی گومانبێت.

- ئێمە دڵنیاین لەدیدەوانان.

ڕێکخەری ناوچە ئەمەی وت وبەری کردبەلای لێپرسراوی کۆنە تێکۆشەران و لێپرسراوی لقی نەقابە بۆئەوەی هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن.

- ڕاستە پشێوییەك لەناودایە، بەڵام مام عابید بەستەزمانە بێتاوانە، ئەوەی ئەوەندە بیری کوردەکەی ئەکات و تەندروستیشی تێك چووە، وای لێئەکەن کەوابزانێت کوردەکەی ئەم هەفتەیە دێتەوە.

ڕێکخەری بەشی تێکۆشەرەکانی ئەمەی وت وسەرۆکی شارەوانی قسەکەی پێبڕی:

- ئەڵێت هەموو شەهیدان، ئەی ئەو نامەیەی کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووە؟؟.

ڕێکخەری ناوچەش بۆی تەواوکردو وتی:

- لێرەدا ئەتوانین بڵێین کەوا تێکۆشەرە کۆنەکان یان بەلایەنی کەمەوە لێپرسراوەکە یان لەگەڵیاندایەو دەستی لەم ئاژاوەیەداهەیە.

- ئەوە ئەڵێیت چی؟

- وس بە، کێ بەتۆی وت قسەبکەیت؟ هەڵوێستی نەقابە چییە؟

- خۆتان ئەزانن کرێکاران گوێ نادەنە ئەم جۆرەشتانە، لەوانەیە مام عابید نەخۆش بێت، لەوانەشە نامەیەکی لە کوردەکەیەوە بۆ هاتبێت، بەڵکولەدەرەوە لەچارەسەرکردن بێت. گریمان کوردەکەی لەئەنجامی کارەساتێکدا هۆش وبیری لەدەست دابێت وئێستا بیری هاتبێتەوە بەبەردا.

ئەم جۆرە شتانە شایانی ڕوودانەو شۆڕشیش ئەوجا پێکراوانی ئەناردبۆدەرەوە بۆ چارەسەرکردن.

- تۆلە ئێستاوە لەسەرۆکی نەقابە خرایت، چونکە دەستت هەیە لەگەڵ دەرەوەدا.

فەرماندەی کەرتی دەرەك بۆ بەربەستی ئەم بزوتنەوەیەی ئەم ئاژاوە بەربلاوە ئەبێت ئێستا عابیدی کوری مەسعود ئەلشاوی و سەرۆکی بەشی تێکۆشەرەکۆنەکان و لێپرسراوی نەقابە بگرێت.

- ئەمە من وای تێئەگەم پەلەکردن وزیادڕەوییە، شتەکە نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەی ترسناکییە کەئێوەبۆی ئەچن، مام عابید کەس گومانی لەوەنییە کە نەخۆشە، ئەمێنێتەوە مەسەلەی نامەکە ئەویش ئەتوانین بانگی بکەین و لێی بسەنین. لەوانەیە وەك لێپرسراوی نەقابە ئەڵێت:

- ئەی ئەو ئاژاوەیەی کەڕووی‌داوە وژنانی تۆقاندووە؟

- لێپرسراوی ئافرەتان بەسوربونێکەوە وتی وفەرماندەی کەرتی دەرەك بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە:

- ئەو گیروگرفتانەی لەئاواییدا ڕووئەدات _وەك خۆت ئەزانیت_ ئەم ئێوارەیە سێ ئافرەت کوژراون یەکێکیان ژنەشەهیدەو دوانەکەی تریشیان، یەکێکیان کچێکی شانزەسالّ وئەوی تریان هەڤدەسالّە.

- ئەبێت ئەو سیانە هەربگیرێن.

ڕێکخەری ناوچە وتی ولێپرسراوی شارەوانی لەسەری ڕۆیشت:

- مەسەلەکە ترسناکە، من یەکسەر لێپرسراوی خۆم ئاگادار ئەکەمو لەوانەیە هەتا والی خۆیشی.

- ئەوەی بە من ئەکرێت، ئەتوانم مام عابید بانگ بکەم و داوای نامەکەی لێبکەم لێپرسراوی دەرەك ئەمەی وت ورێکخەری ناوچەش:

- ئەبێت هەر ئەم ئێوارەیە ئەوە بکرێت، ئەگەر ئەشکرێت هەرئا ئێستا.

- دڵنیابن. پاش تۆزێك لەئەنجامی لێکۆڵینەوە ئاگادارتان ئەکەم.

لێپرسراوی دەرەك ئەمەی وتو سەرۆکی شارەوانیش وتی:

- من وکاك مانع لێرە لەبارەگا چاوەڕێتین.
- کۆبونەوەکەم تەواو.

****

کاتێك فەرماندەی کەرتی دەرەك هاتەدەرەوە، قەرەبالّغییەکی نائاسایی دی، خەڵك، ژن وپیاو ومنالّ وگەورەوبچوك، بەرەو خوارڕائەکەن بۆ لای ڕێگای شەمەندەفەرەکەو هاوار ئەکەن:

-مام عابید، مام عابید.

ئەویش ڕایکرد، لەسەر هێڵە ئاسنەکە، دوودەرەکی تریشی دی بەدیار لاشەکەی مام عابیدەوە وەستاونو خەڵکەکە دەرئەکەن.

- خۆی خستەبەر شەمەندەفەرەکە.

شۆفێرەکە ئەمەی وت و یەکێکیش لەدەرەکییەکان وتی:

- خەڵکەکەش بینیویانە ئەم نامەیەی بەدەستەوە بووە وڕای وەشاندووە، فەرماندەکەش نامەکەی هەڵگرت ولەبەرخۆیەوە ئەیووت:

- بەڵێ ڕاستە، تەواوە، خۆیەتی.

((سبحان الله العلي العظيم))

–دەتوخوا بۆمی تەواو کە، باشە دادە هەتاو کە کەرۆیشکە خرپنیان گرت، چییان لێکرد؟ هەتاو لەسەر خۆتر دەدوا، دەیویست (چرا)ی شەش ساڵە بە حیکایەتەکەی بخەوێ و ئەمیش وەک زۆر شەوی تر بچێتەوە سەر یادگارەکانی دایکە بەدبەختەکەی.. بە هێواشی دەیکێشا بە پشتی خوشکەکەیدا و بە خاوی قسەکانی لەزار دەهاتنە دەر، لەو شەوە خامۆشەو لەو ژوورە تاریکەدا دەنگی چراو دەنگی هەتاو خۆی ئیقاعێکی سەیریان دروست کردبوو..

–چوار زەلامی دڵڕەق.. هەر کە زانییان کەرۆیشکی رەنگ خۆڵەمێشی و نەرم و نۆڵ مێیە، پڕ بەو ناوە بە قاقا پێدەکەنین و ئیتر.. ئیتر تەواو..

–نا دادە گیان، دەپێم بڵێ چییان لەکەرۆیشکە خرپن کرد؟

بەوەڕسییەوەو وەک ئەوەی زۆر لە خۆی بکات، وەڵامی تاقە خوشکەکەی دایەوە..

–باشە پێتی دەڵێم.. بەڵام ئیتر دەبێ بنوویت.. درەنگەو بەیانی خەبەرت نابێتەوە بچێت بۆ مەکتەب.. گوڵەکەم، ئەو بێ بەزەییانە سەریان بڕی و دواتر گۆشتەکەیان خوارد..!

وەی خوایە گیان چۆن دڵیان هات وا لەو کەرۆیشکە بکەن.. وەی دایە گیان.. وەی کەرۆیشکە خرپن.. چرا پێڵووی چاوە ماندووەکانی داخستو خەوێکی شیرین بووە میوانی.. بەڵام هەتاوی خوشکی گەورەو لەجێی دایکی هەر بێداربوو..

کات لەنیوەی شەو لایداو هەتاو وەک زۆر شەوی تر خەو نەچووە چاوی.. پاش مەرگی پڕ لە سوێی دایکی لەخوێندنگە دابڕابوو، بەخزمەتی مااڵو چراو باوکەکەیانەوە خەریک بوو. هەموو ساتێ، هەر کە چاوی دەبڕییە چاوە زیتەکانی باوکیان، دەتووت ئەو کاتەیە دایکە قوڕبەسەرەکەیان بێ هۆش و بێ زمان و بێ گیانلەبەر دەمیاندا کەوتبوو..

هەر کە باوکە مەرگهێنەکەیان دەروونی ئاڵۆزی دەوروژاو بە دەنگی بەرز و بەقسەی سووک پەلاماری خۆی و خوشکەکەی دەدا، وایدەزانی رێك ئەو ساتەیە کە گۆشت و ئێسك و خوێنی روناکی چارە ڕەش لەبەر چاویاندا دەسووتا..

وەک زۆر شەوی تر، رووی وەرگێڕا بەرەو فانۆسی نێو پەنجەرەکە.. لەتیشکی ئەوەوە، ئەو دیوەوەی بەدی دەکرد.. روناکی کڵۆڵ بەرامبەری دەوەستاو

شەوێکی روونا ک

یاسین قادر بەرزنجی

بەر لەوەی بۆ دواجار دەنگی (لەگەڵ هەنسکی نیوە شەو خورپێن) لەسنگیدا پێکەوە بخنکێن، دوا قسەکانی خۆی بەشەوی چارە رەش و هەتاوی هاوڕێی رازو هاودەمی غەمەکانی دەسپارد...

هەتاو دایکی بینیەوە کە لەودیو پەنجەرەوە بەهەناسەی سارد‌ەوە قسەی بۆ دەکرد..

—قەینا کچەکەم، قەینا گوڵەکەم، ئیتر دڵ مەنێ بە دڵمەوە و چیتر فرمێسک بۆ دایکت و ئاژاوەی ئەم کاولبووە هەڵمەڕێژە.. قەینا دڵەکەم، چیتر بەلێدان دایکی بێکەست شلکوتی عومری ناکرێ و لە دەست باوکتان هەڵدێت.. بە یەکجاری لەو دوابڕاوە دوور دەکەوێتەوە..

بەلای (چرا)ی دەست لەملی خەوی قوولدا وەرچەرخا، باشتر دایپۆشی و قژە رەشەکەی لەسەر دەموچاوی لابردو لەسەرخۆ ماچێکی تەوێڵی کرد.. هەندێ خۆی بەرزکردەوە و پشتی نووساند بە پشتێکەیەوە و سەریشی بەدیوارەکەوە.. دیسانەوە رووەو پەنجەرەی ژوورەکە.. دەیڕوانی و مێشکە ماندووەکەی بردییەوە بۆ ئەو شەوەی ئاگر بەر بووە دایکی و خەرمانی بەخت و عومری بەجارێ پێکەوە سووتان...

بینی هەموو جلەکانی سووتان و لەبەر چاوی خۆی و باوکە چارە تاڵەکەی روناک دەسوتێ.. هەتاو بە دەستێکی فرمێسکە گەرمەکانی سەر روومەتی خۆی سڕی و بەدەستەکەی تریشی قوپچەی دیزداشەکەی ترازاند..

ئەو شەوەو زۆر شەوی تری لەگەڵ روناکدا دەبردە سەر، خۆ سووتاندنەکەی و رۆژی دوایی کە تیایدا مرد.. دوو ساڵ بوو جەستەی ماندووی لەو سەیوانە ئارامی گرتبوو، دوو ساڵ بوو ماڵ بێ روونا‌ك و هەتاوی ماندووش ملکەچ و بێ هاوڕێ و بێ هیوا.. لەو مەڵبەندی غەمەدا، تەنیا سەرچاوەیەك بۆ ژیانی هەتاو هەر خوشکە بچکۆلەکەی بوو.. بەسەعی پێکردن و خزمەتکردنی ساتەکانی هەردووکیانی دەگوزەراند..

لەقسە ئاساییەکانی رۆژگارو شەوگار بەولاوە هیچی تری لەگەڵ باوکیدا نەدەوت.. هەرچۆن پیشەی بوو تالاوی بەگەرووی دایکی داماوییدا کردبوو، ئەمیشی لەو تالاوە بێ بەش نەدەکرد، تەنانەت هەندێ جار دڵە بچکۆلەکەی (چرا)شی دەشکاند و بەویشدا هەڵدەشاخا.. بەتاییەت ئەو کاتانەی خۆی مەست دەکرد..



ئێوارەیەک کە چارەی بوتڵو پەرداخیان بدیبا نیوە مردوو دەبوون، بەجارێ زراویان دەچوو..

دەیانزانی ئیدی بەزمەکەیەو هاڕەو نەڕەو پیا هەڵشاخان دەست پێ دەکاتەوە.. تەنانەت پەلاماری رونـاک دەدرێتـەوەو جارێکی تـر لـە گۆڕەکـەیدا رادەچڵـەکێ.. هـەتاو دیمـەنێکی تـەڵختر بـەری چاوەکانی گرت...

دیمـەنێک هـەموو مێشکی داگیر کـردو هەناسـەی سوارو واق ورماو.. دایکی هاتـەوە لای‌و بـە رەنگی زەردو پەڕیوەوە قسەی بۆ کچە گەورەکەی دەکرد..

–رۆڵە چی بکەم، لە چارەم نووسرابوو، نازانم چیم کردبوو خوا ئەمانەی نیشاندام..

–دایە گیان گوێی مەدەرێ.. ئاخر خۆ هەر تۆنیت، بەو خودایە لەپۆلەکەی تریش دایکی کچێك ئیشکەری مااڵنە.. ئەوەی باوکم پەیدای دەکات تەنیا بۆ کرێکەو بەزمەکەی خۆیەتی.. ئاخر تۆش ئیش نەکـەی بەچی بژین..

–دەزانم کچـی ئـاقڵم دەزانم.. ئـەو بەتـەنیا قوزەڵقورتەکەی خـۆی لاگرنگـە.. دەبا پێتـی بڵێم.. دەوەرە کراسێ لەدایکت دادڕە.. هەتاو رەوای هەقـە من ئیشـکەری مـااڵن‌و جلشـۆری بکـەم، بێمـەوەو پـڕ جوێن کرێم.. نـازانم خوایـە چیـم کردبـوو تـا بـەم دەردەت بـردم، چ رەوای هەقـە بـە مـاندوویی بگەڕێمـەوەو دڕندەیـەك پـەلامارم بـدات‌و دەسـتم لێ بوەشێنێ.. رەبی پەنجەکانی هەڵوەرێ..

–دایە گیان..

–کچی خۆم، با قسـەیەکت لا بکـەم‌و بـا دەردێکی تـرت لا هـەڵڕێژم.. هەفتـەی رابـردوو عەسـر بـوو، لـە گەڕانەوەمدا زەرفێ میوەی مااڵی کاك نەوزادم پێ بوو مااڵکەی ئـاوا بـێ، کـەچی ئافتـاو گرتوومـی، ئـەزانی دەیووت چی؟!

–دەیووت چی دایەگیان؟

روناك سەری هێنایە پێشێ‌و توند دەستی کچەکەی گرت...

–دەیووت رۆڵە رونـاك، ئاگـات لـە خـۆت بـێ، هـەر لەدراوسێم بیستووەو دەڵێن روناك گەنجەو هەق نییـە ئـەوەندە مـاڵ بـەجێ بهێڵێ.. دوای قسـە دەخەنـە شوێنت..

–دایکە بۆخۆی وت.. دنیـا تـۆ ئەناسـێ.. تـو ئـەو خوایە گەر خۆت بەو قسـە پڕوپووچانـە ئاڵۆزبکـەی.. ئەو شەوە هەتاو هـەر بێداربـوو... شـەوێك لـە رونـاك جودا نەدەبووەوە..

*

* * * *

هەموو ئاواتێکی هـەتاو هـەر خوشکە نازدارەکـەی بـوو.. هـەردوو بۆیـەك هـەموو شتێ بـوون.. هـەموو شادییەك بوون.. وردە وردە لەگەڵ نەهامەتیی ژیان‌و چەپگـەردی زەمانـە راهـاتن، شـەوێکی تـر حەکایـەت دامـەزرابوو.. بـەاڵم ئـەمجارەیان هـەتاو بـە دەنگـی سافـو بەگێڕانەوەی خۆشەوە چرای خەریك کردبوو.. ئـەویش گـوێ‌و مێشـك‌و چـاوی لەگـەڵ وشـەکاندا دەژیـان، دەستەکانیشی هـەر خـەریك بـوون، تـاوێ دەیگەیاندنـە پرچـی درێـژی هـەتاوو لـەخۆی نزیـك دەکردنـەوە، بۆنـی پرچـی دەکـردو لەبـەر خـۆوە دەیووت (ئەڵاڵا.. ئـەڵاڵا لـەم بۆنـە خۆشـە).. تـاوێکی تریش دەستی بـە قۆڵـە سافـو گۆشـتنەکەی (دادە) دادەهێنا.. ئەوەندە خـۆی لێـنزیك کردەوە، خـەریك بوو تەواو جووت بن..

–ئـێ دادە گیـان. دوای ئـەوە، کەرووێشـکی زیـرەك چی کرد؟

–دارستانەکەی جێهێشـت‌و هـەر بەدوایـەوە بـوون، شـەکەتی‌و مـاندوێتی خـەریك بـوو بـەجارێ هـەناویان بخاتە خوارەوە.. کەرووێشکی وریا رای دەکردو لێیـان دوور دەکەوتـەوەو ئـەوانیش دەکـەوتن‌و هەڵدەستانەوەو هـەنگاوەکانیان خـاو دەبـووەوە.. ناچـار بـە تـاپڕی دەسـتیان تەقـەیان لێدەکـردو نەیاندەپێکا..

کەرووێشکی جوان بە یاڵەکەدا هەڵگەڕاو لـە چاویـان دوور کەوتـەوە، ئـەوانیش بـەزیوو بـێ هیـوا لێـی دانیشـتن.. کەرووێشـك بـۆی دەرچـوو و ئـەوانیش بەدەستی بەتاڵەوە گەڕانەوە..

–ئـەی ئافـەرین کەرووێشـکی زیـرەك.. باشـە دادە هەتاو، پێت نەوتم ئەو کەرووێشکە ئازایە نێر بـوو یـان مێ؟

–مێ بوو، مێ..

سـەرنج/ سـوود لـە چیرۆکـە هـەواڵمان (لەچلـەی هاویندا ئاگری بەردایە جەستەی) وەرگیراوە، کتێبـی (مەرگی وەنەوشە) سلێمانی، ۲۰۰۰.

*لەیەکـەمین فێستیڤاڵی ئـەدەبیی یـەکێتی ژنـانی کوردستاندا خوێندرایەوە.

۲۰۰۰/۱۱/۱۹

شێوازی ژنە نووسەری چینی زانگ جیی هەروەکو سیمای خۆی هێمنی‌و ئارامی ئەگەیەنێ، ئەم هێمنیەش تەنیا لەوەوە نەهاتووە کەئەم خۆڕاگربووە لەڕووی ئەو کارەسات‌و رووداوە ترسناکانەی لەسەدەی بیستەمدا بەسەر چیندا هاتووە بەڵکو لەوەوە سەرچاوە ئەگرێ کەتوانیوویەتی ئەو سزاو ئازارانەی لەو کارەساتانەدا چەشتوویەتی بگۆڕێ بەهونەرێکی بەرز و ئەزموونە زۆرانەی پێیاندا تێپەڕیوە داچۆڕێنێ تائەدەبێکی ئەوتۆی لێ بەرهەم بهێنێ بیخاتە ڕیزی گەورەترین ئەدیبانی سەدەی بیستەمەوە.

زانگ جیی بەناودارترین ڕۆمانووسی چینی دادەنرێت لەسەدەی بیستەمدا هەربەم نزیکانە لەکارێکی داستانی مەزن بۆتەوە بەناوی (بەبێ وشە)کەڕۆمانێکە لەچواربەش پێکهاتووە، سەرجەم ئەو کارەسات‌و نەهامەتیانە لەخۆدەگرێ کەلەسەدەی بیستەمدا بەسەر چیندا هاتوون‌و لەهەمان کاتیشدا لەبەسەرهاتی ژیانی نووسەر خۆی دەچێت لەگەڵ ئەوەشدا کەبەفراوانی ژیانی چین لەسەدەی رابردوودا بەسەر دەکاتەوەو وێنادەکات.

ڕەخنەگران پێشوازییەکی گەرمیان لەسێ بەشی یەکەمی ئەم چوارینەیە کردو بە (شەڕو ئاشتی چین)ناوزەدیان کرد—هەروەها ستودیوکانی سینەما دابارینە سەر کڕینی مافی بەرهەم هێنانی ئەم چوارینەیەو لەئەنجامدا ستودیوی (فوربیدن سیتی فیلم)سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەلێن کەکچە ئەکتەری چینی—مەنگۆلی، سیکیتگاوا دەوری ڕۆماننووس خۆی دەبینێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کەجلوبەرگ‌و پۆشاکی زانگ جیی—زۆر سادەو ساکارەو بریتیە لەپانتۆلێکی کاوبۆی‌و کراسێکی شین کەچی شێوەو سیمای ئەوە ئەگەیەنێ کەلەنەوەی شاهانەی مەنشوریایە کەلەڕاستیدا هەرلەهەمان ئەو بنەماڵەیە کەوتۆتەوە. چاوە بریسکەدارە گەشەکانی‌و شەویلاگە بەرزەکەی‌و پێستە ڕوونەکەی پێکەوە بوونەتە مایەی ئەوەی کەگەنج تر لەتەمەنی خۆی بنوێنێ، هەرچەندە تەمەنی لە٦٤ساڵدایە بەڵام زۆر لەجوانیەکەی هێشتا هەرماوەتەوە.

زانگ جیی: کەبەشی یەکەمی ڕۆمانی (بێ وشە)م تەواوکرد دەستمکرد بەگریان

گەلاوێژ ژ (٢٧-٢٨)

و. لەعەرەبییەوە: ئەرخەوان

تیژکردنی شمشێرێکی ناوازە

رەنگە هێمنی سیمای بۆ ئەو راستیە بگەڕێتەوە کەبەم زووانە لەکارێك بۆتەوە کەبەباشترین کاری خۆی دەزانێ کەلە ماوەی بیست ساڵدا کەتەمەنی نووسینی خۆیەتی، نووسیوویەتی. لەبارەی ئەم کارەیەوە بەزەردە خەنەیەکی شیرینەوە ئەڵێ: رەخنەگران مشتو مڕیان لەسەر ئەوەیە کەگوایە کارەکانی پێشووم لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە گەرموگوڕتربوون بەڵام من خۆم باوەڕم وایە کەکارەکانم لەگەڵ تێپەر بوونی کاتدا ئەفسوناوی ترو قوڵتر بوون. تەواوکردنی ئەم داستانە رۆمانە چواربەشە دەساڵ کارکردنی خایاند لەساڵی ١٩٩٠دا دەستیکرد بەلێکۆڵینەوەی تایبەتی لەبارەیەوە. یەکەم بەشی رۆمانی (بەبێ وشە)لەکانونی یەکەمی ١٩٩٩دا دەرچوو پاشان دووبەشەکەی دی لەساڵی٢٠٠٠دا بڵاوکرایەوە دوابەشی ساڵی ٢٠٠١بڵاوکرایەوە. لەهەموو حاڵەتەکاندا هەر چوار بەشەکەی ئەم رۆمانە لەلایەن خوێنەرانو رەخنەگرانەوە وەکو یەك پێشوازیەکی گەرمو فراوانی لێکرا.

لەباسکردنی ئەو ماوە زۆرەی نووسینی ئەم چوارینەیە خایاندویەتی زانگ جیی ئاماژە بەو پەندە چینیە دەدات کەئەڵێ (تیژکردنی شمشێری ناوازە دەساڵی ئەوێ).

ئەم چوارینەیە بەخاڵی گۆڕان دائەنرێ لەو شێوازەی نووسەردا کە هەندێ لەڕەخنەگران پێی راهاتبوون لەڕابردوودا ئەو شێوازەی بەلای ئاڕاستەی سۆزداری ساکاردا ئەچوو.

جیی لەچوارینەکەیدا شێوازی (شەپۆلی هۆشیاری)لەگێڕانەوەی روداوی رۆمانەکەدا بەکاردێنێ کەشوێنو کاتو دەنگی (راویی)بەجۆرێکە کەخوێنەر ناچار دەکات بگەڕێتەوە سەر پەراوێزەکانی نووسەر بۆ ئەوەی تووشی سەرسوڕمان نەبێت لەو رووداوانەی ئەیان خوێنێتەوە.

ناونیشانی رۆمانەکەی رەگوریشەی لەپەندێکی چینی کۆن وەرگرتووە کەئەڵێ: مەزنترین شێوە بێ سنوورەو مەزنترین هەرا بێ دەنگە، زانگ جیی خۆی ئەمەی بۆ زیاد کردووە ئەڵێ: مەزنترین چیرۆکیش بەبێ وشەیە. هەروەها رۆمانناووسی چینی بەهێمنی ئەڵێ: وشەکان دەستەوەستانن لەگەیاندنی

زانگ جی

نەهامەتیە داستانیەکانی چین لەسەدەی بیستەمدا، بەلام من وەکو هونەرمەندێکی خاوەن ویژدانێکی کۆمەلایەتی بەهێز ناچاربووم هەوڵ بدەم.

رۆمانی-بەبێ وشە-کەسایەتیەکانی لەهەموو چینو توێژە رۆرەکانی کۆمەڵ وێنا دەکات: بەرپرسە حکومیەکان، فەرماندەی سەربازی، دارتاش، هونەرمەند، کرێکاران و رۆری کەشی تێدایە. هەر هەموویان بەدوای ئامانج و خواستەکانیاندا وێڵن، هەندێ وێڵی سامانن و هەندێ وێڵی خۆشەویستی و هەندێ دەسەڵات و شکۆمەندی کەسێتی یان بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان. بەڵام هەر هەموویان لەکۆتایی ژیانیاندا یەک پرسیاری ساکار ئەکەن ئەویش ئەوەیە کەئەڵێن:

(ئاخۆ کارەکە ئەوەی ئەهێنا).

رەخنەگری ناودار-جینگبو-لەرۆمانەکە ئەدوی و ئەڵی: رۆمانی-بەبێ وشە-بەگۆرانێکی رادیکاڵیانە، دائەنرێ لەچاوکارەکانی پێشووی زانگ جییدا، بەم داستانە بەڕاستی گەیشتە تەمەنی کاملبوون وەکو رۆمانێووسێك.

لەمەنشووریاوە بۆ دروستکردنی ئامێر

رێگەی زانگ جیی، رێگەیەکی دوورودرێژبوو لەسەفەری گەیشتنیدا بەم سەرکەوتنەی ئێستای و جێگیربوونی ئەو هێمنییەی-ساڵی ۱۹۳۷ لەوشوێنەی پێیان ئەوت-مەنشوریا-لەدایکبووە کەئێستا پێی دەوترێ ناوچەی-لیاوینگ-ی چینی. ساڵەکانی سەرەتای تەمەنی بەهەڵاتوویی بەسەربرد لەگەڵ دایکیدا، لەترسی سوپای ئیمپراتۆری ژاپۆن، دایکیشی لەنەوەی خێزانی شاهانەی مەنشوریا بوو، بەڵام جەنگە بەردەوامەکانی چین و بزوتنەوەی یاخیبوونی رۆر وایکرد دووچاری هەژاری و نەداری بێ پێش پەلاماردانەکەی ژاپۆن بووبە مامۆستای سەرەتایی هەرخۆی بەتەنیا چاودێری بەخێوکردنی کچەکەی گرتبووە ئەستۆ لەڕووداوو کارەساتەکاندا، یەکەمجار بەرەو باکوری خۆرهەڵاتی فڕاند بۆ ناوچەی شانکسی شاخاوی هەژار ئەمە پێش ئەوەی لەناوچەی-هێنان-لەخواروی ناوەڕاست جێگیربن.

زانگ جیی قوتابییەکی لەتەمەنی خۆی پتر پێگەیشتووبوو، ئیرادەی بەهێزو تێکۆشەربوو، دایکی سووربوو لەسەر فێرکردنی کچەکەی، وای لێکردبوو هەموو کتێبەکانی گۆرانی-چینی کلاسیك تێبگات و ئەو شیعرە نایابانەی لەسایەی هەردوو مەملەکەتی تانگ ۶۱۸-۹۰۷ و سونگ ۹۶۰-۱۲۷۹. بڵاوبوونەوە رۆر بەباشی تێ بگات و هەرسی بکات. بەڵام ئەم زیاتر ئەدەبی خۆرئاوا مایەی سەرنج راکێشانی بوو.

سەرجەم کارەکانی رۆماننووسە روسەکانی وەك تۆلستۆی دۆستۆیڤسکی و بۆنین بەباشی خوێندەوەو نووسەری گاڵتەجاڕی ئەمریکی-مارك تۆین-ی رۆر لاپەسەندبوو. زانگ جیی ئەڵێ خوێندنەوەی ئەو ئەدەبانە ئەو بەهایانەیان فێرکردو پێ بەخشی کەتا ئێستاش بەرگریان لێدەکات، هەروەها ئەڵێ (لەسەردەمی شۆڕشە رۆشنبیریەکانی نێوان ساڵانی ۱۹۶۶-۱۹۷۹ رەخنەی ئەوەیان لێ گرتبووم کەئەو رۆمان و ئەدەبیاتە بەشێوەیەکی قوڵ ژەهراویان کردووم. بەنهێنی پیرۆزباییم لەخۆم کردو وتم: ئەگەر من یەك دەنکە خەردەل هەست و سۆزی مرۆڤایەتیم تێدا نەماوەو من لەم دنیایەدا بەوە بەرزنەبوومەتەوە کەخەڵکی دی پێشێل بکەم و کەسانی دی بەکار ناهێنم بۆ خۆبردنەپێشەوە، ئەمەش تاراددەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو (بیروبۆچوونە ئینسانیەی)لەو ئەدەبانەدا هەیە.

کاتێ زانگ جیی تەمەنی ۱۸ ساڵ بوو لە-زانکۆی گەل وەرگیرا- کەئاستێکی بەرزی هەیە لەپەکین، لەگەڵ حەزو ئارەزوی بۆ ئەدەب بەڵام لەلایەن زانکۆکەوە ناوی بۆخوێندنی ئابووری دەرچوو. لەبەرئەوەی ئابووری خوێندنێکی بەکەڵك تره.

زانگ جیی لەو بارەیەوە ئەڵێ: تائێستاش پەشیمانی دەکێشم بەلەکیس چوونی ئەو خوێندنەی بواریکی مرۆڤایەتی فراوان دەگرێتە خۆی. بەردەوامی

جیی لەسەر جەخت کردن بۆ پسپۆڕی لەبری خوێندنی هەمەلایەنەو جۆراوجۆر یەکێکە لەخەوشە سەرەکیەکانی رژێمی هاوچەرخمان.

پاش دەرچوونی ساڵی١٩٦٠زانگ لەوەزارەتی پیشەسازی ئامێرەکان لەپەکین لەبەشی ئامار دامەزرا. دایکیشی هێنایە لای خۆی لەپایتەختی چین پێکەوە دەژیان-پاشان شووی کرد بەهاوپیشەیەکی خۆی‌و تاقانە کچەکەی تانگ دی ساڵی١٩٦٣لەدایکبوو.

دوای ئەوە چین بۆ ماوەی (١٥)ساڵ بەگشتی لەزریانی رۆداوە سیاسییە یەک لەدوای یەکەکاندا نقوم بوو زانگ جیی ئەوکاتانەی بەپەژارەوە یاد ئەکەوێتەوە وئەڵێ: هێرش لەدوای هێرش بوو کە ناتوانم بیانژمێرم.

لەساڵی١٩٦٨دا زانگ جیی نێردرا بۆکارکردن لەکێڵگەی یەکێ لەزیندانەکان لەناوچەی جیانگزی لەباشووری خۆرئاوا لەدووری هەزاران کیلۆمەتر لەخێزانەکەیەوە لەپەکین.

زانگ جیی لەبارەی ئەو ئەزموونەوە بەهەندێ ترس‌و بیمەوە ئەڵێ: چاودێری بەخێوکردنی بەرازم ئەکردو لەکێڵگەی برنجدا (مەرەزە)کارم ئەکرد کەئاو ئەگەیشتەلای سەرووی قاچم، هەموو هۆش‌و بیرم لای ئەوەبوو کەبەزیندویی بمێنمەوە.

بەڵام لەو هەموو گیروگرفتە جەستەییانە سەختترو دژوارترو ئەوەبوو ماوەی چوار ساڵ لەتەنیا کچەکەی‌و دایکی دووربوو کەهەردووکیان هەموو خۆشەویستی جیهانی ئەو بوون. کاتێ زریانە سیاسیەکان کەمێك هێور بوونەوە زانگ جیی گەڕایەوەو بەخێزانە بچکۆلەکەی شادبۆوە. کارە حکومیەکەی خۆی لەپەکین دەستپێکردوە.

خۆشەویستی نابێ لەبیر بکرێ

پاش کۆچی دوایی رابەری ناوداری چین ماوتسی تۆنگ ساڵی ١٩٧٦، دینگ چیاوپینگ دەسەڵاتی گرتەدەست بەڵێنی هێنانەدی چاکسازیی لیبرالی‌دا. ئەوکاتە زانگ جیی دووبارە کەوتە سەرکەڵکەڵەی خواستە ئەدەبیەکانی پێشووی. هەر لەوکاتەدا رۆمانێکی کورتی نووسی بەناوی-خۆشەویستی نابێ لەبیر بکرێ-ساڵی١٩٧٩. ئەم رۆمانە باسی چیرۆکی خۆشەویستی ژنێك ئەکات کە لەنیوەی تەمەنیدایە رۆماننووس خۆیەتی ئەکەوێتە خۆشەویستییەکی ماڵوێرانکەری یەك لایەنە لەگەڵ پیاوێکی ژندارداو لەئەنجامی سزاکێشانی دایکیدا کە ئەو ژنە عاشقە نائومێد ئەبێ ئەکەوێتە بەرەنگاریکردنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی لەمەڕ شەرکردن- لەکۆمەڵگەی هەروەها خەڵاتی- کتێبی نەتەوەیی رەسەنی پێبەخشرا لەئەنجامی ئەمەدا زانگ جیی وازی لەکارە ئابورییەکەی هێنا بۆ ئەوەی نووسین بکاتە پیشەی هەمیشەیی خۆی.

ساڵی١٩٨٠ رۆمانی -باڵە قورسەکانی- بڵاوکردەوە ئەوکات زۆریان پیادا هەڵدا، چونکە بەیەکەم رۆمانی سیاسی چینی دانرا. باسی سەرەکی ئەم رۆمانە کێشەی نوێکردنەوەی ئابوریی چین بوو. هەروەها بیروباوەڕە تونەدەکانی زانگ جیی تێدا رەنگی دابۆوەو لەبارەی بەها تاکەکەسی‌و سەرپشك کردنیەوە باوەڕی وابوو کە چاکسازیی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی پێویستە هاوشانی چاکسازیی ئابووریی بێت کەسایەتیە رۆشنبیرە پارێزگارەکان رەخنەیان لەم رۆمانەی زانگ گرت بەوەی کە دژی حزب‌و دژی سۆسیالیزمە. زانگ جیی کە ئەو کاردانەوانەی دێتەوەیاد ئەڵێ: من زۆر خۆڕاگرم لەبەرامبەر ئەو

نەهامەتیە داستانیەکانی چین لەسەدەی بیستەمدا، بەڵام من وەکو هونەرمەندێکی خاوەن ویژدانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز ناچاربووم هەوڵ بدەم.

ڕۆمانی-بەبێ وشە-کەسایەتیەکانی لەهەموو چینەر تۆیژە زۆرەکانی کۆمەڵ وێنا دەکات: بەرپرسە حکومیەکان، فەرماندەی سەربازی، دارتاش، هونەرمەند، کرێکاران و زۆری کەشی تێدایە. هەر هەموویان بەدوای ئامانج و خواستەکانیاندا وێڵن، هەندێ وێڵی سامانن و هەندێ وێڵی خۆشەویستی و هەندێ دەسەلات و شکۆمەندی کەسێتی یان بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان. بەڵام هەر هەموویان لەکۆتایی ژیانیاندا یەک پرسیاری ساکار ئەکەن ئەویش ئەوەیە کەئەڵێن:

(ئاخۆ کارەکە ئەوەی ئەهێنا).

ڕەخنەگری ناودار-جینگبو-لەڕۆمانەکە ئەدوی و ئەڵی: ڕۆمانی-بەبێ وشە-بەگۆڕانێکی رادیکاڵیانە، دائەنرێ لەچاوکارەکانی پێشووی زانگ جییدا، بەم داستانە بەڕاستی گەیشتە تەمەنی کاملبوون وەکو ڕۆمانووسێك.

لەمەنشووریاوە بۆ دروستکردنی نامێ

ڕێگەی زانگ جیی، ڕێگەیەکی دوورودرێژبوو لەسەفەری گەیشتنیدا بەم سەرکەوتنەی ئێستای و جێگیربوونی ئەو هێمنییەی-ساڵی ۱۹۳۷ لەوشوێنەی پێیان ئەوت-مەنشوریا-لەدایکبووە کەئێستا پێی دەوترێ ناوچەی-لیاوینگ-ی چینی. ساڵەکانی سەرەتای تەمەنی بەهەڵاتوویی بەسەربرد لەگەڵ دایکیدا، لەترسی سوپای ئیمپراتۆری ژاپۆن، دایکیشی لەنەوەی خێزانی شاهانەی مەنشوریا بوو، بەڵام جەنگە بەردەوامەکانی چین و بزوتنەوەی یاخیبوونی زۆر وایکرد دووچاری هەژاری و نەداری بێ پێش پەلاماردانەکەی ژاپۆن بووبە مامۆستای سەرەتایی هەرخۆی بەتەنیا چاودێری بەخێوکردنی کچەکەی گرتبووە ئەستۆ لەڕووداوو کارەساتەکاندا، یەکەمجار بەرەو باکوری خۆرهەڵاتی فڕاند بۆ ناوچەی شانکسی شاخاوی هەژار ئەمە پێش ئەوەی لەناوچەی-هێنان-لەخواروی ناوەڕاست جێگیربن.

زانگ جیی قوتابییەکی لەتەمەنی خۆی پتر پێگەیشتووبوو، ئیرادەی بەهێزو تێکۆشەربوو، دایکی سووربوو لەسەر فێرکردنی کچەکەی، وای لێکردبوو هەموو کتێبەکانی گۆرانی-چینی کلاسیك تێبگات و ئەو شیعرە نایابانەی لەسایەی هەردوو مەلەکەتی تانگ ۶۱۸-۹۰۷ و سونگ ۹۶۰-۱۲۷۹. بڵاوبوونەوە زۆر بەباشی تێ بگات و هەرسی بکات. بەڵام ئەم زیاتر ئەدەبی خۆرئاوا مایەی سەرنج راکێشانی بوو.

سەرجەم کارەکانی ڕۆماننووسە روسەکانی وەك تۆلستۆی دۆستۆیڤسکی و بۆنین بەباشی خوێندەوەو نووسەری گاڵتەجاڕی ئەمریکی-مارك تۆین-ی زۆر لاپەسەندبوو. زانگ جیی ئەڵێ خوێندنەوەی ئەو ئەدەبانە ئەو بەهایانەیان فێرکردو پێ بەخشی کەتا ئێستاش بەرگریان لێدەکات، هەروەها ئەڵێ (لەسەردەمی شۆڕشە ڕۆشنبیریەکانی نێوان ساڵانی ۱۹۶۶-۱۹۷۹ ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرتبووم کەئەو ڕۆمان و ئەدەبیاتە بەشێوەیەکی قوڵ ژەهراویان کردووم. بەنهێنی پیرۆزباییم لەخۆم کردو وتم: ئەگەر من یەك دەنکە خەردەل هەستو سۆزی مرۆڤایەتیم تێدا نەماوەو من لەم دنیایەدا بەوە بەرزنەبوومەتەوە کەخەڵکی دی پێشێل بکەمو کەسانی دی بەکار ناهێنم بۆ خۆبردنەپێشەوە، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو (بیروبۆچوونە ئینسانیەی)لەو ئەدەبانەدا هەیە.

کاتێ زانگ جیی تەمەنی ۱۸ ساڵ بوو لە-زانکۆی گەل وەرگیرا- کەئاستێکی بەرزی هەیە لەپەکین، لەگەڵ حەزو ئارەزوی بۆ ئەدەب بەڵام لەلایەن زانکۆکەوە ناوی بۆخوێندنی ئابووری دەرچوو. لەبەرئەوەی ئابووری خوێندنێکی بەکەڵك تره.

زانگ جیی لەو بارەیەوە ئەڵێ: تائێستاش پەشیمانی دەکێشم بەلەکیس چوونی ئەو خوێندنەی بواڕێکی مرۆڤایەتی فراوان دەگرێتە خۆی. بەردەوامی

جیی لەسەر جەخت کردن بۆ پسپۆڕی لەبری خوێندنی هەمەلایەنەو جۆراوجۆر یەکێکە لەخەوشە سەرەکیەکانی رژێمی هاوچەرخمان.

پاش دەرچوونی ساڵی١٩٦٠زانگ لەوەزارەتی پیشەسازی ئامێرەکان لەپەکین لەبەشی ئامار دامەزرا. دایکیشی هێنایە لای خۆی لەپایتەختی چین پێکەوە دەژیان-پاشان شووی کرد بەهاوپیشەیەکی خۆی‌و تاقانە کچەکەی تانگ دی ساڵی١٩٦٣لەدایکبوو.

دوای ئەوە چین بۆ ماوەی (١٥)ساڵ بەگشتی لەزریانی رۆداوە سیاسییە یەك لەدوای یەکەکاندا نقوم بوو زانگ جیی ئەوکاتانەی بەپەژارەوە یاد ئەکەوێتەوە وئەڵێ: هێرش لەدوای هێرش بوو کە ناتوانم بیانژمێرم.

لەساڵی١٩٦٨دا زانگ جیی نێردرا بۆکارکردن لەکێڵگەی یەکێ لەزیندانەکان لەناوچەی جیانگزی لەباشووری خۆرئاوا لەدووری هەزاران کیلۆمەتر لەخێزانەکەیەوە لەپەکین.

زانگ جیی لەبارەی ئەو ئەزموونەوە بەهەندێ ترس‌و بیمەوە ئەڵێ: چاودێری بەخێوکردنی بەرازم ئەکردو لەکێڵگەی برنجدا (مەرەزە)کارم ئەکرد کەئاو ئەگەیشتەلای سەرووی قاچم، هەموو هۆش‌و بیرم لای ئەوەبوو کەبەزیندویی بمێنمەوە.

بەڵام لەو هەموو گیروگرفتە جەستەییانە سەختترو دژوارترو ئەوەبوو ماوەی چوار ساڵ لەتەنیا کچەکەی‌و دایکی دووربوو کەهەردووکیان هەموو خۆشەویستی جیهانی ئەو بوون. کاتێ زریانە سیاسیەکان کەمێك هێور بوونەوە زانگ جیی گەڕایەوە بەخێزانە بچکۆلەکەی شادبۆوە. کارە حکومیەکەی خۆی لەپەکین دەستپێکردوە.

خۆشەویستی نابێ لەبیر بکرێ

پاش کۆچی دوایی رابەری ناوداری چین ماوتسی تۆنگ ساڵی ١٩٧٦، دینگ چیاوپینگ دەسەڵاتی گرتەدەست بەڵێنی هێنانەدی چاکسازیی لیبرالی‌دا. ئەوکاتە زانگ جیی دووبارە کەوتە سەر کەڵکەڵەی خواستە ئەدەبیەکانی پێشووی. هەر لەوکاتەدا رۆمانێکی کورتی نووسی بەناوی-خۆشەویستی نابێ لەبیر بکرێ-ساڵی١٩٧٩. ئەم رۆمانە باسی چیرۆکی خۆشەویستی ژنێك ئەکات کە لەنیوەی تەمەنیدایە رۆماننووس خۆیەتی ئەکەوێتە خۆشەویستییەکی ماڵوێرانکەری یەك لایەنە لەگەڵ پیاوێکی ژنداردا و لەئەنجامی سزاکێشانی دایکیدا کە ئەو ژنە عاشقە نائومێد ئەبێ ئەکەوێتە بەرەنگاریکردنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی لەمەڕ شەڕکردن- لەکۆمەڵگەی نوێدا بۆیە بڕیاریدا هەرگیز شوونەکات بێگوێدانە فشاری کۆمەڵگەو قایل نەبوونی بەم حاڵەتە.

هەندێ لەو لێپرسراوە رۆشنبیرە (ماویانەی)کە مابوون رەخنەیان لەو رۆمانەی زانگ گرت کە لەبەرئەوەی بەبیروڕای ئەوان رەوشتی سۆسیالیستی تێکدەدات‌و هانی خۆشەویستی ئەدات لەدەرەوەی چوارچێوەی ژن‌ومێردایەتیدا. بەڵام ئەم رۆمانە کورتە جەماوەرێکی یەکجار زۆری لەگەنجەکان هەبوو، هەروەها خەڵاتی- کتێبی نەتەوەیی رەسەنی پێبەخشرا لەئەنجامی ئەمەدا زانگ جیی وازی لەکارە ئابورییەکەی هێنا بۆ ئەوەی نووسین بکاتە پیشەی هەمیشەیی خۆی.

ساڵی١٩٨٠ رۆمانی -باڵە قورسەکانی- بڵاوکردەوە ئەوکات زۆریان پیادا هەڵدا، چونکە بەیەکەم رۆمانی سیاسی چینی دانرا. باسی سەرەکی ئەم رۆمانە کێشەی نوێکردنەوەی ئابوریی چین بوو. هەروەها بیروباوەڕە تونەکانی زانگ جیی تێدا رەنگی دابۆوەو لەبارەی بەها تاکەکەسی‌و سەرپشك کردنیەوە باوەڕی وابوو کە چاکسازیی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی پێویستە هاوشانی چاکسازیی ئابووریی بێت کەسایەتیە رۆشنبیرە پارێزگارەکان رەخنەیان لەم رۆمانەی زانگ گرت بەوەی کە دژی حزب‌و دژی سۆسیالیزمە. زانگ جیی کە ئەو کاردانەوانەی

جۆرە رەخنانەدا، من بـڕوام بـە نموونـەی بـاڵای کۆمۆنیزم هەیـە، بـەڵام رۆمانەکـەم رەخنـە لەڕێگـەی بـەکارهێنانی (ئایدیۆلوجیـا) دەگـرێ بـۆ داپۆشـینی کردە فیودالیە بۆگەنـەکان. تائـەمڕۆش ئـەو کێشـەیە بەردەوامە.

رۆمانی (کەشتی) کە ساڵی ١٩٨١ دەرچووە، بـاس لەچیرۆکی سێ ژن دەکات کە خاوەن پیشەی بەرزن و لـەمێردەکانیان جیابوونەتـەوە، رۆمانەکـە باسـی تێکۆشانی ئەو ژنانە دەکات بۆ مانـەوە، کاتی خـۆی ئەم رۆمانە پەسەندکراو پیاهەڵدرا لەبەرئەوەی یەکەم رۆمانە کە چیرۆکی ژنی چینی دەگێڕێتەوە.

بەڵام زانـگ جیـی ئـەم پۆلینکردنـە رەتدەکاتـەوەو بەشێوازێکی سـەربەخۆ دەڵـێ: مـن خـۆم بـەژنێك دادەنێـم کـە لەبزوتنـەوەی ژنانـدا کـار ناکـات بـەڵکو رۆمانەکـەم بـەرەنگاریی هـەموو سـتەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

زانگ جیی بەدرێژایی ماوەی هەشتاکان لەبەرهەمدا چـالاکـو بزێوبـوو زنجیرەیـەك رۆمـانی سـەرکەوتووی بڵاوکـردەوە کـە بوونەمایـەی سـەرکەوتنو ناوبـانگی ئەدەبیو مـاددیی لەسـەر ئاستی چـینو دەرەوەدا، ئەمەش وایکرد کە بەهەموولایەکی جیهاندا بگەڕێ بـۆ کۆکردنەوەی نرخی سەرکەوتنەکانی لەهەشتاکاندا.

ژووریکم بدەرێ ئەدەبت بدەمێ

لەگـەڵ سـەرکەوتنی زانـگ جیـیو ناوبانگەکـەیدا، کـەچی تائێسـتا ژیـانی ژنـە نووسـەرێکی زۆر سـادەو ساکار ئـەژی، بـەیانیان زۆر زوو لەخـەو هەڵدەسـتێو فنجانێك قـاوەی گـەرم ئەخواتـەوە (ئـەم نەریتـەی لەگەشتەکەی بۆ ئەورووپا وەرگرتووە)، نانێکی برژاوی گەرم ئەخوات کە خۆی لەگەنم دروستی ئەکات، ئینجا دەست ئـەکات بەنووسـین هـەتا نیـوەڕۆ، نیـوەڕۆ واز لەنووسین دێنێ بۆ نان خواردنو پاشـان سـەرخەوێك دەشکێنێ. ئینجا لەعەسردا ئەچێتەوە سـەر نووسـین هـەتا سـەرەتای شـەو، بـەڵام شـەوەکانی بەخوێندنـەوەی رۆژنامـەکانو سـەیرکردنی پۆستەکانیو سەردانی هاوڕێکـانی بەسـەر دەبـاتو پێش نیوەشەو ئەخەوێ بۆ ئەوەی بـۆ رۆژێکـی نوێـی نووسین ئامادەبێت، زانـگ جیـی خـۆی دانـی بـەوەدا ناوە کە ئەڵێ:

(کـە بەشـی یەکـەمی رۆمـانی بـێ وشـەم تـەواوکرد دەسـتم بـەگریانکرد کارەکـە لـەوە ئـەچوو مانڵـاوایی لەهاوڕێیـەکی دێرینـو ئـازیزت بکـەیت)، زانـگ جیـی لـەتوندترین لایـەنگرانی ئـەو فکرەیـە کـە ژنەجـار ئەدرێتە پاڵ نووسەر ڤیرجینا وۆلف، کە ئەڵێ: دەبـێ ژن ژووری تایبەتی خۆی هەبێ لەگـەڵ دەسـکەوتێکی گونجاو بۆ ئەوەی لەئـەدەبدا ئـەفراندن بـەدی بێنـێ، بـەڵام زانـگ جیـی ئـەڵێ: پـارەو کـات دوو مـەرجی پێویستن بۆ ئەدەبی ژنان، هەروەها دەڵێ: پێویسـتە ئـەم دوو مەرجـە پلـەی یەکـەمی بدرێتـێ لەلایـەن کۆمەڵگـەوە، مرۆڤایـەتی سـوودێکی گـەلێ مـەزنی دەستگیر ئەبێ ئەگەر بێتو ژنـان بـەکردەوە نیـوەی ئاسمان رابگرن.

گوڵەوەچنی

چیرۆکی/زانگ جیی

ئـەو کچـە گوندنشـینە کێیـە کـە شـتێ دەربـارەی کۆکردنـەوەی گوڵەگـەنم نازانـێ! رێمبـەدەن چـیرۆکی سەردەمێکی کۆن کۆنتان، بۆ بگێڕمەوە واتان لێبکات کـەبڵێن وەرزی گوڵـەوەچنی لەهـەموو کاتـەکان پـتر ئەندێشەی کچانی تێدا پاراوو بەبڕشت ئەبێ.

لەسـاتەکانی بەرەبـەیانێکی زووداً، لـەژێر سـێبەری مانگـێ کـە لەئاوابوونداینـەو ئـەو ئەسـتێرانەی ئەدرەوشێنەوە، ئەبێ ئەو کچەی سـەبەتەیەکی لـەبن دەسـتایەو بـەدرێژی رێـرەوە بـەرزەکانی کێڵگـەکاندا بۆکۆکردنەوەی گوڵەگەنم دەچێ، بیر لەچی بکاتەوە؟

ئەو دەمەی تەمێکی تەنک لەسەر کێڵگەکان سەما دەکاو، مانگ بەبێ دەنگ دووبارە هەڵدێتەوە، وەکو ئەوەی لەدزە خەوێك بێدار بووبێتەوە، ئەو کچەی سەبەتەیەکی پڕ لەگوڵەگەنمی بەدەستەوەیەو ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بیر لەچی بکاتەوە؟ ئەبێ بیر لەچی بکاتەوە جگەلەوە؟. ئەگەر لەوەوپێشتر بەشێك نەبووبێ لەو ژیانە ئەوە هەرگیز نازانێ ئەو خەونانە چین کەئەشێ ئەم گوڵەگەنمانەی لەکێڵگەکاندا پەرشوبڵاون، بیانهێنێتەکایەوە.

یەك بینە دائە نەوێتەوەو بەبێ ماندووبوون خەریکی کۆکردنەوەی ئەو گوڵەگەنمانەیە کەپەرشوبڵاوبوونەتەوە. پاشان گەنمەکە ئەفرۆشێ پارە پاشەکەوت ئەکا، لەڕۆژی بازاردا ئەچێ بۆ بازارو قوماشێکی لۆکەی گوڵ ڕەنگ ئەکرێ لەگەڵ دەزووی ڕەنگاوڕەنگ پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ئەیبڕێ ئەیدورێ، ئەیچنێ هیچ کەس نەیدیوە جوانترین بەرگی خۆی بپۆشێ، بەڵام ڕۆژی گوێزانەوەکەی ئەم گەنجینەی دروومانە ئەخاتە نێوکەلو پەلی جیازییەکەیەوە. هەروەکو چۆن هەموو کچانی دیکەش وادەکەن گەرچی کەس نەیدیون کەئەوان لەسەر ئەوە پێکبێن.

بەڵام ئەو خەونانەی کەلەکاتی گوڵەوەچنیدا ئەیان بینی، جگەلەخەون چیدی نەبوون. ساڵەکان تێدەپەڕن و کچەکان لەساویلکەیی خۆیان ئەگەیشتن. ئەو پیاوانەی شووپان پێدەکردن چەند جیاوازبوون لەپیاوانی خەونەکانیان، لەکاتی گوڵەوەچنی و دروومان و چنیندا ڕێگایان بەخۆیان ئەدا کەزۆر زەلیلانەو بەپەلە شوبکەن. فریا نەئەکەوتن جلە تازەکانیان لەبەربکەن و پێڵاوە نوێکانیان لەپێبکەن کەئەو خۆشی و تاموچێژەی لەدروستکردنی جلەکانیاندا ئەیاندی، هەڵدەفڕی ئینجا چی؟ کەس ئاخێکیان بۆ هەڵناکێشێ، کەسیش هاو سۆزی خەونە لەدەست چووەکانیان نییە، تەنانەت خۆشیان مل نادەن بۆخەم و پەژارەیەکی زۆر. لەخراپترین حاڵەتدا جگە لەخەونێکی جوان هیچی دیان لەکیس نەچووە، کێ هەیە ئەوەندە گێل بێت دەست بەخەونەوە بگرێت؟

کاتێ تەمەنم گەیشتە ئەوەی بەتەنیا بێمو بچمو وڕاکە راکە بکەم، ئەتبینیم بۆ گوڵەوەچنی دوای خوشکە گەورەکەم کەوتووم. منیش سەبەتەیەکم کردبوو بەقۆڵمدا. سەبەتەکە هەمیشە گەورەبوو بۆم، لەقاچوقولم ئەئاڵا یان بەسەر زەویدا ئەخشا. زۆرجار ئەبووە هۆی هەڵکەوتنم.

بەدەگمەن سەبەتەکەم پڕ ئەکرد یان ئەوە کەگوڵەگەنمەکانی لە کێڵگەدا کەوتبوون نەم ئەدین، یان زیکزیکەو پەپولەکان هۆشیان ئەبردم. هەندێ جار تەنانەت ئەو گوڵەگەنمانەی ناوسەبەتەکەشم لێ ئەکەوت کاتێ بەدوای پەپولەکاندا رام ئەکرد. ڕۆژێك یەکێ لەپورەکانم ئەو گوڵەگەنمەی بینی لەسەبەتەکەمدا لێی پرسیم: ئۆی دیانی کچە بچکۆلەکەشمان گوڵەگەنم کۆئەکاتەوە؟ ئێستابە پورت نالێی ئەم گەنمە بۆچی کۆئەکەیتەوە؟

پرسیارەکەی هیچ تێکی نەدام وتم: بۆ جیازیەکەم. پورم بەگاڵتە پێکردنەوە پێکەنی و چاوی لەدووژن لەو ژنانەی لێمان کۆبووبونەوە داگرت و ئینجا وتی شوئەکەی بەکێ؟ ئا، شووبەکێ ئەکەم؟ چەند چرکەیە بیرم کردەوە ئینجا لەپڕ ئەوپیرەمێردەم بیرکەوتەوە کەحەڵوا ئەفرۆشێ وتم: شووئەکەم بەوپیرەمێردەی حەڵوا دەفرۆشێ. هەموو دایانە قاقای پێکەنین، دەنگیان هەر لەقیڕەی قازئەچوو، بەچی پێئەکەنن؟ ئەوە زۆرتووڕەی کردم. چ هەڵەیەك لەشووکردن بەپیرەمێردی حەڵوافرۆشدا هەیە؟ ئایا ئەو لەوە باشترە کەمن بهێنێ حەڵوافرۆشەکە تەمەنی چەندبوو؟ ئەوەم نەئەزانی لۆچەکانی ناوچەوانی لەملاولەولای برۆکانیەوە کۆدەبوونەوە ئینجائەهاتە خوارەوە ئەم لاولای روومەتی هەتا لەهەردوو گۆشەی لای دەمیا دیار نەئەمان. ئەم لۆچانە سیمایەکی ڕووخۆشیان پێدەبەخشی. کاتێ کەبەڕێدا ئەڕۆی

داریکی سەنگداری لەسەر هەردووشانی دائەنا کەلوپەلەکەی پێ هەڵدەگرت.

سەرە رووتاوەکەی وەکو کوولەکە ئەبریسکایەوە. ئەو قژە سپیە درێژەی لەپشتی سەریەوە بڵاوبووبۆوە لەگەڵ هەموو جوڵەیەکی لەشیدا ئەجولایەوە بەتایبەتی کەلەسەر ریتمی دارە سەنگدارەکەی سەرشانی دەرۆی. هێندەی نەبرد ئەم قسەیەم بەگوێی پیرەمێرد گەیشت. رۆژێکیان بەخۆی‌و کەلوپەلەکەیەوە هات بۆدێکەمان، چاوی پێم کەوت پێکەنی وتی: کەواتە ئەتەوەێ شووم پێبکەی؟

-بەڵێ

پێکەنی، چەند تاڵە قژە سپیەکەی پشتی سەرەکوولەکەییەکەشی جوڵایەوە.

-ئێستا بۆ ئەتەوێ شووم پێبکەی؟

-ئەمەوێ حەڵوا بخۆم.

سەبیلەکەی دەرهێناو کێشایی بەپاژنەی پێڵاوەکەیداو وتی:

-باشە، بەڵام تۆ زۆر منااڵی.

-چاوەڕێبە تاگەورە ئەبم

دەستی هێنا بەسەرماو وتی:

-من لەژێر خاکدا ئەبم تا تۆ گەورەئەبی.

تووشی نیگەرانی بووم، ئەگەر مرد من چی بکەم؟

برۆکانم لەقتیس ماویدا هاتنەوەیەک.

پارچەیەک حەڵوای خستە دەستمەوە. پێکەنیم‌و وتم:

-مەڕۆو مەمرە چاوەڕێم بە تاگەورەئەبم.

زەردەخەنەیەک گرتی‌و وتی:

-باشە چاوەڕێت ئەکەم تاگەورەئەبی.

-لەکوێ ئەژیت؟

-ئەم دارەی سەرهەردوو شانم‌و ئەو دوو سەبەتەیەی هەردوولای ماڵەکەمە بۆ هەر کوێیان بردم ئەوە ماڵو نیشتمانمە.

ئیتر لەدوای ئەوەوە هەرچەندە بەدێکەماندا تێپەڕیبا دیاریەکی بچووکی بۆ دەهێنام جا حەڵوا بوایە یان کاڵەک یان مشتێ خورما. بەگاڵتەوە ئەیووت:

-ئەمە بۆ ژنە بچکۆلەکەم.

منیش لەلای خۆمەوە لاسایی گەورەکچەکانم ئەکردەوە وام لەدایکم کرد کە پارچەیەک قوماشی لۆکەم بۆ ببڕی تاکیسەی تووتنی لێدروست بکەم، هەروەها وام لێ کرد وێنەی گوڵی لەسەربکێشێ بۆم. چەندڕۆژێ خەریکی دروومان‌و چنین بووم، پاشان کیسەی تووتنەکەم تەواوبوو، دایکم هەرکەدی دایە قاقای پێکەنین وتی لەپارچەجگەری بەراز ئەچێ نەک لەکیسەی تووتن بەاڵم من داوام لەدایکم کرد کەبۆم هەڵبگرێ پێموت کەشووم کرد بە دیاری ئەیدەم بەمێردەکەم، ساڵ لەدوای ساڵ گەورەبووم‌و گەیشتمە تەمەنی گوڵەوەچنی. ئەوسا زانیم چۆن خۆم کردووە بەگاڵتەجارِ بەوقسە منااڵنەیەم. پیرەمێردی حەڵوافرۆش ماوەیەک بوو وازی هێنابوو لەوەی گاڵتەم لەگەڵ بکات، لەبارەی ئەوەوە کەمن دەزگیرانی ئەوم، بەاڵم هەر دیاری بچوکی بۆ ئەهێنام. ئەمزانی کەبەڕاستی هۆگرم بووە منیش هۆگری بووم هەرچەند بەدێکەماندا رەت بوایە ئەچووم بۆ بەڕێ کردنی. دوای ئەوەی ماڵئاواییمان لەیەک ئەکرد لەسەر لوتکەی ئەو بەرزاییە ئەوەستام‌و تەماشام ئەکرد تابەرە بەرە دوورئەکەوتەوە‌و لەنێوان گردۆڵکەکاندا ون دەبوو ساڵ لەدوای ساڵ پتر چەمینەوەی پشتیم بەدی دەکرد لەژێردارەکەدا کەلەسەر شانەکانی هەڵی ئەگرت. ئیتر ئێستا بەتەواوی مەترسیم لەئەگەری مردنی پەیداکردووە.

رۆژێك پێش هەشتەم فیستیڤاڵی مانگی دوانزەهەم پێشبینیم دەکرد هاوڕێ پیرەمێردەکەم لەگەشتەکەیدا بێت بۆ دێکەمان. لەسەرلوتکەی گردەکە لەژێر دار (برسیمون)ە کەدا وەستام‌و

تەماشای رێگەکەم ئەکرد لەدۆڵەکەی خوارو خۆمەوە، چاوەڕێی دەرکەوتنی بووم.

بەبەرزترین لقو پۆپی درەختی (برسیمون)ەکۆنەکەوە تەنیابەرو دوابەر مابۆوە، لەژێر تیشکی خۆری زستاندا بەبریسکەی چڕی سوور ئەبریسکایەوە، رەنگە لەبەر بەرزیەکەی کەس بۆی لێ نەکرابێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا سەیر ئەوەبووکە با نەیخستبووە خوارەوە هەروەها بەفرو بارانیش نەیان وەراندبوو.

یەکێ دەرکەوت داریکی لەسەر شان بوو لەڕێگەکەی خوارەوە کەنزیك ئەکەوتەوە رێکی و سەنگینی هەردوو سەبەتەکەی ئەم لاولای دارەکەم بەدی ئەکرد. بەڵام فرۆشیارە پیرەمێردەکە نەبوو. سڵاوم لەکابرای نامۆکردو هەواڵی هاوڕێ پیرەمێردەکەم لێ پرسی زانیم کەمردووە لەژێر درەختی بریسمونەکەدا وەستام و سەرنجی بەرە بچووکە تەنیاکەم ئەدا سووریە گڕدارەکەی دیمەنێکی دڵخۆشکەری هەبوو بەڵام بۆ حەڵوافرۆشە پیرەکە گریام ئەو نامۆیەی زۆر هۆگرم بوو.

لەوەدوا، لەهۆی ئەمەم پرسی لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەرئەوەی من منااڵێکی بچوکی نەفام بووم حەزم لەحەڵوا بوو. لەگەڵ کەمیی ئەو کەسانەی خۆشیان ئەوێم بەهۆی رووخسارە ناشرینەکەمەوە. کەگەورەبووم نەمتوانی هەرگیز ئەوەم لەبیربچێتەوە کە جگە لەدایکم هەرگیز کەس خۆشی نەویستووم ئەو نەبێ بەو هەموو هۆگرییەوەو بەوکەم بایەخیەوە ئێستاش زۆرجار بیری لێ ئەکەمەوە.

هەوڵمدا کەکیسە تووتنەکە بدۆزمەوە کەلە پارچەی جگەری بەراز ئەچوو بەڵام نازانم چی لێ هات.



الاتحاد الاماراتی

٢٠٠١/٩/١٤

کتێبێکی ١٣٨ لاپەڕەیی عبدالعزیز بومسهولییە، ساڵی ٩٩٨ لە ئەفریقیا الشرق بڵاوکراوەتەوە.

تیایدا نووسەر خوێندنەوەیەکی هێرمۆنتیکی بۆ شیعری ئەدۆنیس کردووە کە لەچەند بەشێك پێکهاتووە، جگە لەوە گفتوگۆیەکی ئەدۆنیسی لەخۆگرتووە کە نووسەری کتێبەکە لەگەڵیدا سازیداوە.

من لەم ناساندنەدا مەبەستمە زیاتر روناکی بخەمە سەر گفتوگۆکە.

* * *

نووسەری کتێبی (شیعرو تەئویل) گرنگی پرۆژەی ئەدۆنیسی لەدووخاڵدا کۆدەکاتەوە:

یەکەم: رزگاربوون لەدەسەڵاتی کلتور–نەك کلتور خۆی وەك بەرهەمهێنانێکی داهێنەر– هەروەها رزگاربوون لەو رەها میتافیزیکییەی کە لەنموونەیەکی ئامادەدا بەرجەستە بووەو یاسای عەمووییی شیعری (بۆ موحاکاتو دووبارە بەرهەمهێنانەوە) سەپاندووە.

لەلایەکی دیکەوە ئەدۆنیس شیعرییەتێکی کراوەی لەفەزای ئازادیدا دروستکردووەو ئەزموونگەری وەك کردەیەکی شیعری پیادەکردووە کە ڕێگا بۆ دنیایەکی دینامیکی بەردەوام جوڵاو خۆشدەکاتو کۆتاییەکانی بێسنوورن.

دووەم: بەرهەمهێنانی شیعرییەتێك کە نەك تەنها دەمامكو هێماو ئاماژە بەرهەم دەهێنێ، بەڵکو دەسکەوتێکی دیکەی دەخاتە سەر کە ئەویش پیادەکردنی تەئویلە.

بێگومان دەشێ هەموو دەقێکی شیعریی تەئویل بکرێ، بەمانا مل کەچە بۆ تەئویل کردن، بەڵام لای ئەدۆنیس خودی شیعر تەئویلکەرو تەئویلکراویشە.

ئەدۆنیس موغامەرەی خوێندنەوە (بەمانا سەرتاپاگیرییەکەی بۆ خودو شوێنو کلتورو مێژوو) دەستپێدەکات، تا لەوێوە بچێتە نێو ڕێگاکانی تێگەیشتنی قوواڵی (بوون)ەوە.

ئەم تێگەیشتنە بەمانای داواکردنی یەقین نیە، وەك لای فەیلەسوفەکانی عەقڵ دەبینرێت، بەڵکو هەموو یەقینێك دەکاتە بابەتی پرسیاری زمان، لەبەر ئەوە تەئویل دەبێتە بناغەی پەیوەندی لەنێوان بوونەوەرو بووندا.

لەم کتێبەدا (شیعرو تەئویل) زیاتر قسە لەسەر دوو بەرهەمی سەرەکی لەپرۆژەی ئەدۆنیسی کراوە کە ئەوانیش (ابجدیة ثانیة والکتاب)ن، چونکە تیایاندا گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا (بەو سیفەتەی کە زمانێکی دەلالەتکەرە لەسەر بوون) هێنراوەتەوە، تیایاندا

شیعرو تەئویل

خوێندنەوەیەک بۆ شیعری ئەدۆنیس

محمد کوردۆ

شاعیر گوێ لەوشتانە دەگرێت کەوتراون، پاشان، سەرلەنوێ تەئویلیان دەکات. خوێندنەوەی ئەدۆنیس بۆ مێژوو، خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی نیە بۆ کلتور، وەك لای (الجابری)و (تیزینی)و (مروة)و (حنفي)و خەڵکی دیکە دەبینرێت. ئەو پرسیارانەی ئەدۆنیس دەیانخاتە روو بەدوای هێڵی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو رووداوانەی مێژوودا ناگەڕێن کە عەقڵیەتی یەقین/ دەسەڵات نووسیونیەوە، ئەو رووداوانەی کردەوەیان بۆ نموونەیەکی بێجووڵەو رووداویان بۆ وێنەیەك‌و یەك مانا گۆڕیووەو پاشان پیرۆزییان لەخۆگرتووە، بەو جۆرە زۆر رووداویان بێ تەفسیر هێشتۆتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەندێکیان بەبیانووی ئەوەی دەستدانن لەپیرۆزی‌و شەرعیەتی سیاسی‌و ئایینی بێدەنگییان لێکراوە، کاری سەرەکی شاعیر دروستکردنەوەی ئەو گوتارە لەبیرکراوانەیە کە کردەوەکانی سڕینەوە وێرانیان کردوون‌و چینە کەڵەکە بووەکانی لەبیرچوونەوەش دایانپۆشیوون.

لای ئەدۆنیس مێژوو لەخۆیدا گۆڕەپانێکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو دەبێتە شتێکی قابیل بۆ بڕینی شیعریی.

*

لەگفتوگۆکەدا کە لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆکرد ئەدۆنیس لەوەڵامی پرسیارێکدا: "ئایا شیعر لەکێشەدا نیە؟" دەڵێت:-

بەدڵنیاییەوە لەئاستی بڵاوبوونەوەو خوێندنەوەدا شیعر رووبەڕووی کێشە دەبێتەوە بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی شیعریی نیە، بەڵکو ئەمە کێشەی خوێنەرو خوێندنەوەیە، ئەمە کێشەیەکی روناکبیری گشتییە، شیعر کێشەی نیە چونکە خۆی یەکەمین کێشەیە، شیعر بناغەی یەکەمە کەتیایداو لەڕێگای ئەوەوە بەپشت بەست بەو (بوون)و پەیوەندیمان بەبوونەوە دەبینین.

بەتایبەت کاتێك زانستەکان توانای پرسیارکردنیان نامێنێ‌و نازانن چی دەربارەی جیهان‌و کێشە خودییەکانی مرۆڤ بڵێن، شیعر دێتەگۆ.

شیعر (بەهەمان شێوەی خۆشەویستی) بەردەوام ئیستاتیکای بوونمان بۆ ئاشکرا ناکات، بەڵکو مەعریفیەتی ئەم بوونەمان بۆ ئاشکرا دەکات، لەبەر ئەوەلەهەندێك بارودۆخداشیعرلەسەرئاستی رووکەش‌و بڵاوبوونەوە زیانی بەردەکەوێت بەڵام بەردەوام لەسەر ئاستی قوڵایی‌و گشتگیری قازانج دەکات.

*

لەم ئاستەدا ناشێ داهێنان بگاتە کۆتایی، چونکە مانای ئەوە کۆتایی مرۆڤ دەگەیەنێت، کە هەبوویت وەک مرۆڤ بەمانایەک لەماناکان دەبێت داهێنەر بیت.

ئەدۆنیس دەربارەی دەقی کراوە، دەڵێت:

بەڕاستی من زیادکردنی وشەی کراوە بۆ سەر دەق بەپێویست نازانم، چونکە کاتێک دەڵێین: (دەقێکی شیعریی) ئەوە بەزەروورەت دەقێکی کراوەو فرەیە.

دەق بەردەوام شەپۆلدارە، بۆئەوەی لێی نزیک بیتەوە ناچار دەبێت خوێندنەوەی جیا جیای بۆ بکەیت.

بە بۆچوونی ئەدۆنیس پێویست دەکات چاو بەتێگەیشتنماندا بۆ (وێنە) بگێڕینەوە، وێنە راچڵەکاندنێکی زمانەوانی نیە، بەڵکو کانیەکی (وجودی، کیانی)یە، لەبەرئەوە ناشێت شیعرێکی مەزن بەبێ وێنە بوونی هەبێت، وێنە بناغەی هەموو شیعرێکی مەزنە.

بە بڕوای ئەدۆنیس ئەگەر گۆڕانکارییەکی بناغەیی لەئەزموونی شیعری عەرەبیدا هەبێت، تەنها لەپەیدابوونی قەسیدەی پەخشانو دەرچوون لەکێشی خەلیلی کۆن بەرجەستە نابێت، بەڵکو یەکەمین گۆڕانکاری راستەقینە بۆ تێگەیشتنمان لە شیعر دەگەڕێتەوە، کە بێگومان ئێمە وەک (پێشین)ی خۆمان بۆی ناڕوانین.

دووەم: گۆڕانکارییەکی دیکەی ئەوەیە کە ئێستا رێسا ئامادەکراوەکان بناغەنینو شاعیر لەوانەوە نایەت بۆ ئەوەی چی دەوێت بیڵێت، بەم مانایە پێوانەو رێسای پێشوەخت نەماوە، هەروەک چۆن شیعر نەماوە، بەڵکو شاعیرو خودێتیو ئەزموون هەیە.

سێیەم: کاتێک دەڵێین شیعری ئەمڕۆی عەرەبی، لەوێوە نایڵێین کە بوونێکی هەیە لەسەر خودی خۆی وەستاوە، بەڵکو بەپشت بەستن بەئەزموونی شاعیرگەلێکی دیاریکراو ئەو دەستەواژەیە بەکاردەهێنین، لەو ئەزموونە لێکجیاو پێکەوە بووانەوە دەڵێین شاعیرگەلێک هەن، کەواتە شاعیرو ئەزموونو خودێتی شاعیرەکە بناغەن، بە پێچەوانەی جارانەوە کە بنەماو رێساکان بناغەبوونو پاشان تەماشای شاعیر دەکرا تا چ پلەیەک لەگەڵیاندا گونجاوە، یان تا چ پلەیەک لەگەڵیاندا جیاوازە.

خاڵێکی گرنگی دی لەسەر ئاستی فۆرم ئەوەیە کە کۆی ئەزموونی شیعری عەرەبی هێڵئامێزە، وەڵێ شتێکی جیاواز بۆ نموونە لای (النفري)و (المعري)و نووسراوە سۆفیگەرییەکانو خودی (دەقی قورئانی)ش دەبینرێت.

ئەمڕۆ لای هەندێک شاعیری عەرەب هێڵئامێزی کۆتایی هاتووە، قەسیدە بووە بەعەمووديو تۆڕئامێز.

لەوەڵامی پرسیارێکی نووسەری ئەم کتێبەدا (شیعرو تەئویل) کە دەڵێت: (شاعیری چیکی سکاسیل پێی وایە: قەسیدە لە شوێنێکدا، بە شاراوەیی، بوونی هەیەو شاعیر شتێک ناکات جگە لە ئاشکراکردنی نەبێت، ئاخۆ دروست کاری سەرەکی شاعیر ئاشکراکردنە یان بنیاتنانو دروستکردن؟)

ئەدۆنیس دەڵێت:

ئەم قسانە ئەگەر لەسیاقی خۆیان داببڕێن مەبەست ناگەیەنن، پێموایە ئێمە هیچمان شتێک لەنەبوو داناهێنین، بەڵکو جیاوازیو داهێنان لەپێداگرتن لەسەر لایەنێک، بێ لایەنێکی دیکەو لەسیاق دایە.

کەسێک وەکو بابەت شتێکی تازەی نەنووسیوە، بەڵام وەک چۆن سیاقەکەی لەبیردەکرێ ئەوەش لەبیر دەکرێ کە نووسەر لەقوڵاییدا دەیڵێت، ئێمە لەسیاقو لەجیاوازی ناکۆڵینەوە.

بورخیس دەڵێت: (لەوێدا نووسەر نیە، بەڵکو یەک کتێب هەیە لەوەتەی هەین بەبەردەوام دەینووسینەوە)..

هەروەها تیۆری مردنی نووسەر هەیە: قورئان وەکو دەقێکی کتابیو نووسین (لەوێوە کە نووسینەوەی هەموو شتەکانی پێش خۆیەتی، لە سیاقێکی تازەدا)

دەقێکە نووسەری تێدانیە، هەروەها تەوراتیش کە تیایدا دەقگەلێك دەدۆزیتەوە سەرتاپا لەئەفسانەی کۆنەوە وەرگیراوە، بەڵام گرنگ سیاقەکەیەتی نەك خودی بابەتەکە.

نموونەیەکی دی: سۆفیگەری پێش ئەوەی ٢٠ ساڵێك بەر لەئێستا من قسەی لەسەر بکەم تەنها دەقگەلێکی دینی بوو، بەجۆرێك تەماشادەکرا کە کۆمەڵێك دەقی دەرونیشیەو پەیوەندی بەئەدەبەوە نیە، بەڵام دەقی سۆفیگەری ئەمڕۆ بووە بە دەقێکی ئەدەبیو لەلایەنە ئایینییەکەی بەتاڵ کراوەتەوەو چۆتە سیاقی زمانێکی شیعرییەوە، ئەمە جۆرێکە لەنووسینەوەو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بابەتێکی کۆن.

سەبارەت بەئاستی رۆمانو **شیعری عەرەبی**، ئەدۆنیس دەڵێت:

رۆمانی عەرەبی تا ئێستا بەنیسبەت **شیعرەوە** لەسەرەتاکانی یەکەمیدایەو بەهیچ **جۆرێ پێکەوە** ناپێورێن، چونکە دەسکەوتی **شیعری عەرەبی** دەسکەوتێکی گەردوونی مەزنە، **سنووری** عەرەبایەتی تێپەڕاندووە، بەڵام **پێموانیە دەسکەوتی** رۆمانمان گەشتبێتە ئەو ئاستە.

*برینی شیعریی: الاختراق الشعري.
*هێڵئامێز: الخيطية.
*تۆڕئامێز: شبكي.



ئەدۆنیس

ئەگەر نووسین بە گشتی هەوڵدانێك بێت بۆ پەیڤین لەمەڕ ئەو شتانەی وەسف ناکرێن، ئەوا دەشێ شیعر وێناندنی رووداو گەلێك بێت لە رێژنەی داڕژانی ئەو پەیڤانەدا کە بە پێی ئەزموونی تایبەتی هەندێ لە شاعیران، خۆبەخۆ و بێ هیچ زۆر لە خۆکردنێك، فەزا سپییەکان دەڕەنگێنن. بە ئاراستە و مانایەکی دیکە، دەشێ شیعر زادەی تێهزرین و رامانە قوڵەکانی شاعیر بێ بۆ جیهان و دەوروبەر و شکڵپێگرتنی زەمەن بێت لە پرۆسەی گواستنەوەی وێنەکان و داڕژتنەوەی زمانی لە ئەزموونی هەستەکاندا.

خولقاندنی جیهانی پڕ ئەفسوونی شیعر و کەرەسە پێویستییەکانی بونیاتنانی بۆ شاعیر و کلیلی کردنەوەی دەرگاکان و دۆزینەوەی کۆدەکانی کەشفکردنی ئەم دنیا سیحرئامێزە بۆ رەخنەگریان خوێنەری شیعرویست، نە ئیلهامی خوداییە و نە کاری سەرنجێگرتنی سەرپێیی. شاعیر بۆ گوزارشتکردن لە وێنەیەکی ئەفرێندراوی زەینی خۆی، دەشێ سەمەندەرئاسا هەزاران جار لە حاڵەتی نائاگایی و زیندەخەوندا، بسووتێ و بژێتەوە. بە ڕاگوزەر هەڵوەستەکردن لە لێواری زەریای قوواڵی تێکستێکی لێوانلێو لە شیعر و تابلۆیەکی پڕ دەلالەت لە ڕەنگ و بۆن، جووڵە و سەما، کڵپەسەندنی رۆح و دامرکانەوە، پاشانیش ژیانەوە و هەڵچوون و فڕین لە فەزا پڕ سیحرەکانی نێوان تیشك و تاریکایی، نە دەستانمان پڕ لە دوڕی قوڵاییەکان دەبن و نە بینایی هەستمان لە ڕەنگاڵەی وردەماسییە بزێوەکانی ناخی پەیڤەکان سەر ڕێژ!.

من لە یەکەم خوێندنەوەمدا بۆ ((هەموو رازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕان))ی فەرهادشاکەلیی شاعیر و خاوەن سی و ئەوەندە ساڵ ئەزموونی نووسین و شیعر نوسین، تووشی ئەم داوی ئاسۆیی تێڕوانینە هاتم و لە کۆتایی گەشتە تیژڕەکەمدا، بە هەگبەی نیوەبەتاڵەوە گەڕامەوە و ئەو سیحرەی چاوەڕێی بووم، مەستی نەکردم.

ئەگەر پرۆسەی شیعر نووسین و داهێنانی ئەدەبی لەسەر پاشخانی جیهانبینییەکی فرەڕەهەند و پێویستییە مەعریفییەکان بێنە ئەفراندن و شوێنکات و فەزا ڕۆحی و دەروونییە هەژاوەکانیان گەرەك بێ، ئەوا دیارە خوێندنەوەشیان ئامادەییەکی زەینی و ڕۆحی لە خۆێنەر دەخوازن و جێگا و سەروەختی

دەرەختێك لە تیشك...

زمانێك لە زەریا!

پشکۆ نەجمەدین/

ئەنجامدانی کارەکەش رۆڵی گرنگ دەگێڕن.

لە دووبارە خوێندنەوەمدا بە مەبەستی هەوڵدان بۆ گەیشتن لە (رازی ئاشکرا) و هەڵزنان بە شوورەی (ئاشکرای لە نێو راز) شاراوەدا، تا لەوێدا لە ئەفسوونەکانی ئەم تابلۆ سۆفیستانەی شاعیر رامێنم کە هێڵکارییەکانی دەچنەوە نێو دنیای ((ئایەتی ١١٦ی سوورەتی ئەلمائیدە))ی قورئان و پێشتریش کردوویەتییە کلیلی داخستنی شیعری (سەرشار) لە کۆمەڵەشیعری(نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم))، داخستنێك تەنیا بە وەدەستهێنانی کۆدەکانی جیهانی سۆفیگەری دەکرێتەوە.....

((چۆنت ببینمەوە
کە رۆژگاری هەور و تەم و زریانە،
چۆن ئەم نهێنە بشارمەوە
لە هەرلایەك دوودڵی و گومانە.
هەموو رازی من ئاشکرایە و
هەموو ئاشکرای تۆ راز -١-
ئازوگوێز و جێگۆڕکێ پێکردنی ئەم دەربڕینە شیعرییە و ئەوەی کە دوو خەسڵەت و دوو کاری جیاوازی لە دوو کۆمەڵە شیعردا پێ بەخشراوە((لەئەویاندا داخستن و لە ئەمیاندا کردنەوەی دەق))، کاری رێکەوت و لە خۆڕا نییە. ئەمە گەمەکردنێکی سەرچڵانەیە، ئەزموون و هۆشیارییەکی لە پشتەوەیە کە خودی ناونیشانەکە دەخاتە بازنەی داهێنان لە هونەری هەڵبژاردنی ناونیشاندا و بە چەندین داوەدەزووی بینراو و نە بینراویشەوە بە دنیای ناوەوەی شیعرەکانەوەی پەیوەست دەکات.

کە بۆ یەکەمجار دەچیتە میوانیی مانێك و لە چاوەڕوانیی کردنەوەی دەرگادا وەستاویت، دەشێ فۆڕم و ڕەنگی دەرگەکە وێنەیەکت لە شێوازی ڕێکخستن و بۆن و بەرامەی نێومانێت لە خەیاڵدا بۆ دروست بکات. ناونیشان لە شیعردا، رێك رۆڵی نەخش و هێڵکارییەکانی ئەو دەرگایەمان بۆ دەگێڕێ. هەندێ دەروازە هەن، پێچەوانەی وێناکردنەکانی ئێمە، رۆڵی دێوجامە وازی دەکەن. واتە بە مەستی لە ئامێزمان دەگرن و لە کۆتاییدا نائومێد و دەستبەتاڵ، وەدەرمان دەنێن!.

سەرلەبەری ناونیشانی شیعرەکانی ((هەموو رازی من...))، ئەو کەمەندەتیشکانەن کە نیگای


هایدگەر

خوێنەریان لێ دەرباز نابێ و بۆ قولایی کێشی دەکەن....

((گزنگ لەگەڵ هەناسەتا دەکەوتە لەرینەوە))، وێنەیەکی سوریالییە بۆ ناونیشانی یەکەم پەخشانە شیعری ((هەموو رازی..)) کە لە دەستپێکی خۆیدا بە ((بۆنی چەپکێ خەمی ئەرخەوانی)) یەوە، باوەشمان بۆ دەگرێتەوە و لەگەڵ خۆیدا لە ولاتەوە بۆ خەڵوەتخانەکانی مەنفامان دێنێتەوە. ((چەپکێ خەم)) تا لە تاریکایی تەنهاییدا بیکەینە ((مۆم))و لەبەر تروسکەیدا، ((ئایەتەکانی ئەشق)) بخوێنین، ئەشق بە هەموو گەورەییو رەهەندە بێسنوورەکانیەوە. لەم شیعرەدا، شاکەلی پێچەوانەی چاوەڕوانیی باوی خوێنەر، لە بەهەشتەوە، بە خۆی و خەمە جوان و بۆندارەکانییەوە بۆ دۆزەخ دەگەڕێتەوە، پاشان بە هێمنی و دوای دەوورکردنەوەی (ئایەتەکانی ئەشق)، دڵی دەداتە دەست پیری مەیخانەی ئەشقێکی خودایی تا لە (کوپەی کۆنەشەرابێکی هەڵکێشێ) و لە هەر گەردێکی دنیای پاك بکاتەوە و بەو خاوێنییە، بە باڵی هەورینی بیرەوەریەکانی بۆ بەهەشتێکی تەم لێپێچراو بفڕێتەوە، بەهەشتێك هەزاران ڕەنگ و ڕووخساری هەیە و شاعیر لە سەرەتادا تەنیا خەسڵەتێکی بە ئێمە دەناسێنێ، ئەویش (کوێرەدێیەکی تەماوی، کوێرەدێی سالانی منداڵی..) یە و سیما ئاڵووالاکانی دیکەی ئەو بەهەشتە کە لە ژێر پێستی پەیڤەکاندا پەنهانن، بە فەنتازیای ئێمە دەسپێرێ. ئێمە کە بە چاوی خەیاڵ سەرگەرمی تێڕامانی ڕەنگەکانی ئەو بەهەشتە و پەیبردنین بە نهێنەکانی منداڵی، شاعیر بە فلاشباك هەموو ئەو وێنە سیحراوییانەمان بۆ زیندوو دەکاتەوە کە توانستی فەنتازیای ئێمە دەرکیان ناکات....

(ئەو ڕۆژانە پڕ بوون لە دەنگ و ڕەنگ و بۆن. زەوی لە بەرپێتا دەبوو بە تووڵەڕێی مێرگێکی هەورێشمین، ئاسمان بەسەر سەرتەوە پووڵەکەی ئەستێرەی زەردوسووری دادەباراند. وەك لاولاوێکی سپی بە گژ باڵاخانەی شیعرەکانمان دەچووی..). -٢-

شاکەلی، لە هونەری نووسینی پەخشانە شیعردا زمانێك دەخولقێنێ، وەختە سنووری نێوان شیعر و پەخشان بسڕێتەوە. لێرەدا و لەسەرجەمی شیعرەکانی دیکەشدا، زمان نەك هەر کەرەستەی دەربڕین و گوزارشت لە خۆکردنێکی ئەبستراکت و ڕاستەوخۆ نییە، بگرە فەزایەکی ڕەنگاوڕەنگە بۆ تەقینەوەی پەیڤ و ڕووداوەکان.

شیعرییەتی شیعرەکان،زرێبارئاسا لە خۆیاندا هەڵدەقوڵێن و دەڕژێنەوە نێو خۆیان. بۆ چێژکردنی شیعر تۆناتوانیت لە پەراوێزەوە لەزەتێ وەرگریت، گەرەکە لە بنەوانەوە جۆگەلەی لێ هەڵبەستیت.

شیعر چڕترین ژانری نووسینە. لە مالی شیعردا هیچ کەرەستە و ئاتاژێکی ناپێویست جێگای نابێتەوە، ئەگەر جوان و بەڕەونەقیش بن. نووسین چەند پرۆسەیەکی بەردەوام بێ. دەبێ هەڵگرتن و لە بیرنگدان بەردەوامتر بن. لە شیعر نووسیندا، دەبێ ئەم پرۆسەی چڕکردنەوەیە بەجێگایەك بگات، بەقسەی "برگیتا لیلپێرس" ((تەنیا ئەو شتانە بنووسرێن کە دەبێ بنوسرێن!)) - ٣ -

فەرهاد لەم بوارەدا ڕەنجێکی " فەرهاد ئاسا" ی کێشاوە و هێندە ماندووە، کریستەر ئێریکسۆن گوتەنی وا پێدەچێ ((لە نووسیندا خۆی فێرەمردن بکات)) - ٤ - .....

((چنگت پڕە لە ڕووناکایی و لێوت دارستانی بۆن و بەرامەی بەیانیانە،
کێ بێ لەم زیندانە نووتەکەدا
خەونی چۆڕێ تیشك و
خەونی دڵۆپێ گوڵاوم بۆ لێك بداتەوە ! !)). - ٥ -

شیعری قوولێ نەك تەمومژراوی، لە حاڵەتی ڕۆحەژان و چرکەساتەکانی نائاگاییدا لەدایك دەبێ. بەڵام داخۆ شاعیر لەو دۆخی هەژان و فێڵێهاتنەدا، کۆنترۆڵی میکانیزمی ئەفراندنی وێنەکانی پێدەکرێت



فەرهاد شاکەلی

و زمانێکی بە دڵخوازراوی بۆ گواستنەوەیان پێ دەدۆزرێتەوە، یان ئەوە ریتم و مۆسیقای وێنەشیعرییەکانن کەڕێشمەی ئەسپی زمان دەگرن و پاشتریش فۆرم و ستیلی تایبەت بە خۆیانی تێدا دیاری دەکەن؟!.

ئەرێ شاعیر پاش ئەوەی لەو سەفەرە پڕ ئەفسوونەی زەریای نەست دەگەڕێتەوەو لە بەستێنی ئارامی هۆش و ئاگاییدا بنەدەخات و بارگەی لێ دەکاتەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ گەنجینەی دەقدا دەکات. ئەم پرۆسەی لە بێژنگدان و مشتومالکردنەی دەق، کاری ئەم سەروەختەیە.

تاکستیلی لە شیعردا، فەنتازیا زیندانیدەکات و توانستی داهێنان دەکوژێ. ناکرێت شاعیر لە دەستپێکی ئەزموونی شیعریی خۆیەوە تاکۆتایی بەیەك ستیل بنووسێت. ستیلی خۆبوون بە مانای خۆدەنگی و خۆبوونی شاعیر نایەت. شاعیری بالادەست و بەئەزموون، دەکارێت لە ستیلە جیاوازەکانی شیعردا هەمان دەنگی رەسەنی تایبەت بەخۆی بپارێزێت. ستیل سەروکاری لەگەڵ هونەری رستەسازی و دەربڕینە شیعرییەکاندا هەیە و ئەمانیش پابەندی ریتم و مۆسیقای وێنەکانن، ساتێ بۆ نێو زمان دەگوێزرێتەوە. رووباری شیعری فەرهاد، لە " پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی" یەوە سەرچاوە دەگرێ و بە تونێلێکی سی سالانی درێژدا دەڕژێتە زەریاچەی "هەموو رازی من ئاشکرایە...." ئەو لەم گەشتە درێژەی نووسیندا، چەندین ستیلی جیاوازی بۆ شیعر تاقیکردووەتەوەو لە کۆیداو کام ستیل شوێن پێی ترپەی دڵی وشەکان کەوتووە، ئەویان سەرکەوتووترە ! بەڵام لە هەر هەموویاندا دەنگێك هەیە کە دەنگی خودی فەرهادە لە دەنگی کەسی دی ناچێ! ئەوی بەزیندوویی دەمێنێتەوە ستیل نییە، بەڵکو شیعرییەتی دەقە کە لە کانیی رۆحی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ!...

((گیانی گیانان، خۆ تۆچرای دنیا و دینی تۆ شارەزای مەیخانەی شاری ئەوینی بەپشکۆیەك تاریکخانەی زستانی رۆح داگیرسێنە...))

یان

((وام دەزانی رۆژێ پێکەوە دەرسی ژیان دەخوێنین،
کەچی دەتەوێ فێری مەرگم بکەیت...))

یەکێ لە خەمە گەورەکانی شیعر لە کلاسیزمەوە هەتا پۆستمۆدێرنیزم، تێهزرینە لە نهێنی بوون و فەنابوون. واتە تێڕامان لە سیحری هەڵسووڕانی گەردوون و چارەنووسی مرۆڤ و خەون و خولیاکانی لە میانەی وروژاندنی پرسە فەلسەفییەکان و کەشفکردنی ئەو پرسیارانەی کە پێویستە بکرێن و هیچ وەڵامێکی موتڵەقیش هەڵناگرن. شاعیرێ پڕ ئەزموون و رۆشنبیرییەکی قوڵ و تێگەیشتنێکی فراوانی لە هونەری شیعر خولقاندنداە نەبێ، شیعر بە

فەلسەفە بارگران دەکات و ئەرکەکانی شیعر و فەلسەفەی لێ دەشێوێن، هونەری ئێستاتیکا و تەلاری جوانکارییەکانی شیعربە پاڵتۆی فەلسەفە دادەپۆشێت. قەسیدەی لێوانلێو لە نێوی "هایدگەر" و نێو ئاخنکراو بە بیرۆکەکانی ، زیاتر لە کاریکاتۆری فەلسەفە دەچێت نەک شیعری فەلسەفی. هیچی لە فەلسەفەی " نیهیلیزم"ی نیتشەی نەزانیوە حەزرەتی مەحوی کە فەرموویەتی:

((تاسەر نەبۆتە گۆ، دە لە دنیادە تۆ شەقێ
هەر ئەم شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لە هیچ)). ـ٦ـ

یان چ بیرێکی قوواڵی فەلسەفەی " هیچگەرایی" بە زمانێکی سادە دەربڕیوە " حەمدی " کە گوتوویەتی:

((ئەحوالّی ئەم زەمانە لە کایەی منالّ ئەچێ
دنیایەکی چ پوچە لە زەرفی بەتالّ ئەچێ)). ـ ٧ـ

هێڵە تروسکەدارەکانی فەلسەفەی سۆفیگەرایی، بەزمانێکی تیشکبارەوە لە پانتاییە تاریك "٨" و روناکەکانیکۆمەڵە شیعری" هەموو رازی من" دا دەدرەوشێنن....

((لە کوێ بۆ رزگاریی رۆح بگەڕێم؟
داستانی دیلێتیی دەروونم چۆن بدۆزمەوە ؟
بێدەنگیی بەرد لە کتێبی رازەکاندا دەخوێنمەوەو
دەمێ کە ڕۆژ دەبێتەوە
گوێ بۆشیوەنی شەو رادەگرم)).

یان

((ئەگەر ڕۆژێ گەیشتمە ئاستانەی دیدارت
پرسیاری تاریکایی و روناکاییم لێ مەکە
من تەنیا هەر باسی سووتان دەزانم)).

تاریکایی و روناکایی، دوو تێرم یان دوو " دنیا"ن کە پانتاییەکی بەرچاوی ئەم کۆمەڵە شیعرەیان تەنیوەو بوونەتە دوو دیوی بینراو و نەبینراوی رۆحی شاعیر. تاریکایی مەودایەکە لە پشت" روناکایی"یەوە خۆی مەلاّس داوە و چاوەڕێیە. هەر بۆیە ئێمە لە کەرنەڤاڵی تیشکبارانیشدا، بیرمان لای تاریکییە. ئێمە کەلە بەردەم ئاوێنەیەکدا بۆ بینینی ڕووخساری خۆمان دەوەستین، ئاوێنەکە لە ڕێگای تیشکی بەرەواژی ڕووخسارمانەوە، تەنیا کۆپییەکمان دەداتێ، نەك خودی ڕووخسارمان. بۆیە هەندێ جار دەشێلە پشتی تیشك و ئاوێنەوە بۆ خودە ڕەسەنەکەی خۆمان بگەڕێین کەلە تاریکیدا لێمان دەڕوانێ! یان لە مەزری نێوان تاریکایی و ڕووناکاییدا، بێ ئەوەی ئەم بەجێبێڵین و بەپرچی خەڵووزینی ئەو خۆمان داپۆشین، تەنیا زمانی سووتان فێرببین .

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. فەرهاد شاکەلی، نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم،١٩٩٤.

٢. فەرهاد شاکەلی، هەموو رازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆراز، چاپخانەی ئاپێك، ستۆکهۆڵم،٢٠٠١.

3) Författare i80_ Tallet, Gun:- ژنە شاعیری ناسراوی سویدی،بڕوانە

1958-?,Birgitta Lillpers_ Nerson Bjőrn, Stocklolm, land, Symposion Bokförlag och Tryckari AB, 1988.

٤. ؟Christer Eriksson، ١٩٤٣- شاعیر و ڕۆمانتووسی سویدی، سەرچاوەی پێشوو.

٥. فەرهادشاکەلی، هەموو رازی من...

٦. دیوانی مەحوی.

٧. دیوانی حەمدی ساحێبقران.

٨. وشەی" تاریك"م لێرەدا، بەمانای نادیار و شاراوە بەکارهێناوە، نەبە مانای نێگێتیڤە باوەکەی.

ستۆکهۆڵم
٢٠٠١/٧/٢

ئەم کۆڕەی چاپکراوە، وەڵامی کۆڕێکی کاك (مەریوانی وریا قانع)ە، کە چوار رۆژ پێش ئەم کۆڕە، بەستبوی. لە نوسینەوە و چاپکردنی کۆڕەکەدا، هەندێ گرفتی داڕشتن و زمانەوانی، لەگەڵ رەوانی دێڕ و پەرەگراف بۆ چاپکردن، هەبون. بۆیە بە پێویستمان زانی لە هەندێ شوێندا، رستەکان داڕێژینەوە. پەرەگرافەکان دیاری بکەین. خاڵبەندی بابەتەکە بکێشین، جارجارە پێویستی کردووە لە هەندێ شوێندا وشە و دێڕی دوپاتکراوە بقرتێنین، لە هەندێ شوێنی دیکەشدا، دێڕەکان داڕێژینەوە و گەر پێویستیشی کردبێ، وشە و دێڕیشمان زیادکردووە، بەهەمان ناوەرۆك و ئاراستەوە.

هۆی چاپکردنی کۆڕەکەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کاك (مەریوان) لە دوا ژمارەی (رەهەند)دا، بەهەمان هەناسەی کۆڕەکەی، گوتارێکی لەسەر کتێبەکە بڵاوکردۆتەوە. ئێستا هەر هێندەمان پێباشبوو بە چاپکردنی کۆڕی (هەڵە و بەهەڵەبردنی خەڵك) وەڵام بدەینەوە. با بزانین ئەم سوربونە لەسەر رەتکردنەوەی هەموو بیروڕا و رەخنەیەك، دواسەرەنجام چیتری لێدێتەبەرهەم. دوا حوکمیش بۆ خوێنەری هوشیار دەمێنێتەوە.

م . ب

هەڵە و بەهەڵەنەبردنی خەڵك

کۆڕێك بۆ بەڕێز کاك مەلا بەختیار

هۆڵی رۆشنبیری
٢٠٠١/٥/١٢

رونکردنەوەیەك

خوشك و برایانی ئازیز!

ئێـوارەی ئـازادی و دیالۆگتـان بـاش، پڕبـەدڵ بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەم، هیوادارم وەکو چەند رۆژێك لەمەوبەر گوێتان لە ئێوارە کۆڕێکی برای بەڕێز و خۆشەویستم (کاك مەریوان ی وریـا قـانع) گرتبـوو. ئەم ئێوارەیەش گوێ لە وەڵامەکانی ئێمە بگـرن و لـە ویژدانـی خۆتـاندا، لـە ئاستی رووناکبـیریی، دەرکـی فەلسـەفی، دەرکـی سیاسـی و دەرکـی مێژوویـی خۆتـان، بـەراوردێکی مەنتقـەکان، بـەراوردێکی بۆچوونـەکان، بـەراوردی دەربڕینـەکان، بـەراوردی هەڵسەنگاندنی بیروڕای یـەکتر بکـەن، دوا بڕیار و دوا هەڵسـەنگاندن بـۆ یەکەیەکـەی ئێـوە ئەمێنێتـەوە؛ بـەهیوای ئـەوەی کۆڕەکـەی کـاك مـەریوان و ئەمـەی منیش هەمووی لە خزمەتکردنی پێشخستنی کۆمەڵ و بەدیـهێنانی زیـاتری دیموکراسـی و تێگەیشـتنی جوانتری ئازادی، هەموو ئازادییەکان بێت، بە ئـازادی ئەقڵ و بە ئازادی جەستە و بە ئازادی هۆشیشەوە.

بێگومان یەکێك لە هەرە کەموکوڕییەکانی مێژووی رووناکبیریی ئێمە، نەبوونی دیالۆگ و نەبوونی ئازادی بووە، ئەم نەبوونی دیالۆگ و ئازادییـە وایکردووە تـا ئێستاش نەزانین سنورەکانی ئازادی بەرامبەر بەیـەك چیـیە و خراپ مامەڵە لەگەڵ ئازادی یەکتر، بۆچوونی یەکتر، سیاسەیتی یەکتر، باوەڕی یەکتر، بەرنامەکانی یەکتریش بکـەین. هەربۆیـە هـەموو ئـەو کۆڕانـە، ئـەو نوسینانە، ئەو گۆڤارانە، هـەموو ئـەو رۆژنامانـە، کـە دەیانخوێنینـەوە، ئـەو بابەتانـەی لـە تەلـەفزیۆن و رادیۆکان پێشکەش دەکرێن، هیچیان بـێ کـەموکوڕی نین و هیچیان بـێ لاوازیـی پرەنسیپی ئـازادی نـین و بەشێکی زۆریشیان، لەراستیدا، غـەدر لـە ئـازادی دەکەن و غەدر لە بۆچوونە جیاوازەکان دەکەن.

ئەمە هەمووی ئۆبالێکە لەسەر هەموومان. ئەوانـەی بەتـەنگ ئازادییـەوەن، بەتـەنگ دیموکراسـییەوەن، بەتەنگ چارەنوسـی گەلەکەمانـەوەن، هـەموو ئەوانـە ئۆبـاڵن لەسـەرمان کـە وردە وردە باشـتر لەیـەك تێبگەین و سنورەکانی ئازادی یەکتر باشتر بزانین و هەریەکەیش ئەرکەکانی خۆمـان بەرامبـەر بەیـەکتر، بەرامبەر بـە مێـژوو، بـە کۆمـەڵ، بەرامبـەر بـە تـاکی کۆمەڵ، باش پیادەبکەین، بـەهیوای ئـەوەی سـاڵانی ئایندە، دەهەکانی ئایندە، نەتەوەی کوردیـش وەکـو یـەکێك لـە نەتـەوە هـەرە بێبەشـکراوەکان لـە دیموکراسـی و ئـازادی، باشتر ئاشنای ئـازادی بـین، زیـاتر رۆبچینـە دنیـای دیموکراسـی و پـتر رێـز لـە بیروباوەڕی یەکتر بگرین.

کۆڕەکەی کاك مەریوانی وریا قانع لەسەر کتێبێکـی مـن بـوو کـە (٤٣٦) لاپەڕەیـە، کۆڕەکـە بەهـەمووی ئەوەندەی من ژماردم باسی (٣٠) لاپـەڕەی کتێبەکـەی نـەکرد، واتـە نزیکـەی ٤٠٦ لاپـەڕەی لـە کتێبەکـە فەرامۆش کرد (٤٠٦) لاپەڕە کتێب، کتێبێکی پـڕ لـە رەخنە، پڕ لە بیروباوەڕ، پڕ لە باس، پڕ لە مێژوو، لە راستیا ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە کـاك مـەریوان تەنـها لەسەدا کەمێکی کتێبەکـەی منـی هەڵسـەندگاندووە و بەرامبەر بە هەموو بۆچوونەکانی تر، کە لـە کتێبەکـە لـە (٤٠٠) لاپـەڕە زیـاترە، بیروڕایـەکی دەرنـەبڕیوە، کـەوابێ بـە هیـچ شـێوەیەك ناکرێ قسـەکانی کـاك مـەریوان بـە پێوانـەی هەڵسـەنگاندنی سـەرجەم کتێبەکـە حسـابی بـۆ بکـرێ، تەنـها حساب بـۆ ئـەو لاپەڕانە ئەکرێ کە ئەو قسەی لەسەر کـردووە. پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتی باسەکەشم، حەز ئەکـەم دوو تێبینی بڵێم:

-تێبینیەکیان لەسەر برادەرێتی من و خودی کاك مەریوانە.

-تێبینیەکەی تریشم لەسەر ئەو قسەیەیە کە کاك مەریوان لەسەر مـن وەکـو فیکـر قسـەی هەیـە، نـەك

وەکو سیاسیەك. گوایە رێزێکی گەورەی بۆ رەوتی سیاسی من هەیە.

لەم دوو تێبینیەم لەسەر ئەم دوو شتەوە، هیوادارم دەرگاکان بکەمەوە بۆئەوەی بتوانم قسە لەسەر قسەکانی بکەم.

کاك مەریوانم لە ساڵی (١٩٨١) ەوە ناسی، لە ژیانی پێشمەرگایەتی رۆژگار وایلێهات من بە پێمشەرگەیی بمێنمەوە و ئەو نەمیێنێتەوە. دوراودور برادەرێتیمان، هەر مایەوە و رێزی نێوانمان تێك نەچوو. دوای راپەڕین بینیم ئەو برادەرێتیەی شاخ لەنێوانمانا بەتین تر بوو، ئەوەی کرابێ بۆ پاراستنی رێزی مرۆڤێکی نوسەر لەلای من وەکو تۆزێك دەسەلاتم لەناو هێزێکی سیاسی هەیە، درێخیم نەکردووە بەرامبەری، نە لێرە درێخیم کردووە بەرامبەری، نە کە لە دەرەوەی ولات بووم، هەر جارێ هاتبێتیشەوە بۆ کوردستان ئەرکی برادەرێتیم بەرامبەری جێبەجێ کردووە. واتە بیست ساڵی رەبەق برادەری یەکترین، تا ئێستا رێزی یەکترمان پاراستووە و برادەرێتی نێوانمان لەکەی لێنەنیشتووە.

چ خۆی چ هاوڕێ هەرە نزیکەکانی کاك مەریوان، کاتێ قسەیان لەگەڵ من کردووە، وتویانە ئێمە بۆیە هاوڕێی تۆین، بۆیە رێزی تۆ ئەگرین، بۆیە هەموو جارێ کە دێینەوە ئەمانەوێ تۆ ببینین، چونکە تەنها سیاسی نیت، بەڵکو ئەوەندەی بایەخت بە رووناکبیریی و ئازادی و بە رەخنە و بە تێکەڵاوبوون بە بزوتنەوەی کلتوری گەلەکەمان هەبووە، ئەوەندە تاقەتی سیاسەتت نیە. سیاسیەکی حیزبی وشك نیت. منیش سوپاسم کردوون هەمیشە بەڵێنم داونەتێ یەکە یەکە، پرۆژەکەشیان کە رەهەندە، ئەوەی بە من بکرێ خزمەتیان بکەم، ئەوەی بە من بکرێ کۆسپ و تەگەرەیان لەبەردەما لابەم، درێخی نەکەم و نەشمکردووە و ئێستەش نایکەم، ئێستاش کە جارێ هیچ قسەیەکم نەکردووە، ئەمەوێ بڵێم سەرەڕای ئەوەی کە تێبینیەکی زۆرم لەسەر قسەکانی کاك مەریوان هەیە، رەخنەیەکی زۆرم لەسەر رەخنەکانی هەیە، کە کۆڕەکە تەواوئەبێ، یەك زەڕە کەسایەتی کاك مەریوان و خۆشەویستیی خۆیو هاوڕێکانی لەلای من کەم نابنەوە، ئەوەی پێم بکرێ دوای کۆڕەکە، لە دەرەوە حەز دەکەم دەعوەتیکەم و دانیشین بەخۆشیەوە ئەم دوو ئەزمونەی من و ئەو، بخەینە ناو خانەکانی مێژووی پێشخستنی دیموکراسی و ئازادییەوە.

سەبارەت بەوەی کە ئەو رێز لە مێژووی سیاسی من و ئەو ماندووبوونە ئەگرێ کە لە مێژووی پێشمەرگایەتی و خەباتی سیاسیا هەمە و جیاشم ئەکاتەوە لە فیکر.. هەڵبەتە من ئەمەم قبوڵ نیە، قبوڵم نیە لەبەر چەندین هۆ؛ یەکێك لە هۆیە هەرە گرنگەکانی هەڵەیەکی ئێجگار گەورەیە، هەڵەیەکی مەعریفی، هەڵەیەکی فەلسەفی، هەڵەیەکی سیاسی و تیۆری ئێجگار گەورەیە، سیاسەت لە فیکر و سیاسەت لە رووناکبیریی جیابکرێنەوە، ناکرێ ئەو دوو شتە تەڵاق بدرێن، نالێم کاك مەریوان نایزانێ، ئەزانێ سیاسەت و فیکر چەند پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان هەیە، ئەزانێ فەلسەفە و فیکر چەند پەیوەندییەکی ئۆرگانیکییان هەیە، ئەزانێ مەسەلە تیۆرییەکان و مەسەلە فەلسەفییەکانی سیاسەت چەند پەیوەندییەکی ئۆرگانیکییان هەیە، بەڵام کاك مەریوان وەکو یەکێك لەوانەی کە باوەڕی بە کۆمەڵێ قەناعەتی فەلسەفی جیا، لەم قەناعەتە ئۆرگانیکیە و لەم پەیوەندییە ئۆرگانیکیەی نێوان سیاسەت و باقی بواڕەکانی مەعریفە هەیە، بۆیە قسەیەکی ئاوا ئەکا سیاسەت و فەلسەفە و فیکر لەیەکتر تەڵاق بدا. کە من ئەمە ناسەلمێنم، نەك هەر قبوڵم نیە، بگرە پێشم وایە سیاسیەکان وشیارترین کەسەکانی ناو کۆمەڵن و سیاسیەکان ماندووترین کەسەکانی ناو کۆمەڵن و سیاسیەکان قوربانی بەخشترین کەسەکانی ناو کۆمەڵن و لەمێژوودا سیاسەت بینای هەموو

مەعریفەجوانەکانی کـــردووە، سیاســـەت زۆربـــەی دەســتکەوتە جوانـــەکانی مرۆڤـــی بەدەســـتهێناوە، سیاســـەت چارەنوســـی دیموکراســـی، چارەنوســـی ئـازادی، چارەنوسـی سەربەســـتی، چارەنوســـی ژن، چارەنوســـی پێشـــکەوتن و چارەنوســـی هـــەموگۆڕانکاریـیـەکانی ئـابووری و کۆمەلایـەتی و زهنـی و مەزهەبی و هەموو شتەکانی پێوەبەستراوە.*

پێش ئەوەی ئەم جۆرە بیروڕایانە کە تازە تازە لـە کوردســتاندا ســەریانهەڵداوە، لـە جـــەنگی یەکـــەم بـــەدواوە، تایبـــەت لـــە جـــەنگی دووەم بـــەدواوە پەیدابووبن، کەم فەیلەسوف هەیـە توانیبێتی وا بـەو راشکاوییە قسـە لەسـەر تـەڵاقدانی فیکـر و فەلسـەفە بکا، هیچ فەلسەفەیەکیش لە فەلسەفەکان نەیتوانیوە ئەو تەڵاقە حەڵاڵ بکا. ئێستەش ئەو فیکرانەی کە لـە پـــەراوێزی فەلســـەفە و فیکـــردا ئەجوڵێنـــەوە و دەیانەوێ سیاسەت و فکر لێك جوێبکەنەوە، ناتوانن ببن بە حەقیقەتێکی بابـەتی، تەنـها بۆچوونێکـن لـە بۆچونـەکان، ڕێزێکـی زۆریشـمان بـۆ ئـەو بۆچوونـە هەیە..

شەرمکردن لە نوسینی کتێبێك

خوشك و برایان!

کاك مـەریوان لـە کۆڕەکـەیدا ئـەم شـتانەی بـە مـن گوت:

-زۆر تونـد ئـەبم بەرامبـەر ئـەو کـاک مـــەلا بەختیارە کە بەبێلایەنگیر دەستی بـرد بـۆ هـەموو قوتابخانە فیکرییەکان.

یانی پێشەکی لـە مـاڵی خۆیـەوە، لەوکاتـەوەی لـە خاریج هاتووە، هەتا گەڕاوەتەوە بۆ لامان، بڕیاریداوە کە تونـد بێ بەرامبەر مەلا بەختیار. سبقی ئیسراری لەگـەڵ ئـــەم بڕیـــارە، ســـبقی ئیســـراری مەعریفـــەی لەگەڵە، ئەمە یەك؛ دوو بفەرمون بزانن ئەم قسەیە لـە نوکتە ئەچێ کە مەریوان گوتویەتی، قسەکانی من لە نوکتە لەچێ:

- مـەلا بەختیار ناوی خۆی ناوە مـەلا بـەختیار کەچی دەڵێ کورد سەرکەوتووە بەسەر ئیسلامدا.

ســەیرکەن بـۆ کـوێ ئـــەڕوا، وەڵامـــی ئەمـــەش ئەدەمەوە [1] بێگومان.. قسەیەکی تـری لـە قسـەکانی ئەڵێ:

- قسـەی سـەرجادە و قسـەی نـاو برادەرانـە قسەکانی.

دیسان ئەڵێ:

- قسـەی ناو دیوەخان و قسـەی سە رمـێزی نادییەکانە.. قسەکانی..

دیسان ئەڵێ:

- قسـەی دیوەخـان و قسـەی نـاو برادەرانـە قسەکانی.. فرێ بەسەر مەعریفەوە نییە..

دیسان ئەڵێ:

- رێـزی هـەبێ بـۆ بەرامبەرەکـەی بەمشـێوە هەڵانە نانووسێ کە نوسیویەتی..

دیسان ئەڵێ:

- ئەمە بێقیمـەتکردنی فەلسـەفە و مەنتقـە، لـە نەگبەتی کـوردە کـاک مـەلا بـەختیار ئـەم قسـانە ئەکا..

---

* گەر خوێنەر دیقەت بدا، من دەڵێم: سیاسەت ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی لـە مێـژوودا هـەبووە. نـەك دەسـەڵات. چونکـە سیاسـەت و حیزبایـەتی و.. دەسـەڵات، چـەمکی جیاوازیـان هەیـە. هیـچ شـتێك لـە سیاسـەت جیاناکرێتـەوە. سیاسـەت لـەناو هـەموو مەسـەلەیەکی تایبـــەتی و گشـتیدا، دوور لـە دەسەڵات و حیزبایەتیش هەیە. ئەمە جگەلـەوەی، حـیزب و حیزبایـەتی، تەنانـەت پەرلـەمان و ژیـانی پەرلـــەمانیش، بەشێکن لە ئۆرگانە مەدەنیەکان.

[1] من لە گەرمەی قسەکاندا، بیرم چووە باسی (مەلا)یەتی خۆم رونبکەمـەوە. نـاوی (مـەلا) شـەهید ئـازاد هـەورامی، لـەو هەفتەیەدا کە بڕیاری شۆڕش و چونەدەرەوەمان، مانگی (٧ / ١٩٧٦) دا، ئـەو نـاوەی بـۆ پێشـنیاز کـردم. پێشـتریش نـاوی نـهێنی (بـەختیار) لەلایـەن شـەهید (بـەکر دارتـاش)ەوە، کـە موختەفی بوم لە مالّیاندا، بەناوی خوشکەزایەکی خۆیەوە، بۆ هەڵبژاردم.

دیسان ئەڵێ:

- ئەگەر کاک مەلا بەختیار ئەیەوێ قسە لە فیکر بکا، با بچێ بخوێنێ، با وەکو ئێمە بخوێنێ، با وەکو ئێمە فێربێ..

دیسان ئەڵێ:

- من وەکو کوردێک شەرم ئەکەم مەلا بەختیار لەم سەردەمەدا ئەم کتێبەی نوسیوە..!!

لە وەڵامی ئەما ئەڵێم: هیچ شەرمم نەکردووە گوێم لە کاک مەریوان گرتووە و پێشم وایە مەریوان کوڕێکی رووناکبیرە.. کوڕێکی بەتوانایە و هەموو ئەو شتانە وتوویەتی بەشەرم و عەیبیشی نازانم بۆ کورد.

پرۆسەی گەشەکردنی گەلێك، پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکاری مەنتق و فیکر لەناو گەلێك، بە پاکژی لە ئاسمانەوە نایەتەخوارەوە بۆمان؛ وەکو قارچك لە زەمینەوە بۆمان هەڵناتۆقێ؛ ئەزموونەکانی ژیان فێرمان ئەکا چۆن پێشکەوین و چۆن مەنتقیتر بین، و چۆن دەرس و پەند لە یەکتر وەربگرین؛ هیچ میللەتێك لەدنیادا لەخۆڕا نەبووە بە میللەتێکی پڕ لە مەعریفە، و میللەتێکی پڕ لە فەلسەفە، بۆیە بەش بە حاڵی خۆم، بەپێچەوانەی هەموو ئەو قسانە گوێم لە کاك مەریوان گرت، لە ڤیدیۆ، تێبینیەکانی خۆم نوسیوە و یەك زەڕەش لە کەسێتی کاك مەریوان، لە خۆشەویستی لای من کەمینەکردۆتەوە..

قسەیەکی سەرەتای کاك مەریوان ئەڵێ:

اگفتوگۆیەکم ئەبێ لەگەڵ کاک مەلا بەختیار، من دوو مەلا بەختیار لەیەکتری جیادەکەمەوە.. یەکێکیان ئەوەیە پیاوێکی سیاسیە، یەکێکە لە ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەو پیاوەی گەنجێتی خۆی بۆ شۆڕش تەرخانکردووە و بەهیچ شێوەیەک قسە لەسەر ئەمەیان ناکەم، بەڵام زۆر تۆند ئەبم بەرامبەر ئەو مەلا بەختیارە کە بەبێ لایەنگر دەستی بۆ هەموو قوتابخانە فیکرییەکان بەرد، زۆر دڵڕەقانە بێڕەحم دەبم؛ کتێبێکی نوسیوە پڕە لە هەڵەی مەعریفی کوشندە، من قسەکانم روبەڕوی ئەو پیاوە ئەکەمەوە کە خەریکی هەڵەی مەعریفیە، و رێزێکی گەورەم هەیە کە پیاوێکی تێکۆشەری سیاسیە..!)

گوایە من بە کاك رێبین و هاوڕێکانم لە قسەیەکی تریا وتووە: کاك رێبین و هاوڕێکانی جنێوفرۆشن.. خەڵك سوك دەکەن و زمانیان زبرە و خەڵك دەشکێنن. من ئێستەش ئەیڵێم، هیوادارم کەسیان وا نەبن، نمونەشم هەیە.. کاتێك لە کۆڕەکەی فاروق رەفیق بوون هەرکەس رەخنەی لە خۆی یان لە رەهەند گرتبوو، پێیئەوت ئەحمەق و بێئەقڵ، هەڵسام وەڵامم دایەوە، هەر باش بوو وەك ئەو خەڵکە بە خۆشمی نەوت ئەحمەق و بێئەقڵ. پاشگەزبوومەوە لەوەی هەڵسام روونمکردەوە؛ هەر هێندەم پێگوترا گوتم: نابێ کاك فاروق ئاوا قسە بکەیت.

رەخنەکەی کاك رێبین لەسەر کاك غەفور صالح (١٦٣) جنێوی تیایە، جنێوی فیکری و فەلسەفیش نین، هەمووم ریزکردووە لە گوتارێکی خۆما.. (١٦٣) جنێو لە یەك گوتاردا؛ ئەگەر گوتارەکانی تر نوسەرانی رەهەند بخوێنینەوە لەسەر هێزە سیاسیەکانی کوردستان، لەسەر یەکێتیی و پارتی، لەسەر پێشمەرگە، لەسەر ئەزمونەکەمان، بە پیاوکوژ، بە هێزی میلیشیا، بە هیچ نەزان، بە کوشتنی مەعریفە، بە سەرکوتکردنی ئازادی، بە گاڵتەکردن بە منالی کورد، بە زۆر کۆچکردن بە منالی کورد، کوردستانمان کردووە بە زیندان، مەعریفەتمان لەناو کورددا نەهێشتووە، هەموو ئەو قسانەن شەخس بە شەخسیان کردوویانە.. سەروتاری رەهەند کە دەستەی نوسەرانی رەهەند نوسیبێتی، نەك یەکێك لە رەهەند، دەستەی نوسەرانی رەهەند بە ئیمزای دەستەی نوسەرانی رەهەند نوسرابێ، هەموو ئەو قسانەی تیایە..!! ئەمە جگە لەو سەرگوتارانەش کە وەکو شەخسی نوسیویانە.

هەموو ژمارەکانی رەهەند بخوێنەوە، ئەگەر یەک ژمارەتان تیادی کەمتر لەم قسانەی تیابێ، ئاوا راستە من بوختانم بۆ هەڵبەستوون.. یەک ژمارەی تیا نییە کەمتر لەم قسانەی تیابێ، حەز ئەکەن ئێستە عەرزتان ئەکەم، ژمارە (٥) ی ١٩٩٨ ی رەهەند دەستەی نوسەران نوسیویەتی ئەفەرموون:

-ئەهەڵەیەتن لە کوردستان چەند پەیوەندی بەو مژدە بەهەشتیانەوە هەیە کە رۆژئاوا وەکو بەهەشتێکی ئایدیۆلۆژی و بێگومان وەهمی نیشانەی دەرەوەی خۆی دەدات.. بەهەمان ئەندازەش وابەستەی ئەو جەهەنەمە خوێناوییەیە کە هێزە سیاسیە کوردییەکان لە هەموو قۆزبنێکی کوردستان دروستیان کردووە.. لێرە ئینسانی ئێمە کە دەستی رۆیی وێنە وەهمە بەهەشتیەکانی رۆژئاوایە لەهەمانکاتدا قوربانی ئەو بێحورمەتکردنەی ژیانە کە لە رەوشتو کار و کردەوە سیاسیە کوردەکانەوە سەرچاوە دەگرێ[٢].

هیچ جیاوازییەکی تیا نیە، هێزی سیاسیە کوردیەکان چونیەک حوکمیان لەسەر دراوە، هیچ جیاوازییەکیان تیا نیە. ئەمە یەکێکە لە نمونەکان..

نمونەی تر لەوەی؛

کوردایەتی رقێکی گەورەیە لە ژیان، کوردایەتی ئینسان ئەکوژێ، کوردایەتی خیانەتە.. خیانەتە ئەوەی سیاسەت بکا، روناکبیر بیێتە حیزبی دەبێتە پیاوی دەسەلآت..

هەروا؛

الؤمپەنن) ئەوانەی لە حیزبەکاندان.

ئەمانە هەمووی گوتاری جیاجیای یەکەیەکەی ئەندامانی دەستەی نوسەرانی رەهەندن. ئەتوانم بڵێم بەشی زۆریان ئاوا ئەنووسن.

رەخنەی کورت و درێژ

لە ساڵی ١٩٩١ و ١٩٩٢ هوە گۆڤاری ئازادی دەردەکرا. گۆڤاری ئازادی کە بەشێکی زۆری ئەندامانی دەستەی رەهەندیان تیایە (١٩٩٥) دوای ئەوە رەهەند دەردەکرێ.. ئێمە لەبەرامبەر ئەم هەموو نوسینە کە یانزە* ژمارەی رەهەند لەگەڵ چوار پێنج ژمارەی ئازادی بە هەمووی بەمجۆرە رەوشە نوسراوە، لەبەرامبەر ئەمە کەمترین وەڵاممان دابێتنەوە،یەکێك لەو وەڵامانە ئەم کتێبەی منە، ئیتر ئەم کتێبەی من کۆڵەکەی ئاسمانی روخاند، بەو شێوازە قسەمان لەسەر کرا کە هەندێکم خوێندەوە، شتی تریش نوسراوە لە کتێبە تازەکەی کاك رێبین کە بەداخەوە نەمخوێندۆتەوە تەنها (٥٢) لاپەڕەم لێخوێندۆتەوە. کە ٥٢ تێبینی کەمترم نیە لەسەری، ئینجا جگەلەوەی کە لە کۆڕ و قسەکردنی ترا قسە زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە کراوە. کاکە مەریوان دەڵێ:

-کێشەی رەخنە لای مەلا بەختیار درێژی و کورتی رەخنەیە.. لەکاتێکدا کێشەی رەخنە بریتیە لە کێشەیمەنهەج، بریتیە لەوەی سەر بە چ رەخنەیەکە؟ پەیوەندی نێوان فەلسەفە و رەخنە چیە؟ قوتابخانە رەخنەیەکان کامانەن؟ پەیوەندیی بە دەقی ئەدەبی چیە؟ وەک ئەبینن هیچ لەو پرسیارانە بێ خەیاڵ دەرنایەن، ئەوە سادەترین ئاستی قسەکردنە لەسەر رەخنە.

واتە من نە لە فەلسەفە و نە لە پەیوەندی رەخنە و مەنهەج و نە لە پەیوەندی رەخنە و فێرگە ئەدەبیەکان، هیچ تێناگەم، کێشەی من تەنها ئەوەیە کە گوایە کێشەی رەخنەی کورت و درێژ لەلای من گرنگە. کە وانیە، ئەمە قسەیەکی هەڵگێڕاوی منە —

---

[٢] ژمارە (٥) ١٩٩٨.

* لە کۆڕەکەمدا بەهەڵە گوتومە (١٥) ژمارەی رەهەند.

ئێستە ئەسڵی قسەکەی خۆمتان بۆ ئەخوێنمەوە، من دەڵێم:

(پێم وایە هێشتا رەخنەی کوردی هەناسەکورتی بەرینەداوە. دیارە لەمەودوا مەبەستەکە ئەوە نیە تەنها رەخنەی دووروردرێژ بەکەڵک دێت، نەخێر جاری وا هەیە رەخنەیەکی کورتیش کە زانستیانە دەنوسرێ ئەتوانی کاریگەربێ).

ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە ناکرێ لەبەرامبەر ئەو هەموو بیروڕا و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیە جیاوازانەدا، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا، لایەنی لێکۆڵینەوە و رەخنەی هەمەلایەنەی کوردی هەر بە فەرامۆشکراوی بمێنێتەوە، یان بە ئەرکێکی لاوەکی بزانرێ.

زۆر ئاشکرایە.. ئەڵێم لەبەرامبەر فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی و بیروباوەڕی جیاوازی ئەم سەردەمە، کە پڕ لەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایە، ناکرێ بە رەخنەی کورت بنوسین؛ وتوشمە: رەخنەی کورت ئەگەر بە زانساینە بنوسرێ کاریگەرییەکی خۆی ئەبێ.. ئەو تەنها لایەنە درێژەکەی قسەکانی منی گرتووە، و ئەیەوێ من بەوە تاوانبار بکا کە تەنها یەک لایەنی رەخنە ئەبینم و ئەویش رەخنەی درێژە، نە رەخنەی کورت، نە پەیوەندی رەخنە و مەنهەج و زانست و فەلسەفە ئەبینم.. ئەمە بەهەڵە نەقڵکردنی قسەیەکی منە، ئەمەش پێشێلکردنی ئەمانەتی زانستی رەخنەیە.

فێرگەکانی رەخنە، رەخنەی رۆمانسی.. نەهلستیەت.. لاوەکیەت.. وجودیەت.. ریالیزمی رەخنەیی و ریالیزمی سۆسیالیزم بەیەکەوە بەستووە. مەلا بەختیار لەکاتێکدا ئەمانە باس دەکا، هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیە.. دادایزم و نەهلستیەت، رەخنەی ئەدەبی و هونەرین، باقیەکەیشی رەخنەی فەلسەفی و سیاسین پەیوەندییان بەیەکەوە نیە.

من واشم نەوتووە و ئەم قسەیەشمی هەڵگێڕاوەتەوە. ئیستە قسەکەی خۆم دەخوێنمەوە کە دەڵێم:

(رەخنەی رۆمانسی ئەبینین، رەخنەسازی واقعگەرایی ئەبینین، دوای ئەمە رەخنەی ریالیزم و سوسیالیزم پەیڕەکراوە، تا بەرەبەرە رەخنە زیاتر بەستراوەتەوە بە فەلسەفەکانیشەوە، ئەڵێم بەستراوەتەوە بە فەلسەفەکانیشەوە، نالێم بە مەنهەجی فەلسەفەکان نوسراوە).

مارکسیزم، فرۆیدییەت و وجودییەت نەهلستیەت و لاهوتیەتیش، یانی نەک بەو میتۆدانە ئیش کرابێ، لەژێر کاریگەری ئەو میتۆدانە. قسە لە رەخنە کراوە، سەرئەنجام رەخنەی نوێ و نوێکردنەوەی رەخنەش هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە؛ لەم دەهەیەی دوایشدا رەخنەی بونیادگەری و دوای نوێگەریش هێنراوەتە ئارا، وردە رەخنەی سوریالیزم* و دادایزم* هەبوون. گەر دیقەت بدرێ ئەو فێرگانەم هەمو بەیەکەوە نەبەستووە، یەکێکیان ئەڵێم وردە رەخنەیە، ئەویتر ئەڵێم بەستراوەتەوە، ئەویتر ئەڵێم میتۆدە، وەک یەک سەیرم نەکردوون، ئەمە دووەم بەهەڵە نەقڵی قسەکانی من.

کاکە مەریوان لە زمانی منەوە دەڵێ:

مەلا بەختیار ئەڵێ فەلسەفە باسی هەموو شتێ ئەکا. ئەی زانستی کۆمەڵناسی باسی چی ئەکا.. هیچ شتێک نیە باسی هەموو مەسەلەکان بێ.

سەیرکەن من لەلاپەڕە یانزە و دوانزەی کتێبەکەی خۆما چۆنم وتووە. کە ئەمەش بەهەڵە نەقڵکراوە، یانی ئەم برادەرە ئیشەکانی منی بەپێی مەنتیقێکی ئینتیقائی، مەنتقی ئینتیقائی خراپترین مەنتقی رەخنەیە لە قوتابخانە رەخنەییەکان، خراپترین رەوشە کە ئەگیرێتەبەر، مەنتیقی ئینتیقائی ئەوەیە

---

* سوریالیزم: فێرگەیەکی ئەدەبی – هونەری پێچەوانەی ریالیزمە. سوریالیزم، کوتومت واتا: بان واقیع. بایەخ بە مەسەلە هونەری و ئەدەبییەکان دەدا.

* دادایزم: فێرگەیەکە باوەڕی بە بەردەوامی و جێگیری هیچ مەسەلەیەک نییە؛ هیچ شتێک بە چەسپیو لەژیاندا نازانێ و رەتکردنەوەی هەموو مەسەلەیەک بە بنەما دەزانێ.

نوسەر چۆنی ئەوێ هەندێ وشە لە رستەی تۆ هەڵئەبژێرێ، رەخنەی لێئەگرێ، نایبەستێتەوە بە شتەکانی تر کە خودی نوسەر باسی کردووە.

فەلسەفە و میژوو

لە کتێبەکەدا، وای بۆچووم کەوا: (پێش زایین کە سەرەتای سەرهەڵدانی میژووی فەلسەفەیە چەکەرەکردنی فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی دوای سەرکەوتنی یۆنان بەسەر فارسدا، کە لە ریالیزمی دیموکلیس (٦٤٠-٦٠٠) ی پێش زایین دەستپێدەکا، دەسپێکێکی سەرنجراکێشە مەتریالیزم دەبێتە بناغەی داڕشتنی سەرەتاکانی پژانی زمانی فەلسەفە) ئەم قسەیە تەومژی تیا نیە، بۆیە واش ئەڵێم ئێستە ئەیبەستمەوە بە قسەیەکی کاک مەریوان..

ئەو بیرەی دیموکلیس کردیە نەخشی میژووو. واتە هەر خۆم لە کتێبەکەدا بەناوی دیموکلیسەوە ئەیڵێم: هیچ شتێک جگە لە گەردیلە و بۆشایی لە گەردوندا نیە. یانی دیموکلیس بیری فەلسەفی گەردیلە و بۆشایی کردە نەخشی میژوو، کاک مەریوان ئەڵێ:

کاک بەختیار ئەڵێ فەلسەفە باسی لە هەموو شتێ کردووە، و ئەڵێ بۆشایی میژوو دیموکلیس پڕیکردۆتەوە.

باشە من ئەگەر وام نەگوتبێ بۆ بەناوی منەوە وا ئەڵێ..

من ئەڵێم یەکەمین پژانی زمانی فەلسەفە لەسەر دەستی دیموکلیس باسی مەتریالیزم لەمیژوودا ئەکا، لەمیژوودا بە مەتریالیزم فەلسەفە زمانی پژاوە. کە گەردیلە و بۆشایی هەموو شتێکە لەم ژیانە، ئەمە وەکو بیر نەخشی میژووە. ئەرێ ئێوە هەموتان کوردن و کوردی ئەزانن، کە ئەڵێی ئەم تابلۆیە لەسەر دیوارەکەیە نەخشی میژووە، خۆ باسی دیوارەکە ناکەی، باسی تابلۆکە ئەکەی؛ من ئەڵێم ئەم بیرە فەلسەفیە نەخشی میژووە؛ دەگوترێ ئەم پەندە وەکو نەخشی میژوو وایە، ئەمە چ پەیوەندییەکی بەمیژووەوە هەیە، یانی هەمیشە ئەو بیرە ئەدرەوشێتەوە.

لە درێژەی قسەکانم کە هەر پەیوەندیی بە قسەکانی کاك مەریوانەوە هەیە، گوتومە: لەوساوە هەتا ئێستە هیچ مەسەلەیەکی ژیان و گەردوون نەماوە نەخرێتە ژێر میکرۆسکۆپی فەلسەفەوە. هیچ شتێکی قەدەغەکراو، نەدیتراو، نەبیستراو، سەلمێنراو، نەسەلمێنراو لە هەستەوە بۆ کۆمەڵ، بە سروشت و ئەودیوی سروشتەوە، هەموو شتێ کەوتۆتە ناو روبەری فەلسەفەوە.. فەلسەفەش وەکو بنج و بنەوانیانی لێکداونەتەوە، دوای ئەوە فەلسەفە ئەکەوێتە سایەی قۆنافی سەدەکانی ناوەڕاست، ئایا وایە؟!

ئایا فەلسەفە قسەی لە هەموو شتێك کردووە، یا نەخێر، وەك کاك مەریوان ئەڵێ:

فەلسەفە قسەی لە هەموو شتێک نەکردووە.

ئێمەش ئەیسەلمێنین کە: فەلسەفە قسەی لە هەموو شتێك کردووە.

من ئەمەوێ یەکێکم بۆ بێننە ئێرە مامۆستایەکی فەلسەفە بێ، ئا لێرە، لە دوای کۆڕەکەم هەڵسێ بۆتانی بسەلمێنێ فەلسەفە قسەی لە هەموو شتێ نەکردووە. فەلسەفە قسەی لە خوا کردووە.. فەلسەفە قسەی لە پێغەمبەر کردووە.. فەلسەفە قسەی لە خواوەندەکان کردووە.. فەلسەفە قسەی لە رەوشت کردووە.. فەلسەفە قسەی لە هونەر کردووە.. فەلسەفە قسەی لە ئینسان کردووە.. فەلسەفە قسەی لە چینەکان کردووە.. فەلسەفە قسەی لە هەست و نەست کردووە.. فەلسەفە قسەی لە کۆمەڵناسی کردووە. فەلسەفە قسەی لە زانست کردووە.. فەلسەفە قسەی لە سایکۆلۆژیا کردووە.. فەلسەفە قسەی لە رۆح کردووە.. فەلسەفە قسەی لە ستاتیکا کردووە.. فەلسەفە قسەی لە شەڕ کردووە،

فەلسەفە قسەی لە ئاشتی کردووە. شتێکی ترم بۆ بێنن فەلسەفە قسەی تیا نەکردبێ، بە رووەك و بە زیندەوەار و بە هەموو ئەو شتانەی کە هەیە و نیە. با فەلسەفە قسەی تیا نەکردبێ، ئەکرێ قسەکانی داریون لە فەلسەفە دابڕین؟ ئەکرێ قسەکانی ئەنشتاین لە فەلسەفە دابڕین؟

ئەکرێ فەلسەفە و زانست و مەعریفە دابڕێ لە دەستکەوتە پیشەسازیەکان؟ لە دەستکەوتە فیزکیەکان؟ لە دەستکەوتە کیمیایەکان؟ لە دەستکەوتە بایۆلۆژیەکان؟ لە دەستکەوتە ماتماتیکیەکان؟ لە دەستکەوتە گەردووناسیەکانی دنیا؟ *

ئەگەر بەو قسانەی کاك مەریوان باوەڕ بکەین، یان پەیڕەو بکەین، خەتەرێکی گەورە لەسەر فەلسەفە دروست ئەکەین. خەتەرێکی ئێجگار گەورەیەش خەتەرەکە لەوەدایە کە ئەو باوەڕەی کاك مەریوان، فەلسەفە دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی خورافیاتی سەدەکانی ناوەڕاست.

بۆیە، بەڵێ فەلسەفە قسەی لە هەموو شتێ کردووە.. جا من ئەپرسم کاك مەریوان ئەو قسانەی بۆ کردووە؟ ئایا نایزانێ؟ نەخێر من لەباتی ئەو دەڵێم ئەیزانێ. بۆ وای وتووە؟ چونکە پێیوایە، ئەوەندەی زانست و زانیاری لە سەردەمی رۆشنگەری و لە رێنسانس بەدواوە پەیدابووە، ئینسانی کردووە بە ئامێر، ئەقڵی ئینسان لەدەستی خۆی نەماوە، چۆن ئەفسانە لە رابردوو ئینسانی گەمژە و گومڕاکردووە. تەکنەلۆژیاش ئاوای کردووە.

ئەو لێرەوە، لەسەر بنەمای فەلسەفەکەی هایدگەر و فۆکۆ ئەیەوێ خانەیەکی سەربەخۆی فکری و فەلسەفی دابڕاو لە زانست، دابڕاو لە ئەقڵانیەت، دابڕاو لە دەستکەوتەکانی رۆشنگەری، بۆ مەعریفە و بۆ فەلسەفە دابنێ و بڵێ ئەمە شتێکی ئەبستراکتە (دابڕاو)، شتێکی دابڕاوە لە هەموو ئەو دەستکەوتانەی باسم کردوون، ئەمە تاك رەهەندی بیرکردنەوەیە لە مەعریفە و لە فەلسەفە کە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ قسەی ئاوا بسەلمێندرێ و زانست و ئەقڵانیەت باقی ئەرکەکانی راپەڕێنێ. ئاخرین لێکدانەوە و رەخنەیەك کە لەسەر ئەساسی سۆسیۆلۆژیا بیناکراوە، لە فەرەنسا و ئەڵمانیاش زیاتر پەیڕەوکراوە، نەك قبوڵی نییە هەموو بەشەکانی ژیان لە فەلسەفە دابڕێ، بگرە هەموو ئەو فێرگە رەخنەسازیەشی رەتکردۆتەوە کە ئەڵێ: ئەدەب یەکەیەکی سەربەخۆی مێژوویە و دابڕاوە لە کایەکانی مەعریفە و لە کایەکانی فەلسەفە. واتا: دابڕاندنی ئەدەبیش لە فەلسەفە رەتکرایەوە.

لێکدانەوە تازەکانی سۆسیۆلۆژیا

جوانترین و باشترین لێکدانەوە تازەکانی سۆسیۆلۆژیا، کە ئەیبەستێتەوە بە رەخنەوە، ئەوەشی رەتکردۆتەوە کە ئەدەب لە پایەکانی زانستی پایەیەك بۆ خۆی دابڕێ. گەر قسە لە فکر و فەلسەفە دەکرێ، هیچ شتێك لە مەعریفەکانی ئینسانی دانبڕێ لەیەکتر، و پەیوەندییەکی کارلێکراو هەیە لەنێوانیاندا.

* دوای دۆزینەوەی زانستە سروشتیەکان (العلوم الطبیعیة) لە فیزیا و کیمیا و بایەلۆژیا.. تاد. زانستە مرۆییەکان وەرچەرخانی گەورەیان بەسەردا هات و ئەقڵ و لۆژیك بەسەر فەلسەفەدا زاڵبوو. ئیدی خورافیات و خەیاڵ، لە مشتومڕی فەلسەفیدا، پاشەکشەیان کرد.

ئەڵێ ئەبستمۆلۆژیا کە زانستی قسەکردنە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە، مافی بەسەر مێژووە نیە، پێش ئەوەی ئەمە بڵێ، ئاخر قسەم لەسەر قسەکانی پێشوو ئەوەیە؛ ئەگەر فەلسەفەی ماددیش قبوڵ نەکەی، کە قسەی لەسەرهەموو شتەکان کردووە، ئەگەر دیالیکتیك قبوڵ نەکەین کە بە میتۆدێکی تازە هەموو شتەکانی لێکداوەتەوە، ئەی لەسەر فەلسەفەکانی ئاین ئەڵێی چی.. هیچ ئاینێك هەیە ئەوە لە هیچ کەسێك قبوڵ بکا بڵێ، تۆ قسەت لەسەر بەشێکی ژیان کردووە و قسەت لەسەر بەشێکی ژیان نەکردووە؟ ئایا ئیسلامیەکان ئەمە قبوڵ ئەکەن؟ ئایا مەحسیحیەکان ئەمە قبوڵ دەکەن؟ ئایا جولەکەکان ئەمە قبوڵ دەکەن؟ ئایا ئاینەکانی تری غەیرە ئاسمانی، مەزهەبەکانی تری غەیرە ئاسمانی، ئەمە قبوڵ دەکەن؟ هەرگیز قبوڵی ناکەن.

هەرهەموویان دەڵێن ئێمە شت نەماوە قسەی لەسەر نەکەین. بڕۆ هەموو زانایانی ئایینی کە قسە دەکەن لە فەلسەفە، لە مەنتق، لە زمان، لە ڕێزمان، لە ئینسان، لەودیو و لەمدیوی دنیا، لە غەیبیەت، لە غەیرە غەیبیەت، لە جنۆکە، لە هەرچیەك هەیە. دەڵێین لە هەموو شتێك قسە کراوە.

لە ڕووی زانستیەوە ناکرێ بسەلمێنرێ، فۆکۆ خۆی کتێبێکی هەیە بەناوی ئارکۆلۆژیای مێژوو، بنکۆڵکردنی مێژوو، قسە لە مێژوو و لە کانگاکانی بەرهەمهێنانی معریفە لە مێژوو دەکا، نەك قسە لە ئێستا و لە ئایندە بکا، هەموو مێژووی لێکداوەتەوە و مەعریفە لە مێژوودا چۆن هاتۆتەبەرهەم، هەمووی لێکداوەتەوە، ئەمە خودی فۆکۆ کە کاك مەریوان چواریەکی کۆڕەکەی بەرگری بوو لە فۆکۆ، ئینجا بۆئەوەی ئەمە بسەلمێنین بزانین فۆکۆ لەسەر پەیوەندی نێوان ئەبستمۆلۆژیا و مێژوو ئەڵێ چی:

لە کتێبێك کە لە کتێبە بچوکەکانی فۆکۆیە بەناوی (نظام خطاب وایرادة المعریفة) وەرگێڕاوی (حمر السلطانی و عبدالسلام بن عبدالعالی).

فۆکۆ ئەڵێ: (ئەبستمۆلۆژیا ئەو وەرچەرخانە ئەبستمۆلۆژیایەیە کە مێژوو ئاشنایەتی، نەك حازر و ئایندە؛ مێژوو ئاشنایەتی و هێشتا تەواوکەرەکەی نەدۆزیوەتەوە، سەرەڕای ئەمەش ئەبستمۆلۆژیا زادەی دوێنێش نیە، چونکە دەتوانین ڕێوشوێنەکەی بۆ مارکس بگێڕینەوە).

یانی فۆکۆ لە شەستەکان و حەفتاکاندا ١٥٠ ساڵ بەدواوە ئەگەڕێتەوە، سەرەتای قسەکردنی ورد لە ئەبستمۆلۆژیا ئەگێڕێتەوە، بۆ مارکس، جا لەمەوە دێمەسەر ئەوەی کاك مەریوان ئەیوت مارکس هیچ کاریگەریەکی لەسەر فۆکۆ نەبووە، هەتا وتی فرۆید هیچ کاریگەریەکی لەسەر فۆکۆ نەبووە، زۆرتر چەند نوسەرێکی باس کرد ئێستە دێینەوە سەر ئەوە، ئەمەیش باس ئەکەین.

ئەڵێ مەلا بەختیار وتویەتی نەژادپەرستی بەدرێژایی مێژوو هەیە، ئەمە قسەیەکی زۆر هەڵەیە، چونکە نەژاد لەگەڵ زانستی بایۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژیا پەیدابووە.

نکۆلی لەوە ناکەم کە دوای ئەنترۆپۆلۆژیا نەژادپەرستی تیۆریزەی زیاتر کرا، نکۆلی ناکەم، بەڵام ئەوەم قبوڵ نیە بڵێی نەژاد و نەژادپەرستی دوای ئەوەی تیۆریزەی زانستی کراوە، ئینجا سەریهەڵداوە، وانیە؛ ئەوەتەی نەژادەکان هەیە لە سەرزەمین، نەژادێك بەرامبەر نەژادێکی تر، هەر جۆرە رقێکی بووبێ، هەر جۆرە شەڕێکی بووبێ، هەر جۆرە پەلامارداندێکی بووبێ، هەر جۆرە قەتڵ و عامێکی بووبێ، هەر جۆرە قەڵەمڕەوێکی لەسەر حسابی نەژادێکی دیی پەیداکردبێ، ئەوە نەژادپەرستیە. هەموو ئیمپراتۆریەتەکانی فارس، گریك، عەرەب، تورك، یونان، ڕۆما، بەریتانیا، هەموو ئەمانە ئەتنیك و نەژادی جیاواز بوون، پەلاماری نەژادەکانی تریان داوە. دەیان شارستانیەت لە دنیا تەفروتونا کراوە، داریبەسەر بەردەوە نەماوە.

لەسەر ئەو تێڕوانینە نەژادییەی کە لەپێش پەیدابوونی زانستی ئەنتڕۆپۆلۆژیا پەیدابووە. بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە هەم وابزانین کە نەژاد لە دوای پەیدابوونی زانستەوە پەیدابووە و هەم وابزانین کە نەژادپەرستی نەبووە. پاشان قسە لەسەر قەومیەت و خەباتی رزگاریخوازی ئەکەین کە لەمەدا کاك مەریوان دیسان قسەی کردووە دوایی دێینەوە سەری.

ئەکرێ ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر بەراورد بە ئێستاوە بکەین، نابێ لە ئێستاوە سەیری رابردوو بکەین، چۆن تووندوتیژی ئیسلام راسیزم بووە، کاك مەریوان وا ئەڵێ، ئەشڵێ مەلا بەختیار کە باسی ئیسلام و ناسیونالیزمی عەرەب ئەکا، لە سیاقی مێژوویی خۆی دەریهێناوە، و بەپێی پێوانەی ئێستا حوکمی لەسەرئەدا، من وامنەووتوە، ئەمە قسەیەکی تری بەهەڵە هەڵگیراوی منە، ئێستە حەقیقەتەکەتان بۆ باس دەکەم. بەپێچەوانەوەی ئەو قسەیەم کردووە، کە لە سیاقی مێژوویی خۆیەوە ئیسلام چەند گرنگ بووە.

ئیسلام و ناسیۆنالیزم

ئایا ئەو قسەیەی کاك مەریوان راستە کە من ئیسلام و ناسیونالیزمی عەرەبم لە سیاقی مێژوویی خۆی دەرهێناوە یا نەء؟ گوێبگرن.. لە کتێبەکەمدا ئەڵێم:

لە وەڵامی ئەو پرسارە کە لە پرسیارەکانی پێشووم چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن پێویستن، دەرهەق بەم پێشەکیە، هێندە دەگوترێ کەوا: سەرەڕای ئەوەی بەرە بەرە ئیسلام بوو بە خاوەنی شارستانیەتێکی گەورە و بەشی زۆری شارستانیەتەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گیانی خواوەندناسی و مەسەلە رۆحیەکانی ئایینی ئیسلام، کە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی کوێرەوەری و کۆیلایەتیی وەرچەرخانێکی گەورەبووە.

کەوابێ، لە کتێبەکەمدا بەوشێوەیە قسە ناکەم کە کاك مەریوان باسی کردوم، بەڵکو ئەڵێم: ئیسلام بۆ قۆناغێکی خۆی بۆ سەردەمی کوێرەوەری و کۆلەیەتی وەرچەرخانێکی گەورەبووە، وەرچەرخانێکی گەورەبووە، وەرچەرخانێکی گەورە، گەورەترین پێناسەیە کە بەکارم هێناوە.

سەراپا هەڵگێڕانەوەی قسەکانی من، یانی ئیسلام لەوکاتە جاهلیەتیی نەهێشت و هەڵیگێڕایەوە بۆ سەردەمی دوای خۆی، کە سەردەمی دەسەڵات و مەنتق و ئایینی ئیسلامە، وەرچەرخان یانی گەورەترین شتە کە لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا رووبدات.

بەهیچ شێوەیەک ئیسلام تووندوتیژی قەومیەتێک بەرامبەر قەومیەتێکی دیکە نیە (وەکو کاك مەریوان دەڵێ)؛

من ئەمەم هەرگیز قبوڵ نیە، ئەمەم قبوڵ نیە بە کۆڕ و کۆبوونەوە وتوومە، لەم کتێبە وتومە، زۆرێك لە برادەرانی هێزە ئیسلامیەکان، خوشکانی هێزە ئیسلامیەکان گوێیان لە من بووە، بە راشکاوی قسەم لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، پێم وایە و دیسان ئەیڵێمەوە، ئیسلام لە ناسیۆنالیزمی عەرەب دانابڕێ و عەرەب پیش هەموو قەومیەتێك، لە قەومیەتەکانی دنیا سودی لە ئیسلام وەرگرتووە، پێم وایە ئەمە کفرێك نیە من کردبێتم.

پێغەمبەر خۆی ئەفەرموێ، من نەموتووە.. پێغەمبەر ئەڵێ: عەرەبم لەبەر سێ شت خۆش ئەوێ. یەك لەبەرئەوەی خۆم عەرەبم، دوو لەبەرئەوەی قورئان بە عەرەبی دابەزیوە. سێ لەبەرئەوەی لەودونیاش بەعەرەبی حەشر ئەکرێین. من بەش بە حاڵی خۆم خوا رێگەم با، لەودنیاش بەکوردی

وەلامدەدەمەوە. لە سەردەمی پێغەمبەر و ئەبوبەکردا گوتاری ئیسلامی، گوتاری مەعریفەیەکی ئیسلامییە بەرامبەر بە تاك و بەرامبەر بە دورگەی عەرەبی، و پشت بە قورەیش دەبەستێ و هەمو ئەوانەی کە بوون بە ئیسلام ئەکرێ لەو گوتارە، لە سەرەتای ئیسلام بخوێنینەوە، بەڵام لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب وا نەبوو، لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا ئیتر سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیە، سەردەمی غەزەوات نامێنێ، غەزوەی پێغەمبەر و ئەبوبەکر نامێنێ؛ فتوحات یانی چوونە دەرەوەی دورگەی عەرەبیی (جگە لە فەتحی مەکە) گەورەترین کۆسپ لەبەردەم فتوحاتی عومەری کوڕی خەتتابدا، ولاتی فارس بووە. عومەری کوڕی خەتتاب بۆئەوەی بتوانێ فارس بشکێنێ، ئێران فەتح بکا، راستتر وایە بڵێین ئێران داگیرکا (نەك فەتح بکا) عومەری کوڕی خەتتاب کە ئەزانێ لەشکرەکەی بەشی ئەوە ناکا بتوانێ ولاتێکی وەکو ئێران، هەموو ئەو نەژادانەی کە تیایەتی بخاتە ژێر دەسەلاتی عەرەبی ئیسلامی، ئەچێ بەناو هەموو ئەعرابەکان و ئەوانەی موشریکن، دەگەڕێ بە ناویانا ئەڵێ: وەرن وەکو عەرەب یەك بگرین، بچین فارس بگرین، ولاتی فارس تالان کەین، ئێمەی ئیسلام، ئێمەی قورەیش و عەرەبی بە ئیسلام بوو، لەگەڵ ئێوەی عەرەبی بەئیسلام نەبوو؛ هەموومان بەرامبەر فارس یەکبگرین، وەك یەك دەوڵەمەند ئەبین و هەموومان وەك یەك ئەبین بە خاوەن توانایەکی ئێجگار گەورەی ئابووری؛ لەدوای ئەم جەولەیە عومەری کوڕی خەتتاب و موریدەکانی و هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئیسلام نەبوو، واتا: عەرەبی یسلام و ئەعرابی نائیسلام و موشرکینی نابەدڵی ئیسلام، یەکیان گرت و لەشکری ئیسلام توانی یانزە تا دوانزە هەزار سوپا کۆبکاتەوە بۆ پەلاماری ولاتی فارس.

که دێیتە سەر مەسەلەی عەرەب و دەسەلاتداریێتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، عەرەبی ئیسلام و عەرەبی غەیرە ئیسلام یەك ئەگرن بەرامبەر بە ولاتی فارس کە کورد و ئەقوامی تریشی تیابووە ئەوکاتە، هەتا بتوانن فەتحی بکەن، بە دەستکەوتیش ئەو خەڵکە ئەعرابە کۆکراوەتەوە.

جگەلەوە پێغەمبەر دیسان ئەڵێ.. عەرەب ئەو کەسە نیە بە دایك و باوك عەرەبە، عەرەب ئەو کەسەیە بە زمانی عەرەبی قسە ئەکا، دەیان ئایەتی تر هەیە، حەدیس هەیە کە هەر هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوە کە مەسەلەی عەرەب، هەم لە قورئاندا، هەم لە لای پێغەمبەر، هەم لەلای خولەفای راشدیندا، هەم لەلای ئەصحابەکاندا، بێئەندازە حسابی بۆکراوە و هەرگیز ئینسان ناکرێ بیرلەوە بکاتەوە قەومیەتێکی تر ئەتوانێ پێش قەومیەتی عەرەب سودوەربگرێ لە ئیسلام؛ لە راستیدا، نمونە زۆرە.. نمونەیەکی ساکار کە لە مێژوودا هەرچۆن مێژوو بخوێنیتەوە، ئەتوانی بیدۆزینەوە، ئەویش ئەوەیە هەر قەومیەتێك بەرەنگاری کردبێ پەیمانی لەگەڵ بەستراوە، جەزیە و خەراج و ئەوانە بدا و لێی گەڕاون خۆی دین و قەومیەت و زمانی خۆی بمێنێ.

هەر قەومیەتێکیش تێکشکابێ، ئەگەر کلتورێکی بەهێز و گیانی بەهێزی بەرەنگاری نەبووبێ، بەشی زۆری لەو قەومیەتانە توێندرانەوە لەناو عەرەبدا، واتە پێش ئیسلام ئەقوام زۆر بوو، هیچی نەما، تازە تازە تەرەکانی مەغریبی عەرەبی، بەربەریەکانی مەغریبی عەرەبی، تازە تازە بزوتنەوەی میلیلیان بەرپائەبێ و ئەڵێن ئێمە قەومیەتێکی جیاوازین لە عەرەب، عەرەب ئێمەی تواندەوە بەهۆی ئیسلامەوە. بەشی زۆری ئەو قەومیەتانەی کە سالەها لەژێر کاریگەری تەوژمی ئیسلامدا بوون، سەرلەنوێ هەستی ناسۆنالیستی لەناویان ئەبوژێتەوە.

رەنگی نوێی ناسیۆنالیستی خۆیان ئەژێننەوە. ئەم قسانە ناکەم بۆ کەمکردنی بایەخی ئیسلام.. ئیسلام خۆی وایە، و رێزێکی گەورەشم بۆی هەیە، ئیسلام ئەمەیە کە من ئەیڵێم، ئەگەر ئەتانەوێ ئێستاش بزانن

چۆنە، بچن بزانن هەموو حیزبە ئیسلامیە عەرەبەکان، چۆن باسی عەرەب ئەکەن. گەورەترین و فراوانترین حیزب، ئیخوان موسلمینەکانن، فەیلەسوف و موفەکر و ئەندێشمەند و ئیمامی ئەوان حەسەنی بەننایە.. حەسەنی بەننا ئەڵێ: لەبەرئەوەی ئیسلام بەبێ عەرەب هەرگیز سەرناکەوێ و قورئان بەعەرەبی دابەزیوە، پێغەمبەر عەرەبە، خولەفای راشدین عەرەبن، کلتوری گەورەی ئیسلام عەرەبیە، بۆیە لەسەر هەموو موسڵمانیکە تێبکۆشێ پێش هەموو شتێك یەکێتی عەرەبی بەدیبێنێ، ئەمە لە کتێبی حەسەنی بەننایە (مجموعة رسالة امام شهيد حسن البناء) لاپەڕە (٦٥ و ٦٦ و ٦٧) بخوێننەوە بزانن چی تیا ئەڵێ..

ئیسلام و یەکێتی عەرەب

لەسەر یەکێتی عەرەبی و ئەرکی موسڵمانەکان، لەسەر یەکێتی عەرەبی لەپێش هەموو ئەرکێکی سیاسی دائەنێ، ئەڵێ ئەمە دەستەبەری سەرکەوتنی ئیسلام و قورئان و کەلیمەی خوایە، یانی منی کوردی موسڵمان کلاشنکۆفەکەم و مەغزەنەکانم ببەستمەوە بزانم لەکوێ بۆ یەکێتی عەرەبی شەڕ ئەکرێ، شەڕ بکەم، بۆئەوەی حەسەن بەننا لە من رازی بێ کە خەبات ئەکەم بۆ یەکێتی عەرەبی و دڵسۆزبم بۆ ئیسلام (سەید قوتب)یش وا ئەڵێ، هەموو موفەکیرەکانی ئیخوان موسلمین وا ئەڵێن.

هەرچی حیزبی ئیسلامی عەرەبییە وا ئەڵێ، دیارە لەپاڵیا باسی ئەقوامی تریش ئەکەن، بەڵام گەوهەری عەرەب و ناسیونالیزمی عەرەبی بە رۆحی زیندوی عەرەب و پاراستنی ئیسلامی ئەزانن، لەبەرئەوە چۆن ئەکرێ تۆ بڵێی ئیسلام پەلاماردانی قەومێك نەبووە بۆ قەومێکی تر، جا ئەمە عومەری کوڕێ خەتتاب بەهەڵە بەکاریهێناوە، قورئانی بەکارهێناوە، دوای ئەو عوسمانی کوڕی عەففان، دوای ئەوە ئیمامی عەلی و هەرکەسێکی تر، یا خولەفایەکی تر، یا عەباسیەکان، یا ئومەوییەکان، یا هەرکەسێك لەم کەسانە، ئەم ئیمامانە، لەم خەلیفانە، لەم ئەمیرولموئمینانە، هەرکەسێك ئەمەی خراپ بەکارهێناوە، من بڵێم چی، مێژوو ئەخوێنمەوە، خۆ نایەم بڵێم ئەمانە بەپێچەوانەی ئیسلام وایان کردووە، بەش بە حاڵی خۆم نایشارمەوە ئایەتی قورئانی پیرۆز کە ئەڵێ (كنتم خير امة اخرجت للناس تأمرون بالمعروف و تنهون عن المنكر و تعبدون الله) لەوباوەڕەدام ئەوە بە عەرەب ئەڵێ؛ ئەگەر باوەڕیش ناکەن (العرب خير امة و لماذا – تأليف عمر ابرهيم – شقرا عضو المؤتمر الاسلامي لمنظمة شعبي) شەرحی ئەکا بۆ ئومەتی غەیرە عەرەب، دیارە من تەنها ئەیگێڕمەوە، پێم وایە ئەم ئایەتە عەرەبە، خۆم ئەگەر تەفسیری بکەم ئاوا تەفسیری ئەکەم، ئەڵێم (كنت خير امة) لە ئایەتە مەککیەکانە، ئەگەر هەبێ بڵێ نەخێر لە ئایەتە مەدینەکانە ئەمیش قەیناکە. لەکاتی ئایەتی مەککی و ئایەتی مەدینیدا، تا پێغەمبەریش وەفاتی کردووە، ئەبوبەکریش وەفاتی کردووە، هەتا ئەوکاتەش ئیسلام بەزۆری لەناو سعودیە بوە و کەمێکیش پەلی بۆ دەرەوەی خۆی هاویشتووە، کە هەمووی عەرەب بون. سەردەمی غەزەواتی ئیسلام بۆ قەبیلە و هۆزەکانی دەوروبەری جەزیرەی عەرەبی، هیچ قەومێکی تر نەهاتۆتە ناویان، فەتح نەکراون، تا ئوممەتی ئیسلام لە قەومیەتەکانی تر دروست بووبێت، گوتارەکە بۆ ئەوانەیە کە قورئانی بۆ هاتووە و محمدی بۆ نێردراوە وەکو پەیامبەرێکی تازە.. گوتارەکە بۆئەوانەیە.

(كنت خير امة اخرج للناس) خیر امة بم به قورئان، بەکەلامی خوا، مەعلومە ئیتر بەرامبەر ئەقاوامی تر چۆن ئەبم، بێگومان دەبم بەو عومەری کوڕی خەتتابەی کە دەڵێ: (العرب اشرف الامم و خير من وطأ الأرض بقدم) ئەگەر ئەتانەوێ سەرچاوەکەی بزانن بچن بۆ کتێبەکەی (منذر الموصلي) لەسەر

ولایەتی موصل بخوێننەوە بزانن چ فەسڵێ بۆ ئەو زانستە مێژوویيە کردووە، و لەوێدا باسی ئەو قەولەی ئیمامی عومەر دەکا.

گوێ بگرن، ئەم کتێبە (العرب خير امة و لماذا) گوێ بگرن ئەڵێ چی، زانایەکی گەورەیە ئێستا لە دونیای ئیسلامدا: (فأولوا ما ينبغي ان يكون برهاناً على الفضل العربي هو القران نفسه فقط جعله الله سبحانه والعربية و أوحا جبريله عليه سلامى سيد الملاكي الى نبيه العربي باللسان العربي فلو ما كان فضل بعروبتهم على سائر الأمم اخصصهم بالقران العربي).

ئەڵێ ئەگەر عەرەب فەزڵی بەسەر هەموو ئوممەتەکانی تر نەبێ، قورئانی بەعەرەبی بۆ دانەئەبەزی، فەزڵی بەسەر هەموو ئومەتەکانی ترا نەبووبێ، خوشك و برایان ئەمە لەکاتێکدا کاتێك قورئان دائەبەزێ عەرەب ئوممەتێکی شارستانی گەورە نەبوو لەچاو فارس، لەچاو گریکەکان، لەچاو زۆرێك لەوانە، جیاوازییەکی گەروە لەنێوان شارستانیەتەکاندا، هەتا بەشارستانیەتی هیندستانیشەوە هەیە، بە رۆماشەوە هەیە، ئەگەر مێژووی شارستانی و بەراوردی شارستانی بخوێنینەوە، گوێ بگرن (ليس كان نقول تعصب العربي بان نقول بيان واقع و التقدير الحقيقة و لا لما اخطصهم والله من بين الامم كافة لأشرف رسالة وليكن منهم اشرف نبي فأشرف رسالة لأشرف نبين. في اشرف أمة في اشرف بواقعة فوق الارض، فأنظاري ما لا الى العربي من زمانه هذا) شەریفترین نەتەوە، شەریف ترین نامە، شەریفترین پێغەمبەر، شەریفترین نەتەوە لەچاو هەموو نەتەوەکانی تری عەرەب.

قسەی من نیە و رێزێکی گەورەشم بۆی هەیە، بیرمەندێکی عەرەبە و، وا بیرئەکاتەوە، من قسەم ئەوەیە، من ئەبێ بچمە سەر ئەو پەیڕەوە؟! پێم وا نیە کارێکی رەوابێ کەسێ ئەمە بەسەر ئێمە بسەپێنێ؛ دوای ئەو شالاوەی (١٤٠٠) ساڵ بەسەر ئێمەدا هاتووە، بسەپێنرێ بەسەرماندا، کە دەبێ وا بکەین؛ کەس بۆی نیە ئەمە بسەپێنێ بەسەر کورددا و بەسەر کەلتوری کورد، لەسەر زمانی خۆم، لەسەر پاکێتی نەتەوەکەم، لەسەرئەوەی نەتەوەکەی من هیچ زوڵمێکی لە نەتەوەیەکی تر نەکردووە، هیچ نەتەوەیەکیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیە لەمێژوودا قەرزاربارى کورد نەبێ، کورد کەمترین قەرزی مێژوویی لەلایە؛ هەندێ تاوانی بچوك بچوك لەسەردەمی گاورەکاندا رووی‌دابێ، یا ماره شەمعون لەسەر دەستی سمکۆ کوژرابێ، یان سواره‌ی حەمیدی بەناوی کوردەوە تاوانیان بەرامبەر بە ئەرمەنیەکان کردووە، ئەمە کورد وەکو نەتەوە لێی بێبەریە، وەکو دەسەڵاتی نەتەوایەتی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتی هیچ نەتەوەیەك لە نەتەوەکان بەکارنەهێناوە؛ دوای دەرکەوتنی ئەو هەموو راستی و زانینی ئەو هەموو روداوانە، تازەتازە کاك مەریوان ئەڵێ ناسیۆنالیزم بەرهەمی سەرمایەداری و پڕۆژەی بۆرژوازیە، ئیسلام پەلاماری دییەنی بووە، نەهاتووە شوناسی قەومی بگۆڕێ. ئەشڵێ: ئەوە فاشیەتی عەرەبە دەڵێ ئیسلام بناغەی ناسیونالیزمی عەرەبە، بۆچی ئیسلام بووەتە بەشێك لە پێکهاتەی پاکستان، کۆسۆڤۆ، تورك، ئەمە ئەو رستانەیە، هەمووی قسەی کاك مەریوانە.

من پێم وایە شوناسی قەومی بەهۆی ئیسلامەوە زۆر گۆڕاوە، زۆر ئەقوام هەیە شوناسی قەومیان گۆڕاوە، و بەشێکیش لە کورد شوناسی قەومی گۆڕاوە، هەموو مێژوونووسەکانی ئیسلامی، مێژووی ئیسلامی بخوێنێتەوە، کوردستان درێژئەبێتەوە بۆ ناوچەی هەمەدان و نزیکی ئەهواز، بچن هەرچی مێژوونوسی ئیسلامیە بیخوێننەوە بزانن وای باس ئەکا یان نەء. ئایە ئێستا هەمەدان و نزیکی ئەهواز و هەموو ئەو مەنتیقانە بەدەست کوردەوە ماون؟ نا نەماوە. بچن بزانن لە خانەقین بەخوارەوە سەیرکەن بزانن چی لە کورد کراوە.

بەشێکی ئەمانە هی مێژووی کۆنە، هی ئێستا نیـە، ئەوەڵ پەلامار کە سوپای ئیسلام دابێتی لە ناوچـەی ئـەهوازەوە پـەلاماریداوە، لـە دوای سـەرکەوتنی شەڕی یەرموکەوە پەلاماری ئەوێدراوە، ئینجا شەڕی قادسیە رویداوە. لـە ناوچـەی جەلـەولا. جەلـەولاش کوردستانە.

ئیسلام و گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی

چۆن شوناسـی قـەومی نـەگۆڕاوە، کاکـە شوناسـی قـەومی زۆر گـۆڕاوە، زۆر ئـەقوام نـەماوە ! کـوا بابلیـەکان؟ کـوا سـۆمەرییەکان؟ کـوا ئارامیـەکان؟ ئەمانە چییان لێهات ؟ زۆرێك لەو ئەقوامانـە نـەماون، زۆرێك لە زمانـەکانی دنیـا هـەر تواونەتـەوە. ئـەوەش بەربەریەکان.

موعەمەری قەزافی ئـەڵێ: (لـە مێـژوودا زوڵمـان لـە کورد کرد ئێستەش هەر زوڵمی لێئەکەین) کە یەکێکە لە ناسیونالیستە عەرەبیەکان و باوەڕی موتڵـەقی بـە مەسـائیلی ئیسـلام و ئـەو قەناعەتـەش کـە هەیـەتی، ئـەڵێ بـەدرێژایی مێـژوو پـەلاماری ئەقوامـەکانی ناوچەکـەمان داوە، توانیمـان زمـانی مەسـیحیەکان بگۆڕین، بەڵام نەمانتوانی دینیـان بگۆڕیـن، توانیمـان دینی کوردەکان بگۆڕیـن، بـەڵام نـەمانتوانی زمانیـان بگۆڕیـن، قسـەیەکی زۆر جوانـە، سـەیرکەن ئـەڵێ قەومیەتی مەسیحیەتمان گۆڕی و دینمـان پێنـەگۆڕا. دینی کوردمان گۆڕی زمانیمان پێنـەگۆڕا! بەڕاستی قسەیەکی جوان و راستە. واتە زۆرێك لە مەسـیحیی و ئەرمـەنیی و کلدانـی و ئاشـوری کـە یـەکێك بـوون لـە خـاوەن شارستانیەتە گـەورەکان، و ئیمپراتۆریـەتی ئاشوری و کلدانی و ئەرمەنیەکان، بەرەبەرە توانـەوە لەناو عەرەب و ئێستە وەکو کەمایەتیەك ماونەتـەوە. لـە تورکیا کەمایـەتین، لـە ئـێران کەمایـەتین، لـە عـێراقیش کەمایـەتین، لـە سـوریا و لوبنـانیش کەمایەتین، لەکاتێکدا ئیمپراتۆریـەتێکی گـەورەبوون، قەومیەتێکی گەورەبوون، توانای گەروەیان هەبووە.

یەکی لە قسەکانی کاك مەریوان ئەڵێ:

قسەکانی مەلا بەختیار لە کۆبوونەوەکانی حیزب ئەچێ پەیوەندی بە فیکر و فەلسەفەوە نییە.

ئینجا ئەڵێ:

من ناڵێم حیزب پەیوەندی بە فیکر و فەلسەفەوە نیـە، بـەڵام ئـەم قسـانە قسـەی حـیزبین، قسـەی مەعریفە و فیکر نین.

حیزب چۆن دائەبڕدرێ لە فەلسەفە؟ لە سـەردەمی یونانیەکانـەوە فەلسـەفە هەیـە، لـە سـەردەمی یۆنانیەکانەوە مەعریفە، هونەر، هـەموو ئـەو مەسـەلە فەلسەفیانە لەسەردەمی یۆنانیەکانەوە هەیە، حـیزب و فەلسـەفە قـەت لەیـەك جیاناکرێتـەوە، کـام حـیزب بیگـری بەشـێوەیەك لەشـێوەکان لـەژێر کاریگـەری یەکێك لە فەلسەفەکانە، جگە لەوەی ئەحزابی گەرە و چارنووسسـازی میللـەتانی دنیـا پـەیڕەوی یـەکێك لـە فەلسـەفە باوەکـان ئەکـەن بـە رێیـازی خۆیـان. ماركسـیزم، لیـبرالیزم، مەسـیحیەت، سوسـیال – دیموکـرات، ئیسـلامی، کۆنـەپارێزی.. تـاد ئەمانـە هەموو فەلسەفەی جیاجیان و پەیڕەودەکرێن.

قابیلە کاك مەریوان و هەموو ئـەو برادەرانـەی کـاك مـەریوان لـە ئێمـە زیـاتر لـە ماركسـیزم بزانـن؟ لـە سوسـیال دیموکـرات بزانـن؟ لـە فەلسـەفەی مـادی بزانـن؟ سـەد جـار لـێرە منازەرەیـان لەگـەڵ ئەکـەین لەسەر ئـەو فەلسـەفانە، نـەك یـەك جـار، سـەد جـار، کۆمەڵە لـە سـاڵی ۱۹۷۰ەوە دروست بـووە، لەسـەر ئەساسـی فەلسـەفەی مـاددی و ماركسـی دروسـت بووین، دوای ئەوە بووین بـە سوسـیال دیموکـرات ۳۰ دانـە سـاڵە ئێمـە فەلسـەفەی ماركسـی و مـاددی و دیـالیکتیکی ئـەخوێنین، سوسـیالیزم ئـەخوێنین، لێیناڕازنین (۳۰) دانە ساڵە حزبی شیوعیمان بە حزبی شیوعی راستنەقینە نەئەزانی، پارتیمان بە حـیزبێکی راستەقینە نەئـەزانی، هـەرچی حزبـی کوردسـتانی و عـێراقی بـوو بـە مونحـەریف و بـە لادەرمـان لـە فەلسەفەکان ئەزانی، خۆمـان بـە خـاوەن باشـترین و

پاکترین ئەو فەلسەفەیە ئەزانی، ئیشمان خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بووە، ئەڵقەی دراسیمان هەبوو، ئەڵقەی رووناکبیریمان هەبووە مانگی جارێ پرسیارمان لە فەلسەفە بە نوسراو لێئەکرا و ئەبوو وەڵامی بدەینەوە، دوای سااڵێك دوو ساڵ ئەگەر لە فەلسەفە تێنەگەیشتینایە، شەرەفی ئەندامێتیمان لەناو کۆمەڵەدا هەر وەرنەئەگرت، ئێستا وایلێهات کۆڵەواریش بین لە فەلسەفە و ئەقڵی حزبی و ژیانی حزبی پەیوەندی بە فەلسەفەوە نەماوە، ئەمە خواردنی هەقی ئێمەیە؛، تۆ حەقتە ئێستە خۆت بە ئااڵهەڵگری گەورەترین و چارەنووسسازترین فەلسەفەی ئەقڵی ئەم سەردەمە بزانی، هیچ قسەیەکم نییە. بەاڵم ئێمەش ئەمە فەلسەفەمانە، ئێمەش ئەزانین فەلسەفە چییە، لێکدانەوەمان بۆ فەلسەفە هەیە، بەرنامە و ستراتیژمان لەسەر فەلسەفە داناوە، ململانێ لەگەڵ ئەحزاب ئەکەین، علمانین، عەلمانیەت بەئاسانی تێکەاڵو بە حزب نابێ، ئەگەر تۆ هەموو شتەکانی ساغ نەکەیتەوە، دیموکراسی و علمانیەت بنچینەی فەلسەفییان هەیە. ئەقاڵنیەت و مەدەنیەت و بنچینەی فەلسەفییان هەیە.

شوێن و ئیسالم و داگیرکردن

لە بەشێکی تری بۆچونەکان، کاك مەریوان دەپرسێ:

ئەگەر ئیسالم داگیرکەرە، بۆ دوای رۆیشتنی عەرەب و تورک لە کوردستان، بۆ کورد نابێ بە دەوڵەت؟

جارێ لە هیچ قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا، نە فارس نە تورك نە عەرەبی دەسەاڵتدار، لەخۆیانەوە کوردستانیان جێهێشتبێ، قەت شتی وا نەبووە، ئەگەر بەرەنگاری نەکرابێ، شەڕ نەکرابێ و دەرنەپەڕێنرابن لە کوردستان، لە هیچ قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو لەشکر و سوپای ئیسالم چ عەرەبی بووبێ چ تورکی بووبێ چ فارسی بووبێ تێکەاڵ بووبی، بە هیچ شێوەیەك، هیچ پارچەیەکی کوردستان و هیچ ناوچەیەکیان لە ناوچەکانی رۆژهەاڵت بە ئارەزوو جێنەهێشتووە، بەجێشیان هێشتبێ دوایی هاتوون پەالماریانداوەتەوە، ئەمە یەك؛

هەرکاتێکیش، هەر راپەڕینێك بەرامبەر دەسەاڵتی ئومەوی و عەباسی و خەلیفەکانی ئیسالمی پەیدابووبێ، کورد لەبەرئەوەی هەمیشە ستەمی لێکراوە، بۆیە تێکەاڵوی راپەڕینەکان بووە، ئەمە دوو؛

سێ؛ زیاتر لە (٤٠٠) ساڵ لە دوای هاتنی ئیسالم لە کوردستاندا بەرەنگاری لەبەرامبەر ئیسالم لە کوردستان هەر بووە؛ ئەگەر باوەڕیش ناکەن، تکا لە هەموتان دەکەم و هیوادارم بە زووترین کات وەریبگێڕین.. بچن ئەم کتێبە بخوێنینەوە، (کرد در دائرە معارف اسالم) لە ئێران چاپ کراوە، لەسەردەمی جمهوری ئیسالمیش چاپ کراوە، لەم کتێبەدا باسی بەرەنگاری کورد لە هەکاری، لە موسڵ، لە ناوچەی کەرکوك، لە ناوچەی ئەرارات و لە هەموو ئەو ناوچانە هەتا دەگاتە ورمێ، سابالغ، هەموو ناوچەکان ئەکا، بۆ نمونە باسی هەورامان ئەکا ئەڵێ (٣٦٠) دانە ساڵ دوای ئیسالم هەورامی بەرەنگاری لە ناوچەکانی خۆی کردووە. بۆ؟ ئەڵێ لەبەرئەوەی ناوچەیەکی سەختیان هەبووەو لەبەرئەوەی ئەیانتوانی چەك و تفاقی ئەو سەردەمە خۆیان بەدەستی خۆیان دروستکەن، و کشتوکاڵ و جل و بەرگ هی خۆیان بوو، باوەڕ و ئایینی جیاوازیان لە ئیسالم بووە؛ ئەمە بۆیە ئەیڵێم چونکە کاك مەریوان ئەڵێ:

امەلا بەختیار ئەڵێ بۆیە کورد لە پاراستنی خۆی سەرکەوتووە، چونکە هەڵکەوتی جوگرافیەکەی باش بووە، زمانەکەی پاراو بووە و پێکهاتەیەکی

کۆمەڵایەتی باش بووە، ئێنجا ئەشڵێ: ئینجا هەڵکەوتی جوگرافیا پەیوندی بە بەرەنگاریەوە چی بووە، قابیلە قەرەهەنجیر پێش ناوچە شاخاوییەکانی ئێمە بوبوێ بە ئیسلام..؟!

بەڵێ قەرەهەنجیر پێش ناوچە شاخاوییەکانی ئێمە بووە بە ئیسلام، بەڵێ ناوچە شاخاوییەکانی ئێمە زۆر دوای ناوچە دەشتییەکان بوون بە ئیسلام، بەڵێ ئێستاش لە دوای تێپەڕبوونی (١٤٠٠) ساڵ زیاتر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان زیاتر لەناوچە دەشتیەکان ترادسیۆنی تایبەتی کوردەواریان پاراستووە، ناوچە دەشتییەکان کەمتریان پاراستووە، چونکە ئیسلام توانی هەتا رۆح و هەتا ناخ و مۆخی ئێستانی کورد لە ناوچە دەشتییەکانی ئێمە کاریگەربێ. بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکان نەیکردووە؛ بۆ نموونە گوندی هاوار کە دەکەوێتە ناوچەیەکی سەختی شاخاوی پشت شاخەکانی هەڵەبجە، نەک هەر ئایینیان کاکەییە و مسوڵمان نین، بەڵکو هەتا ئێستاش لە پێناسی خۆیان و منالە تازەبووەکانیشیان لەبری موسڵمان دەنووسرێ هاواری.

من لە ئێوە دەپرسم هەولێری، خانەقینی، گەرمیانی، رەدوکەوتن لەلای ئێوە هەیە؟ نیە، بەڵام بچنە ناوچە شاخاوییەکان بپرسن، بچنە سابڵاغ، بچنە بڵباس، بچنە ناوچەی موکری، بچنە دیبوکری و مەنگوڕ بچن هەموو ئەو ناوچە شاخاوییانە بزانن رەدووکەوتن و رەشبەڵەک و پاراستنی ترادسیۆنی سەرەتای کورد چەند پارێزراوە تا ئێستا. لەوێ ئیسلام وەکو ناوچە دەشتەکیەکان نەیتوانیوە کاریگەربێ. من دوو ساڵ مەقەڕمان لە شێنییەکان دەگرت، سەیرئەکەم بەکوردییەکی زۆر پاراو قسە ئەکەن، چوم بۆ دێهاتەکانی ئەودیوی کوردستانی ئێران، بۆ ئالان، بۆ ناوچەکانی موکری، بۆ ناوچەکانی مەنگوڕ، بۆ بڵباس. هەموو ئەو ناوچانە گەڕام. دیقەتم دا کوردییەکی زۆر پاراو قسە ئەکەن؛ بۆ زانیاریشتان من کە بووم بە پێشمەرگە کوردییەکی سەقەتم ئەزانی، نیوەی خانەقینی نیوەی سلێمانیی بوو، بەڵام کە دوایی چوومە نێو ئەو دێهاتانە کوردییەکەم باشتر بوو، وەکو وتم ئەو ناوچەیە بەکوردییەکی زۆر پاراو قسەیان ئەکرد، کە پرسیم ئەمە چییە. ئەم کوردی پاراوییە چۆن پارێزراوە. وتیان لەبەرئەوە کاریگەری ئیسلام لەم ناوە کەم بووە، ئەوە کاک مەولود لێرەیە خەڵکی (شێنێ)یە با ئێستا هەڵسێ بەکوردی قسەتان بۆ بکا، بزانن چەند پاراوتر لە هەموو خەڵکی سلێمانی قسە ئەکات؛ هەربەم بۆنەوە، حەز دەکەم شتێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، تۆزێ مێشکمان پشووبدات، دوایی بێینەوە سەر شتە قورسەکان.

ئەم کاک مەولودە مناڵ بوو، ئێمە ساڵی ١٩٧٨ تازە بارەگامان بردبووە (خرێناوزەنگ) ئەم کاک مەولودە کارتۆنێ شتی بەدەستەوە بوو، هەموو رۆژێ ئەهاتە بەردەم خەیمەکانی ئێمە، خەیمەی من و کاک مولازم عومەر و کاک نەوشیروان و مام جەلال و ئەوان، ئەوکاتە نە حەرەسیاتمان هەبوو، نە سەیتەرەمان هەبوو، نە هیچمان لە سنوری بارەگاکانمان هەبوو، ئەم کاک مەولودەش بەخۆی و کاتۆرنەکەیەوە ئەهاتە بەر خەیمەکان ئەیووت: (شمەك ناکڕن، شمەك ناکڕن) ئێمە نەمانئەزانی شمەك یانی چی؟ پرسیمان یانی چی؟ دوایی وتیان شمەك یانی شتوومەك، بەڵام شمەك بە کوردییەکی پاراو ئەیگوت؛ رۆژێکیان دانیشتبوین هات بۆ لای کاک نەوشیروان، دانیشت وتی شمەك ناکڕن، کاک نەوشیروان وتی ئەرێ تۆ ناوت چییە؟ وتی من ناوم (مەولود)ە ئەوکاتە زۆر جوانتر بوو لە ئێستا، کاک نەوشیروان، وتی هەقی وابوو تۆ ناوت نەوشیروان بووایە و من ناوم مەولود بوایە، لەوەبەدوا هەرچی نامەکانی کاک نەوشیروان بۆ شار بینوسیایە بەناوی نهێنی مەولودەوە ئەینوسی، ئەم مەولوە کە ئێستە دانیشتووە لەلاتان.

کەواتە بەڵێ ناوچەی جوگرافی و هەڵکەوتی جوگرافیا، هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بۆ پاراستنی میللەتێك، بۆ پارتسنی هۆزێك بۆ پاراستنی عەشرەتێك. *

ئینجا لەمەوە کاك مەریوان ئەڵێ:

(ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی لاوەکی داتەپیوە، لەزووەوە ئەو شتە نەماوە، بۆیە ئینسان هەتا ئەتوانێ، خوێندکار بەرامبەر مامۆستاکەی، منداڵ بەرامبەر باوکی، ئینسان لە کۆڵان گەڕەکەکان دەتوانن خۆیان ئازادبن، بەبێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ناکۆکی سەرەکی هەیە یا نییە)

لە درێژەی قسەکانیدا، دەپرسێ:

(ئەگەر ئینسانێک ئازاد نەبێ چۆن ئەتوانێ شەڕی داگیرکەرەکەی بکا؟!).

من پێم وانیە ئەمە قسەیەکی مەنتقی بێ؛ ئەم بۆچوونانە زۆر قسە هەڵئەگرێ، ناکۆکی سەرەکی ناکۆکی سەرەکییە، ناکۆکیەکانی تریش ئێستاش ماوون. لەگەڵ داگیرکەراندا ناکۆکی سەرەکیمان هەیە؛ ناکۆکیمان لەگەڵ داگیرکەرا لەسەر دەسەڵاتە، لەسەر چارەنووسە، لەسەر بوونی نەتەوایەتییە، لەسەر ناوچەیە، لەسەر مێژووە، لەسەر زانستە، لەسەر ئابووریییە، لەسەر هەموو شتەکانە، چۆن ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی لاوەکی نیە، لەناو هەموو کۆمەڵەکانی گەلان، ناکۆکی کە رێزئەکرێ، ناکۆکی سەرەکی هەیە، ناکۆکی پلەدوو هەیە، ناکۆکی بنچینەیی هەیە، لەبەرئەوە ناکرێ بەوشێوەیە قسە بکرێ.

کوردایەتی رقی گەورەیە لە ژیان

لە وەڵامی ئەو قسانەدا (کاك عەبدوڵڵا) هەستا و وتی: ئەگەر وایە بۆ کاك فاروق رەفیق ئەڵێ کوردایەتی رقێکی گەورەیە لە ژیان، رقێکە لە ئینسان، دژی ئینسانیەتە، کاك مەریوان وەڵامی دایەوە و باشیش وەڵامیدایەوە، وتی: من تاسەر ئێسقان دژی ئەو قسانەی کاك فاروق رەفیقم؛ زۆر زۆرم پێخۆشە کاك مەریوان وای گوت. بەڵام ئەی بۆچی لەوساوە کاك فاروق ئەو قسەیەی کردووە، لە رەهەندا بڵاوبووەتەوە، هەتا ئەم ساتە کە کۆڕەکە لەسەر من بەسترا، کاك مەریوان وەڵامینەدایەوە؛ ئەگەر کوردایەتیت لا گرنگە، ئەگەر سیستەمی دیموکراسی گرنگە، ئەگەر کوردایەتی رقی گەورە نییە لە ژیان، هەموو ئەمانەی کە فاروق رەفیق وتوویەتی، ئەی بۆ کاك مەریوان وەڵامت نەدایەوە؟ ئەوە نزیکەی شەش ساڵی بەسەرا تێپەڕیوە، بۆچی من یەك کتێبم نوسی، یەك رەخنەم لەسەر رەهەند نووسی، دەست بەجێ بەرنامەشتان داناوە یەکە یەکە چۆن وەڵامم بدەنەوە، بۆ؟ بۆچی مەعریفەی لەسەر بنچینەی (انصر اخاك ظالما او مظلوما) کاردەکات؟ ئەوەی کە براتە زاڵم و مەزڵومە ئەبێ پشتیوانی لێبکەی، ئەمەیە مەنتقی تازەی رەخنە و مەعریفەی تازە، لەبەرئەوەی فاروق رەفیق لە دەستەی نوسەرانە، لەگەڵ خۆتە، بەنەتەوەکەت، بە شۆڕشەکەت، بە دیموکراسیەکەت، بە ئەزموونەکەت، هەمووی ئەکا بە رقێکی گەورە لە ژیان، قێزی

---

* ناوچەی شاخاوی و دەشتەکی، هەروا زینگە، نەك هەر کاریگەرییان لەسەر بڵاوکردنەوەی ئاین و مەزهەب و فەلسەفەکان هەیە، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر هۆش و بیرکردنەوە و داب و نەریت و تەنانەت یاری منداڵانیش هەیە؛ لەوەش زیاتر، کاریگەرییان لەسەر جەستە و پێکهاتەی مرۆڤ و بگرە، لە رووی فیسیۆلۆژیشەوە، ناوچە و زینگە، کاریگەرییان هەیە. بۆ نموونە، دوورگەی عەرەب و دەوڵەتانی دیکەی عەرەب، رەنگیان، نەریتیان، پەیوەندی کۆمەڵایەتیان، زاراوە و راز و شێوەی قسەکردن و سێکس و جلوبەرگیشیان، جیاوازە. هەموشیان عەرەب و زۆرینەی هەرە زۆریشیان، موسڵمانن.

لە ئەفریقیادا، جیاوازیەکی زۆر هەیە لە باوەڕی ئایینی و لە روخسار و نەریت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و هۆش و گۆشیان. ئەمانە بەشێکیان هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ زینگە و هەڵکەوتەی جوگرافی.

لێئەکاتەوە و بە عەیب و عار و بە شەرمی ئەزانێ، کەسێك لەگەڵ ئەو ئەزموونە بێ ئەڵێ هەموو ئەوانەی لەگەڵ ئەمانەن لۆمپەنن، کۆمەڵێ لۆمپەنن،[2] تۆ بۆ وەڵامی ئەمە نادەیتەوە؟ ئایە هەموومان لۆمپەنین؟ من پێم وایە ئەگەر شەهیدیش بوومایە ئێستاش هەر بە لۆمپەن باسدەکراین. هەموو ئەو تێکۆشەرانەی ئێستە بەرگری لە ئازادی ئەکەن، بەرگری لە ئەزموونەکەمان ئەکەن، لەبەرامبەر هەموو ئەو دەوڵەتانەی پەلامارمان ئەدەن، لە شۆڕشی درێژخایەن بەرامبەر بە ئەنفال، بەرامبەر بە کمیاباران، بەرامبەر بە هەموو کارەساتەکان وەستاوین، هەرکەسێکمان لەگەڵ بووبێ هەرکەسێك لەگەڵمان بووە لۆمپەنە؟ لۆمپەنین؟ لۆمپەنین کە خۆمان راگرت؟ لۆمپەنین بەرگەی کیمیاییمان گرت؟ لۆمپەنین بەرامبەر بە ئەنفال وەستاین؟ لۆمپەنین لە زیندانەکان کەم ژیاین و کەڵ ژیاین؟ لۆمپەنین ئێستاش بەیانی هەر داگیرکەرێ بێتە سەرمان بۆینباخ و قاتەکەمات فڕێدەدەین و کلاشنکۆف هەڵئەگرین ئەچینە ناو سەنگەرەکان؟ لۆمپەنین کە ئەم دەستکەوتانە ئەپارێزین؟ یاخود ئەو قسەیە هەڵەیە؟ ئەگەر هەڵەیە هەقە لەناو برادەرەکانی رەهەندا گەر بەڕاستی ئەمە قبوڵ ناکەن هیچ نەبێ قسەکانی فاروق رەفیق بڵاونەکەنەوە. کە بۆی بڵاوئەکەنەوە، وەڵامی بدەنەوە، کە وەڵامی نادەنەوە، بڵێن ئەم قسانە قسەی ئێمە نیە، قسەی یەکێك لە دەستەی نوسەرانی ئێمە نیە، ناکرێ بەرامبەر رەفیقی خۆت، بەرامبەر بە کەسی خۆت، سەد هەڵە بەرامبەر بە ئێمە بکا، ئاساییە بەلاتەوە، بەڵام کەسێکی تر وەڵام بداتەوە، کفرێکە بەخشینی نییە.

[2] لۆمپەن: بەعەرەبی واتا (حثالة) و بەکوردییش هەرزە و بێکەڵك.

(دادایزم، سوریالیزم، ئانارشیزم * چۆن دژی دیموکراسین کاک مەلا بەختیار لە هەموو دنیا تاقە نوسەرە کە ئەم قسانە ئەکا، لە نەگبەتی کوردە ئەم قسانە دەکرێ!.

منیش دەڵێم: بەڵێ دادایزمیش، ئانارشیزمیش، سوریالیزمیش و ئینجا بیروڕاکانی پۆستمۆدێرنێتەش و هەموو ئەمانە دژی سیستەمی دیموکراسین.

دژی سیستەمی دیموکراسی

قەت لە کتێبەکەمدا نەموتووە ئەمانە دژی ئەندێشەی دیموکراسین، ئەڵێم دژی سیستەمی دیموکراسین، دژی دەسەڵاتی دیموکراسین، من تەحەدا ئەکەم لە هەموو نوسینەکانما هەر بەو رەخنەیەش لە ئایندە بڵاوم کردووەتەوە، وتبێتم کەسێك لەمانە و کەسێك لە رەهەند دژی دیموکراسیە، ئەڵێم سیستەمی دیموکراسیان قبوڵ نییە، پۆستمۆدێرنێتە، ئانارشیزم، و دادایزم، سوریالیزم. جارێ دادایزم و سوریالیزم زادەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانن، وەکو نەفرەت لە هەموو ئەو بارە سیاسی و کۆمەلایەتیەی دوای جەنگ سەریان هەڵداوە. هیچ لایەکیان پەیوەندیان بە هیچ مەسەلەیەکی دیموکراسی و ئەرکێکی دیموکراسیەوە نەبوو، بەئارەزووی خۆیان شتی ئەدەبی و هونەری خۆیان ئەنوسی و بڵاوەکردەوە. بەرەڵایی و رەشبینی و ئەندێشەی سەروی واقعیان بڵاوەکردەوە.

* ئانارشیزم: فەلسەفەیەکی رادیکاڵی سیاسییە. لە بنەچەدا باوەڕی بە حکومەت و دەسەڵاتدارێتی نییە. تێدەکۆشێ لەپێناوی کۆمەڵێکی بێ حوکمڕانی. پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا، لە روسیا، لە روسیادا ئەنارشستیەکان رەواجیان هەبوو. لە کۆمۆنەی پاریسشدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە.

دوای ئەوە نەهلستیەتیش (بێهودەیی لە ژیان) وابوو، فەلسەفەیەکیش لە خودی ژیان بێهودەبێ، ئیتر چۆن سیستەمی دیموکراسی و دیموکراسی قبوڵە؟ ئانارشیزم ئەسڵەن سەراپا دژی هەموو جۆرە دەوڵەتێکە، دژی هەموو جۆرە سیستەمێکە؛ بیرمەندانی پۆستمۆدێرنێتەش وان، پۆستمۆدێرنێتەکان دەسەڵاتی دیموکراسی، سیستەمی دیموکراسی قبوڵ ناکەن، هەموو ئەندێشمەندەکانی، من لە کتێبەکەمدا ئاماژەم بە چەندین کەسیان کردووە، باوەڕیان بە سیستەمی دیموکراسی نییە، دە رۆژ لەمەوبەر دکتۆرێک بەناوی ئەکرەم هەواس لە دانیمارکدا، دکتۆرای لەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتیی فەلسەفە هێناوە، کۆڕێکمان بۆ رێکخست لە هۆڵی دیالۆگ، ئەڵێ پۆستمۆدێرنەکان لە ئەورووپا لەسەر جگەرەیەک پیاودەکوژن، و زۆر ئاساییە لایان بخرێنە بەندیخانەوە. لەسەر جگەرەیەک ئامادەن پیاو بکوژن، بەشی زۆری فەوزاکانی ئەورووپا پۆستمۆدێرنەکان ناویانەتەوە، چونکە ئیلتیزام بە هیچ مەسائیلێکی بابەتیی و قیەمێک و یاسایەک و ترادسیۆنێک لەناو ئەو وڵاتانەی خۆیان ناکەن، من نااڵێم ئەمانە مەفهومی دیموکراسی رەتدەکەنەوە، من دەڵێم سیستەمی دیموکراسییان قبوڵ نییە.

سەبارەت بە مەسەلەی فۆکۆ، ئایا فۆکۆ کێیە و کاریگەری کێی لەسەرە و کێی لەسەر نییە؟ من باسی مێژووی ئەوانە ناکەم، ئەوە کتێبەکەم هێناوە کە مێژووەکانم هەموو لێوەرگرتووە، باسی مێژوو ناکەم، کەی لەدایک بووە و کەی لەدایک نەبووە؟ گریمان لە هەمووپا هەڵەم، هیچ گرفت نییە ئەگەر هەڵەبم هەمووشی راستکەمەوە، مێژوییەک بەهەڵە نەقڵمکردبێ، ئاساییە راستیبکەمەوە. من قسە لەسەر فیکری فۆکۆ بە گرنگ دەزانم، کە بێگومان هەموو ئەو بۆچوونانەم لەخۆمەوە نەهێناوە، هەم سەرچاوەکەییم وتوە، هەم چەندین سەرچاوەی تریش لەسەر ئەوە هەیە..

فۆکۆ بەپێچەوانەی دیکارت کە دیکارت ئەڵێ: (من بیردەکەمەوە کەواتە هەم)فۆکۆ دەڵێ (من بیرناکەمەوە کەواتە هەم) لەم مەنتقەوە فۆکۆ هەڵئەسەنگێنم، فۆکۆ مەبەستی چییە کە بیرناکاتەوە کەواتە هەیە؟ یانی هەموو بیرکردنەوەیەک لەسەر ئینسان لەم سەردەمەدا بەرهەمی مۆێرنێتەیەو کاریگەری هەمووی لائەبا، کە لایبرد ئینجا هەیە، لەبەرامبەر ئەمەدا سەدان فەیلەسوف و ئەندێشەندی گەورە هەن بەپێچەوانەوە بیرئەکەنەوە. هەموو بیرکردنەوەیەکی ئینسان مایەی سەرنجە، ئینسان بەوە لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە کە بیردەکاتەوە، جا کاریگەری لەسەریەتی یا لەسەری نییە، ئەمە مەسەلەیەکی تر.[٤]

ئایا کاریگەری مارکس و ئینجلس و نیتچە و فرۆید لەسەر فۆکۆ نییە؟ وەک کاک مەریوان دەڵێ: من هیچ قسەیەک ناکەم.. قسەی خۆم ناکەم.. قسەی خودی فۆکۆی عەبقەریتان بۆ ئەگێڕمەوە، خودی فۆکۆ چی لە (النظام الخطاب وایرادة المعرفة) لە لاپەڕە (٧١ – ٧٢) فۆکۆ دەڵێ (کە کاک مەریوان دەڵێ هیچ کاریگەری مارکس و فرۆیدی لەسەر نەبووە) بزانە ئەڵێ چی:

(بەش بە حاڵی خۆم ئەپرسم.. گەر لەتوانامانداا نەبێ بڵێین فرۆید و نیتچە و مارکس کە غافڵگیریان کردین بەو لێکدانەوەیەی هەمیشە لەسەر خودی خۆ وێنادەبێ، ئایا ئەو وێنانەیان لە دەرەوەمان و سەبارەت بە خۆمان دروست نەکرد کە وێنەی ئەو بیرە نوێییانەمان دێنینەوە کە ساڕێژنابن و نەرجسیەتی ئەمڕۆشمان بەرجەستە دەکەن). ئەوە

---

[٤] مرۆڤ ئەگەر ئاسەواری شارستانیەتەکان و بەرهەمە فکری و فەلسەفیەکانی رابوردووی لەسەر لابێ و داهێنانەکانی مۆدێرنێتە لە ژیانی مرۆڤ بەتاڵ بکرێتەوە، ئاخۆ مرۆڤ چی بۆ دەمێنێتەوە؟ ئایە مرۆڤ ناگێڕدرێتەوە بۆ چاخی بەردین؟

قسەی فۆکۆیە. سەیری ئەو کاریگەریە قوڵە بکەن کە مارکس و نیتچە و فرۆید لەسەریان داناوە، ئەڵێ ئەوانن تواناییان ئەو بڕینە قوڵانە کەشف بکەن کە لە مێژوودا هەبووە و ئەوانیش توانیان ئێستا وێنەی ئەو نەرجسیەتە لەلای ئێمە بخوێنینەوە کە لەناومانا هەیە، هەر خۆی ئەڵێ:

بەهەرحاڵ ئەمەیە ئەو خاڵەی کە لە دەوریا هەندێ بیروڕاتان بۆ پێشنیاردەکەم، بۆم دەرکەوتووە کە مارکس و نیتچە و فرۆید تەنها بەڵگەی نوێیان بۆ جهانی ڕۆژئاوا زیاد نەکردووە، ئەوان مانای نوێیان نەخستۆتە شتگەلێك کە مانایان نەبوو، بەڵکو لەڕاستیا سروشتی بەڵگەیان گۆڕی و ئەو چۆنایەتیەی بەڵگەکانیش پشتیان پێدەبەستن، هەڵگێڕایەوە.

یانی هەموو بەڵگەیەك لەمێژوودا بوبن بە بەڵگەنەویست لای ئینسان، سروشتی ئەو بەڵگانەی کە بەڵگەنەویست بوون لەلای ئینسان، لەلایەن مارکس و نیتچە و فرۆیدەوە، بە ڕای فۆکۆ گۆڕاوون.

من دەپرسم پیاوێك ئەمە قەناعەتی بێ بەرامبەر ئەو فەیلەسوفانە، ئایە لەژێر کاریگەریاندا نەبووە؟ ئەمە یەك.. دوو؛ فۆکۆ چەند ساڵێك مارکسیی بووە، چەند ساڵێك ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست بووە، باشە ئەم فۆکۆیە گێل بووە چووەتە ناو ئەو حیزبەوە؟ هیچ لەو حیزبە فێر نەبووە؟ هیچ کاریگەرییەکی مارکس و ئینجلس و لینینی لەسەر نەبووە؟ ئاخر ناکرێ کابرایەك بە کاملّی ئەوکاتە لە زانکۆ لیسانسی خوێندووە لە فەلسەفە، ئەوکات ویستوویەتی دکتۆرا بۆ فەلسەفە بخوێنێ لەناو حیزبێکی کۆمۆنیستیا بووبێ کاریگەری مارکسی لەسەر نەبووبێ؟ هەرکەسێ لەناو حیزبێکی کۆمۆنیستیدا بووبێت، ئایە ئەتوانێ کاریگەری مارکس لەسەرخۆی لابا، ئەوکاتانەی کەلەناویا بووە؟ دیارە هەرگیز نەخێر.[٥]

لەسەر مەسەلەی بیری فۆکۆ لەسەر ئازادییە لۆکاڵییەکان، ئازادی لۆکاڵیی و ئازادی دەسەلّات، کاك مەریوان ئەڵێ:

امرۆڤی بچکۆلە ناتوانێ ئازادی دروست بکات، مرۆڤ لەناو خێزاندا ئەکتیف نەکرێ، توانای بەرگریکردنی لە ئازادی نییە، ئینسانێک ئەتوانێ شەڕی ئازادی بکا، لەو خانە بچکۆلانەی خۆیدا شەڕی ئازادی بکا، و دواجار فێر نابێ شەڕی ئازادی بکا لەگەڵ داگیرکەراندا، مەگەر کاک مەلا بەختیار بەتەنها بیەوێ کورد و کوردستان رزگار بکا، ئەگینا بەبێ خەڵک و کۆمەڵگای کوردی مومکین نییە شەڕی داگیرکەرانی بکرێ!.

من هەم لە ڕووی فەلسەفیەوە ئەمەم قبوڵ نیە، هەم لە ڕووی واقعیەوە ڕەتیدەکەمەوە. جارێ لە ڕووی فەلسەفیەوە با قسەی لەسەر بکەم، سەبارەت بە ئازادی؛ ئینسانێکی نەخوێندەوار بخەرە زیندانەوە لە ژیانیا نەیبیستبێ فەلسەفەی ئازادی چییە، هەر لەناو زیندانداا عاشقی ئازادی ئەبێو خواخوایەتی دەرگای زیندان بشکێنێت و بچێەدەرەوە؛ جوتیارێك ئاغایەك ئەیچەوسێنێتەوە، بەکردەوە ئەزانێ چەوساندنەوە چییە، خواوایەتی ئاغا و ئاغایەتی نەمینێ و ئازادبێ لە ژیانی لادێیی خۆیا، کوردێك هیچ خوێنەوار نەبێ زللەیەکی لێبدە خواخوایەتی دەسەلّاتی هەبێ نەیەڵێ ئەو زللەیەی لێبدرێ و بەئازادی بتوانێ بژی..

من لە ئێوە دەپرسم لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا کورد خەبات بۆ ئازادی دەکا، هەموو ئەوانەی بەشداری خەباتی ئازادی کوردییان کردووە، هەموویان لە فەلسەفەی ئازادی تێگەیشتوون؟ هەمو

---

[٥] فۆکۆ: ئەوکاتەی لە حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی لەسەر ڕوداوەکانی سەردەمی خۆی و دەنگوباسەکانی ستالین وازی لە حیزبەکەی هێناوە.

لە حیزبەکە هێنا، مەسەلەکە پەیوەندی بە فەلسەفەی کۆمۆنیزمەوە نەبوو کە فۆکۆ باوەڕی پێی‌بوو، بەڵکو لەسەر مەسەلەی سیاسی و ژیانی حیزبایەتی وازی لە حیزبەکەی هێناوە.

فەلەستینیەکان لە فەلسەفەی ئازادی تێگەیشتوون؟ هەموو فارسەکان لە فەلسەفەی ئازادی تێگەیشتوون؟ ئازادی میللەتان، ئازادی خەڵك مەسەلەیەکی بابەتییە پێشئەوەی مەسەلەیەکی فەلسەفی بێ. مەسەلەیەك پەیوەندی بە سات و بە کەلتور و بە حەز و بە فیکری ئینسانەوە هەیە، حەز ئەکا ئازاد بێ، ئەسڵەن بەپێچەوانەوە کلتور و فەلسەفەکان ئازادییان زەوتکردووە.

ئێوەم ماندوکرد، بەش بە حاڵی خۆم دیسان دووپاتی دەکەمەوە کۆڕەکەی پێشوو و ئەم کۆڕەش و کۆڕی تریش بەدوایدا بێن زۆر ئاساییە، تەنها ئەوەندەم پێناخۆشە قسەی ڕەق بەرامبەر بە من یا بەرامبەر بە کەسێکی تر بووترێ، چونکە هەرکەسێ قسەی ڕەقی لەناو کۆڕدا کردبێ، من لەوێ بوبم هەڵساوم وەڵاممداوەتەوە. کاتی خۆی کاك بەختیار عەلی لە هەولێر کۆڕێکی بەست لەسەر مەعریفە، هەندێ تێبینیم لەسەری هەبوو ساڵی ١٩٩٣ هەڵسام وەڵاممدایەوە، لەم هۆڵە کاك ڕێبین قسەیەکی لەسەر ئازادی و دیموکراسی بەهەڵە کرد، و ئەزمونەکەمانی هەموو بە دژی دیموکراسی و ئازادی زانی، بەهەڵەم زانی، هەڵسام وەڵاممدایەوە، خۆی وتی کاك مەلا بەختیار راست ئەکا، گوتی:

جاری وا هەیە قسەی وا ئەکەم ئەڵێم ئەرێ ئەوە چۆنە ئەم دەسەلاتە لەمنی قبوڵ ئەکەن.

کاك فاروق ڕەفیق باسی هەندێ کەسی کرد لە ئەوروپا کەڕەخنەیان لە ڕەهەند گرتووە، بە ئەحمەق و بە نەزان و بە گەوجی زانین، هەڵسام وتم: کاك فاروق هەق نیە ئەم قسانە بکەی، کاك ڕێبین لەسەر کاك غەفور صالح قسەیەکی کرد، بەش بە حاڵی خۆم ئێستەش ئەیڵێم، ئەوکاتەی وەڵامی کاك ڕێبینم دایەوە کاك ڕێبین ئەوسا و ئێستەش یەکێکە لە ڕەفیقە نزیکەکانم. زۆر لە غەفور صالح نزیکتربوو و ئەسڵەن ئەوە شایەتم هەیە لێرە، خۆیشی دانیشتوە، من دووسێ ساڵ لەگەڵ غەفور صالح قسەم نەبووە، لەسەر هەندێ بیروبۆچوون و قسەکانی، بە پێچەوانەوە، هەمیشە حورمەتی کاك ڕێبین و ئەوانم گرتووە، بەڵام کە قسەی پێوتووە (١٦٣) جنێوی پێدابوو، گوتومە هەق نییە جنێوی بدەیتێ، هەقە تۆ کە ئەم هەموو ڕەخنانە ئەگری لە خەڵك، ڕەخنەیەکیش قبوڵ بکەی کە خەڵك لێت ئەگرێ.

نیگەرانی قسەی ڕەق

ئێستەش کاك مەریوان ئەو قسانەی کردووە، هەم قسەکانی منی هەڵگێڕاوەتەوە، هەم ئەو بۆچوونانەی بەهەڵە باس کردووە، بە هەقی خۆم زانیوە وەڵامی بدەمەوە. بەڵام لەبەرچاوی ئێوە ئەیڵێم نیگەرانم و گلەییەکی زۆر گەورەیشی لێدەکەم، لەسەرئەوەی ئەو قسە ڕەقانەی کردووە، هیچ کاتێك هەق بەخۆم نادەم، نەك بەو، ئەسڵەن بەکەسێك نەخوێندەواریش بێ قسەی وا بکەم، چونکە هەموو کەسێ عزەتی نەفسی هەیە، دەسەلاتی هەبێ یا نەبێ ئەمە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە لە ژیاندا لەیەك تێبگەین.

من وەکو عەرزم کردن (٢٠) دانە ساڵە هاوڕێی ئەو برادەرەم، ئێستاش هاوڕێمە. ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر جارێ هاتبێت بۆ کوردستان نەمهێشتووە تێبپەڕێ یەکتر ببینین و جارێك یا دوو جار لەسەر خوان دانیشتوین، قسەمان لەگەڵ یەك کردووە، تەنها ئەمجارە نەهاتووە بۆ لام، بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەم کتێبەم نوسیوە. چۆن دەبێ ڕوناکبیرێك ئاوا مامەڵە لەگەڵ ڕەخنە بکا؟

لە ئاخرا بە نوکتەیەك کۆتایی بە کۆڕەکەم دێنم، ئەڵێ: کابرایەکی مەلا دڵی چووە لە ئافرەتێك بیهێنێ، چووە پێی وتووە: باوکت مردووە ڕۆژی دو جار مەولوی بۆ ئەخوێنم، ئەگەر شووم پێبکەی، ژنەکە وتویەتی شووت پێناکەم، وتوویەتی دایکیشت مردووە ڕۆژی دوو جار مەولو بۆ دایکیشت ئەخوێنم، ئەگەر شوم پێبکەی، وتویەتی نایکەم. وتویەتی

کاکیشت مردوه رۆژی دوو جار مەولوی بۆ ئەخوێنم، مامیشت مردووە..بەهەرحاڵ ئامادەیی خۆی نیشانداوە کە رۆژی سی جار مەولو بۆ هەموو مردوەکانی ئافرەتەکە بخوێنێ بەس بەمەرجێ شووی پێبکا، ئافرەتەکە وتوویەتی شووت پێناکەم. چووەتە ماڵەوە مێزەرەکەی داوە بە زەویدا و وتویەتی: من ئیتر مەلایی ناکەم، وتویانە بۆ؟ وتویەتی کاکە من ئامادەم رۆژی سی جار مەولو بخوێنم ژنێک شووم پێناکا، ئیتر ئەم مێزەرە بەکەڵکی چی دێ!

منیش کاکە مەریوان بیست دانە ساڵ رەفیقی تۆ بووم، هیچ نەبێ بایی ئەوەت بهێشتایەتەوە ئەو قسە رەقانەت پێنەوتمایە، حەزئەکەی دە ئەوەندەیتر زبر رەخنە لەسەر کتێبەکەم بگیرێ، زۆر ئاساییە، ئێستاش سەد ئەوەندە رەخنە بگیرێ بە ئاساییی ئەزانم، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز مافی نادەمێ، ئەو مافە بەکەس نادەم، بە جەنابی مام جەلالیش بە هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، بە هیچ وەزیرێکیش قسەی رەق بەرامبەر بە کەسێک بکا. ئەوە خۆم هەرگیز هەق بە خۆم نادەم قسەی رەق و قسەی بەرامبەر شکێن، بەرامبەر بە کەس بکەم. خۆم بە ئاڵاهەڵگری ئازادی و بە بەرگریکەر لە ئازادی ئەزانم، ئازادیش بەوە تێئەگەم بەوپەڕی ئازادی قسە بکرێ. رێک لەسەدا سەدیش پێچەوانە بیربکاتەوە، ئەوپەڕی ئازادە، ئێوەش ئێستە ئەوپەڕی ئازادن، پرسیار بکەن و زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ماندووبونتان.

هەر تاقیکردنەوەیەک بونی هەبێ و هەستی‌پێ‌بکەین و راستیە هەستپێکراوەکانی دەرخست، توانیمان بیروباوەڕی لێهەڵهێنجین، ئەوە حەقیقەتێکی بابەتیی راستە. ئەبێ ژیان و کۆمەڵ و.. پێشکەوتن و سیستەم و دەسەلاتەکان لەسەر ئەو راستیە بابەتیە، بینا بکرێ. ئەم راستیانە لای کاک مەریوان کۆنەپەرستترین شتن؛

پرسیارو . . وەڵام

کۆڕگێڕ: خۆشەویستان زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان، زۆر سوپاس بۆ کاك بەختیار کە کۆڕەکەی پێشکەش کرد، با ئێستە دەرگای موداخەلە و پرسیار ئەکەینەوە، لە کۆڕی پێشوو پێنج کەس موداخەلەی هەبوو، لەگەڵ پێنج پرسیار خوێنرایەوە.. ئێمەهەوڵ ئەدەین بەپێی کات زیاتری بکەین، تکایە رەچاوی کاتەکە بکەن، هەرکەسێک موداخەلەی هەیە با لە سێ دەقیقە زیاتر تێنەپەڕێ.. و لەباسەکەش دەرنەچێ.

* کاك د. ئەکرەم؛

کاك مەلا بەختیار: سوپاس بۆ هەموو تێبینییەکان، بەڵام تۆزێ تێبینیم لەسەر تێبینییەکان هەیە، من دڵنیام ئێستە کاك د. ئەکرەم بیکەی بە وەزیر ئاوی لێناخواتەوە ئەبێ بە وەزیر.. خۆشتان دەزانن کاندیدی حیزبی زەحمەتکێشان بوو بۆ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و بەهەموو جۆرێکیش ئیشی کرد بۆئەوەی دەربچێ، بەڵام دەرنەچوو. یانی کاك دکتۆر دەسەڵاتی رەفز نییە بۆ زانیاریتان، بە هەموو شێوەیەك ئێستا ئامادەیە ببێ بە دەسەڵاتدار.

من ئێستەش ئەیڵێم هەتا هەلومەرجی ئێستا، سیاسەتمەدارەکانی ئێمە، داموددەزگا سیاسیەکان و ئەقڵی سیاسی ئێمە، زۆر هۆشیار و کاریگەرتر بوو، بەتواناتر و بەئەزموونتر و رۆشنتریش بون لەناو کۆمەڵ، لەچاو خەڵکانێك تەنها بە حساب کاری روناکبیری دەکەن. ئایە جیاوازی یەکێك کە هەموو هێزی خۆی، بۆ دەسەڵاتی میللەتێ بخاتەکار و

---

* دەنگی کاك (د. ئەکرەم) لەسەر ئەو کاسێتەی کە کۆڕەکەی لەسەر تۆمارکراوە جوان دەرنەچووە، لەبەرئەوە نەتوانرا وەك خۆی بنوسرێتەوە.

ئامادەبێ بەرگەی هەموو رۆژگارە ناخۆشەکان بگرێ، لەگەڵ یەکێك بڵێ ئیشی من بەس رەخنەیە و هەقم بەسەر هەڵوێست و ئیلتیزامات و ئۆبالّ و تێکۆشانەوە نییە، لەم هەلومەرجە کە جارێ لە خەم نەڕەخسیوین، ئایە جیاوازی نیە؟ رەنگە لە ئووروپا ئەوە زۆر ئاساییی بێ بۆ فۆکۆ، بۆ شتراوس، بۆ دۆرکهایمەر، بۆ هایدگەر، بۆ هابرماس، بۆ جۆن لۆك، بۆ کێ و کێ، هەموو ئەمانە رەنگە لەوێ ئاسایی بێ، چونکە لە خەم رەخسیون، بەڵام ئێستا ئۆبالّێکی ئێجگار گەورەی چارەنوسسازمان لەسەرە بەرامبەر بە پاراستنی سیستەمی دیموکراسی، بەرامبەر بەدیهێنانی دەسکەوتە بەدیهاتوەکان. هەرکەسێك لە نەتوانێ شوێنی خۆی بدۆزێتەوە ئیش بکا و هەوڵی بۆ بدا، هەڵبەتە سنوری خزمەتەکانی زۆر کەم دەبێ. پێم وایە ئەوانەی کە بتوانن هەوڵ بدەن و ئامادەن لە مەیدانەکەشدا بەقەڵەم، بە ئەقڵ، بە گیان خۆیان بەخت بکەن، ئەوانەن دەرکێکی قوڵتریان لە مەسەلەکان هەیە و خزمەتێکی فراوانیش دەکەن.

کاتێ سیاسەت دانابڕێ لە پێشکەوتن، سیاسەت لە رووناکبیریی، سیاسەت لە هۆش، سیاسەت لە گوتار، گوتارە مەعریفیەکان، سیاسەت لە فەلسەفە، ئیتر چۆن دەشێ بەشێوەی تر بیربکرێتەوە ! من حەزم ئەکرد بەشێوەیەکی تر بێ، خەمی دەوڵەت و دەسەڵات و ئەزمونە دیموکراسیەکەمان نەمایە، بەڵام هێشتا زەمینەیەکی زۆری ماوە ئەو مەنتقە دابڕاوانە جێبەجێ ببێ لە ولاتی ئێمە.

کێ وتویەتی ئازادی جوان نییە؟ بەڵێ ئازادی زۆر زۆر جوانە، ئازادی کە لە پاشەڕۆشدا هەمووی دێتەدی، لە هەموو حزبەکان جوانترە، بەڵام ئێستا بەبێ خەباتکردن بۆ پاراستنی ئەم دەسەڵاتە ناکرێ قسە لەسەر ئازادی دابڕاو لە دەسەڵات بکەی؟ کاك د. ئەکرەم تۆ لە من زیاتر لەناو شارەکاندا ژیاویت، هەموو ئەمانەی لێرە دانیشتوون دڵنیام، من پێشمەرگەی (٧٦) نابینم لێرە دانیشتبێ، بەچاو نایبینم هەموو ئەوانەی لە (٧٦) ژیاوین کەمتر لە شاردا ژیاوین، کەمترلە سایەی بەعس ژیاوین، دڵنیام کەستان ئازاد نەبوون لەسایەی بەعس. دەشزانن دەسەڵات چ کاریگەریەکی لەسەر ئازادی هەیە.

ستاتیکای هونەری شتێکە و مەئاسیلی ماددی شتێکی ترە، شتە جوانەکان، ئستاتیکای هەست و بەهرەن. بەڵام هەست و بەهرە جوانەکان جیان لە هەندێ مەسائیلی ماددی کە ئەبێ ئەو قۆناغە ببڕێ، ناکرێ ئەو پرۆسەیە نەبڕی، ناکرێ ئەو حاڵەتە بابەتییە تەواو نەکەین، ئاوا نییە بە دابڕاوی سەیری شتە ئیتساتیکیەکان بکەین. شتی جوان جوانە، ئاشکرایە، ئێستا کوڕی وا هەیە زۆر قۆزە، لە هەموو وەزیرەکانی ئێمە قۆزترە، کچی وا هەیە زۆر جوانە، لە هەموو ئافرەتە سیاسیەکان جوانترە، زۆر ئاشکرایە ئەوە.. گوڵی وا هەیە لە ئینسان جوانترە، بەڵام ئەمانە هێندەی ئەوە دادمان نادات پێ لەسەر شادەمارەکانی چارەنوسی خۆمان دابگرین و خەباتی بۆ بکەین، دیسان ئەیڵێم: پۆستمۆدێرنێتە باوەڕی بە سیستەمی دیموکراسی نییە، کاك د. ئەکرەم لەو مەسەلەیە بەهەڵەچووی، بەهەڵەچووی لەو مەسەلەیە و دوایی چەندین سەرچاوەت ئەدەمێ لەسەر ئەو مەسەلەیە.

لەبارەی نەژاد و جیاوازییەوە لە کتێبەکەی خۆشم کە کاك د. ئەکرەم بیخوێنێتەوە، باسی جیاوازییەکی زۆرم لە مێژوودا کردووە، وەنەبێ هەر باسی نەژادی جیاواز و نەژادپەرستیم کردبێ، باسی شتە جیاوازەکانی مێژووشم کردووە. زۆر سوپاس.

- کاك رێکار حەسەن..

کاك مەلا بەختیار: ببورە کاك رێکار، ئەنوەر سادات کە چوو بۆ قودس لە کەنیسەیەکی ئیسرائیلی قسەی کرد، کە گوتارەکەی دا، هاتەخوارەوە، دوای ئەوە مەناحم بیگن قسەی کرد. دەستبەجێ ئەندامێکی کنیستی ئیسرائیلی کە نوێنەری حیزبی

کۆمۆنیست بوو، هەڵسا لەناو کنیستدا کردی بە هەرا، ئەنوەر سادات زۆر سەیر بوو بەلایەوە، مەناحم بیگن لەباتی ئەوەی بشڵەژێ پینەیەکی جوانی بۆ کرد، رووکردە سادات و وتی: جەنابی سەرۆک! ئەوە هاوڕێ کۆمۆنیستەکەمە، فێرە هەر رەخنەم لێبگرێ، ئێستە کاك رێکاریش هەر رەخنەی خۆی ئەگرێ، هەر هەڵیشدەستی، پەلە مەکە.. فەرموو کاك رێکار.

- کاك رێکار:

بەڵام ئەوەی کە گرنگە باسی بکەین، ئەوەی کە زۆر چاك ئێمە بۆ مەعریفی و ئیشکالیەتی گەورە دروست دەکات، یانی ئەمڕۆ لەو ناوەندە سیاسیانەی لە رۆژئاوا. کابرایەکی وەکو ماکیاڤیلی قسە لە سیاسەت دەکات، بەڵام لای ئێمە تەواوی ئەندامەکان قسە لە سیاسەت دەکات، لای ئێمە سیاسەت کۆمەڵە بنەمایەکی فیکری نیە! ئەمە جیاوازییەکەیە کە لە بەینی سیاسەت و فیکردا هەیە لای ئێمە. یەك مولاحەزەی کە لە قسەکانی کاك مەلابەختیاردا موتابەعەم کرد. ئەویش سەبارەت بە موقەدیمەی رەهەندە؛ من وەك خۆم کە خوێنەرێکی جدی رەهەندم. نەك بڵێم وەکو ئەو پرۆژە و ئەتوانم بڵێم جیاوازییشم هەیە. کە ئەوان کە قسە لە دژی سیاسەتی کوردی ئەکەن. بەتەواوی قسە لەسەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ئەکەن، قسەیان لەوەیە کە فیعلەن من لەگەڵیاندام. کاتێك بەڕاستی ئیحتیکاك کردنی تەواوی ناوەند و تەواوی موجتەمەعی کوردی لەلایەن حیزبەوە، بەمە بەجۆرێك لە جۆرەکان بێحورمەتکردنی ئینسانە بە ژیان ئەکرێ. یان بەڕاستی بێ چارەنوسی ئێمە.

ناڕوونی ئایندەی ئێمە، لەلایەن حیزبەکانەوە، دانوستانی ژێربەژێر لەگەڵ حیزبەکان، لەگەڵ رژێمەکان. بەڕاستی ئەمە قەزیەیەکە ئەبێ بخرێتە راپرسی جەماوەرەوە، بڕیار لەسەر قەزیەکە بدەن. قەزیەی جامعە لە قبوڵ خاس و لە وەرگرتنی دراسەی عولیا، کە لەسەر دەستی حیزبیەك، ئەمە بێحورمەتی نیە بەرامبەر بە ژیانی ئینسانەکان؟ یەکێك لەو هەڵە مەنهەجیانەی کە بەڕێز کاك (مەلا بەختیار) عەفومکە ئەگەر قەرارەیەکی جدی، دواجار ئەفسانەش جۆرێکە لەو شێوازانەی هەر کۆمەڵگەیەك خۆی بۆخۆی داینا وە. یانی ئەوە کە بەرەوای بە ئەفسانە بێت، لە مەنتقی ئەنسرۆپۆلۆژیا، لای شتراوس، لای دیالبراست، کە دواجار ئیستهدامێکی کۆمەڵە. کاکە مەسەلەی گێلی و گەمژەیی ئینسان نیە، ئەمە مەسەلەیەکی مەنهەجیە. ئەوە دراسەیەکی قوڵە یەك نوکتەی دیکە سیاسی مێژوویی بە چ مانایەك دێ، تۆ ئەوە هاتوی ئەڵێی ئیسلام وەرچەرخانێك بووە خۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تۆ باست لە سیاقی مێژوویی ئیسلام کردبێت، تۆ دێی.. ئسیباتی کۆمەڵە مەسائیلێکی تازە ئەکەی. کە دواجار لە خودی ئیسلامدا. ئەوەی جابری لە تەکوینی ئەقڵی عەرەبیدا باسی ئەکا، کە لەسەر با بڵێین غەنیمە و لەسەر قەبیلە بنیاتنراوە. ئەمە جیاوازە زۆر جیاوازە، کۆمەڵە مەفاهیمێکی جیاوازە، نامەنهەجیەتەکە ئالەویادایە، ئینجا ئازادی ئەم خیلافەم لەگەڵ کاك (مەلا بەختیار) وابزانم لە جامعەوە دەستپێدەکات، من قسەیەکم لەسەر فۆکۆ کرد. ئەو وتی فۆکۆ سەقەتە رەنگە لە ناحیەیەکی سۆکسوالیتیدا فۆکۆ نەقسێکی جنسی هەبووبێ. بەڵام یەکجاری فەلسەفەکەشی سەقەت نییە، یا مەسەلەی خیتابی تەکنەلۆژی، من قسەم لەوە ئەکرد کە ئەبێ مەنزومە و سیستەمێکی ئەخلاقی وەك (هابرماس) کە بە نەوەی دوای فەلسەفەی فرانکفۆرت و یا با بڵێین، ئەوەی کە کۆمەڵێ کەس قسەلەسەرئەوە دەکەن کە سیستەمێکی ئەخلاقی — مەنزومەیەکی ئەخلاقی لەپشت تەکنەلۆژیاوە بێت، کاکە راستە پێویستمان بە تەکنەلۆژیایە. بەڵام قەزیەکە قەزیەیەکی مەنهەجیە. کە ئەمڕۆ لە ئەورووپا. قسە لەبەدبەختی و قسە لە نەزەریەی تەشەیوب.

لەلایەن دەستەی فرانکفۆرتەوە ئەکرێ لەسەر تەکنەلۆژیا.

ئاخر قسەیشم لەسەر ئازادی ئەوەیە. ئازادی شتێك نیە بەخشرێ. شتێك نیە حیزب بیدا. ئازادی شتێك نیە کاك (مەلا بەختیار) بیدا. ئازادی لە هەر کۆمەڵگایەکدا بو بە میحوەری قسەکردن لەلایەن فیکر و مەعریفەوە ئەوکاتە بەرهەمدێت. ئازادی لە ئەوروپا و لە فەرەنسا و دواجار لە رۆژئاوا بەرهەمی (جۆن لۆك) و بەرهەمی (رۆسۆ) و بەرهەمی (رامبۆ) و (بۆدلێر) و کێ و کێیە. ئازادی ئەوەنیە. تەفسیرکردنی تەوسیفکردنەکەی تۆ بۆ ئازادی رەنگە بەگوێرەی دنیایەکی تر بێت.

کاك مەلا بەختیار: زۆر سوپاس بۆ کاك رێکار و راستیش ئەکا، هەموو جارێ هەڵدەستێ موناقەشە ئەکەین! بەهەرحاڵ، بەهەڵەچونێکی گەورەیە سیاسەت لە بنەمای مەعریفی بەتاڵ کەیتەوە، سیاسی و سیاسیەکان مەعریفەی خۆیان هەیە، رووناکبیرەکانیش ئەوانەی سەربەخۆ بیرئەکەنەوە، مەعریفەی خۆیان هەیە، فەلسەفە جیاوازەکان مەعریفەی خۆیان هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە ناکرێ بە دابڕاوی سەیری بکەی، بە هیچ شێوەیەك ناکرێ و هەڵەیەکی گەورەیە کەسێك بنوسێ بڵێ: سیاسیەکان، حیزبیەکان هیچ جۆرە مەعریفەیەکیان نییە، قەت شتی وا نەبووە و ناشبێ، بەتایبەتی بۆ ئێستەی ئێمە زوو ئەم قسانە ئەکرێ، جارێ حیزبی کوردی و ئەزموونی کوردی کە کاك مەریوان خۆی لە وەڵامی ئەم کاك عەبدوڵڵایە وای وت، وتی:

ناسیونالیزمی کوردی و شۆڕشی کوردی جارێ ئامانجی زۆری ماوە بەدەستی بێنێ. جارێ زۆر زۆری ماوە کە ئەو حوکمەی لەسەر بدەی، دایبڕی لە مەعریفەکان، دایبڕی لە کایەکان، دایبڕی لە خانە جیاوازەکانی فیکر و فەلسەفە و مەعریفە.

مەسەلەی ئەفسانەی شتراوس و قسەکردن لە ئەفسانە قسەیەکە لەپێش ئەوە مۆدێرنێتە بێتەپێشەوە، لە سەردەمی پیش ئایینەکانیش ئەفسانە زاڵ بووە بەسەر ئەقڵی ئینسان، ئێستە ئەو ئەیەوێ بڵێ کایەکانی مۆدێرنێتەش وەك ئەفسانە ئەقڵی ئینسانیان تێکداوە، هەموویان وا ئەڵێن، هەموویان لە نیتچەوە بۆ هایدگەر، لە هایدگەرەوە ئەقڵ بووە بۆ هەموو ئەوانە؛ ئەوە وا نییە، مۆدێرنێتە جێگای ئەفسانەی نەگرتۆتەوە، رۆشنگەری جێگای ئەفسانەی نەگرتوە؛ هەڵە هەیە، کەموکوڕی هەیە، تاوان هەیە، هەموو ئەمانە راستە، قسابیلی موناقەشەیە، ئەندێشمەندێکی گەورەی وەکو هابرماس کە وەڵامی هەموو ئەمانە ئەداتەوە، ئەڵێ مۆدێرنێتە جارێ زۆر زۆری ماوە، دەستکەوتی ماوە، لە ژیاندا بەدەستی بێنێ، مەسەلەی فۆکۆ و هەموو ئەو ئەندێشەندانەی کە کاك رێکار باسی کرد، تۆ فۆکۆ بە فەیلەسوفی عەبقەری ئەم سەردەمە بزانە، هەقی خۆتە، قەناعەتت وایە، منیش هەقی خۆمە جیاواز لە تۆ بیربکەمەوە، من پێم وایە وا نییە، ئەو پیاوە مەزن و گەورەیە نییە بەڵگەش زۆرە، باشترین بەڵگە ئەوەیە ئێستە لە ئەوروپا فۆکۆ کەوتۆتە پەراوێزی ناوچەکانەوە، شتراوس کەوتۆتە پەراوێزی ناوچەکانەوە، هۆرکهایمەر کەوتۆتە پەراوێزی ناوچەکانەوە.. فەیلەسوفی سەرەکی نین، ئەوان ئێستە زۆر دواکەوتوون لە مەسەلەکان، راستە لە شەستەکان و حەفتاکاندا وا بوون، ئێستا وا نین، نمونەیەکت بۆ دێنمەوە، کتێبێك دەرچووە بەناوی (المتطاهرون بالثقافة...) نوسەرەکانی بەدوای تێگەیشتوون لە زانستی فیزیا و کیمیا و لە ریازیات؛ ئەم ئەندێشمەندانە بۆئەوەی پۆست مۆدێرنێتەکان تاقیبکەنەوە، لە گۆڤاری پۆستمۆدێرنێتەکاندا دەڵێن: وتارێکمان تێپەڕاند، بە هەڵە باسی زانستمان کرد، بە هەڵە باسی زانست و زانیاریمان کرد کە چ کاریگەریەکی لەسەر پێکهاتەی ئینسان و ئەقڵی

ئینسان و ئەو شتانەمان بەهەڵە خستە ناو گوتارەکەوە، یەکسەر گۆڕاری پۆستمۆدێرنێتەکانی ئەمەریکا بە پێشەکیەکی جوان بڵاویانکردۆتەوە و، وەکو دوو زانای گەورەی ئەمەریکی پێشکەشیان کردون و شانازییان پێوە کردووە و بڵاویان کردەوە؛ دوای ئەوەی بڵاویان کردەوە زاناکان دەڵێن: ئێمە کتێبێکمان سەر نوسیون (المطظاهرون بالثقافة) کتێبەکە ئەڵێ سەدان هەزار نوسخەی لێ فرۆشرا، هەزاران باس و رەخنە و هەڵسەنگاندنی لەسەر بڵاوکرایەوە، سەلماندمان کە ئەو گوتارانەمان ئەسڵ و ئەساسی نییە لە زانست و لە مەعریفە؛ ئەسڵەن هەموو ئەوانەی باسی پۆستمۆدێرنێتە دەکەن نە لە فیزیا، نە لە کیمیا، نە لە وردەکاری زانست تێنەگەیشتوون، ئەبستمۆلۆژیا ئەو مەعریفەیەی ئەوان باسی دەکەن، هەم پەیوەندی ئینسانە و هەم پەیوەندی بە وردەکاری زانستی سروشتیەوە هەیە، کە ئەوان لە زانستی سروشتییەکە هەر تێناگەن. لەسەر زانستی ئینسان هەمووی هەڵەیە ئەمە قسەی ئەو زانایانەیە کە بەوشێوەیە باسی پۆست مۆدێرنێتەکان دەکەن و دەیسەلمێنن چەند لە دونیای زانست و زانستە کۆمەڵایەتیەکان بێخەبەرن. لەبەرئەوە، کتێبەکە بووە بە یەکێك لە بەناوباگترین کتێبەکانی ئەو سەردەمە. وەرگێڕدراوە بۆ هەموو زمانەکانی ئەوروپا، سەیرکەن، فەلسەفەیەك لە هەموو زانکۆکان باوی هەیە، رۆژنامە و گۆڤاری لەسەر بڵاوئەکرێتەوە، باسی زانست و بەتاڵکردنەوەی زانست و کاریگەری زانست و مۆدێرنێتە ئەکات لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵ. دوو زانای گەورە دێن یەکی گوتارێك ئەنوسن بە هەڵە باسی زانست ئەکەن، ئەمان زوو ئەیقۆزنەوە و شانازی پێوەدەکەن، دوایی نوسەرەکان خۆیان ئەڵێن بابە ئەسڵەن ئێوە تێنەگەیشتوون، ئێمە بە هەڵە باسی ئەو دوو زانستەمان کردووە، کە ئەمە کورتەیەکی کتێبەکەیە، ئەڵێن پۆست مۆدێرنێتەکان رەقترین کەسن و هەوڵ ئەدەن هەرکەسێ رەخنەی هەبێ بەرامبەریان بیشکێنن. هەڵمەتی لەسەرئەکەن، سەلماندویشیانە بە بەڵگەی گەورە گەورە؛ پڕ بە دڵ هیوادارین ئەم کتێبانە بڵاوبێتەوە لەکوردستاندا.

کاك رێکار باسی فەیلەسوفەکانی ئازادی پێش دەسەلاتی کرد، من زۆر زۆرم پێخۆشە، جەنابت ئاوا باست کرد، بۆئەوەی هەلم بۆ بڕەخسێ بڵێم: ئەتوانی یەك فەیلەسوف لەو فەیلەسوفانەم بۆ بێنی پێش دەسەلاتی دیموکراسی، قسەیان لە ئازادی و قسەیان لە مەعریفە بەدەر لە بەدیهێنانی سیستەمێکی دیموکراسی کردبێ؟ بەشێك نەبووبن لەوانەی کە دەبێ سیستەمی دیموکراسی لەبەرامبەر سیستەمی ئەرستۆکراتی سەدەکانی ناوەڕاست بەدیبێ؟ رۆشنگەری و مۆدێرنێتەی پێش سیستەمی دیموکراسی، هەموو ئەو داهێنانەی لە رێسانسەوە پەیدابوون ئایە هیچیان دائەبڕی لە بەدهێنانی سیستەمی دیموکراسی؛ دوای ئەوەش ئەو فەیلەسوفانەی ئەو سەردەمە ئایە فشاری کەمیان هێناوە بۆئەوەی سیستەمی دیموکراسی ئازادییەکی زیاتر بەدەستبهێنێ؟ ئایە هیچیان ئازادیان دابڕیوە لە سیستەمی دیموکراسی؟

گرفتی گەورەم لێرەوە دوو شتە، ئەویش ئەوەیە، یەکەم: پێویستیمان بە سیستەمی دیموکراسی هەیە، پێویستیمان پێیەتی، سیستەمی دیموکراسی و دەسەلاتمان نەبێ نامێنین. هەموو کەسێ ئەبێ لەوە تێبگا نامێنین، بەرەو عەرعەر ئەڕۆین، ئەوە ئەزموونێکە چارەنوسی هەموومانی پێوەبەستراوە، ٩٠٪ یش هەڵەبێ ئەبێ بیپارێزین و وردە وردە گەشەی پێبدەین، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە. دووەم: دیموکراسی ئازادی ئەقڵانیەت رۆشنگەری بەبێ دژایەتیکردنی بیروڕاکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەناو هیچ میللەتێك نایەتەدی، ئەرکەکانی سەرەکی ئێمە ئەم دوو شتەیە.. روونا کبیری ئێمە لەناو ئەو دوو شتە ئەبێ خۆی بدۆزێتەوە، رۆشنگەری ئێمە دەبێ

لەم دوو شتە خۆی بدۆزێتەوە، بیریار و رەخنەگر، پێش هەموو ئەرك و كارێك ئەبێ ئەو دوو ئەركە بگرێتەئەستۆ، ئەو نوسەر و روناكبیرە با هەموو گیانی رەخنە بێ؛ هەتا مۆخی ئێسقانی رەخنەبێ لەسەر دەسەلاتی كوردستان، بەلام پێشتر بیسەلمێنێ ئەم دەسەلاتە چارەنوسی كوردی پێوەبەستراوەتەوە، لە رەخنەكانیا با داوا بكا دەسەلاتێكی ئاوا نمونەیی بێ، خراپ نەبێ بۆچونی ئاوامان قبوڵە، بڵێ ٩٠٪ تان خراپن.. رەخنەش لە خراپەكان بگرێ.

بەڵام تۆ دەسەلاتەكەم ناسەلمێنی، سیستەمەكەم ناسەلمێنی، پەلامارم بدەی، لەبەرامبەر بیروڕاكانی سەدەكانی ناوەڕاست كەمترین قسە ئەكەی، زۆرترین قسەت لەسەرئەم دەسەلاتەیە، لێرە ئیتر هەقی خۆمە قسە بكەم. لەسەر ئازادی و ئازادی رەخنە قسەیەكم نیە، پێم وایە كە باسی ئازادیم كردووە رەنگە باوەڕ ناكەم كەسێك لەوە جوانتر باس لە ئازادی بكا كە من باسم كردووە.. باشە.. خۆشم بەو دەسەلاتدارە نازانم كە كاك د. ئەكرەم باسی كردم، دەسەلات و جاڵجاڵۆكەی دەسەلات وا نین كاك د. ئەكرەم، گوێبگرن بە ویژدانتان حەز دەكەم هۆشتان بخنەلای ئەم قسانەی من لەسەر ئازادی ئەڵێم:

گیانی ئازادانەی دیالۆگ زۆر زۆر گرنگە بۆمان، مێژوومان جگە لە ستەم بە ئاستەم ئازادی نەدیوە.. ئێستا كە ئازادییەكەمان بۆ هەڵكەوتووە، جگەلەوەی پێویستە فشار بخرێتە سەر دەسەلاتەكان ئازادی خەڵك فراوانتر و فراوانتر بكن، دەشبێ لەناو روناكبیران و نوسەرانیش كەشێكی ئەوتۆ بخولقێ هەموو كەسێك بێ سڵەمینەوە قسەی ناو دڵی خۆی بكا، نەپرنگێتەوە لە كاردانەوە و توڕەبونی كەس، لە جنێوی كەس نەترسی، لە هەژمونی هیچ لایەك سڵنەكاتەوە، ترس و بیم لە ناخی میللەتەكەماندا كەم نیە،خوا خوامانە ئەو ترسانە بەتایبەتی ترسە میتافیزیزیەكان بڕەوێنینەوە، هەتا خەڵك بتوانن ئازاد بن. چ جای ترسێكی هەژمونگەری دیكە قوتكەینەوە، هەموو رەهەندەكانی هەژمونگەری خراپن. هەژمونگەری كەلەپوور، هەژمونگەری نەریت.. هەژمونگەری باوكسالاری، هەژمونگەری دەسەلات سالاری، هەژمونگەری بڕواسالاری مرۆڤ، دەبێ كۆمەڵ بەبێ هەژمون رابهێنین، دونیا بەبێ رەتكردنەوە ئاڕاستە بكەین، دنیا بە ئازادییەوە جوانە نەك بە ستەم و ترس و هەژمون.

هەر ئەوەنە لە مانای ئازادی تێئەگەم.. پێشم وایە ئەمەیە ئازادی راستەقینە.

- كاك د. شاكری:

ئەمكاتەتان باش، وادەركەوت كە مۆدێرنێتە ناوەرۆكەكەی كۆنە، خۆی بە بالا دەزانێ. شوبهە لە خۆی ناكا. كاك (مەلا بەختیار)ی مۆدێرنە. دەڵێ سیاسەت هەموو ئاواتەكانی بەشەریەتی بەدیهێنا، كاك (مەلا بەختیار) ئێستا پەشیمان دەبێتەوە، كە لە ئاستی سیاسەتی ستەمگەری. و سیاسەتی كۆیلایەتی دەبێ بوەستێ و سەنتەری خۆی جیابكاتەوە. كاك (مەلا بەختیار)ی مۆدێرنێتە، كە گومان لەخۆی ناكا. دەڵێ ماتریالیزم بۆ سەرەتای دامەزراندنی زمانی فەلسەفە. كاك (مەلا بەختیار) گومان لەخۆی ناكا كە سەرەتای دامەزراندنی فەلسەفە، دریدا.. دەڵێ گەڕانەوە بۆ دواكەوتوو. بۆ رابردوو دوو جۆرە؛ یەكیان كۆیلەی رابردوو. یەكیشیان چوون بۆ رابردوو بۆ ئاشكراكردنەكانی. تارماییەكانی رابردوو.

كاك مەلا بەختیار: بەناوی هەموتانەوە سوپاسی بێپایانم بۆ كاك د. شاكری كە لە هەموو كۆڕێكدا بەوپەڕی ئازادیەوە قسە ئەكا و میوانێكی ئازیزی ئێمەیە، وەلامیشی نادەمەوە لەبەر ئازیزی میوانێتیی، زۆر سوپاس.

- پرسیار: کاك مەریوان دەڵێ مۆدێرنێتە بریتیە لە دوو خاڵ: یەك؛ دژی ئاینێك کە وەڵامی پرسیار بداتەوە. دوو دژی هەموو ئادیۆلۆژیایەکی گشتگیرە.. ئایا کاك مەلا بەختیار کە باسی مۆدێرنێتەی کرد پێی وایە؟

کاك مەلا بەختیار: ئەوە دوو لە ئەرکەکانی مۆدێرنێتەیە، راستە، بەڵام مۆدێرنێتە دنیایەکی زۆر فراوان و پەلوپۆدارترە لەو دوو کۆڵەکەیە، دنیایەکی تر لە زانست، مەعریفە، فەلسەفەی تازەیە، رەخنەی تازەیە، دەسەڵاتی تازەیە، ئازادی تازەیە، زانستی کۆمەڵزانی تازەیە، کۆمەڵێك شتی گەورەیە، ئەوە دوو کۆڵەکەیە لە کۆڵەکەکانی مۆدێرنێتە.

- پرسیار: ئایا مەلا بەختیار لە بەکارهێنانی بیرۆکەی میتۆدی دابڕاو وەکو وشە چییە؟ لەکاتێکدا کاك مەریوان هیچ تێگەیشتنێکی بۆ ئەم بابەتە نەبووە..!

کاك مەلا بەختیار: میتۆدی دابڕاو بەوەدەزانم کە بەبێ کارلێککردن باسی روداوەکانی کۆمەڵی خۆت، باسی پێویستیەکانی ژیانی خۆت بەبێ زەمینەی مادی، بە دابڕاوی ببینی و لەسەری بڕۆی بەبێئەوەی بیبەستیتەوە بە پێویستیەکانی تر، ئەمەمیتۆدێکی دابڕاوە کە ئێستە پێم وابێ هەم بوونیەویەکان، هەم ئەوانەی لە دوای بونیەویەکانەوە هاتوون، هەم پۆستمۆدێرنێتەکان، ئەمانە میتۆدی دابڕاو لە کۆمەڵ و لە کارلێککردنی پێویستیەکانی ژیان حسابیان بۆ دەکرێ.. و هێرمۆنتیکاکەی کاك د. شاکریش هەر وایە..

- م: مجید صالح:

زۆر سوپاس، من ئەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم؛ مەسەلەی ناسیونالیزم لە غەربدا کە حەماسی وتارخوێندنەوەی هەڵئەسێ. کە باسی ناسیونالیزم بکەم. دوو مەفهومی جیاوازە، ناسیونالیزم ئەگەر لە غەربدا باس بکەین، پێگەیشتنی ناسیونالیزم، تەتەوری ناسیونالیزم پەیوەستە بە تەتەورکردنی باری ئابوری و رامیای و سەقافیەوە. بەڵام لە شەرقدا. ناسیونالیزمی شەرقی رەگێکی کۆنی هەیە. رەگەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی نەتەوە، هەر ئەوەیە. ئەبینین، لە فەرەنسا زۆر زوو نەتەوە دروست بوو. لە ئەڵمانیا زۆر درەنگ دروستبوو. هەتا دەوڵەتیش و درەنگ دروستبوو، بەڵام لە شەرقدا ئیمپراتۆریەتی نەتەوەیی، زۆر زۆر کۆن دروستبوو. یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی ناسیونالیزمی عەرەب کە پێشتر وەکو خێڵ هەبوو. بوونی ئیسلام و تەتەورکردنی گەشەکردنی ئیسلام لەناو عەرەبدا. هاتنی ئیسلام بۆ رێکخستنی زۆربەی هەرەزۆری نەتەوەکان خێڵە عەرەبەکان لەناو چوارچێوەیەکدا، پێیئەڵێن (ئیسلام). ئەم یەکخستنە وایکردووە کە بیری نەتەوایەتی بڵێین تەتەروفی نەتەوایەتی لای ئەوانە هەر زۆر زوو دەسکەوت. ئەو دەرکەوتنە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەوییەکان. کاتێك ئیمپراتۆریەتی عەرەبیان دابەزاند، یەکەم شت کە کردیان قەرارێکیان دەرکرد. مەرسومێکیان دەرکرد کە بە هیچ شێوەیەك بۆ عەرەب نیە، ژن بداتە غەیری عەرەب. بۆ عەرەب هەیە، ژنی تورك بێنێ یا فارس بینێ، بەڵام منالەکەیان ناوبنێن هەجیر، ئەم ناسیونالیزمە ئەوەندە کارکردووەتە سەر عەشایەری فیردەوسی کە بڵێ

زسیری توخوردم و
عرب وا به صای رسیده است کا
که تاجی کز اروزی توفرب اس
توای زمانه تفد..

ئەمە شیعرێکی ناسیونالیزمی فارسییە. بەرامبەر عەرەب ئەڵێ؛ شیری حوشتریان ئەخوارد، دوێنێ مارمێلکیان ئەخوارد، عەرەب گەیشتۆتە ئاستێك کە ئێستا تاجی ئالتونی ئەکاتە ئارەزووی تف لە زەمانە کە تۆ کارێکی واتکردووە،کە عەرەب تادوێنێ شیری

حوشتریان ئەخوارد و داوای تاجی ئێمە بکەن. ئەمە دەلیلە بۆئەوەی کە ناسیوتالیزمی شەرقی عومقێکی تایبەتی هەیە. و ناسیونالیزمی عەرەبی زادەی بیری ئیسلامە. و لە عەباسیەکانەوە لە ئەمەویەکانەوە، دواتریش حیزبی بەعس نایشارێتەوە بەشێکی هەرەزۆری پێگە فیکرییەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ (فیکری ئیسلامی)، زۆر سوپاس.

مەلا بەختیار: هیچ وەلامێکم نییە.. زۆر سوپاس

- کاك ئازاد حمە:

ئەمکاتەتان باش، من لەڕاستیدا پێڕێ ئێوارە هاتمەوە. پێڕێ ئێوارە هاتمەوە، نزیك شەش ساڵە نەهاتوومەتەوە. پێڕێ ئێوارە کە هاتمەوە نزیك کاتژمێر (٥) بوو لە دەزگای سەردەم مامۆستا (شێرکۆ بێکەس)م بینی ئیتر باسی ئەوی کرد. کە ئێرە بۆیە چۆڵە لەبەرئەوە کۆڕێکی کاك (مەریوان) هەیە، دواتر بیستم کە کۆڕێکی کاك (مەلا بەختیار) هەیە. بۆ من رەنگە گەلێ ئاسانتربێت بۆ قسەکردن لەسەر گەلێ شت، یەکێکیان.. پتر لە هەشت ساڵە کار لەسەر پرۆژەی کتێبێك دەکەم. بە سێ بەش.. بەشی یەکەمیان. بیری پۆستمۆدێرنێتە (٥٠٠) لاپەڕەیە هەفتەی رابردوو لە چاپ هاتەدەرێ لە شاری (ستۆکهۆڵم) بەشی دووەمیان؛ دوو ساڵی ئایندە دێتەدەرێ. بەشی سێهەمیان دوای ئەوە بە سێ ساڵ.

کەواتە کارکردنی من لەماوەی چواردە ساڵ دەبێ بە بابەتێك کە کارێکی رووناکبیری + ئەکادیمی دەبێ. کە یەك ئەبێ لە کاری دکتۆراکەم. لەسەر پۆستکۆلۆنیالیزم. بابەتی بیری پۆستمۆدێرنیزم دەبێ. چواردە ساڵ لە تەمەنم تەرخاندەکەم بۆ نوسینی هێمایەك تایبەت بە بیری پۆستمۆدێرنیزم. بۆ من دیسانەوە ئاسانترە کارکردنم لەسەر ئەو بابەتە. یەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی (رەهەند) نیم. کە ئەمە مانای ئەوە نیە ئەوکەسانە. کۆمەڵێ خەڵکانێکی بەڕێز و روناکبیر نین. دووش. نە لە نزیکەوە. نە لە دورەوە نە لە شاخ نە لە شار.. هاوڕێی کاك (مەلا بەختیار) نەبوومە.

من بەڕاستی.. نازانم کاك (مەریوان) چی گوتووە. بەڵام شێوەی گێڕانەوەی تێکستەکە لەمیانەی کاك (مەلا بەختیار)ەوە گوێم لێبوو. حوکم لەسەر ئەوانە دەدەم. حوکم لەسەر هەندێ وەڵام دەدەمەوە. کە کاك (مەلا بەختیار) وەڵامی هەندێ برادەری دانەوە.. دواتر ئەحکام لەسەر شتە تیۆرییەکان. لەسەر شتە روناکبیریەکان، لەسەر شتە ئەکادیمیەکان ئەمە لایەك. لایەکی تریش بەڕاست من لەم رۆژانەدا زنجیرەیەك سیمنارم.. هەیە رەنگە لەوێدا هەندێ لە بۆچوونەکان شیبکەمەوە. ئەوانە بڵێم پوختەی ئەکادیمیای رۆژئاوان، زۆر شتی گوت. کاك (مەلا بەختیار) کە بەڕاستی من سەیرم پێدێ کە بۆ ئاستی تێگەیشتن گەیوەتە ئەم ئاستە، پار ئەم وەختە. ٣٠ ی ئایار لە زانکۆی (ئۆپسالا) لە ستۆکهۆڵم مسیۆ (ژاك دریدا) هات سیمنارێکی گرت (١٠٠٠) کەس گوێیلێگرت. بۆ مامۆستا (شێرکۆ)م گێڕایەوە، (١٠٠٠) کەس گوێی ئەگرت کەمترینیان ماجستێری هەبوو. پتر لە ٥٠٠ پرۆفیسۆر و دکتۆرا لەوێ دانیشتبوون گوێیان لە (ژاك دریدا) گرتبوو، ئەو کەسەی کە (ژاك دریدا) ی بە خەڵك ناساند، گوتی: ئەوە مسیۆ (ژاك دریدا)یە.. میوانی ئەمڕۆمانە لە پاریسەوە هاتووە، فەرموو پرۆفیسۆر قسەکانت بکە. ئەو قسەی کرد لەسەر دۆزی زانکۆکان. لە رۆژئاوا ئەمە ناونیشانی رەئیسی بوو. ناونیشانی لاوەکی؛ (چۆن ئەکادیمیا دەسەڵات دروستدەکا؟) لەو شارەدا من و کوردێکی تری لێبوون. کاك (هاشمی ئەحمەدزادە) کە دکتۆرا دەکا.. شاری ئۆسفالا ئەوی کە لێرەیە لە سوید دەزانێ چەندین کوردی لێیە، هەندێکیان خۆیان بە شێخ مەحمودیش ناگۆڕنەوە لە رووی سیاسیەوە هەندێکیان خۆیان بە (میشیل فۆکۆ) ناگۆڕنەوە. بەس بەهەرحاڵ زانکۆی (ئۆپسالا)

نزیك مانگێك له لاپـەڕەی ئەنتەرنێتەکـەی بانگـەوازی بۆئەوەدەکرد. که فەرموون وەرن گوێ لـە ژاك دریـدا بگرن. که بەرهەمهێنەری بیری پاش بنەماخوازییەکـە پەیوەندییـەکی ریازیـاتی. هەیـە لەگـەڵ پـاش بنەماخوازی پاش تازەگـەریدا هەیـە، ئـەمن بۆ خۆم یەکێك بووم لەوانەی کـە نزیکـەی (١٠) دەقـە لەگـەڵ (ژاك دریدا) قسەم کرد لەسەر باسەکەی. مـن سـەیرم بەوەدێ که ئـەم قسانەم پـەیوەندی بـەوە نیـە. کـە بمەوێ. کەسێك بشکێنم یا کەسێ بەرزبکەمـەوە کـە ئەمە بووە بە کەلەپووری بیری کوردی، تۆ بۆئـەوەی قسە بکەی هەمیشە مەحکومی بەوەی لە کۆتاییدا یـا دەبێ چەپڵە بۆ ئەو لێبدەی یا چەمەڵەی ئەو بکـەی، کە ئەمە کاری من نیـیە. زۆر شت هەیـە کـە دەکـرێ باسی کرێ بۆ نمونە فۆکۆ کەوتۆتە پـەراوێزی بیر لـە رۆژئـاوا، چـۆن دەکـرێ وا بگوتـرێ گوناحـە.. ئێمـە ئەگـەر فەرەنسیەك لـەناوماندا بێت. نـازانین چـۆن وەڵامی بدەینەوە، ئەوەندەی لـێرە باس لـە (فۆکـۆ) دەکـەن لـە هـەولێر و سـلێمانی مـن لـە ٢٥ مـانگ بەرەوسەرەوە کۆمەڵێ سیمناری باشم ئەبێو لـێرە و لە هەولێر. من سەیرم پـێدێ ئـەو هـەموو باسکردنە لەسـەر (فۆکـۆ) بەڕاسـتی باوەڕناکـەم کتێبـەکانی (فۆکـۆ) هـەمووی خوێندرابێتـەوە لەلایـەن ئـەو بەڕێزانـەوە، ئـەمڕۆ نەوەیـەك هەیـە لـە رۆژئـاوا پێیدەوترێ (پۆستفۆکۆیالیزم) و تـا ئـەو نەوەیـە لـە دوای (فۆکۆ) باسی ئەکـەیت واتـە کـە ١٩٨٤ دەمـرێ کۆمەڵێ کەس هاوتەمەنی خۆین که (ژاك دریدا) و کـە باس لە تەمەنی هەندێ کەسی تریش کـە لاو بوونـە. ئێستاش دیسانەوە وا تەمەنیان بەرەو حەفتا دەچێ، مەبەستی مـن ئەوەیـە (فۆکـۆ) بـەر خوێندنەوەیـەکی زۆر کەوتووە، کاکە که تـۆ قوتـابی فەلسـەفەی، ئـەو قوتـابی زمانـە وانیـە ئـەو قوتـابی ئابوریـیـە. ئـەویتر قوتابی کۆمەڵناسیە هەر یەکە. فۆکۆ دەخوێنن. بەڵام هەریەکە لە بواریك لەبەرئەوە کارکردنـەکانی (فۆکـۆ) لە گەلـێ بواردا بووە.

هەروەها (هابرماس) تۆ کاتـێ قوتـابی یاسـای، تـۆ کتێبەکـەی مـافی دەخوێنیتـەوە، لەگـەڵ رەوایـەتی کاتێ قوتابی ئابووری نێودەوڵەتان بیـت، کتێبەکـەی تری دەخوێنیتەوە، بازاڕی ئەوروپی هاوبەش کێشەی ئێمـە زۆر گەورەیـە. کێشـەکە ئەوەیـە لـە قسـەکانی لەمیانـەی قسـەکانی کـاك (مـەلا بـەختیار) بـۆم دەرکەوت. لەمیانەی ئەو توندڕەویانەی لـە قسـەکانی کاك (مەریوان) هەبووە. سەبارەت بە ئەو بەرهەمـەی کـاك (مـەلا بـەختیار) کـە مـن ئـەو بەرهەمـەم نەخوێندۆتـەوە ئەوەیـە. کـە نێوەنـدی ئـەکادیمی کوردی دابڕاوە و هـەروەها نێوەنـدی پـەیوەندی بـەو دوانـەوە نیـیـە لـە رۆژئـاوا نێوەنـدی ئـەکادیمی رووناکبـیری – سیاسـی دروسـتئەکا بەداخـەوە نێوەندی ئەکادیمی ئێمە ئەو قودرەتەی نیـە ببـێ بـە جێگەی رەزامەندی قەلاچۆلان، که ئێمە دەتوانین ؟

نەخێر نەیتوانیوە، ئێمە کۆمەڵێ دکتۆرامان هەیـە. ئەمانـە دکتـۆرای ئـەورووپای شـەرقین. کـە بەڕاسـتی ناتوانن.لە تواناياندا نیە. زانینی ئەمڕۆ بگەیـەنن بـە مرۆڤی کـورد. نەوەیـەکی ئـەکادیمی دروستببێ. کـە بتوانێ زانیاری بە سیاسی کوردی بدات. بۆیە لێرەوە هەڵەکان زۆر ئاساییە. قسەی ئـاوا بکـرێ. کوڕێك لـە (کوبنهاگن) هاتۆتەوە وتویەتی: (پۆستمۆدێرنەکان بۆ جگەرەیەك یەکتر دەکوژن) کەواتە مـن (٨) سـاڵە لـە ستۆکهۆڵمم. مامۆستا (شـێرکۆ بێکـەس) دەزانـێ کـە من چەند سەرقاڵ بووم بەم باسانە.

کەواتە منیش یەکێکم لەو بکوژانـە، چـۆن کـاری وا دەگوترێ، ئێمە ئەگەر ئەوە، وەرگێڕینە سـەر زمـانی فەرەنسی یا ئەڵمانی یا ئیتـالی لـەو وڵاتانـە لـە میدیـا بڵاوییکەینـەوە، یـانی دەبـێ بـە خەتایـەکی گـەورە، بـەڵێ هەڵـەی تێدایـە قسـەکانی کـاك (مـەریوان) لـە گەلـێ شت، بەڵام مانای ئەوە نیە. دەرهەق بە هەڵە. هەڵەی تر بکەین. پێم بڵێین ئێوە کێتـان توانیویـەتی لـەبارەی مۆدێرنێتـەوە ببـێ بـە سـەرچاوە، لـە کوردستانی ئەورۆدا، کێ بـوو، کـێ مەسـەلەن دەرس ئەڵێتەوە لە زانکۆی سلێمانی لە زانکۆی سـەلاحەدین ئەو پسپۆڕانە کێن؟ ناوەکانیم بـەنێ. دکتۆراکـەی لـە

کوێ هێناوە؟ دکتۆراکەی لەکوێ نوسیوە؟ کێ بوو مامۆستاکانی؟ پێم بڵێن. تکایە من زۆربەی ئەو مامۆستانەی کە لە زانکۆمان دەرس ئەڵێتەوە، لە نزیکەوە دەیانناسم، لەدوورەوە دەیانناسم، پسپۆڕمان نیە، ئێمە (ژان بۆدریار) کتێبێکی هەیە لەسەر ئەمریکا. بەناوی ئەمەریکاوە ناوی‌ناوە.

ئەو کتێبە چۆن دەبێ بەوە لێکبدرێتەوە کە (ژان بۆدریار، ژان فرانسیۆلیوتار) ئەندازیاری بیری پۆستمۆدێرنەی فەرەنسین، نەک دریدا نەک فۆکۆ ئەو دوانەن کە راستەوخۆ چۆن دەڵێی تیۆری رێژەیی ئەنشتاین، ئەوانیش لەپشت سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنەوەن. فۆکۆ وای بۆ دەچن هەندێ کەس هایدگەر وای بۆ دەچن هەندێ کەس هەروەها (نیچە) مەبەستم ئەوەیە (ژاان بۆدریار) کتێبێک ئەنوسێ ساڵی ١٩٨٦ ناوی دەنێ ئەمەریکا. لەوێ قێزدەکاتەوە لە سیستەمی ئابووری سیاسی کەلتوری هەموو شتێکی وڵاتی ئەمەریکا.

ئایا ئەوە بناغەیەک نیە بۆ تێگەیشتن لە خولقانی سیستەمێکی دیموکراسی نوێ. ئایا ئەوە دژایەتی‌کردنی دژگەرایی. ئایا ئەوە ئەو جگەرەیە، کەوا باس ئەکرێ. من زۆر شت هەیە کە دەکرێ بیڵێم.. من سیمناری تایبەتیم هەیە.

کاك مەلا بەختیار:

تۆ بە کۆنەپەرستی و فەلسەفەی لەقەڵەم بدە. دووەم کە هاتووە ئەم فەلسەفەیەی داناوە. دژی دوو کۆڵەکەبوون لە مێژوودا.. دژی دوو کۆڵەکەی سەرەکی بووە لەپێش خۆی یەکێکی کۆڵەکەی بیری لاهوتیەت.. ئەوی تری کۆڵەکەی بیری میتافیزیکیەتە. فەلسەفەی میتافیزیکیەت بە هیچ شێوەیەک ئەم پیاوە و لەدوای ئەوەش هەموو بیرمەندەکانیش ئەوان باوەڕیان بە میتافیزیکیەت نە لە لاهوتیەت، فەلسەفە وەضعیەکان، لە فەرەنسای مەزن، فەرەنسای شۆڕشی گەورەی فەرەنسای یەکسانی و برایەتی و ئازادی، ئەوەڵین سەرکەوتنی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی بەسەر کاسۆلیکەکان و پرۆتستانتەکان و وەدەرنانی ئەو دوو مەزهەبە لە دەسەڵات و لە کۆمەڵی فەرەنسی، لە سێهەمین کۆماری فەرەنساوە ئیعتیمادی گەورەیان لەسەر فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم بووە و فەلسەفەی پۆزەتیفیزمیان کرد بە چەکی دەستی خۆیان، بۆ بەربەرەکانیکردنی کاسۆلیکەکان و بیروباوەڕە کۆنەپەرستەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەو سەردەمە، دژی میتافیزیکییەت، دژی لاهوتیەت، دژی کاسۆلیکیەت، دژی پاپا، دژی پرۆتستانت، دژی هەموو ئەو بیروباوەڕە جێماوانە. دژی هەموو ئەو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیانە، فەیلەسوفێك لەدایك بووە، فەلسەفەیەك لەدایك بووە کە دوای ئەوە دەیان زانا و نوسەر و فەیلەسوفی گەورە گەورە لەسەری رۆشتوون، لەلای کاك مەریوان ئەبێ بە رەجعیترین و کۆنترین فەلسەفە، بۆ؟ دیسان بۆ؟ لەبەرئەوەی پۆزەتیفیزم ئیعتیماد لەسەر تەکنەلۆژیا و زانست و مەعریفەکان ئەکا، ئەو زانستە بەرهەمهێنراوانەی کە تەکنەلۆژیا و شۆڕشی پیشەسازی هیناویەتەدی، و پێی وایە هەموو ئەو شتانەی لەناو دیاردە و دەرکەوتەکاندا هەبووە، ئەبێ بچین لێیبکۆڵینەوە. *

* لەم کۆڕەدا، نەک ناو هۆڵ و راڕەوی هۆڵی رۆشنبیری، بەڵکو لەسەر شانۆ و دەرەوەشدا، جێگەی وەستانی خەڵك نەمابوو، ئامادەبوانی ئازیز دوچاری پاڵەپەستۆیەکی زۆر بوون.

بەشی یەکەم
(بەرایی کاری نهێنی)

من لەگەڵ(ڕۆنالدڕیگان)،بەماوەیەك پاش هەڵبژاردنی بۆ سەرکۆماری وتەنانەت پێش بەدەستەوەگرتنی جڵەوی کاروبار، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٠دا، لە کالیفۆرنیا-لەوشوێنەی خۆی بۆوەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری تێدا ئامادەدەکرد- یەکترمان بینی. لەبەرئەوەی تەنهائەمریکیەکان دەتوانن زیادەڕۆیی بکەن،چەندین دۆست وڕاوێژکاربەسەرکۆماری هەڵبژێردراویان وتبوو کەئەگەرتاکەکەسێکی ئەورپایی کەپێویست بکات ببینیت پێش ئەوەی دەستەڵات بەدەستەوە بگریت تەنها (کانت دومارانش)ە. من لەو سەردەمەدابەکۆتایی زیاتر لەدەساڵی خزمەتکردن،لەپۆستی سەرۆکایەتی دەزگای جاسوسی فەرەنسا دەگەیشتم، کەبەبەراووردلەگەڵ هەموو سەرۆکەکانی تری ئەو دەزگایەی فەرەنسادرێژترین خولی سەرۆکایەتی بوولەمێژووی ئەو ولاتەدا. سەرەڕای ئەوەش،ئەودەمەجیهان چارەنووسی خۆی هەڵدەسەنگاندو کەسانێکی کەئەو چارەنووسەیان دەسازاندلەئەرکێکی گراندابوون،منیش لەئەوپەڕی سەرقاڵی هزری ژیانمدا بووم.

سەرکۆماری هەڵبژێردراو،چەند نیگەرانییەکی سەرەکی وهەنووکەیی هەبوو: هەزری ئاوێزانی دووڕوودواوی قەیراناوی بوو کەبەماوەی مانگێك زیاترلەئاهەنگی دەستپێکردنی خولی سەرۆکایەتی سایەیان خستبوو. یەکەم، ئازادکردنی بارمتەئەمریکیەکان لەئێران ودووەم،هێرشی سۆڤیەت بۆسەرئەفغانستان بوو. ئەوتەنهانوقمی نیگەرانی سەرەکی خۆی لەبارەی بارمتە گرتنە بێچارەسەرو گرانەکەو،لەلایەکی دییەوەسەرهەڵدانی ئەومەترسییەی لەلایەن ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتیەوەبوو. هەرچەندەئەم بابەتانە تەنها پێشبینی کاڵی بەدواییەکداهاتنی ڕووداوەکانی تائەو دەمەلەئارادابوون لەخۆگرتبوو،بەڵام ئێستا نە ئەو ونەڕاوێژکارەکانی هیچ دووڵییەکیان دەربارەی نەمابوو. (ڕیگان)وکەسانێکی کەلایەن خودی ئەوەوە وەك ڕاوێژکارانی سەرەکی ئەمنی قەومی هەڵبژێرابوون،لەوشوێنەداولەمەیدانەکانی دوایین

(جەنگی چوارەمی جیهانی)

دیبلۆماسیەت وجاسوسی لە سەردەمی تۆندو تیژیدا

وەرگێڕانی لە فارسییەوە/دلاوەر عەبدوڵڵا

جەنگی جیهانیی سێیەمدا–یان بەمانایەکی ترەمان جەنگی ساردـڕۆژئاوا هەبوو. ئەوانەنازناوی(سەربازانی سارد)یان لێنرابوو. لەڕۆژناوەندی ویلایەتەیەککرتووەکان و دەرەوەشیدا ئەم نازناوەیان پێدەبڕاو دووپاتەدکرایەوە. بەڵام ئەوجەنگەساردەی کەئەوان لەمەیدانەکەیدا شەڕیان دەکرد، وەکوتێوەگلانی هەموجیهان لەجەنگی دووەمی جیهانی– کەمن تیایدابۆیەکەمین جارپیشەی جەنگ ،جاسوسی و دیبلۆماسیەت فێربووم– هەموپرسی گۆشەوکەنارەکانی جیهانی لەخۆدەگرت؛ یان وەك جەنگی یەکەمی جیهانی کەتیایدایاریدەدەرەکەی جەنەڕاڵ(پرشینگ)کەباوکی من بوو، ناوبانگی پەیداکرد.لەوجێگایەدا،سەرکۆماری هەڵبژێردراو هەولی دەدا دەربارەی لایەنگران ونەیارەکانی خۆی وئەوجۆرەدەرگیرییانەی کەلەدونیاداسەرقاڵی خەباتی کردبوون،باشترین ئەزموونێکی کەلەتوانادابێت بەدەستبهێنێت. تەنانەت بیری لەوجەنگەجیهانیەی دوایی نەکردبۆوە ،کەلەدوا ساڵەکانی سەرۆکایەتیەکەیدایەکپارچەسێبەری کردبوو(جەنگی باکور–باشوریان جەنگی چوارەمی جیهانی.)لەوانەیەلەداهاتوودائەوە بسەلمێت کەئەوجەنگانە کاولکاریترین جەنگن.

چاوپێکەوتنەکەمان لەلۆس ئەنجلۆس، لەخانووەگەورەکەی(ئالڤردبلۆمینگ دیل)، کەیەکێك بوولەکۆنترین ونزیکترین هاوڕێکانی (ڕیگان)،ئەنجامدا. بەهەرحاڵ،خانەخوێکەمان بەشداری نەکردین،ئێمەلەسەر کورسی ڕەحەت وفراوان لەژوورێکی گەورەدا دانیشتین. تەنهامن وسەرکۆماری هەڵبژێردراوبووین وبۆماوەیەك– کەلەماوەی زیاترلەسێ سەعاتی گفتوگۆکان درێژەی کێشا–گفتوگۆمان کرد. هاوڕێی دێرینم(ئارنۆلد)کەبۆڕێکخستنی یەکەمین دیدارم لەگەل(ڕیگان)زۆرهاوکاری کردبووم، لەوێبوو. کاتێ ئێمەبەیەکتری ناسێنراین،سەرکۆماری هەڵبژێردراوبەزەردەخەنەیەکەوەدەستی گوشیم. بەڕێز (ڕیگان)پێی وتم:(ئای..کەسێك لێرەیە کەپێشبینی کرد،ڕووسەکان لەڕۆژوسەعاتی گونجاوداوەچنەئەفغانستانەوە.)

(ئارنۆلد)کاتێك لە(دێسەمبەری ١٩٧٩)ولەسەروبەندی هێرشی ڕوسیا

خرۆشۆف

بۆسەرئەفغانستان بەپاریسدا ڕەتدەبوو، سەرپەرشتیاری پەیامنێرانی دەرەوەی گۆڤاری(نیوزویك)بوو. کارەکانی ڕاپۆرتەهەواڵێکی تەواوکردبووپێش ئەوەی بچێتەسەرهەواڵێکی تر، سەردانی منی کرد. بەهەمان شێوەی کەمنیش سەردانم دەکرد. پاش ئەوەی نانی نیوەڕۆمان خوارد،تەنهابۆکات بەسەربردن پرسیاری لێم کردکەپێمواید دەبێئەوپاش ئێرەبۆکوێ بچێت؟ من وتم: (پێمواینەئەفغانستان سەرنجڕاکێش بێت.) ئێمەزانیاری وردوتەواومان لەبەردەستدا بووکەئەگەری ئەوەهەیەڕوسیاهەلومەرجی وڵاتی ئەفغانستان بوروژێنێ.

(ئارنۆڵد)بەبێئەوەی‌من ئاگادار بکاتەوە بۆهوتێلەکەی‌لە(لان کاستەر)دروست لەدەرەوەی(شانزەلیزە)گەڕایەوە.جانتاکەی داخست وبەمەبەستی کابوڵ کەوتەڕێ. پاش سێ ڕۆژلەکاتێکی درەنگ وەختی شەودا،بەشەکەتی پاش سەفەرێکی تاقەت پڕوکێن بەدەوری نیوەی‌دنیادا،گەیشتەجێ. بەیانی ڕۆژی دوایی بەدەنگی نیشتنەوەی فڕۆکەکانی سوپای سووری سۆڤیەت لە فڕۆکەخانەی کابوڵ لەخەو ڕابوو.ئەوتاکەڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتی بوو کەگەواهی دەستدرێژی‌ڕاستەوخۆی سۆڤیەت بوو کەبوەهۆی ئەوەی من هەرگیزهۆیەکانی ئەودەستدرێژییەفەرامۆش نەکەم.

* * *

پاش ئەنجامدانی یەکترناسینەکەمان،سەیرنەبوو کەتەوەری یەکەمی گفتوگۆکانمان سەرەتابەلای ئەفغانستاندا بسووڕێت. هەرلەسەرەتاوەئاشکرابوو کەسەرکۆمارکاتێك بەبیری قوڵ وتیژەوەچووەسەرمەسەلەکە، هیچ زانیارییەکی ڕیشەیی دەربارەی نەیارەکانی وهیچ تێزێکی دروستیشی بۆڕووبەڕووبوونەوەیان نەبوو. من لەگەڵ خۆمداله‌پاریسەوەهەشت نەخشەی گەورەی جیهانم هێناوبووکەهەموویانم لەسەرمێزی ژووری دانیشتنەکە بڵاوکردەوە. ئێمەپاش سێ سەعات دوای ئەوە،بەرەو گەشتێك بەدەوری جیهاندا کێشکراین. دەربارەی بەهێزی ولاوازی دووبلۆکی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا،باکوروباشورگفتوگۆمان کرد. من ئەوەم بەیادهێنایەوەکەبۆدروستکردنی کارخانەی‌چەکی زلهێزێك هەشت مادەی میتالی ستراتیژی پێویستە،کەئەمریکیەکان لەناو سنوورەکانی خۆیانداچواردانەیان هەیە،لەکاتێکداڕوسەکان هەر هەشتیان لەبەردەستدایە.ئێمەکەمێك سەبارەت بە فشارەکانی سەرکۆمەڵگاومەزهەب،سیاسەتەکان ودەستەڵات گفتوگۆمان کرد. لەکۆتایی دانیشتنەکەدا،سەرکۆمارپرسی؛ئایا دەتوانێت نەخشەکانی من بردبووم لەلای خۆی بهێڵێتەوە؟ منیش ڕازی بووم.

دانیشتنەکەی کالیفۆرنیا،یەکەم دانیشتنی کۆمەڵی بووکەمن لەماوەی سااڵکانی سەرۆکایەتی ئەودا لەگەڵی ئەنجامم دا. بەڵام نەمرترینیان،چاوپێکەوتنی دووەمان بووکەهەرپاش ماوەیەك لەئەستۆگرتنی جڵەوی کاروباری وڵات لەلایەن ئەوەوەبەئەنجام گەیشت. ئەوکاتەی کەئێمەلەئۆفیسی(ئورال)یەکترمان بینی بابەتی ئەفغانستان بووبووەگەورەترین سەرقاڵیەهزرییەکانی سەردەم.

من پاش کەمێك یەکترناسینی سەرەتایی وقسەی خۆش،دەستم بەقسەکرد: (بەڕێز سەرکۆمار، بۆڕووبەڕووبوونەوەلەگەڵ ئەمجۆرەجەنگەچەندین ڕێگاهەیە، لەنێوان ڕێگالەژمارەنەهاتووەکاندا یەکێکیان عاقڵانەیە. لەبەرئەوەی ئێمەناتوانین ملێونێك سەربازڕەوانەی ئەفغانستان بکەین، لەحاڵەتێکدا مومکین بێت ئەوەی من بەچالاکی(مۆسکیتۆ)ناوی دەبەم،دەستپێبکەن.)

ئەو پرسی بۆچی (مۆسکیتۆ)؟

-چونکە مێشوولەیەکی مەلاریاناتوانێت ورچێك بکوژێت،بەڵام دەتوانێت ئەوەندەئازاری بدات نەتوانێت بخەوێت، نەتوانێت هیچ بخوات وبەهۆی

گیزەگیزەوەگێژببێت. هەتائێستاکەس نەیدیوەورچێك مێشووولەیەکی مەلاریابکوژێت، بۆیەمێشووولەی مەلاریادەتوانێت دوژمنێکی مەترسیدار بێت. ئێستائەوەی کەمن دەمەوێت بیڵێم ئەمەیەکەئێمەدەتوانین لەوشێوەویناکردن و نواندنەسوودوەرگرین ولەوانەیەبتوانین لەئەفغانستان کارێك ئەنجام بدەین.)

ئەوخێراگەڕایەوەو وتی: (باشەئەو کارەعاقڵانەیەی کەدەشێت ئەنجام بدرێت چییە؟)

لەوکاتەدائێمەپێویستمان بەهیچ کام لەونەخشانە نەبوو کەلەگفتوگۆی یەکەمجارماندا لە کالیفۆرنیا لەگەڵ خۆم بردبووم،ئێمە سەبارەت بەزەمینە فکریەکانی خەبات گفتوگۆمان دەکرد. من درێژەم پێدا: (کارمەندەکانم لێکۆڵینەوەیەکیان دەربارەی هێزەکانی دوژمنەکانمان ئامادەکردووە. ئەوان بنکەیەکی سەربازییان لەخاڵێکی نامۆدێرن وتەختانیدا هەیە. بەپێی ئەمە،پێویستەئێمەبەجۆرێکی ڕێکخراو هێرش بکەینەسەریان. بۆنمونە،من لەپاریس گروپێك دەناسم کەخەڵکی گەنجن و بەهەرهۆیەکەوەبێت باری دارایی ان لاوازە. ئەوانەبەدەستنووس وبەپێی قاڵبی(سیریلیك-جۆرێك قاڵبەبەزمانی سلاڤی)ئنجیلی ڕوسی چاپدەکەن. ئەوانەهونەرمەندی بچوکن،ئەوانەبەپێی پێوانەکانی جەنگێکی بچوك دەزانن سەرقاڵی چین. ئەوانەلەنێو سەربازەکانی سوپای سووری کەلەئەفغانستان جێگیرن،بازاڕێکی ڕەشی بچوك بۆئنجیل پەیدا دەکەن. تێبینی بکەبە پێوانەی گەورە،لەوێداچ شەپۆلێکی گەورەوبڵندلەنێوسوپای سۆڤیەتیدادەجوڵێت. پێویستەئێمەئنجیلی ڕوسی بۆسوپای سۆڤیەتی جێگیرلەئەفغانستان بنێرین. پێویستەبازاڕەکانی کابوڵ پڕبکەین. سەرباریئەوە،سەربازەکانیش لەلایخۆیانەوە بەقاچاغ دەیبەنەوەبۆنیشتمانەکەیان. تۆناتوانیت بەهۆی تانك وفڕۆکەوەدژبەبڕوای گەل بجەنگیت. لەم کارە هۆشمەندانەیەدا، شتێکی کەمن ناوم ناوە(بلیمەتی چالاك)، تۆپێویستەبەرامبەر بەهەرباوەڕێك بەباوەڕێکی تر بجەنگیت،قسەبەرامبەر بەقسەو هەندێجاریش درۆ بەرامبەر بەدرۆ.لێگەڕێ فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی لەگەڵ فڕۆکەکاندا بجەنگن؛ هێزەکانی پیادە لەگەڵ تاکەکانی سوپای

ریگان

زەمینی وهەروەها هێزی دەریایی کەشتی بەکەشتی بجەنگن.) درێژەم پێدا: (ئێمە بڕوامان بەجاسوسی هەیە. بۆیەپێویستەسوودلەبیروەربگرین.)

سەرکۆماردەخەنیەوەو پێی دادەگرت ئەم بابەتە چاپ بکەم. منیش بەردەوامبووم: (دووەمین بەشی پێشنیازەکەشم سادەیە. ئێمە گروپێك لاوی ڕۆژنامەنووسمان لەپاریس هەیە، کەهەمان دەقی کۆپیکراوی ڕۆژنامەی سۆڤیەتی،واتە (کراسنایازودا) واتە(ئەستێرەی سوور) بڵاودەکەنەوە. واتەهەمان ڕۆژنامە،بەهەمان فۆرم و شێوازی تایپکراوەوە؛بەڵام تەواوشێوێنراو وتێکدەرانە.ئەو ڕۆژنامەیەهەمان پانتایی (ئەستێرەی سووری)هەیە،بەڵام ئەونییە. وتارەکانی باس لەسۆپای سوور،نشوستیەکانیان لەئەفغانستان وهەرشوێنێکی ترلەجیهانداەکات. پێویستەئەم ڕۆژنامەیە بگۆڕێت بە(ئاکسیزسالی) یان(ڕۆژی تۆکیو)لەجەنگی ئەفغانستان. پێویستەئێمەچاپی بکەین ولەناوسەربازەڕوسەکاندابڵاوی بکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆدەتوانیت لەگەڵ بردنەناوەوەی ئەم ئنجیل وڕۆژنامانەبەقاچاغ بەنرخی لەسەداسێ هەزارلەبەهای چاپکردنی بیفرۆشیت. بەمپێیە،ئەم کارە دەستکەوتی مادیشی دەبێت. کۆمەك بەتێکدانی ڕێکخستن وڕێسائەخلاقیەکانی سۆپای سۆڤیەت دەکات.

لەوکاتەداسەرکۆمارپێدەکەنی شەیدای باسەکەببوو،من وتم: (بەڕێز سەرکۆمار، فاکتەری سێیەم لەوانەیە لەهەموویان ترسناکتر بێت. لەڕاستیدا ئێوەچی لەو هەموو مادەبێهۆشکەرەدەکەن کەلایەن کۆمیتەکانی بەرگریئاسایش،پاسەوانی کەنارەکان،(FBI) وخزمەتگوزارەکانی گومرگەوەدەستی بەسەردادەگیرێت؟)

سەرۆك کۆماروەڵامی دایەوە: (باش نازانم،وابزانم ئەوانەلەناودەبرێن.)

من وتم: (کارێکی هەڵەیە، پێویستە ئێمە ئەو مادانەبەخۆڕایی بڵاوبکەینەوە.)

ئەو بەدەنگێکی لەسەرخۆ وتی: (ئاهـ..خوای من..ئۆف...)

چونکە بینیم سەراسیمە بوو،درێژەم پێدا: (لەڕاستیدا ئەمە هەمان هەنگاو بوو کەدانیشتوانی ئێتنامی سەروو لەگەڵ سەربازە خۆبەخشەکانی ئێوەلەئێتنام کردیان.ئەوان ئەم کارەیان بەپێی بەرنامەیەك بەجێگەیاندبوو.ئەگەر ئەم هەنگاوە سەربگرێت ئێوەدەوڵەتی سۆڤیەتی لەکاردەخەن. لەبەرامبەردەستکێشانەوەی سەربازەکان لەجەنگ وگەڕانەوەیان بۆڕوسیا، بۆبەرگریکردن لەو داڕمانە ئەخلاقی وڕۆحییەفشارێکی زۆردەکەوێتەسەرڕوسیا.)

ئنجا وتم: (ئەمەیە شیکردنەوەی چالاکی مێشولەی مەلاریا.)

ئەمە تێزێکی زیرەکانەیەو شتێکە کەبۆئەنجامدان پێشنیاز کراوە. شەڕێك بەبێئەوەی تەنانەت لەڕووی تووڕەیشەوەتاکە گوللەیەکی تێدا بتەقێنرێت. ماوەیەك بۆ بینینی کاریگەری قسەکانم بێدەنگ بووم وپاشان درێژەم پێدا: (لەسەرو ئەوانەشەوە،هەموو چالاکیەکە دەتوانرێت بە بڕی یەك ملیۆن دۆلار زیاترنا بەچەندکەسێکی وەفادار سازبکرێت.تەنها یەك ملیۆن دۆلار. چونکەگەر زیاتربێت پێشنیازەکە کاریگەری نابێت.ئێستا ئەوەی کەپێویستەلەم چالاکیەدائەنجام بدەیت، دەزانیت.ناچاریت مێشکێکت هەبێت کەڕەنگەبکەوێتەبەرلەعنەتی خودا،وەك ئەوەی لیمۆ بیخەیتەژێرفشارەوە).

ئەو ڕایگەیاند: (کارێکی سەختە،تائێستا کەس شتێکی لەم بابەتەی پێنەوتووم.) دەستی بۆتەلەفونیئاسایش درێژکردو زەنگی بۆ(ولیام کەیسی)لەسەنتەری ئاژانسی جاسوسی(سیا)لێدا.

(کەیسی)لەکاتەدا بەرپرسیارێتی هەواگری مەرکەزی لەئەستۆبوو،بەڵام ئەو زیاترلەبەڕێوەبەرێك بەرپرسیارێتی هەبوو. هاوڕێیەکی نزیك بوو

کە(ڕێگان) بەتەواوی پشتی پێدەبەست.لەکاتی بابەتەهەستیاروئاڵۆزەکان وپرۆژەمەترسیدارەکانی کەهەڵچوون و داچوونی گەورەیان تێدابوو ڕاوێژی پێدەکرد.

(ڕیگان)سەبارەت بەوەی ئێمە باسمان لێوە کردبوو ڕوونکردنەوەیەکی کورتی بە(کەیسی)داوپێیوت کەناچارەچاوی پێی بکەوێت. پاش دووڕۆژ سەردانی(کەیسی)م کردونەخشەکانی (چالاکی مێشولەی مەلاریا)م بۆ دووپاتکردەوە.ئەوعاشقی ببوو. لەسەرکورسیەکەی هەستابوو لەهەوادابااڵەکانی کردبۆوەو وتی: (ورچێك،مرۆڤێك)

من وتم: (ڕێگابدەئەم کارە مەیسەربکەین) ودرێژەم پێدا(بێڵ،دەربارەی ئەم داواکارییە لێم ببورەو بەجنێوێکی پیسەوەوتم: (بزانە گەرئەم کارە سەربگرێت بەباشی تەمێدەبن،تۆبۆبەئەنجامگەیاندنی کارێکی وا پێنج هەزارکەس دەخەیتەبەرکار، لە کاتێکدا تەنهاپێنج کەس پێویستە.)

بۆماوەی دەقیقەیەك بێدەنگ بوو،پاشان بەئارامی پرسی (ئەلیکس،دەتوانیت تۆئەم کارەئەنجام بدەیت؟)

من وتم(بەڵێ،بەاڵم نابێت هیچ ئەمریکیەك بەشداربێت،ئەوئەمریکیانەدەتوانن لەدووری میلێکەوەبڕوانن. سەرەڕای ئەوەش،بەپێی بیرۆڕای (CIA)چەندگرفتێکم لەگەڵیاندا هەیە.ئەوان ناتوانن مەسەلەیەك بەشاراوەیی بهێڵنەوە.لەماوەی کارکردنی یازدەساڵیم لەناوڕێکخرای جاسوسی فەڕەنسادا،تۆشەشەمین سەرۆکی(CIA)یت کەلەگەڵیدا سەروکارم هەبێت.

درێژەم پێدا(زۆربەی کاتەکان سەرۆکی محەلی(CIA)لەپاریس بەمن دەڵێت: بەیارمەتیت رستەکەت تەواو مەکە،ئەگەر ئەو شتەی کەمن دەیزانم و بڕیارە تۆدەربارەی زانیاریم بدەیتێ باسیبکە،ئیتر هیچی تر گرنتی ئەوەی نییە بەنهێنی بمێننێتەوە.)

(کەیسی)کەبریکاروخاوەن پیشەیەکی سیاسی بوو،چونکەلەجەنگی دووەمی جیهانیداەخزمەتکردن لەئۆفیسی خزمەتگوزاری تایبەتدا هیچ ئەزموونێکی جاسوسیانەی سەرەکی نەبوو،بەئاشکرا تووشی شۆك بوو،وتی(ئەی چ خەوشێکیتێدایە ؟)

من وەاڵمم دایەوە(سەیرکە،لەسەداهەشتا یان نەوەدی ئەوچالاکیانەیئێوەبەنهێنی ئەنجامی دەدەن بەئاشکرا ئەنجامی بدەن ولەسەدا دەکەیتری کەبەئاشکرائەنجامی دەدەن بابەڕاستی نهێنی بێت.)بەاڵم چالاکی(مۆسکیتۆ)جیاوازبوو.ئەگەر ئەوە لەکۆنگرێسدابخرایەتەژێرپرسیارەوە،لەڕونکردنەوەو وەاڵمدانەوەدا تووشی دەردەسەری جدی دەبوو. بۆیە(کەیسی)نائومێدانە ویستی بیخاتە بواری پراکتیکەوە.

پاشان پرسی: (ئەیچۆن ئەنجامی بدەین؟)

من دووبارەم کردەوە: (پێویستە هیچ ئەمریکیەك لەچالاکیەکەدا نەبێت؛چونکەئێوەناتوانن نهێنی پارێزبن. ئێمەپێویستمان بەپاکستانیەکانە.)

یەکسەربەفڕۆکەبەرەو پاکستان کەوتمە ڕێ، چونکە(بێڵ کەیسی)تەلەفۆنی لەگەڵ پاکستانیەکان کردبوو،دانیشتنێکم لەگەڵیان ڕێکخست. پێیانم وت: (بابەتەکە زۆرئاسانە ،هەموو ئەوشتانەیکەمن لەئێوەم دەوێت ئەوەیە کەکاتێك ئێمە لەفڵانەڕۆژوسەعات وفیسارەشوێن بووین دەست بەچاوتانەوە بگرن.)

ئێمە نەماندەویست ئەوان تووشی گرفت و ڕووبەڕووبوونەوە بکەین.ئەوان ڕازی بوون ومنیش بۆماوەیەکی زۆرکورت گەڕامەوە بۆلای(کەیسی)لەواشنتۆن. دەستم بەقسەکردو وتم: (بێڵ،ئێمە پێویستمان بەکەمێك پارەهەیە.)

ئەو وتی: (ئێ،ئێمە پارەیەکی زۆرمان هەیە،چۆن بۆدەرەوە بۆت ڕەوانە بکەم؟)

(تاکه ڕێگا ئەوەیە کەئێمە پارەکە بدەینە پاکستانیەکان و ئەوان خۆیان لەڕووی مادییەوە چالاکی(مۆسکیتۆ)بەڕێوەببەن.)

سەرئەنجام ئامادەبووین. کارگوزارانی ڕاپەڕاندنی خودی پاکستانیوەهەندێجەنگاوەرانی ئازادیخوازیئەفغانیمان ناسی.ئەوانە لەڕێگای قاچاخچێتی مادەبێهۆشکەرەکان یان پشتگیری سیاسییەوەپلەبەپلەبووبوونەبەرپرس وخاوەن دەستەڵاتی وڵات. لەپاریس،قۆناغی پراکتیکی بۆچالاکیەکەلەگەڵ ڕاجێکی بێسەروبەرەڕێکخراکەبارەگای فەرماندەییەکی نهێنی بوو،تەنها چاوەڕێی سەرمایە بوو.پاش ئەوە،پێشتریش ڕۆژنامەنووسان بەیارمەتی چەند کەسانێك لەڕاڤەکارانی دەزگایجاسوسی ئێمە لەحاڵەتی لێکۆڵینەوەیبارودۆخی ئەفغانستاندابوون،تائامادەکاری بۆکاریگەرترین پوچەڵکردنەوەی سیاسی لەڕۆژنامەدا سازبکەن. سەرئەنجام، هەموو شتێك لەجێگای خۆیدادانرا. لەگەڵ ئەوەشدا من بەشێوەیەکی بەرچاو لەزیادبوونی ژمارەی ئەو ئەمریکیانەی لەچالاکیەکەئاگادارەبوون نیگەران دەبووم. بۆگفتوگۆودوایین ئاگادارکردنەوەوسەردانی (کەیسی)چووم بۆ واشنتۆن. پێموت: (ئێمە هەموومان ئامادەین ،بەڵام من مەرجێکی ترم هەیە.)

ئەو بەسەرنجەوە پرسی : دەبێت ئەو مەرجەچی بێت؟

-ئایادەتوانیت گرنتیئەوەم بدەیتێ کەلەکۆتایی کارەکەداوێنەیمن لەیەکەم لاپەڕەی (واشنتۆن پۆست)یان (نیۆیۆرك تایمز)لەچاپ نادرێت؟

-ئەو بەشێوەیەکی لێبڕاوانە وتی: نەخێر، ناتوانم لەم بارەیەوەگرنتی ئەوەت بدەمێ.

-کەواتە ،بێڵ..ئەوکارە فەرامۆش بکە،من ئەوکارەئەنجام نادەم.

ئەمە کۆتای چالاکی (مۆسکیتۆ)بوو.ئەوەی چەندلەسەرزەمینی ئەمریکای ژێرفەرمانڕەوایەتی(ڕۆنالد ڕیگان)بەرەو جەنگی چوارەمی جیهانیی نوێ دەبۆوە،ڕون وئاشکرابوو.هەرگیزجۆرەپانتاییەکی کەئێمە ئامادەی ڕۆشتن بووین بۆی-لەواقیعیشدا بۆی ڕۆشتین- فراوانتر لەئارادانییە.

بەبڕوای من،لەبەرئەوەی دەزگاکانی جاسوسی ڕۆژئاوا بەهۆی دابڕانیان بەدرێژایی جەنگی سێیەمیجیهانی وخۆپاراستنیان لە دووبارەکردنەوەی چالاکی،ئیفلیج دەبن، ئیترئێمەناتوانین ڕێگرێکی واقیعی بین لەبەردەم خۆئامادەکارییەکانی شەڕی جەنگی چوارەمی جیهانی ولەوێداتووشی شکست دەبین. مەدەنیەتی خۆرئاوا-بەهەمان شێوەی کەدەیبینین-لەڕاستیدا ئابڵوقەدەدرێت.لەماوەی یازدەساڵی ئائاسایدا، من لەهەموو شوێنێك و بەتایبەتیلەهەموکارێکینهێنیدا،دەستەڵاتی گەورەم بەکار هێناوە.ئەم دەستەڵاتەمردن و ژیان نەبووە؛ گەرچیکاتی وادەهاتەپێش کەمن بڕوای تەواوم بەباوەڕەکانم هەبووەولەم حاڵەتەشدا لەتەنگانەکانی ژیان و مردندا خەباتم کردووەولەلایەکی دییەوە،لەتوانای تێکدەرانەی ئەتۆمی فڕۆکەکانی نیشتمانیشدا نەبووەکەژمارەیەك لەڕابەرە نەتەوەییەکان کەموزۆربەجۆرێکی شاراوەلەخولەکورتەکانیاندابەکاربهێنن.

من لەکارکردندا توانستی جاسوسیم پێباشترە.- توانستی زانینی هەموو شتێك کەلەمەیدانی سەرنجڕاکێشترین بابەتی جیهاندا دەتوانین پێیبگەین، توانستێکی کەبەهۆیەوە بتوانین تێبگەین چۆن ڕووداوەکان بۆ ئیمتیازاتی وڵاتەکانمان و هاوپەیمانەکانمان دەگۆڕێن.-ئەوانەی لەم مەیدانەدابوون،لەڕاستیدا هەست دەکەن کەدەستەڵات دەتوانێت چەندبێترس بێت. ئێمەی-ڕابەرانی بەهێزترین دەزگای جاسوسی دنیا-یانەیەکی

هەڵبژێردراوو بچوکین ولەبەرئەوەی پەیوەستی دۆستانەو شەرافەتمەندانەی دوولایەنەمان بەستووە،کاتێ کارتی ناسنامەکانیشمان بەلاوەدەنێین،دووبارەهەرئەم دەستەڵاتەکۆتایی نایەت. بۆنمونە،ڕێدەکەوێت کەئەندامێکی یانەلەژانێکی دوورودرێژدابۆتێگەیشتن لەڕووداوەکان تینووی زانین دەبێت؛ یەکێکیش بەناچاری مانای خۆشحاڵی لەزانینەوە تێدەگات.

بەپێچەوانەوە،ئێمە دەتوانین سوودلەڕاوێژکاری ئەوکەسانەببینین کەخاوەنی ئەم توانستەن واتە (عەقڵ)؛ عەقڵێکی کەلەناو قەیران وڕووبەڕووبوونەوەلەژمارەنەهاتووەکاندا لەپێناوی‌چەسپاندنی ئاسایش وباشترکردنی هەلومەرجی‌جیهانی‌ئازاددا بەدەستهێناوە. بەمپێیە،توانستی عەقڵ لەزۆربەی کاتەکانی ژیانمدابۆشتێکی تری لەجۆری پەیمانێکی بەهێز-کەبتوانێت جۆرێکی بێدەنگی بێت-داکشاوە. بێدەنگییەک بەقوڵی‌وگرنگی سوێندێکی بەخوێن کەسەرۆک خێڵێک سوێندی پێخواردبێت. هەواڵگری وتوانستێکی کەهاوکارەکانم پراکتیکی دەکەن، بۆپارێزگاریکردن لەخشڵەکانی دەستەڵاتمان لەگەڵ بەرزترین میزانەیەی نهێنی تێکەڵەوژیان وچارەنووسی میللەتانیش بارمتەی ئەو جۆرە توانستەن.

لەئێستادا بەڵگەم بۆ شکاندنی بێدەنگی ،سادەیە.من دەمەوێت هەموو ئەو شتانەی کەپێشترلەکاتەکانی ژیانمدا لەگەڵ خۆم وبەتەنها وتوومە،بەچاپی بگەیەنم. بەندەلەو بڕوایەدایە کەلەجەنگداین.ئەم مەبەستەلەوانەیەلەڕووی تازەکردنەوەی پەیوەندییە پێشبینی نەکراوەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا،دیموکراسیەتی تازەبنیادنراولەهەندێ‌وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتی وئاشکرایی روانگەی بێمەترسی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیای پێشووسەبارەت بەومەسەلانەی ناویان هات،هەندێك سەیر بێتەبەردیدە. بەڵام دوژمنەکەمان لەسێ‌چارەکی سەدەی ڕابووردووداجێگای خۆی لەگەڵ دووژمنانێکی نوێ گۆڕیوە . دوژمنانێکی زۆر خەتەرناکترکەئەگەر ئێمەبمانەوێت ڕووبەڕوویان ببینەوە،دەبێت بیاناسین. جەنگی چوارەمی جیهانی بۆ دیموکراسیەتی خۆرئاوا، بۆدیموکراسیەتە نوێیەکانی خۆرهەڵات تەنانەت بۆخودی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتیش،ماوەیەکە دەستی پێکردووەودوژمنەکانمان وئەوانەشی سوودلەبوونی ئەو دوژمنانەدەبینن یان کۆنترۆڵیان دەکەن،هەموویان لەنێومان یان لەدەرووبەرمانن. ئەگەرئەوانەلەهەوڵدانیاندا بۆسەرکەوتن بەسەرماندا سەرکەوتووبن،یەکەمین قوربانیەکانیان لەوانەیە ئەو ئیسلامیە میانڕەوانەبن کەئێستا دۆست و هاوپەیمانی ئێمەن.ئەم دوژمنانە خاوەنی هەرئەندازەیەکی هەستی مەزهەبی بن،کەسانێکن کەبونیادەکانی دیموکراسیەتی ئێمە لاوازدەکەن.ئەوانە وەك خێو لەجیهانی سێیەم کەبێبەشەلەبردەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی،مناجات دەکەن ودژبەشارستانیەتی ئێمە چەکداریان دەکەن.

ئاڵووێرکارانی مادەبێهۆشکەرەکان کەهێواش هێواش نفوزیان کردۆتە شارەکانمانەوەو لەژێر ڕوپۆشی بەرهەمهێنانی بەزۆری دەرمان، بەهەموجیهانداهاتووەڵدێن وئەوشتەی کەوێرانکەرەبەکەسانێکی کەزۆرگەنج و بێگوناهن یان ئەوەندە گێڵن کەنازانن لەسەر لێواری لەناودانی ئایندەیانن وبەدڵنیاییەوە ستونی پێنجەمی کۆمەڵگاکەمانن،دەفرۆشن.

جیهانی ئەمڕۆ لەگەڵ جیهانێکی کەمن پێشتر ژیانم تیایدا گوزەراندووە،هەندێك جیاوازە.قاڵبی کەسایەتیەکان ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە.لەم جیهانە نوێیەدا،پێویستە ئێمەفێری جۆرێکی نوێی شەڕلەجۆرەکانی جەنگ ببین؛جەنگێك کەچالاکیەکانی وەکو (مۆسکیتۆ) بنەمای شەڕە.ئەمەجەنگێکە کەتیایدا،جاسوسی وتوانای داهێنان ،زیادلەهەموو

شتێك گرنگی هەیە. جەنگێك کەتیایدا دڵنیابوونی پێش هەڕەشەکردن گرنگەولەو جەنگەدا،مانەوەمان بەندەبەسوودمەندبوونی خێراو زرنگانەی توانای سەربازی تایبەت کەلەلایەن وڵاتەفراوانبووەکانەوە بەکار دەهێنرێت.

ئێمە لەساتێکی قەیراناوی مێژوودادەژین،ساتێکی کەپەیمانەکان شکاون وبەرەو کێشمەکێشەکانی جەنگی چوارەمی جیهانیی وجەنگی باکوروباشوردەڕوات.

لەوکاتەدا کەئێمە پێویستمان بەکۆنترۆڵکردنی بنەڕەتیترین چەمکەکانی جاسوسی وبەرگریکردن هەیە،هەموو پێداویستیە سەرەتایەکانیجەنگی سێیەمی جیهانییان جەنگی سارد،هەزرو ستراتیژی ڕێنمایی کردووە. لەواقیعدا،ئێمە دەستپێشخەریمان لەکارێکدا کردووە کەلەوانەیەوێرانکەرترین جەنگیناوجەنگەتۆمارکراوەکان بێت.جەنگێك کەتەنانەت دوورترلەپەیمانی خۆلادان لە جەنگی ئەتۆمی کەلەجەنگی سێیەمی جیهانیدا پێشێل کرا،هەمان پێشبینی کۆتایی شارستانی–بەلایەنی کەمەوە شارستانی خۆرئاوایی–ئەنجامەکەیەتی. هەمیشە،لەمیانەی ئەوجەنگانەی کەسوودلەچەکەئەتۆمی،کیمیایی،میکرۆبیەکان ئەنجامدراوە،ئەگەری نابوتبوونی ژیانی مرۆڤایەتی وتەنانەت سەرەتایترین شێوەکانی لەئارادابووە.جەنگی چوارەمی جیهانیی دەتوانێت شەڕێکی هێندە تۆقێنەرانەبێت کەوردەکاری تاکتیکی وبەکارهێنانی چەکەترسناکەکانی،هەرگیز پێشترلە کێشمەکێشەکاندا بەدینەکرابێت. زیاترئەم چەکانەی شەڕ،لەهەمان جۆرەکانی پێشوتریيەوەداکەوتوون وئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا هاتووە،بەڵام لەژێرکۆنترۆڵ وچاوەدێری کەسانێکی کە فرمانی ئیداریان لەدەستدایەو پەیوەست نین بەهیچ کام لە شارستانیەکانی کەئێمە شارەزایانین وتێیدەگەین.

لەجەنگەجیهانیەکانی یەکەم ودووەمدا،دوژمنانی سەرەکی ئێمەی ئەوروپایی،لەنێوان خۆماندابوون. ئەوروپیەکانی وەك هیتلەرو مۆسۆلینی کەڕەنگەئامانجەکانیان شتێکی دەروونی بووبێت،بەڵام پێکهاتەی بیریان لەڕیشەداخۆرئاوایی وباکوری بووە.ئەندێشەکانیان دوژمنایەتی یان بێزکردنەوە،دەستەڵات و بەدەستهێنانی قەڵەمڕەوی زۆرتربووە.جەنگیسێیەمیجیهانیی یان هەمان جەنگی سارد،گێرمەوکێشەی نێوان خۆرهەڵات وخۆرئاوابوو. ئەم شەڕە،شەڕی نێوان سیستمەسیاسیە نەیارەکان بوو؛ کەلەیەك ئۆردوگادا،ئازادی لەئارادابووەلەوی دیدا کۆیلایەتی ئەخلاقی،جەستەیی وهەزری.نەیارەکانمان وەك کاردینالی نوێیمەزهەبی وبەبێ خوداخۆیان دەنواند،وەك چوارچێوەیەکی کەکۆمۆنیزم بۆخۆی دایڕشتبوو. سەرانی هەردوو باڵەکە،هەروەك جێنیشینەکانی پێش خۆیان،لەڕووی فکرییەوە پیاوان وژنانی باکوری وتەنانەت ئەوروپایی بوون.ئامانجەکانم لەدرێژایی زیاتری خولەکانی بەرەنگاربوونەوەم ناسینی دوژمنان وباشترین شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەجەنگی سێیەمی جیهاندا بوو.لەوانەیە لەم دیدەوە،هەموو هەوڵەکانم لەشەڕی دوژمنەکەی سەرەوە–ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی–تەنها بەهای زیندەبەچاڵکردنی لەزبڵدانی مێژوودا هەبێت. زاراوەی(ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت)ی وهەموئەوگەورەییانەی بەدوایدا دەخوێندرێت،حەقیقەتێکەکەمومکینەڕۆژێك تەنها یادەوەری بێت.بەڵام پیشەی جاسوسی–کەمەبەستی ناسینی قوڵی دوژمنە–لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دوژمنانی نوێ لەجەنگی چوارەمی جیهانیدا(واتە جەنگی باکور–باشور) بەئەندازەی ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ لایەنەنەیارەکانیجەنگی سێیەمی جیهانیی (واتە جەنگی خۆرهەڵات وخۆرئاوا)مایەی ژیان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا،ناسینی

دۆست وهاوپەیمانەکانمان بەئەندازەی ناسینی دووژمنەکانمان سوودبەخشە. بەتایبەتی کاتێك کەدۆستێکمان یان بەلایەنی کەمەوە لایەنگرێکی ڕاستەقینەمان،کەتائەم دواییانەدوژمنێکی سەرسەختمان بووبێت؛وەك ئەڵمان یان ژاپۆن لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی. ئەگەر ئێمە ئەم وانانەلەمێژووەوەفێربووبین،لەکاتی بزاوتن لەمەیدانی وێرانکەرترین جەنگی چوارەمی جیهانی، بۆگۆڕینی ئەوشتەی ڕۆژێك ئیمپراتۆریەتی تۆندو تۆڵی ڕوسیابوولەنێوان تۆڕی دۆستان و هاوپەیمانەکانماندا شانبەشانمان هەنگاوی دەنا،ڕێچکەیەکی ئاسانترەدەبڕین.لێگەڕێ ئومێدەواربین، کەئەمەخەونێك نییە. بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کەلەدەزگای جاسوسیفەڕەنسادا لێکۆڵینەوەی فراوانم هەبووەو،هەندێلەلێکۆڵینەوەو زانیاریەکانم پەیوەست بوون بەجیهانیئەوروپای خۆرهەڵاتەوە،بەپێی دەستەڵاتەکانم خۆم گریمانەم سەبارەت بەو دۆستەنوێیانەئامادەکردووە. سەرەتاڕوونبووکەئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی دواین ڕژێمێکی بەتەواوی ڕاستڕەوە—لەجۆری دواسیستمی ئیستعماری بەشێوەکۆنەکەی کەپێویستەئەوروپیەکان بەتەواوی بیناسن،بەڵام نەیاننناسی. سۆڤیەت ئیمپراتۆریەتێکی کۆنینەی ناوچەمکی کڵاسیك بووکەلە هەوڵی ئەوە دابوو سەدوسی یان ژمارەیێکی زیاتری میللەتان وخێڵی جیاوازلەژێرفەرمانڕەوایەتی خێڵی باشتری ڕوسی، کەلەڕیشەی ئەوروپیە سپێپێست وبێمەزهەب ولەخزمەت کۆمۆنیزمدابوون، کۆبکاتەوە. پێش هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی سۆڤیەت،دەتوانرا بەئاسانی زەن بکرێت کەئەم ئیمپراتۆریەتە— کەبەشێکەلەکیشوەرێکی فراوان لەزەریای ئارامەوەبۆچیاکانی ئۆرال—تەنهالەلایەن ئەوروپیەکانەوە،ئەوئەوروپیانەی کەزیاتر لەیەك سەدەیە تیایدادەژین،بەڕێوەدەبرێت. لەوبەری زنجیرەچیاکانی ئۆرالەوە، ناوچەکانی ئاسیایی ڕوسیای سۆڤیەتییە کە تازەریای ئارام دڕێژبۆتەوە. پانترین تاکەسەرزەوی لەجیهاندایەکەڕێگربووەلەبەردەم فراوانخوازی وڵاتانی زەبەلاحی وەك ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەدا. تائەم دواییانەش،ڕوسەکان بەهەستی ئیرەیی ولەڕاستیشدا بەبێ هیچ دوودڵییەك بەلام بەپشتگیرییەوەهەوڵیان دەدابۆخەوی دەستبەسەراگرتنی جیهان کەئێمە تیایدا پێشدەستیمان کرد.خەونەکەی ئەوان خەونێك بوو کەلەلایەن لینینەوە بۆهۆی بڕواکانیەوەسەرچاوەدڵداولەنێوان سیاسەتەکانی جیهانداخاوەنی هیچ ڕیشەیەکی تۆندوتۆڵ نەبوو. سیاسەتێکی کەپێویستەمیللەتێك بەزەبری هێز فراوانی سەرزەمینەکەی یان سەرهەڵدانەکان بۆ جوودابوونەوە وپارچەپارچەبوون بەتەواوی بپارێزێت.

لینین دەڵێت : (ئاژاوە ،مامانی مێژووە)

لەڕاستیدائەمەبەشێکی ئەوهێزەیەکەئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی گەیاندەکۆتایی خۆی، دوای ئەوەجەنگی سێیەمی جیهانیشی گەیاندەکۆتایی. لێرەوە کەسیستمی سۆڤیەتی لەهەڵوەشاندایە، تەنانەت ئەگەروەك زلهێزێکیش بمێنێتەوە،بەپێئەمە،کەمتر دەبێتەجێگای هەڕەشەبۆدوژمنەکۆنەکانی. دەوڵەتە کۆمۆنیستیەکانی ئەوروپای خۆرهەڵات یەکەمین دەوڵەت بوون کەلەو ئیمپراتۆریەتە جیابوونەوە.پاش ئەوەچی بوو؟خودی یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشا.

دەبێ ئەوەش لەیادبێت کەهەریەکەلەومیللەتەقەومی یان زمان جیاوازانە،پاشی خوێنڕێژییەکی ترسناك پێکەوە گرێدرابوون.

گریمانەی دووەمم لەلێکۆڵینەوەدەربارەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی زانینی ئەم بابەتەیەکە؛ ڕوسەکان لەماوەی چەندین دەیەداسەرکەوتووبوون،چونکە پشتیان بەواقیعێی

ڕووتی‌ژیـــان بەســـتبووکەنەك تەنهابۆئـــەوان لـەباربوو،بەڵکولەمڕۆدابۆئێمـە، نوێیـەکان، تەنانـەت سەرسەختترین دوژمنەکانیشمان ڕاستە.

ئەوەحەقیقەتەکـــەداگیرکردنی خاکـــەکان ودەستبەسەراگرتنی قوتـی خـەڵکی ئیـتر پێویسـت نییە،بەڵکوزاڵ بـوون بەسەرمێشك و ڕۆحداپێویستە؛ بەمجۆرەوبەپێی‌ئەمـــە، خاکـــەکان خۆبەخۆدەبنەســـەربەئێمە. ئێمەلـــەخۆرئاوا پێویســـتەلەومەیدانە فکریـــەدا ڕۆڵ بگـــێڕین. بۆماوەیەکی درێژ ئێمەهەموومان خاوەن ئـابڕوبووین. من خۆشم بـەهۆی ئـادابی مارکیەکـەوە (کوئینزبری) جێگـای ڕێزلێنـان بـووم. بـەڵام ئەگـەر تۆبـەجوتێك دەستکێشـــەوە بچیتـــە مـــەیدانێکی بـــازی کۆڵەمشـــتەوەولەبەرامبەرتا کەســـێك بوەســـتیت کەچەکێکی شاراوەی هـــەڵگرتبێت،کـارت تـەواوە. لەوانەیـــەبۆماوەی دەســـانیەیەك وەك قارەمـــان وبەرچەستەدەربکەویت،بـەڵام تەنـها ڕابووردووەکەتـە کەناونیشـــانی قارەمـــانیت پێدەبەخشـــێت. پێویسـتەدژبەنەیارەکان لەگۆشـەیەکی زۆردوورەوە، دەست بەچالاکی بکـەین. ئـەمڕۆ،لەزۆربـەی بـەرەکان ودژبەزۆرلەنـــەیارانمان لەمـــەیدانی(جـــەنگێکی هزریدا)سەرقاڵی زۆرانبازین.

پێـــش ئـــەوەی بتوانـــین بیانبـــەزێنین یـــان بیانهێنینـــەڕیزی خۆمانـــەوە،پێویســـتە بیاننناســـین. بۆنمونـــە،ولیـــام کەیســـی،ئـــەو پەندەیلـــە چالاکی(مۆسکیتۆ)ی وەرگرت، فەرامۆشـی نـەکرد. ئەوکاریگـەری خستنەسـەرهزرودڵی نـەیارەکان نـەك تەنها هێرش بۆسەر ئامێرەکـانی بـەرگری وفیزیکیان درك پێکردبوو. بەڵام گەر کەیسی سەرسەخت وانـەی بـــەوجۆرەش فـــێربووبێت،بەدەگمـــەنو لەســـاڵە سەرکەوتووە کەمەکانداەیتوانێ بەکاریبهێنێت. مـن خانەنشین کرام کە(جۆرج بوش)یش بەدرێژایی ماوەی پۆســـــتی بەڕێوەبەرایـــــەتی (CIA)، لەوکۆتاییانەدا،پەی بەڕەهـەندەکانی ئـەم مەسـەلەیە بردووە. بـەڵام هـەتا(مستەرجۆرج بـوش)یش لـەناو خولی مەیدانی ڕاپەڕاندندا نـەیتوانی ڕەوشـی (CIA) بگۆڕێـت. ئاشـکرایە کەهـــەوڵی دابۆدۆزینـــەوەی ئامڕازەکاریگەرییەکانی جاسوسـی کەتوندبەسـترابوو بەبیرۆکراسیەتەوە،پرسوڕا بەمن بکـات. ئەوبیرۆکەی بەبـــەهای هـــەبوو. بـــەڵام لەودەمـــەوەی ئـــەو بیرۆکانەبەدەســـــــــــتهێنراتائەوکاتەی خرایەجێبەجێکردنەوەچەندین ساڵ درێژەی کێشـا. ئێمـــەی ئـــەوروپی وئـــەمریکی کەلـــە پـــەڕاوێزی کەنارەکانی ئەتلانتیکداین،بیرلەیاسایترین مەرجەکانی جـــەنگ وئاشـــتی،بـــەرژەوەندی ودیبلۆماســـیەت دەکەینـــەوە. ئێستاواپێویســـتەلەگەڵ ڕابـــەرانی سـۆڤیەتی وکرملـین یـان لەگـــەڵ تیرۆریســـتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕوو ببینەوە کەســاڵەهای ساڵەمێشـکیان بـەجۆرێك بیرکردنـــەوە پڕکـــراوە کەدروستکراوی دەستی خۆیانـە. لەوانەیـە ئەمـە گـــەورەترین شکســـتی ئێمـــەبێت. پڕۆفیشـــنالترین جاسوس کەسێکەکەبتوانێت خۆی بخزێنێتەناوجێگای دووژمنەکانیـــەوە،تێبگـــات کەئـــەوان چـــۆن بیردەکەنـەوە،چۆن هەست بـەواقیع دەکـەن ولـەچ ڕێگایەکەوەدەوروژێن. سێیەمین گریمانەم کەلەماوەی چـــەندین ســـاڵی خوێندنـــەوەی بونیادنـــەرانی ئیمپراتۆریـەتی سۆڤیەتی بەدەستم هێناوە،ئەمەیـە کەگەورەترین هێزیان–کەلەگەڵ هـەندێ لەڕژێمەکانی خۆرهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدادەبنەهاوبەش وهـــەندێ جاربۆڕێکخســـتنیان بـــەوجۆرەهاوکارییان دەکـــەن– لەوێدایەکەئەوان وەك ئێمەمامەڵە لەگەڵ کات ناکەن. ئەوانە (سەعات وکات)ناناسن وهێڵ وسنووردارییەتیان نییـــە. ئەمـــەش خـــۆی لـــەخۆیدا هۆکـــاری داڕمـــانی ئابووریەکەیانـــە، گەشەســـەندنی ئـــابووری خـــۆی لەخۆیداخێرایییەکی شێتانەوپێداویستی تایبەتی خۆی هەیە.

بەڵام لەڕوانگەی مێژوویییەوە، تێبینیکردنـی (کـات) زۆر گرنگە. ئێمەلەخۆرئاواچوارچێوەکانی (کـات)مـان

هەیەکەزۆرلەژێرفشاردا لەیەکتر نزیک دەبنەوە. بۆنمونە،بۆماوەی هەفتەومانگ بەرنامەڕێژی وکاردەکەین نەک بۆماوەی دەیەکان. بەمپێیە،ئەمەش خاڵێکی تری لاوازییەکەپێویستەچاوی پیابخشێنینەوە.

من لەبەڕێوەبەرایەتی دەزگای جاسوسی فەڕەنسادا، لەناومەیدانەجیاوازەکانی جەنگدا،ڕۆڵمان دەگێڕا.لەیەکێك لەوانەدا، لەگۆشەجیاوازەکانی ژوورداولەبەردەم دیوارەپانەکانی کەنەخشەفراوانەکانی جیهانی پیادا هەڵواسرابوو- گروپەسەرەکیەکانی هێزەسەربازیەکانی ئیمپراتۆریەتەجیاوازەکانی بەئاڵای ڕەنگاوڕەنگ لەسەری دیاری کرابوو- ڕیزدەبووین وڕۆڵی وڵاتە جیاوازەکانمان دەگێڕا. لەزۆربەی کاتەکاندا،یەکێك لەدوولایەنەکە ڕۆڵی نەیارەکانی روسی دەگێڕا،لەهەنگاوەکانی دوایدا،بەتێبینی کردنی سروشت وماهیەتی ڕوویداوەکان، ڕۆڵەکانمان دابەشدەکرد. تیمێك ڕۆڵی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست -ئێران یان عێراق وسوریەو لیبیا-ی قبوڵ دەکرد.

ئەم کارەجۆرێك لەگێڕانی ڕۆڵ بوو؛ بەڵام بەداخەوە بەدەگمەن واهەڵدەکەوت ڕووداوی مانگ وساڵەکانی دوایی لەوێدا پێشبینی بکرێت. دیارەئێمە پەیمان بەدارمانی بێچەندوچوونی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی بردبوو. سەرەڕای ئەوەش، لە پێشتریشدا، پێشبینی هەڵچوونی کورەیەکی گەورەی ئاگرمان لەخۆرهەڵانی ناوەڕاست دەکرد. ڕاڤەکاریەکانمان تاڕادەیەك وبەهەمان پێوەرلەدەرەوەی سنوری(کات)بوو. وامان زەن دەکرد کەلەوانەبێت ئەم تەقینەوەوئاگرەگەورەیەلەسەرەتای سەدەی داهاتوو لەئایندەیەکی دووردا ڕووبدات؛ ئالێرەدایەکەبەهای هاوسەنگی لەگەڵ بەهای ئارایشتکاری ستراتیژەکانی پەیوەست بەڕووداوو قەیرانە ڕاستەقینەکان- کەلەزەیندابەرجەستەبووە -نایەنەوە یەك.

لەژوورەجەنگییەکانی هەموودەزگا جاسوسیەکان لە(لانگلییەوە)لە(ڤێرجینیا) بگرەتامەیدانی(دزرژنیسکی)لەمۆسکۆ،لەو شێوەڕاڤەکاریانەلەئارادایەکەبەتەواوی لەپێشبینی کردنی ڕووداوەکان بەوجۆرەی کەلەڕاستیدا ڕوودەدەن،ناکام بوون. ئێمەلەنێوان ڕووداوێکدابووین کەبۆنوکی ڕمی جەنگی چوارەمی جیهانی دەگۆڕاوئێمەئەودەمە هەستمان بەم شتەنەدەکرد. کێشمەکێشێکی کەئێمەپێوەی سەرقاڵ بووین لەڕاستیدا شتێکی تر بوو. ئەم شەڕە،لەناهەموارترین هەلومەرجدا،شەڕی وڵاتانی باشوورە دژ بەباکوور؛ وڵاتانی هەژارو ڕێکنەخراو،دژبەوڵاتانی دەوڵەمەندو ڕێکخراو.

بەمزوانەژمارەی دانیشتوانی وڵاتانی باشوردەگاتەچوارملیارکەس، کەتەنهایەك ملیاریان لەئەفریقادادەژین؛ئەم دانیشتوانە بەرامبەربەیەك ملیارد کەسی تەواوی وڵاتانی باکور دەوەستێتەوە. هاوپەیمانی نوێ ودوژمنانی نوێمان لەم جەنگیچوارەمی جیهانیەداچ کەسانێك دەبن؟ بۆسیستمی جاسوسی وڕاڤەکاریەکانمان درێژترین هەنگاوکامەیە ؟لەئایندەدا،دوورەقاڵبە کەسایەتیەکان لەگیروگازو ڕووداوێکی لاوەکیدابوونی هەبێت؛ئەمەش خولگەی سەرەکی مەسەلەکەیە.

دوژمنەکانمان بەپێی توانای خۆگۆڕینی بەردەوامیان،درێژەبەژیانیان دەدەن. ئەوانەلەو شوێنانەی کەگرفتاویەیان نەگونجاوە پێشبینی خەیاڵی دەکێشن ولەخەڵکانی خراپ،چیرۆکی باش دەهۆننەوە. هەمووهەوڵدانمان بۆناسینی ئەوانەلەجێگایەکدا دەبێت کەسنوری نێوان باکوروباشورکێشراوە. بۆئەوەی بەلایەنی کەمەوە تێبگەین کام ڕێزەلەساتێکی ڕاستەقینەدا بیرلەساتی دوایی دەکاتەوە؟

لەنێوان ئەووڵاتانەی کەئێمەبە(باشور)یان ناودەبەین،هاوپەیمانەکۆنەکانمان،(ناتۆ)،واتە

ئەوروپای خۆرئاواو کەنەداو هەروەها ولاتانی تری جیهانی فراواندا،وەک هێزی گەورەی ئابوری ژاپۆن بوونیان هەیە. بەڵام لەتەنیشتمانەوەولەم جەنگی چوارەمی جیهانیەدا، هاوپەیمانانی نوێش دێنەئاراوە کەتازەبەتازەدەستمان بەناسینیان کردووە.

هیوادارم یەکەمینیان ڕوسیابێت؛دیارەبەبێ کۆلۆنیالەکانی. ستراتیژی سیاسیمان پێویستە هاوکاری ئازادکردنی ئۆکرانیاوبەدوای ئەویشداسەربەخۆیی ولاتانی حەوزی باڵتیک بێت. بۆئەوەی لەلای سنورەکانی خۆرهەلاتی ئەوروپاوە لەجیاتی ولاتێکی پانوپۆڕی سێسەدملیۆن کەسی تەنها ولاتێکی دووسەدملیۆن کەسیمان هەبێت.

ئەم ڕوسیا لاوازە،گەرچی بەهیچ جۆرێك دەستەلات لەدەست نادات،دەتوانێت هاوپەیمانێکی گرنگ بێت.لەماوەی سالانی دووروودرێژی ژیانی جاسوسیمدا، هەمووەولّم بۆناسینی دوژمنەکەمان،ڕوسیاخستەگەڕ. لەیەکەم گفتوگۆم لەگەڵ سەرۆك (ڕیگان)،پێموت کەسالّەها ئامانجی سەرەکیمان ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی بووە؛ تەنهابۆئەوەی کەئەوخالّەلاوازانەی دەبنەهۆی لەبەریەکهەلّوەشانی بناسین. ئێمەلەسالانی سەربەخۆیی ئابووریدا،بەشێوەیەکی کاریگەرانەڕێگربووین لەبەردەم جیهانی سێیەمدا.لەهەمان کاتدا بۆبەدەستهێنانی زانستێکی کەبۆسەرکەوتن لەجەنگی سێیەمی جیهانیداپێویستمان پێی بوو،بڕێکی زۆری زانست و هونەرمان کۆدەکردەوەو هەلّماندەگرت.

بەندە بەتەواوی لەسەر ئەوباوەڕەیەکەبۆخۆسازدان بۆ بەرگریکردن دژبەوهێزەنوێیانەی لەبەرامبەرماندا ڕیزیان بەستووە،ئێمە بەتەنیانابین؛چونکە هێشتاکەمەکێك سۆزلەنێوان بەهێزترین وسیاسیترین وسوپایترین بەشەکانی ولاتانێکی کەڕۆژێك لەڕۆژان بە یەکێتی سۆڤیەت ناودەبراوهەروەهالەجیهانی باشوریشدا بەرمبەرمان ماوە.ئێران کەلەلایەن مەزهەبی ئیسلامی شیعیەوە ڕابەرایەتی دەکرێت،بەتەواوی دەکەوێتەنزیك زیانبارترین سنورەکانی خواروی سۆڤیەت. بۆیەسالّەهابە کرملین هەستی بەم مەترسییەکردووەو هەوڵی داوەلەدەستەلاتدارانی ئێران نزیك ببێتەوە.زانیارییە فراوانەکانمان ئاماژە بەوە دەدەن کەئەوان سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە. کرملین لەپێش ئێمەوە لەڕۆحانیەکانی ئێران دەترسێت.

بەپێی ئەمە،هەنگاوی ڕوسەکان،هەرچەندبەزەحمەت دەرئەنجام وسەرکەوتنی بەدەستهێناوە،بەتەواوی هەوڵدان بووەبۆ ڕاکێشان وڕێکخستنی نزمترین توێژەکانی ناوئێران. ڕابەرانی مەزهەبی شیعەبۆموسڵمان نشینەکانی خواروی سۆڤیەت(جاران) -کەگونجاوترین ناوچەکانی ئەوولاتەشن- لەشێوەی سەنتەری ڕاگەیاندنی سیاسی ولەکۆتاییداوەك بوومەلەرزەیەکی هەمیشەیی ماونەتەوە. سۆڤیەت ڕایگەیاندووە کەیەکەمین شۆڕشی چەکدارانەی ڕاستەقینەدژبەحکومەتی ناوەندلەیەکێك لەهەمان ئەوناوچانەدا-کۆماری ئازەربایجان وئۆزبەکستان-دەستی پێکردوەوئەوئاژاوەیەبەرهەمی دەمارگیری مەزهەبی ومەحرومبوون بووە. ج ڕابەرانی سۆڤیەتی وج ڕابەرانی کۆمارەکانی ڕوسیا لەئێمەباشتردەمارگیری مەزهەبیان ناسیبوو. لە دەرئەنجامدا دەوڵەتی کۆمۆنیستی لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی بەڕووکەش ئسوڵگەرایی بیناکرا. کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت لەهەربڕوایەکی بونیادگەرایانەکەجیاوازبووبێت لەئایدیۆلۆژیەتی خۆیان تۆقیوون.

ئەوان دەستەلاتیان ناسیبوو،بەڵام لەمەیلەکانی ئیمپریالیستی ترسیان هەبوو. لینین زۆرجاردەیوت: (باشترەبە ئالایەکی سپییەوە بچیتەناو قەڵاکەوەوەك لەوەی لەدەرەوە بیت و ئالایەکی سورت بەدەستەوە بێت). ئەولەزۆربەی جێگرەوەکانی خۆی

باشتر،دیارەتاڕادەیەکیش لەزۆربەی هاوپەلەکانیشی لەخۆرهەلات،بەهای ناسینی نەیاروهاوپەیمانەکانی خۆی وهەروەها بەهای کێشکردنیان بەرەو بەرژەوەندییەکانی خوی دەرك پێکردبوو. زۆرینەی دەوڵەتەئیسلامیەئسوڵیەڕاستەقینەکان لەگەڵ زۆربەی ئەودەوڵەتانەی کەلایەنگیریان دەکەن وبەپێی خواستەکانیان دەجوڵێنەوە، هاوئامانجن ولەسەروئەوەشەوە، بیرکردنەوەیەکی دێرینەیان هەیەکەبۆسااڵەکانی ڕابوردوودەگەڕێتەوە. ئەگەرئەمانەوەك دوژمنانێکی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەڵبسەنگێنین،ناتوانین لەخوێندنەوەی ئەوانەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنین. پێویستە ئێمە خۆمان بخەینە جێگای ئەوروپیەکانی سەدەکانی یازدەودوازدە. بەوشێوەیەوابزانم ئەگەری ئەوەهەیەئەوەی لەخۆرهەلاتی ناوەڕاست ڕوودەدات باشتردەرك پێبکەین. هەڵبەتەنابێت وڵاتەبچوکەکان،سەربەخۆو تازەپیاکەوتووەکانی کەڕۆژانێك بەشێکی یەکێتی سۆڤیەت بوون،فەرامۆش کرێن. لەم ڕۆژەداخودی زاراوەی(یەکێتی)،ناوێکی بێناوەڕۆکە. هەرسەرزەمین وڕێسایەکی کەئەم زاراوەیە لەیەکەم ڕۆژەکانی فەرمانڕەوایەتی لینین وستالینەوەبیگرەتاجێنشینەکان لەخرۆشۆف وبرجنیەف و،جێنشینەکانی ئەمانیش، لەخۆیگرتبوو،لەلایەن (KGB)و (سوپای سوور)ەوەبەهێزدەکرا؛بەهەمان شێوەی ئێستاکەلەلایەن پارتی کۆمۆنیستی لاوازەوە پشتیوانی لێدەکرێت.لەبەرییەکترازاندنی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی،دواین قۆناغی ڕەتێك بوو کەدەتوانرێت بە(پوکانەوەی ئیستعماری)ناوببرێت. فەڕەنساو ئینگلستان،بەهەمان شێوەبەلجیکاوهۆڵەندا،ژاپۆن وتەنانەت ئەمەریکالەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، کۆلۆنیالەکانی خۆیان لەدەستدا.

ئێستائەم شەپۆلی پوکانەوەی ئیستعماریيە گەیشتۆتەئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی. سەرەتا کۆلۆنیالەکانی لەئەوروپای خۆرهەلات،واتەپۆلەندا،نەمسا،چیکۆسلۆڤاکیا،ڕۆمانیا وتەنانەت جێی‌باوەڕترین کۆلۆنیالەکان،ئەڵمانیای خۆرهەلاتی و بوڵغاریا، جیابوونەوە؛ئێستا کۆلۆنیالەکانی ناو خودی یەکێتی سۆڤیەت لەناوەوە،وەك کۆمارەکانی حەوزی باڵتیك وکۆمارە ئاسیا ییەکان دابەشبوون. دووربینیەکان بۆئایندەی کرملین شتێکی کتوپڕی‌وجێگای باوەڕنەبوو،دروست وەك ئەوەبوو کەلەپڕێکدا کالیفۆرنیابڕیاربدات ببێتەوڵاتێکی سەربەخۆ.

ئێستائێمەماوینەتەوەوئابوری وڵاتانی ئەروپای خۆرهەلاتی بەنیازی یارمەتی دارایی فراوانەوە، پۆڵۆنیا، ڕۆمانیا،بولگاریا و تاڕادەیەکی کەمتر نەمساوچیکۆسلۆڤاکیا،ئەوپەڕی فشاردەخنە سەرسەرچاوەکانمان وپێویستە ئێمە کۆمەکیان بکەین. بەتایبەتی ئەگەر ئەوچەمکی کۆمۆنیستیەی پێشتر بەقوڵی باوەڕیان پێی‌هێنابوو بەلاوەیان نابێت.

ئەو شتەی کەئێمەلێرەدا بەشێوەیکی بەرچاو پێشنیازی دەکەین ودەیخەینەبەرلێکۆڵینەوە،فۆرمی نوێی ئەوروپایە. گوتارەدەربارەی واقیعە نوێیەکانی دەستەڵات وهێزی بزوێنەری ئەوروپاکەبەقوڵی کاریگەری لەسەر کاروکردەوەی هێزەکان دادەنێت و،تواناو خواستی ئەم میللەتانەیەبۆیەککگرتن لەڕووی بەرژەوەندی هاوبەشەوە. لەم سەدەیەی ئێستادابۆجاری سێیەمە، نەخشەی ئەوروپای سەنترالی دەکێشرێتەوە. لەماوەی ئەو ڕۆژانەی کەلەپاڵ جەنەڕاڵ دیگۆڵ وسەرکردەکانی تری هاوپەیمانەکان لەکۆتاییەکانی جەنگی دووەمی‌جیهانی وەك ئەفسەرێکی پەیوەندی بەسەرم دەبرد،لەنزیکەوەشایەتی دواین کێشانەوەی دووبارەی نەخشەکەبووم. بەڵام

ئێستابەهاوکێشەیەکی نوێی دەستەلاتەوەدەچینەخولی دوای پەیمانی(یالتا)وە.

بۆنمونەی ئەوروپای ئەمڕۆ بۆتەکەناڕێکی نوێ بۆڕاوەستانی ئەڵمانیا. ولاتێکی کەبۆماوەی نزیکەی نیوسەدە دابەشکرابوو. لەپڕێکدادووبارەیەکدەگرێتەوە. یەك وڵات وحکومەت بەیەك زمان،نەتەوەوفەرهەنگەوەکەلەناودڵی هەمان ڕەوشی ئەخلاقیدا لەدایکبووە. ئەوێ نیشتمانی هەشتاملیۆن ئەڵمانیەوهێواش هێواش دەبێتەهێزێکی چڕی گەورەلەناوسەنتەری ئەوروپادا. ئەگەر هەموو ئەڵمانزاکان وتەنانەت کەموزۆر کەسانێکی کەهزری ئەڵمانیان هەیە ولەگۆشەو کەنارەکانی جیهاندا پەرشوبڵاون بخرێنە سەرئەم ژمارەیەدەگاتە نەوەد ملیۆن کەس.

لەهەرخولێکی یاری ئۆڵمپیکدا،کاتێ دەرئەنجامەکان دەگەیشتنە ئۆفیسەکەم، کردبوومەخوژمارەی خەڵاتە ئاڵتونی،زیوی، برۆنزییەکانی لەلایەن هەردووئەڵمانیاوەبەدەستهێنرابوون، بژمێرم. ئاسایی بوو ئەوان ژمارەیەکی زیاتری خەڵات،واتە لەویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاویەکێتی سۆڤیەت ببەنەوە.ئەمە ئاماژەیەکە؛ئاماژەیەکی گەورەی دلاوەری ئەڵمانیەکانە.

ڕیزی باڵێکی ترلەجەنگی جیهانیی چوارەم،دڕندەترین هێزەکانی(باشور)ن. دڕندەبەمانای توندوتیژوئاژاوەچی،چونکە هەتا لە کاتی نائومێدی ڕووتیشدا دووبارەبەدوای ئازادبوونەوەن. هەروەهابەمانای ئەمەش کەلەگەڵ کەموکوڕیەکانی میللەتەکانیشیاندا کەگیرۆدەی برسێتی وهەژاری بوون،هەڵدەستن بەکاری توندوتیژانە.

ئەوانەمیللەتانێکن کەلەژێرسایەی سەرکردەی نەیاری ئێمەدا فەرمانڕەوایەتی دەکرێن. نەك ئەو ولاتانە(باشور) کەدۆست وهاوپەیمانی ئێمەن یان باوەڕیان وایەسەقامگیری وبەرەوی توناباشترین هۆکاری دابینکردنی بەختیاریبەبۆمیللەتەکانیان، بەڵکوولاتانی لەوێنەی عێراق،ئێران ولیبیا. سەرانی ئەم ولاتانە،میللەتەکانیان ئامادەکردووەوداهاتی نەوتەکانیان خستۆتە خزمەتی گەشەدان بەبەرنامەیەك کەلەبنەڕەتدا بۆدژایەتی کردنی دوژمنەکانیان(باکور)بێت. لەم سەردەمێکدا،نەك هێزێکی نوێ،نەژادێکی دەستەلاتدار(باشور)بوونیان هەیەکەهەریەکەیان لەکاروانەکەی خۆیدابەئەندازەی ئەوانەی پێشوولەدەستەلاتدارە دێرینەکانی(باکور)بەدەستەلات دەبن.لەهەمووئەوولاتانەی باشوردا،فشارەکانی لەوێنەی فشاری دانیشتوانی،برسێتی،بڕوای مەزهەبی،دەمارگیری مێژووی و دوژمنایەتی بوونی هەیەکەئێمە هەرگیز ئەوانەمان لەجەنگەکانی یەکەم ودووەم و سێیەمی جیهانیدا لەبەرامبەردوژمنەکانمان ئەزموون نەکردووە.ئەم فشارانە،هێزێکی سەرەڕۆن کەدەتوانن کاریگەرییان بۆسەر توانای ئەوولاتانەهەبێت لەئامادەکردنی پێداویستی جەنگ دژبە(باکور). بەهەمان شێوەش کەناڕەزایی سیاسی ناوخۆیی لەنێوان ئەم ولاتەدیموکراتیانەی خۆرئاوادا بەتوندی کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر توانستی ئێمەبۆدابینکردنی پێداوستی دژبەدوژمنەکانمان لەڕووبەڕووبوونەوەگەورەکانی ئایندەدا. ئەم هێزەسەرەڕۆیانەلەولاتەنوێیەکانی باشور،لەسەر پێناسەی سەرەکی دەستەواژەی شەڕ کاریگەری دادەنێن. بەڵام لەمڕووەوە، بابەتەکە لەگۆڕینی زۆردارێك بەیەکێکی ترزیاترە. بێجگەلەم حاڵەتەش ئێمەلەجەنگی سێیەمی جیهانیداله‌ساته‌وه‌ختێکی زەمەنییەوەتاساتێکی تری یەك خولی هاوبەندو بێوەستانمان هەبووە.

ئەمجارەهەمان دوژمن لەقاڵبێکی نوێدافۆرمەلەدەبێت کەپەروەردەی دەستی جەنگی

چواره‌مـی جیـهانی زۆرۆیرانکارترو هـۆی نـائومێدی زیاتره. ئه‌مجاره‌دوژمنه‌که‌مان مه‌زهه‌به.

ئسـولێیه‌کان تائـه‌و ڕۆژه‌ی یـه‌کێك له‌ئـه‌ندامانی نه‌یاریان زیندوبێت،هه‌سـت بـه‌ئارامی ناکـه‌ن.ئـه‌م پرسـه‌له‌لوبنان واته‌ئه‌وجێگایـه‌ی که‌موسـڵمانه‌کان له‌گـه‌ڵ مه‌سـیحیه‌کاندا له‌ڕووبه‌ڕووبوونـه‌وه‌دان، ڕاسـته.ئسـولێیه‌کان له‌وێشـدا هـه‌تا مه‌سـیحیه‌ك له‌خاکه‌که‌یاندا بێت، ئارام نابنه‌وه‌وپاش مه‌سیحیه‌کان نـۆره‌ی جووه‌کـان دێـت. موسڵمانه‌ئسـولێیه‌کان ده‌یانه‌وێت له‌گۆشه‌وڕۆخی جیـهاندا،جگه‌له‌ئیسـلام هه‌موومه‌زهه‌بێکی ترڕیشه‌کێش بکه‌ن. ڕیشه‌ی ئه‌م ده‌مارگیرییه،جـه‌نگی نـاوخۆیی لـه‌لوبنان،جـه‌نگی فه‌له‌ستین وئیسـرائیل وجـه‌نگی کـه‌نداوی فارسـی له‌ودواییانه‌دا که‌له‌لایه‌ن سه‌دام حوسه‌ینه‌وه‌داڕێژاربوو وه‌له‌م کێشمه‌کێشانه‌دا موسڵمانه‌کان دژبه‌مه‌سیح و جووه‌کان ده‌جه‌نگن.له‌سه‌رئه‌وه‌شه‌وه،ڕیشه‌ی فراوان وبڵاوبـووه‌وه‌ی ئه‌وده‌رگیریانـه‌ی سـه‌ره‌وه له‌مه‌یدانـه‌کانی جـه‌نگی چواره‌می‌جیهانیداپه‌ره‌ده‌سـتێنێت. باشـور،ئـه‌مڕۆجۆرێك سـه‌رکرده‌ی نالۆژیکیانـه‌ی پـه‌ره‌رده ده‌کات که‌ئێمه‌له‌ڕابووردوودا‌سـه‌روکارمان له‌گه‌ڵیدا نـه‌بووه. (نکیتـا خرۆشـۆف)له‌ناوه‌ڕاسـتی کۆبوونـه‌وه‌ی گشـتی ڕێکخـراوی نه‌تـه‌وه‌کاندا پێڵاوه‌که‌ی خۆی دا که‌ندو کێشـای به‌سـه‌رمێزه‌که‌داو هاواری کرد: (ئێمه‌ئێوه زینده به‌چاڵ ده‌که‌ین.)

گالته‌جاڕییه‌که‌لێره‌دایه‌که‌ڕوسـه‌کان بـه‌بێ کۆمه‌کـه‌زۆره‌کانی خۆرئـاوا،خۆیـان زینده‌بـه‌چاڵ ده‌کـرد؛به‌مپێیـه،کاره‌کـه‌ی وه‌ك شـانۆگه‌رییه‌کی سه‌رشانۆبوو.خرۆشـۆف وهه‌موونه‌وانـه‌ی پێـش ئـه‌وو ئه‌وانه‌شـی بوونه‌جێنشـینی پـه‌یڕه‌وی یاسـایه‌کیان ده‌کرد ئێمه ده‌مانتوانی تێی بگه‌ین. ئه‌وانه‌ش یاسای ئه‌روپایی یان (باکوری)بوون نه‌ك ڕێساکانی (باشور). له‌گـه‌ڵ ئه‌وه‌شـدا، خسـتنه ڕووی هـه‌مان ئـه‌و یاسـایانه‌بوون بـه‌ڵام نـه‌ك بـه‌درێژییان،دیـاره له‌سه‌رهه‌مان هێڵی بیرکردنه‌وه. سه‌ره‌ڕای دوژمنـه نوێیـه‌کانمان، ئێمه‌له‌بـه‌ره‌ی وڵاتـانی باشورکه‌یه‌کلایه‌نه‌پێداویستیه‌کانی جـه‌نگی چواره‌مـی جیهانی ئاماده‌وسازده‌کات، کۆمـه‌ڵێك ڕێسـای نوێش له‌ئارادایه که‌هێنراونه‌ته‌ناومه‌یدانی جه‌نگه‌که‌وه.

له‌زۆرینـه‌ی سـه‌رچاوه‌کانی ئه‌وڕێسـایانه‌دا،ئێمه‌له‌گـه‌ڵ دوا کـه‌وتووترین گرفـتی ژیان (ژیانی به‌ده‌وی–ده‌وارنشینی) –واته به‌ربه‌ریه‌ت وسـه‌رده‌می پێـش دیمۆکراسـیه‌ت،که‌یاسـای تاکه‌مه‌فهومی ناسراوی جیهانی لـه(ده‌ولـه‌ت)بـووه– ڕووبه‌ڕووده‌بینـه‌وه. له‌وسـه‌رده‌مه‌دا هیچ چـه‌مکێکی ڕاسـت به‌رامبه‌رهه‌ڵـه یـان سـنورداریه‌کی واقیعیانه‌له‌ئاکار بوونی نه‌بووه. کاتـێ به‌پـه‌لـه‌وبی ئـمێتـۆد به‌ره‌وسـه‌ده‌ی بیسـت ویه‌کـه‌م هه‌نگاوده‌نێین،هـه‌موو گریمانه‌کۆنـه‌کانی سه‌قامگیری وئاسایش–واته‌ئه‌و کاروانه‌ی که‌له‌گه‌ڵ ئه‌و گریمانانه‌دا به‌کانگیره‌وله‌ناویانداجه‌نگ یـان ئاشتیمان کردووه– ڕۆژ به‌ڕۆژو به‌ساده‌یی له‌کـه‌دارده‌بێت.له‌سه‌رانسـه‌ری مێـژووی جـه‌نگدا هـه‌رگیز لـه‌توانادا نه‌بووه‌به‌چـه‌کی کۆن وه‌ڵامی چه‌کی مۆدێرن بدرێته‌وه. کاتـێ که‌تیرو که‌وان وه‌ك چه‌ك داهێـنرا،هـێزه ئاگرینه‌که‌ی بـازووی مـرۆڤ دابینـی ده‌کـرد، پاشـان که‌سـێکی ئیتالیـایی بێناونیشـان شـتێکی داهێنابـه‌ناوی(کـه‌وانی پۆڵایـن). ئـه‌م چه‌کـه، ئـامرازێك بـوو کـه‌ئیتر ته‌نهاپه‌یوه‌سـت نه‌بووبـه‌بازووی پاڵه‌وانه‌کانـه‌وه. بـه‌ڵکوهۆکارێکی میکـانیکی بـوو. لـه‌و ده‌مـه‌دا، لـه‌نیوه‌ی سـه‌ده‌ی پازده‌یه‌م، له‌وباوه‌ڕه‌دابوون که‌ئه‌وجۆره‌چه‌که، دواین جۆری چه‌که.

کاتێکیش بۆیه‌که‌مجاربه‌رگ–پۆشێکی ئاسنی کـون کرد،(کـه‌وانی پۆڵایـن)له‌ڵایـه‌ن که‌نیسـه‌وه مـه‌حروم و ئه‌وانه‌شـی به‌کاریانده‌هێنابه‌کافرله‌قه‌ڵـه‌م ده‌دران. شـورای(لاتـیرن)له‌سـاڵی ۱۱۳۹،بـه‌کارهێنانی ئـه‌و چه‌که‌ی دژبه‌مه‌سیحیه‌کان قه‌ده‌غـه کرد. به‌مجۆره، چاره‌یـه‌ك نـه‌بوو؛چونکه‌له‌کۆتاییدائه‌وچه‌کـه‌ڕواجی

پەیدادەکرد.ئەوچەکەی سەروەوەك پێشەنگێك لەجەنگە نوێکاندا بەکاردەهێنرا.

لەوەودوا،هەرگۆڕانکارییەك لەچەکسازیدا،کاریگەری کتوپڕوفروانی لەسەرئارامی سیستمیەجێگیرەکانی جیهان دادەنا.

تیرۆریزم، دواین جۆری ئەوچەکانەیە کەلەشەڕی باکور-باشورلەجەنگی چوارەمی جیهانیدابەکاردەهێنرێت. تیرۆریزم جێنشینی چەکی ئەتۆمییەکەدواین جۆری چەکی چەکسازی بوولەجەنگی سێیەمی جیهانیدا، دەکراودەتوانرابەجۆرێکی نوێ بۆخولقاندنی ترس بەکاربهێنرێت. لەچل سالّی ڕابووردوودا،ئاسایشی ئێمە گرێدراوی ئەگەرێك بوو کەئەمڕۆ بەپێی چەمکی کۆنی بۆناوی(داڕمانی دوولایەنەی بێچەندوچوون) گۆڕاوە. (داڕمانی دوولایەنەی بێچەندوچوون)بابەتێکی سادەولەهەمان کاتدابنەمای هاوسەنگی هەراسی ئەتۆمی بوو.ئەگەر یەکێك لەهەردوولایەن وبەهەرهۆیەکەوەبێت چەکەئەتۆمیەکەی بهاویشتایە،لایەنی دووەم ئەوەندەچەکی ئەنبارکراوی هەیەکەتاپاش چەندتەقاندنێکی ناوخۆیی وئاماژە،موشەکە ئەتۆمیەکانی خۆی بۆلەناوبردنی دوژمنەکەی بهاویژێت؛یان هەتا دوژمنیش دەیتوانی لەهاویشتنی موشەکە ئەتۆمیەکانیدائەوەندەخێرا کاردانەوەی هەبێت کەهێشتاموشەکی لایەنەکەی بەرامبەری لەئاسماندا بێت.

تۆڵەسەندنەوەبەتەواوی لەدەستی سەرۆکەکاندابوو؛ئەو کەسەی کەخاوەنی دەرفەتێکی ئاشکرابوو. ئەگەر ئەوان چەکەکانیان بتەقاندایە،ئەو دەستی دەنا بەدوگمەکەدا. بۆمۆڵەت وەرگرتن ناچارنەبوو بگەڕێتەوە بۆلای کۆنگریس وکۆمیتەی چاودێری زانیاری. ئەوتەنهاپەنجەی دەنابەدووگمەدا.تەنهاگرفتی(سانیەکان)ی هەبوو؛واتەپێش چەندەقیقەیەك بەرلەکەوتنەخوارەوەی موشەکەکان پێویست بوو دەستبەکاربێت.

ئەم سیستمە بێبەزەییانەقابیلی خۆلێلادان نەبوو.سەرەڕای ئەوە،چونکەدەرئەنجامی فراوانی هەبوو، هیچ یەکێك لەودوولایەنە حەزیان بەئەزمونکردنی ئامێرەکانیان نەبوو؛بەوهۆیەوەی کەئەو سیستمەنێونەتەوەییانە بەکاردەهێنرا کەدەربارەی ڕێزدانان بۆبەهای پیشەیی ژیانی تاکی مرۆڤایەتی هاودیدبوون، لەسەروهەموشیانەوەلەبەرئەوەی سزای ترسناکی لەخۆگرتبوو،هەموو پابەندی بەکارنەهێنانی بوون.

ڕووبەڕووبوونەوەکانی جەنگی سێیەمی جیهانی،ڕووبەڕووبوونەوەقەیرانی موشەکەکانی کوبازیاتریاری بۆکسێنێکی زۆر هێمنانەبوو. لەڕاستیداهیچ کەسێك لەوباوەڕەدانەبووکەڕوسەکان بەهاویشتنی بۆمب،فاتیحەبۆجیهان دابدەن. لە هەلومەرجەکانی (داڕمانی دوولایەنەی‌بێچەندوچوون)دا تۆنەتدەتوانی هاواربۆ کۆمەك بکەیت،یان دەبوو دەست بەدوگمەکەدا بنێیت یان نا.

ئەمڕۆ،(داڕمانی دولایەنەی بێچەندوچوون)ی سەردەمی ئەتۆمی پێویستەبۆچەمکێکی نوێی تری دوای سەردەمی ئەتۆمی بگۆڕێت. لەواقیعدا، بڕیاری تاکلایەنەی ئۆفیسی ڕاپەڕاندنی (بوش)لەسیپتامبەری ١٩٩١ نیشانەی ئەوەبوو کەپلەداره ڕەسمیەکان دەستنیشانیان کردبووکە(داڕمانی دولایەنەی بێچەندوچوون) بەزبڵدانی مێژوو سپێردراوە.

جێنیشینی(داڕمانی دولایەنەی ناچاری)لەسەردەمی ئێمەدا،لەوانەیەبەسادەیی ناوی(داڕمانی بێچەندوچوون)لەخۆبگرێت. لەدڵی ئەو کەسانەی کەسوودلەچەکی فیزیکی وجاسوسی تیرۆریزمیانە،بەبێترس لەتۆڵەسەندنەوەی بەرامبەرەکەیان وەردەگرن-چونکە هەموویان ڕاستەوخۆ سەبارەت بەخواستەکانیان شکستیان هێنابوو-ئەبێچ پریشك وتۆقاندنێکی تێدا کۆببێتەوە ؟.

بەڕاستی ئەگەر تیرۆریستەکان یان پاڵەوانەتەوەییەکانیان چەکی ئەتۆمی،بایۆلۆژی یان کیمیایی بەکاربهێنن وشەڕێك بخولقێنن کەپێشترتەنهالەشێوەی سایەیەکی جەنگدا بوونی هەبووبێت،چی ڕوودەدات؟بەپێی ئەمە،هەلومەرجەکان واپێوست دەکات کەستراتیژی نوێی بەدەستەلات بەسەرجەنگی چوارەمی جیهانیدا کە(دارمانی بێچەندوچوونی)یە،وەك کریستاڵێکی ڕوون پێناسەو ئاشکرابکەین.

ئەگەرتۆلەسنوربەندییە میلیمەتریەکانی ڕێکەوتنی لەسەرەزیادەڕۆی بکەیت،،بەدڵنیای وبێدوودڵی بەشێوەیەکی تەواوگشتی لەناودەچیت. ئەم سیستمەتاکوئێستاتابەکارنەهێنراوە. بارودۆخی(دارمانی بێچەندوچوون)لەجیهانێکی چەکداری خاوەن یاسادا پێشترچەندجارێك ئەزمایشکراوە. هەتائێرەجگەلەچەندئاوارتەیەکی بچوك،لەهەرئەزمونگەرییەکداڕووبەڕووی شکست بۆتەوە. سیستمی سەرەوەبۆدڵنیاکردنەوەلەوەی کەدەبێتەهۆی لەناوبردنی ئەوکەسانەی کەوەك چەکێك سوودلەتیرۆریزم وەردەگرن ، ناکام بووە.

گریمان کاتێك تیرۆریستەکان فڕۆکەی ژمارەی(١٠٣)ی پان ئەمەریکیان لەکاتی فڕیندابەسەر(لۆکەربی)لەئوسکتلەندە تەقاندەوە،هیچ بۆمبارانێکی کۆشکی(عقید معمر قەزافی)لەتەرابولس بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەئەنجام نەدرا. ئەم کاردانەوەیە بەفرمانی خەڵکی وەهەستانی سیاسەتی (دارمانی بێچەندوچوون)بووە.

لەهەندێ سەرچاوەدا،بیرۆکەی(دارمانی بێچەندوچوون)لەوردەکارییەکانی خۆیدالەگەڵ پرسی ئایینی دەقاودەق لەگەڵ ئینجیلی پیرۆز ئاڵۆگۆڕدەکات؛ واتە سێسەدوشەست پلەبۆچەمکی چاوێك بەچاوێك دەگەڕێتەوە.

زۆربەی ڕەوشەکانی ڕاپەڕاندن لەجەنگی چوارەمیجیهانی ئاماژەیەبۆگەڕانەوەبۆسەرەتایترین فۆرمەکانی مرۆڤایەتی .

زهنی ئسوڵییەك بەشێوەیەکی بەرچاوچەمکەکانی ستراتیژی سەدەی بیست و یەك ڕووندەکاتەوە. پێویستەئێمەبۆگەیشتن بە هاوسەنگیەکی نوێلەدەستەلات، یان هەڕاس ولەدەرئەنجامدابەدەستهێنانی هەمیشەیی ئاشتی ودڵنیایی لەوەی کە(دارمانی بێچەندوچوون) بەسەر تیۆری(دارمانی دولایەنەی حەتمی)زاڵ بێت،بەتەوای ئامادەی قبوڵکردنی ئەم ڕێسایانەبین. ئەوکێشمەکێشەی وەك جەنگی چوارەمی جیهانیی خۆی دەنوێنێت، هەرگیزناتوانێت خاوەنی چالاکی زۆرو دووبارەبووەوە بێت. شەڕەکان دەتوانرێت بەبزاوتنی گەورەوفراوانی هێزی سوپاییەکان،وەك چالاکیەکانی(گەردەلولی بیابان) دەستپێبکەن. بەڵام شەڕەکانی بێگومان لەلایەن گروپی بچوك وسەرسەختی تیرۆریستەکانەوەئەنجام دەدرێت کەپێشترلەوجێگایەدابووەو بەوردی لەنێوان گروپە کۆچبەرەکانی وڵاتانی باشوردا کەپێشترلەیەکێك لەپایتەختەکانی بەرەی باکور ژیاون، خۆیان حەشاردەدەن.

دەلیلی مەسەلەی جاسوسی ئەمەیەکەمین دەزگای جاسوسی جیهان لەم جەنگەدا بەرامبەربەسێجەنگی گەورەی ترکەپێش ئەمەولەم سەدەیەدا ڕوویان داوە،ڕۆڵی زۆر هەستیارتر دەگێڕێت.

ئەم دەزگا جاسوسیانەبەهاو نیازی(چوونەناوەوەی پلەبەپلە)–کەچەك وکلیلی دەرگای جبەخانەی تیرۆریزمە–پێدەزانن.ئەوانە فێربوون چۆن بەکاری بهێنن وچۆن بەرامبەری بوەستنەوە ؟هاوپەیمانەکان لەزۆربەی خاڵەکانی ئەورووپا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا،ئەمەیان بەکارهێنا. ئەم چەکە،بەردی بناغەی بزاوتی بەرگری بوو لەئەورووپای داگیرکراودا.لەکۆتایی شەڕەکان وسەردەمی کۆتایە یەکجارەکی جەنگی دووەمیجیهانی ،ستالین نفوزی پلەبەپلەی لەمەیدانێکی فروانتردا بەکارهێنابوو.

(عقید)یێك لەدەزگای(KGB) کەخۆی بەڕەخنەگری خۆرئاوادەناجارێك پەردەی

لەسەردانیشتنێکی کرملین لادا کە بەسەرۆکایەتی ستالین بەسترابوو. ستالین لەوێدابڕیاری دابوو کەبەمۆڵەتدانی کۆچکردنی سێ‌ملیۆن کەسی جوولەیەکێتی سۆڤیەت خۆی لەشەڕیان بەدوور بگرێت، بەڵام فرمانیشی دابوو کەدەبێت لەناوئەو سێ‌ملیۆنەدا بیست هەزار کارمەندی (KGB)یان لەناودابێت. ئەو پێیوتین کەئەم سیاسەتە لەوەودوا بەردەوام بووە.

ئەو تاکانە کاریگەرییان هەتا ئەمڕۆش لەچالاکی(ئیکسۆدس)کەدواین شەپۆلی کۆچباری جووەکانە لەسۆڤیەتەوە بۆ ئیسرائیل هەیە.

بەڵام لەجەنگی چوارەمی‌جیهانیدا ئەم تاکانەی لەجیاتی کارکردن وەک کارمەندێکی ڕووت کەکاری کۆکردنەوی زانیاری بێت، بۆئامێری تێکدان وشەڕدەگۆڕێن. لەپەڕاوێزی(باشور)دا،ولاتانێک هەن کەبەرامبەر بەیەکتری وەک ئامڕازێکی جەنگیی سۆپایی یان سیاسی زۆر کاریگەرتروحساب بۆکراوترتیرۆربەکاردەهێنن. ئەمڕۆ ئاشکرایە کەهەندێ‌لەولاتانەپشتیوانی ڕاستەقینەی ئەو جۆرەجەنگەن. سەرەڕای ئەوەش،لەهەریەکەلەوولاتانەداڕێساو هێزێکی بەتوانالەمێژوویانەوەسەریهەڵداوەکەلەولاتانی تر زیاتر وایان لێدەکات تاوەک چەکێکی جەنگی دژبە باکور ڕوولە تیرۆریزم بکەن.

لەسەردەمی(خەلافەت)دا، کاتێک کەتورکیای گەورەلەسەنتەری ئەستانبولەوەفرمانڕەوایەتی زۆربەی زۆری موسڵمانی جیهانی دەکرد،گروپێک هەبوون بەناوی(حەشیشیم)کەپیاوکوژانی بەکرێگیراووئەندامی(فیرقەی ئیسماعیلیە)بوون؛ تایەفەیەکی سیاسی _ مەزهەبی کەکوشتنی دوژمنەکانیان بەفەرمانێکی ئاینی دەزانی خەڵکی ناوچەی سەروی عێراقی ئێستابوون و یەکەمین کەسانێک بوون کەتیرۆریان –گەرچی بەسەرەتایترین فۆرم بووە–وەک چەکێک بەکارهێناوە. (مارکۆپۆلۆ) یەکەمین ئەفسانەسەبارەت بەکەسانێکی لاوکەبۆ کاری پیاوکوشتن وکرێگرتەیی هەڵدەبژێردران،باسدەکات.

حەشیشەیان دەدرایەوبۆ قەڵایەکی کوێستانی دوورەدەیانبردن. لەوێداخۆیان لەناوباخێکی پڕنهێنیدا دەبینیەوە،کەبەدەشتی سەرنجڕاکێش دەورەدرابوو.پێیان دەوترا: (ئەمەبەهەشتە.)

لەوێ مەلەکان دەیانخوێند.دەرخت وگوڵی جوان،ئاوو هەوای بۆندارو ژنانی قەشەنگی تێدابوو.ئەوانە بۆماوەیەک لەو بەهەشتەدا بەرەڵڵادەکران تاتامی میوەکان بکەن وخۆشی لەلەزەت و چێژببەن.

پاشان لەوێ دووریان دەخستنەوەو پێیان دەوتن: (ئێستا تۆ شێوەی بەهەشتت بینی) بەهەریەکێکیان خەنجەرێک کەچەکی تایبەتی مالّی خەلیفەبوودەدراودەیانووت: (ئێوەپیاوکوژانی ڕۆژانەخۆرن وناچارن لەڕێگای ئەرکەکانتاندا بمرن،ئەگەر مردیت ڕاستەوخۆبۆبەهەشت دەڕۆیت.تۆش پێشتر شێوەیەکی بەهەشتت دیوە.) دەوترێت؛جەستەی تیرۆریستەبەوەفاکانیان کەلە قەڵاکانی سەرانسەری عێراق وئێراندا بەجێماون، قوربانی لەژمارەنەهاتووی‌سەربازانی پلەبەرزودەستەڵاتدارانی سەردەمی خەلافەتی عەباسی وهەندێکیشیان خۆیان خەلیفەبوون.

لەماوەی دووسەدەدا هەتاهێرشی مەغۆلەکان،بەکرێگیراوە پیاوکوژەکان دەستەڵاتێکی تۆقێنەربوون. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئەمڕۆش ئەو فیرقەیەوایڕادەگەیەنن کەئەوانەی پەیڕەویان دەکەن لەسەرانسەری سوریا،ئێران وئاسیای ناوەڕاست پەرشوبڵاو بوونەتەوەومیراتی ئەم ترسەبە پێچووپەنای تازەوە نفوز دەکاتە ناو دەستەڵاتەوە. چەکی تیرۆریستەکانی ئەمڕۆجۆرێکی ئاڵۆزترەلەخەنجەری بەکرێگیراوە پیاوکوژەکان کەزۆر ترسناکترو ئازاربەخشانەترەلەوەی پێش خۆی. لەکاتی جەنگی خاچپەرستەکاندا زۆرجارواهەڵدەکەوت کەدوژمنەکان پێش وادەی جەنگ لەسەرخوانی یەکتری نان بخۆن ودیدەنی

یەکتریبکەن.لەیەکێك لەوجێگایانە،(سەلاحەدین)ی یەکێك لەگەورەسەرکردەی بەرەی موسڵمانەکان،پێشوازی لەچەند سەرکردەیەکی ئەوروپایی کرد.لەنێوانیاندا(ڕیچارد)ی پادشای ئینگلستان بوو،کەسێکی شێردڵی گەروەو بەهێزبوو بێبەزەییانە بەهەردوو دەست شمشێری دەوەشاند. پاشا وتی: (ئێمە بەمجۆرە شەڕ دەکەین).شمشێرەکەی دەرهێنا،کڵاوێکی ئاسنی لەسەر مێزەکەداناوبەهێزانەپیاکێشا چووە ناوکڵاوەکەوە. بەرەو (سەلاحەدین)گەڕایەوەو پێیوت: (بەیارمەتیت ئێستابابزانین تۆچۆن ئەمەدەکەیت!.)

سەلاحەدین وەڵامی دایەوە: (هەریەکەمان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە).دەستەسرێکی ئاوریشمی دەرهێناو خستیە سەرڕووی تیژی شمشێرێك. دەسەسرەکەبووەدووکەرت.خەندەیەکی جوانی کردو وتی: (ئەمەش شێوەیەکی تری جەنگە).

شەڕە جۆراوجۆرەکانی کەلەجەنگی چوارەمیجیهانیدا ڕوودەدەن، لەلایەن میللەتانێکەوە دادەهێنرێت کەهزری خەلیفەو ئیمپراتۆریەتی(عوسمانی)یان بەمیرات بۆماوەتەوە؛ئێمەلەجەنگی خاچپەرستانی نوێدابەجۆرێکی کارامەبەشداری دەکەین.

باکورنزیکەی هەزارساڵ بەرلەئێستالەجەنگی خاچپەرستاندا شکستی هێنا. ئێستانابێتوناتوانین لەجەنگێکی کەلەپێشماندایە،ناکام بین. جەنگەکانی خاچپەرستەکانی ڕابووردوو،بزاوتێکی خۆرئاوایی بووە بەمەبەستی فەتحکردن. جەنگەکانی خاچپەرستانی ئایندە،چالاکین لەڕووی بەرگریکردنەوە. بەهیچ شێوەیەك نابێت ئەوەفەرامۆشبکەین کە جەنگەکانی خاچپەرستانی نوێ =کەئێمەناومان ناوەجەنگی چوارەمیجیهانی =لەوانەیەلەشوێنێکی دوورلەڕۆخەکانمان ڕووبدات. بەهەمان شێوەی ئەوانەی ڕابووردوومان کەبۆئەو دوورەدەستیەدوای سەرکەوتن کەوتبوون.لەوسەردەمەدا،لەوانەیە ئەم جەنگەوەك شاشەیەکی سینەمایی کراوە،مەیدانێکی نزیك دیاربێت. دەبێت ئێمەئامادەبین تالەدووریان لەنزیك گیانمان فیدابکەین.

نەیارەکان کەهەموویان لەدەورمانن،بەتاسەوەقوربانی بەژیانیان دەدەن وئامادەن لەپێناوی بڕواکانیاندابمرن،بەڵام ئێمەنا.

بڕواکانی ئێمە بەتەوای لەسەر(بەختیاری مادی)وەستاوە.

هەندێلەڕێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەم خاڵی لاوازییەمان تێگەیشتوون. بۆیەپەنادەبەنەبەر وتەی پارێزەرانە،بەرتیل دان بەڕێگران بۆکوشتارکردن بەرامبەر بەپارە. ئەوان بەدوای خاڵی لاوازی ئێمەوە بوون وپەیدایان کردووەو لەڕێگای خۆیانەوە وەك ڕوسەکان سەرسەختن ،کەمتر بواری ناسینیان دەبێت .ئەوڕوسانەی کەبۆماوەی چەندین دەیەی دوایی کردمانندەوژمنی خۆمان. پێویستەئێمەڕێگای ناسینی ئەوانە بدۆزینەوە. زۆرئاشکراشەکەئەمەیەکێکەلەڕۆڵەسەرەکیەکانی کاری جاسوسیئەمڕۆمان.

ئێمە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست چووینەتەقۆناغێکی ڕەتکردنەوەی گەورەوەکەڕێچکەی ڕزگاربوون لێی پەڕەموچە (موعجیزە)یە. ئێستا کاتی ئەوەیە کەلەگەڵ ئامادەکردنی دۆستەکانمان فشاربخەینە سەردوژمنەکانمان؛فشارێکی کەلێی تێدەگەن فشارەبۆسەرهەلومەرجەکانیان. دواین ئامانجی کاری جاسوسی ئێمە،ئامادەکردنی وێنایەکی بێلایەنانەیە دەربارەی جیهان تاسەرانی وڵاتەکانمان بتوانن بەهۆی ئەوەوبەعەقڵ وزانین کاربکەن.ئەم خواستە،دیدی هەمیشەیی من بووە.

بەداخەوە،کەزۆربەی سەرانی ئەم سەردەمەی ئەمریکاسەبارەت بەم باوەڕەلەگەڵمدا نین. سیستمی ئەمریکا زۆرجیاوازترە لەسیستمی ئەوروپا. ئەمەریکیەکان چەمکی (بەرژەوەندی دەوڵەتی)کەدەبێت لەجیهانی جاسوسیداتەنها وەك هۆکارێك لەکاتی هەستیارترین چالاکیدا سوودی لێوەربگیرێت، نادیدەدەگرن. ئەوان لەوباوەڕەدان

کەئەم شتەلەسیاسەتی ئەمریکادا جێگایەکی نییە. بەڵام یەکێك لەقوڵترین باوەڕەکانی من ئەوەیە کەدەبێت ئەوە وەك بەهانەیەك بەکاربهێنرێت؛ بەبیئەوەی ئەمەلەبەردەم ناڕەزاییەکانی خەڵکی یان نێونەتەوەیی، تاوانبارکردنی بەرامبەری لێبکەوێتەوەیان وەك تۆڵەسەندنەوەخۆی بنوێنێت.

من جارێك بەسەرۆك(ڕیگان)م گوت کەتاچ ڕادەیەك باوەڕم بە(بەرژەوەندی دەوڵەتی)هەیەولەوبارەوەڕەدام دەکرێت بەگرنگتر لەهەر یاسایەکی تری ئەخلاقی دابنرێت. ئەمە ئەو شتەیە کەئێمەی ئەوروپی چەندین سەدەیە هەستمان پێکردووە.

بەڵام هەرگیز پێویست بەبوونی(بەرژەوەندی دەوڵەتی)نەکات،لەزۆرانبازی لەگەڵ بێبەزەیترین دوژمنان،واتەهەندێك لەو دەوڵەتانەی کەلایەنگری توندوتیژین لەباشور،چونکەئەودەوڵەتانەبەبێهیچ دوودڵیەکی ئەخلاقی کەئێمەلەسەردەمی دامەزراندنی مەدەنیەتدا بۆکۆنترۆلکردنی ڕەفتارەکانمان بەکارماندەهێنا،دەجوولێین وپێویستە کەئامادەبین پەردەی ئەدەب بەلاوەبنێین وبەشێوازی خۆیان لەگەڵیاندا بجەنگین.

ئەم کارەبەمانایەك لەماناکان هەوڵدانێکەبۆ نوسینەوەی مێژووی کۆمەڵگاکەمان یان بەلایەنی کەمەوەڕوونکردنەوەی ئەو گۆشانەی کەدوودڵی شاراوەوگرفتی لێڵیان تێدایە. بەبێناسینێکی دروستی هێزەکانی سێجەنگی جیهانی لەم سەدەیەدا بەرهەمهێناوە،ئێمە بەحاڵەتێکی نیوە کوێرونیوە کەڕییەوەدەچینەناو جەنگی چوارەمیجیهانییەوە.

من وەك کۆنترین سەرانی دەزگای جاسوسی خۆرئاوایی،فێری ئەوەبووم کەدووجۆرمێژوو هەیە: یەکێکیان ئەو مێژووەی کەدەیبینین ودەیبیستن کەمێژووی ڕەسمیەوئەوی دییان مێژووی نهێنی یان ڕوودواوێکە کەلەپشت پەردەکانەوە،لەتاریکی ولە ناودڵی شەوداڕوودەدەن. کاتێك کەسێك ڕوانگەیەکی ڕاستی بۆجیهان هەبێت،دیدەکانیشی قابیلی دەرککردنەو دەبێتەخودی ئەو. بەندەوەك ئەکتەرێك ومامۆستایەك لەیەکەم ودووەم جەنگی جیهانیدا هەوڵمداجۆرێك زانین لەگەڵ هەردووك لایەنەمێژوونیەکەبخەمەسەرکارەکانم، ئەگەر بمانەوێت توانای ڕۆڵی دەستڕۆیشتووفراوانمان بەسەرهێزەزیانبەخشەکاندا هەبێت =کە بنەڕەتیترین بەهاوسەرەکیترین بونیادەکانمان لاوازدەکەن= ئەم دەرککردنەپێویستە.

لەسەروئەوانەشەوە،ئێمەخوازیاری بەهایەکی حسابین،ئەگەر پەیامێکی شاراوەلەم کتێبەدا هەبێت، ئەمەیەکەبەدرێژایی سێجەنگی جیهانی ئارامیەك لەکایەدابووە کەسەرکەوتنمانی مسۆگەرکردووە.

ئەم ئارامیە، هەمان هەڵسەنگاندنی وردی ماهیەتی دوژمنەکانمانە. هیچ کام لەدوژمنەکانمان لەماوەی سێ جەنگی گەورەی ڕابوردوودا، بێبەهاترنین لەوێنەی بابەتەکانی هەڵسەنگاندنی بێلایەنانەی پێگەیان لەجەنگی چوارەمی جیهانیدا.

لەهەریەکێك لەولایەنانە، نەك هەرخواستەیەبەڵکوپێویستەکەئەزمونەلەتوپەت ولەژمارەنەهاتوو پەرشوبڵاوەکانی پەیوەستە بەزانیاریيەوە وەك (پێگەی گەورە) کۆبکەینەوەولەسەرئاستی تێزی مانادار ڕێکیان بخەین؛ئەو دیدانەی کەئێمەجورئەتی خستنە ڕوویمان هەبووەو لەچەند لایەڕەی ئەم کتێبەدائاشکرامانکردووە، دیدێکی تایبەتەبەنەخۆشیەئەخلاقیەگشتیەکانە کەزۆرجاران لەسەر زمانی خاچێکی گەورەوەتاپسپۆڕێك باسکراوە.نابێت بەکەم بگیرێت.

==========

جنگ جهانی چهارم؛دیپلوماسی وجاسوسی درعصر خشونت؛فصل اول؛نویشته کنت دمارانش(رئیس سابق سازمان جاسوسی فرانسه)؛ ترجمه (سهیلا کیانتاژ)؛انتشارات اطلاعات؛تهران –۱۳۷۵.

جارێکی تر ..... شوێنەواری بازیان

کەمال نوری مەعروف

لە ژمارە(١٦)ی گۆڤاری هەزار مێردی حوزەیرانی ٢٠٠١(کەمال رەشید)نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی :(موقع بازیان... دراسة تحليلية لمخطط البناء والعناصر المعمارية ج١_ ص٢٣٢_٢٦٢).لەم نووسینەدا ناوبراو پشتگیری لەڕاکەی (رافدە عەبدوڵڵا)ی شوێنەوارناس دەکات کەپێشتر هەفتەنامەی (الاتحاد)چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵیاسازدابوو لەژمارە (٤٠٨)ی رۆژی ٢٠٠١/٢/٩بڵاوکرایەوە بەناونیشانی: (:قلعة بازيان الاثرية تلقي ضوءاً أخر على تاريخ المنطقة). هەندێك لەبڕگەکانی ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن نووسەری باس وەڵام درایەوە لەژمارە(٤١٠)ی هەفتەنامەی (الاتحاد)ی رۆژی ٢٠٠١/٢/٢٣بەناونیشانی: (ماالموقع المكتشف الامعبد زرادشتي او ديرمسيحي.... وليس بموقع عسكري امامي). هەروەها جارێکی تر هەمان چاوپێکەوتن لەلایەن شوێنەوارناس بەڕێز موعتەسەم رەشید وەڵام درایەوە لەژمارە(٤١١)ی هەفتەنامەی (الاتحاد) ی رۆژی ٢٠٠١/٣/٢بەناونیشانی: (ماهي حقيقةالاثر المكتشف... الاثاري معتصم شيَخ رشيد يعقب على طروحات السيد (رافدە عبدالله). بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینەی (کەمال رەشید)بەو شێوەیە نیشانەی ئەوەیە دژبەو کەسانەی نووسیوە کەلەگەڵ راوبۆچوونەکانی (رافدە)دا نین ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت یان ئەو نوسینە بەقەڵەمی بەڕێوەبەری شوێنەوار نووسراوەو ناوی (کەمال رەشید)ی لەسەردانەوە یاوەکو (رەشید)خۆی نووسیوەیە بەڵام رەزامەندی(رافدە)ی لەسەرە بۆئەوەی پشتگیرییەکی تربۆخۆی دەستەبەربکات و شوێنەواری بازیان بکاتە قەڵا هەروەکو پێشتر کردییە کۆشکی میرێکی ساسانی بەڵام بۆی نەچووەسەرو بەزویی لەڕاکەی پاشگەزبۆوە.

بۆ ئەوەی مێژووی شوێنەوارەکانمان نەشێوێنرێ وام بەباش زانی وەڵامی ئەو بڕگانەی نووسینەکەی (کەمال رەشید) بدەمەوە کەسەرنجم لەسەریان هەیە یان بەبێ موناسەبەت ناوم هاتووە بێ ئەوەی باسەکە پەیوەندی بەمنەوە هەبێت. مەبەست لەم وەڵامدانەوەیەش راستکردنەوەی ئەو هەڵانەیە کەنووسەر بەناشارەزایی تێکەوتووە یاوەکوبەقەست دروستیکردووە. ئەو راستکردنەوانەش لەم خاڵانەدا دەخەمەڕوو:

١- رەشیدەڵێت:..(فهو ارث حضاري (قصده قلعة بازيان) يعتز به كل مواطن و مدرسة يستفيدمنها طلبة كلية الهندسة في مجال عمارة الابنية وطلبة قسم الاثار وكذلك قسم التاريخ من جامعات كردستان العراق_ص٢٣٢).

بۆ وەڵامی ئەم بڕگەیە دەڵێم: دەبوایە نووسەر ئاماژەی بدایەکە ئەو بڕگەیەی لەنووسینێکی من

وەرگرتووە کەلە رۆژنامەی هەرێم ژمارە(٣٨٣) بلاومکردۆتەوەلە ٢٠٠١/٤/١٧ بەناونیشانی: شوێنەواری بازیان ... چاککردن و پاراستنی نووسەر هاتووە شتێکی لێزیادکردووە یان گۆریوە بێئەوەی کارتێکردنی لەسەر قسەکانی من هەبێت.

٢- نوسەر بۆ ئەوەی شوێنەواری بازیان بکاتە قەلا دەیبەستێتەوە بەوەی کە، کەوتۆتەسەر رێگایەکی سترتیژی لەسەردەمە جیاجیاکانی دەسەلاتی فارسدا بەسەرناوچەکەدا هەروەکو دەڵێ:... (الطريق الاول والذي يهمنا فقد كان من كارخه الى الموصل الى اسكي كلك ثم يعبر الزاب الصغير عند موقع مدينة التون كوبري الحالية ثم يسير بموقع مدينة كركوك الحالية ثم الى مضيق بازيان ثم السليمانية الحالية الى عمق إيران_ص٢٣٣).لەلایەکی ترنووسەر دەڵێ:... ((إن القلعة(قصده قلعة بازيان) قد مرت بثلاث ادوار، الدور الاول هو ساساني و الدورالثاني و الثالث هواسلامي_ص٢٦١.

بەلای منەوە دیاریکردنی نووسەر بۆ رێگای هاتوچۆ کەبردوویەتەوە بۆ دەربەندی بازیان و لەوێوە بۆ سلیمانیی و قولایی ئێران جگەلەوەش بەستنەوەی شوێنەوارەکە بەڕێگاکەوە و نیشاندانی وەکو قەلایەک لەسەردەمی ساسانییەکاندا هەڵەیە لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ. ئەو سەرچاوەیەی کەنووسەر باسی ئەورێگایەی لەسەروەرگرتووە جەخت لەسەر ئەوەناکات کەڕێگاکە لەسەردەمی ساسانییەکاندا بەتەنیا بەکارهێنرابێت بەڵکو هەندێك وادەبینێت کەڕێگایەك بووە لەسەردەمە جیاجیاکانی فارسدا بەکاهێنراوە بۆمەبەستی سەربازی هەروەکو دەڵێ:.... (وكان الطريق الاول حسب رأي البعض يمر من كارخة الى الموصل الى اسكى كلك ثم يعبر الزاب الصغير عند موقع مدينة التون كوبري الحالية ثم يسيرمارا بموقع مدينة كركوك الحالية الى مضيق بازيان فالسليمانية).

ب. لەزنجیرە ناوەکانی ڕێگاکەدا (كارخه)ئالۆزییەکی دروستکردووە من لەوە تێناگەم ئەگەر كارخه هەمان ناوی (كرخ_بێت_سلوخ)ی ئارامی بێت کەبەکەرکوك ناسراوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کەلەوێوە بەرەو موسڵ چوون و دوایی جارێکی تر گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوك. یان ناوێکی تر بێ نزیك سوسەی عیلامی هاوسنووریدیالە هەروەکو لەسەرچاوەکە داهاتووە چونکە لەڕووی جوگرافییەوە ناتوانین ڕێڕەوی ڕێگاکەی لەسەردیاری بکەین. ئەوەش بەلامەوە نامۆیە ئەگەر (كارخه)نزیك(سوسه)بێت لەوێوە سوپاکە بەرەو مووسڵ ڕۆشتبێ چونکە نێوانیان دوورەو سوپاکە زۆرماندووبووە. دیارە لێرەدا ئەو سوپایە دەیتوانی راستەوخۆ بگاتە کەرکوك یان ناوچەی سلێمانی بێئەوەی بەهەموو ئەو شوێنانەدا بڕوات. بۆیە بەلامەوە ئەم ڕێگایە شوێنی گومانەو لەوە ناچێت بەواتای هەندێ کەس بەکارهاتبێت.

ج. نووسەر کەشوێنەوارەکە دەبەستێتەوە بەسەردەمی ساسانییەکانەوە بەڵگەی شوێنەواری بەدەستەوەنییە جگەلەدراوێکی ساسانی کەلەشوێنەوارەکەدا دۆزراوەتەوە بەقسەی(رەشید) بۆ فەرمانڕەوایەتی خەسرەوی دووەمی دەگێڕێتەوە_ل٢٥٨ لەگەڵ دۆزینەوەی گۆزەیەك کەنووسەر بۆ هەمان سەردەمی گێڕاوەتەوە.

بۆ قسەکردن لەسەر دراوەکە ئەوەیە کە پەنای نابڕێتەبەر بۆ دەستنیشانکردنیسەردەمەکە چونکە دوای ڕوخاندنی بنەماڵەی ساسانیش بەدەیان ساڵ پارەکەیان هەر ئالۆگۆڕی پێکراوەو ڕەواجی خۆی لەدەست نەداوە.وابزانم ئەمە رای هەموو شوێنەوارناسێکە و سەردەمیش بەدراودیاری ناکرێت. نموومەش بۆ ئەمە ساڵی ١٩٩٨لەکاتی کنەو پشکنین ماندا لەقەڵای شیلەی کۆیە دوای دەرخستنی پەرستگایەکی زەردەشتی کە بۆ چاخی ساسانی دوایی دەگەڕایەوە هەندێ کەل وپەلمان دۆزییەوە کەلەناویانا دڕاوێکی زیوین هەبوو بۆ سەردەمی عەباسی دەگەڕایەوە. ئایا دەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی دراوی سەردەمی عەباسیمان دۆزیوەتەوە پەرستگاکەش هەربۆ سەردەمی عەباسی دەگەڕێتەوە وەڵامەکەی بەتەبیعەتی حاڵ نەخێرە. ئەی نووسەر

بۆ ئەو خاچانەی چی دەڵێ کـە بـەڕێز پشکنەرەکەی تیایدا دۆزیوەتەوە لەکاتی پشکنینەکەیدا هەرئەوەش وای لەشـــوێنەوارناس بـــەڕێز (موعتەســـەم رەشید)کردووە کەبڵێ ئەو شوێنەوارە کەنیسـەیەکی عیسایییە. لەلایەکی تر ئەو گۆزەیەی کە نووسەر بـۆ سەردەمی ساســانییەکانی دەباتــەوە لەســەردەمی ئیسلامی زیاتر تێپەڕناکات واتــە نووســەر لــەدانی ســەردەمەکەیدا کەوتووەتــە هەڵــەوە. لــێرەدا باوەڕناکەم کارمەندێکی شوێنەوار بەقسـەی خـۆی هەمووی دووسالّ خزمەتی شوێنەواری نییە بتوانێت شارەزایی هەبێت لەکاری ناسینەوەی گۆزەوگڵینــەدا وسەردەمێکی وەکو ساســانی کەلەشـێوەدا نزیکـە لەســوالّەتی ئەشــکانییو ئیســلامی لەیــەکتریان جیابکاتەوە.

٣- لەباسی فەرمانڕەوایەتی پادشای ئاشوری ئاشورناسرپالّ نووسەر کەوتۆتە هەڵەوە کەنـەیزانیوە ساڵانی دەسەلاتداریێتییەکەی بەڕاستی دیاری بکات هــەروەها ئەوەشــی نــەزانیوە کەپادشــاکە ئاشورناســرپالّی دووەمەنــەك ئاشورناســرپالّ. وادیــارە(رەشــید)زانیاریییــەکانی لەکتێبەکــەی مێژوونووس ئەمین زەکی یەوە وەرگرتووە کەســاڵانی فەرمانڕەواکــەی لــەنێوان(٨٨٥_٨٦٠پ.ز)دانــاوە کەڕاستییەکەی(٨٨٣_٨٥٩پ.ز)ە.

٤- دەربەندی بازیان لەمێژووی کۆن وناوەڕاست و هاوچــەرخی کــوردا گــەلێك شــــەڕی قورســـی بــــەخۆوەدیوە. داگیرکــــەرانی کوردســــتان لەودەربــەندەوە هێرشــیان کردۆتــە ســەرناوچەی سلێمانی کەتوانیویانە دوای داگیرکردنی دەربەندەکـە کەلەکۆندا بە(بابیت)ناسـراوە ناوچەکـەیان بەئاسـانی کۆنترۆڵ کـردووە چونکـە دژە بەرهەڵستی یـەك هـەر لەو شوێنەدا هەبوە. نووسەر لێرەدا لەبیری چووە کە شۆڕشــی نوێــی کوردیــش هــەر لەدەربــەندەوە ساڵی١٩٦١ دەستی پێکـردو لـەوێدا کـورد سـەنگەری شەرەفی دژی داگیرکەری بەغدا دانا. دەبوایە نووسەر ئەو خالّەشی باسکردایەو بیخستایە تـەپاڵ خالّـەکانی تر بەڵام باسنەکردنەکەی مانای تایبەتی خۆی هەیە.

٥- نووســــەر بەگشــــتی دروســــتکردنی قەڵالــەمێژوودا دەگێڕێتــەوە بـۆ چــاخی ئاشــوری هەروەکو دەڵێ:...(ترجع فكرة إنشاء وبنـاء القـلاع و الحصـون في العـراق القديـم الى العصــور الاشــورية ص٢٣٦).بەڵای منەوە ئەو بۆچوونە هەڵەیە، کۆنترین ئاماژە بۆ دروستکرنی قەڵا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدییــەکان بەتایبــەتی پادشــا(نــەرام ســن)(٢٢٥٤_٢٢١٨پ.ز)کــە توانییــەتی قەڵایــەك دروســتبکات لەســەرگردی(بــاراك)ی خــابور بــۆ پارێزگاریکردن لەڕێگای بازرگانییان.

٦- نووسـەر لەباسەکەیدا دێتەسـەر (تـل ابـو شـعاف) و(حصـن الاخيضـر)و (تـل ابـو السـعود الثـاني)(ص٢٣٨_٢٤١) بـۆ ئـەوەی نەخشـەکانیان بەقوڵەکانیانەوە ببەستێتەوە بەقوڵەکانی شوێنەواری بازیان و بڵێ: هەموو ی بـۆ سـەردەمێك دەگەڕێنـەوە کەچاخی فەرمانڕاوایەتیساسانییەکانە یـان بـەواتای نووسـەر قـەڵای بازیـان لەشـێوەی دروسـتکردنیا دەچێتــەوە ســەر نەخشــەی ئــەو شــوێنەوارانە لەبەرئەوەی لەناوەوە پێپێلکانە ی هەیە و بەسـووری دەرەوەی دەیبەسـتێتەوە.مـن لـەو بۆچوونـەی (رەشید) تێناگەم ئەو بەلایەوە وادیارە ئەگـەر قولـەو دیـواری پـان هـەبوو دەبـێ پـێی بڵێـین قەڵایـە. خۆڵەشـاری (حـەزەر) وشـوێنەواری (جەدالــە)ی نزیکیشی هەمان دیاردە هەن کەسیش نـاوی قـەڵایان لێنانێت. گەڕانەوەیەك بۆ نەخشـەی کەنیسـەکۆنەکان لەسـەردەمە زووەکاندا ئەوەنیشان دەدات کەهـەموو ئەو دێرانە قولەو دیواری پانیان هەبووە ئایا دەتوانین پێیــان بڵێــین ئەوانــە دێرنــەبوون بــەڵکو قـەڵابوون.لەلایـەکی تـر بـەواتای نووسـەر قەیناکـە بابلێین شوێنەواری بازیـان قەڵایـە، خۆئەگـەر قەڵایـە ئـەو هـەموو دەرگایـەی بـۆ چییـە کـەژمارەیان خـۆی دەدات لــە(٤٠)دەرگــا لەگــەڵ ئەوەشــدا کــە (رەشـید)هـەوڵی داوە هـەندێکیان بگرێـت هـەروەکو ئەنجامیشــی داوە بــەڵام هێشــتا هــەر زۆری مــاوە ئامـانجی لەمەشدا هـەربۆ ئـەوە بـووە سـیفەتی قـەڵا لەسەرنەخشــــەی شــــوێنەوارەکەدابنێت. لای

هەمووانیش ئاشکرایە لەقەڵا دا دەرگاکەمە چونکە زیاتر ترسی هێرشی دوژمنی لەسەرە. ئەوەش دەزانین کەقەڵا لەشوێنی تایبەتی وخۆی دروست دەکرێت وستراتیژی خۆی هەیە هەروەکو لەقەڵای(جولێندی) کەبۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە ئەو دیاردەیە پەیڕەوکراوە کەبەڕادەیەک قەڵاکە لەشوێنێکی بەرز دروستکراوە کەبەسەر هەموو ناوچەکەدا دەڕوانێ و خستوویەتە ژێر چاودێریەوە. بۆیە ئەوەی قەڵای جولێندی بەدەستەوە بوبێت توانیویە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکەدا هەبێت بۆ مەودایەکی دوور.لێرەدا تێناگەم شوێنەواری بازیان کەلەپەنا شاخێکدایە بەردی بەسەردا خل بکەیتەوە لەشاخەکەوە بەئاسانی دەگیرێت ئیتر قەڵای چییەو چۆن هەروابەئاسانی دەکرێتە قەڵا کەمەرجەکانی ئەو بوونەی تێدانەبێت .

۷- رەشید دەڵێ:...(وهي في الحقيقة عناصر معمارية(قصدة قلعة بازيان)ذات صبغة عسكرية لايمكن نقاشها وابداء الرأي حولها)...وادیارە ناوبراو لەڕاکەی رازییە بۆیە بەو جۆرە قسەدەکات. ئایا راستە قسەلەڕای کارمەندێک نەکرێ کەبەهەمووی دووسالّ خزمەتی بواری شوێنەواری هەبێت.

لای هەمووان ئاشکرایە کەئەم رۆژگارەمان سەردەمی چاخی لێکۆڵینەوەی زانستییەو ئەوەی ئەمڕۆ رامان لەسەری هەیە و بەراستی دەزانین لەبواری شوێنەوار ناسیدا سبەی بەڵگەی زیاتر و تازە تر دێتەپێشێ رایەکی ترمان لەسەری دەبێت. بۆئەمەش ئەگەر بەڕاکانی مێژوونووسانی وەک: تەها باقرو تۆفیق وەهبی و ئەدمۆندس و گەڵێکی تردا بڕۆینەوەتەماشا دەکەین رای هەڵەیان تێداهەیە و جۆرێکی تر دەتوانین قسەلەسەر بۆچوونەکانیان بکەین لەوانە تەهاباقر کە دەڵێ: (سەردەمی نەخشەهەڵکۆڵراوەکەی (ئانۆبانینی) (سەرپێڵی زەهاو بۆچاخی فەرمانڕەوایەتی ئەکەدی دەگەڕێتەوە بەڵام راستییەکەی بۆ چاخی بنەماڵەی بابلی یەکەم دەگەڕێتەوە.

۸- نوسەر بەزۆر ناوی من لەگەڵ ناوی بەڕێز موعتەسەم رەشید ریزدەکات لەلاپەڕەکانی(۲٦۱،۲۵۲،۲٤۸)دا بێئەوەی لەهیچ سەرچاوەیەکدا لەسەرشوێنەواری بازیان رایەکم دەربڕیبێ لەوەزیاتر کەوتوومە شوێنەوارەکە کەنیسەیەکە یاوەکو پەرستگایەکی زەردەشتییە بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرشوێنەوارەکە کۆوبۆتەوە.ئەگەر ناوبراو رای من ورای بەڕێز موعتەسەم رەشید بەیەک تێدەگات لەو قسانەی لەنووسینەکەیدا باسیان لێدەکات دەبوایە ئاماژەی بەسەرچاوەیەک بدایە بۆ راستی بۆچوونەکەی. دەنابەپێچەوانەوە ئەو جۆرە ناوهێنانەی نووسەر بۆ من لەبێ ئاگایی زیاتر هیچی تری تێدانابینمەوە.

۹- بەلاپەڕەکانی(۲،۲٤۱،۲۳۸،۲۳٦،۲۳٤،۲۳۳ ۲٦۲،۲۵۱،۲۵۰،٤۹)دیارن کەزیادەن و پەویوەندییان بەنووسینەوەکەی شوێنەواری بازیانەوە نییە. نووسەرئەو نووشتانەی بۆئەوە هێناوە کەبابەتەکەی پێگەورەبکات لەژێرناوی بەراوردکردنەوە خۆئەگەر وانیە ئەی بۆ لەوە نەدواوە کەقەڵا دەبێت لەکوێ دروستبکرێت.

لەکۆتاییدا دەڵێم: بابەقەناعەتی خۆمان شت بنوسین وپشتگیری کوێرانەی کەسانی ترنەکەین کەبۆ بەرژەوەندی کاتی راستییەکان بشارینەوە.

دەربارەی تەصەوف و ئایین

ن:ئەریك فرۆم
و.لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سیوەیلی

بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی لە تەصەوفی ئیکهارت، من داوا لە خوێنەر دەکەم کەلە گەشتێکدا، سەرەڕای‌ئەوەی کە ناتەواوەو زۆر قووڵ بوونەوەی تیانیە، لەگەڵم دابن بۆ هەوڵدان لە تێگەیشتن لە ئیکهارت.

پەهودیەتی کلاسیکی، وبەدوایدا ئایدیاو چەمك لێوەرگرەکانی واتا مەسیحیەت وئیسلام، بریتین لە ئاینی تاك پەرستی(مۆنۆسیزم).لەوئاینانەدا تەنها یەك خودا دەپەرستێت، بەپێچەوانەی ئەو ئاینانەوەی کە پەیڕەوی‌پەرستنی فرە خوایی دەکەن. ئەم جیاوازییەلە نێوان (یەك)و(زۆر)دا، جیاوازییەك نیە لە بڕدا بەڵکو جیاوازییەکە لە چۆنێتیدا.(یەكthe one) بنەڕەتی بالای مەعریفەو سیستمی ئاکارییە. تەنها لە خۆرهەڵاتی نزیکدا سەری هەڵنەداوە، بەڵکو لە هیندوچینیش سەری هەڵداوەو زۆر جاریش لەفۆرمێکی پاکژ تریان پەتیتر لە چەمکی (یەك خوا)دابووە.

بەلای منەوە گریمانەیەکی مەعقولە گەر وادابنێین کەلە خاڵێکی دیاری کراوی گۆڕانی مرۆڤەوە، کاتێك کە مرۆڤ زۆربەی ئەو پەیوەندییە سەرەتاییانەی کە هەمیشە بەبەشێك لەخاك وخێڵی خۆی پچڕاند، کاتێك کە (تاکگەرابوونindiridua tion) گەیشتە یەکەمین لووتکەی خۆی، پێویست بوو کە مرۆڤ زیاتر بە ئاگا بێت لە خودی خۆی وەك بوونەوەرێکی تاك کەڕووبەڕووی دیاردەگەلێکی جۆراوجۆر بۆتەوە کە بریتی بوو لە(من_نا/not_I) واتە لەشێوەی نەیاریدا لەدژی وەستان. لەئاکامدا پێداویستییەکی لۆژیکی گەشەی کرد، ڕوونتر مەبەستم لەوەیە کە جیهانی دیاردە گەرایی(جیهانی زۆر)لە پرەنسیپێکی تر جیابووەوە کە پێچەوانەی جیهانی دیاردە گەراییەو ڕووبەڕووی وەستان کە ئەویش پرەنسیپی (یەك)یان(هیچ شتێك)ە، ئەویش بەو مەبەستەی کە نەبا لەلایەن خراپی هەڵخەڵەتێنەری جۆراوجۆری شتەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت. مرۆڤ دەبوایە هەمان ئەزموونی لەگەڵ خۆیدا هەبوایە. لەهەمان یەکەم لووتکەی تاکگەرابوونەوە، یاساو پێبودانگی گروپە سەرەتایی یەکەی مرۆڤ کەم کاریگەربوون ومرۆڤ لەلایەن هەمە چەشنی ئارەزوو و ئاواتەکانیەوە وئەو

شـته زۆرانـەی کـه دروسـتی کـردن، پرووبـــەپرووی سـەرهەڵدانی ئـارەزووی زیـاتربووەوە لـەخۆیدا، ئیـتر مرۆڤ بووە عەمبارێکی بێدەرەتانی ئارەزووکان هەتا وای لێهات مرۆڤ توانـی ئایدیای (یـەک the one) لـەخودی خۆیـدا دروسـت بکـات. مـرۆڤ واخـۆی بەرجەسـتە کـرد کـە بابـەتیsubjectئـارەزوو و چالاکیەکانە، چەمکێکی خۆیی یـان (مـن)ی فۆرمەلـە کرد. بەم شێوەیە گەڕان بەدوای سەرەتاکانی (یـەک) دا و بەدەستهێنانی پرەنسیپێکی ڕێبەری درککردن و خود... ئەزموونی بووە زەروورەتێک، تەنانەت مرۆڤ بـــووە بابـــەتێکی بـــێ دەرەتـــانی شـــتەکان و هەستەوەرەکان خۆی.

لـە هیندسـتان پرەنسـیپی یـەک لەبەشـە هـەرە ســـــەرەتاییەکانی(یوپانیشـــــادس_ upanishads)هەوەبەرجەســـــــــتەکراوەو نـــــاونراوە(براهمـــــــان_Brahman) وەک پرەنسیپی(یەک) لەکەوندا، کە هاوشێوەی (ئاتمان یە Atman)ە، کە مانای پرەنسیپی (یەک) دەگەیەنێت لەکەسێکدا.(یەک)بریتییە لەکەسێک یان شتێک، بەڵکو لەسەروو هەموو شتێکی هەبووەوەیـە،و هیـچ ناوێکی ترنیە جگە لـەوەی کـە شتێک نیـە، ئـەو بریتییـە لـە پرنســـیپی بـــاڵای جیـــهان هـــەروەها زۆرجـــار وەک(نـەتی،نـەتی_neti,neti)پێناســـەی کـــراوە کـــەمانای ئـــەوە دەگەیـــەنێت کـــە نەئەمیانـــەو نەئەویشیان.(بەڵام شانبەشانی ئەمە دەبینین کـە چـەمکاندنی براهمـــان وەک بـــاوکی بـــاڵا لەلایـــەن یوپاشیدسـەوە تـەواو جیـاوازە لـەزمانی پـــەیمانی کۆن(العـهد القدیـم). لـە بودایـیزمی مـەهاجانادا ((بـــەرزترین))بەشـــێوەیەکی ڕەهـــا بریتییـــە لەبـەتاڵایی(بۆشـێتی)، کـە ئـەتوانرێت تەنـــها وەک ئەوەی کە نیە ئاماژەی بۆ بکرێت.

لەبیرکردنەوەی چینیدا، دەبینین کە هـەمان ئایدیا لە (تاویزم)یشدا دەربـڕدراوە. تـاو_تـێ_شینگ بـەم ڕستەیە دەسـت پێدەکـات:"ئەوشـتەی دەربـارەی (تاو_Tao)دەوترێت بریتی نیە لە(تاو)ی ڕەها. ئـەو ناوانـەی کـە دەتوانرێـت بدرێنـەبرتیینین لـە نـاوە ڕەهاکان.(ئـەوەی کـە بێناوە)بریتییـە لـە بنـەڕەتی ئەرزو ئاسمان"(١)

لـەزەن بودیزمدا(Zen Buddhism)چـەندین فۆرمەلـە دەبینـین کـە ئامـاژەدەدات بـە نـەتوانایی دەربڕینـی پرەنسـیپی هـەرەباڵا، بەمەبەسـتی گشـتی کۆششەکانی زەن بریتییەلە تێکشکاندنی ئەو هەوڵەی کـە بـۆ تێگەیشـتن لـە بنـەڕەتی شـتەکان دەدرێـت بەهۆی زانیاری پەرش وبڵاوەوە. هەمان ئایدیـاش لـە تەصـــەوفی ڕۆژئـــاوادا دەربـــڕاوە. پلۆتینـــەس (ئەفلۆتین) دەربڕینی ئایدیای(یـەک_hen)وادەخاتـە ڕوو کـــــە بۆیســـــیەز Boethins،ســـــیدیۆ Psedo،دیۆنیســـــەس Dionysiusی بـــەدوادا هـاتبێت. ڕۆمـی گـەورە موتەصـەوفی فـارس، کەلـە تراديسیۆنی ڕۆژهەڵات وئیسلامیدا چەسپاوە، هـەمان ئاراستەی پـەیڕەو کردووە. لەڕۆژهـــەڵاتی نزیکـدا، چەمکی (یەک)لەهێمای(خواGod)دا دەربڕدراوە کـە پادشـای هـەرە باڵایـە.ئەمـە زەروورەتێکـی مێژوویـی بووە، چونکە لـە دەوڵەتـە بچووکـەکاندا کـە لەلایـەن فەرمانڕەوا زاڵمەکانەوە فـەرمانڕەوایی کـراوە، کـە وا بڵاویـان کردۆتـەوە کـە خـاوەنی هـێزی خودایـین، چـەمکی بـاڵاترین پرەنسـیپ، دەبوایـە لـە هێمـای پادشای باڵادا یان(پادشای پادشاکان)دا دابڕێژرابایا. دەبێت لـەوە دڵنیـا بـین کـە ئـەم خودایـە لـە هـەموو بتەکان جیاوازە. ئەم خوایەی کە ناوی نیە هیچ ناوێک یان وێنەیەک شایستەی ئەوە نیـە کـە بـۆی دابنرێت. بـەڵام سـەرەڕای ئـەم ئامادەباشیانە هێمـای خـوای پادشا لە چەمکی خواوە بەخواکردنی مرۆڤی بۆ خۆی خواسـتووە،ئـەم مەترسـییە زۆر گـەورە تربـوو لـەو چەمکـەی خـوا کـە لەلایـەن کەنیسـەوە بـە هـەند وەرگیرابوو لە ئـەوروپای سـەدەکانی ناوەڕاستدا کـە سترەکتۆری کۆمەڵایەتی ئەوروپا لەلایـەن ئیمپراتۆرو پاپـاو لـۆردە فیودالەکانـەوە کۆنـترۆڵ کرابـوو. بـەم

جۆرە هێمای (خوا) کەلە بەرامبەر (یەك)بەهای بالآدا دانرابوو، لەبەریەك هەڵوەشاو گۆڕا بۆ واقیعێکی وێنا کراوی پادشایان کە فەرمانڕەوایی بەسەر فەرمانڕەواکاندا کردووەو فەرمانەکانی لە عەرشی بالای خۆی لە ئاسمانەوە ئاراستە کردووە.

لە کاتێکدا ئەم بەرجەستە کردنەی خوا بوو بووە کۆنترۆڵکەری چەمکەکانی جەماوەرو ئەو سەرکردانەی وەك جەماوەر بیریان کردۆتەوە، کەچی هەمیشە بیریارو گروپی (زۆربەی کات شۆڕشگێڕ) هەبوون کە ویستویانە چەمکی پاکژێتی(یەك) لە دەسەلاتخوازو رەگەزو بتپەرستە(ناپاك)ەکان پاك بکەنەوە کە شێوێنەری ئەم چەمکە بوون. مێژووی یەهودیەت و مەسیحیەت ئەتوانرێت وەك کۆششێکی بەردەوام سەیر بکرێت بۆ گێڕانەوەی چەمکی خوا بۆ مانا ئەسڵیەکەی لەبەرامبەر پرۆسەی بەبتکردندا.

ئەم کۆششە بەتەنها لە رێگەی بیرکردنەوەی تەسەوفگەراییەوە نەکراوە، بەڵکو لەڕێگەی زۆر ڕێبازی جیاجیا: ((سیۆلۆژیای نێگەتیڤی))ی مایمۆنیدس Maimonides. سیۆلۆژیای نێگەتیڤ ئەوە پیشان دەدات کە هیچ ئاراستەیەکی پۆزەتیڤانەدەربارەی وجودی خوا، ڕێپێدراو نیە. کەسێك ئەتوانێت بڵێ کە خوا چی‌نیە، بەڵام ناتوانێت بڵێ خواچیە، مایمۆنیدس ئەڵێت" ئێستا بۆ ئێوە ڕوون دەبێتەوە کە هەموو کاتێك بە بەڵگەوە ئێوە نێگەتیڤ بوونێك دادەمەزرێنن کاتێك ئاماژە بەخوا دەدرێت، ئێوە زیاتر کامڵ دەبن، لە کاتێکدا لەگەڵ هەموو جورئەتێکی قسەکردنی پۆزەتیڤانەی زیادەدا، ئێوە دوای خەیاڵتان دەکەون و لە مەعریفەی راستەقینەی دەربارەی خوا پاشەکشە دەکەن". سیۆلۆژیای نێگەتیڤ ڕەگ وڕیشەی خۆی لەناو تراديسیۆنی ئینگلیزیدا هەیە. قەدەغەکردنی ناولێنانی خواو بەخشینی هەرجۆرە وێنەیەك یان پەیکەرێك کە تەعبیر لە خوابکات، لەناوەڕۆکدا بریتیە لە قەدەغەکردنی ئەنجامدانی هەر وتەیەکی پۆزەتیڤانە لەسەر خوا .(٦) پێغەمبەرەکان بەردەوام بوون لە جەنگین لەدژی پرۆسەی بەبتکردنی خوا ،ئەویش بە دەربڕینی ناڕەزایی ئاگراوی لەدژی پەرستنی ئەو شێوەو پەیکەرانەی کە تەعبیر لە وێنەی خوا دەکەن. هەردوو ئاراستەکە ، ئایدیای تەسەوفیی رۆژهەلات ورۆژئاوا دەربارەی خوای تاك و تەنیا لەدژی بتپەرستی کە لە گۆرانکاریی مەسیحیەتدا ڕوویدا ، یەك ئەرکیان هەیە: داکۆکی کردن لە ئایدیای نابێگەراییانەی خوای تاك وتەنیا لەدژی بەبت کردندا کەلە سەردەمی گەشەکردنی مەسیحیەتدا ڕوویدا.

لە ماستەر ئیکهارت(Master Eckhart) دا هەردوو تراديسیۆنەکە یەك دەگرن. ئیکهارت زۆر بەقوڵی لەلایەن مایمۆنیدسەوە کاری تێکرابوو، قسەکانی ئەوی زۆر هێناوەتەوەو هەرگیز پێچەوانەشی نەبووە.هەروەها لەلایەن تراديسیۆنی تەسەوفیی(سیگۆ) دیۆنیسەوە زۆر کاری تێکراوە. ئەم کارتێکرانە دوولایەنیە، پێگەکەی ئیکهارتی قایمتر کرد و وای لێکرد کە زۆر جار دوای بیرکردنەوەی مایمۆنیدس بکەوێت، وزۆر جار زیاتر لە تراديسیۆنێکی تەسەوفی حسابی بۆ بکات.

ئەگەر کەسێك ئەم ئەرکە ئازادی بەخشەی تەصەوفی ئیکهارت وئەم سووربوونە بێ سازشکردنەی لەسەر سەربەخۆیی،لەبەر چاوبگرێت، رەنگە ئەو کەسە باش ئامادەکرابێت بۆ راستکردنەوەی پەرپوتیەکی تری تەصەوف و (ناعەقلانی ودژی عەقل)." ئەگەر خوا باشێتی نەبوو، ئەوا ئیرادەی من ئەوی ناوێت .... من ڕەحم پێکراونیم ، چونکە خوا باشە. هەروەها منیش هەرگیز ئارەزوو ناکەم کەخوا ڕەحمم پێ بکات بەهۆی باشێتی خۆیەوە، چونکە ئەو لە توانایدا

نابێت بۆ کردنی ئەم کارە. ئەمەتەنها لەبەرئەوەی من ئەمەدان پیادەنێم: یان"عەقڵ پەرستگای خوایە. خوا لەناو (ناشوێن)دا نیشتەجێ دەبێت زیاتر لەوەی کەپەرستگاکەی کەبرتییە لە عەقڵ، نیشتەجێ بێت".

سەرچاوەکان:

١- Lin Yutang Laotes, Fischer, Verlag, Frankfurt 1995, p37_My translation.

٢- Cf.D.T.Suzukis نووسینەکانی سوزوکی دەربارەی زەن بودیزم،تاراەیەکی زۆر باشترین سەرچاوەیە بۆ تێگەیشتن لە ئایدیا بنەڕەتیەکانی زەن بودیزم. لەبەرئەوەی کتێبەکانی سوزوکی راستی بە پەرۆشیان زۆرتیایەو کۆششی زیاتریان لەخوێنەر دەوێت.

٣- هەروەك لەکتێبی(You Shall belike Gods NY1966)دا ئاماژەم پێکردوە، خوا ڕێگە بەموسا دەدات کاتێك کە ئەڵێت هەرچەندە ناوی خوا دەهێنێت ئەوان بڕوای پێناکەن، ناوی خۆی دەڵێت: بەڵام خودی ئەو ناوە ئەوە دەردەبڕێت کەلە شێوەی ناکامڵ بووندا (وەك پرۆسەیەك نەك وەك شتێك)دایە. باشترواید کە وەك "من ناوم بێناوە"وەرگێڕدراوە.

٤- Cfلەسەر ئەم بابەتە:

D.Kaufmann, Geschicte der Attributenlehre in der judischen Religionsphilosophie des Mittelalters Von Saadja bis Maimuni, Gotha1877.

ئەویش هەماهەنگی عەرەب باس دەکات بۆ چەمکی سیۆلۆژیای نێگەتیف:بۆزیاتر زانیاری بڕوانە

H.Cohen, Die Religion der Vernuhft aus den Qullen des Judent *ums, Kanfmann Verlag, Frank furt, 21928,P.P7174*;109_114.

٥- Moses Maimonides،رێبەری شڵەژاو، لەعەرەبیەوە لەلایەن (م.فرفرینـد؟در)ەوە وەرگێڕاوە دەزگای پەردیز بۆ بڵاوکردنەوە_لندن.١٩٠٤لا١٦١.

6- من ئەم خاڵەم زۆربە وردی باس کردووە لەکتێبی You Shallbe As Godsنیویورك ١٩٦٦،لا٣٣ف

ف.

٧- Sermon(Quasi stella maturion)in:J.Quint, Deutsche predigten und Traktate, بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕدراوە لەلایەن:Quint, Munich

Carl Hanser Verlag,وەرگێڕانەکەی خۆم 1969,P.P.195_200_C زیادکراوە.

لەو کتێبەمدا کە چەند مانگێك لەمەوبەر دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەژێر ناوی "سەرەتایەك بۆ رۆژنامەنووسیی" بۆی چاپکردم، کۆمەڵە وتارێکم سەبارەت بەهونەرەکانی رۆژنامەنووسیی و چەند لایەنێکی تایبەت بەرۆژنامەنووسیی نووسیووە؛ کە یەکێك لەو هونەرانەی لەدوتوێی ئەو کتێبەدا نووسیومە "چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی"یەو لەنێویدا هەندێك سەرنجم سەبارەت بەگرنگیی ئەم هونەرە لەبواری کاری رۆژنامەنووسییدا خستووەتە روو؛ هاوکات لەپەراوێزێکی ئەو وتارەدا ئاماژەم بەوەکردووە کەلەداهاتوودا زیاتر لەسەر ئەم هونەرە(چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی) دەوەستین و رۆشنایی دەخەینەسەر، هەربۆیە بۆ بەجهێنانی ئەو بەڵێنەو بۆ ئەوەیشی ئەو کەسانەی بەکاری رۆژنامەنووسییەوە سەرقاڵن، سوودبەخش بێ؛ لەخوارەوە زیاتر رۆشنایی دەخەمە سەر پێکهاتە و ئەرك و جۆرو چەندین لایەنی تری تایبەت بەهونەری چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی.

هەڵبەت، هیچ کام لەهونەرەکانی رۆژنامەنووسیی بێ بەری نین لەچاوپێکەوتن (وەك یەکێك لەهونەرەکانی رۆژنامەنووسیی)، چونکە چاوپێکەوتن بۆ خۆی گرنگی لەوەدایە دەتوانین بەهۆیەوە زانیارییەکانی ناو هەواڵەکانمان زیادبکەین و هەروەها دیدو بۆچوونەکانی ناو راپۆرتەکانمان زیادبکەین و لەناو رێپۆرتاجەکانیشماندا دەبێتە دەروازەیەك بۆ وەلامدانەوەی پرسیارە گرنگەکەی ئەو هونەرە(مەبەست رێپۆرتاجی رۆژنامەنووسییە) کە ئەویش پرسیاری "بۆچی؟"یەو هاوکات لەمێزگردو کۆنگرەی رۆژنامەنووسیی و تەواوی هونەرەکانی تردا، چاوپێکەوتن فەزایەکی بەرفراوان داگیردەکاو مومکین نیە ئەو هونەرانەی تری رۆژنامەنووسیی بتوانن دەستبەرداری ببن.

چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی؛ یەکێکە لەهونەرەکانی رۆژنامەنووسیی و پابەندی دیالۆگە لەگەڵ کەسانی تردا، لەگەڵ کەسێکی دروستکەری رووداوێك، یان نزیك لەرووداوێك، یاخود ئەو کەسانەی

هونەری چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی

مەم بورهان قانع

زانیارییان لەیەکێك لەبوارەکاندا هەیە؛ کە شایەنی ئەوەیە زانیارییەکانیان لەرێی ناوەندەکانی میدیاوە پەخشبکرێت؛ کە ئەمەیش لەرێی پرسیارکردن و بەدەستهێنانی وەلامی پرسیارەکانەوە بەدیدەهێنرێ.

زۆرجار لەرێی ئامانج و ئەرکەکانەوە دەتوانین چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی بناسێنینەوە، بۆ نموونە وەزیرێك ترۆردەکرێت و کاتێك رۆژنامەنووسێك لەرێی چاوپێکەوتنێکەوە بەدوای زانیارییدا دەگەرێت سەبارەت بەهۆکارەکانی و چۆنیەتی ترۆرکردنی ئەو وەزیرە (کە لێرەدا ئامانج و ئەرکەکانی چاوپێکەوتن دەبێتە کۆکردنەوەی زانیاری)، دەتوانین لەرێی ئەو ئامانج و ئەرکەوە چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکەمان بناسینەوە بەوەی چاوپێکەوتنی هەواڵییە؛ کەتیایدا زیاتر بایەخ بەرووداوەکە دەدرێت وەك لەوکەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کراوە. باشترین چاوپێکەوتن ئەوەیە پێشوەخت پرسیاری بۆ دانەنراوە. واتا، چاکترواییە ئەو رۆژنامەنووسەی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیی لەگەڵ کەسێکدا دەکات، دەبێت زانیاری وردو چڕی سەبارەت بەبابەتی چاوپێکەوتنەکە هەبێت، بۆ ئەوەی بزانێت لەنێو چاوپێکەوتنەکەدا چ بابەتێك دەوروژێنێ، ئەمیش بۆ ئەوەی راستەوخۆ لەبەر رۆشنایی یەکێك لەوەلامەکانی کەسی چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوەدا، پرسیاری نوێتر بکاو بابەتی تر بوروژێنێ.

ئەرکەکانی چاوپێکەوتن:

چاوپێکەوتن وەك هەریەك لەهونەرەکانی تری رۆژنامەنووسیی چەندین ئەرکی هەیە؛ کەناکرێت لەکاری رۆژنامەنووسیدا فەرامۆشبکرێن. گرنگترین ئەو ئەرکانە ئەمانەن:

١)سەرچاوەیەکی باشی رۆژنامەنووسییە بۆ نووسینی چیرۆکە هەواڵ (مەبەست لەچیرۆکە هەواڵ لێرەدا ئەو رێپورتاجە رۆژنامەنووسییانە نییە کە بەناوی چیرۆکە هەواڵەوە و لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا بوونی هەیە و بلاوەکردێنەوە، بەڵکو مەبەست چیرۆکی رووداوێکی دیاریکراوە کە داڕشتنەوەی تایبەتی رووداوێك دەگرێتەوە، وەك هونەری هەواڵی رۆژنامەنووسیی). هیچ هەواڵێك نابێتە هەواڵێکی

بەهادار کە بەهای هەواڵیی تیابێ و وەلأمی هەرشەش پرسیارەکە بداتەوەو هاوکات هەڵگری رەگەزەکانی هەوالێ و لایەنە گرنگەکانی هەوالێ بێ، ئەگەر تیایدا پشت بەچاوپێکەوتن نەبەسترابێت؛ چونکە بۆ نموونە ئەگەر هەواڵی تەقینەوەیەک بلأوبکەینەوە، دەبێت بۆ گەیاندنی زانیاری سەبارەت بەئەو تەقینەوەیەو تێرکردنی حەزی زانینی وەرگر، پەنابەینە بەر چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی نزیک لەتەقینەوەکەو ئاسایش و لایەنە پەیوەندیدارەکان،و مەرج نیە لەناو هەواڵەکەدا رای لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەو رووداوە بلأوبکرێنەوە (چونکە ئەو شێوەیە لەراپۆرت و رێپۆرتاجدا و هاوکات چاوپێکەتنی رۆژنامەنووسیی و... دا رەچاودەکرێن)، بەلأم ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لێرەدا تەنها بۆ زیادکردنی زانیارییە سەبارەت بەرووداوەکە و بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی باشی رۆژنامەنووسیی لەداڕشتنەوەی هەواڵەکەدا.

٢) هۆکارێکی باشە بۆ خستنەرووی دیدی جیاواز: یەکێک لەئەرکەکانی میدیا خستنە رووی دیدی جیاوازە؛ کەلەرێی ئەم هونەرەوە (چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی) دێتەدی. ئەگەر هەر ناوەندێکی میدیا دیدی جیاوازی تیا نەبێ، ئەوا زەحمەتە رای خەڵکی بۆ خۆیان کێشبکەن و دواجار رایگشتی دروستبکەن. لەم بارەیەشەوە چاوپێکەوتن دەتوانێت نمایشی دیدە جیاوازەکان بکاو جۆرێک لەدیالۆگ بخولقێنێ.

٣) هۆکارێکی سەرکەوتووە بۆ ناساندنی کەسایەتییە ناسراوەکانی کۆمەڵگا بەجەماوەر: وتەیەکی بەناوبانگ لەرۆژنامەنووسییدا سەبارەت بەهەواڵ هەیە؛ کە هەندێک پێیان وایە: "کەسایەتیی (مەبەست خەڵکانی ناسراوە) هەوالێ دروست دەکات" چونکە هەموو رووداوێک یان خستنە رووی زانیارییەک یان لێدوانێک لەلایەن کەسانی ناسراوەوە، بۆ خۆی دەبێتە هەوالێ. ئینجا زەحمەتە بتوانین لەکاری رۆژنامەنووسییدا کەسانی ناسراو فەرامۆش بکەین (ئیتر ئەو کەسایەتییە ناسراوە سیاسییەک بێ یان هونەرمەندێک یاخود تۆریستێکی ناسراو...) بۆیە، ناساندنی کەسایەتییە ناسراوەکان (کەکۆمەڵگا خوازیاری ئەوەیە بەردەوام زانیاریی نوێیان لەبارەوە بزانێ) گرنگی خۆی هەیەو لەرێی چاوپێکەوتنەوە دەتوانرێ ئەم گرنگییە بەدیبهێنرێ و حەزی زانینی وەرگر(متلقی) سەبارەت بە ئەو کەسایەتییە ناسراوانە تێربکرێ.

٤)هۆکارێکی باشە بۆ گەیشتن و رووبەڕووبونەوەی راستییەکان: بۆ رۆشنایی خستنەسەر هەرچ رووداوێک یان حەقیقەتێک کە ئاڵۆزبێ و لەلای هاوولاتیان روون و ئاشکرانەبێ، ئەوا چاوپێکەوتن زەمینەیەکی لەبارە بۆ رووبەڕووبونەوەیان.

٥)هۆکارێکی سەرکەوتووە کە بەهۆیەوە زانیارییەکانی وەرگر زیادەدەکرێن بەرانبەر بەئەو رووداو و بابەتانەی پەیوەندییان پێیانەوە هەیە.

جۆرەکانی چاوپێکەوتن:

وەک چۆن رێپۆرتاج وەک یەکێک لەهونەرەکانی رۆژنامەنووسیی چەندین جۆری هەیەو هەرجۆرێکیشی ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە. لەهەریەک لەو جۆرانەیدا، رۆژنامەنووس یان رێپۆرتاجنووس ئامانجی دیاریکراو دەهێنندەی، بەهەمان شێوەیش چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی چەندین جۆری هەیە و لەرێی جۆرەکەیەوە دەتوانین هەم ئامانجەکەی بهێنینە دی و هەروەها پێکهاتەی چاوپێکەوتنەکەیش بناسینەوە.

لەخوارەوە رۆشنایی دەخەینە سەر جۆرەکانی چاوپێکەوتن:

١)چاوپێکەوتنی هەواڵیی: مەبەست لەئەنجامدانی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە چڕکردنەوەو وەرگرتنی زانیارییە لەسەر یەکێک لەرووداوە گەرمەکان. لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا، هێندەی بایەخ بەهەواڵەکە



دەدرێ بەکەسەکە نادرێو هەروەها تیایدا وردو درشتی هەواڵ ڕووندەکرێتەوە.

٢)چاوپێکەوتنی بیروڕا (حديث الرأي):لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا، دیدێك یان بۆچوونێکی دیاریکراوی کەسێك بەرانبەر بەدیاردەیەك یان ڕووداوێك دەخرێتە ڕوو. ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە بەپێچەوانەی جۆرەکەی پێشوو، تیایدا هێندەی بایەخ بەچۆنیەتی بۆچوونەکە دەدرێ بەڕووداوەکە نادرێ؛ کە بۆچوونی لەبارەوە خراوەتە ڕوو.. بۆ نموونە کۆبوونەوەیەکی ئاشتی کراوە لەنێوان یەکێتی و پارتیدا، هاوکات لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری بۆنموونە بریتانیا بەشداریکردووە. کاتێك چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری وەفدی بەشداری حکومەتی بریتانیا لەو کۆبوونەوە هاوبەشەدا دەکرێت، ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە سەرباری ئەوەی تیایدا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر ڕووداوێك و چاوپێکەوتنی هەواڵییە، هاوکات و بەپلەی یەکەم چاوپێکەوتنی بیروڕایە ، چونکە خەڵکی بەبایەخ و تامەزرۆوە بەدوای دیدی کەسایەتییەکی وادەچێت؛ بۆ ئەوەی بزانێت بۆچوونی سەبارەت بەرەوتی ئاشتی لەهەرێمی کوردستاندا چۆنە..... هتد.

٣) چاوپێکەوتنی زانیاری: ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە لەگەڵ ئەوکەسانەدا دەکرێت کە زانیاری فراوانیان لەزۆربەی بوارە جیاکاندا هەیە. ئامانج لەئەنجامدانی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە زیادکردنی زانیاریی وەرگرە لەهەریەك لەو بوارانەی کەرتە جیاجیاکانی یان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ تامەزرۆی ئەوەن زانیارییان لەبارەوە بزانن، هەربۆیە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە ئەرکی بەڕۆشنبیرکردن "التثقيف" دەبینێ.

٤) چاوپێکەوتنی خۆشی (التسلية): وروژاندنی هەموو شتە خۆش و سەرنج ڕاکێشەرەکان کە غەریزەکانی وەرگر ببزوێنن، تەوەری سەرەکیی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنەن. نابێت ئەوەمان لەبیربچێ کە یەکێك لەئەرکەکانی هەر ناوەندێکی میدیا خۆشی و کات بەسەربردنەو چاوپێکەوتنیش دیسانەوە لەهێنانەدیی ئەم ئەرکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا بایەخ بەکەسەکە دەدرێ وەك لەبابەتەکە.

٥) چاوپێکەوتنی داهێنەران: لەم جۆرە چاوپێکەوتنەیشدا، خستنەڕووی داهێنانی کەسێك یان دامەزراوەیەك دەبنە تەوەری سەرەکی چاوپێکەتنەکە. مەبەست لەئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنانە بۆ ئەوەیە داهێنانەکە بەجەماوەر بناسێنرێ و هەروەها جەماوەر داهێنەرەکە بناسێ و لەدید و بۆ چوونی بگات. دەشێ ئەوە بڵێن کە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە کۆکراوەی هەردوو جۆری چاوپێکەوتنی هەواڵیی و دیدوبۆچوونە، چونکە هەم زانیاریمان سەبارەت بەڕووداوێك (داهێنان بۆ خۆی جۆرێکە لەڕووداو) پێ دەدات، هەم دیدی داهێنەرێکمان بۆ دەخاتە ڕوو.

٦) چاوپێکەوتنی کۆنگرەی رۆژنامەنووسیی: کۆنگرەی رۆژنامەنووسیی جۆرێکە لەجۆرەکان‌و هاوکات شێوەیەکە لەشێوەکانی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی؛ کەلەنێوان کەسایەتییە گرنگەکان (ئیتر سیاسییەك بێ یان لێپرسراوێکی کارگێڕیی یاخود هونەرمەندێك یان نووسەرێکی گەورە...هتد) و چەند رۆژنامەنووسێکدا دیالۆگ دروستدەبێ؛ کەبابەتی دیالۆگ و چاوپێکەوتنەکە لەلایەن ئەو کەسەوە دەستنیشاندەکرێ کە کۆنگرەکە دەبەستێ، واتا رۆژنامەنووس تەوەری چاوپێکەوتنەکە دەستنیشاناکات؛ بەڵکو تەنها بەشدارەدەبێ لەدیالۆگ و پرسیارکردندا. بەگشتی لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا بابەتێکی گرنگ کەبەلای رایگشتییەوە بایەخداربێ دەورژێنرێ (نەوەك لەلای خۆمان کە جاری وا هەیە کۆنگرە بۆ بابەتی لەو جۆرە دەبەسترێ کە تەنانەت شایانی ئەوەیش نین وەك هەواڵیش بلاوبکرێنەوە). لەم جۆرە چاوپێکەوتنانەدا بوار نارەخسێ بۆ رۆژنامەنووسێك کە چەندین پرسیار بکات (وەك لەچاوپێکەتنی رووبەروودا هەیە). بلاوکردنەوەی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە لەچاپکراوێکی میدیاوە بۆ چاپکراوێکی تری میدیا، یاخود لەناوەندێکی میدیاوە بۆ ناوەندێکی تری میدیا دەگوڕێت و داڕشتنەوەی پابەندی سیاسەتی ئیعلامی دەزگای ئەو ڕاگەیاندنە دەبێت کە تیایدا بلاودەکرێتەوە؛ چونکە ئەو جۆرە چاوپێکەوتنانە دەقی بلاوناکرێتەوە (وەك لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا باوە!.. تەنانەت لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا زۆرجار تەنها دەقی قسەکانی ئەو کەسە بلاودەکرێتەوە کە کۆنگرەکەی بەستووەو پرسیارەکانی رۆژنامەنووسان بلاوناکرێنەوە!)، بەڵکو بەشێوەی ڕاپۆرتەهەوال دەنووسرێ و بلاودەکرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکی پارتێکی ئیسلامی کۆنگرەیەك ببەستێ، بلاوبوونەوەی ئەو کۆنگرەیە (هەڵبەت مەبەستم لەشێوەی ڕاپۆرتدایە) لەرۆژنامەیەکی ئیسلامیدا بۆ رۆژنامەیەکی عەلمانی دەگۆڕێت.دەبینین لەرۆژنامەی ئەو پارتە ئیسلامییەدا کە سەرۆکەکەی کۆنگرەکەی بەستووە، قسەجوانەکانی سەرۆکەکەیان و پرسیارەکانی رۆژنامەنووسانی ئیسلامی (بەپلەی یەکەم) دەخەنەروو، لەکاتێکدا لەرۆژنامەیەکی پارتێکی عەلمانیداو لەکاتی بلاوکردنەوەی کۆنگرەکەدا (وەك یەکێك لەجۆرەکانی چاوپێکەوتن) ئەو لایەنە دەخەنەروو کە سەرۆکی پارتەکە لەبەردەم پرسیارێکی رۆژنامەنووسەکەیدا شەرمەزاردەبێ و قسەی خراپ دەکات، واتا رووەدزێوەکەی (ئەگەر راستەوخۆ بێ یان ناراستەوخۆ) دەخەنە روو. هەڵبەتە مەرج نیە بوار بۆ هەموو رۆژنامەنووسان بڕەخسێ کە لەکۆنگرەی رۆژنامەنووسیدا پرسیار لەو کەسەبکەن کە کۆنگرەکەی بەستووە، بۆیە پێویستە رۆژنامەنووسان بەئاگابن لەو زانیارییانەی قسەکەر دەیانخاتە روو، یان لەو پرسیارانەی کە رۆژنامەنووسانیتر دەیانکەن، ئەمەیش بۆ ئەوەی دواتر بەپاڵپشتیبەستن بەسیاسەتیی ئیعلامی ئەو ناوەندە ڕاگەیاندنەی کە نوێنەرایەتییان دەکەن، کۆنگرەکە وەك ڕاپۆرتێك دابڕێژنەوە. دەبێت ئەو راستییەیش بزانین کە هەندێك جار زیاتر لەکەسێك کۆنگرەی رۆژنامەنووسیی هاوبەش دەبەستن؛ وەك چۆن دەبینین لەکەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەفزیۆنەکانەوە دەقەکەی بلاودەکەنەوەو دواتریش دەیکەنە ڕاپۆرت و گرنگەکانی دەخەنە روو.

٧) چاوپێکەوتنی تایبەت: ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە تایبەتن بەژیاننامەی کەسێکی دیاریکراو، زیاتر لەگەڵ کەسە ناسراوەکاندا ئەنجام دەدرێن؛ ئەمەیش بۆ ئەوەی جەماوەر ئاگاداری ژیان و کارەکانیان و بیرکردنەوەو بیروڕایان ببن. ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە ئەرکی خستنەرووی کەسە دیارەکان دەبینێ لەگێڕانەوەی بەسەرهات و گەڕانەوە بۆ رابردوو.

٨)چاوپێکەوتن لەرێی پۆستکردنی پرسیارەوە: ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە زیندوونین؛ چونکە ئەنجامدەری چاوپێکەوتن ناتوانێت لەسەر ئەو بابەتانە پرسیاری نوێتر بکات کە وەلامدەرەوەی پرسیارەکان قسەی لەبارەوەکردوون (بەهۆی ئەوەی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا قەیرانی هەستی رۆژنامەنووسیی لەنێو کادیرە ئیعلامیەکاندا بەدی دەکرێ؛ ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە بەزەقی هەستیان پێدەکرێ، کەزۆر جار بەپەیامنێرێکدا سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامە یاخود بەڕێوەبەری یان لێپرسراوی بەشی چاوپێکەوتن لەتەلەفزیۆن و رادیۆکاندا، چەند پرسیارێك بۆ کەسێکی دیاریکراو پۆست دەکەن و وەلامەکانی هەر لەرێی پەیامنێرەکەیانەوە وەردەگرنەوە، واتا پەیامنێرەکان تەنها ئەرکی پرسیاربردن و وەلام هێنانەوە دەبینن! هەڵبەت زۆرجار رۆژنامەنووسێك بەناچاری پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە، ئەوەیش لەبەرئەوەی ئەو کەسەی کە دەیەوێت زانیاری لێوەربگرێ لەبەردەستدا نییە، بۆ نموونە ئەو چاوپێکەوتنە درێژەی کە هەڵۆ بەرزنجەیی بەناونیشانی "ژیان و جیهانبینی" لەگەڵ رۆشنبیرێکی مامۆستا مەسعود محەمەددا کردوویەتی، کە لەچەند مانگی رابردووداو لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپی دووەمی کرایەوە. بەهۆی ئەوەی کە رۆژنامەنووسەکە لە وڵاتێکی ئەوروپادا بووە و مامۆستا مەسعود محەمەدیش لەشاری بەغدادا بووە، هەربۆیە رۆژنامەنووسەکە ناچاربووە پرسیارەکان بۆ مامۆستای ناوبرا پۆستبکات، هەڵبەت ئەو چاوپێکەوتنە بۆخۆی گرنگی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی لەو رووەوە کە لەگەڵ رۆشنبیرێکی ناسراودا ئەنجامدراوە، بەڵام ئەگەر رۆژنامەنووسەکە رووبەروو لەگەڵ مامۆستا مەسعوددا بووایە، دەیتوانی لەبەر رۆشنایی یەکێك لەوەڵامەکانی مامۆستا مەسعود محەمەددا، هاوکات پرسیاری نوێترو گەرموگوڕتربکات؛ کە کەشێکی درامی بۆ چاوپێکەوتنەکە بخوڵقێنێ). هەر لەم جۆرە چاوپێکەوتنانەدا، خوێنەر یان گوێگر هەست ناکات پرسیارەکان پێکەوە گرێدراون. چونکە لەوەڵامدانەوەی بۆ نموونە پرسیاری یەکەمدا (ئەگەر رووبەڕووبێ) دەشێت پرسیاری تر خۆی قوت بکاتەوە، بەڵام دواجار ئەو پرسیارانەی کە پێویستن لەم جۆرە چاوپێکەوتنانەدا بکرێن، بەهۆی ئەوەی کە پرسیارەکان پۆستکراون ئیتر بەپەیامنێردابێ یان شۆفێری دەزگاکەدا یاخود لەرێی ئیمێڵەوەبێ، یان هەرچ رێگایەکی تر، تیایدا بوار ناڕەخسێ بۆ پرسیاری نوێ و جەوهەری.

شێوازەکانی چاوپێکەوتن:

وەك چۆن ئەم هونەرە چەند جۆرێکی هەیە، هاوکات چەندین شێوازیشی هەیە. هەروەك چۆن

"هەواڵ" وەك یەكێك لەهونەرەكانی رۆژنامەنووسیی سەرباری ئەوەی چەند جۆرێكی هەیە، هاوكات چەند شێوەیەكیشی هەیە. هەربۆیە ، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چاوپێكەوتنی رۆژنامەنووسیی، لەخوارەوە ئاماژە بەشێوەكانی دەكەم:

١) چاوپێكەوتنی رووبەروو: یەكێكە لەشێوە سەركەوتووەكانی چاوپێكەوتن كە تیایدا رۆژنامەنووس دەتوانێت هەموو ئەو شتانە بوروژێنێ كە مەبەستیەتی. لەم شێوەدا، رۆژنامەنووس رووبەروو لەگەڵ كەسەكەدا قسەدەكا. بەهۆی گەشەسەندنی تەكنەلۆجیاوە، رۆژنامەنووس لەتوانایدا هەیە لەدووری دەیان هەزار كیلۆمەترەوە رووبەروو چاوپێكەوتن ئەنجام بدات، وەك لەچاوپێكەوتنەكانی كەناڵە ئاسمانیەكاندا هەیە؛ وەك چۆن بۆ نموونە رۆژنامەنووسێك لەواشنتۆنەوە لەگەڵ دیپلۆماتێك لەئیسلامئابادی پایتەختی پاكستانەوە و لەرێی ئەم شێوە چاوپێكەوتنەوە و بەهۆی تەكنەلۆجیای سەردەمەوە چاوپێكەوتنی رۆژنامەنووسیی دەكات؛ كەزۆربەی چاوپێكەوتنەكان هاوكات لەجۆری هەواڵی و بیروڕان.

٢) چاوپێكەوتنی تەلەفۆنی: لەم شێوەدا كەمترین تەوەر بۆ چاوپێكەوتنەكە دەستنیشان دەكرێ و هاوكات كەمترین پرسیار دەخرێنە روو.

٣) چاوپێكەوتن لەرێگای نووسینەوە: ئەم شێوەیە هەمان جۆری چاوپێكەوتنە لەرێگای پۆستكردنەوە؛ كەزیاتر لەگەڵ ئەو كەسانەدا پیادەدەكرێ كەدوورن لێمانەوە. ئەم شێوە چاوپێكەوتنە هەندێك خراپی هەیە وەك پێشتر روونمكردەوە.

٤) چاوپێكەوتن لەرێگای ئیمەیڵەوە(واتا لەرێگای بەریدی ئەلكترۆنییەوە): ئەم شێوە چاوپێكەوتنە بەهۆی بەشداریكردن لەتۆڕەكانی ئینتەرنێتدا دەكرێت؛ كە رۆژنامەنووسەكەو ئەو كەسەی چاوپێكەوتنەكەی لەگەڵدا دەكرێت دەبێت ئیمەیڵیان هەبێ و بەشداربن لەتۆری ئینتەرنێتدا؛ كە پێكەوە دەچنە سایتێكەوە و رۆژنامەنووسەكە پرسیارەكان لەرێی تایپی كۆمپیوتەرەوە دەنێرێ و كەسەكەیش كەچاوپێكەوتنەكەی لەگەڵدا دەكرێ، بەهەمان میكانیزم وەڵام دەداتەوە و دوای تەواوبوونی هەر پرسیارێك یان وەڵامێك كلیكی كۆماندی (send) دەكرێت كە بەهۆیەوە بابەتەكە رەوانە دەكرێ.

٥) كۆنگرەی رۆژنامەنووسیی: ئەم شێوە چاوپێكەوتنە هاوكات جۆرێكی چاوپێكەوتنە ، وەك چۆن پێشتر روونمكردەوە.

مەرجەكانی چاوپێكەوتن:

بۆ ئەوەی هەركام لەجۆرو شێوەكانی چاوپێكەوتنی رۆژنامەنووسیی سەركەوتووبن، پێویستە لەسەر رۆژنامەنووس یان ئەنجامدەری چاوپێكەوتن رەچاوی ئەم مەرج و تایبەتمەندییانە بكات:

١) تازەبێ لەرووی كاتەوە: واتا پەیوەندی بەرووداوێكی گەرمەوە هەبێ (هەڵبەت ئەم مەرجە زیاتر بۆ چاوپێكەوتنی هەواڵییە).

٢) نزیكی لەرووی جێگاوە: ئەو بابەتانەی بوونەتە تەوەری چاوپێكەوتنەكە دەبێت لێمانەوە نزیك بن؛ كە ئەمە زیاتر چاوپێكەوتنەكە بایەخدار دەكاو وەرگر بەردەوام دەبێت لەو زانیاریو بیروڕایانەی سەبارەت بەبابەتی چاوپێكەوتنەكە دەخرێنە روو.

٣) بایەخداربێ: ئەمە وەك چۆن مەرجێكی هەرچاوپێكەوتنێكە، وەك هەریەك لەو دوو مەرجەی پێشووتر، لەو رەگەزانەیشن كە بەهای هەواڵیی دەستنیشان دەكەن. مەبەست لەوەی كە بایەخداربێ بەو مانایەیە كە زیاترین پەیوەندی بەهاوولاتیانەوە هەبێ؛ بۆ ئەوەی بەتامەزرۆوە چاوپێكەوتنەكە بخوێننەوە، یان گوێی لێبگرن.

٤) مانا داربێ: واتا چاوپێكەوتنەكە چەندین مانا و تەوەری جیاجیای تیابێ.

٥) سیاسەتی ئیعلامیی: واتا رەچاوی سیاسەتیی ئیعلامیی ئەو ناوەندەی میدیا بکرێت کەچاوپێکەوتنەکەی تێدا بلاودەکرێتەوە. بۆنموونە ئەو چاوپێکەوتنەی لەرۆژنامەیەکی لیبرالدا بلاودەکرێتەوە (کە باس لەتێشکاندنی هەموو تابۆکراوەکان دەکرێت) مومکین نیە لەرۆژنامەیەکی مولتەزیمدا، بەتایبەتی لەمیدیایەکی مولتەزیمی خۆرهەلاتدا کە داکۆکی لەپاراستنی تابۆکراوەکان دەکات بلاوببێتەوە، ئەمەیش مانای رەچاوکردنی سیاسەتیی ئیعلامییە.

قۆناغەکانی ئامادەکردنی چاوپێکەوتن:

بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی سەرکەوتوو بێ و زیاترین خەڵک بیخوێنێتەوە و هەروەها زیاترین بابەتی گرنگی تیا بوروژێ، پێویستە لەسەر رۆژنامەنووس لەئامادەکردنیدا رەچاوی ئەم قۆناغانە بکات:

١) کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری سەبارەت بەئەو کەسایەتییەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەگەر چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکانی پێشترو لەلایەن رۆژنامەنووسانی ترەوە کە لەگەڵ ئەو کەسەی مەبەستە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکرێت بخوێنرێنەوە، بایەخ و گرنگی هەیە، ئەمەیش بۆ ئەوەی لەچۆنیەتی وەلامدانەوەی کەسەکە شارەزابین و لەوە ئاگاداربین کە بەچ پرسیارێک دەوروژێ و قەڵس دەبێ و بەچ شێوازێکیش خۆی لەپرسیارەکە دەدزێتەوە، ئەمەیش بۆ ئەوەیە لەچاوپێکەوتنەکانماندا هەموو دەرگاکانی بەرووردا دابخەین و بوار نەهێڵینەوە بۆ ئەوەی خۆی لەپرسیارەکانمان قوتاربکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەو کەسایەتییەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکەین، بۆ ئەوەیە لەپرسیارەکانماندا رۆبچینە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکەوەو ئەو شتانە دیسانەوە بوروژێنینەوە کە ناوبراو (کەسی چاوپێکەوتن لەگەڵکراو) پێیان دەوروژێ؛ هەروەك چۆن لەچاوپێکەوتنەکانی رۆژنامەنووسییەکانی چێرۆکنووس و کچە رۆژنامەنووسیی ئیتاڵی "ئۆریانا فالاچێ "دا هەستی پێ دەکرێت؛ کە لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرکردەکانی جیهاندا چاوپێکەوتنی کردووە. بۆ ئەوەی ئەم خاڵە زیاتر روونببێتەوە، دەخوازم ئاماژە بەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانی ئەم کچە رۆژنامەنووسە بکەم کە لەگەڵ سەرهەنگ قەزافی سەرۆکی لیبیادا کردوویەتی.

ئەم کچە رۆژنامەنووسە بەرلەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ قەزافیدا بکات، پێشوەخت زانیاری تەواوی سەبارەت بەلیبیا وەك حکومەت و جوگرافیا و پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی و هەروەها مێژووی خوێناوی ئەو ولاتە خوێندووەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئاگاداری ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی قەزافییە و ئەوە دەزانێت کە قەزافی "کتێبی سەوز " کە یەکێکە لەدانراوەکانی لەزۆر بۆنەدا بەشانازییەوە دەیخستەڕوو، ئەم خانەی رۆژنامەنووسە ئەو"شاکارە"ی ناوبراویشی خوێندووەتەوە، هەربۆیە لەچاوپێکەوتنێکی ئەم کچە رۆژنامەنووسەدا لەگەڵ قەزافیدا، ناوبراو بەپرسیارەکانی قالاچێ پەستدەبێ و دەڵێ: "ئەو پرسیارانە چیە دەیانکەیت لەوەدەچێت کتێبی سەوز-ی منت نەخوێندبێتەوە؟!".. لەوەڵامی ئەو تورەبوون و قسەیەی قەزافیدا، قالاچێ دەڵێت: "بەپێچەوانەوە، خوێندومەتەوە، بەچارەکێك دەخوێندرێتەوە، زۆر بچوکە قوتووە برژانگە دەستکردەکەی من لەکتێبەکەی تۆ گەورەترە". پاش ئەوەی قەزافی بەو قسەیەی قالاچێ دەوروژێو قەڵس دەبێ، هەر لەدرێژەی ئەو چاوپێکەوتنەداو هەر سەبارەت بە"کتێبی سەوز"قەزافی لەدوو وەڵامی جیای دا دەڵێت: "کتێبی سەوز ئینجیلە ! ئینجیلێکی تازە... لەئینجیلی ئێوە نووسراوە ئەسڵ کاروئیشە، کتێبی

سەوزیش هەمان ئیش و کارە، یەك وشەی دەتوانێ دنیا وێران بكا، یا ڕزگار بكا. كارتەر دەتوانێ جەنگ لەجیهاندا بەرپابكا، بەڵام بۆ بەرگریی لەجیهانی سێیەم كتێبی سەوز بەسە. كتێبی سەوزی من، یەك وشەی كتێبی سەوز دەتوانێ دنیا ژێرەو ژوور بكا و بەهاكان بگۆڕێ.... "ڤالاچێ بەو قسانەی قەزافی بێدەنگ نابێ و بەردەوام دەبێت لەسەر پرسیارەكانی و لەدواپرسیاریدا بەقەزافی دەڵێ: "بڕوات بەخوا هەیە؟".. قەزافیش لەوەڵامدا دەڵێ: "ڕوونە... بێگومان... بۆ دەپرسی؟". ڤالاچێ بۆ ئەوەی هێندەی تر سەرهەنگ قەزافی پەستبكات، بەم رستە كۆتایی بەچاوپێكەوتنەكەی دەهێنێ؛ كە دەڵێت: "چونكە پێم وابوو بۆ خۆت خوای".

ئەم چاوپێكەوتنە ئازایانەی ئەم كچە ڕۆژنامەنووسە، سەرباری ئەوەی كە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆژنامەنووسێكی بیانییە و ولاتێكی وەك ئیتاڵیای لەپشتەوەیە، هاوكات یەكێك لەهەرە خاڵە گرنگەكانی كە وایكردووە ئەم چاوپێكەوتنەی وەك هەریەك لەو چاوپێكەوتنانەی تری كە لەگەڵ ئایەتوڵڵاڵ خومەینی و ئاریێل شارۆن و محەمەد ڕەزا پەهلەوی شاو مەهدی بازرگانو.. ئەنجامی داوە سەرنج ڕاكێش و گەرم و گوڕبێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێشوەخت زۆرترین زانیاری سەبارەت بەهەریەكێك لەو كەسایەتییانە كۆكردووەتەوە، بۆ نموونە لەو چاوپێكەوتنەیدا كە لەسەرەتای هەشتاكاندا لەگەڵ "ئاریێل شارۆن"دا ئەنجامی داوە، كە ئەوكات ناوبراو وەزیری بەرگری بووە لەحكومەتەكەی (مەناحم بێگن) دا، ڤالاچێ ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەئەم پیاوە هەبووە كەناوبراو بەرپرسیاری یەكەمی كۆمەڵكوژییەكەی " صبراو شەتێلا "یەو لەساڵی ١٩٥٦دا فەرماندەی لیوای هێزی ئاسمانی بووەو لەساڵی١٩٧٤ یشدا پلەیەكی بەرزی سەربازیی لەسوپادا هەبووە و هەروەها لەساڵی ١٩٧٣دا پارتی "لیكۆد"ی دامەزراندووەو ساڵی١٩٨٢ یش پلانی داگیركردنی لوبنانی داڕشتووە، هەروەها ڤالاچێ ئەوە دەزانێت كە شارۆن لەساڵی ١٩٤٨دا بەهۆی بەشداریكردنی لەشەڕی "ترۆن"دا بریندار بووە، ئەمە سەرباری ئەوەی كە ناوبراو لەساڵی ١٩٦٧دا فەرماندەی فەرماندەیی "ئۆغدا" بووەو لەشەڕی حوزەیرانی ئەو ساڵەداو بەو پۆستە بەشداریكردووە. ڤالاچێ ئەوەیش دەزانێ كە شارۆن (ی ناسراو بەبلدۆزەر) رایگەیاندووە هەرگیز دەستبەرداری بەرزاییەكانی جۆلان نابێ، هەربۆیە لەخۆڕاییە كە ڤالاچێ لەكۆتایی ئەو چاوپێكەوتنە ڕۆژنامەنووسییەیدا كە لەگەڵ ئەم پیاوە سەربازییەدا (كە ئێستا لەپۆستی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلدایە) ئەنجامی داوە پێی دەڵێ ".... زەندەقم چووە لەوەی تۆ هەموومان بەرەو كارەساتێكی گەورەدەبەی".

٢) كۆكردنەوەی زۆرترین زانیاری سەبارەت بەبابەتی چاوپێكەوتنەكە: ئەمەیش بۆ ئەوەیە ڕۆژنامەنووسەكە بتوانێت لەنێو وەڵامەكاندا زیاترین پرسیار بوروژێنێ و ڕۆشنایی زیاتر بخاتە سەر ئەو لایەنانەی كەمەبەستیەتی زانیاری لەبارەیانەوە دەستبكەوێ.

هەرلەمبارەیەوە بەپێویستی دەزانم نموونەیەكی تری زیندووی ڕۆژنامەنووسیی بهێنمەوە كە چاوپێكەوتنێكی تری " ئۆریانا ڤالاچێ"ی كچە ڕۆژنامەنووسیی ئیتاڵیە لەگەڵ "ئایەتوڵڵاڵ خومەینی" رابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا.

لەو چاوپێكەوتنەدا، ڤالاچێ باس لەژنێكی هەژدەساڵەی دووگیان دەكات؛ كە لەسەر زینا لەبوشەهر لەسێدارە دراوە... لەوەڵامی ئەو باسەی ڤالاچێدا، رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەڵێت:"دووگیان؟! درۆیە. وەك ئەو درۆیەی دەڵێن مەمكی ژنان دەبڕن، لەئیسلامدا شتی وا ڕوونادا، ژنی دووگیان ئیعدام ناكرێ". لەدوای ئەم وەڵامەی ئایەتوڵڵاڵ خومەینی، بەهۆیئەوەی كە ڤالاچێ

زۆرترین زانیاری سەبارەت بەبابەتی چاوپێکەوتنەکەو هەروەها لەوردودرشتی ئەو رووداوەی پێشتر ئاماژەی بۆ کردووە هەیە، بەئیمام خومەینی دەڵێت: "درۆنییە، هەموو رۆژنامەکانی ئێران لەسەریان نووسی، هەروەها لەتەلەفزیۆنیش مێزگردێك کرا، ئەو پیاوەیش کە زینای لەگەڵدا کردبوو تەنیا سەد داریان لێدا".

هەربۆیە دواجار ئیمام خومەینی ناچار دەبێت ئەم وەڵامە بداتەوە: "رەنگە حەقی بووبێ، رەنگە ئەو ژنە کاری تری کردبێ، لەو دادگایە بپرسە کە حوکمی داوە... بەسە... باهیچی تر لەو باسانە نەدوێین. ماندوبووم...".

دەبینین، ئەگەر ڤالاچێ زانیاری لەسەر ئەو بابەتەی چاوپێکەوتنەکە نەبوایەو ئاگاداری وردو درشتی ئەو رووداوە نەبوایەو رۆژنامەکانی نەدیبایە کەلەسەر ئەو رووداوەیان نووسیبووە، دوای قسەکانی یەکەم جاری خومەینی کە ڕایگەیاند ئەو رووداوە درۆیە، ئیتر دەرگای ئەو باسە دادەخرا، بەڵام بەپێچەوانەوە بەهۆی بوونی زانیاری ئەو کچە رۆژنامەنووسە سەبارەت بەئەو رووداوە، ئیمام خومەینی بەجۆرێك لەجۆرەکانی ددان بەو رووداوەدا دەنێ.

٣) ئامادەکردنی تەوەری چاوپێکەوتنەکە یان کۆمەڵێك پرسیاری سەرەکی بۆ چاوپێکەوتنەکە: دەبێت لەو راستیە بگەین کەسەرکەوتووترین چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی ئەو چاوپێکەوتنانەن کەتیایاندا و لەلایەن رۆژنامەنووسەکەوە تەوەرەکانی باسەکان دەستنیشاندەکرێن، بۆ ئەوەی قسەیان لەبارەوە بکرێت.

هەنگاوەکانی چاوپێکەوتن:

بۆ ئەنجامدانی هەر چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیی چەند هەنگاوێك هەن کە دەبێت رۆژنامەنووس بەهەند وەریانبگرێت کە ئەوانیش ئەمانەن:

١) هەنگاوی دەستپێکردن بەچاوپێکەوتنەکە: مەرج نییە یەکسەر بچینە نێو چاوپێکەوتنەکەو دەستکردن بەپرسیارکردن؛ بەڵکو دەشێت یان چاکترواییە بەنوکتەیەك یان باسکردن لەرووداوێك یان کەسێك یان قسەکردن لەسەر باسێك کەپێشتر جێگای وتووێژبووبێ لەنێوانیاندا (واتا رۆژنامەنووسەکەو ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکرێت) دەست بەچاوپێکەوتنەکە بکرێت، هەروەك چۆن لەچاوپێکەوتنێکی تری هەمان کچە رۆژنامەنووسیی ئیتاڵی‌دا، "راکۆڤسکی" پیاوی ژمارە دووی حکومەتی ئەو کاتەی پۆڵەندا، ڤالاچێ بەم قسانە دەست دەکات بەچاوپێکەوتنەکە: "بەڕێز راکۆڤسکی! ئەو رۆژەت بیردێ ــ دروست پێش ساڵێك ــ کەلەوارشۆ یەکتریمان دی؟ ئەوسا تازە ببویە جێگری سەرەك وەزیر و بۆ دیتن و گفتوگۆ لەگەڵ "لێخا ڤالێسا" بۆ "دانزیك" دەچووم. ئەو رۆژە لێم پرسیت: ئەگەر سۆڤیەت لەپۆڵەندا تدخل بکا چ رووەدا؟ وتت: پۆڵەندییەکان رازی دەبن و بێدەنگ دەبن. باشە، بەڕێز راکۆڤسکی، ئەوان بەهیچ جۆرێك رازی نەبوون و رازی نابن، بێدەنگ نابن، بڕوانە دروشمەکانی سەر دیواری شار نووسراون: زستان بۆ ئێوەو، بەهاریش بۆ ئێمە. بڕوانە کاردانەوەی کانگای "سیلزی" و کارگەکانی "کاتۆڤیچ" و کارگەکانی کەشتیسازیی دانزیك. ئایا من هەڵەم؟".

٢) ئاڕاستەکردنی پرسیارەکان لەپێناو وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لەبارەی باسەکەوە.

٣) پێداچوونەوە: ئەگەر چاوپێکەوتنەکە بۆ چاپکراوبوو، وەك گۆڤارو رۆژنامە، ئەوا دوای نووسینەوەو داڕشتنی ئەم هەنگاوە جێبەجێدەکرێ.

٤) بلاوکردنەوەی چاوپێکەوتنەکە: دەشێت لەزۆربەی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکاندا (مەبەست تەنها چاوپێکەوتنی نووسراوییە) ئەو هەنگاوانە بەکەمترین ماوە ئەنجامبدرێن و

راستەوخۆیش چاوپێکەوتنەکە بلاوبکرێتەوە، وەک لەکەنالەکانی تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکاندا هەیە و دەیانبینین.

چۆنیەتی ئامادەکردنی چاوپێکەوتن:

لەکاتی خۆسازداندا بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیی، پێویستە لەسەر رۆژنامەنووس رەچاوی چەند قۆناغ و لایەنێك بكات كە لەخوارەوە رۆشناییان دەخەمەسەر:

١) هەڵبژاردنی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکەین؛ هەروەها ئەو بابەتەیش کەدەیکەینە تەوەری چاوپێکەوتنەکە. دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرین زانیاری وردی سەبارەت بەئەو بابەت و رووداوانە هەبێت کەدەیانکەینە تەوەری چاوپێکەوتنەکە، یان لەنزیکەوە ئاگاداری بابەتی چاوپێکەوتنەکە بێت. بۆ نموونە بۆ گۆڕینی یاسای دابەشکردنی زەوی‌وزار، واتا بابەتێکی لەو جۆرە، دەبێت پەیوەندی بەسەرۆکی شارەوانییەوە بکەین و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەین. یاخود بۆ بابەتێکی وەك یاسای باری کەسی، دەبێت یان چاکترواية لەگەڵ دادوەرێکی دادگادا چاوپێکەوتن بکەین. یان سەبارەت بەهەواڵی کردنەوەی تەلەفزیۆنێکی وەرزش (وەك چۆن بەر لەچەند مانگێك لەمەوبەر لەمیانی دیدارێکی سەرۆکی حکومەتدا لەگەڵ ژمارەیەك لەوەرزشکاراندا باسی لێکرابوو،و دواتر کرایەوە) پێویستە لەمبارەیەوە وەك بەدواداچوونێکی ئەو هەواڵە لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی، یاخود هەر وەرزشکارێکدا کەلەپۆستکی کارگێڕیی بەرزدابێ چاوپێکەوتن بکەین، ئەمەیش بۆ ئەوەی زیاتر ئەو هەواڵە رووننبێتەوەو جەماوەر لەو پرۆژە ئیعلامییە وەرزشییە بگەن؛ کە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنەیش دەبێتە چاوپێکەوتنی هەواڵیی.

٢) کۆکردنەوەی زانیاری پێویست سەبارەت بەبابەتەکە: لەم بوارەدا دەبێت رۆژنامەنووس زیاترین زانیاری وردی سەبارەت بەئەو بابەت و رووداوانە هەبێت کەدەیانکاتە تەوەری چاوپێکەوتنەکە (هەروەك چۆن پێشتر ئاماژەم بۆیانکرد)، ئەمە سەرباری ئەوەی چاکترواية رۆژنامەنووس بگەڕێتەوە بۆ بەشی زانیاری لەو ناوەندە ئیعلامییەدا کە کاری تێدادەکات، هەروەها نووسین و ئەو چاوپێکەوتنانەیش بخوێنێتەوە کەسەبارەت بەکەسەکە بلاوکراونەتەوە، یاخود پەیوەندی بەوکەسانەوە بکات کەلەنزیکەوە ئەو کەسە دەناسن کە دەیەوێت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکات.

٣) ئامادەکردنی پرسیار: ئامادەکردنی پرسیاری پێشوەخت (نەوەك هەموو پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە، چونکە هەروەك پێشتر رووننکردەوە چاوپێکەوتنی زیندوو و سەرنج راکێش پێویستە لەنێو وەلامەکاندا پرسیاری نوێتر و پەیوەندیداربکرێت، بۆیە ئامادەکردنی هەندێك پرسیاری پێشوەخت گرنگی و بەهای تایبەتی هەیە) وا لەرۆژنامەنووسەکە دەکات لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا زیاتر متمانەی بەخۆی هەبێت و زیاتر پابەندی بابەتی چاوپێکەوتنەکەبێ و بەتوانای بەرزی زمانەوانییەوە، وەك دەوترێت بەلەباقەتەوە چاوپێکەوتنەکە بەرێوەببا نەهێڵێت بابەتە لاوەکییەکان کاتی زۆری چاوپێکەوتنەکە داگیربکەن. هەڵبەت ئامادەکردنی پرسیاری پێشوەخت بەپاڵپشتیی قۆناغەکانی پێشووتر ئامادەدەکرێ (کەئەویش کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بەکەسەکەو بابەتی چاوپێکەوتنەکە). دەبێت لەڕێگای ئەم پرسیارانەوە کەپێشوەخت رۆژنامەنووسەکە ئامادەیان دەکات، دەستنیشانی تەوەری سەرەکیی چاوپێکەوتنەکە بکرێ. دەبێت لەدانانی پرسیارەکاندا، رەچاوی ئەوە بکرێت کە پرسیاری ئیجابی بن، واتا ئەو جۆرە پرسیارانەی کەهەواڵێك یان زانیارییەك یاخود بۆچوونێکی نوێمان دەستدەکەوێت. بەمانایەکیتر نابێت پرسیارەکان

پرسیاری سەلبی بن، واتا درێژدادڕییان تیا بکرێ و بەهۆیانەوە هیچ شتێکی نوێمان جنگ نەکەوێت، بەڵکو جوینەوەی زانیاریە کۆنەکان بێ.

چاکتر وایە پرسیارەکان بەشێوەیەکی سادەو ساکارو بێگرێ و گۆڵ بن، ئەمەیش بۆ ئەوەی بەدحاڵیبوون دروستنەبێ، چ لەگەڵ ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکەین، یاخود لەگەڵ ئەو جەماوەرەی کە چاوپێکەوتنەکە دەخوێننەوە، بۆیە دەبێت زمانی چاوپێکەوتنەکە، وەک هەریەک لەهونەرەکانی تری رۆژنامەنووسیی سادەو ساکاربێ و لەئاست هۆشیاریی جەماوەردابێت. دەبێت ئەو راستیەیش بزانین کە رۆژنامەنووسی باش، پرسیارکەری باشە. چونکە کاری رۆژنامەنووسیی مانای وروژاندنی پرسیارە، لەبەرئەوەی کاری رۆژنامەنووسیی بۆ خۆی پردێکە لەنێو پرسیارکردن و وەرگرتنی وەلامدا.

پرسیاری باش، یان پرسیاری سەرکەوتوو کلیلی هەموو کارێکی رۆژنامەنووسیانەی سەرکەوتووە، هەربۆیە دەبێت ئەم تایبەتمەندێتییانەی تیابێت:

- داڕشتنی هەمەچەشن بێ (متنوعة الصياغة).
- دەبێت پرسیارەکان زانیاری بدەن بەدەستەوە، بۆ ئەوەی وادەرنەکەوێت کە رۆژنامەنووسەکە هیچ زانیارییەکی سەبارەت بەبابەتەکانی چاوپێکەوتنەوە نییە (وەک چۆن پێشتر ئاماژەم بەچاوپێکەوتنەکانی ئۆریانا فالاچێ کرد کەپڕ زانیارین)، چونکە رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو تەنها فێرخواز نییە، بەڵکو یەکێکیشە لەبەشدارانی بابەتی چاوپێکەوتن، هەربۆیە دەشێت رۆژنامەنووس هەندێك جار لەپرسیارەکانیدا بیروڕای خۆیشی بخاتەروو.
- دەبێت پرسیارەکان وردبن و هەروەها دووربن لەئاڵۆزی و یاریکردن بەوشە. وردی کە لێرەدا هێمای بۆ کراوە، یەکێکە نەك بەتەنها لەپێکهاتە گرنگەکانی پرسیار، بەڵکو پێکهاتەیەکی گرنگی کاری رۆژنامەنووسیشە، هەروەك چۆن رۆژنامەنووسێکی گەورەی وەك جۆزیف بۆلیتزر لەرۆژنامەی "نیویۆرك وۆرد- NewYork World"دا بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێت: "رۆژنامەنووسان وردبن، پاشان وردبن، دواتر هەر وردبن".
- دەبێت ئەو پرسیارانە بکرێن کە بەلای رایگشتییەوە بایەخدارن.
- دەبێت لەئاڕاستەکردنی پرسیارەکاندا بزانین کە دوو ئامانجی گرنگ لەپێشەوەن:

أ-بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی کە بەلای رایگشتی و کەسانی بڕیاربەدەستەوە بایەخدارن.

ب-ئاڕاستەکردن (التوجيه).

ئۆریانا ڤالاچێ پێیوایە چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیی بەتەنها کۆمەڵێك پرسیارو هاوکات کۆمەڵێك وەلام نییە، بەڵکو دروستکردنی دیالۆگە کەتیایدا ساتەوەختی درامی تێدابێت، واتا رەگەزەکانی هەڵچوون و گرژی و خۆشی، واتا رۆژنامەنووس دەبێت بۆ خۆی پلانێکی یان شێوازێکی شانۆییانە (دراميانه) بخولقێنێ.

- پرسیاری ئیرتیجالی شێوازێکی تری پرسیارە کە چاوپێکەوتن گەرم وگوڕ دەکات، ئەمەیش لەدوو حاڵەتدا دەبێت:

ا- ئەوکاتەی کە رۆژنامەنووسەکە لێهاتوو و شارەزای کارەکەی دەبێ.

ب- ئەوکاتانەی بەهۆی کەمی کاتەوە بوار ناڕەخسێ بۆ ئامادەکردنی پرسیاری پێشوەخت.

٤) ئەوکاتانەی بوار ناڕەخسێ بۆ ئامادەکردنی پێشوەختی پرسیارەکان: لەهەندێك حاڵەتدا بوار ناڕەخسێ پێشوەخت پرسیارەکان بنووسرێن؛ سەبارەت بەبابەتەکەو ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکرێت. لەم حاڵەتانەدا، دەبێت رۆژنامەنووسەکە پشت بەزانیاریی گشتیی خۆی ببەستێ (هەربۆیە دەبێت رۆژنامەنووس

مەوسوعی بێ، واتا زانیاری لەڕۆربەی بوارەکاندا هەبێ). هەروەها پشت بەئەزموون و توانای خۆی لەکاری ڕۆژنامەنووسییدا ببەستێ.

ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ چاوپێکەوتن دەگیرێنەبەر:

بۆئەوەی پرۆسێسی هەر چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیی سەرکەوتووانە بەڕێوەبچێ و ڕۆژنامەنووسەکەو ئەو دەزگا ئیعلامییەیش کە چاوپێکەوتنەکەی تێدا بلاودەکرێتەوە بتوانن بەهۆی چاوپێکەوتنەکانەوە مەبەستەکانیان بپێکن و بەهای چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی وەک یەکێك لەهونەرەکانی ڕۆژنامەنووسیی بنرخێنن، پێویستە ئەم ڕێوشوێنانە بگیرێنەبەر:

١) دەستنیشانکردنی کاتی چاوپێکەوتنەکە: ڕۆژنامەنووسەکە یاخود لێپرسراوی بەشی چاوپێکەوتن یان لێپرسراوی پلە یەکی دەزگا ئیعلامییەکە بەتەلەفۆن، یاخود بەنامە یان بەراستەوخۆ (واتا ڕووبەڕوو) لەبارەی کاتی چاوپێکەوتنەکە کەسەکە ئاگادارەکاتەوەو لەگەڵیدا ڕێدەکەوێت، بەجۆرێك هەردوولا بواریان هەبێ، بەتایبەتی ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکرێ؛ دەبێت کاتەکەی بەلاوە پەسەندبێ.

ئەو کەسانەیش کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت، چەندین جۆرن و بونیادی کەسایەتیان لەیەك ناچێت... لەخوارەوە بونیادو پێکهاتەیان ڕۆشنایی دەخرێتە سەر:

ا- دەستەی هاریکار(الفئة المتعاونة): ئەم جۆرە کەسانە ئامادەن چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسییان لەگەڵدا بکرێ و هیچ ڕێگرییەك ناخەنە بەردەم ڕۆژنامەنووس، بەڵکو هاریکاری تەواو دەکەن، بەلاّم یەکێك لەخراپیەکانیان ئەوەیە زۆر بەدەگمەن زانیاری گرنگ دەدەنە ڕۆژنامەنووسان، هەربۆیە دەبێت ڕۆژنامەنووس لەمبارەیەوە فێڵبازبێ بۆ کێشکردنی زانیاری گرنگ لێیان. هەروەها ئەم کەسانە هیچ تەسەورێکیان نییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هەواڵ و زانیاری و بۆچوونانەی دەیاندرکێنێ.

ب- دەستەی ڕاڕا (الفئة المترددة):ئەم کەسانە ڕاڕان، حەزیان بەچاوپێکەوتنە، بەلاّم لەهەمان کاتدا لەچاوپێکەوتن سڵدەکەنەوە.پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووس لەمامەڵەکرنیدا لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا، کارێك بکات کە ڕاڕاییان نەهێڵێ و وایان لێبکات متمانەیان بەخۆیان هەبێ بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا.

ج- دەستەی ڕاکردوو (الفئة المتهربة): ئەم جۆرە کەسانە متمانە و بڕوایان بەکەس نییە، بەتایبەتی بەڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان. ئەم کەسانە کەمدوون، ئەگەر پرسیاریان دەربارەی ڕووداوێك یان بابەتێك لێ بکەی، دەڵێن ناتوانم هیچ شتێکت پێ بڵێم. دەبێت ئەوکات پێی بڵێی بۆچی ناتوانی؟.... هتد تاوای لێدەکەی بێتەقسە. یان زۆر جار ئەم کەسانە داوادەکەن گوایە سەرقاڵن با چاوپێکەوتنەکە دوابخرێ (کە ئەمە جۆرێکە لەخۆدزینەوە لەچاوپێکەوتن). بۆیە، نابێ ڕۆژنامەنووس ڕازیبێ تا دڵنیا نەبێ لەجدییەتی کەسەکە بۆ چاوپێکەوتن و دەبێت هاوکات لەگەڵیدا سەبارەت بەکات و شوێنی چاوپێکەوتنە دواخراوەکە ڕێبکەوێ. هەربۆیە، دەبێت ڕۆژنامەنووس شارەزای دەروونناسی بێ و توانای ڕازیکردنی بەرانبەری هەبێ.

٢) بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتنەکە: بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتن؛ بەتایبەتی دەستپێك (استهلال- مقدمة)ی چاوپێکەوتن زۆرگرنگە، بۆ نموونە دەستکردن بەچاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڕانییێژێکدا جیاوازە لەدەستپێکی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرەك وەزیراندا، یاخود سەرۆکی پارتێکی سیاسیدا. دەبێت ڕۆژنامەنووس بەوردی سەرنجی هەموو ئەو وشانەبدات کە لەزاری قسەکەرەوە دێنە دەرێ. دەبێت وردبێ لەتۆمارکردنی تێبینیدا کەڕەنگە

هەندێك جار قسەكەر باس لەشتی لاوەكی بكا كە بۆ چاوپێكەوتنەكەو بەنیسبەت رۆژنامەنووسەكەوە زۆرگرنگ بن. هەروەها دەبێت رۆژنامەنووس لەبەرێوەبردنی چاوپێكەوتندا لێهاتووبێت و پرسیارەكانی كورتبن.

٣) تۆمارکردنی چاوپێكەوتن: لەتۆمارکردنی چاوپێكەوتندا، چەندین رێگای جیاجیا هەن كە رۆژنامەنووس پەنایان دەباتەبەر، ئەوانیش:

أ- تۆمارکردن لەرێی نووسینەوە: ئەم رێگایە قورسە، بەلأم لەجیهاندا بەدیارترینو بەربلأوترین رێگا دادەنرێ و پێویستی بەرۆژنامەنووسێكی وریا هەیە، ئەمەو سەرباری ئەوەی دەبێت لەنووسیندا خێرابێ. لەگرتنەبەری ئەم رێگایەدا بۆ تۆمارکردن، دەبێت رۆژنامەنووس رەچاوی ئەم خالأنەبكات:

-بەوردی و باشی گوێبیستی چاوپێكەوتنەكە بێ و تەرکیز بخاتە سەر وەلأمەكانی قسەكەر؛ بۆ ئەوەی هیچ شتێكی لەقسەكانی بەسەردا تێپەڕنەبێ.

-دەبێ لەوە بەئاگابێت و بزانێت لەنێو چاوپێكەوتنەكەدا باس لەچی دەكرێ.

-دەبێت توانای كورتكردنەوەی قسەكانی قسەكەری هەبێ و بەكەمترین وشە مانای قسەكانی بگەیەنێت و بینووسێتەوە.

-نابێت رۆژنامەنووس نووسینەوە پەلكێشی بكا، بەلكو دەبێت لەپەیوەندی و دیالۆگی بەردەوامدابێ لەگەڵ قسەكەردا.

-لەكۆتایی چاوپێكەوتنەكەدا، دەبێت رۆژنامەنووس لەگەڵ ئەو كەسەی چاوپێكەوتنەكەی لەگەڵدا كردووە، بەو سەرەقەڵەمانەدا بچێتەوە كە تۆماریكردوون.

ب- بەكارهێنانی ریكۆردەر (استخدام التسجيل): كاتێك رۆژنامەنووس پابەندی ئەم رێگایە دەبێت بۆ تۆمارکردنی چاوپێكەوتن، پێویستە رەچاوی ئەم بنەمایانە بكات:

- شارەزایی هەبێ لەبەكارهێنانی ریكۆردەرەكە.
- شریتو پیلی زیادەی لەگەڵ خۆیدا پێ بێ.
- بەرلەبەكارهێنانی؛ رەزامەندی قسەكەری بۆ وەربگرێ.
- بەر لەچاوپێكەوتنەكە ریكۆردەرەكە تاقیبكاتەوە.
- دوای تاقیكردنەوەی ریكۆردەرەكە، ریكۆردەرەكە بكوژێنێتەوەو داینەگیرسێنێ تا ئەو كاتەی دەست بەچاوپێكەوتنەكە دەكرێ.

نووسینی چاوپێكەوتن:

ئەم قۆناغەی چاوپێكەوتنی رۆژنامەنووسیی تەنها ئەو چاوپێكەوتنانە دەگرێتەوە كە لەنێو رۆژنامەو گۆڤارو بلأوكراوە چاپكراوەكاندا دەخوێنرێنەوە، پەیوەندی بەچاوپێكەوتنەكانی تەلەفزیۆنی و رادیۆییەكانەوە نییە...

لەنووسینی چاوپێكەوتنی رۆژنامەنووسیدا ، دەبێت رۆژنامەنووس رەچاوی ئەم خالأنە بكات:

١) بەوردی بەدەقی چاوپێكەوتنەكەدا بچێتەوە، ئەمەیش بۆ دلنیابوونەوەیە لەزانیارییەكان و هەروەها بۆ ئەوەیە بزانێت تاچەندە وەلأمی تەواوی پرسیارەكان دراونەتەوە. لەم قۆناغەی نووسینەوەی چاوپێكەوتندا ئەگەر رۆژنامەنووس گەیشتە ئەو بەرەنجامەی كە وەلأمەكان تەواونین، دەشێت جارێكیتر پەیوەندی بەكەسەكەوە بكاتەوە.

٢) پێویستە رۆژنامەنوسەكە زانیارییەكانی ناو چاوپێكەوتنەكەی هەلبسەنگێنێ.

٣) پێویستیی دلنیابوونەوە لەبەكارهێنانی هەموو ئەو رەگەزانەی یارمەتیدەری چاوپێكەوتنی رۆژنامەنووسین، وەك "وێنە، نەخشە، ئامار، خشتە، بەلگەنامە...".

قالبەكانی نووسینی چاوپێكەوتن:

هەرلەنووسینی چاوپێكەوتنی رۆژنامەنووسیدا، چوار قالبی هونەریی هەن كەرۆژنامەنووس پەنایان دەباتەبەر؛ كە ئەمانەن:

١) قالّبی هەرەمی هەڵگەڕاوە(قالب الهرم المقلوب): لەمجۆرە قالّبە هونەرییەی نووسینی چاوپێکەوتندا، گرنگترین زانیاری ناو چاوپێکەوتنەکە لەسەرەتادا دەخرێنەروو. ئەو چاوپێکەوتنانەی کەلەجۆری هەوالّین، زیاتر بەم قالّبە دەنووسرێنەوە. دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنانەیش کە لەجۆری بیروڕان، لەسەرەتادا گرنگترین بۆچوون یاخود رەئی دەخرێتە روو. لەناوەڕۆکیشدا زانیاری یان بۆچوونە سانەوییەکان دەخرێنەروو. پێویستە ئەو راستیە بزانین کەلێرەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێو هەوالّو بۆچوونە گرنگ و تازەکاندا نییە، چونکە هەموو بۆچوونێکی تازە یان هەموو بیروڕایەکی تازە (بەتایبەتی ئەگەر سەبارەت بەبابەتێکی چارەنووسسازبێ و هەروەها لەلایەن کەسێکی ناسراوەوە خرابێتەروو) دەبێتە هەوالّێکی تازە. بۆ نموونە لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەلّ وەزیری ناوخۆ، ناوبراو رایدەگەیەنێ رێکخراوی "س" رێکخراوێکی تروریستەو دەبێت مۆڵەتەکەی لێبسەنرێتەوە؛

لەبەرئەوەی رەچاوی بنەماکانی یاسای پارتەکانی هەرێمی کوردستانی نەکردووە کەیاسای ژمارە"١٧"ی ساڵی "١٩٩٣"یە. بۆ نموونە لەمبارەیەوە وەزیر دەڵێت: "ئەو حزبە بۆیە دەبێت مۆڵەتەکەی لێبسەنرێتەوە، لەبەرئەوەی پابەندنەبووە بەبڕگەکانی بەندی پانزەیەمینی ئەو یاسایەوە کە لەبڕگەی پێنجەمیدا داوادەکرێت: پارتە سیاسییەکان دەبێت پابەندبن بەرێزگرتن لەسیستمی گشتی و دابونەریت. ئەمە سەرباری ئەوەی کەبڕگەی یەکەمی هەمان بەند داوادەکات دەبێت پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پابەندبن بەنەکردنی تیرۆر بەهەموو شێوەکانیەوە. ئەم بۆچوونەی وەزیر کە لەشێوەی لێدوانداییە، بۆخۆی دەشبێتە هەوالّ. لەکۆتایی نووسینەوەی چاوپێکەوتندا بەم قالّبە هونەرییە کەمبایەخدارترین بۆچوون یاخود هەوالّ دەخرێنەروو، وەک چۆن لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا روون دەبێتەوە:



٢) قالبی هەرەمی هەڵگەڕاوەی پلەیی: ئەمەیش وەك قالبەكەی پێشوو، لەدوو بەشی سەرەكی پێك دێ، یەكەمیان سەرەتایەو بنكەی هەرەمە هەڵگەڕاوەكەیەو بەشی دووەمیشیان دەقی چاوپێكەوتنە رۆژنامەنووسییەكەیە كە هەموو پلەكانی هەرەمە هەڵگەڕاوە پلەییەكە دەگرێتەوە...

لەسەرەتادا، واتا لەبنكەی هەرەمە هەڵگەڕاوەكەدا، گرنگترین هەواڵو بۆچوونی نێو چاوپێكەوتنەكە دەخرێنەروو. لەناوەرۆكیشدا، بەپێی پلەیی گرنگیی قسەكان هاوكات كورتكردنەوەیان ریزبەند دەكرێن. دەبێت بۆ دانانی هەر بڕگەیەكی قسەكان، كورتەیەكیش بخرێتەروو. لەگرنگترینەوە تا كەمترین گرنگ، وەك چۆن لەو هێڵكارییەی خوارەوەدا روونكراوەتەوە:



٣) قالبی هەرەمی: ئەم قالبە لەسێ بەش پێكدێ، كە لەبەشی یەكەمی سەرەتایەو تیایدا وەرگر دەخرێتە ئامادەباشییەوە بۆ خوێندنەوەی چاوپێكەوتنەكە، كە دەكەوێتە لوتكەی هەرەمەكەوە. بەشی دووەمیشی ناوەڕۆكی چاوپێكەوتنەكەیەو دەقی چاوپێكەوتنەكە لەكەم بایەخەوە تاوەكو بایەخدارترین ریزبەندەدەكرێ؛ كە تیایدا وردە وردە خوێنەر پەلكێشی گرنگترین زانیاری و بۆچوون دەكرێ. لەكۆتایی نووسینەوەی چاوپێكەوتنەكەدا بەم قالبە، گرنگترین زانیاری و بۆچوون كورتدەكرێنەوەو دەخرێنەروو. لەم كوتاییەدا، رۆژنامەنووسەكە قسەكانی قسەكەر دەخاتەروو و هەڵیاندەسەنگێنێ و سەرنجی خۆی لەبارەیانەوە دەردەبڕێ. ئەمەیش هێڵكاری ئەو قالبەیە:



٤) قاڵبی هەرەمی پلەیی: ئەم قاڵبەیش وەک ئەوەی ناوەڕۆک و کۆتایی‌ـن. بۆ زیاتر زانیاری و ڕوونکردنەوە بڕوانە ئەم هێڵکارییە:



ئەو سەرچاوانەی کەلەنووسینی ئەم وتارەدا سوودیان لێبینراوە:

١) البرت ل. هستر و واى لان ج. تـو، دليـل الصحفـى في العـالم الثـالث (ترجمـة: كمـال عبدالـرؤوف)، الـدار الدوليـة للنشر والتوزيع، الطبعة العربية، ١٩٨٨.

٢) فـاروق عـەلى عومـەر، موحازەرەكـانى كۆرسـى چوارەمى وانـەى"هونـەرى رۆژنامەنووسـى" كـە لەبەشـى رۆژنامەنوسيى پەيمانگەى تەكنيكيى سلێمانى و بۆ ساڵى خوێندنى٢٠٠٠-٢٠٠١وتوونيەتيەوە.

٣) سـعد التـائه، التحقيـق الصحفـي، الاتحـاد العامـة للصحفيين العرب، بدون سنة الطبع.

٤) ئۆريانا فـالاچێ، گفتوگۆ(وەرگێڕانى لەفارسييەوە: محەمـەد جـەواد مسـتەفا)، لـەبلاوكراوەكانى كۆمـەڵى خوێندكـارانى كوردسـتان، چاپخانـەى زانسـت، سلێمانى،٢٠٠٠.

٥) جان جبران كرم، مدخل الى اللغة الاعلام، دار الجيـل، الطبعة الثانية.

٦) د. محمـود فـهمي، الفـن الصحفـي في العـالم (دراسـة صحفية)، دار المعارف بمصر، ١٩٦٤.

٧) جـون ماكسـويل هـاملتون و جـورج . أ. كريمسـكى، صناعة الخبر في كواليس الصحف الامريكية (ترجمة: احمـد محمود)، دار الشروق، الطبعة الاولى ٢٠٠٠.

٨) مـەم بورهـان قـانع، سـەرەتايەك بـۆ رۆژنامەنووسـى (كۆمەڵـە وتـار)، زنجـيرە كتێبـى دەزگـا چـاپو پەخشـى سـەردەم (١٢٨)، ئۆفسـێتى دەزگـاى چـاپو پەخشـى سەردەم، ٢٠٠١.

٩) د. كـازمى موعتەمـەد نـەژاد، رۆژنامەگـەرى (وەرگێڕانى: مەجيد سالح عەزيز)، بەرێوەبەرێتيى گشتيى چاپ وبلاوكردنەوە، چاپى يەكەم، سلێمانى ،٢٠٠٠.

کارتێکردنی تەلەفیزیۆن

لەسەر منداڵان

نووسینی: فەرزانەی میکائیلی
وە لەفارسییەوە: ئەبو بەکر کاروانی

تەلەفیزیۆنن، یەکێك لەدەزگا ڕاگەیاندنە هەرە بەهێزەکانی هاوشێوەکردنی کۆمەڵایەتیی. ئامادەبوونی ئەو دەزگایەلە هەموو ماڵێکدا بەئاسانی وای لە تەلەفیزیۆنن کردووە ببێتە دەزگایەکی هەمووانی بەرفراوان.

تەلەفیزیۆن، کاریگەریەکی زۆر قوڵی بۆسەر مێرد منداڵان ونەوجەوانان هەیە. لەجیهانی ئەمڕۆدا، تەلەفیزیۆن بۆتە هۆکارێکی سەرەکی لە گوێزانەوەی بەهاکان و نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکاندا. منداڵانیش کاری سەرەکیان _بێجگە لە خەوتن _ سەیرکردنی تەلەفیزیۆنە.

منداڵان، هەر لەقۆناغی کۆرپەییەوە تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەن. زۆر لەباوك ودایکان، ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە منداڵەکانیان لەبەردەم تەلەفیزیۆنەکانیدا دادەنیشێنن. ئەوەیش چونکە والە منداڵەکە دەکات کە بێ دەنگ بن. کۆرپە شەش مانگەکان، کاتێك وێنەی تەلەفیزیۆن ناشیرین و خراپ دەبێت، دەست بەگریان دەکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (ئالۆگۆڕ) لەوێنی تەلەفیزیۆنەکاندا، سەرنجیان ڕادەکێشێت.

لەتەمەنی دووساڵ ونێویدا، ئەوە سەلماوە کە دەتوانن ڕووداوەکان ومرۆڤەکان لەیەکدی جوێ بکەنەوە. واتە لەو تەمەنەدا، بەردەوامی و دواهاتیەکانیان لەبینی تەلەفیزیۆندا دەبێت. بەم پێیە دەشێت ئەوە بکرێتە یەکێك لە بەڵگەکانی ئەوەی کە ئەمڕۆ تەلەفیزیۆن جێگەی زۆری ئەو (پەیوەندیە کۆمەڵایەتی)یانەی کە بەهاوسالان، باپیرە، دایەپیرە، باوك ودایکی گرتۆتەوە کە جاران (ئەرکی) بارهێنان وپەروەدەکردنیان گرتبووە ئەستۆ وداب ونەریتی و یاسا وئەرکەکۆمەڵایەتیەکانیان پێ دەناساندن.

منداڵان، هەردوولایەنی باش وخراپی هەڵس وکەوتە کۆمەڵایەتیەکان لە تەلەفیزیۆنەوە فێردەبن. هەروەها دەق وقاڵبە کۆمەڵاتیەکان سەبارەت بەخود وژنان و گەورەوبچوکی کۆمەڵی لێوە وەردەگرن. ئەو منداڵانە پۆژانە زیاتر لەسێسەعات سەیری تەلەفیزیۆن دەکەن. ئەم کاتە تەرخانکراوە بۆ بینینی تەلەفیزیۆن، زۆر زیاترە لەو کاتەی کە لەتەك کەس وکارو مامۆستا وکۆمەڵدا بەسەردەبەن.

تەلەفیزیۆن، کاریگەری جیاوازی لەسەر کۆرپە، مێردمندڵان ونەوجەوانان هەیە، توێژەرو کارناسە کۆمەڵایەتیەکان، لەو بارەیەوە بۆچوون ورای جیاوازیان لەسەری هەیە، کە هەندێکیان دژبەیەکیشن. بەڵام بەگشتی دەکرێت ئەو کارتێکەریەبکرێت بەدوو بەشەوە: لایەنی باش و لایەنی خراپ.

گرنگترین کاریگەری باشی تەلەفیزیۆن، گەیاندن وگوێزانەوەی (بەها)ڕۆشنبیریيە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەیە. تەلەفیزیۆن،بەدانی نموونە باش وخراپەکانی کارێك ودانی ئاگایی لەو بارەیەوە، منداڵان بەرەو(تێگەیاندن) لایەنە باش وخراپەکانی کۆمەڵگەکە دەبات ودەیگاتە(بنەمایەکی دەروونی)یان لێرەوەیە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، زۆربەی بەها کۆمەڵایەتیەکان وناڵەباریەکان وشێوازەکانی خۆژیاندنی لێوە وەردەگرن.

(هیمل وایت)ی توێژەری بەریتانی _ کە توێژینەوەکانی لەمەڕ کارتێکەری تەلەفیزیۆن لەسەر منداڵانە _ دەنووسێت:((ئێمە بەوە گەیشتووین کە منداڵان نە تەنیا لەکات وشوێنی دیاری کراودا، بەڵکو بەردەوام هەمیشە بەرەوئەوە دەچن کە کەمترکۆڤار بخوێنەوەو بەدەگمەنیش گوێ لە رادیۆ بگرن وبچن بۆ سینەما. لێرەوەیە دەکرێت ئەوە بووترێت کە ئەو (خواز)و(ویست)انەی کەجاران لەڕێی پەیوەندیەکانی بەکەس وکار وهاوسالآن، خوێندن ومامەڵەکردنە(کۆمەڵایەتی)یەکانیەوە دابین دەکرا، ئەمڕۆکە لەڕێی تەلەفیزیۆنەوە بۆی دەستەبەر دەکرێت)).

لەراستیدا ولەسەردەمی ئێستادا، گرنگترین کاریگەری تەلەفیزیۆن، گوێزانەوەی بەهاکان و ناڵەباریەکانی کۆمەڵگەیە. تەلەفیزیۆن _ کەلە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا لەژێر رکێفی فەرمانڕەوا وحکومەتەکاندایە _ هەوڵی ئەوە دەدات کە داب ونەریت و(باوەڕ)ی خوازراوی کۆمەڵگە ودەسەلآت، بۆ بینەرانی بگوێزێتەوە،ولەوێوە کەئەو باوەڕانەی لەلایەنی (زۆرینە)ی خەڵکیەوە ویستراوە بۆیان دەگوێزرێتەوە، بەچەشنێك گوێزانەوەی (باش) دەناسرێت. لایەنە گوێزانەوە باشەکانی تەلەفیزیۆنیش، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە.

١) تەلەفیزیۆن، دەبێتە هۆی ڕووناك کلادنەوەی هزرەکان وزانیاری وئاگایی کەسەکان لەسەر زانستە جیاوازەکان زیاتر دەکات.

٢) تەلەفیزیۆن،دەزگایەکی ڕاگەیاندنی زۆر بەهێزە کە دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ، بەئەرکی مامۆستاو بارهێنەر هەڵبستێت.

٣)تەلەفیزیۆن ، دەتوانێت کاتی (بێکاری) منداڵان و مێردمنداڵان لە چوارچێوەی نێو خێزانەکانیادا پڕبکاتەوە.

٤) تەلەفیزیۆن، هەزی پشکنین وواکەوتنی وپێزانینی زانستی تیایاندا دەگەشێنێتەوە.

هەرچەندە ئەو خالانەی باسکران بۆ گەورەکانیش هەمان کارتێکەری هەیە ، بەڵام بەوەی منداڵان کاتێ زۆرتریان بە دەستەوەیەو هزریشیان لەدۆخی گەشەکردندایە، تەلەفیزیۆن کاریگەریەکی زیاتری لەسەر منداڵان دەبێت.

توێژەران لەبارەی کارتێکەریە خراپەکانی تەلەفیزیۆنەوە، زیاتر ئاماژەو جەخت لەسەر بوونە هۆی نالەباری هەڵسوکەوتیان دەکەن. لەتەلەفیزیۆندا(نالەباربوون) کراوەتە یەکێك لەهۆ سەرەکیەکانی گەیشتن بەئامانج وهۆسازیش بۆدەکرێت، ڕەفتارە زەبرو زەنگاویەکانی کەسایەتیەکانی نێوتەلەفیزیۆن، زۆربەی جار (بەهێز)دەکرێن و(ڕەوایی)یەکیان پێ دەدرێت. لەو بارەیەشەوە توێژینەوەی زۆر کراون و هەمان بۆچوونی سەلماندووە. توێژینەوەکانی(باندورا) لەساڵی١٩٦٥ و(کالینز)لە ١٩٨٢و(یۆسۆن)لە١٩٨٣دا وزۆری تر، ئەوەیان سەلماندووە کە تەلەفیزیۆن(لەدانی نموونە)ی بەکارهێنانی زەبرو زەنگدا کاریگەریەکی زۆری هەبووە.

لەیەکێك لەو توێژینەوەدا کەلە شارێکی کۆلۆمبیادا کراوە کە تەلەفیزیۆنی تێدانەبووە، بەڵام پاش هێنانی تەلەفیزیۆن بۆ ئەو شارە، هەڵس وکەوتێکی نائارام ونالەبارو توندوتیژیان هەبووە. هەروەها ئاگادارییەکی زێتریان سەبارەت بە(قالبە ئامادەکراو)ەکان لەلایەن تەلەفیزیۆنەوە بۆ کچان وکوڕان، پەیدا کردووە. کارتێکەریە نالەبارو توندوتیژەکان، بەرادەیك بووە کەیەکسەر لەدوای

بینینی لە تەلەفیزیۆنەوە رەنگی لەسەریان داوەتەوە(وەك)ئەوەی بینیویانە هەڵسوکەوتیان کردووە.

لایەنە خراپە گوێزاراوەکانی لە تەلەفیزیۆنەوە دەکرێت لەم خاڵانەی دێن کۆبکرێنەوە:

١. تەلەفیزیۆن، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە ڕێخۆشکەری سەرهەڵدانی جۆری تازە لە هەڵسوکەوتە خراپە وزبرەکان، (هۆسازی)یشیان بۆ دەکرێت دەبێتە هۆی کردنی بە (شێوان)یکی هەڵس وکەوت کە(زمان)ی خۆی هەبێت.

٢. تەلەفیزیۆن، دەبێتە هۆیەکی کەمکردنەوەی (پەیوەندی)یە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ ولەئاستێکی (نزم)دادەبەزێنێتەوە.

٣. سەیرکردنی زۆر منداڵان بۆ تەلەفیزیۆن، دەبێتە هۆی کە توانایی (خوێندنەوە)ی منداڵان کەم بکاتەوەو درەنگ فێری بن.

٤. تەلەفیزیۆن، (جولە)ی منداڵان کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆیەك بۆ کەمکردنەوەی چالاکیەکانیان . هەروەها کێشیان قورستر دەکات وقەڵەوتر دەبن.

٥. کاتێك بەرنامە تەلەفیزیۆنیەکان ببێتە هۆیەکی سەرەکی لە (پڕکردنەوە)ی کاتیاندا، ئەوا (بزوێنەر)ێکیان بۆ زانینی (نادیارە زانستیەکان)نامێنێت. ئەمەش وادەاکەن کە(بیروهزر)یان لەکاربخرێت ورێ خۆشکەری بیرۆکە خراپ ونائاکاریەکان دەبێت.

ئەوەی منداڵان لە تەلەفیزیۆنەوە وەریدەگرن، بەستراوەتەوەبەئاستی بیرییانەوە، ساواو کۆرپەکان، ئەو تواناییەیان نیەکەبابەتی سەرەکی وکرۆکیان پێ بزانێت، واتە منداڵ لەو تەمەنەدا ئەوەندەی یاری کردنێك یان سواربوونی پاسکیلێك لە لایەن کەسایەتی سەرەکی فیلمەوە، لای ئەو ئەو گرنگترە لە(بەها)یەکی وەك ڕاستگۆیی ودەرکیشی ناکات، هەروەها ئەو رووداوانەی لەو فیلمانەدا دەیبینن وادەزانن کە (بەهەمان شێوەش) لەجیانی واقیعیدا دووبارە دەبێتەوەو وایە. بۆ نموونە ئەو پێلاوانەی لە لایەن دایکانەوە بەشێوەیەکی ناڕیزیانە پڕسوپاگەندەی لە تەلەفیزیۆندا بۆ دەکرێت، وادەزانێت کە ئەو کەوشانە لە ئاستیدا وان وتوانایی بڕینی _بۆنموونە ماوەیەکی زۆر لەکاتێکی کەمدای هەیە_بەو شێوەیە لە واقیعیدا هەیە.منداڵێك هەوڵی ئەوەی دابوو کە پێلاوانەوە بازێك بدات کە لەپروپاگەندەیەدا بەو کەوشانەوە درابوو، نەیتوانی وقاچی شکا. کاتێکیش هۆکەیان لێ پرسی بوو، وتبووی لە تەلەفیزیۆندا دیم کە بەیەك باز ئەوەندە خۆی هەڵدابوو. منداڵان لە تەمەنی ١١_١٢ ساڵیدا دەتوانن جیاوازیەکانی بەرنامەکانی تەلەفیزیۆن لەتەك واقیعیدا پێ بزانن وسەرەبارەتی تێڕابمێنن. لەو تەمەنەو لەساڵانی دوایشیاندا، تەلەفیزیۆن هەریکاتێکەری خۆیی بۆ سەریان دەبێت. هۆی سەرەکی ئەو کاریگەریەش بەبێئەوەی تەمەنێکی دیاری کراوی ڕەچاو بکرێت، بەهۆی (پێکهاتە)ی تایبەتی مێشکی مرۆڤەوە. مێشکی مرۆڤ زانیاریەبینراوەکان زێتر لە هەر زانیاریەکی دی دەخوازێت و حەزی لێدەکات.

تۆێژینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو زانیاریانەی لەڕێی (بینین)ەوە دەدرێن وەردەگرێن، زێتر دەبێتە هۆی (بزواندن)ی هەستەکان. زۆرجار لەورێیەوە ئەو(باوەڕ) وبیرۆکانەی کە کەسێك ناخوازێت، دەیدرێتێ و کارتێکەریەکی زۆریشی لێ دەکات.

پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کەتەلەفیزیۆن کەناڵێکی ڕاگەیاندنە وجۆرو چەشنی کەڵکەکەی، گرنگیەکی زۆری هەیە.دەتوانرێت بەها باشەکانی کۆمەڵگە بگەێنێت وکەڵکی باشی هەبێت. هەروەها واش لەمنداڵان و بەگشتی بینەران بکان کە ئاگایی و هۆشیاریان زێتر بێت وببێتە هۆیەکی هاندەر بۆ بزواندنی ژیریان وخوێندنەوەکانیان زێتر بکات. سەرەڕای ئەوەش،بەشێوەیەکی زۆرباش لێهاتوویی وکارامەیی منداڵان زیارتر بکات وکاتە زیادەکانیان پڕبکاتەوە. ئەمە وادەکات کە تەلەفیزیۆن مامۆستایەکی ژیرو هزرداربێت کە منداڵ و مرۆڤ بەرەو عەقڵانیەت بەرێت.

**ئەم بابەتە لەگۆڤاری(تصویری روز)، ساڵی دووەم، ژمارە(٨٨)ەوە وەرگێڕاوە.

سەرەتایەک لەمێژووی سەرهەڵدانی فەلسەفە لەمیسردا

ئامادەکردنی: عەبدولخالید سابیر

لەبەرەبەیانی مێژووی میسرو لەسەر خاکەکەیدا، گەلێك حەکیم-فەیلەسوف-ی مەزنی تیا هەڵکەوتووەو دەتوانین بڵێین، میسر لانکەی مامۆستا پێشینەکانی مرۆڤایەتیە. هەر لەدێرزەمانەوە لەکەناری رووباری نیلدا، هەزارەها مرۆڤی تیا کۆبۆتەوە کە لەناوچە بیابانیو شاخاویو دارستانەکانی میسرەوە هاتوونو لەوێدا بیروڕاو خووڕەوشتو بۆنەی ئایینی خۆیان لەگەڵ یەکدا تاووتوێ کردوەو بەمە میسر بۆتە لانکەی شارستانیەت. لەناو ئەو کۆمەڵە خەڵکانەدا، گەلێك فەیلەسوف هەڵکەوتوونو وتەکانیان بوونەتە پەند، کە خەڵکی ناوچەکەو شوێنەکانی دیکەش پشتاو پشت بۆنەوەکانیان گێڕاوەتەوە. حەکیمانی میسر جگە لای خەڵکی لەلای هەندێك لەفەیلەسوفانی ئەو سەردەمانە بەرز نرخێنراون، هەروەك ئەوەی کە فەیلەسوفی یۆنانی مەزن (ئەفلاتون)[i] دانی بوە داناوە کە (فەیلەسوفانی میسر لەپێش ئەمەوەنو وەکو مامۆستایەکیشی وان لەبواری بیری فەلسەفەکانیەوە). دەتوانرێت بگوترێت کە بنەڕەتی هەر بیر-هیزر-ێکی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفە میسریەکانو گومانیش لەوەدانیە کە فەیلەسوفە یۆنانیەکان بیری فەلسەفەکانیان لە رۆژهەڵاتەوە وەرگرتووەو ئەوروپاش بە فەیلەسوفە یۆنانیەکان کاریگەربوون. هەر بیرۆکەیەك کە بە تازە دادەنرێت بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی کۆن، بەڵام جلێکی نوێی بەبەردا کراوەو لەژێر روناکییەکی جۆراو جۆردا خۆی دەنوێنێت، هەروەك (بایرۆن)[ii] لەم رووەوە دەڵێت "ئەوەی ئێمە بەشێوازێکی نوێی ناودەبەین لەفەلسەفەدا بریتیە لەدووبارە بوونەوەی وتە کۆنەکان بەڵام بەشێوازێکی تر". ئەگەر بێتو بڕوانینە بیری فەلسەفەی میسری کۆن ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت بەوەی کە فەلسەفەی هەندێك لەفەیلەسوفە کۆنەکانی میسر، کاریان کردۆتە سەر فەیلەسوفانو نووسەرانی تر کە لەم بابەتەدا ئاماژەی بۆکراوە.

کـه بـاس لەفەلسـەفەی میسـر دەکرێـت، سـێ فەیلەسـوفی مـەزن دەهێنرێنـەوە یـاد کـەوا چـۆن کاریگـەریان لەسـەر فەلسـەفەی میسـر بەتایبـەتی و لەسەر فەلسەفەی گەلانی دەوروبەری میسر بەگشـتی هەبووە، کە سەرەتا لە (بتاح حەتب)ی فەیلەسوفەوە دەست پێدەکات.

ناوبراو لەنزیکەی ٢٧٠٠ سالٌ پێش زایین لـە خـاکی میسردا ژیاوە واتـە پێـش هاتنـە دنیـای فەیلەسـوفی یۆنـانی (ئـەفلاتوون) بـە ٢٣٠٠سـالٌ. وتـەو نووسـراوەکانی بتـاح لـەڕێی ئـەو دەستنووسـەی ماوەتەوە کـە ناوی (دەستنووسـی پـەند)ە. ناوبراو پایـەی حاکمی هـەبووە لای پاشـای فیرعەونـەکانی سـەردەمی خـۆی، وە پێـش ئـەوەی بمرێـت بەچـەند سـاڵێك وازی لـەو پلـەو پایەیـەی هێنـاوەو خـۆی بـەفێرکردنی لاوانـاوە بەگشـتیو بـەفێرکردنی کوڕەکەیـەوە بەتایبـەتی خـەریك کـردووە. نـاوبراو زۆرجار خـۆی بـەباوکی زەوی دادەنـا هـەروەك لـەم وتەیەدا بەم شێوەیە وەسفی خۆی دەکات "لاسـایی بـاوکی حـەکیمو خۆشەویسـت دەکەمـەوە کـە لەئاسمانداید)".

بتـاح باوەڕی بـەوە هـەبووە کـە سـزادانی لـەش ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە باش ڕەفتـار کـردن هـەروەك دەڵێت "فێری یاسای ئاسمانو زەوی دەبین لەڕێگەی ئازارو ئەندێشـە چەشـتنەوە". بتـاح رای وابـووە کـە مرۆڤ لەسەرەتادا وەك دڕندەیەك ژیان دەباتەسـەر- کەلەم رایەیدا پێش زانا داروین کـەوتووە-[iii] بـەوەی کە مـرۆڤ بـەوە دەبێتـە مرۆڤێکـی چـاك کـە دەبێت ئـازاری هێـواش بچێژێـتو منداڵیـش لەسـەرەتای گەشـەکردنیدا پێویسـتە دوو شـتی لەگـەڵدا بکرێـت، یەکـەمیان کـە سـەرپێچی کـرد لێـی بدرێـتو دووەمیشـیان دەبێـت ئامۆژگـاری بکرێـتو فـێری فەلسەفەی ژیان بکرێت هەروەك لەم بارەیەوە دەڵێت "تیۆری فەلسەفی باشترین میراتە کە بـۆ کوڕەکـەمی بەجێ دێڵـم". نـەرمو نیـانی لەگـەڵ خـەڵکیدا زۆر گرنگترە لەوتەی جوانو ناسك، بتاح لەم بارەیەشەوە ئەوەی زۆر جـوان دەربڕیـوە "لەخانویـەکدا بـژی کـە سۆزو نەرمو نیانی تیابێت تاخەڵکی بەدیاریـیەوە بێـن بـۆ لات". لەسـەر پاشـەڕۆژی هـەرتاکێك -فـەردێك- چـەندین وتـەی جـوانو بـەنرخی داڕشـتووە لەوانـە "فێربە چۆن پلانی راستو دروست دادەنێت لـەنێوان تـەمو مـژو زریانـەکانی ژیـاندا، نـەهێڵێت شـتێك کـە کەسـایەتیەکەت قڵـپ دەکاتـەوە زاڵ بێـت بەسـەردا، چونکـە کەسـایەتی مـەزن باشـترین خـەڵاتی ژیانـە". ناوبراو هـەروەك حەکیمـەکانی تـری میسـر بـاوەڕی بەیەك خواهـەبووە، ئـەو خوایـەش ناوی (ئۆزیریس) بـووە. ئەفسانەی خـوای ناوبراوی بەکێشـەی نێـوان خێرو شـەڕ داناوەو گـەرچی لەهـەندێك جاردا شـەڕ سـەردەکەوێت، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە لـەکۆتاییدا خـێر زاڵ دەبێـت بەسـەر شـەڕدا. لەنووسـراوەکانیدا بەگەلەکەی راگەیاندووە کە خۆیان بەرپرسیاری کاری خۆیانو ئاماژەی ئەوەشی پێداون کە ڕێگای راست بگرنەبەر تا بگەنـە بەهەشتی نـەمری. گیـانی مـرۆڤ وەك بڵێسەیەکە کە هەمیشە بـەرەو بـەرزی دەچێـت، بتـاحیش لـەم ڕووەوە دەڵێـت "مـرۆڤ دەمرێـت بـۆ ئـەوەی دووبـارە بژێتـەوە". بـەدوور نـازانرێت کـە فەلسـەفەی فەیلەسـوفە میسـریەکان یەکـەمین هۆکارێکن کە لەدەروونی قەشـە (پۆلس)دا[iv] ناوبراو دیراسەی زانستی ڕۆژهەڵاتی بەچڕی دەکرد-بیرۆکەی مردنو ژیانیـان لادروسـت کردبێـت، کـە زۆرجـار ئـەم وتانەی دەگوتەوە "ئەی مردن کـوا چقڵەکـەت؟ ئـەی گۆڕ کوا زاڵ بوونەکەت؟".

بتاح لەدەستنووسەکەیدا ئامـانجی لـەو نووسـینەی بۆ ئەوە بووە کـە کوڕەکـەی ببێتـە منداڵێکـی چـاکو گوێ رایەڵ، سەرەتای دەستنووسەکەی بەم شێوەیە دەسـت پێدەکـات "ئـەی پاشـای سـەروەرم، ژیـانم خەریکە کۆتایی پێدێت، هەڕەمی ژیانم خەریکە وەك پەردەیـەك بەسـەرما دادەڕێتـەوەو خەریکە بێـهێزی منداڵی بگەڕێتـەوە بـۆم، ئـەوەی کـە پـیری بـەرۆکی

دەگرێت هەموو کارێکی بەناخۆشی و ڕەشبینی بەسەردەبات، چاوەکانم کزبوون و گوێکانم گران بوون، بێ حەوسەڵەتی دایگرتووم، حەوانەوەم لێبڕاوە، داوام لەبەڕێزت ئەوەیە کە مۆڵەت بدەیت بە بەندەت و دەسەڵاتەکەشم بدەیت بە کوڕەکەم".

فەلسەفەکانی بتاح زۆر کاریان کردۆتە سەر فەلسەفەکانی هەردوو فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون) و(ئەرستۆ).

پاش بتاح حەتب لەمیسردا (ئیپوور)ی فەیلەسوف دێت کە بیروڕاکانی پێچەوانەی بتاح بووەو ئەمیان باوەڕی بەخوا نەبووەو لەسەردەمی ئەمدا تاوان و کاری نامرۆڤانە ولاتی میسری گرتبۆوە. ئیپوور بۆ نەهێشتنی ئەو کارە ناهەموارانە (لەناوبردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی) بەباش زانیوەو لەو بارەیەوە نووسیویەتی "باشتر وایە کە ژیانی مرۆڤ کۆتایی پێ بێت و خێزان پێکەوەنان و منداڵ بوونیش نەمێنێت، چونکە بەوشێوەیە کێشەکان لەناودەچن، ئایا ئەمە کۆتاییەکی جوان نیە بۆ هەموو ڕەگەزی مرۆڤ؟".

خراپەکارییەکانی سەردەمی ئیپوور، زۆر پەرەیان سەندبوو وە زۆر کاریان لەناوبراو کردبوو، کە بەچەند وتەیەک ئەو بارە ناهەمواڕە هەڵدەسەنگێنێ، ئەگەرچی ئەو وتانە بۆ پێش چەند هەزار ساڵێک نووسراوە، بەڵام بۆ هەموو سەردەمێک وەک تازە نووسرابێت وایە، کە دەڵێت "ئەمڕۆ بۆکێ قسەبکەم؟ شەڕی برا لەگەڵ برادا، کە هەریەکەیان یەکتری دەخەڵەتێنن. ئەمڕۆ بۆ کێ قسەبکەم؟ دڵە پڕ لەقینەکان، ئەو مرۆڤانەی کە هەڵدەسن بەدزینی مااڵی دراوسێکەیان. ئەمڕۆ بۆ کێ قسەبکەم؟ لەو کاتەی کە مرۆڤی چاکەخواز بوونی نەماوە، بەڵام لەو لاشەوە مرۆڤی زۆردارو تەڵەکەباز براوەیە. ئەمڕۆ بۆ کێ قسە بکەم؟ لەوساتەی کە پێویستە مرۆڤی ڕەفتار خراپ و نالەبار بەسووکی سەیربکرێت کەچی ئەو کارە بەپێچەوانەوە ڕوودەدات، لەو سەردەمەی کە پێویستە دز قامچی لێبدرێت کەچی خەڵاتێکی زۆرو ناوبانگێکی باشی دەدرێتێ".

ناوبراو لەژیانیدا هەمیشە بەدوای خوادا دەگەڕا ئەگەرچی نکوڵی لەبونیشی دەکرد، بەڵام هەمیشە باوەڕی وابوو کە ڕاستی و دادپەروەری لەکۆتاییدا سەردەکەون. ئیپوور پێشبینی ئەوەی کردووە کە سەرۆکێکی ڕوحی پەیدا دەبێت، ئەو کەسە یا دەبێتە پاشای فەیلەسوفەکان هەروەک ئەوەی کە (ئەفلاتون)ی فەیلەسوف وای دەویست، یان ئەو کەسە دەبێتە (خۆبەختکەرێک) وەک ئەوەی کە پێغەمبەرە عیبرانیەکان لێوەی دواون، یان دەبێتە (ڕزگارکەرێک) وەک ئەوەی کە لە ئینجیلدا هاتووە، بەم شێوەیە ئیپوور نووسیویەتی "ئەو پێشە وایە دێتە خوارێ وەک سەرمایەک بۆسەر بڵێسەی زۆرداری، ئەو شوانی هەموو زەوییە، ئەگەر مەڕو ماڵاتی مێگەڵەکە لەیەکتری جیابوونەوەو ون بوون و ترسیش بااڵی بەسەریاندا کێشا، ئەوا سات لەدوای سات ئەو کۆیان دەکاتەوەو ئەوانەی شەڕکەرن بەپەتاو دەرد لەناویان دەبات و چاکەکانیش ڕزگار دەکات، ئەو ڕۆژە کەی دەبێت؟ ئایا ڕۆژگار ڕێکەوتی دەکات؟ نەخێر، بەڵام دڵنیابن کە کاتی خۆی هات ئەوا ئەو بەدڵنیاییەوە دێتە خوارێ".

دەتوانرێت ئیپوور بەیەکەم فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دابنرێت، وە بیروڕاکانی زۆرکاریان کردۆتە سەر (شوپنهاور)[v] و (تولستۆی)[vi].

لەدوای نەمانی ئیپوور–کە بەراوردی لەدایکبوون و مردنەکەی نازانرێت– فەیلەسوف و پاشای میسر (ئەخناتون) دێت، کە بەڕووناک کەڕەوەی بیری فەلسەفەی میسر ناودەبرێت. ناوبراو ١٤٠٠ ساڵ پێش هاتنە دنیای حەزرەتی عیسا لەوڵاتی میسردا دەرکەوتووە، ناوی ڕەسەنی (ئەمنحەتبی چوارەمە)، ناوی خۆی ناوناوە (ئەخناتون) کە بەواتای (خۆتەرخانکردن بۆخوا) دێت. گەرچی کەمتر لە

٣٠سالّ ژیاوه، بەلّام حیکمەتێکی زۆری لەدوای خۆی بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە.

زۆر کاریگەربووە بە وتەی فەیلەسوفانی پێش خۆیی‌و بەکتێبی "تیبە لەبارەی مردنەوە". ئەو کتێبە جۆرێکە لە دان پیانانێکی سلبی. وە لەو کتێبە داهاتووە، کە گیانی مردووەکان لەرۆژی زیندووبوونەوەدا یەک لەدوای یەک دێن‌و پابەندن بە پێلێنانەکانی خۆیان بەوەی کە پێچەوانەی راسپاردەکانی –فەرمانەکانی– خوان. کتێبەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات "ئەی خوای گەورە پیرۆزی بۆتۆیە–خوای حەق‌و دادپەروەر– گەورەم بانگ کراوم بۆ ئەوەی لەبەردەمتا بووەستم بۆ ئەوەی بەهاو نرخی تۆ ببینم‌و حیسابی خۆشم دەربڕم.. بەئازاردانی هیچ مرۆڤێك هەڵنەستاوم.. هەژارەکانم نەچەوساندۆتەوە داوام لەکەسێك نەکردووە کە لەسەرو تاقەتی خۆیەوە کارێك بکات.. ئەرکەکانم پشتگوێ نەخستووە... هەڵەی وام نەکردووە کە خوالێم تووڕەبێت... رێم نەگرتووە لەناندانی برسیان... کەسێکم ئازارنەداوە‌و واشم نەکردووە کە فرمێسك لەچاوی کەسێك بهێنم... لەکێشانەدا فێڵ‌و تەڵەکەم نەکردووە.. رێم لەشێردانی مەمکی دایك نەگرتووە.. زوڵمی وام نەکردووە کە تایبەت بووبێت بە مرۆڤ یان پەیوەندی بەخواوە هەبووبێت.. من پاکم.. پاکم.. پاکم". ئەو پێلێنانە –إقرار– لەبارەی خێرەوەن گەر کەمیش بن، دژی شەڕیشن... ئەو پێلێنانە کاهین (پیاوی ئاینی فیرعەون)ەکان دایان ناون‌و وەکو گاڵتەجاڕییەك دێنە بەرچاو. کاهینەکان خۆیان باوەڕیان بەچەند خوایەك هەبووە نەك بەیەك خوا. ئەوانە نوشتەو جادوویان بەخەڵکی فرۆشتووە‌و چەندین بیروڕای هەڵەی تریشیان بەخەڵکی گوتووە. ئەخناتون کە ئەوشتانەی بەرچاوو بەرگوێ کەوت، هات سنوورێکی بۆ ئەو جۆرە خراپە کاریانەداناو شۆڕشێکی ئایینی‌و رەوشتیشی دروستکرد، بەڵام مەرگ بواری نەداو لەلاویدا لەناوبرا. ناوبراو بەم شێوەیە باس لەدروست بوونی مرۆڤ دەکات " لەم گەردنە پیرۆزەوە، هەموو شتێك لەشێوەی لەشدا لەقوڕی زەوی‌و روح دروست دەبێت‌و روحیش بنچینەکەی ئاگری ئاسمانیە". هەر بەلاشیەوە وابووە کە ئەو ئاگرە ناکوژێتەوە. وەنەك هەر لەمرۆڤ دروستکردندا رۆڵی بەرزو بەنرخی هەیە، بەڵکو لەدروستکردنی هەمو بوونەوەرێکیشدا، لەو دارخورمایەی کە لەسێبەرەکەیدا دادەنیشین‌و لەو رووبارەی کە رۆشتنمان بۆ ئاسان دەکات‌و لەو ئاوەی کە تینێوێتیمان دەشکێنێ‌و لەو گوڵەی کە بۆنەکەی مێشکمان دەکاتەوە‌و لەو پیازەی کە لەسەر خوانی نانخواردندا دەبێتە خواردنێکی بەتام بۆمان. بوونی خوا لە فەلسەفەی ئەخناتوندا نزیکە لەمەزهەبی (خوایەتی گەردوون) کە لەمیشەوە مەزهەبی یەکتاپەرستی پێکدێت. فەلسەفەکانی ئەخناتون بەسەرچاوەی سەرەکی فەلسەفەکانی (سپینۆزا)[vii] دادەنرێت، چونکە هەردووکیان بەیەك ئاڕاستە بەرەو مەزهەبی ناوبراو هەنگاویان ناوە.

لەنووسراوەکانی ئەخناتوندا، برایەتی خێزانی مرۆڤایەتی بەباشی رەنگی داوەتەوە، کە لەو بارەیەوە دەڵێت "لای میسریەکان بەئاوات گەشتنێك لەژێر چاوەکانیاندا بەدی دەکرێت، لەولاشەوە بە ئاوات گەیشتن هەیە لەئاوی زیندوو لەئاسماندا بۆ هەموو غەوارەکی ناوچەکانی ترو بۆ ئەو مێگەلانەش کە لەسەرزەوی دەژین".

لەکاتی پاشایەتیەکەیدا، فەرمانی کەبتەکان‌و پەرستگاکانی شاری (تیبە)[viii]ی میسر بشکێنرێن‌و پاشان خۆیشی ئەو شارەی بەجێهێشت، لەبەرئەوەی خراپەکاری زۆری تیادائەکراو لەشوێنێکی تری میسردا پایتەختێکی نوێی بۆخۆی دروستکرد بەناوی (شاری خوا). پاش ماوەیەکی کەم بیری ئەخناتون لەوشارە نوێیەدا بڵاو بووەو ئەو شارەش بوو بەسەنتەری ئەدەب‌و هونەر، بەڵام کاهینەکان بە بەردەوامی هەر لەپیلان گێڕاندا بوون بۆ لەناوبردنی

ئەخناتون‌و پاشان ئەو کارەیان بۆچووە سەرو لەناویان برد.

سەرچاوەکان:

١-(ماقبل الفلسفه) نووسینی (ه. فرانکفورت) گۆڕینی بۆ عەرەبی (جبرا ابراهیم جبرا) بیروت.

٢-(أعلام الفلاسفة-كيف نفهمهم) نووسینی (دکتۆر هنری توماس) گۆڕینی بۆ عەرەبی (مێری أمین)و پێداچوونەوەی (دکتۆر زەکی نەجیب) ١٩٦٤. قاهرة.

٣-"القصة الفلسفة" نووسینی (ول دیورانت)و گۆڕینی بۆ عەرەبی (دکتور فتح الله محەمەد المشعشع). ١٩٧٩ بیروت.

٤-(مبادیء الفلسفة) نووسینی (ا.س راپوپرت) گۆڕینی بۆ عەرەبی (ئەحمەد ئەمین) ١٩٦٩. بیروت.

پەراوێزەکان:

i-ئەفلاتوون (٤٢٧-٣٤٧) پێش زایین، لە ئاسینا هاتۆتە دنیایەوەو هەر لەوێش چرای ژیانی کوژاوەتەوە، فەیلەسوفێکی یۆنانی ناوداوەو خوێندکاری سوکرات‌و مامۆستای ئەرستۆتالیس بووە. لەبەرهەمەکانی (کۆماری ئەفلاتوون-رامیاری-کریتۆن- فیدیۆن)، چەندانی تریش.

ii-بایرۆن (١٧٨٨-١٨٠٤) زایین. لەلەندەن چاوی بەژیان هەڵهێناوە، شاعیرێکی بەناوبانگەو زۆر کاریگەربووە بە ئەدەبی ڕۆژهەڵات، لەجەنگی سەربەخۆییدا بەرەو یۆنان ڕۆیشتووەو هەر لەوێ مردن ڕاپێچی دەکات.

iii-داروین (١٨٠٩-١٨٨٢ز) زانایەکی سروشت زانی بەریتانیە، لەو وڵاتە هاتۆتە دنیاوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکات. بەشداری لەکەشتی (بێگڵ)دا کرد لەگەشتێکدا کە بەدەوری جیهاندا لەساڵی ١٨٣١ز دا سوڕایەوە، ناوبراو لەو گەشتەدا دیراسەو سەرنجەکانی لەبارەی سروشتەوە بوونە بەردی بناغەی کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (بنچینەی چۆرەکان)ە.

iv-پۆلس/ناوی یەکەمینی (شاول) بووە، ساڵی ٣٢ی زایینی بەرەو دمشق بۆ بڵاوکردنەوەی خواپەرستی ڕۆیشتووەو هەر بۆ ئەو مەبەستە ٣ساڵ لەباکوری نیمچە دورگەی عەرەبیدا مایەوە، پاشان چەند شارێکی تر لەئاسادا گەڕا لەوانە (میلاتوس-ئیزمیر-مەکدۆنیا-فلیبی)، لەشاری قودس دووجار گیراو پاشان ڕەوانەی شاری (ڕۆما) کراو لەوێ لەساڵی ٦٧ زایینداً بەفەرمانێك سەربان لە لەشی جیاکردەوە. ناوبراو ١٤ نامەی ئاراستەکراوی بۆ کەنیسە جۆراو جۆرەکان‌و قوتابیەکانی هەیە، نازناوی "پێغەمبەری گەلان"ی بەسەردا دابڕاوە.

v-شوپنهاور (١٧٨٨-١٨٦٠) لەشاری (دانتز بگس)ی ئەڵمانی هاتۆتە دنیاوەو هەر لەو وڵاتەش کۆتایی بەژیانی هاتووە، فەلسەفەکانی بەزۆری ڕەشبینی پێوەدیارە.

vi-تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠) چیرۆك نووسێکی ناوداری ڕوسیە، لەنووسینەکانیدا هەوڵی چاکردنی کۆمەڵی داوە لە ڕێگەی دادپەروەری‌و خۆشەویستی‌و ئاسوودەییەوە، وەهەروەها وێنەی کۆمەڵگای ئەوسای ڕوسیشی بەشێوەیەکی زۆر جوان لەنووسینەکانیدا جێکردۆتەوە، لەبەرهەمەکانی ناوداڕەکانی (شەڕو ئاشتی)و (ئاناکینیا)یە.

vii-سپینۆزا (١٦٣٢-١٦٧٧) فەیلەسوفێکی هۆڵەندی بەڕەگەز جولەکەیە. فەلسەفەی گەلانی عەرەب‌و جولەکەو نووسینەکانی دیکارت کاری تێکردوون، خوا لە فەلسەفەکانیدا لەچەند ڕستەیەك پێکهاتووە کە سنووری نیە، هەروەها لەفەلسەفەکانیدا ڕێڕەوێکی مرۆڤانەی گرتۆتەبەرو (حلکردنێکی بیریانە)ی لەفەلسەفەکانیدا بەکارهێناوە.

viii-تیبە (طیبة)/ شارێکی دێرینی میسریەو لەسەر ڕوباری نیل بنیاتنراوە کە ئێستا دەکەوێتە پارێزگاری (قەنا)وە. لەسەردەمی پاشایەتی نەوەی یانزەهەمینی فیرعەونەکاندا بە پەرستنی خوا (ئامون) ناوی دەرکردبوو.

وتەیەک بۆ ئەم دۆسیێیە

پاش چاپکردنی رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)ی د. فەرهاد پیربالّ چەندین نووسین لەسەر ئەم رۆمانە نووسرا هەر لەستونەوە تا وتاری رەخنەیی رۆژنامە، نووسینەکان دوو بەش بوو بەشێکیان باسی لایەنی چاکی رۆمانەکەی تیا کرابوو، بەشێکی تریان پڕبوو لە گلەییو ناڕەزایی دەرهەق بەنووسەرو بنکەی گەلاوێژ. کار گەیشتە ئەوەی لە دادگا شکات لە نووسەر کراو بەنووسراوێکی رەسمی بنکەی گەلاوێژیش ئاگادارکرایەوە.

شتێکی ئاساییە کە نووسەر بەدڵی خوێنەر نەنووسێو ئاسایشە کە خوێنەریش بە قەناعەتو ئاستی هۆشیاریی خوێیەوە بۆچوونی جیاواز دەربڕێت، گفتوگۆی نێوان نووسەرو دەقو خوێنەریش بەم شێوەیە بەردەوامیی خۆی تۆمار ئەکات.

ئێمەش پێش ئەوەی کتێبەکە چاپبکەین چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی هەموو خوێنەرێکدا نەگونجێنێو کەسانێکی زۆریش ناڕەزایی دەربڕنو وەختی خۆیشی لەسەر چەندین خاڵ لەگەڵ خاوەنی رۆمانەکەدا قسەمان کردووە بەڵام ئەگەر بنکەی گەلاوێژ بتوانێ بواریک بۆ نووسینی نووسەرێک بڕەخسێنێ ئەوە درێغی ناکات. وەک چۆن رێزمان لە بیروبۆچوونی رۆمانننووس گرت بەهەمان شێوە ئامادەبووین گوێ بۆ گفتوگۆی خوێنەرو نووسەران دەربارەی رۆمانەکە بگرین مەرجیش نییە هەر چاوەڕوانی ستایشکردن بین چونکە بەڵای ئێمەوە ستایشو ئافەرینکردن هەموو لایەنەکانی گفتوگۆی راستەقینە پێکناهێنن، سەربەستیو دیموکراتیو گفتوگۆ بە لێکچوونی رادەربڕین نەشونما ناکات بەڵکو بە جیاوازییەوە گەشەدار دەبێت، بۆیە هەر لێرەوە دەڵێین ئاساییشە هێزی شۆڕشگێڕیش شەکوای خۆی بگەیەنێتە دادگاو ئەم هەڵسوکەوتەیش بەکارێکی شارستانی دادەنێین بەڵام ئەوەشمان لەبەرچاوە کە گرنگی سەرەکی بۆ قەڵەمە تا خۆی لەبوارە رۆشنبیرییەکاندا ببێت بەحەکەم.

لەم دۆسیەدا پێمانکرا زۆربەی زۆری ئەو نووسینانە بڵاوبکەینەوە کە لەسەر رۆمانەکە بڵاوکراونەتەوە گرنگ نییە بەدڵی ئێمە بن یا بەدڵمان نەبن گرنگ ئەوەیە رای کەسانی ترنو لەگەڵ نووسینەکەدا جیاوازنو دەبێت رێزیان لێ بگرین بۆیە لێرەدا بڵاویاندەکەینەوە.

سوپاس بۆ ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە بە دیسک بابەتە بڵاوکراوەکانی لای خۆیانیان خستە بەر دەستمان. داوای لێبوردنیش لە هەندێك گۆڤارو رۆژنامەی شاری هەولێر دەکەین کە چەند نووسینێکیان لەسەر رۆمانەکە بڵاوکردەوەو بوار نەڕەخسا لەم دۆسیەدا بن چونکە ئێمە پەلەمان بوو و بابەتەکانمان لەسەر دیسک دەویست، سڵاو لە بیروبۆچوونی جیاواز، لەسەنگەری خەبات، لەئەدەب بەهەموو جۆرێکەوە.

گەلاوێژی نوێ

مولازم تەحسین و.. پرۆسەی ئاشتی

حسەن یاسین

تکا دەکەم.. ئەوەی نۆڤلێتی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی (د. فەرهاد پیربال)ی نەخوێندۆتەوە، ئەم وتارەم نەخوێندێتەوە.

یەکێك لەکارە باشەکانی "بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ" لەنیوەی دووەمی ئەمسالدا چاپکردن و بلاوکردنەوەی نۆڤلێتەکەی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی د. فەرهاد رەخساند لەبەردەم چاوهەڵێنانی کارێکی ئەدەبی ناوازە، هەم لەڕووی تەکنیك و هەم لەڕووی دەست بردن و مامەڵەکردنێکی ئەدەبیانە لەگەڵ مێژووی نزیکمان، کە بێگومان ئەمەش وەستایی فەرهاد پیربالّ لەبواری ئەدەبدا دەسەلمێنێ.

بەڵام ئەوەی سەیر بوو، ئەوەبوو کە ئەم نۆڤلێتە دوو هەڵوێستی جیاوازی لێکەوتەوە، جگە لەهەڵوێستی ستاندارد، کە بەهەڵوێستێکی ئاسایی دادەنرێ و زادەی تێگەیشتن لەئەرك و وەزیفەی ئەدەبە. هەڵوێستی یەکەم ئەوە بوو، کە ژمارەیەك نووسەرو ئەدیب لەسلێمانی بەهەڵچوونێکی نەرێتی (نێگەتیف)ی زۆرەوە (هەڵبەت جگە لەسەردار عەبدوڵا و غەفور سالّح عەبدوڵا) کەوتنە شێواندنی ناوەڕۆکی نۆڤلێتەکەو مامەڵەکردن لەگەڵیدا، وەك ئەوەی کە بەڵگەنامەیەکی سیاسی (وپیقە سیاسیە) لەشێوەی بەیاننامە، یان بەڵگەنامەیەکی سیاسی بێ.

ئیدی ئەو نۆڤلێتەی فەرهادیان وا لەهەندێ خەڵك گەیاند کە دژ بە(پێشمەرگە)و (مولازم تەحسین)ی بەعسی (تەمجید) دەکات. لەکاتێکدا فەرهاد بەجورئەتەوە باس لەدڕەندەیەکی بەعس (لەوێنەی مولازم تەحسین) دەکات کە کەوتۆتە وێزەی خەڵکی شارێکی قارەمانی وەك سلێمانییەوە، ئەمەیش لەبەرگێکی ئەدەبی تازەدا نەخشاندووەو سەرەنجام لەکۆتایی نۆڤلێتەکەیشدا، ئەوەی دەرخستووە کە ئەو گورگە بەعسییە، هەر گورگەکەی جارانەو دەیەوێ خۆی لەپێستی مەڕدا حەشار بدات.

نۆڤلێتەکە لەسلێمانیدا هەرایەکی لێکەوتەوەو لەلایەن هەندێ کەسەوە بە(دژ بەپێشمەرگە) لەقەڵەمدراو هەندێکیان بەنووسینو هەندێکیش بەزار پڕوپاگەندەکەیان تەرویج پێدا بۆ ئەوەی وا لەخەڵك بگەیەنن کە فەرهاد پیربالّ دەیەوێ (پێشمەرگە) سووك بکات، لەکاتێکدا فەرهاد خۆی پێشمەرگەش بووەو لەراگەیاندنی یەکێتی لەشاخ کاریشی کردووەو لەوێشەوە رووی لەهەندەران کردووەو پاش راپەڕینیش، لەگەرمەی شەڕی ناوخۆ، هەولێرو کوردستانی پێ لەپاریس پێ خۆشتر بووە. پاساوەکانی نانانەوەی ئەم هەرایەش، جۆراوجۆرن و نامەوێ لێرەدا لێیان بدوێم.

ئـــەم نانـــەوەی هەرایـــە، هەڵوێســـتی دووەمـــی لێکەوتەوە، کە راگرتنی بڵاوکردنەوەی ئەو نووسـینو ڕەخنـەو هەڵسـەنگاندنەبوو، کـــە لەهـــەولێر لەلایـــەن ئـــەدیبو ڕەخنەگرانـــەوە نووســـراون (جگـــە لەهەڵسەنگاندنەکەی عوسمـان یاسین کە لـەگۆڤاری رامـــاندا بڵاوبـــوەوە). راگرتنەکـــەش بـــەبڕیارێکی سیاســـیو لەپەڕۆشـــی بـــۆ پڕۆســـەی ئاشـــتیەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کـە بـەلای منـەوە ئـەو ڕۆحـی



پەڕۆشـیەی دەسـەڵاتی هـەولێر جێگـــای تـــەقدیرە.. ئەگەرچی لـــەوەدا لەگـەڵیان نیـم کـە (لەبـەرژەوەندی نۆڤلێتەکە لەلایەن بنکەیەکی ئەدەبی لەســلێمانییەوە چاپکراوەو کەشوهەوای نۆڤلێتەکە باس لـەگورگێکی بەعسی دەکا، کە بەعس وەک دڕندەیەکی هار بەری دابـــووە گیـــانی خـــەڵکی ســـلێمانی)، ئەمـــە وا لێکبدرێتـەوە کـە ئەگـەر ئـــەو نووســینانە لەهـــەولێر بڵاوببنـــەوە، ئـەوا گۆمـی (ڕوون)ی بـارودۆخی بـەرەو ئاشتی چووی ئێستامان، لێـڵو شـێڵوو دەبـێ! بۆیـە لێرەدا بانگەشـەی دەسـەڵاتدارانی پـارتی دیموکراتـی کوردســتان لەهـــەولێر دەکـــەم، کـــە ئـــەو نووســینە ئەدەبیانە، کە بەپاساوێکی سیاســیو لەپەڕۆشـی بـۆ پڕۆسـەی ئاشـتییەوە، دیـل کـراون، ئازادیـان بکـەنو بابڵاوببنـــەوە. چونکـــە ئەگـــەر ئـــەم (حەپســـکردنی ئەدەب)ە سەربگرێو نووسین لەســـەر نۆڤلێتێك دیـل بکرێ، ئەوە ڕێگەخۆشکەر دەبێـت کـە خـاوەنی ئـەم نۆڤلێتـــەو، ڕەنگـــە دوای ئـــەو، ئـــەدیبو نوســـەرو ڕۆژنامەنووســـی دیکـــەش، چارەنووســـی نـــەک هـــەر نووســینەکانیانو ئـــەو نووســینانەش کـــە لەســـەر بەرهەمەکانیان دەنووسرێ، بەڵکو خۆشـیان، بخرێنـە بەر هەڵمەتی ڕەشەبای بڕیارێکی سیاسیو، ئەمـەیش پێچەوانەی ئەو دیموکراسیەتەیە کە هـەموو لایـەکمان بانگەشەی بۆ دەکەین.

دواشت، کە دەمەوێ بیڵێم، سەبارەت بەهەڵوێسـتە ستانداردەکەیە لەبەرامبەر نۆڤلێتەکـەدا، کـە ئـەویش هەڵوێستێکە پاساوێکی ئـەدەبیی هەیـەو پێـی وایـە دەبـێ ئـەدەب وەک ئـەدەب مامەڵـەی لەگـەڵ بکـرێ، نەک حسێبی بەڵگەنامەی بۆ بکرێو (ئـەدیب)ێک، بـۆ مەبەستێکی خۆی، کە ڕەنگە (لغرچ فی نفس یعقوب) بێت، یان بـۆ خۆبردنـەپێشو جـێ قـایم کـردن بێـت، بەبەرهەمی ئەدیبێکی دیکە بڵێت (قێزەون)!

بۆیـە دەتوانـین بڵێـین: هەڵوێسـتە سـتانداردەکە لە(خوێندنەوە)ی نۆڤلێتەکەوە سـەرچاوەی گرتـووەو هەڵوێستەکەی دیکـەش کـە هـەرای لـەژیاندا نایـەوە، لـە(نەخوێندنـــەوە)وە هـــەڵتۆقیوە. هـــەرواش بـــوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆربەی هـەرەزۆری ئەوانـەی دەیانـەوێ تـەرویج بـۆ ئـەوە بکـەن کـە گوایـە ئـەم نۆڤلێتـــەی د. فـــەرهاد (دژی پێشـــمەرگە)یـــە، نۆڤلێتەکەیان نەخوێندۆتەوە.

هاوڵاتی ژمارە (٤٩)

هەڵسەنگاندنی نۆڤلێتی

مولازم تەحسین و شتی تریش

سیامەند هادی

دوا ئەوەی کە رۆمان جێگەی بەڕۆمانس (Romance)لێژکردو، وەك ژانرێکی ئەدەبی رۆژ بەڕۆژ لەگەشەسەندندابوو. لەو کاتانەدا نۆڤلێت سەری هەڵدا. وشەی (نۆڤلێت– Novel)لە وشەی (نۆڤلا– Novella)ی ئیتاڵیەوە وەرگیراوە، کەبەمانای (شتێکی کورتی نوێ)دێت.

زۆرجار نۆڤلێت وەك کورتە رۆمانێك تەماشا دەکرێت، بەڵام ئەو پانتاییە فراوانەی کە لەڕۆماندا دەرکەوێت لەنۆڤلێتدا بەرجەستە نابێت. نۆڤلێت پانتاییەکی تاڕادەیەك تەسکی هەیەو، ناکرێت وەك هونەری رۆمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەمەش لەژمارەی لاپەڕەدا دەرناکەوێت، بەڵکو بەشێوەیەکی هونەریی ئەو جوداییە دەست نیشاندەکرێت، ئەو پانتاییە تەسکە لەنۆڤلێتدا مەودای زمانێکی وەسفی درێژو فراوان نادات کە لەڕۆماندا بەرچاو دەکەوێت، هەر ئەمەشە وادەکات کە نۆڤلێت زۆربەی کات بەزمانێکی شیعریو دەلالەت ئامێز بنووسرێت. ئەمەو چەندین تایبەتمەندی دیکە، کەلێرەدا باسکردنیان لەمەبەستی بابەتەکەمان دوورەدەخاتەوە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی مەبەستە وەستانە لەسەر نۆڤلێتی (مولازم تەحسینو شتی تریش..)، کە د. فەرهاد پیربااڵ نووسیویەتی.

پێش ئەوەی بچینە سەر ناوەڕۆکو لایەنی هونەریی نۆڤلێتەکە، پێویست دەکات بۆ ساتێك لەسەر فۆرمی ئەو نۆڤلێتە بوەستین.

وەهمی فۆرمی نوێ

هەندێ نووسەر واهەستدەکەن کەفۆرمێکی ناوازە لەنووسیندا بەکاربهێنن، ئەوا ئەو دەقە بەرگی داهێنان دەپۆشێو بەو فۆرمە تایبەتییە لەهەموو دەقەکانی پێش خۆی جودا دەبێتەوە. ئەمە بەڕاستی بۆتە وەهمێك لای هەندێ لەنووسەرانی ئێمەو، ئەوانە پێیان وایە کەبەکارهێنانی فۆرمێکی جیاواز دەبێتە تێپەڕاندنو داهێنانی لێدەکەوێتەوە. بەبێ ئەوەی

ئاگاداری ئەوەبن کە ئەو فۆرمە جودایە چۆن بەرجەستە دەکەن، چونکە خولقاندنی فۆرمێکی جیاواز بنەمایەکی لۆژیکی دەوێت و ناکرێت هەر چییەکی جیاواز بخرێتەڕوو، ئەفراندن بێ. هەربۆیە هەموو جیاوازیەك بەشێوەیەکی پۆزەتیڤی ناکەوێتەوە، فۆرمی جیاواز لەدەقدا پێویستی بەبنەمایەکی پتەو هەیە تاکو لەسەری راوەستێت، چونکە فۆرمی جیاواز بەبێ بنەمایەکی لۆژیکی ناتوانێت لەسەرپێکانی راوەستێو هەرەس دێنێ. زۆر جار ئیشکردن و سەرقاڵبوون بەهێنانەکایەی فۆرمی جیاوازەوە، خۆدزینەوەیە لەداهێنان، چونکە ئەوانە پێیاننا‌کرێت بەڕاستەوخۆیی مامەڵە لەگەڵ زمان و دەلالەت و بیرۆکەدا بکەن. هەربۆیە دەیانەوێت بەو سەرقاڵبوونە بەفۆرمەوە خۆیان لەهەندێ لایەنی دیکە بدزنەوە.

ئەمەش ئەوکاتە دەردەکەوێت کە ئەو جۆرە بەرهەمانە دەخۆێنیتەوە، هەست دەکەیت جگە وەهمی فۆرمێکی نوێ، هیچ ئیشکردنێك لەو بەرهەمەدا سەرنجت راناکێشێت. (مولازم تەحسین و شتی تریش..)یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئاماژەمان پێدا.

ئەم بەرهەمە لەزۆربەی شوێندا لاپەڕەکانی کراوە بەدوو بەشەوەو سەرەوەو خوارەوە بەهێڵێك لەیەکدی جیاکراوەتەوە. خوێنەر دەبێت بەشی سەرەوەی بەشێك بخوێنێتەوەو ئینجا بگەڕێتەوە سەر بەشی خوارەوەی ئەو بەشە، لەلاپەڕە (٣–٦٠)لەبەشی سەرەوە نووسراوە (ژیانی رۆژانەی ئەختەر)و لەبەشی خوارەوەش نووسراوە (ژیانی شەوانەی ئەختەر). لەلاپەڕە (٧١–١٢٣)لەبەشی سەرەوەی لاپەڕەکە نووسراوە (ژیانی رۆژانەی مولازم تەحسین)و لەبەشی خوارەوەش نووسراوە (ژیانی شەوانەی جوامێر).

لێرەدا دەکرێت بپرسین: ئەم شێوە فۆرمە چ مەبەستێکی لەپشتەوەیە؟

ئەگەر لەخۆڕا دانراوە، ئەوە ئێمە لێرە بەرامبەر ئەو شێوەیە هیچ نالێین، بەڵام ئەگەر وەك فۆرمێکی نوێ بەرجەستەکراوە، ئەوا بۆمان هەیە بۆساتێك لەسەر ئەو فۆرمە بەناو نوێیە بوەستین، فۆرمی نوێ کاتێك بەبنەمایەکی پتەوەوە دەخرێتەڕوو، مەودا بۆ هیچ گۆڕانکارییەك ناهێڵێتەوە. بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت شێوازی فۆرمی نوێ بگۆڕێت بۆ شێوازێکی دی، چونکە سروشتی فۆرمەکە تێکدەدات، فۆرمی نوێ رێگە نادات بەشێوەیەکی دی بەرجەستەی بکەیتەوە. هەر ئەو رێگە نەدانەشە وادەکات ناوێك بۆ خۆی مسۆگەر بکات و ببێتە فۆرمێکی نوێ. ئەگەر فۆرمێك رێگەی بۆ گۆڕانکاری خۆشکرد، ئەوا ناتوانێت ئەو ناوە بۆ خۆی وەرگرێت و لەو کاتەشدا بێ ناو دەمێنێتەوەو وەك بەرهەمێکی باو تەماشا دەکرێت و ناتوانێت فۆرمێکی نوێ بەبالأیدا ببڕێت.

لێرەشەوە تایبەتمەندییەك بەو فۆرمە سەر هەڵنادات و لەبازنەیەکی نەگۆڕدا سوڕدەخوات. هەر ئەو تایبەتمەندییەشە کە فۆرمی نوێ جودا دەکاتەوە لەفۆرمەکانی پێش خۆی. بەڵام لەم بەرهەمەی (د. فەرهاد پیربالّ)دا، ئەگەر ئەو هێڵەی ناوەڕاستی لاپەڕەکان لابدەین و ژیانی رۆژانەی ئەختەر بەدوای یەکدا بنووسینەو دوایی ژیانی شەوانەی ئەختەر دەست پێبکات، هیچ گۆڕانکارییەك لەفۆرمەکەدا رووندادات. کەئەمەش ناسنامەی فۆرمێکی نوێ لەو بەرهەمە وەردەگرێتەوەو ناهێڵێت چوارچێوەیەکی جودا بەبالای خۆیدا ببڕێت. هەر بۆیە ئەو فۆرمە کاتێك بەو گۆڕانکارییە هیچ لەشێوازی فۆرمەکە تێکنادات، ئەوا چوارچێوەی جودایی وەرناگرێت و دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی فۆرمی نوێوە، لەبەر ئەوە ناکرێت ئێمە وەك فۆرمێکی نوێ تەماشای ئەم بەرهەمە بکەین و بەئەفراندنی لەقەڵەم بدەین. لێرەشەوە دەربارەی فۆرمی ئەم بەرهەمە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەو شێوازە دانانەی کە ئەو بەرهەمە لەخۆی گرتووە، وەك جۆرە ئارەزوویەکی نووسەر

دەکەوێتەوەو هیچ پەیوەندییەکی بەتازەگەرییەوە نییە لەهێنانەکایەی فۆرمێکی نوێدا. ئەمەش جگە لەوەهمی گەڕان بەدووی فۆرمی نوێدا، ناتوانێت چوارچێوەیەکی جودا بەرجەستە بکات..

لایەنی هونەریی

هەموو دەقێك لەنێو خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك رەگەزی تایبەتی خۆیەتی، مامەڵەکردنێکی هونەریش لەگەڵ ئەو رەگەزانەدا ئیستاتیکایەك دەبەخشێتە دەقەکەو بالادەستیو شارەزایی نووسەریش دەخاتەڕوو.

ئەو رەگەزانەش وەك (کەسێتی- کاتو شوێن- پەیڤین- وێنەو رەمزو..).

کەسێتی لەم دەقەدا بەشێوەیەکی ئەوەندە ناهونەریانە خراوەتەڕوو، کە خوێنەر بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت لەڕێگەی وەسفێك یان پەیڤینێك یان دەلالەتێکەوە سروشتی ئەو کەسێتییانە دیاری بکات.

هەر ئەمەش وادەکات ئەو کەسێتییانە لای خوێنەر هیچ پاشماوەیەك بەجێی نەهێڵنو بەخێرایی دوای خوێندنەوەی لەبەرچاوی ونبن. کاتیش لەم دەقەدا ساتەوەختێکی نییەو، هیچ ماوەیەك بۆ دەسپێکردنی ساتەوەختی دەق نەخراوەتەڕوو، جگە لەوەی کەهەندێ رووداو لەڕێگەی فلاشباکەوە لەدەقەکەدا بەرجەستە دەبن، ئیدی دوای ئەوەکات دەکێشتو ساتە وەختی رووداوی دەقەکە دەست نیشان نەکراوە. کاتێك ئاوڕ لەشوێن دەدەینەوە، بەهەمان شێوە نەتوانراوە شوێن وەك لایەنێکی گرنگی دەق بخرێتەڕوو. دەبینین جگە لە ناوهێنانی گەڕەك و شەقامو قوتابخانەو دوکانو چایخانە، شوێنی سەرەکی دەقەکە ماڵی ئەختەرە، بەڵام خوێنەر بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت وێنەیەك بۆ ئەو ماڵە لەلای خۆی فۆرمەڵە بکات. ئەمەش لەنەزانینی خستنەڕووی ئەو شوێنەوە سەرچاوەی گرتووە.



سەرەڕای ئەمانەش بەدرێژایی دەقەکە تۆ ناتوانێت بەرامبەر رەمزێك یان وێنەیەك رابوەستێت و رامانێکت لادروست بکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەلیقەی نووسەر لەوێناکردنی دەقەکەیدا.

بۆ پەیڤینو زمانی دەقەکەشی لەدوایدا دەگەڕێینەوە سەریو هەموو ئەو گرفتانەش دەست نیشان دەکەین کەزمانی ئەم دەقەلە خۆی گرتووە.

گفتوگۆیەکی واقیعی

ئێمە لێرەدا ناچار دەبین کەگفتوگۆیەکی واقیعی لەگەڵ دەقەکەدا بکەین، چونکە ئەم بەرهەمە بەهۆی ناو هێنانی هەندێ شوێنو دیاریکردنی ساڵەوە کەبوونیان لەواقیعدا هەیە، رێگەمان بۆ خۆشدەکات کەچەند پرسیارێکی واقیعی رووبەڕووی دەقەکە بکەینەوە. حەزدەکەم پێش ئەوەی ئام اژە بەهەندێ لایەنی واقیعی بدەین، بەکورتی بیرۆکەی دەقەکە بخەینەڕوو.

(ئاراس لەسەرەتای هەشتاکاندا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی سلێمانییەو لەژێرەوەش پەیوەندی بەپێشمەرگەوە هەیە. دواتر پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەختەردا دەبەستێ، کەکچێکی فەرمانبەری بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵە، رۆژێك ئەختەر دەباتەوە ماڵی خۆیان دەیکات بەژن. پاشان بەهۆی کەشفبوونیەوە کە لەگەڵ پێشمەرگە کاردەکات، رووەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگەو ناوی خۆی دەنێ جوامێر لەگەڵ ئەختەردا پەیوەندییان بەردەوام دەبێت و هەر کاتێك کەبۆ چالاکی دێتەوە ناوشار سەردانی ئەختەردەکات. ئەختەر بەتەنها لەماڵێکدا دەژی.

لەلایەکی دییەوە مولازم تەحسین کەئەفسەرێکی بەعسییە لەناو شاری سلێمانیدا بەدووی پێشمەرگەو هەوا دارانیاندا دەگەڕێ. جارێك بەهۆی پشکنینەوە ئەختەر دەناسێ و ئەویش پەیوەندی لەگەڵدا دەبەستێ. هەندێ شەو جوامێر دێت بۆلای ئەختەرو هەندی شەویش مولازم تەحسین، هەردووکیشیان پەیوەندی سێکسییان لەگەڵیدا هەیە. دواتر بەهۆی بۆ سەیەکی مولازم تەحسینەوە لەماڵی ئەختەر، جوامێر دەگێڕێت و لەو ماڵەدا سەری دەبڕن. ئەمە جگە لەهەندێ شتی دیکە کە لەدەقەکەدا هەیە..) نووسەر بەشێوەیەکی واقیعی باسی هەندێ رووداوو ژیانی ناوشاری سلێمانی و کردەوەکانی مولازم تەحسین دەکات.

جوامێر جگەلەوەی ئەختەری کردۆتە ژن، کاتێك دەچێتە دەرەوەش هەر چەندە ئەختەر بە بەردەوامی داوای لێدەکات کە لەگەڵ خوێدا بیبات بۆ شاخ و بیخوازێت، بەڵام جوامێر دەستی دەستی پێدەکات و شەوانەش کەدێتە ناوشار دەچێتە ماڵیان و لەگەڵیدا رادەبوێرێ. لەهەمان کاتدا مولازم تەحسین بە بەردەوامی داوا لەئەختەر دەکات کەشوی پێبکات و بچنە بەغدا. لێرەدا خوێنەر ملازم تەحسینی پێ باشتردەبێت لەجوامێر، نووسەر لەخستنەڕووی بابەتەکاندا هیچ نەخشەیەکی نییەو نەیتوانیوە رووداوەکان پێکەوە گرێبداتەوە. لەچەند شوێنێکدا دەربارەی جوامێر دەڵێت (جوامێری پاڵەوان کە بۆتە ئەفسانەیەك و هەموو سلێمانی شانازیی پێوە دەکات– ل۹۰)، یان (جوامێری پێشمەرگەی هەموو شەو دابەزیوی ناو شار، بۆتە ئەفسانە! جوامێر رەمزی بەرگریی نیشتمانی و هێزی رزگارکردنی کوردستانە– ل۹۸–۹۹). بەڵام هەموو چالاکی جوامێر لەو دەقەدا جگە لەوەی کەشەوان لەگەڵ ئەختەردا رادەبوێرێ، جارێك نیو کیلۆ (تی ئێن تی)لەعەرەبانەی شێلم فرۆشێکدا دادەنێت و لەبەر مەیدانی ماستەکەدا دەتەقێتەوە و نۆزدە کەس دەکوژێ و سی وحەوت کەسیش بریندار دەکات. ئەمە سوککردنی جوامێرە وەك پێشمەرگەیەك، دەنا چۆن دەبێت بەم کردەوانە ببێتە ئەفسانەو رەمزی بەرگری؟ ئەمە جگەلەوەی کە هەرگیز پێشمەرگە تیئێن تی ناکاتە ناو عەرەبانەی شێلم فرۆشێکەوە، کەسوربزانێت خەڵکی بێ تاوان دەکوژێ. ئەمەو چەندین کاری دزێو دراوەتە پاڵ پێشمەرگەو هەموو رووداوەکان بەقازانجی مولازم تەحسین دەکەوێتەوە. چونکە لەدەقەکەدا پێشمەرگە کوڕی مەولوود ملیۆنێر دەفڕێنێ و داوای پەنجا هەزار دینار لەباوکی دەکەن و مولازم تەحسین دڵنەوایی دەکات و پەیمانی دەداتێ کوڕەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە.

لەو دەقەکەدا ناوی دوو پێشمەرگە هێنراوە، یەکێکیان جوامێرەو هەر خەریکی رابواردنەو ئەوی دییان (مامۆستا حەیدەر فەیلی)یە کە لەگوندێك جوانووەیەك دەبەستێتەوەو خەریکی مومارەسەی سێکسییە لەگەڵیدا. بەڵام نووسەر لەشوێنێکدا دەڵێت (ژیانی پێشمەرگایەتی، ئەگەر بەقسەی فرۆید بووایە، دەبووە گرنگترین سەرچاوەکانی داهێنان، چونکە هەموو ژیانی پێشمەرگایەتی، هەمیشە لێوانلێوە لەکەپتی سێکسی– ل۹)نازانم کامەیە کەپتی سێکسی؟ ئەوەنییە جوامێرو حەیدەر فەیلی خەریکی بەتاڵکردنەوەی ئارەزووە کانیانن؟

مولازم تەحسین لەوان بەهەڵۆیست تر‌ە، چونکە (مولازم تەحسین ئەوەتەی ئەختەری ناسیوە دەستی بۆ هیچ ئافرەتێك درێژ نەکردووە، لەوکاتەشدا کەژن‌و هەرسێ کچەکەی حاکم نەریمان نەوڕۆڵی لەئەمنەکە ئەتك دەکەن، مولازم تەحسین بەهیچ شێوەیەك دەستیان بۆ نابات– ل٧–٨).

پاشان نووسەر دەگاتە ئەوەی کە لەپێناسەیەکی گشتیدا بۆ ئەوانەی دەبوونە پێشمەرگە بڵێت (ئەمڕۆ بووە بەعادەت: هەر کەسێك دزییەك بکا، حیزییەك بکا، کچێك هەڵبگرێ، پیاوێك بکوژێ، یان لەعەسکەری فیراربکا.. دەچێتە شاخ‌و دەبێتە پێشمەرگە– ل٦٧–٦٨). لەم روانینەشدا ئەگەر کەسێك هەبێت بەدەر لەو هۆیانە چووبێتە شاخ، ئەوا ئەو پێناسەیە بەدرۆ دەکەوێتەوە. جگە لەمانەش کاتێك جوامێر دێتە ناو شارو دەچێتە مالّی ئەختەر، هەموو خەڵکی گەڕەك دەزانن جوامێر لەوێیەو ئەختەر خۆشی هەموو ئەو جارانەی کەجوامێر دێت لای ژنانی گەڕەك باسی دەکات، شەوێك عارەق بۆ جوامێر دادەنێت، کاتێك جوامێر پرسیاری لێدەکات کەبۆچی عارەقی بۆ داناوە، ئەختەر دەڵێت (چونکە عارەق بۆنی دەڕوات، دەرو دراوسێ بۆن دەکەن کەلێرەیت– ل٩٧). دیارە لەکاتی رژێمدا بەئاشکرا خەڵك دەیزانی کەپێشمەرگە لەچ مالّێکدایە!

لەشوێنێکی دیدا دەربارەی هاتنە ناوشاری جوامێر، نووسەر دەڵێت (جوامێر ئەم جارەیان کلاّشنکۆف‌و چەکی قورسی پێ نەبوو– ل٧١).

لێرەدا خوێنەر دوای ئەو رستەیە خەیاڵی بۆ ئەوە دەچێت، کەڕەنگە جوامێر پێشتر تۆپی نەمساوی‌و راجیمەی لەگەڵ خۆی هێنابێتە ناوشار!

جگە لەوەش ئەوکاتەی کەدێتە ناوشار سەعات چوارو نیوی بەیانییە، دەچێتە بەردەرکی سەرا. لەوێدا نووسەر دەڵێت (تەنیا چەند کرێکارو قوتابییەکی زانکۆ بەسەر ئەو جادەیەوەبوون– ل٧٢). رەنگە قوتابیانی زانکۆ کرێکاری خەباتە بووبن، دەنا بەو بەیانی زووە چی دەکەن لەبەردەرکی سەرا!

هەروەها لێرەدا نووسەر کەوتۆتە هەڵەیەکی مێژوویی‌ەوە، ئەوەش لە شوێنێکی تردا بەتەواوی دەردەکەوێت. جوامێر ساڵی ١٩٨٥کەشف دەبێت‌و دەچێتە شاخ‌و دەبێتە پێشمەرگە. کاتێك کۆڕەکەی مەولوود ملیۆنێر دەفڕێنن‌و داوای پارە لەبارەکی دەکەن. ئەو فڕاندنە جوامێر ئەنجامیدەدات‌و باوکیشی بەتەواوی دەزانێت کەئەو کارە جوامێر ئەنجامیداوە. نووسەر لەوێدا دەڵێت (کۆڕەکەی مەولوود ملیۆنێر، تەمەن نۆزدە ساڵ، تازە لەبەشی ئەندازیاریی کارەیا، لەزانکۆی سلێمانی، پۆلی یەکەمی تەواوکردبوو– ل٧٩).

دیارە ئەو قوتابیانەی کەجوامێر لەو بەیانییەدا لەبەر دەرکی سەرا بینیویەتی، ئەوانیش قوتابی زانکۆی سلێمانی بوون. ئێمەش لێرەدا لەنووسەر دەپرسین: جوامێر دوای ساڵی ١٩٨٥دەچێتەوە ناو شار، ئیدی زانکۆی سلێمانی چی؟

نووسەر لەوێدا ئاگاداری ئەوەنەبووە کە لەوکاتەدا زانکۆی سلێمانی داخرابوو. ئەمەش هەڵەیەکی مێژوویی‌ەو ناتوانین چاوی لێبپۆشین..

کێشەی زمان

وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا، زمانی نۆڤلێت زمانێکی چڕەو مەودای کرانەوەیەکی فراوان نادات‌و لەزمانێکی باو جیای دەکاتەوە. بەڵام ئەم بەرهەمە نەك لەزمانێکی باو دەچێت، بەڵکو لەخوار ئاستی قسەی رۆژانەی خەڵکیشەوەیە. ئەوەی گرفتێکی گەورەی لەم دەقەدا بۆ نووسەر دروستکردووە، ئەوەیە کە پانتایی رووداوەکان لەناو شاری سلێمانیدا یەو ناوی چەندین گەڕەك‌و شوێنی دیکە هێناوە.

کەسێتییەکان خەڵکی سلێمانین، بەڵام پەیڤین‌و زمانی قسەکردنی کەسەکان دوورە لەناوچەی سلێمانییەوە. وەك لەدەقەکەدا هاتووە (ئەدی ئێستا

پەشیمان نیت– ل٢١، تۆ لەناو شاردا تاڕادەیەك كەشف بوویتە– ل٥٩، ئەدی كەینێ بێم– ل، چما ئێمە ژن‌و مێردین– ل٤٧، ئەدی بۆچی نامخوازی– ل١٣، ئێ قەیدی چیە– ل٦١، ئەمەو چەندین رستەی لەم جۆرە).

جگە لەمانەش چەند پەندێكی پێشنیانی بەهەڵە بەكارهێناوە. وەك (ئەوەتا قەزان قەباغەكەی خۆی دۆزییەوە– ل٤٢)یان (تەیری پووت عاشق بەداری زەقنەپووت). راستی ئەو پەندانەش (مەنجەڵ گەڕا سەرقاپی خۆی دۆزییەوە– تەیری گول عاشق بەداری ژەقنەمووتە). ئەمانەو چەندین هەڵەی زمان‌و شێوازی بەكارهێنانیان، كەلێرە ماوە نییە بەتەوای لەسەر هەموویان بووەستین..

روانینێكی گشتی

لەدەرەنجامی ئەم نووسینەدا دەگەینە ئەو ئاكامەی كە ئێمە ناتوانین ئەو بەرهەمەی (د.فەرهاد پیربااڵ)وەك نۆڤلێت تەماشا بكەین، چونكە هیچ تایبەتمەندییەكی نۆڤلێت لەخۆناگرێت. ئەگەر ئێمە لێرەدا وەك بیرەوەرییەكیش تەماشای بكەین، ئەویش بەپشت بەستن بەوناو هێنان‌و سااڵ دیاریكردن‌و ژیانی پێشمەرگەو رەوشی شاری سلێمانی، هێشتا ناتوانین بیخەینە چوارچێوەی بیرەوەرییەوە، چونكە نەیتوانیوە بەتەواوی رەوشی ئەو كاتەی سلێمانی وێنا بكات‌و بەوردبینییەوە باس لەژیان‌و چالاكییەكانی پێشمەرگە بكات. ئەمە جگە لەو هەموو هەڵەیەی كە لەدەقەكەدا هەیە، كە ئێمە لەم نووسینەدا نەمانتوانی بەتەواوی لەسەر هەموو لایەنەكانی بوەستین. هەر بۆیە بەشێوەیەكی كورت چەند ئاماژەیەكمان خستەڕوو. ئەگەر ئەو كارەمان بكردایە، ئەوا دەبوو بەقەد ژمارەی لاپەڕەكانی بەرهەمەكەو بگرە زیاتریشمان بنووسیایە!

ئەوەی لێرەدا مەبەستی چوارچێوەی ئەم نووسینە دەست نیشان دەكات، ئەوەیە كەخوێنەر ئەو بەرهەمە وەك (نۆڤلێت)نەخۆێنێتەوە. چونكە ئەم دەقە دووڕە لەهەموو پرانسیپەكانی نۆڤلێتەوەو بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بچێتە ئەو بازنەیەوە..

*مولازم تەحسین‌و شتی تریش.. –نۆڤلێت– د. فەرهاد پیربااڵ لەبااڵوكراوەكانی بنكەی ئەدەبی‌و رووناكبیری گەاڵوێژە– ٢٠٠١.

دوو فاقەیی لەکەسایەتیەکانی

نۆڤلێتی: مولازم تەحسین و شتی تریش..

جەوهەر کرمانج

مێژووی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد، هیچی کەمترنییە لەمێژووی خەباتی گەلانی دیکەی دنیا، ئەوەندەی شکست و هەڵسانەوەو چەوساندنەوەو قوربانی بەخۆوە گرتووەو هێندە تاوان و ناهەقی دەرهەق کراوە، زەخیرەی دەیان رۆمانی گەورەی لەجۆری رۆمانە بەناو بانگەکانی گەلانی شۆرەوی تێدایە لەنموونەی (دایك)ی مەکسیم گۆرکی و (چۆن پۆلامتن ئاودا)ی (نیکۆلای ئەسکۆرفسکی)خەونەکانی (دێڵەگورگ)ی جەنگیز ئەتماتۆف و دەیان رۆمانی دی کە لەشوێنە جیاجیاکانی دنیادا بیرۆکەکانیان لەشۆڕش و خەباتدا هەڵێنجراون. رەنگە رۆماننووسە دەست رەنگینەکانی کورد لەئایندەدا تەنیا لەمەرگەساتەکانی ئەنفالدا بتوانن چەندین شاکاری مەزن بنووسن، ئەوە چ جای ئازارو ئەشکەنجەی زیندانەکانی رژێمەکان و گیان لەسەر دەستی و قوربانیەکانی پێشمەرگە دیارە دەبێ ئەمەش بڵێین کە نەشۆڕشەکانی دنیا بێ کەم و کورتی و کاری دزێو بووینە و نەهیچ میللەتێکیش بێ خائین و خۆفرۆش و بەدڕەوشتبووە. ئەگەر بەوردیش لەوشاکارە جیهانیانە بڕوانین گەلێ جار نووسەرەکانیان پەنجەیان بۆ ئەو حاڵەتانەش درێژ کردووەو وەك نموونەیەك هێناویانەتەوە، بەڵام هەرگیز ئەو نموونانەیان نەکردوە بەحاڵەتێکی باو پانتاییەکی بەرفراوانیان لەنووسینەکاندا داگیرنەکردوە تاخۆێنەر واهەست بکات کەئەمە حاڵەتێکی گشتیەو سەرجەم ژیانی ئەو سەردەمانەی تەنیوە هەموو لایەنە جوان و باشەکانی داپۆشێوە. لێرەدا باس لەو نووسینانە دەکەین کە تاڕادەیەك رەگێکیان بەواقیعەوە بەستراوەتەوەو زەمین و زەمانێکی دیاریکراویان هەیە، وەك ئەو نۆڤلێتەی (مولازم تەحسین و شتی تریش)کە د. فەرهاد پیرباڵ لەم دواییەدا بڵاوی کردۆتەوەو بۆتە مایەی مشتومڕ دروستکران لەنێو رووناکبیراندا.

ئەوەندەی من ئاگادار بم تائێستا زیاد لەسێ چوار کەس لەسەریان نووسیوەو هەر یەکەشیان لەدیدی خۆیەوە هەڵیسەنگاندوەو لایەنێکی گرتووە، منیش

وەك خوێندەوارێك دەمەوێ لەدەلاقەی هەڵسوكەوت رەفتاری كەسایەتیەكانی ناو نۆڤلێتەكەوە سەرنج و تێبینەكانی خۆم لەمەڕ ئەو نووسینە دەربڕم، كەبێگومان ئەوەی منیش ناتوانێ هەموو هەقێكی خۆی بداتێ و هێشتا گەڵ بواری دی دەمێنن كەشایانی ئەوەبن باسیان لێوە بكرێ، كەپێموایە ئەوە زیاتر كاری رەخنەگرانە ئەگەر هەبن، بەڵام پێش ئەوەی بێمەسەر ناوەڕۆكی بابەتەكەو لەڕێگەی كەسایەتیەكانەوە شیبكەمەوە دەمەوێ ئاماژە بەمەش بدەم كە د. فەرهاد لەڕووی شێوازەوە جۆرێك لەفەنتازیای بەكارهێناوە كەڕەنگە بەلای خوێنەری كوردەوە تاڕادەیەك تازەبێ، ئەگەرچی زۆر دەمێكە لەئەدەبی گەلانی دیكەدا نموونەی ئەم شێوازە بەكارهاتوون، كەنزیكترینیان بەلای ئێمەوە رەنگە (٤٥دەرەجەكەی)ی محەمەد خچیر-ی چیرۆكنووسی عەرەبی عیراقی بێت، هەروەها د. فەرهاد بۆ ئەوەی خۆی لەقەرەی درێژدادڕی و گێرمەو كێشەكانی زەمەن نەدات و خۆی لەداوو تەڵەی زەمەن بپارێزێ، هەموو زەمەنەكانی خەباتی كوردو رووداوەكانی لە (٥)رۆژ زۆر كۆكردۆتەوە، بەمەش سوودێكی زۆری لەشانۆگەریەكەی برای نووسەر (حەمە كەریم هەورامی)وەرگرتووە كە بەناوی (شەوێك لەژیانی خانزاد)ە، چونكە لەم جۆرە هەڵسوكەوت كردنە لەگەڵ زەمەندا نووسەر شتێكی زۆر گرنگ و بارێكی گەڵی قورس لەكۆڵ دەبێتەوە ئەویش رەنگدانەوەی تەمەنە لەسەر كەمایەتیەكان، لەبەر ئەوەی لەزەمەنی درێژدا بەتایبەتیش لەڕۆماندا، ئەگەر نووسەر زۆر كارامەو هۆشیار نەبێ داوگیر دەبێ و ناتوانێ پێ بەپێ و سااڵ بەسااڵ شوێن كەسایەتیەكانی بكەوێ، بەپێچەوانەشەوە لەم تەرزە زەمەنە كورتەدا كە وەك لەنۆڤلێتەكەی مولازم تەحسین و شتی تریشدا بەرچاو دەكەوێ و كەلە چەند شەوو رۆژان تێپەڕ ناكات، دیارە لەم چەندە شەوو رۆژانەشدا مەگەر رووداوێكی كت و پڕ بێ یەكێك لەو كەسایەتیانە بێتە پێش و لەڕووی جەستەییەوە شوێنەوارێك بەسەر شێوەو روخساریان دابنێی ئەگینا نووسەر پتر دەستی بەسەر رەوتی رووداواكاندا دەشكێ.

د. فەرهاد.. لەم نۆڤلێتەیدا بەبۆچوونی من تەكنیكێكی جوانی لەناوەڕۆكێكی بێ بەهاو قێزەوەندا خەسار كردووە، كەدەكرا بەشێوازێكی دی ناوەڕۆكەكەی دەربڕیبا، وەك چۆن (حەیدەر حەیدەر)لەڕۆمانی (ولیمە ڵعشاب البحر- زیافەتێك بۆ گیاو گۆڵەكانی دەریا)حاڵەتێكی نێگەتیڤی لەشۆڕشی جەزائیر كردۆتە كرۆكی رۆمانەكە، بەڵام ئەو نەهاتووە ئەم دیاردە درێوو ناشیرینانە بكاتە شتێكی گشتی و هەموو شۆڕشی جەزائیری پێ لەكەدار بكات، بەهەمان شێوەش لەبەستەكەی دیكەیدا كەتایبەتە بەشۆڕشی خواروی عیراق لەزۆنگاوەكاندا.

د. فەرهاد كەڕۆژێك لەڕۆژان نەپێشمەرگایەتی كردوەو نەبەشداریش بووە خەباتی میللەتەكەی حەق نییە بەم جۆرە بەها پیرۆزەكانی دەیان هەزار كەس بشێوێنێ و ناشیرینیان بكات، بەتایبەتیش كەزۆر بەڕاشكاوی دەستنیشانی كات و شوێنی و كەسایەتیەكانی كردوەو ناوەڕۆكەكەی لەفەنتازیاو خەیاڵ دەرهاویشتووەو بەستوویەتیەوە بەواقیعێكەوە كەسادەترین خوێندەوار لەگەڵ خوێندنەوەی چەند پەرەگرافێكدا یەكسەر شۆڕشی نوێی گەلەكەمانی لەلا بەرجەستە دەبێ و سەروسیمای (مولازم موحسین)ی لەبەردەم قوت دەبێتەوە.. بەپێچەوانەی رووبكردنەوەكانی د. فەرهاد كەگوتوویەتی: كەسایەتیەكانی نۆڤلێتەكەی زادەی حاڵەتێكی (لاوعی)ن و پەیوەندییان بەواقیعەوە نییە!! ئەمە بەڕای من دەچێتە خانەی (عوزر لە قەباعەت گەورەتر)ەوە، چونكە ئەم قسانەی د. فەرهاد ناچێتە عەقڵی هیچ كەسێكەوە ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

یەکەم: جیاوازی بەپێتێك لەنێوان (موحسین‌و تەحسین)دا یەکسەر ئەو پرسیارە لای خوێنەر دروستدەکات: ئەوە بۆچی لەو ملیۆنەها ناوە (لاوعی)یەکەی د. فەرهاد تەنیا بۆ ئەوەچوو کەتەحسین هەڵبژێرێ..؟! بۆیی بەپێچەوانەوە هەڵبژاردنەکە بەپلان‌و بڕیارێکی پێشینەبووەو گۆڕینی ئەم پیتەش بۆ ئەوەبووە کەلەڕووی یاساییەوە بتوانێ پاکانە بکات، هەرواش سەبارەت بە (ئاکۆی قومری).!

دووەم: هاو زەمانی مولازم موحسین‌و شۆڕشی نوێ لەلایەك‌و هاوزەمانی مولازم تەحسینی نۆڤلێتەکەو شۆڕشی نوێ، لەلایەکی دیکەوە، بەڕێکەوتێك نییە لەخت‌و خۆڕایی‌و بێ زەمنیە سازی بەخەیاڵی نووسەردا هاتبێ.

سێیەم لەلایەك جوامێرو لەلایەکی دیکەوە حەیدەر فەیلی، یەکەمیان پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەو بەبیرو باوەڕ مارکسی‌و دووەمیشیان پێشمەرگەیەکی حزبێکی دیکەی هەم دیس مارکسی، ئەگەر بەچرا بەدواياندا نەگەڕابێ‌و مەرامێکی سیاسی لەپشتەوە نەبێ چۆن ڕێکەوت واهاتەوە کە هەردووکیان بەجیاوازی ئینتیمای حزبایەتی یان‌و بەهۆی ئینتیمای فیکرییان بکرێن بەدوو نموونەی پێشمەرگەی داوێن پیس..!! لەکاتێکدا هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر ئەو راستییە دەزانن کەپێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەشۆڕشی نوێدا نموونەی ڕەوشت بەرزی‌و لەخۆ بوردوویی‌و قارەمانێتی بوون، دیارەکەچەمیش بێ چەڵ نابێ، بەڵام وەرگرتنی پاکترین ڕەگەزو کردنی بەنموونەیەکی خراپ بۆ سەرجەم پێشمەرگە نەك هەر ناوزڕاندنی هەموو پێشمەرگەیەکە بەڵکو ناو زڕاندنی شۆڕشەکەشە.

سێیەم: دەستنیشان کردنی شاری سلێمانی وەك شوێن بۆ بنیات نانی سەرجەمی ڕووداوەکان‌و تەنانەت بەکارهێنانی شێوە زمانی زۆر ناو خۆی سلێمانی، یا چەند گەڕەکێکی، خۆی لەخۆیدا کارێکی ڕەمەکی‌و ڕێکەوت نییە‌و پێشتر بیری لێکراوەتەوە‌و بەهەر هۆیەکەوە بێ نووسەر لێرەدا، بەهەڵبژاردنی کات‌و شوێن‌و کارەکەتەڕەکان‌و تەنانەت خواردنە تایبەتەکانیش دەیەوێ بڵێ ئەو شارەی کەئێوە پێیی دەڵێن شاری هەڵمەت‌و قوربانی، ئەوەتا ئەوانەن کەسایەتیەکانیان، جوامێر.. کۆنە بەعسیبووە، ئەختەر داوێن پیسبووە، پێشمەرگە دزو سەربازی ڕاکردوو بووینە، بناری ژنی مامەندەمۆن، ڕەعنا، ئامەی عەزە قۆڵبڕ، بەدیعەی بنێشت، دادەشەفیقە، مەولوودی ملیۆنێرو کوڕەکەی.. هتد، کە هەر هەموویان‌و هەر یەکە بەجۆرێك‌و لەبوارێکدا ناپەسەندو بێزراون.

ئەمانەن کەسایەتیە دیارەکانی ناو نۆڤلێتەکەی د. فەرهاد پیرباڵ، تاکە کەسێکیان نموونەی خێرو چاکە نییە، لەبەرامبەر ئەوانەشدا مولازم تەحسین، کەبەپێچەوانەی واقیعەکە خۆی ئەو واقیعەی بۆتە سەرچاوەیەکی حاشا هەڵنەگر بۆ هەڵنانی ڕووداوەکانی نۆڤلێتەکە، بووە بە نموونەی وێژدان پاکی‌و ڕاستگۆیی‌و لەخۆ بوردوویی‌و تەنانەت بەزەییشی، کە دەبوو ڕێك بەپێچەوانەوە بووایە، چونکە هەموو کەس دەزانێ کەمولازم تەحسینێکی وەك خۆی گوتەنی بەعسی دەست ڕەش‌و جەلاد چ وەك کەسایەتیەکی ڕاستەقینەی هەبوو لە واقعیداو چ وەك کەسایەتیەکی دوورستکراو لەناو خودی نۆڤلێتەکەی د.فەرهادا کەهەموو خەڵکی سلێمانی لەدەستی بەدادە داد بووە، دەبوو ئەو کابرایە بەنموونەی دەست‌و دەم‌و داوێن پیسی‌و بێویژدانی‌و نامرۆیی، نەك جوامێری پێشمەرگە‌و ئەختەری قوربانی.

ئەگەر بەوردی سەرنجی هەڵسوکەوت‌و ڕەفتاری کەسایەتیەکانی د.فەرهاد بدەین کەلە نۆڤلێتەکەدا ڕۆڵیان دراوەتێ ڕاستیەکەی حاشا هەڵگرمان بۆ ڕوونەبێتەوە کەدەکرێ واتەماشابکرێن کەهەر هەموویان نەخۆشی دەروونی‌و دووفاقەییان هەیە،

هەریەکە لەوانە لەناو خۆیدا دووکەسایەتی پێچەوانەو دژبەیەکن، رووێکی راستەقینەیو رووێکی قەڵپ، بەرەو رووگرانو سەنگینو راستگۆ، پاشەملەش درۆزنو پاشقولگرو مونافیق.. کەئەوانەش هەر هەموویان رەنگدانەوەی دیدو بۆچوونی نووسەرنو لەئەنجامی سەرسوڕمانیەوە بەم جۆرە رەفتارانە کەسایەتیەکانی بەم بارە قورسە بارکردوە. با بۆ راستی ئەم بۆچوونو خوێندنەوەیە چەند نموونەیەکی قسەکانی ئەم کەسایەتیانە وەربگرین:

١-مولازم تەحسین: پیاوێکی عەرەبی بەعسی ئەمن، بەرپرسی مەفرەزەی تایبەتی، دەیان کەس لەئەمنەسورەکەدا ئازارو ئەشکەنجەداو، دەیان ژنیشی هەر لەوێدا ئەتك کردووە، دەستی بەخوێنی چەندین پێشمەرگە سووڕەو سووکایەتی بەتەرمەکانیشیان کردووەو بەبەرچاوی خەڵکی شارەوە بەدوای ئۆتۆمبێلەکەیدا رایکێشاون یان نیشانی داون، کەسایەتی وا بەناوبەنگو نانیشی لەسەر ئەم رەفتارو کردەوانە وەستاوە، لەوکاتەشدا سەدان بەعسی دی لەسلێمانیدا هەبوون، بەڵام کەسیان بەقەد مولازم تەحسین نەدەناسران، چونکە رەفتارو ئەخلاقی جیاوازتربوو لەوانی دیو بەهۆی ئەویشەوە دەست رۆیشتوو بووە. مولازم تەحسین هەموو ئەقڵو هۆشیو توانای جەستەیی خۆی بۆ کوشتنو بڕینو ئەتك بەخەڵك کردنو خزمەت بەرژێم تەرخان کردوەو هی ئەوە نەبووە تۆزقاڵێك بەزەیی خۆشەویستی تێدا مابێت بۆ ئەوەی کچێك، کچێکی کوردیش حەیرانی بێت، بەتایبەتیش کەسایەتیەکی وەك ئەختەر، کەلەلایەکەوە لەرێکخستنە نهێنیەکانی ناو شاربووەو لەلایەکی دیکەشەوە دەستگیرانو عاشقی (جوامێر)ێکی پێشمەرگە بووەو بەردەوامیش ژوانیان لەنێواندا هەبووە. بۆیی کەئەختەر پرسیار لەمولازم تەحسین دەکات:

-(تۆ لەناوبردنی پێشمەرگەو پیشەکاری خۆتت بەلاوە گرنگە یان ژیان لەگەڵ مندا..؟)

دواتریش زیاتر پرسیارەکەی روون دەکاتەوەو دەڵێ.

-(نا.. مەبەستم: ئەگەر شووت پێبکەم واز لەم پیشەیەت دەهێنی؟)

مولازم تەحسین وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ:

-(دڵنیابە، ئەختەر. بەڵام هەردەبێ بڕۆین بۆ بەغداد لەوێ بژین.!)

کەچی هەر ئەم مولازم تەحسین لەدوای برگەی نۆقڵێتەکەدا. رووی راستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکات دوای ئەوەی کەئەختەر خۆی بەلای ئەودا ساغ دەکاتەوەو خیانەت لەجوامێر دەکاتو لەماڵەکەی خویدا ژوانی بۆ دادەنێو مولازم تەحسینیش لێ ئاگادار دەکاتەوە کەئەمشەو جوامێر دێتە لایو دوای ئەوەی جوامێر دەکوژێ. مولازم تەحسین رووەکاتە پیاوەکانی خۆیو دەڵێ:

-ئەم قەحپە پیسەش ببەن..: لێرە جێ نەهێڵن..!!

٢-جوامێر: ئاراس بابەکر عەبدولحەمیدی بەرزنجی. ساڵی ١٩٥٤لەسلێمانی لەگەڕەکی دەرگەزێن لەدایکبووە. بەعسی بووە، بەپلەی رەفیق متقدم، مەبلەغی دووسەد هەزار دیناری دزیوەو چۆتە شاخ بۆتە پێشمەرگە!! لەناو شۆڕشیشدا بەگوێرەی قسەکانی جوامێر خۆی کەلەگەڵ ئەختەر قسە دەکات دەردەکەوێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی بووبێ، چونکە بەوردی ئاگای لەنهێنیەکانی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا هەیە. بۆ نموونە لەلاپەڕە (٤٦)و لەپەرەگرافی (٤)دا جوامێر بەئەختەر دەڵێ:

-(ئاخر بزانە هەر بۆیەش سەرکردایەتی حزب ئەو تەقدیرە گەورەیە لەتۆ دەنی، تەنانەت لەدووایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حزبدا چارەکە سەعاتێك هەموو ئەندامان باسی ئەو فیداکاریو لەخۆبردوویی و رۆڵە گەورەیەی تۆ یان کردووە کەلەناو شاردا سپاردراوەتە تۆ..!)

یان کەلە ژیانی شەوانەی ئەختەر (ح)دا جوامێر دەڵێ:

-(قەیناکە- لەگەڵیانکار بکە بۆ ئەوەی بتوانیت بەخەتی مایل لەناو شاردا درێژە بەخەباتی ژێرزەمینو سیاسیانەی خۆت بدەیت)..

لەدوو نموونەیەو لەچەندین نموونەی دیکەدا کەناکرێ هەر هەمووی بخەینەوە بەر چاو والە جوامێر دەگەین کەمرۆڤێکی شۆرشگێڕی ماکسییەو ئامادەیە لەپێناو سەرخستنی ئایدۆلۆژیاکەی خۆی قوربانی بەهەموو شتێك بدات، تەنانەت بەهێندێ بەهای ئەخلاقی کەتائەو سەردەمەو ئێستاشی لەگەڵ دابێت هێشتا کاریگەرییان لەناو کۆمەڵدا هەیە، بەڵام هەر ئەو جوامێرە لەشەوی پێنجەمو لەلاپەڕە (٥٩)دا کەسێکی دیکەیەو لەوێدا هەموو خەبات‌و ئایدۆلۆژیاو تەنانەت پلەی حزبیشی دەخاتە ژێرپێو دەیاکاتە قوربانی رازیکردنی ئەختەرو مەکتەبی سیاسی حزبەکەی‌و سەرکردایەتی شۆڕش دەخاتە لایەك‌و تەسلیم بوونەوە بەرژێم هەڵدەبژێرێ ئەو رژێمەی کەخۆی دەیان کەسی لێ کوشتتوون‌و (تی ئێن تی)پێدا تەقاندونەتووە ! جوامێر لێرەدا نەك هەر جوامێرێکی پێشمەرگەو قارەمان نییە، بەڵکو کەسایەتیەکی زەلیل‌و هەرەس هێندراو لەوەش زیاتر سەرەنجام دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی کەپیاوی رژێم بووەو بەعسی بووە. لەئەنجامی دیالۆگێکدا لەنێوان جوامێرو ئەختەر، ئەختەر لەجوامێر دەپرسێت (ئەدی ئەگەر چووینە شاخ‌و پەسەندیان نەکرد وەك ژن‌و مێردێك وەریان نەگرتین؟)جوامێر وەڵامی دەداتەوە دەڵێ (بەڵێنت دەدەمێ تەسلیمی حکومەت دەبمەوەو لێرە دەتخوازم- پێکەوە دەژین) !.

خوێنەری بەڕێز سەیرکە نووسەر دووفاقیەکەی پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکەی بەچی گەیاندووە ؟ وای لێ کردووە لەبەراورد لەنێوان رژێمکی داگیرکەرو داپلۆسێنەردا کەسەدانی وەك مولازم تەحسینی پێگەیاندووەو پەروەردە کردووە لەگەڵ شۆڕشێکی رزگاریخوازو دیموکراتی وەك شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کەخودی جوامێر یەکێك بووە لەقارەمانەکانی‌و ئەندامێکی کارای بووە. سەرەنجام سەرانی رژێم بەدیموکراتخوازترو هەقانی تر بزانێ لەسەرکردایەتی شۆڕشێك کەئامانجەکەی رزگارکردنی مرۆڤی کورد بووە لەو هەموو زوڵم‌و زۆرەی کەلێی کراوە. بەکورتی نووسەر دەیەوێ وا لەخوێنەر بگەیەنێ کەجوامێری نموونەی هەرەبەرزی شۆڕش‌و کوردایەتی لەناخی خۆیدا بەردەوام دووکەسایەتی بووە. کەبەعسی‌و بەرێوەبەری دائیرەی کشتوکاڵ‌و ئاودێری بووە لەژێرەوە ئەندامی کۆمەڵە بووە کەپێشمەرگەو ئەندام‌و کادرێکی بالای شۆڕشیش بووە لەسەر قسەو بڕیارێکی نەکراوو نەدراو ئامادە بووە دەستبەرداری هەموو بەها پیرۆزەکانی خۆی ببێت وەك پێشمەرگەیەك‌و تەسلیم بوونەوە هەڵبژێرێ نەك ژیان لەناو شۆڕشدا، هەتا ئەگەر وەك هاوولاتیەکیش بێت. چونکە هەموو کوردێك ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆیدا نەکات چاك دەزانێ کە بەدێژایی سااڵەکانی شۆڕش کۆمەڵێ کەس بێ ئەوەی بەشداریەکی راستەخۆ لەشۆڕشدا بکەن لەناوچە ئازاد کراوەکاندا دەحەوانەوە، ئەوە جگە لەوەی کەهیچ پێشمەرگەیەکیش بۆ ژنهێنان پێویستی بەوە نەبووە پرس بەسەرکرادایەتی بکات، خۆ ئەگەر پرسێکیش کرابێ ئەوا بۆ کۆمەك‌و یامەتی دان بووە نەك بەپێچەوانەوە.

٣-ئەختەر: کچێکی جوانکیلەی بەرچاوە، یەکەمجار وەك فەرمانبەرێکی (صادرە)دادەمەزرێ‌و لەیەکەم رۆژی دامەزراندنیەوە دەکەوێتە بەر دڵی بەرێوەبەرەکەی کە (ئاراس بابەکر عەبدولحەمیدە‌و)دواتر بەناوی نهێنی جوامێر دەناسرێت. دوای زیاتر لەدوو مانگێك جوامێر ئەختەر دەسخەڕۆ دەکات‌و دیباتە ماڵەوە، لەم هاموشۆیانەدا ئەختەر بەڕووتی خۆی تەسلیم بەجوامێر

دەکات. لەهەمان کاتیشدا دەخرێتە ناو کاری نهێنی رێکخراوەیی‌و دەبێ بەبەرپرسی شانەکانی رێکخراوی ئافرەتان. خۆشەویستی ئەختەر بۆ جوامێر لەڕادە بەردبووە، تەنانەت رازی بووە لەبەر خاتری خۆشەویستەکەی بەدوای جوامێردا شاخەو شاخ بکات، جوامێریش ئەم خۆشەویستییەی خۆی بۆ ئەختەر نەشاردۆتەوەو تەنانەت گەیشتۆتە رادەی ئەوەی لەپێناویدا تەسلیم بەورژێمە بێتەوە کەدەیان کەسی لێ کوشتوون‌و تی ئێن تی بۆ داناونەتەوە، تا کۆتایی رۆمانەکەش شتێکی ئەوتۆش لەجوامێر بەدی ناکرێت کەپەشیمان بوونەوەی دەرهەق بەئەختەر تێدابێ کەچی لەپڕو بێ ئەوەی هیچ زەمینەیەکی گونجاوو ساز هەبێ کەسایەتی دووەمێ ئەختەر بەدەردەکەوێت حەز لەو کەسە دەکات کەبەخوێنی سەری خۆشەویستەکەی تینووە کەئەویش مولازم تەحسینە. خۆشەویستیەکەی نێوان ئەختەرو جوامێر لەلایەک‌و ئەختەرو مولازم تەحسین لەلایەکی دیکەوە لەژیانی رۆژانەی ئەختەر (٥)و ژیانی شەوانەی ئەختەر (٥)دا هاوشان دەڕۆن، هەردوو کەسایەتیەکەی ئەختەر لەشەڕدان لەگەڵ یەکتر، تەنانەت بەجۆرێکی واش ئەم دوو کەسایەتیە هاوکۆک‌و هاوشانن بەزەحمەت لێک هاوێر دەکرێن. ئەختەر بەزۆر بەمولازم تەحسین دەڵێت:

-تۆ لەناوبردنی پێشمەرگەو پیشەکەی خۆتت بەلاوە گرنگترە یان ژیان لەگەڵ منداا؟ ل٥٧.

شەویش لەجوامێر دەپرسێت: تۆ ماناوت لەناوحزبدا لەلاگرنگترە یان گەڕاندنەوەی شەرەفیی ژنێکی کورد کەمنم، خۆشم دەوێیت‌و هەموو ژیان لەپێناوتدا بەختکردووە؟ هەردوو کەسایەتیەکەی ئەختەر هەریەکەو لای خۆیەوە رۆحی ئەختەر بەلای خۆیدا راکێشدەکات، سەرەنجام لەم ململانێیەی نێوان ئەو دووکەسایەتیە لایەنە خێر خوازەکە سەر دەکەوێ ئەختەر بەلای خۆیدا ساغ دەکاتەوە دەیکات بەپێناویش بۆ کوشتنی لایەنە شەرخوازەکە.

(بەگوێرەی بۆ چوونی نووسەر). کەلەوێدا د.فەرهاد بەڕۆرو زۆرداریەکی جێگۆرکێی بەئاکاری هەردوو پاڵەوانەکە کردووە (جوامێرو مولازم تەحسین). جوامێری پێشمەرگەو قارەمان‌و رەمزی کوردایەتی کردووە بەشەڕخوازو بەکوشتنی دەدات، کەچی مولازم تەحسینی بەدڕەفتارو بەدکرارو جەللاد دەکا بەنموونەی خێرخوازی‌و سەری دەخات.

٤-باجی بنار: ژنی مامەندە مۆن، ژنێکی دراوسێی ئەختەرە. هەموو دەمەو عەسرانێك بەیەکەوە دادەنیشن‌و ئەختەر دەردە دڵی خۆی لادەکات. بەڕواڵەت باجی بنار سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر ئەختەر دەردەبڕێ‌و هاوخەمیەتی‌و زۆر جاریش ئامۆژگاری دەکات. لەلاپەڕە (٢٨)دا کەئەختەر سەربردەی خۆی بۆ باجی بنار دەگێڕێتەوە، باجی بنار دەڵێ: وەیش دایکت بمرێ! یان -کوێراییم دایێ مەگری! کەچی لەسەر زمانی نووسەرەوە لەسەرەتای هەمان لاپەڕەی سەرەوەدا دەڵێت: - باجی بنار بەبێزو سووکیەوە تەماشای ئەختەری دەکرد. لەژیانی رۆژانەی ئەختەردا (٤)باجی بنار رووەکاتە ئەختەرو پێی دەڵێ: -جوامێر ئەگەر چی رۆشنبیرە زۆریشی خۆشدەوێیت بەڵام جەسارەتی ئەوە ناکات تۆی (سۆزانی)و (ریسوا)بخوازێت! ل٤١.

کەچی لەلاپەڕە (٤٤)هەر ئەم باجی بنارە پێیدەڵێ: -پێشمەرگە بۆ دەتکوژن.. کچم! ژنێکی لێقەوماوی بێکەس لەساییەی ئەو لەتکە(.. ..)خۆتەوە دەژیت ئەدی چیبکەیت؟ چارەت چی بوو! خوێنەری بەڕێز ئەگەر بەوردی سەرنجی کەسایەتی باجی بنار بدەیت بۆت دەردەکەوێ ئەمیش لەناخی خۆیدا دووکەسایەتیەوە هەردەمەوو رووبەکی دەردەکەوێت. لەلایەك ئەختەر بە(سۆزانی‌و ریسوا)دەزانێ، لەلایەکی دیکەشەوە پێی دەڵێ (کچی خۆم ئەختەر باوەڕم پێبکە خۆ من بەقەد ئەو دونیایە ئەو چاوە جوانانەی تۆم خۆشدەوێ)ل٤٦.

لەوەش زیاتر هانیشی دەدات تا لەسەر ئەم کارەی خۆی بەردەوامبێت.

٥-پووڕە ڕەعنا: ژنی سەلیم سەرپانی نەوت فرۆشە. ئەویش دراوسێی ئەختەرەو زۆر ئێواران لەگەڵ باجی بنار لەباخچەکەی ئەختەر دادەنیشن و سەربردە بۆ یەکتر دەگێڕنەوە. نەخۆشی دووفاقیەکە پووڕە ڕەعناشی گرتۆتەوە و ئەویش دووکەسایەتیە لەیەک جەستەدا. لەلایەڕە (٦٤)دا لەدەمەتەقەیەکدا لەنێوان باجی بنارو پووڕە ڕەعنا کەهەردووکیان وێڕای ئەوەی دراوسێی ئەختەرن بۆڕە خزمایەتییەکیشیان هەیە پووڕە ڕەعنا دەڵێ: (بەختی ئەختەری کەساس بەڵام بەخوا باجی بنار جوامێر ئەگەر نەشبووایە پێشمەرگەو نەشچوایەنتە شاخ، من واتێدەگەم هەر نەیدەخواست! تۆ واتێناگەی هەر بەئانقەستیش چووبێنە شاخ؟ پێشمەرگایەتی کردبێتە هەنجەتێك بۆ ئەوەی نەیخوازێت؟)کەچی هەر پووڕە ڕەعنا لەلایەڕە (٦٨)دا دەڵێ: کچێ بنار.. ئەختەر جوامێری زۆر خۆشدەوێ ئێمە ئەم قسانە چییە دەیکەین؟

نامەوێت لەوە زیاتر قسە لەسەر کەسایەتیەکانی نۆڤلێتەکەی د.فەرهاد بکەم چونکە ئەوانەی دی کەسایەتی سەرەکی نیین، بەڵام ئەوانیش کەمو زۆر دووچاری ئەم (شیزۆفرینیایە)بووینە- هەروەها وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا گەڵێ لایەنی دیکە هەن هی ئەوەن قسەیان لەسەر بکرێتو بەتایبەتیش تێڕوانینی نووسەر بۆ ژنان لەلایەكو بۆ شۆڕشی نوێی گەلەکەمانو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەکی دیکەوە. هەروەها جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم کەنۆڤلێتەکەی (مولازم تەحسینو شتی تریش)لەناوەڕۆکدا زۆر لەڕۆمانەکەی (زبیبە والملك)نزیکە کەدەگوترێت سەدام خۆی نووسیویەتی. یا سەرپەرشتی نووسینەکەی کردوە. لەوێ (زبیبە)هێمایە بۆ عێراق، لای د. فەرهادیش ئەختەر بۆ کوردستان، هەردووکیشیان سوکایەتیان پێدەکرێو لەکچێنی دەخرێن. بەڵام لەوێ حەق دەدرێ بەنیشتمانو ئەوانەی پارێزگاری لێدەکەن، کەچی لەنۆڤلێتەکەی د. فەرهاددا بەپێچەوانەوە هەق دەدرێت بەداگیرکەر بۆئەوەی سەری هەقخواز ببڕو نیشتمانیش ئەتك بکات کە خویان لەجوامێرو ئەختەردا دەبینەوە. لەکۆتاییدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەشبکەم کەمن جگە لەوەی ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمو زیاد لەدەسالێش پێشمەرگەبووم، شەش مانگ لەمەوبەر داوام لەسەرۆکی بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیریی گەلاوێژ کرد دیوانێکی شیعریم بۆچاپبکەن، لەوەڵامدا گووتی: تاسالێ (٢٠٠٣)نۆرەت بەرناکەوێت، کەچی بەیەك هەفتە ئەم نۆڤلێتەی د. فەرهاد پیربالّ چاپ کراو بڵاویش کرایەوە..!

ئەرێ! گوڵشەن بۆ بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ دەبەی!

مستەفا صالح کەریم

قەڵەمی رەسەنی کوردیی بەوە سەربەرزە کە لەڕەشترین رۆژانی ئیرهابدا، بەهێماو بەهەمەجۆر رەمزیش بووبێ، تەعبیری لەخواستەکانی گەل کردووە، قارەمانێتیی پێشمەرگەی کردۆتە هەوێنی بەرهەمە ئەدەبییەکانێ، دەیان شیعرو دەیان چیرۆکی وا بڵاوبوونەتەوە لەنێوان ٧٥-٩٠ کەجێی شانازیی ئەدیبانی کوردن. نامەوێ لێرەدا نموونە بهێنمەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم: میهرەجانی شیعری کوردیی (سلێمانی مارتی ٧٩)، دیداری چیرۆکی کوردی (سەڵاحەدین ئابی ٧٩)، (هەولێر ئابی ٨٢) باشترین بەڵگەن بۆ بوێریی ئەدیبە رەسەنەکانی کورد، ئێمە دەمانگوت: شارەکەمان رۆژانی وشکو برنگە، بەڵام شەوانی تەپو پاراوە، ئەو رشێنەیەی شەوانی دەبێتە هۆی فێنکبوونەوەی گڕی دەروونی خەڵکەکەی... مەبەستمان لەو چالاکییە جوامێرانە بوو کەشەوان پێشمەرگە لەشارەکاندا ئەنجامیان دەداو گیانی خۆیان دەخستە سەردەستیانو چەندین جار قوربانیی گەورەشیان دەدا، بەڵام وێڕای ئەوەی کەدەستیان لەدۆزمن دەوەشاند؛ دەبوونە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی خەڵکەکەش.

بەڵام سەیر ئەوەیە نووسەرێك لەم سەردەمەدا بێ لەباتی ئەوەی داستانی قارەمانێتیی پێشمەرگە بکات بەهەوێنی رۆمانو چیرۆك، هاتووە لەنامیلکەیەکدا کەناوی ناوە نۆڤلێت، هەموو ئەو قارەمانێتیو دلێرییەی ئەوان بکاتە قوربانی (نەزوە)یەکی خۆی، تەنانەت قوربانییەکانیان بەشتیتر لێکبداتەوە، نووسینەکەی ئەو نووسەرە ئەوەندە قێزەونە، بەخۆمنی رەوانابینم رستەکانی جارێکیتر بخەمەوە پێش چاو.

لای هەمووان روونو ئاشکرایە ئەم ئازادییەی ئێستا، ئەم سەربەرزیو سەرفرازییە بەخوێنی پێشمەرگە هاتوونەتە دی، کەچی سەیر لەوەدایە لەباتی کاکی پسپۆڕ داستانی نەبەردییەکانی ئەو قارەمانانە بکاتە هەوێنی نووسین، باسی ئازایەتیو پاڵەوانێتیی (مولازم محسن) دەگێڕێتەوە، لەباتی دەرخستنی ڕووی گەشی تێکۆشانی ژنانی شاری سلێمانی؛ باسی (شەوباخەڵیان) دەکات.

بەکورتی ئەو هەڵبزرکاندنەی ناوی ناوە (نۆڤلێت)؛ شتێکە جێی نەفرەتی هەموو مرۆڤێکی کوردی دڵسۆزە، بێجگەلەوەی حەزدەکەم ئەو دەرویشانەی تەپڵی بۆ لێدەدەن باش بزانن کە لەڕووی هونەریشەوە زۆر لاوازە، ئەو تەکنیکەی ئەو بەکاری هێناوە ٢٠سالٌ لەمەوبەر (محمد خچیر) وەستایانە بەکاری هێناوە، بەڵام ئەم تەنانەت ئەوەشی بەسەقەتی بەکارهێناوە، بێجگەلەوەی پاڵەوانەکەی (ژنی سلێمانی)یەو بەشێوە زمانی هەولێر قسەدەکات.

لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەو پێشمەرگانەی وازیان لەهەموو خۆشییەکی ژیانو لەنازو نیعمەتی شارەکان هێناو دەستیان دایە چەکی مەردایەتی بۆ بەرگریی لەشەرەفو کەرامەتی ئەم میللەتە، بۆ رزگاربوون لەجەورو ستەم، بۆ ئازادییەك کەمافی مرۆڤ لەسایەیدا پاریزراو بێ، هەر ئەوانەن ئەمڕۆ لەسەنگەری شەرەفدا گیانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ پاراستنی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان، ئەو ئەزموونەی ئەگەر نەبوایە؛ ئەو برا نووسەرە لەم نازو نیعمەتو خێرو بێرەی ئێستادا نەدەبوو.

ڕەبی موی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

تەوار

تا ئەوکاتەی ناوی بۆ عەسکەریی نەهاتبۆوە، کەس ناویی نەبیستبو، خۆشی ڕۆژێ لە ڕۆژان کوردو کوردایەتی‌و پێشمەرگەو شۆڕشی بە خەیاڵدا نەهاتبو، ترسی قادسیەو جەنگی بێ ئامان، لە شارەکەی خۆیەوە هاتە سلێمانی و ڕێگای بۆ خۆشکرا بچێتە ژێر سێبەری ئەو پێشمەرگانەی وا ئێستا چاکەیان دەداتەوە، ئەوێی کرد بە وێزگەیەك وتێیتەقاند بەرەو شانزیلیزێ، ساڵان ڕۆیشتن و کورد هەمو مەینەتیی دنیای بینی،ئەو تۆزی لێ نەنیشت لە بوکی رازاوەی ئەوروپادا (پاریس)ژیانی بەسەر برد.. کاتێ کورد لە خەم ڕەخسی‌و کەوتە خۆشییەوە ،ئەویش هاتەوە... بەڵام چاوچنۆکانە، تێربوونی نەدەزانی بۆ ناودەرکردن تەمسیلییەکی دروستکرد(باخۆمان بسوتێنی.. ئەگەر شەڕ نەوەستێ).. دوای ئەوەی هەولێرو سلێمانی لێك جیابونەوە ئەم بەئارەزووی خۆی لەهەردوولای دەخوارد، چۆنی ویست وای بۆ لوا (عافێتی بێ) بۆ ئەو باشە، کەس لەگوڵ کاڵتری پێنەگوت.. ئازادییە، قەچێکا بابەنەعلەوە بچێتەسەرشانۆ،با قسەی‌خۆی بکات ونەسیحەت دابەش بکا.. تا ئەوکاتەی پێی لێ هەڵبڕی‌و هەرچی لەناو دڵ ودەرونیا بو لە رق‌وقینە بەرامبەر بە شاری سلێمانی‌و بە پێشمەرگەکانی‌و بە ژنە تێکۆشەرەکانی خستینە سەر کاغەزو کاری گەیاندە ئەوەی کە (ملازم محسن)ی بکوژی تێکۆشەرانی کورد، لای ئەو خاوەن دکتۆرایە (جوامێر) تر بێ لە هەمو جوامێرەکانی کورد، قەڵەمەکەی‌ئەو ڕێگای بەخۆیدا هەمو ژنانی سلێمانی بکات بەوەی کە خۆی ئەیزانێ تێکۆشان‌و قوربانییان بۆ ڕابواردن بێ.. ڕەنگە بە ئازایەتیی بزانێ کە توانیویەتی بەو وشە ناشرینانە ئەو هەمو ناووناتۆرە لە پێشمەرگە بنێ!ڕەنگە بە قارەمانێتیی بزانێ کە کیژە کوردو ژنانی گیانفیدای سلێمانی بەو چەشنە ناوبەرێ، نازانێ ئەگەر ئێستا ڕوی ئەوەی مابێ ئەو نوسینە بکات بە عەرەبی‌و بینێرێ بۆ بەغداد،مولازم محسن‌و هاوڕێکانی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری یەك ملیۆن نوسخەی لێ چاپەکەن، کاتێ لێیانکرد بە هەڵڵا ،بەچەند وشەیەکی کرچ‌و کاڵ عوزری بۆ یەکێك هێنایەوە کە پلەوپایەی هەیە، بەڵام بەبیریدا نەهاتوە عوزر بۆ هەمو ئەو شەهیدانە بهێنێتەوە کە پەیکەرەکانیان شایەتی قارەمانێتییانن، عوزری بۆ ژنە ڕوسورەگانی شار نەهێنایەوە، چونکە دیارە ئێمە چاوی لێ سور ناکەینەوە، ئیتر هەرئەوە ئەڵێین (ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە).

نازانم بۆچی شاعیرێکی کورد، تێکۆشە ،ناسراو (٢٥) ساڵە لەبواری شیعردایە(١١) ساڵیش پێشمەرگەبووە، ساڵەهاش ئاوارەیی چەشتوە بۆچی ئەوشاعیرە کە بەرهەمەکەی برد بۆ (بنکەی گەلاوێژ)بۆچاپکردن، وتیان ساڵێکی تر سەرەت بەرئەکەوێ! بەڵام بۆ ئەم بەیەك هەفتە بۆیان چاپکرد؟

لە کۆتاییدا بەناوی هەمو ژنانی کوردستانەوە، بەناوی سەنتەری ڕاگەیاندن‌و ڕوناکبیریی ژنانەوە، بەناوی کەسوکاری شەهیدانەوە، بەناوی سەدان ژنی پێشمەرگەو خوشك‌و دایکیانەوە ناڕەزایی دەردەبڕین بەرامبەر بەو نامیلکە رزیوەی ناوی لێ نراوە ﴿مولازم تەحسین و شتی تریش﴾.

ویّنای (ژن - شۆڕش - شار)

لە نۆڤلێتەکەی د. فەرهاد پیربالّ

ڕووناك فەرەج . تریفە عەلی

پێشەکی

دیارە ڕەخنەی ئێمە لەبارەی تەکنیکی نۆڤلّتەکەوە نیە، هێندەی لەبارەی دەقەکانی ناوکتێبەکەیە. ناتوانین بڵێین نووسەر لەم نۆڤلّتەدا تەنها وێنای ژنێکمان پیشان دەدات کە دروست کراوی خەیاڵی خۆیەتی، بەڵکو دکتۆر لەڕێی نووسینی ئەم نۆڤلّتەوە دەیەوێت ژانی هەناوی نەتەوەکەی بخاتە ڕوو لەو قۆناغە دیاری کراوەی مێژوودا. لێرەوە خەیاڵی د. فەرهاد پیربالّ هێندە لەنۆڤلّتەکەیدا، کە بچوکترین ساتی بۆ جوانی نەهێشتۆتەوە، فەنتازیایەکی هێندە قێزەونی داوینەتە دەست کە لەبەردەم دەستەواژەیەکیدا تووشی شۆکمان دەکات. شۆك لەبەردەم گۆڕینی ڕاستییەکان، ناشیرین کردنی وێنا جوانەکان، ئەو وێنایانەی تا هەنووکە لەنەستی مندالّو گەورەی ئەم شارەدا جێگیرە.

بەڕێزی لەکۆی خەیاڵّەکانیدا مەبەستێتی بڵێ، شۆڕشی چی؟ ژنی شۆڕشگێڕی چی؟ شۆڕشەکانی دنیا هێندە پاکیزەو بێ خەوش نیە، ئەمڕۆ پاساوی بۆ بهێننەوە، شۆڕشگێڕەکانیش پەروەردەی ئەم کۆمەڵگایەنو تا سەرئێسقان چەپێنراوو دۆگمان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە قێزەونی سیمای ئەو شۆڕشە بێتو کار بگاتە ئەو ئاستەی لەپێناو چالاکییەکانی ناو شارو ژانینی نهێنییەکان ژن بکرێتە کاڵایەك و بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێت، یان شۆڕشگێڕەکان هەموویان کەسانی سەرسەری و پیاوکوژو بێکار بووبن. لەبەرانبەر ئەمەدا پێدانی وێنایەکی جوان بەدوژمنان کە ئەشق و وەفاو پاڵەوانی و سەرکەوتن لەخۆ بگرێت.

یەك واقیع هەیە کە دەکرێت دکتۆر لێی بەئاگا بێت کە گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو بەهۆی ئەوەی ناسنامەو خاکی داگیرکراوە لەقەرەبووی ئەمانەدا، نەیتوانیوە دەستبەرداری داب‌ونەریت بێت بەتایبەتی پەرەنسیپی شەرەف کە لەجەستەی ژندا بەرجەستە بووە، بۆیە هەمیشە هەوڵی داوە دوژمن دەستی نەگاتە ژنان، لەبەرامبەریشدا دوژمن هەوڵی لەکەدار کردنی کەسێتی ژنی داوە.

ئیدی نازانین چۆن شۆڕش بەئەختەری نۆڤڵێتەکەی تۆ دەڵێ خەباتی ژێرزەمینی و شۆڕشگێڕیت لەمڕۆوە دەرپێ داکەندن دەبێت. دیارە ئەم وەڵامە زیاتر بۆ سەرکردایەتی شۆڕشەکان جێ دێڵین و گەر شۆڕش ژنی وەک فاکتەرێك بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە لەکاری نهێنی و چالاکی بەکارهێناوە ئەوا ئیشی ژنانی هۆشیار لەمەودوا دامالێنی پیرۆزی و جوانی قۆناغی شاخە لەنەستی تاکی کوردی. لێرەوە دەمانەوێت سەرنج و رەخنەکانمان ئاڕاستەی چەند بەشێکی نۆڤڵێتەی دکتۆر فەرهاد پیربالّ بکەین.

لەلاپەڕە (٩)دا کاتێك تەحسین بەئەختەر دەڵێت (من هێندەم خۆش دەوێیت کە نامەوێ غەدرت لێبکەم تۆزقالێك چیە ئازارت بدەم)، لەلاپەڕە (١١٩) (تۆ لەوە دەچیت بەکەسێکی زۆر نزیکم بچیت، یان لەوانەیە لەتێکی رۆحم بیت)، لە لاپەڕە (١١٨) تەحسین دەڵێت (ئەگەر بڕیارت داوەتە جوامێرو بڕیارت داوە شوو بەئەو بکەیت، بەڵێنی پیاوان بێت دەست لەهیچ کامتان نادەم. بڕۆ شوو بەئەو بکەو پیرۆزی یەکتری بن..هتد).

دیارە یەکێك بەشێوەیەکی دڕندەو دوور لەهەموو پێوەرێکی مرۆیی و مرۆدۆستی لەسەر دەستی دیکتاتۆرترین و دڵڕەقینترین رژێم پەروەردە کرابێت و، لەهەموو بەهایەکی جوان دامالّرابێت، لەخوێنڕێژی و تووندوتیژی هیچی تر لەدەروونیدا نەچێنرابێت، مەحاڵە یەك تۆزقالّ ئاشنابێت بەئەلف و بێی خۆشەویستی و مامەڵە کردن بەڕێزو خۆشەویستی و سۆزەوە بەرامبەر بەژنێك کە سەربەنەتەوەیەکە کە تەحسین و هاوشێوەکانی بەدوژمن و باوەکوشتەی خۆیانی دەزانن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەحسین بەهەموو نهێنییەکی نێوان ئەختەرو جوامێر دەزانێت و، تەحسین بەوپەڕی دڵفراوانی و لێبوردەییەوە ڕێگە بەئەختەر دەدات کە شوو بکات بەجوامێرو، تەنانەت بەڵێنی ئەوەشی پێدەدات کە سلێمانی چۆڵ بکات و سەفەر بکات بۆ بەغداد، سەیرە دکتۆر لەم نۆڤڵێتەدا وێنای جەلادێك ناکات کە بەری چاوی سوور بوو لەڕشتنی خوێنی گەنجی کورد، بەڵکو وێنای پیاوێکی گەلێك بەخشندەو میهرەبانی بەعسمان پیشان دەدات. کە هەموو کەسێکی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست دەزانێت جەلادەکانی بەعس چۆن مامەڵیان لەگەڵ کچ و ژنی کردوە، نەك خۆشەویستی، دووبارە دکتۆر لە لاپەڕە (٧) وێنایەکی زۆر جوان و رەوشت بەرزو مرۆڤ دۆست دەبەخشێتە ملازم تەحسین کاتێك کە ژن و هەرسێ کچە عازەبەکەی حاکم نەریمان نەورۆڵی پەلکێش کرابوون بۆ ئەمنە سوورەکەو چۆن کچە گەورەکەی لێی پاڕابۆوە کە پیاوەکانی ملازم چیدی دەست درێژی نەکەنە سەری، ملازم کە دەیتوانی ئەم کارە بکات نەی کرد، دیارە ئەمە ویژدانی بەعسییەك نیە، مەگەر تەنها ویژدانی ئەو بەعسیانە بێت کە دکتۆر وێنایان دەکات لەناو نۆڤڵێتەکەیدا، چونکە هەموو خەڵکی کوردستان باش ئاگایان لەوەیە کە چۆن جەلادەکانی بەعس تاکە چەکی تەعزیبی دەستیان بەرامبەر بەژنان اغتصاب کردنیان بووە، سەرەڕای ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیی، کەچی نازانم چۆن بەقوردەتی قادر ملازم تەحسینەکەی دکتۆر دەبێ بەعیسای مەریەم لەبەردەم خێزانەکەی نەریمان نەورۆڵی. دکتۆر بۆ جاری سێهەم بەردەوامە لەجوان نمایش کردنی وێنەی تەحسین لەلای خوێنەر، ئەوەتا کاتێك تەحسین دەچێت مالّی ئەختەر بگەڕێت و شتێکی نهێنی تێدا بدۆزێتەوە، کە لەفەرهەنگی بەعسدا هەر بەیاننامەیەك یان وێنەیەك تەنانەت گەر مالّێکیش گومانی ئەوەی لێ بکرایە کە پێشمەرگە بەنهێنی هاتووچۆی مالّیان دەکات، نەك مالّی ئەو کەسە بەڵکو یەك گەڕەك و چەند مالّێکی کۆڵانەکەی ئەودیووشیان لەگەڵیدا تەخت دەکردو، کۆی ئەندامانی خێزانەکەشی راپێچی ئەمنە سوورەکە دەکران، نەك وەك لەنۆڤڵێتەکەی دکتۆردا لەلاپەڕە هاتووە تەحسین دوای گەڕانی مالّی ئەختەر فریشتە

ئاسا دووجـار بەئەختـەر بڵێت "خـوا تەمـەن درێـژت بکات".

نووسـەر لـەژیانی رۆژانـەی ئەختـەر (٢) وێنایـەکی یـەکجار دزێـوو دووڕویانـە دەداتـە پـاڵ ژنـی کـورد، ئەوەتا ئەختەر لەلاپـەڕە (٢٤)دا هـەر زوو رەزامـەندی خۆی پیشان دەدات کـە مـلازم شـەو بچێتـە ماڵیـان‌و تەفتیشی ماڵەکەی بکات، هـەروەها لەلاپـەڕە (٢٣)دا هـاتووە کـە ئەختـەر "دەم‌و دەسـت وێسـتوویەتی بیکاتە موشتەری بەردەوامی خـۆی، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی رووداوەکـان زۆر بەپێچەوانـەوە بـۆ جوامـێر دەگێڕێتەوە".

لەلاپـەڕە (٢٤) (منیـش یەکسـەر کورسـیەکم راکێشـایە نـاو چیمەنەکـەو بەرامبـەری دانیشـتم، ئەختـەر بـەجوامێری گـوت "مـن هـەر بـەپێوە وەستابووم".

ملازم: رووخسەتم دەدەیت کە ئەمشەو دیسان بێم تەفتیشی ماڵەکەت بکەمەوە، ئەختـەر هـەر وەختێك هاتی بەسەرچاو مالّی خۆتە)، ئەختەر لەلاپەڕە (٢٥) (بەجوامێری وت دەزانی چۆن وەلامـی ئـەو بەعسییە خوێریـەم دایـەوە پێـم گـوت: نـەخێر ئێمـە کوردیـن، عورف‌وعادەتی کوردان رێگە بەوە نادات ژنێکی تەنیا بەشەوان دەرگا لەپیاو بکاتەوە، ئەختەر بـەجوامێری نەگوت - شەو پێش ئەوەی ئەو بێت چووم حەمامێکم کردو مێخەکبـەندم بـۆ لـەمل کـردوو خـۆم چـووم دەرگاکەم لێکردەوە ئەختەر بەجوامێری گـوت - ئـەو تەرەسە خوێڕییـە، شـەو بـەخۆیوو ئۆتۆمبێلەکەیـەوە دیسان لەدەرگای دایەوە.

ئەختەر بەجوامێر نەگوت لەو رۆژەوە بوو کـە ئیـتر بەیەکتر فێربووین.

ئەختەر بەجوامێری نەگوت لەو رۆژەوە بوو کە ئیتر ئەم بەڵایەم تووش هات).

ئەمە لەکاتێکدایە کـە نکوڵـی لـەژنانی خۆفـرۆش‌و گـەل‌و نیشـتمان فـرۆش نـاکرێت نـەك هـەر لەشـاری سلێمانی بـەڵکو لەزۆربـەی ناوچـەکانی کوردسـتان، بەڵام وێنای ئەم جۆرە ژنانە ناتوانن وێنای ئەو ژنانـە بشارنەوە کە تووشی گەورەترین ئـازاری جەستەیی‌و دەروونـی هـاتوون، بـەهۆی ئـەو تاوانـە گـەورەو قێزەونانەی کە لەلایـەن سـەرانی بەعسـەوە دەرهـەق بـەژنی کـورد کـراوە لەزیندانـە تـاریك‌و قوولّـەکانی بەعسداو دیارە ژنان لەهەموو تۆزێو چینەکانی کۆمەڵ زیـاتر لەسـەر دەسـتی جـەلادەکانی بـەعس تووشـی چەوسانەوە هاتوون، زۆر جار لەبەرئەوەی راستەوخۆ بەنـەهێنی پـەیوەندییان کـردووە بەبزووتنـەوەی رزگـاری‌و هـێزی پێشـمەرگەوە، زۆر جـاریش بەتەنـها لەبری ئەوەی کەسوکاریان پێشـمەرگەبوون‌و، لـەبری ئەوان لەزیندانەکاندا بەدڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دراون، هۆکـاری ئـەم ئەشـکەنجەیەش بەتەنـها کوردبوونمان بووە کە وەك نەتەوەیەك هەوڵی جیـاواز بوونی خۆی داوە لەوی تر.

دیارە دکتۆر لەچەندین شوێنی نۆڤلّەکـەیدا وێنـای جوان دەبەخشێتە مـلازم، لەهـەمان کـاتدا وێنایـەکی ناشیرین دەبەخشێتە جوامـێر وەك لـەژیانی رۆژانـەی ئەختەر (٥) - ژیانی شەوانەی ئەختەر (٥) دیارە.

کـە جوامـێر نایـەوێت یـەك وشـە بدرکێنێت ئەگـەر هیچیش نـەبێت تەنـها بـۆ سـاتێکی کـەم ئـارامی ببەخشـێتە "رۆحـی" ئەختـەر، بـەڵام تـەواو بەپێچەوانەوە ملازم لەو گفتانـە دەداتـە ئەختـەر کـە ئارامی دەبەخشێتە دڵی ئەختەر، کە ئەمەش بۆ خۆی رەنگە لەلای خوێنـەر وێنـای کەسێکی بەڕەوشـت‌و وەفـا ببەخشـێتە مـلازم وێنـای کەسـێکی درۆزن‌و بەدڕەوشت ببەخشێتە جوامێر.

هـەر لـەناو نۆڤلّەکـەدا ئامـاژە بـەوێنای ناشـیرینی شۆڕش دراوە لەوانە:

* لەلاپەرە (٨٠) کاتێك گفتوگۆی ملازم و مـەولود ملوێنـەر دەبێت مـەولود دەڵێت گـەر پـارە نەدەینـە شـۆڕش، شـۆڕش بەخیانـەتکار ناومـان دەنوسـێت، لێرەدا مەبەست ئەوەیە بەپارە کڕاوەتەوە.

* لەلاپەرە (٤٥) باس لەوە دەکات خەڵکی سلێمانی سەردانی هەڤاڵی تێکۆشەر (سەدام حسێن)یان کردووە، مەبەستی ئەوەیە کەسەرجەم بەها ئەخلاقییەکان لەخەڵکی ئەم شارە دامالێت جائیدی بەرێزی وەك پیاوێکی سونەتی بەژن وجەستەی ژن دەستی پێکردووە پاشان لەکەدارکردنی هەڵوێستی نیشتمانی.

* لەوێنایەکی دیدا نووسەر ئاماژە بەوە دەدات کەئەختەر زۆربەی جار (کوفتەی سابوونکەرانی) بۆ ملازم ئامادە کردووە، کەمەبەست لەمە تێگەیاندنی خوێنەرە لەوەی مەبەست لەنۆڤڵتەکەی شاری سلێمانییە، ئێمە بەدەر لەوەی کە جیاوازی لەنێوان هیچ شارێکی کوردستان ناکەینو ئەگەر ئەم نۆڤڵتە لەسەر هەر شارێکی دی بوایە هێندەی ئاشنابوونمان بەواقیعەکە وەلاممان دەبوو، لێرەدا دکتۆر بەئاگا دەهێنین ئەو سابوونکەرانەی کە بەڕێزت کردووتە بەشوێنی حەوانەی ملازم چەندین کەسی شۆڕشگێڕو رۆشنبیرو بەتوانای تێدا پەروەردەبووە.

ئێمە کە خۆمان خەڵکی ئەم شارەیەن شەقامی سابوونکەران و گەڕەکی قازی و سەرشەقامو چواراخ و سەرجەم گەڕەکەکانی دی و ژنان و پیاوانی بەردەوام جێگای مەترسی دوژمن بوون، گەر بەڕێزت لەوساتانەدا لێرە نەبووی پێمان باشە بەئەرشیفی بەعسدا بڕۆیتەوەو کە هەمیشە زۆرترین ڕێژەی ئەمن و سیخوڕ دەنێردرانە ئەم شارە، جا ئەگەر پێشمەرگە ئەو جوامێرەو کچەکانیش ئەو ئەختەرەی تۆ بوون سەرچاوەی دڵەڕاوکێی بەعس چی بوو؟

نموونەیەکی تر لەلاپەڕە (٣) ئەختەر دەڵێت (ئاوها ئیتر لەسەر داخوازی جوامێر دەرپێ داکەندن کاری بەردەوامی من بووە، شێوەیەکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژێرزەمینی لەبەر خاتری حیزبو لەبەر خاتری جوامێرژیانی من هەتا ئێستا بووە دەرپێ داکەندن) وەك ئاماژەمان پێدا ئێمە راستی سەلماندنی ئەم قسەیە دەخەینە بەردەم سەرکردایەتی ماندووبوونی ژنی کوردی لەگەڵ شۆڕشدا بەڕێزیشی ئەو بێ وێژدانیەی لەگەڵ کردوون، پێشمان وایە ژنانی جەسور بەهەڵوێستی ڕۆژانی سەخت بۆیان هەیە فەرهادو قەڵەمەکەی لەبەردەم دادگای مێژوودا بەرپرس بکات کە بەم شێوازەی وێنای ژنی کورد ناشیرین کراوە.

* لەلاپەڕە (٥)دا جوامێر بەئەختەر دەڵێ (من پێشمەرگەم هەتا عومرم ماوە هەر دەبێت بەم شاخەوە بم بێ ماڵو حاڵو سەرسەری) پیشاندانی وێنایەکی لەم جۆرە مەگەر هەر لەدوژمنانی گەلەکەمان بووەشێتەوە. راستە ئەو شۆڕشە سەربازی هەڵاتوو نەخوێندەواری تێدا بووە، بەڵام زۆر خوێندکاری زانکۆو خەڵکی خاوەن بڕوانامەی بەرزیشی تێدابووە، ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی زۆری سەربازە هەڵهاتووەکانو نەخوێندەوارەکانیش باوەڕێك لەپشت چوونە شاخیان هەبووە، گەر بۆ یەك جاریش دکتۆر سەردانی زیندانەکانی ئەبو غرێبو موسڵی بکردایەو ئەو کوڕانەی بدیایە کە چاوەڕێی سێدارەبوون تەنها شتێك کە لەدوایان بەجێ دەما کتێب بوو، زۆربەشیان لەژیانی خۆشیدا بڕیاری تێکەڵبوون بەشۆڕشیان دا نەك لەبەر بێ ماڵیو سەرسەرێتی، بەڵام لێت ناگرین کاتێك ئەوان لەشاخ بوون یان لەژێر کێبڵدا بوونو چاوەڕێی سێدارەیان دەکرد، بەڕێزت لەهەندەران جۆرێك لەژیانت بەسەر بردووە کە خودی خۆت لەژمارە (١)ی گۆڤاری (وێران)دا دانت پیادا ناوە.

دیارە نۆڤڵتەکەی دکتۆر ڕەخنەی زیاترو زیاتر لەخۆ دەگرێت هیوادارین لەنووسینێکی دیدا ڕەچاوی سەرچاوەی زانستیو باوەڕپێکراو بکاتو لەفەنتازیایەکی ئەدەبی جواندا دایبڕژێت.

هاوڵاتی ژمارە (٤٣) .

روانین

غەفور سالّح عەبدوڵڵا

(مولازم تەحسینو شتی تریش) ومن ئەمە دەڵێم
گۆنتەر گراس: پێی وایە رۆمان درۆیەکە حەقیقەت دەگێڕێتەوە، بۆیە ئەرکی رۆمان گەڵی گرنگو کاریگەرە، کەبەشێکی هەرە جوانی هونەرە بەگشتی، هونەریش ئەپستمو ئاماژەیەو تەعمیم کردنیشە لەپووی هزرەوە، رۆمانەکانی (ئەریك ماریا ریمارك) چەند جوان گوزارش لەزۆبەی مەرگەساتەکانی دوو جەنگی جیهانی دەکەن بەتایبەتی نۆقڵێتی (هەمووشتێ لەبەرەی رۆژئاوا ئارامە).

تۆ دەتوانی وەکو (ژان پۆڵ سارتەر) بەرۆمانێك ئاماژە بدەی بەبیرو بۆچوونی خۆت، سەبارەت بەکێشەیەکی فیکری یان سیاسی لەشانۆنامەیەکی وەکو (بەندیەکانی تۆنا)، بێئەوەی بیروباوەڕی بەرامبەرت لەکەدارو بەدناو بکەیت، یان هەندێ رووداوی سەردەمێك بەسەقەتی بئاخنیتە کارێکی ئەدەبی یان هونەرییەوە، راستە هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی یان حزبو گروپێك سلبیاتی خۆی هەیە سەرەڕای ئیجابیاتەکانی. دەکرێ رەخنەیەکی بنیاتنەرانە لەلایەنە سلبیەکانی بگیرێ، تەنانەت لەکارێکی ئەدەبیشدا، ئەو سلبیاتانەی تەنانەت تاکەکانی ناو بزوتنەوەکەش ناتوانن نکوولّی لێبکەنو پێیان خۆش دەبێت، چەند کارێکی لەوجۆرەشمان هەبووەو بووەتە مایەی مقۆ مقۆیەکی زۆر، بێ ئەوەی رەوتو بونیادی بزوتنەوەکە عەیبدار بکەن، وەکو وتمان ئەوەی کاری هونەری یان ئەدەبی دەیڵێ تەعمیم دەبێ، بۆیە خەتەرناکە ئەگەر تۆ تەنها لایەنە خراپو بەدەکانت کرد بەنموونە، د. فەرهاد پیربالّ کەسێکی رۆشنبیرو مامۆستای زانکۆو هەڵویست پاکە، هەوڵە ئەدەبیەکانی جێگای خۆیان هەیە، سێ کوچکەی (ئەختەرو جوامێرو مولازم تەحسین) لەڕۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)، نە (ئەختەر)نموونەی رۆژانی سەختی خەباتی هەشتاکانی شاری سلێمانییەو نە(جوامێر) وێنەی تێکۆشەرە چاوقایمو لەخۆ بووردوەکانن (مولازم تەحسین)یش راستە نموونەیەکە لەجەلادەکانی بەعس، وابزانم یەکەم کەسیشە باسی ئەو دڕندەیە بکات لەکارێکی هونەریدا کەناوی (مولازم موحسین بووە)بوو، چ دەردێکی تفاندبووە گەرووی خەڵکی شارەوەو چەند خوێنی رشت بەناهەق، مرۆڤی تێکۆشەریش مەلایەکەت نییە تا هەڵە نەکاتو گوزاش لەئارەزووەکانی خۆی نەکات، بەڵام ئەمەیان دەچێتە قاڵبی کەسایەتییەوەو نهێنیەکانی کەتەعمیم ناکرێ، ئەگەر وانەبووایە (مولازم تەحسینو شتی تریش) لەنۆقڵێتە جوانو هونەریەکانی کوردی دەبوو، بەچرۆپڕیو بێ درێژدادڕی، بۆیە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە د. فەرهاد کارێکی دیکە بخاتە بەردەست تۆڵەی ئەمەی بکاتەوە، هەرچەنێ بۆ مقۆمقۆو دەمە قاڵێ نابێو دەشبێی سنگی فراوان بێ کە ئەم ئیشەی رەخنەی توندی ئاڕاستە دەکرێ، هەر کەسەو لەگۆشەنیگاو بۆچوونی خۆیەوە کەسیش نابێت فیشەك بەتاریکیەوە بنێو بەخراپ بڵێ چاکو بەچاکیش بڵێ خراپ.

بەقسەی کامتان بکەین؟

شوان داودی

لەو رۆژانە دەسەلاتداریێتی ئوردون بۆ دانانی هەندێ کۆت و بەند لەسەر یاسای چاپەمەنی گۆڕانکاریی لە یاساکەدا کرد، رۆژنامەنووسانی ئوردون بێدەنگ نەوەستان و لەو رۆژەوە دەستیان دایە هەموو شێوازێکی کارکردن بۆ دژایەتیکردنی، تا جێگری نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەو وڵاتە لە شاشەی تەلەفزیۆنی ئەبوزەبیەوە ئەو کارەی دەوڵەتی بە تاوانێك لەقەڵەم دا کە جێگای لێخۆش بوون نییەو بێدەنگ بوون هەڵناگرێت.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە شاخ و لە شار یەکێ لە هەرە سەروەرییەکانی ئەوە بووە بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە ئازادی رادەربڕین و چاپەمەنیی بۆ خەڵکی کوردستان فەراهەم بکا، بە (عەمەلی)ش لەو بارەیەوە کاری زۆری کردووە، بەڵگەو نموونەش زۆرن و پێویست بە باس کردنیان ناکات.

جەنابی مام جەلال لە یەکەم کۆبونەوەی لەگەڵ یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستاندا قسەی لەسەر کەم و کورتی یاسای چاپەمەنی هەڕێم هەبوو، پێشنیازی ئەوەی کرد کە لەلایەن یەکێتی رۆژنامەنووسانەوە پرۆژەیەك بۆ گۆڕانکاریو دەسکاری کردنی یاساکە پێشکەش بکرێ بەمەرجێ لە خزمەت ئازادی رادەربڕین و بڵاوکردنەوەدا بێت، تەنانەت پێی باش بوو کە مۆڵەت و باج بۆ دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤار لەلایەن دەوڵەتەوە لابربێت و خەڵك ئازادتر بکرێت بۆ رادەربڕین.

لەم یەك دوو مانگەی دواییدا نۆڤلێتی(مەلازم تەحسین و شتیتریش)ی د.فەرهاد پیربالّ هەرایەکی لێ کەوتۆتەوە، بەداخەوە دەتوانم بڵێم تاڕادەیەك لە کاری رەخنەی ئەدەبی دەرچووە، چونکە گەیشتۆتە حاڵەتی هەڕەشەکردن لێیو کۆمەڵێ کەس بە هەرچی بێت و بۆچی بێت هەڵوێستیان لەو نۆڤلێتەو لە نووسەرەکەی وەرگرتووەو بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان تەفسیری جیاجیای بۆ دەکەن، کە کەم کەس لەوانە خوێندنەوەیان بۆ ئەو نۆڤلێتە کردوە چی نەیار یان لایەنگرانی توانیویانە راستگۆیانەو بێئەم لاو ئەولا بە هزرێکی ئەدیبانەو بەچاوێکی پێشمەرگانەوە

حوکمی تیا بدەن. مانگنامەی بەدرخان لە ژمارە (١٤)یدا ئەو گۆمەی شلەقاندو فەرهاد پیربالّی هێنایە قسەو کۆمەلێ لە لایەنگران و نەیارەکانی نۆڤلێتەکەشی دواندووە..

بەندە نە ئەدیب و نە رەخنەگری ئەدەبم، بەلاّم دەتوانم بلّێم خوێنەرم..

نۆڤلێتێکەو سەرجەم ئەو قسانەی کە لەسەریکراوە لە بەدرخان و پێش بەدرخانم خوێندۆتەوە، نامەوێ قسەش لەسەر نۆڤلێتەکەو بەرگرییەکەی فەرهادیش بکەم..

ئەوەی سەرنجی راکێشام لەم هەرایە ئەوەیە ئەوانەی قسەیان تیادا کردوە زۆربەیان بەشێوازێکی لاستیکی قسەیان کردوەو سیاسەتی (نەشیش بسوتێ نە کەباب)یان پەیڕەوکردوە، بەتایبەت لە دواندنەکەی بەدرخاندا دووکەسیان نەبێ، کە یەکێکیان نەیارو یەکێکیان لایەنگر، راشکاوانە هاتوونەتەگۆ، کە لێرەدا دوو بڕگە لە قسەی ئەو دوور زاتە دەهێنمەوە.

یەکەمیان بۆ بەڕێز سەردار عەبدوللاّیە کە وەکو پێشمەرگەیەك قسە دەکاو بە یەکێك لە جوانترین دەقەکانی ئەدەبی کوردی هەلّیدەسەنگێنێ و بۆ قسەکردن لەسەری دەلّێ: (تکا لە هەڤالّە پێشمەرگەکانم دەکەم بە هاندان و فیتی هیچ کەسێك هەلّوێستی ناپێشمەرگانە لەم دەقە وەرنەگرن تا راستیەکان خۆیان روون دەبنەوە).

دووەمیان مامۆستای بەڕێز مستەفا صالّح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانە کە ئەو نۆڤلێتە بە نەزەرێکی هەرزەکارانە لەقەلّەم ئەداو دەلّێ: (بڕواناکەم حزب هەبێ، ئەگەر بەمانای ووشە حزب بێت، کاری وا چەوت پەسەند بکات).

ئێمەی خوێنەر لەبەردەم دوو هەلّوێستاین، هەلّوێستی پێشمەرگەیەك کە دەقێکی ئەدەبی بە گیانێکی پێشمەرگانەوە وەرئەگرێت، یان هەلّوێستی جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان کە ئەو حزبە بە حزب نازانێت کە دەقێکی ئەدەبی لەو جۆرە پەسەند دەکات.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە دادگا لە ڕۆمانێک دەگرێ

مولازم تەحسین و دادگاو هەڵوێستی ڕۆشنبیران

ئا: ئیدریس عەلی

پاش ئەوەی لەلایەن بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژەوە لەسلێمانی نۆڤلێتی (مولازم تەحسین و شتی تریش) بەچاپ گەیشت و بڵاوکرایەوە، لەلایەن چەند کەسێک و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەوە لێی کرایە هەڵاو لەدادگای سلێمانی شکات لەبنکەی ناوبراوو نووسەری نۆڤلێتەکە (فەرهاد پیربااڵ) کرا.. ئەمە بۆتە جێگەی ناڕەزایەتی و مشتومڕ لەنێوان ڕۆشنبیراندا.. بۆیە بەپێویستمان زانی لەم بارەوە ڕای چەند ڕۆشنبیرێک وەربگرین.

+ سەلاح محەمەد-شاعیر:

دەربارەی ئەو شکات لێکردنە شتێکی ئاساییە ئەگەر مەوداو بواری خۆی وەرگرێت ئەو کتێبە لەبازاڕدایە هەموو کەس دەتوانێ بیخوێنێتەوەو وەڵامی بداتەوە دوای ئەوەش هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ئەو بەرهەمانەی کەدەیخوێنێتەوە سەرنجی خۆی لەسەریان هەبێ.. ئێمە لە فەزایەکی دیموکراسیدا دەژین بۆیە ئەوە مافی هەموو کەسێکە ئەو شتەی دەیەوێت پیادەی بکات، ئەو ڕۆمانە خاڵی نییە لەو کەسایەتیانەو خۆشی بوعدی بۆ داناون و کاریان پێدەکات.

+ ئاکۆ کەریم مەعروف- چیرۆکنووس:

نووسینی ئەو نۆڤلێتەی فەرهاد پیربالّ من لەدوو حالّەتەوە دەتوانم قسەی لەسەر بکەم.. حالّەتی ئەدەبو حالّەتی ئەو شکاتەی کەلێی کراوە.



ئەو شکاتە لەبابێکی سیاسییەوە سەیردەکەم قسە لەسەر ئەوەناکەم دکتۆر چی نووسیوە بەلّام دەکرێ هەندێ مولاحەزە لەسەر ئەوە بکرێت کەنۆڤلێتێك کتو مت ناوی چەند کەسێك یان شوێنێك نابێ وەکو خۆی بەکاربهێنرێت، نووسەر دەبێ شوێنو کەسایەتی خەیالّی دورست بکات، بۆ نموونە (سەلمان رۆژدی) کۆمەلّێ ناوی هێناوە هەمووی خەیالّیین لە (ئایاتی شەیتانی)دا.

لەگەلّ ئەوەشدا نابێ هیچ لایەنو دەسگایەك بلّێ نابێ لەنووسیندا باس لەسلێمانی بکرێت نەخێر نووسەر ئازادە.. بەڕاستی ئەمە گرفتێکی گەورەیە بۆ رۆشنبیرو ئازادیو ئازادی رادەربڕین.. دادگایی کردنی نووسەر ئاساییە بەلّام ئەو دادوەرە چەند رۆمانی خوێندۆتەوە یان چی لەئەدەبو رۆمان دەزانێ ئەوە مەرجە؟ بۆیە دەلّێم بێدەنگی لەم مەسەلەیە بێدەنگییە لە زۆر شت کەڕەنگە لەئایندەیەکی نزیکدا رووبدات.

+ ئەرخەوان- شاعیر:

ئێمە لەبیروباوەڕمانەوە بۆ ئازادی، ئەوەی کە (مام جەلال) خۆی دەلّێ نووسەران ئازادن، نووسەران مافی ئەوەیان هەیە لەڕێگەی نووسینەوە رەخنە بگرن لەگەلّ ئەوەشدا دەبێت هەر لایەنو کەسێك کەڕەخنەی لێگیراوە بەنووسین وەلّام بداتەوە نەك بچێ لەڕێی دادگاو شکات لێکردنەوە، ئەم رۆمانەی (فەرهاد پیربالّ)یش تازە بلّاوبۆتەوەو هیچ لەمەسەلەکان نەگۆڕاوە ئیدی شکات بکەن یان نەیکەن چی دەبێ؟ ئەو رۆمانەش بەهیچ شێوەیەك ناچێتە خانەی تەشهیرەوە چونکە رۆمانو ئەدەب زادەی خەیالّو فکرە پاشان نووسەریش ئازادە لەوەی چی دەوێت بیلّێ، ئەمەش رۆمانە نەك مێژوو ئێمە وەك رۆمانو بەرهەمێکی ئەدەبی دەیخوێنینەوە.

+ کاوە حاجی عەزیز- نووسەر:

ئەم جۆرە شکات کردنانە بەکارێکی ئاسایی دەزانمو جۆرێکە لەشارستانیەت، ئەگەر بنکەیەك ئیشێ نەکات کەس دەستخۆشی لێناکات، کتێبێك کەدەرئەچێ لەوانەیە هەندێ کەس بەدلّییان نەبێتو



شکاتی لێبکەن، بۆیە دەڵێم شکات کردن لەدکتۆر فەرهادو بنکەی گەلاوێژ زۆر سروشتییە، ئەوەش کەدەڵێن تەشهیری تێدایە من بۆ دکتۆری جێ دەهێڵم چونکە ئەو خۆی نووسیویەتی، من بزانم نووسینەکانی ئەو هەمیشە دوو فاقیەی پێوەیە لەوانەیە فاقیەیەکی تەشهیری پێوەبێو ئەو کەسانەی خوێندویانەتەوە وابزانن تەشهیرە، فاقەیەکی تریشی زۆر جوان لەزمانی کەسەکانەوە قسەدەکات.

+ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی- شاعیر:

نووسەر دەبێ لەرادەربڕینا سەربەست بێت، هەموو میللەتێکیش هەوڵ بۆ ئەوە دەدا کە فەزایەکی ئازاد بۆ نووسەرانی فەراهەم بکرێت. دیارە شکاتو شکاتکاری لەنووسەرو پەنابردنە بەر دادگا کێشە بۆ ئازادیی و وەختی نووسەر دروست دەکات بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە باشترە لەوەی کەپەنا ببرێتەبەر هەڵبژاردنی کاری توندو تیژی و تۆقاندنو سوکایەتی پێکردن. من رێزی تایبەتی و دیارم هەیە بۆ پێشمەرگەو هێزی پێشمەرگە ئەم هەڵوێستەیان، کەپەنایان بردۆتە بەر یاسا بۆ شەکوای حاڵی خۆیان باشترە لەوەی کەپەنا ببەنە بەرکاری توندوتیژی، خۆ ئەگەر هەڵوێستی کراوەترو نەرمتریان هەبووایە ئەوە گەلێك باشتر دەبوو بۆ رەوتی پێشمەرگایەتی ئەم قۆناغەمان.

شکات و شکاتکاری لەنووسەر لەئەوروپاو هەموو وڵاتانیشا هەیە، من بەمانە ئاستی دیموکراتیو سەربەستی خۆمان تاقیدەکەمەوە، ئەگەر جارجار کاری ئەدەبیو رۆشنبیریمان نموونەی وای لێ بکەوێتەوە کە کاردانەوەی هەبێ، ئەو کاتە بە ئاستی تاقیکردنەوەی خۆماندا دەچینەوە.

سەبارەت بەرۆمانەکە دەڵێم، ئەو هەرایەی نراوەتەوە هەرای ئیعلامییە نەك رەخنەیی، حەزم دەکرد رەخنەگرێك یا نووسەرێك بهاتایەو بیگوتایە ئەم بەرهەمە گرنگە یا هیچە بەڵام لەدیدێکی رەخنەگرانەوە، زۆربەی زۆری ئەوانەی کەرۆمانەکەیان خوێندۆتەوە وەك تۆمارێکی میژوویی خوێندویانەتەوە نەك وەك هونەری رۆمان، ئەمەیش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە کتێبەکە کتێبی میژوویی نییە تا وابخوێنرێتەوە، پاشان هی وا هەیە خەت بەژێر چەند رستەیەکدا دەهێنێتو ئەوە دەکا بەمەحەکو لەوەوە حوکم دەدات بەڵام دەبێت هەڵوێست لەئەنجامی کۆتایی وەربگیرێت، من دەپرسم لەکۆتایی رۆمانەکەدا سۆزمان بەلای کێدا دەچێت جەوامێر، مولازم تەحسین، ئەختەر؟ بێگومان دڵمان بەجەوامێرو ئەختەر دەسووتێ، رقمان بەرامبەر ئەفسەری ناو دەقەکە ئەستوور دەبێو.. چەندەها شتی تریش کەلێرەدا ناوترێ.

+ ئازاد تۆفیق- شاعیر:

سوپاستان دەکەم من بۆ خۆم (سی) جار ئەو رۆمانەم خوێندۆتەوەو لەسەریشم نووسیوە بەهیوام لەداهاتوودا بڵاوی بکەمەوە.. سەرەتا ئەوە بڵێم نووسەر ئازادە لەوەی میژوو تەوزیف دەکات، بەڵام رەنگە ئەو تەوزیفە حەق نەدات بەنووسەر بێت رەشوسپی تێکەڵ بکات. مەسەلەن (دێو بکات بەلێوو پەپوله بکات بەگوله) لەبەرئەوە ئەو نوقڵێتە دەقێکە تەوزیفی میژوویی تیایە بۆیە پێویستە راستگۆیی تیابێ.. راستە نووسەر ئازادە لە چنینی

هەموو جۆرە خەیاڵێ بەڵام ناتوانێ کارێ بکات مێژوو ئاوەژوو بکات..

پێم وابێ کەس رێگەیەکی باش ناگرێتەبەر لەوەی شکات لەدکتۆر یان لەبنکەی گەلاوێژ بکات.. خەڵك پێویستە مەدەنیانە بیر بکاتەوەو بەقەڵەم وەڵام بداتەوە.

+ دانا فایەق- چیرۆکنووس:

بەنیسبەت ئەو شکاتەوە ئاساییە بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەو کەسانەی کەشکاتەکەیان کردووە چەند لەئەدەب دەزانن؟ ئەوانەشی کەدەڵێن هەستی پێشمەرگەی کۆنی رووشاندووە، لەوە بێئاگان کەچەند پێشمەرگەیەکی کۆنیش هەبوون تاوانیان کردووە، ئیتر بۆ دەبێ باسی ئەو شتانە نەکرێت؟



پاشان ئەدەب عەلاقەی بەکۆمەڵێ کەسەوە هەیە، بەڵام سیاسەت بەهەموو کەسێکەوەو هەموو کۆمەڵگەوە.. باشە بۆچی هەتا ئێستا هیچ ئەدیبێك نەبووە شکات لەپێشمەرگە بکات کەئازاری خەڵکی دابێ..؟ من لەوانەیە ئەو نوقڵێتەی دکتۆر فەرهاد بەسەرکەوتوو نەزانم بەڵام ناشڵێم تەشهیرە.

(پاشان چاومان بەبەڕێز (رەئوف عوسمان) سەرۆکی بنکەی گەلاوێژ کەوت)

+ هۆی ئەو هەرایەو شکات لێکردنەکە چۆن دەبینەوەو چۆن رووبەڕووی دادگا دەبنەوە؟

- لەڕاستیدا نۆقڵێتەکەی د.فەرهاد پیربااڵ هەراو هوریاو بەردە فڕکێیەکی بێ تامی بۆ بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ دروستکرد، هەر لەگازندەی جۆربەجۆرەوە هەتا شکاتو شکاتکاریو گوشاری ئەمو ئەو.

من خودی خۆم لەگەڵ هەندێك لەناوەڕۆکی نۆقڵێتەکەدا نیم، چونکە پێشمەرگەی ئەو ڕۆژگارە بەحەق، پیاوی عەگیدو تەنگانەبوونو دەشێت هەوڵەکانیان لەدڵی هەموو کەسدا جێگای شیاوی خۆی هەبێتو بەبەرزی بنرخێنرێت.

من وای بۆ دەچم کاردانەوەی نووسین دەبێت بەنووسین بێت نەك شکات کردن، د. فەرهاد بابەتێکی نووسیوەو تۆ بەدڵت نییە، دەشێت تۆش بەڵوجێکی خۆشو قەڵەمو عەقڵ وەڵامی بدەیتەوە نەك (مەحکەمە) لێ گرتن، چونکە ئەمە دەکاتە شکستی قەڵەمو وزەی بیر لەئاست بابەتێکدا کە بەدڵت نییە، یەکێك لەدیاردە پیرۆزەکانی دیموکراسییەت، نەسرینەوەو هەرس نەکردنی بەرامبەرە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەتۆ قایل بیت بەهەموو هەزرو بیری بەرامبەر، دەشێت رووبەڕووی بوەستیتەوە، بەڵام بەڵۆژیکی قەڵەم کەدیارترین ئامێری شارستانیانەیە، نەك مەحکەمە کەدەبێت دوا ویستگەی روناکبیر بێت.

ئەوەی جێی خەمە ئەوانەی تائێستا لەسەریان نووسیوە هیچی نەچۆتە خانەی رەخنەی هۆشمەندانەوە، جگە لەو عەرزەی کاك (سیامەند هادی) کەخستنە پێش چاوە، ئەو نووسینانە زۆر سەرپێیو هاندەرانە (تحریچی) بوون، خۆزیا شتی لەوە باشتر لەسەر ئەم بابەتە دەنووسرا، وەك ئاستی



زمانی دەقەکە، پاڵەوانەکان، هەڵس‌و کەوتیان باری دەروونیان، جێگای رووداوەکان، هونەری ڕۆمان، کات، بەراوردکردنی بابەتەکە لەگەڵ نۆڤلێتی لەو جۆرە..

حەزدەکەم ئەوەش بەسەر خوێنەردا تێ نەپەڕێ کەبەشێکی فرە لەگوشارەکە بۆ سەر بنکەی گەلاوێژە نەک فەرهاد، دیارە ئەم چاونووقاندنە لەئاست ئەو هەموو هەوڵە بەبڕشتەی بنکە لەبواری ڕووناکبیریی‌و چالاکییەکاندا، چونکە بەشایەتی دۆست‌و دوژمن چالاکییەکانی بنکەی گەلاوێژ پانتاییەکی فرە بەرچاوی گرتۆتەوە چ لەڕووی چەندێتی‌و چ لەڕووی چۆنێتییەوە.

یەکێک لەسەروەرییەکانی ئەم قەڵەمڕەوە ئەو نان‌و ئازادییە کەجێگای دەست خۆشی‌و ڕێزی هەموو لایەکەو هەمیشە هەڤاڵ مام جەلال بەگوڵی سەرسنگی ئەم تاقیکردنەوەیەی دائەنێ‌و بەکوڵ‌و دڵ بەرگریشی لێ دەکات، تۆبڵێی ئەوانەی گوشار دەخەنە سەر بنکە لەپەنای نۆڤلێتەکەی د. فەرهادەوە لەهەڤاڵ مام جەلال دڵسۆزو

ڕووناکبیرترین؟! تۆ بڵێی ئەو برادەرانە لەڕۆژگارە سەختەکاندا بەهەمان گوڕو تینی ئێستا!!
موزایەدەی شۆڕشگێڕانەیان وەگەڕخستبێ؟!
وایە (عیش وشوف) سبحان القائم الدائم!

+ ئامادەن ناوی خەبیرەکە بدەنە دادگا کەوەک ئاگادارین داوای ناوی سیانیان کردووە؟

- سەبارەت بەوەی کەئایا (خبیر)و بەرپرس لە خوێندنەوەی کتێبەکە ناوی سیانی دەدرێت بە مەحکەمە بۆ ئەوەی سزای خۆی وەربگرێت لەسەر تاوانەکەی!!

دیارە ئەمە ناگونجێت، چونکە ئەوە نهێنییەکی تایبەتە بەبنکەو هەموو بنکە بەرپرسە لەحاڵەتەکە، من لای خۆمەوە ئەم شکات‌و شکات کاریە، بەتایبەتی لەنێو نووسەراندا بەحاڵەتێکی ئێجگار نیگەتیفی دەزانم‌و خۆزگایە حاڵەتەکە دەگوڕرا بەنووسین‌و قەڵەم، بەڵام بەنەفەسێکی هوشیارانەی پر لەلێبوردن‌و تێگەیشتنی تەواو لەکایەکانی دیموکراسیەت، چونکە دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای دواکەوتوو حاڵەتێکی ئیرادەگەری نییە، بەقەدەر ئەوەی کەگەشەسەندێکی هەمەلایەنەی ژیانەوە دەشێت باجەکەی بدرێت‌و سنگیشمان لەبەردەم فشارو هەڵئەنگوتنە کانیا فراوان بێت، بمانەوێ‌و نەماوێ ئەمەیە کۆمەڵگاکەمان‌و ئەمەیە پیادەکردنی دیموکراسیەت تیایدا!

نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز مام جەلال

سەردار عەبدوڵا

پێشمەرگەی دێرین و دانەبڕاوی شۆڕشی نوێ

سڵاوی ئازادی

بەڕێزتان لێناگەڕێن بۆنەیەک تێپەڕبکات، بەبێ ئەوەی ئازادی و بەتایبەتیش ئازادی رادەربڕین وەکو دروشم و قەناعەتی سیاسی دوپات نەکەنەوە. ئەوەی بەلای زۆر لەڕوناکبیرانەوە جوانە، ئەوەیە کە مام جەلال سنوورو جۆری ئەو ئازادییە دیاری ناکات، بەڵکو زۆر جار دەیداتەوە بەنووسەران و ئەدیبان خۆیان مومارەسەی بکەن. لەکاتێکدا کە ئەم هەموو تەئکید کردنە لەئازادی رادەربڕین دەکرێت، مەرجە ئەو پڕۆسەیە زەمانەتی یاسایی هەبێت و بەهیچ جۆرێك ملکەچی هیچ جۆرە ئیعتبارێکی دیکە نەبێت. ناکرێت مەسەلەی ئاوەها چارەنووسسازو حەیاتی ملکەچی میزاج و ئاستی نرخی نەخوێندەواری چەند کەسێك بێت. ئالەو ساتە جەنجاڵو پشێوەدا کە کەسانێك دەتوانن لەنگییەك بخەنە ئەو هەموو بانگەشەیە بۆ ئازادی، ئیدی ناچار زەماناتی دیکە دەبێ بێنە ناوەوە. لەسەدەی بیستداو لەگەرمەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەی شاخدا، کە رۆمانی (سەگوەڕ)ی کاك محەمەد موکری بڵاوکرایەوە، زەمانەتەکانی مومارەسەکردنی ئازادی رادەربڕین کەوتنە ژێر گوشاری تاکە کەسە دەسەڵاتدارەکانی ناو شۆڕشەوە، بۆیە ناچار مام جەلال دەخالەتی کردو مەسەلەکەی بەقازانجو لەبەرژەوەندی ئازادیدا یەکلاکردەوە، ئەوەش یەکێکە لەهەرە پرشنگدارترین لاپەڕە زۆرو زەوەندەکانی شۆڕشی نوێ. ئێستاش لە کاتێکدا کە ئێمە نەك هەرسەدەی بیست، بەڵکو هەزارەی دوومیشمان بەجێهێشتووە چوینەتە ناو هەزارەی سێیەمەوە، لەکاتێکدا کە مام جەلال

پێشەکی بۆ رۆمانی (سەگوەڕ) دەنوسێت‌و لەسەر ئەرکی خۆشی بەتیراژێکی بێوێنە لەچاپی دەداتەوە.. سەیرە.. کە، رێك لەوساتەدا کە ئێمە لەسایەی شەرعیەتی یاساو حکومەتداین، هەمان بەزمی (سەگوەڕ) دوبارە دەکرێتەوە. (مولازم تەحسین‌و شتی تریش..) یەکێکە لەدەقە جوانەکانی ئەدەبی کوردی، کە حەقە یەکێتی شانازی بەوەوە بکات کە یەکێك لە دەزگاکانی سەربە یەکێتی بڵاوی کردۆتەوە. کە چی وەزعێکی سەیری ئەوتۆ خولقێنراوە، کە زۆر لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی تەنها بەدوای ئەوەوەن تەفسیری خراپی لەسەر بکەن‌و هەواڵی سەیرو سەمەرەی ئیستفزازی لەسەر بڵاوبکەنەوە. ئەمانە هەمووی لەلایەك‌و ئەو هەموو شێوازە ناشارستانیانەی رۆژانە زۆر لەبرادەران‌و لەپەنای یەکێتی‌و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پیادەی دەکەن بۆ هاندانی پێشمەرگە دێرینەکان‌و زۆر شتی تریش.. کار گەیشتۆتە ئەوەی هەندێك برادەر تەلەفون هەڵبگرن‌و داوای داخستنی بنکەی گەلاوێژ بکەن، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆمانەی چاپ کردوە، سەیرترین‌و ناخۆشترین راستی ئەوەیە کە زۆربەی ئەو برادەرانەی هەڕەشە دەکەن‌و هەڵوێستی ناشارستیانیانەیان گرتۆتەبەر، ڕۆمانەکەیان نەخوێندۆتەوە. بەندە پێشمەرگەیەکی کۆن‌و دانەبڕاوی شۆڕشی نوێ‌و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانم‌و بۆ یەك ساتش هەستم نەکرد ئەو ڕۆمانە بۆ بێ حورمەت کردنی پێشمەرگە نووسراوە. لای بەڕێزتان ئاشکرایە کە بەشێکی پێشمەرگەکانمان کە مرۆڤی گەورەو دەگمەن‌و شایەنی هەموو جۆرە ڕێزو حورمەت‌و ستایشێکن، ئەو خوێندەوارییەیان نیە بەچاوی ڕەخنەو ئەدەبەوە تەماشای دەقی لەو جۆرە بکەن، ئەو راستییەی پێویستە هەموو لایەکمان نەیشارینەوە ئەوەیە کە هەندێك کەسی خۆیان پێشمەرگە دێرینەکان هاندەدەن هەڕەشە لە"فەرهاد پیربالّ" بکەن. نازانم، ئایا ئەوە بێ حورمەت کردنی پێشمەرگەنیە کە هان بدرێت خوانەخواستە ئیهانەی ئەدیبێك بکات؟ ناچارم بێژم ئەمە ئەو ساتەیە کە زمانەتەکانی دیکەی ئازادی ملکەچی میزاجی تاکە دەسەڵاتدارەکان کراونەتەوە، بۆیە لەپێناو گێڕانەوەی ئازادی بۆسەر ڕێگای خۆی دەخالەتی جەنابتان پێویستە، خۆ ناکرێت هەتاهەتایە ئەم هەرێمە لەفەرهاد پیربالّ حەرام بێت.. لەگەڵ ئەوپەری حورمەتوو ڕێزمدا..

هاوڵاتی ژمارە (٥١)

مولازم تەحسینمان وا ناسی!!

پاش ئەوەی کە نووسەری کورتیلە رۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش) خەڵکانێکی تۆمەتبار کرد بەوەی کە لە نۆقڵێتەکەی تێنەگەیشتوون وغەدرییان لە جوانی کارەکەی کردووە، بەدرخان هەستا بە دواندنی چەندین نووسەرو رۆشنبیر و رۆژنامەنووس و پارێزەر تا خوێنەران بگەیەنێتە ئەو راستییەی ئایا ئەو مشت و مڕەی لەسەر ئەم رۆمانە کرا ئەوەبوو کە شێواندنی مێژوو بێت یان تەنها دەمەتەقێی ناو رۆشنبیران بوو، ئایا لە رووی یاساوە نووسەر تۆمەتبارە یان بێ گوناهەو غەدری لێکراوە وەك خۆی دەڵێت ئەمەش وەڵامی ئەو بەرێزانە:

عبدالله تاهیر بەرزنجی

سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژی نوێ

دەمێکە خەریکم لەسەر ئەم رۆمانە بنووسم لێرەدا نامەوێ ئەو خاڵانە بخەمە روو کە دەمەوێ لەو وتارەدا باسیان بکەم. پێشەکی دەڵێم زۆر لێرەو لەوێ باسی ئەم رۆمانەیان کردووە بەڵام بەوەوە نەوەستان کە هێرش و جنێوەکانیان تەنها بۆ نووسەری رۆمانەکە بێت بەڵکو هێرشیشیان کردە سەر بنکەی گەلاوێژ کە بۆ چەند ساڵێکە دەیان و دەیان چالاکی و کۆڕو ڤیستیڤاڵ و کتێبێ پێشکەش بەخوێنەرو رۆشنبیری کورد کردووە، هەر کتێبێ کەچاپەکرێ خاوەنی بەرپرسیارە لەناوەڕۆکەکەی ئەرکی ئێمە ئەوەیە ڕێگە لەخەڵك نەگرین بۆ ڕادەربڕین، هەندێ کتێب کەوتوون لەسەر شۆستەکان بەتووندی باسی شتە پیرۆزەکان دەکەن، ئەم کتێبەی فەرهاد لەو لایەنەوە ئەوەندەی ئەوانە نییە، من ئەمەم پێخۆشە لە کوردستاندا خەڵك قبوولْ بکات بیری دژی بێتە ئاراوە، لەلایەنی تەکنیکەوە رۆمانێکی باشە، من بوومایە لەجیاتی کاك فەرهاد ئەو تەکنیکەم بۆشتی کۆمەڵایەتی بەکارنەئەهێنا بەڵکو بۆ هەندێك بابەتی دەروونی پڕ لەگرێ و ئیشکال بەکاردەهێنا.

هەرچۆنێ بێت ئافرەتی ناو ئەو رۆمانە نوێنەری هەموو ئافرەتێکی کورد نییە، ئەفسەری ناو رۆمانەکە نوێنەری هەموو ئەفسەران نییە، پێشمەرگەی ناو رۆمانەکەیش هەموو پێشمەرگەکەیەکی کوردستان نییە، پاشان بۆ پێشمەرگە بەشەر نییە؟ بۆ پێشمەرگە فریشتەیە؟ پێشمەرگەیش مرۆڤەو هەستی هەیەو زەوقی هەیەو وەك هەموو کەسێکی تر پێویستی بەکاری جنسی هەیە، بۆ ڕەوا بێت بۆ هەموومان ژیانی خۆشی ببەینە سەر بەڵام بۆ پێشمەرگەیەك ئەمە نەبێت؟ ئەمە داواکارییەکی نامەنتقییە کە بمانەوێ پێشمەرگە وەکو فریشتەیەك

سەیر بکەین، جگە لەمە ئەمانە لە رۆمانەکەدا کەسی واقیعی نیین بەڵکو خەیاڵی نووسەر هێناونییە ئاراوە، خۆ ئەگەر بیان پێوین بەکەسی واقیعی ئەوە کەسێکی وەک پێشمەرگە یان ئەفسەر یا ئافرەتی ناو ئەو دەقە لە واقیعدا نین. پێم بڵێ ئەفسەرێك هەبووە وەک ئەفسەری ناو ئەو دەقە، لەواقیعدا وازی لەدڕەندەیی خۆی هێنابێت بۆ سەرخستنی خۆشەویستی؟خۆی رۆمانەکە بۆ ئەوەیە بیسەلمێنێ کە ئەوانە چەندی خۆشەویستی بنوێنن بەڵام لەناخدا واز لەئەرکەکانی خۆیان ناهێنن کۆتایی رۆمانەکەیش ئەوە دەسەلمێنێ.

وەختی خۆی پێش چاپکردنی رۆمانەکە لەبیرمە بەیانیانێ بوو وتم: کاك فەرهاد من باوەڕم بەوەیە ئەم ناوانە هیچ دەورێ نابینن مەحمود بن عەزیز بن شەوبۆ بن قادر بن لەهیچ ناگۆڕن بەڵام ناکرێ دەسکاری ئەو ناوانە بکەیت؟ لەوەڵامدا وتی من مەبەستم هیچ کەس نییە، ئەو ناوانە کاریان بەکەسەوە نییە، ئێمەش سەربەستیمان پێ بەخشی. راستە بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ دەزگایەکی سەربەستە ئەوانەیش کە کاری تیا دەکەن بێلایەنن بەڵام وەک وەفایەك نایشارینەوە کە لایەنێکی سیاسی گەورە دەعممان دەکات و ئەگەر یارمەتی و دەعمی ئەوان نەبێت بەپارەی خۆمان یەك ژمارە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ یان تاکە کتێبێکمان پێ دەرناکرێت. خودا هەڵناگرێ ئەوان هەر پارەکەیان لەسەر بووە ئەگینا تەدەخولی ئیشوکاری ئێمەیان نەکردووە، رۆژێ لەرۆژان نەیانوتووە ئەمە بکەن یا ئەم کارە مەکەن، سەربەستییان بۆ ئیشو کارمان رەخساندووە، ئەرکی ئێمەش ئەوەیە ئەگەر پێمان بکرێت سەربەستی بۆ نووسەر بڕەخسێنین. لای ئێمەیش نووسەر سەربەستە خۆی لەکاری خۆی بەرپرسیارە.

چیرۆکنووس

غەفور صالح عبدالله

من جاری پێشووش لەپاشکۆکەی کوردستانی نوێ لەگۆشەی روانین رای خۆم دا واشبزانم هیچ گۆرانێك بەسەر ئەو رایەمدا نەهاتووە، ئەگەر لە گۆشەنیگای هەڵسەنگاندنی سیاسی بارودۆخی گەلی کورد بووترێ کەلێنی زۆری تێدایە، وتنیش لەدوو توێی دەقی ئەدەبیدا تەعمیم دەکرێ بەسەر هەمووانداء بۆیە دەبێ لەم رووەوە ئاگامان لەخۆبێ، بۆ نموونە ئەگەر (هەمەنگوای) لەچیرۆکی (پرد)دا باسی پیرەمێردێك



دەکا کە خەریکە ئاژەڵداری و پەڕەوڵ بەخێوکردنە لەقەراغ پردێکدا، لەکاتێك تابوور کاروانی سەربازی بەسەر پرەکەدا تێپەر دەبێ بەرەو جەنگ، بێ ئەوەی ئەم گوێ بداتە ئەو دۆخەو ئەم حاڵەتە گوزاریش بەتەنها لەو پیرەمێردە ناکات، بگرە گوازیش لەخودی مرۆڤایەتی دەکات وەکو حاڵەتی دژ بەجەنگی ناڕەوا و بەزۆر تێ هەڵقورتاندنی مرۆڤ لەو جەنگە ناڕەوایانەدا، بۆیە ئێمە ئەگەر بڵێین (ئەختەر) حاڵەتێکی تایبەتە، یان (جوامێر) یان (مولازم تەحسین) حاڵەتی تایبەتین ئەوا ئێمە لەئەدەب تێ نەگەیشتووین، با هەر چەنێ نوسەرەکەی مەبەستی وابێ، چونکی جەماوەری خوێنەر کەسەکان و حاڵەتەکان لەئەدەبدا دەستنیشان دکەن، بۆیە موغامەرە کردن لەسەر مەسەلە سیاسیە ناسکەکانی

کورد کارێکی بقەیە، دەبێ بزانی چۆن حەقیقەتەکان بەرجەستە دەکەی لەدەقێکی ئەدەبیدا، دکتۆر فەرهاد پیربالّ ئەگەر هەندێ ناو هەبوو پێچەوانەیانی دابنایە، وەکو مولازم تەحسین، یان (ئاکۆی قومری) یان دەستنیشان کردنی سلێمانی وەکو شوێنی رووداو ، خۆی لەزۆر قسەوباس بەدوور دەگرت و تەئویلی بۆ نەدەکرا، رۆمانی (گوندەکەم لەژێر سایەی ئەڵماندا) گوندێکی فەرەنسایە، ئافرەتێکی سۆزانی تیایە، سەربازە ئەڵمانەکان بەزۆر مومارەسەی لەگەڵ دەکەن، بەڵام دەشتوانێ یارمەتی شۆرشگێرە فەرەنسیەکان بدات دژ بەنازیەکان، ئەمە حاڵەتێکەو زۆریش باوە، بێ ئەوەی هیچ دووفاقی و ئینتهازیەت بەکاربێنێ، چونکی دەزانێ ئەوانەی بەزۆر مومارەسەی لەگەڵ دەکەن داگیرکەری ولاتەکەین و لەترسی کوشتن سەر بۆ داخوازیەکانیان نەوی دەکات، بەڵام یارمەتی شۆرشگێرەکانیش دەدا، وەلی (ئەختەر) بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی دووفاقی بەکار بێنێ، هیچ جەلادێکیش نیە وەکو (مولازم تەحسین) شاعیرانە و مرۆڤانە بیر بکاتەوەو خۆشەویستی عوزری بکات لەگەڵ ئافرەتێك دا کە ئەو هاتووە بۆ ئەوەی میللەتەکەی ئەو لەناوبەرێ ، لەناو کوردیشا ئافرەتی ئاوها دەگمەن هەیە، وەلێ ناکرێتە نموونەی هەزاران ئافرەتی تێکۆشەری کورد، سەرەڕای ئەوەیش ئێمە دەڵێین پێشمەرگە مرۆڤەو فریشتە نیە کە بەدوور بێ لەحاڵەتی مومارەسەی خۆشەویستی، (گیڤارا) وتوویە: ئەوەی خۆشەویستی بەچاکی بکا تێکۆشانیش بەچاکی دەکات، کاتێك باسی (لۆران کابێلا) دەکات.

سەردار عبدالله

نووسەرو رۆژنامەنووس

(مولازم تەحسین و شتی تریش..) یەکێکە لەجوانترین دەقەکانی ئەدەبی کوردی. لەراستیشدا وردەکاری زۆری دەوێ تابتوانین مافی خۆی بدەینێ، بەڵام لەرادەبەدەرێکی ئاوەها خێراو سەرپێیدا، دەکرێ بڵێین ئەدەبەکەمان کە بۆشاییەکی دیاری لەهونەری چیرۆك و رۆماندا هەیە، بەم جۆرە دەقانە هەنگاوی گەورە دەنێت.. لەئەدەب و هونەردا بەگشتی ئاسان نیە قسە لەسیاسەت بکەین و نەکەوینە دوای دروشمبازیەوە. هەموو جارێ دەڵێم جیاوازی نێوان شیعر و شیعار تەنها یەك پیتەو رەنگە ئەمە جوانترین دەلالەت بێت بۆ ئەوەی کە نوسەرێك کە لەسیاسەت دەدوێ زۆر زەحمەتە ئاگای لەو داوە باریکە وەهمیە بێت کە وەکو جیاکەرەوەیەك لەنێوان شیعرو شیعار دا وەستاوە و لێکیان جیا دەکاتەوە، فەرهاد پیربالّ ئەم کارەی وەستایانە کردووە، لەوڵاشەوە سێکس کەیەکێکە لەحەرامترین موحەرەماتی کودەواری لەم دەقەدا وەستایانەو ئازایانە کاری لەسەرکراوە و شارەزایانە شانبەشانی سیاسەت قسەی لێوە کراوە.. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەم دەقەدا ناکرێ سێکس بەو رووکەشیە سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێ دەلالەت و ماناشاراوەکانی کەشف بکرێت و بخوێندرێتەوە. کێشەی هەرە گەورەی رەخنەی کوردی، جۆرێکە لە نەخوێندەواری، وەوە کێشەی دەقێکی جوان نیە کەخەڵك نەخوێندەوارە، بەڵکو کێشەی رەخنەی کوردی کەتاکو ئێستا بەعەقڵی خێڵەکایەتی و دەمارگیری هەڵوێست لەداهێنەرێك وەردەگرێ و ئێدی دەقەکەش دەبێتە قوربانی ئەوەی کەفلانە نوسەر داهێنانی گەورەی تێدا کردووە. ئەو هەرایەی لەسەری پەیدا بووە، هەمان ئەو هەرایەمان بیردەخاتەوە کە لەسەر (سەگوەڕ)ە کەی محەمەد موکری نرایەوە، ناوەندی رەسمی (رۆشنبیری و ئیعلامی) کوردی لەکلۆڵی و دەستە پاچەیی خۆیدا ناچارە کورتە بالاّیی خۆی بەلێدانی بالاّی بەرزی ئەوانی تر بشارێتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەئەدەب و رۆشنبیری ئێمە لەهەموو ساتێك زیاتر و لەهەموو

دەقێك زیاتر پێویستی بەداهێنان و شاکاری گەورەی وەکو سەگوەڕو، مولازم تەحسین و شتی تریش.. هەیە .. دوا وتەم تکا لەهەڤاڵە پێشمەرگەکانم دەکەم بەهاندان و فیتی هیچ کەسێك هەڵوێستی نا پێشمەرگانە لەم دەقە وەرنەگرن تاراستیەکان خۆیان روون دەبنەوە.

کاوە حاجی عزیز

جێگری سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ

ئەم نوقڵێتەم سێ جارم خوێندەوە، یەکەمجار بەچاوێکی ئەدەبیانە، بەلامەوە کاری نوێ بوو ئابەو تەکنیکە لە ئەدەبی کوردیدا نەمدیووە، بەڵام لەڕووی هونەریەوە درۆنگ بوو ناتوانم ڕەهایانە لەسەری بدوێم بەراستی وەستانی دەوێ رەخنەگرێکی کارامە قسەی لەسەر بکات باشترە. دووەمجار بەچاوێکی سیاسیانە خوێندمەوە، نایشارمەوە زۆر قسەی سوك و چروکم بە د. فرهاد دا تاوای لێکردم بۆ سێیەم جار بەچاوێکی ویژدانی بیخوێنمەوە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی تێگەیشتنمان بۆ ئەم چەشنە بەرهەمە بۆ رەتکردنەوەی، رەتکردنەوەیەکی شارستانی بێ نەك کاردانەوەو بیروڕای ڕقاوی.

سامی هادی

جێگری لێپرسراوی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان

ئەم نوقڵێتە نەدەقێکی غەریبەو، نە ناوەڕۆکەکەیشی هێندە نامۆیە، تاوەکو ئەو هەموو مشت و مڕەی لەسەر بکرێت، کەهێندێك پێیان وایە.. ئەو نموونانە بە مگلقی لەئەدەبی گەلاندا نیە. بەپێچەوانە، چەندین نموونەی وەك ملازم تەحسین و شتی تر، لەئەدەبیاتی ئیتالی، فەرەنسی، تاکو عەرەبیش هەیە.. بەڵام بۆ کورد، وروژاندنی ئەو کارانە، بۆ ئەو زەمەنە، گونجاوە یان نا؟ ڕەنگە ئەمەیان بابەتی تربێت، تاکو قسەی لەسەر بکرێت، بەهەرحال من ئاوا ئەو نوقڵێتەم دەخوێنمەوە: ملازم تەحسین لەدەرەوەی پەیوەندیە عاتفیەکەیەوە، ڕەمزی بەعسە، بەهەموو ناشیرینیەکانی: دڕندەیی و تیرۆر و تۆقاندن و کوشتن، بەڵام لەپەیوەندی لەگەڵ ئەختەردا، بەتەواوی تجرید دەکرێت لەحاڵەتی یەکەمدا. دووبارە پێچەوانەی ئەمەیش، جوامێر لەدەرەوەی پەیوەندیە عاتفیەکەیدا، ڕەمزی شۆرشگێری و پاکی و چالاکی پێشمەرگانەو هەمووی لەکاریزمایەکدا کۆبۆتەوە ئەمەش کاریزمای جوامێری پێشمەرگە و دوژمن تۆقێنە، بەڵام لەپەیوەندی خۆشەویستی و بەڵێنەکانی لەگەڵ ئەختەردا، ڕێك پێچەوانەی مولازم تەحسینە، دەتوانم بڵێم دوو تەوەرە سەرەکیەکەی ئەم نوقڵێتەیە، سەبارەت بەکەسایەتی ئەختەریش، من بەکەسایەتیەکی زۆر سلبی نێو نوقڵێتەکەی نابینم، دیارە ئەم جۆرە نموونانەیش، ئەوەی لەزاکیرەم دابێت لەچەندین چیرۆکی موپاساندا وێنەکانیان بەرجەستە کراوە،



بەتایبەتیش یەکێك لەچیرۆکەکانی کەسەبارەت شەڕی برۆسیایە، چەندین لەو کچە شۆرشگێرانە لەڕێگای پەیوەندی عاتفیەوە سود لەڕیزەکانی دوژمن وەردەگرن و هەواڵەکانیان دەگەینە بەرەی شۆرشگێران، بۆباسی ناکرێت نموونەیەکی لەو باتە، بەشێوەیەکی گشتی بکرێت بەرەمزێکی ئێجگار

قـێزەوون و هەمـەکی بێـت بـە بۆگـەرەکیت، یـان شارێك.. یان ولاتێك: یان ببێت بە رەمزی خراپەکاری هێندێ خێزان یان کەسایەتی دیاریکراو.. لە کۆتاییدا جارێکی تریش دەیڵێمەوە.. ئەم جـۆرە نموونانـە لەئەدەبیاتی رۆژهـەلات و رۆژئـاوادا وێنـەیان هەیـە؟ بـەڵێ هەیـە.. بـەڵام زەمـەنی ئـەم شـێوازە لای ئێمـە ئاخۆ زەمەنی رسکاوە، یاخود نا.. وەڵامەکەی بـۆ د. فرهاد و رەخنەگرانی ئەو بوارە جێ دەهێڵم ..

سامان فەوزی

پارێزەرو خوێدکاری ماستەر

سەبارەت بە رووی یاسایی ئەم کێشەیە وتی:

ئەو تاوانانـەی لـە.ڕێگای رۆژنامـەو هۆکارەکـانی دیکـەی بڵاوکردنـەوە ئـەنجام دەدرێـن بەشـێوەیەکی گشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە:

یەکەمیان: ئەوانەن کە توانـج و هێرشیان بـۆ سـەر کەسەکان تیادایە بـە (تشهیر) نـاو دەبرێـن. ئەمـەش کەسەکە دەتوانێ لەماوەی سـێ مـانگ لـە دەرچونـی رۆژنامەکە یان بڵاوبونـەوەی هۆکـاری بڵاوکردنەوەکـە داوا سزاییەکەی بەرزبکاتەوە، سـەرەڕای ئـەوەی کـە کەسەکە خۆی وە یـان وەرەسـەکەی دەتوانـێ داوای شارستانیش (الدعـوی المدنیـە) لـە بـەردەم دادگـای بـەرایی بەرزبکاتـەوە و داوای قـەرەبوو (تعویـض) لـەو زیانە مەعنەویەی کە پێیکەوتووە بکات.

دووەمیـان: ئەوەیـە کـە قسـەو هێرشـی بـۆ سـەر کەسێکی دیاریکزاو تیادا نیە بەڵکو بۆ سەر ئـایین وە یـان سیسـتەمی گشـتی وەیـان.. هتـد هـێرش و سوکایەتی تیادایە. ئەوکات داواکاری گشتی دەتوانـێ داوا سزاییەکە بجوڵێنێ.

لێرەدا دەپرسین ئەوەی کە ناودەبرێت بە تاوان لـە نۆڤڵێتەکەی د.فەرهاد ئەبێ لەکام جۆرەبێت؟!

گـەر لـە جۆری یەکـەم بێـت ئـەوە تەنـها کەسـی پەیوەندار دەتوانێ داواکە بجوڵێنێ. بـەڵام ئەگـەر لـە جۆری دووەم بێت، ئەوە هەر کەسێك دەتوانێ داوا لە داواکاری گشـتی (الادعـاو العـام) بکـات کـە داواکـە بجوڵێنێ.

بەزانینی ئەوەی تاوانی بیروباوەر (جرائم الرأی) لە ولاتـانی دیموکـرات و ئـازادی خـوازدا ئـەمرۆ بـاوی نەماوەو بگرە بەلای هەندێك نەمانی ئەم جۆرە تاوانە بـە رایـەڵێك لـە رایەڵـەکانی ئـازادی رۆژنامەنوسـی دادەنرێت. بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا ئەگـەرچی یاسـای چاپەمـەنی خۆمـان توانیویـەتی خـۆی لـە زۆر لـە تاوانەکانی یاسـای چاپەمـەنی عـێراقی دەربـاز بکـات بـەڵام بـە تـەواوەتی هـەر دەربـازی نـەبووە. لـەم حاڵەتەشدا دەپرسین دەشێ ئەو دوو جۆر تاوانەی کە باسمان کرد لە نوقڵێتەکەی د.فەرهاد بسەلمێنرێن؟! کاتێك گـەر بزانـین جـۆری دووەمیـان تـاوانی زۆر لاستیکیەو نیەتی نوسەریش رۆڵی خۆی هەیە..!

رەئوف بێگەرد

چیرۆکنووس و سەرنووسەری گۆڤاری

سەردەم

رۆمانی (ملازم تەحسین و شتی تریش) هەوڵێکە بۆ نووسینی رۆمان، دیارە هـەموو هـەوڵێك لـەقۆناغی ئەزموونداییەو دەشێت سەرکەوتوو نـەبێت، بـەدرێژایی نووسینی رۆمانی کوردی و تـا ئێستاش هـەر لـەو قۆنـاغی هەوڵداندایـە، رۆمـانیش وەك هـەر ژانرێکـی ئەدەبی تر خـاوەنی بنـەماو تایبەتمەندی خۆیـەتی و دەتوانم ناوزەدی بکەم بەگرانترین ساختومان لەڕووی بونیـادەوە، بەتایبـەت کـە بوارێکـە بـۆ دەرخسـتنی سـیمای شارسـتانیەتی هـەر نەتەوەیـەك و گـەڕان بەدوای ئەو نهێنیانەدا کەچاوی روت وئاسایی بەدییان ناکات و وەك دەڵێن چاوی رۆمانووس لەهەر چاوێکی دی ڕاوکەرو کەشافترە، هەروەها رۆمانووس خـاوەن زانیاریەکی کۆکە چ لەسەر ئاستی فیکـری بێت یـان

هونـەری، واتـا دیدێکـی تایبەتـە بـۆ گونجـاندنی پەیوەندییە ئینسانیەکان و بەرجەستەکردنی ئەو مانا پیرۆزانەی دەشێت لەسەر ئاستی دەرەوەی ژیاندا نەبینراوبن، وەك چۆن چـیرۆکی کـورت بـاس لـەو مرۆڤانە دەکات کە غەدر لێکراوو گومناون، رۆمـانیش باس لـەو مانایانـە دەکـات کـە سـەرجەم ژیـانی مرۆڤایـەتی پێکـەوە دەبەستێت وەك ئـەنجام مـرۆڤ لەبەردەم کەرنەڤاڵێکدا ڕادەگرێت کە خۆشەویستی و مانەوەو نەمری تیـا بەرجەستە دەبێت. رۆمانەکـەی کاك فەرهاد پیرباڵ دەشێت هـەندێك لـەم ڕەگەزانـەی لەدەستدابێت. بەتایبەت کە لەسەر یەك هێـڵ و تاقـە ڕووداوێك چەقی بەستووە، نەیتوانیوە پـەل بۆ گـەڵێك چەمك و دیمەن و وێنەی جوان بهاوێت، ئەو تـەنیا لـە گۆشەیەکەوە شارێکی بینیوە، لـەکاتێکدا کـە رۆمـان چوونە ناو شـارێکە و گەڕانـە بـەنێو وردەکارییـەکانی خەڵك و سروشـت و ئاکارو هـەرە تایبەتمەندییـەکانی تریدا، ڕەنگە کاك فەرهاد ڕووداوێکی لەو بابەتەی کـە کردوویـەتی بەحیکایـەتی شـارێك بیسـتبێت، بـەڵام ڕۆمـان پێـش هـەر شتێك چـنراوی خەیاڵـە و دوورە لەکۆپیکردنی واقیع، من نازانم بـۆ رۆمـاننووس تـەنیا کارەساتە دزێوەکانی دیوەو چ جوانییەکی تری بەدی نەکردووە ! ئەمە دڵەڕاوکێ و خەیاڵی نووسەرێك نییـە کـە بەعشـقەوە وێڵـی دوای ڕووداوو کارەسـاتە ناوازەکان بێـت و هـەر بـەو چـاوی خۆشەویستییەوە دنیایـەك پـەیوەندی مـەزنی شـکۆمەندو ئینسـانیانە بدۆزێتەوە. دیارە (مـولازم تەحسـین و شـتی تریش) زۆر قسـە هـەڵدەگرێت، بەتایبـەت لـەرووی کـەم دەرەوشاوەیی زمانە ئەدەبییەکەی و ئەو وەرچەرخانە خێرایانەوە کە لەبونیەی پاڵەوانەکاندا هەیەو دەشێت لەباری هونەرییەوە ناجۆرو قەناعەتکەر نەبن، ئەمەی من چەند ئاماژەیەکی خێرایـەو وابەستەییم بـەجۆری پرسیارو دیاریکردنی سنووری نووسـینەکەو تـەنیا ئەمەی لێکەتەوە.

چیرۆکنووس

مستەفا صالح کەریم

لە وەوبەر ڕای خۆم لەسەر نۆڤلێتی (ملازم محسن) ببـوورن مـولازم تەحسـین و شـتی تریـش لـە (کوردستانی نوێ)دا، دەربڕیـوە ئـەم نووسـینە لـە ناوەڕۆکدا کۆڵەوارە، چونکە حەقیقەتـەکانی ئـاوەژوو کـردووە، سـپی کـردووە بـە ڕەش، سـەروەریی پێشـمەرگەی کـردووە بـە قوربـانی (نـەزوە)ی هەرزەکارانـەو ئەسپی خـەیاڵی خۆشـی لـەم بـوارەدا بـاش تـاوداوە، خـەبات وتێکۆشـان و دەوری سـەرکردایەتی حزبـە شۆڕشـگێرەکانی بـە شـتی زۆر سـادە شـکاندۆتەوزە ، گوایـە (تزکیـە)ی سۆزانیدەکەن بۆ ئەوەی هەواڵیان بۆ بـهێنێ ! ئەمـە لـە قوتـوی هیـچ عـەتارێکدا دەستناکەوێ جگـە لـە جانتاکەی نووسـەر، چونکـە بڕواناکـەم حـزب هـەبێ ئەگـەر بـە مانـای وشـە حـزب بـێ کـاری وا چـەوت پەسەند بکات.

لـە ڕووی شـێواز و ڕوخساریشـەوە ، ویسـتویەتی شێوازێکی هونەری نوێ لە گێڕانەوەدا بەکاربهێنێت ، بـەڵام بـەلای منـەوە سـەرکەوتو نییـە .. ئـەو هێڵـەی دەکەوێتە نێوان دوو ڕووداوەوە ، وەك باسم کردبـوو (محمد خچر) بیست سـاڵ لەمەوبـەر بـەکاری هێناوە بـەڵام زۆر وەسـتایانە ، لـەلای د.فـەرهاد هـەمان ڕووداوە بەڵام لە دوو زەمەنی جیاوازدا ، هـەمان ئـەو قسانەی بەشەو(ئەختەر) بۆ (جوامێری) دەگێڕێتـەوە بە ڕۆژ بۆ ملازم (تحسین)ی دەگێڕێتـەوە .. مـن وەك ئـەوەندەی چـل سـاڵ زیـاترە چـیرۆك و نۆڤێلـت و ڕۆمانیجیـهانی وعـەرەبی و عـێراقی و کـوردی دەخوێنمەوە ئەم نۆڤێڵتە جگە لەوەی پەستی کردم، هیچی تری لام بەجێ نەهێشت .

نووسەر و رۆژنامەوان

محەمەد نوری تۆفیق

دوای خوێندنەوەم لە کتێبی (مولازم تەحسین و شتی تریش) ی دکتۆر فەرهاد پیربالّ ، وام هەست دەکرد کە شێوازی نوێ و بنەمای هاوچەرخ بهێنێتە ئاراوە لە بواری هونەری کورتە چیرۆك نووسیندا و لە ئاستێکدا بێت کە بەدوربێت لەوەی کە پێشتر نووسرابێت . بەڵام وا نەبوو ، کورتە چیرۆکی هونەری نەنووسیبوو ، ئەم شێوازەش بریتی بوو لە گێڕانەوەیەکی بێزار کەر بۆ ئەو رووداوانەی کە لە مێشکۆلەیدا دروستیکردبوون .. لە یەکێك لە کۆڕە ئەدەبیەکانی دکتۆر فەرهاد دا ئامادەبووم و هەندێ کورتە چیرۆکی بە پێزی پێشکەشکردین ، پیرۆزبایم لێکرد بۆ ئەو چیرۆکە هونەرییە نوێیانەی ، بەڵام لەو کتێبەیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو خوێنەر هەست ناکات بەرامبەر بە دەقێکی چیرۆکی هونەری ڕاوەستاوە چ لە رووی شێواز و چ لە رووی ناوەرۆکەوە ، بەڵکو هەر لە هەوڵی لێدانی شۆڕشی نوێ و تێکۆشەرەکانی کوردیدا بووە ، لەغاوی بۆ قەڵەمەکەی شل کردووە بۆ هێرش کردنە سەر ئەوەی کە دەیەوێت ، بێ ئەوەی هەوڵ بدات جوانیەکی شێواز و ناوەرۆك بخولقێنێت ، ئەو جوانییەی کە چیرۆکیهونەری نوێ و بەپێز دەخولقێنێت ، هەروەك ئەو چیرۆکانەی لە هۆڵی ژووری بازرگانی سلێمانی بۆ کۆمەڵێك لە رۆشنبیرانی ئەو شارەی خوێندەوە ، من یەکێك بووم لەوانەی کە چیرۆکەکانم پێ جوان بوو هیواداریش بووم هەر لەو ئاستەدا بەردەوام بوایە و سەرقافڵەی کەسانی تر بوایە لە بواری چیرۆکدا ، بەڵام بەداخەوە ئەو بۆ پاشەوە گەڕایەوە و هەموو هونەرەکانیچیرۆکی لەو کتێبەدا بزر کرد .. بۆچی ؟

ڕەووف عوسمان

لێپرسراوی بنکەی گەلاوێژ

لە ڕاستیدا نۆڤلێتەکەی د.فەرهاد پیربالّ هەراو هوریاو ژاوە ژاوێکی فرەی نایەوە بۆ بنکەی ئەدەبی و پوناکبیری گەلاوێژ، هەزار ئەفسوس! زۆربەی گازندەکان ڕوەو رای بنکە کرانەوە نەك نووسەری نۆڤلێتەکە کە د.فەرهادە، من خودی خۆم لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی د.فەرهاد دا نیم، بە تایبەت لە زەق کردنەوەی حاڵەتە نیگەتیفیەکاندا، چونکە پێشمەرگە لەو ڕۆژگارە تاڵ و ئەنگوستەچاوانەدا مردنیان ئەکردە پێ و تاجی سەروەریان دەکردە سەر، دیارە ئەم رایەی ئێستای د.فەرهاد ناکاتە ئەوەی کە من هێڵێکی راست و چەپ بەسەر هەوڵ و تەقەللاو کۆششەکانی تریی د.فەرهاد بێنم و بیخەمە خانەی سفرەوە، بەڵام ئەوەی کە بە هێندی دەگرم چاو نەنووقانە لە ئاستی هەوڵ و وردەو بروای لەبن نەهاتووی ئەو کاتەی پێشمەرگە کە بەحەق پیاوی ڕۆژانی تەنگانەبوون، دیارە حاڵەتە نیگەتیفەکانیش ناکرێت تعمیم بکرێن، دەبو د.فەرهاد هاوکێشی نێوان تایبەتی و گشتی لە ڕۆمانەکەدا زۆر بەوردی مامەڵە بکردایە، نووسەری هەر ڕۆمانێك هەرگیز ناشێت رووداوەکانْ فۆتۆ کۆپی بکات، بەڵکوو خەیاڵ و بیرو وێنای زەینی خۆشی دەخاتە سەر بۆ بەرجەستەکردنی واقیعی ناو ڕۆمانەکە، دەبوو جێگا لە ڕۆمانەکەدا کەشاری سلێمانیە بەو شێوەیە نەبوایە، چ لە رووی فەنتازیای دایەلۆگەوە چ لە ڕووی سەرو ئاخاوێنەوە، ئەگەر کات دەرفەتم بدات هەوڵ ئەدەم نۆڤلێتەکە لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەراورد بکەم لەگەڵ چەند ڕۆمانێکی بیانی لەم جۆرەی د.فەرهادا.

ئەوەی بەلامەوە سەیرە ئەوەیە کە، خەڵکانێك کاردانەوەکانی ئەم نۆڤلێتە دەجوولێنن کە تەنیاو تەنیا مەبەستیان دژایەتی کردنی بنکەی گەلاوێژە بەر لە د.فەرهاد، خۆزگایە لە جیاتی ئەو گازندە لام سەرلاییانە بیان توانیایە بە نەفەسێکی رەخنەیی قوولەوە شتیان لەسەر بنووسیایەو لەگەڵ دەقەکەیدا رووبەڕوو بوونایەتەوە، کە بەلای منەوە ئەمە لۆژیکی روناکبیری رەسەنە نەك گازندەو هەڵوێست فرۆشتن، ئەو دیموکراسیەت و ئازادیەیلا کە ئەم گازندەو هەڵوێست فرۆشتن، ئەو دیموکراسیەت و ئازادیەی کە ئەم قەڵەمڕەوە بەخوێنی پێشمەرگە دەستەبەری کردوە ماکی سەرکەوتن و داینەمۆی داهێنان و ئاوێنەی شارستانیەتە، من وای بۆ دەچم، ناکرێت بایەخ و بەهای ئەم ئازادیە رەهایە بێ قەدر بکرێت و بازنەکەی تەسك بکرێتەوە، خۆزگە هەموو ئەو بەرێزانەی کە گازندەی دژی بنکەی گەلاوێژ دەکەن، پێشەکیە دەوڵەمەند و پڕ لۆژیکەکەی هەڤاڵ مام جەلالیان دەخوێندەوە کە بۆ چیرۆکی (سەگوەڕی)، رۆمان نووسی بەهرەوەر، کاك موحەمەد موکری نووسیوە، با ئەوەشم لەیاد نەچێت، لە دوای راپەرینەوە هیچ رێکخراوێکم نەدیوە بە قەدەر بنکەی گەلاوێژی ئەم دواییە قوڵێ کارو مەردایەتی لێ هەڵکردبێت و ئەو هەموو چالاکیە بابەتی و گرنگەی ئەنجامدابێت و زۆرترین پانتایی جوولانەوەی روناکبیری کوردی گرتبێتە خۆ، ئایا جێی رەوایە خەڵکانێکی کەم فرسەت و قەڵەم کول هێڵی راست و چەپ بهێنن بەسەر ئەو هەموو ئارەقەو ماندووبون و شەونخونیەی بەریوەبەرانی بنکە؟! هەرلێرەداو لەم بۆنەی بەردەفرکێیەدا قسەیەکی ئەبو قاسمی لاهوێم هاتەوە بیر کە وتویەتی(خوایە هێندەهە توانام پێ ببەخشە ، کە چۆن خەڵك ئەم بینێ ئاوەهاش خۆم خۆم ببینم! !) دیارە قافڵەی بنکەش هەر لە ڕەوایە ! بالێرەشەوە ئەوە رابگەێنم کە بنکە بە سنگێکی فراوانەوەو بە بڕوای پتەوی بە ئەهمیەتی دایەلۆگ و گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەوە ئامادەیە بۆ هەر مێزگردو لێکۆڵینەوەو سیمینارو دایەلوگێك لەسەر ئەم نۆڤلێتەی دکتۆر فەرهاد بکرێت و هەر ئەم دایەلۆگەشە کە ماکی گەشتن بەراستی دەنەخشێنێ.

لە ڕۆژنامەی بەدرخان ژمارە (١٤)ی ٢٠٠١/١١/٢٢
بڵاوکراوەتەوە

فەرهاد پیربالّ:

تەکنیکێکم بەکار هێناوە لە سەرجەم میژووی چیرۆکی جیهانیشدا وێنەی نیە

فەرهاد پیربالّ: ئایا شێخ مەحمودی نەمر دەعوای لەسەر نۆڤلیتی (لەخەوما) ی جەمیل صائب قەیدکرد؟

ئەو نۆڤلیتەی لەم دواییەدا، کەوتە بازارەوە (مولازم تەحسین و شتی تریش) چەندین پرسیاری وروژاند و چەندین وتارو بەدواداچونی لەسەر نوسرا.. بەدرخان وەك کارێکی رۆژنامەوانی هەستا بە دواندنی نوسەری رۆمانەکە. دکتۆر فەرهاد پیربالّ لە هەولێر.. لە هەمان کاتیشدا رای چەندین خوێنەرو رۆشنبیری وەرگرت تا دەروازەیەکی گەورە لەسەر ئەو مشت و مڕە ئاوەلا بکات .. لەگەلّ ئەوەشدا کە ئێمە بۆچوونمان هاوتەریب نیە لەگەلّ زۆربەی راکانی دکتۆر فەرهاد و هەندێ لەبۆچوونی ئەو بەڕێزانەدا، بەلّام لەمیانەی باوەڕمانەوە بەکاری رۆژنامەوانی ئازاد و دەرخستنی راستییەکان، ئێمە تەنها ڕاکان وەك خۆیان دەخەینە بەردەستی خوێنەرانمان لەهەر جێگایەك هەبن ، بەئومێدی ئەوەی سەرە داوێکی راستی مەسەلەکەیان بدەینە دەست ..

بەدرخان

*هەڤپەیڤینی/ حەمید ئەبوبەکر ئەحمەدو شەهرام نامیق... هەولێر

*بۆچی ئەم ڕۆمانەت نووسی ؟

وەڵام: لەبەر هەزار و یەك هۆ. هۆی یەکەم پەیوەندی بە خودی خۆمەوە هەیە. هەزار هۆیەکەی دیکەش، ئەوانیش هەر پەیوەندیان بە خودی خۆمەوە هەیە: بۆ لە دایك بووم..؟

*جوامێر کێیە؟

-خودی خۆمم د.فەرهاد پیربالّ.

*ئەو ڕەنگدانەوە خراپەی ڕۆمانەکەت لەناو زۆربەی خەڵکو ڕۆشنبیرانی سلێمانیدا بەچی لێك دەدەیتەوە؟

-ئەو ڕەنگدانەوە خراپە، سێزدە هۆکاری دیاری کراوی هەیە، کە ئەمانەن:

١-حەسودی. چونکە ناتوانن- خۆیان شتێکی ئاوها جوان بنووسن. ٢-ئەوانە، زۆربەیان هەرگیز ناتوانن بەرامبەر ئاوێنە سەیری خۆیان بکەن. ٣-ئەوانە، زۆربەیان هەرگیز ناتوانن بە تورەییەوە ئاوڕ بۆ دواوە بدەنەوە. ٤-بلّاوبونەوەی ئەو نۆڤلّێتە بۆتە هەنجەتی ئەوەی کە ئەوانەی جاران دلّسۆزو دەستە ڕاستی (ملازم تەحسینەکان بوون) ئەمڕۆ بێن ئەو هەنجەتە بقۆزنەوەو بە کوردی و بە عەرەبی ماستاو بۆ (ی.ن.ك) سارد بکەنەوەو منی هەمیشە پاك بە جاشو بە جاش قەڵەم لە قەڵەم بدەن. ٥-نەبوونی ڕەخنەی ئێستاتیکی و ڕۆشنبیرییەکی هاو چەرخ. ٦-هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە ئێمە، وا پێدەچێت تائێستا باوەڕمان بەوە نەهێناوە کە هەمیشە دەبێ لەناو جوانیدا ناشیرینی و لە ناو ناشیرینیدا، جوانی، یان لە ناو خێردا شەڕو لە ناو شەڕیشدا خێر هەبێت! حەوت هۆکارەکەی تریش پەیوەندی بە (باری ئابووری) عەلاقاتی ژن و پیاوانەوە هەیە. عەیبە باسیان بکەم!

*هەست ناکەیت نەگەیشتنێك (نچوج) هەبێت لە نۆڤڵێتەکەدا؟

–هەموو شتێك، جوان و بەتەواوەتی گەیشتووە، بەڵام لەوانەیە باش وەرنەگیرابێ!

*بۆچی خوێنەر لە ڕۆمانەکەت ناگات؟

–لەبەر ئەوەی بۆخۆم هەم لە ژیان و هەم لە نووسیندا پیاوێکی زۆر سادەو ساویلکەو ڕاستگۆو بێ پێچو پەنام

*بۆچی ناتوانرێت وەك دۆکیۆمێنتێکی ئەو زەمانە دایبنێین گەر ڕوداوەکان شێوێنراو نەبن؟!

–نۆڤڵێت، واتە هونەر، دژی دۆکیومێنت و مێژووە ! مێژوونوسۆ سیاسەتمەدار و دۆکیومێنتنووس پێویستە بەهەموو شێوەیەك دژی ئەم بەرهەمەی من بنوسێت و ڕاستیە مێژوویەکان بۆ خەڵك ڕون بکاتەوە. من لەوێدا واقیع و مێژووم بە تەواوی سەربڕیوە ! بۆیە، دۆکیومێنتنووس و مێژوونووس نابێ بەقسەی منداڵان بە سەهو بچێت.

*پاش سەربڕینی جوامێر خۆتان بۆ جوامێر نەگریان ؟

–دیمەنی سەربڕینەکەی جوامێرم کەهەموی شەش جوملەیە، بە هەشت سەعات نووسی! ڕاستێکەی، نەگریام، بەڵام زەختی خوێنم تەواو بەرزببۆوەو دڵم تەپەتەپی بوو، زۆریش دەترسام. زۆر زۆر دەترسام. دیمەنی سەربڕینەکەی ژولیان سۆرپێڵم دەهاتەوە پێش چاو لە ڕۆمانی (سورو ڕەش) ی ستاندالی فەرەنسی.

*ئێستا، باس لەوە دەکرێت کە د. فەرهاد، دوای ئەم هەموو هەرایەی مولازم تەحسین، دەگەڕێتەوە فەڕەنسا!

–نەخێر، بە پێچەوانەوە، قوڵتر ڕۆ دەچم، دەگەڕێمەوە کۆڵان بە کۆڵانی گەڕەکە ناشیرینە جوانەکانی منداڵی و گەنجێتیم..

*لەدادگای سلێمانی دەعوا لەسەر مولازم تەحسین قەید کراوە تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت چۆن بەرگری لەخۆت دەکەیت؟

–من ئەگەر (١٦) جاری دیکەش لەسەر ئەم نۆڤڵێتە بدرێمە دادگا بەڕاشکاویەوە دەیڵێم: شانازی بەخۆمەوە دەکەم کە توانیومە بەرهەمێکی دانسقەی ئاوها بنوسم! ئەم نۆڤڵێتە شاکاری بەرهەمەکانی منە دوای کۆمەڵە چیرۆکی (پەتاتە خۆرەکان).چونکە من لەم نۆڤلێتەدا تەکنیکو شێوازێکم بەکارهێناوە لە سەرجەم مێژوی چیرۆکی کوردیدا–تەنانەت بە شانازیەوە دەیڵێم: لەسەرجەم مێژووی چیرۆکی جیهانیشدا–وێنەی نیە ! من هەوڵیریم و نازانم فشە بکەم بەڵام ئەم ڕاستیە دەدرکێنم تەنیا لەپێناو ئەوەی کە ئەو خەڵکە بێ ڕەحمە نەختێشك بەزەیی و سۆزیان بەو داهێنانە تازەیەدا بێتەوە کەمن کردوومە: ئەوەندە خۆیان بە حیزبایەتیەوە مەژغوڵ نەکەن و جوانیەکانی تەکنیك و شێوازو هونەرەکەشم ببینن!

دەعوایان لەسەرم قید کردوە. بۆچی؟! نازانم! سێچوار برادەر خەبەریان بۆ ناردووم کە دەعوام لەسەر قەید کراوە، بەڵام من تاکو ئەمڕۆ (٢٠٠١/١١/٣) هیچ کتابێکی ڕەسمی ئەو دەعوایەم لە دادگای سلێمانیەوە پێ نەگەیشتوە. من باوەڕ ناکەم ئەو قسەیە ڕاست بێت : ئەوەش چونکە من تەنیا نۆڤڵێتێکم نووسیوە ،نۆڤڵێتیش بریتییە لە Fiction کە هەڵقولاوی بینینێکی هونەرمەندانەیە . بینینی هونەرمەندانەش فەرقی هەیە لەگەڵ نوسینی (یاداشتنامە) و گێڕانەوەی واقیعی مێژوویی ئەگەریش مەسەلەکە دەعوایەکی سیاسی بێت دیسانەوە باوەڕ ناکەم هیچ لایەنێکی سیاسی (حیزبی) ئەم کارە بکات ئەمەش چونکە لە کوردستان (لەهەولێریش و لە سلێمانیش) بە حساب ئەپەڕی دیموکراسیەت و مافی ئازادی بیروڕا هەیە من هەرگیز ناتوانم تەصەوڕی ئەوە بکەم کەلەسەر بلاوکردنەوەی

نوێڵێتێك له دادگای سلێمانی‌یەوە شکایەت نامەیەکی سیاسیم پێ بگات !

*ئەی ئەگەر گەیشتە دەستت ؟

–من چیرۆکنوسم هونەرمەندم..

*یانی چی؟

–یەعنی: من باسی چیرۆك و هونەرەکەی خۆمیان بۆ دەکەم . کەواتە لەو حاڵەتەدا محامیەکەی ئەوان (تەنانەت حاکمی دەعواکەش) پێویستە شارەزاییەکی تەواویان لەبارەی ڕێبازە ئەدەبیەکان و ئێستاتیکاوە هەبێت ! حاکمی ئەم کێشەیە پێویستە لە هونەر تێبگات، یان بەلایەنی کەمەوە ئەدیبێکی پسپۆڕ بێت !

*ئەمە مەرجی تۆیە ، بۆئەوەی لە دادگا ئامادەبیت..؟

–ئەگەر وانەبێت من بێم لەبەردەم دادگا چی بڵێم ؟! من چی دیکە (غەیری هونەرو ئێستاتیکای ڕۆشنبیری دەزانم؟! پیاویشم نەکوشتووە ، پارەو قەرزی کەسیشم نەخواردووە ، چ تۆمەتێکم کردووە تا بەرگری لێ بکەم ؟!

*تۆ واقیعە تراژیدیەکەی شاری سلێمانیت بە تەشویهکراوی پیشان داوە.

–وابزانم لێرەوە ، خەریکین وردە وردە دەچینە ناو بەرهەمەکەوە . بەڵام با لە سەرەتادا ، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت لێت بپرسم " ئەدی بۆچی لەسەرەتادا دەعوا لەسەر ئەو کەسانە قەید ناکەن ، کە خۆیان خودی واقیعە مەئساویەکەیان دروست کردبوو؟ ئەدی بۆچی شکایەت لەو کەسانە ناکەن کە دەستیان هەبوو لە ئەنفال و تەعریب و تەبعیس و بەگرتن دانی خەڵکی شۆڕشگێڕی شاری سلێمانی، کەچی ئێستاش زۆربەیان مودیرو مودەراو وزەرا و موستەشارو مەسئول و ڕۆژنامەنوسی دەرەجە یەکن ؟! من دان بەوەدا دەنێم کە من واقیعە مەئساوییەکەم تەشویە کردووە بەڵام ئەمە کاری هەموو هونەر و هونەرمەندێکە . سەرجەم ڕێبازە ئەدەبی‌و هونەریەکان هەر لە کلاسیزم و ریالیزم و سمبوڵیزمەوە تا دەگاتە سوریالیزم و ئەبستراکت ، واقیع بە تەشویهکراوی پیشان دەدەن هەریەکەیان بە جۆرێك ! تۆ تەماشاکە ، لە ساڵی ١٩٢٥ جەمیل صائیب کاتێ نوێڵێتی (لەخەوما) ی بڵاوکردەوە دام و دەزگا سیاسی‌و ئیداریەکەی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمری چۆن پیشان داوە؟ ئایا تەشویهی نەکردبوو؟! ئایا، دوای ئەو تەشویهکردنە شێخ محمود هات ئیزن بداتە دام و دەزگاکانی خۆی کە دەعوا لەسەر نوێڵێتی (لەخەوما) ی جەمیل صائیب قەید بکەن ؟ ئەمڕۆ ئێمە لە ساڵی (٢٠٠١) ین کەواتە سەردەمی حکومەتەکەی شێخ محمود لەسەردەمی ئەمڕۆی ئێمە دیموکراتتر بووە .

*کەسایەتییەکانی ناو ئەم نوێڵێتە کەسایەتی وەهمی نین، بەڵکو بونیان هەیە لەواقیعدا.

–من ئێستا کار لەسەر دوو چیرۆکی دیکە دەکەم کە پاڵەوانی یەکەمیان زوحاکە ، پاڵەوانی چیرۆکی دووەمیش مەلایەك . زوحاك خۆم لە هەمان کاتدا مەلایەکەش هەر خۆم ، پڕم کردوون لەخۆم، لەم نوێڵێتەشدا، بەهەمان شێوە زۆربەی کەسایەتیە سەرەکیەکان خۆم. لێرەدا ناچارم ئەو نهێنیە بدرکێنم کە بڵێم: من لەم نوێڵێتەدا هونەرێکی‌نایابی فیۆدۆر داستایۆفسکی ڕوسم تاقی کردۆتەوە ئەویش ئەوەیە کە شەخسێتی خۆم دابەشکردۆتە سەر هەرسێ پاڵەوانە سەرەکێکەی چیرۆکەکە. هەرسێکیان، هەم شەڕخوازو هەم خێرخوازن، هەرسێکیان ڕاپن، هەرسێکیان شتێك لە مرۆڤایەتی بوونیان تێدا نوقسانە.. لەکۆتاییدا هەرسێکیانم "داغ" کردوە ! ئەمە، رقێکی گەورە لە خۆم خۆمێك کە لە ڕابردودا وابوم، خۆمێك کە دەشێ ئەمڕۆش پێویستم بە داخکردنێکی هاوشێوەی ئەو نوێڵێتە هەبێت.. تۆ لە هونەردا هەمیشەو موئامەرەیەك لە دژی خۆت دەنێیتەوە لە پێناو کوشتنی جۆرێکی

پیسی خۆت، لە پێناو تەفروتونکردنی دزێک، گەوادێك، ئازەڵێك، یان چاوچنۆکێك، یان بەعسیەك، کە لەناو خۆتدا دەژیت ئەمەیە فەلسەفەی نوسین لەلای من. . . . . .

تەرجەمە کردنی ئەم فلسەفەیە لەهونەری نوسینی چیرۆکدا پێویستی بە کەسایەتی هەیە ئیتر من ناچارم ئەم وەهم و واهیمانەی خۆم بترنجێنمە ناو واقیعەوە ئەمەش بۆ ئەوەی من بەخەڵك بڵێم "تەنیا من پیس و شەڕەنگێز نیم، ئێوەش — ئەگەر بە وردی لە خۆتان بڕوانن وەکو منن" هەر لێرەشەوە واقیعە ڕاستەقینەکە تەشویە دەبێت، کەسایەتیەکانیش، بەدەوری خۆیاین بەبەر ئەم گەردەلوولە دەکەون بەڵام من هێندەی پێم کراوە هەوڵم داوە ناوی ئەو کەسانە نەهێنم یان بگۆڕم کە لە واقیعدا بەڕاستی هەن هەرچۆنێك بێت، یەك پرنسیپ گرنگە لەلای من من هەموو ئەو کەسایەتیانەی لەم چیرۆکەداو لەهەر چیرۆکێکی دیکەشمدا دروستیان دەکەم و باسیان دەکەم خۆشم دەوێن، ڕێزیان دەگرم، تەنانەت لەسەریشیان بەشەڕ دێم بەقەدەر دایکو باوك و براو خوشکو منداڵەکانی خۆم خۆشم دەوێن. ئەمە گرنگە و.. تەواو! دەڵێن پەیکەرتاشێکی سلێمانی پەیکەرێکی بۆ (پیرە مێردی نەمر) دروستکردبوو، کەچی خەڵك بەو پەیکەرەی پیرەمێردیان دەگوت (پەیکەری مەیمونەکە!). لەوە دەچێت منیش، کەویستومە بە چیرۆك پەیکەرێك بۆ (جوامێر) دروست بکەم، کەچی بە هەمان دەردی پەیکەر تاشەکە چووبم!

*کەسایەتی مولازم تەحسین ناسنامەی مرۆڤێکی بە ئەخلاقی هەیە، کەچی جوامێر کە نوێنەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکات، کەسایەتیەکی نەخۆش و چەپێنراوی هەیە؟

—ئەمە بە تەواوەتی وانیە. ئەمە خوێندنەوەو تێگەیشتنی تۆیە بۆ دوو شەخسێتەکە. هەر چۆنێك بێ، من دەزانم: منی چیرۆکنووس کارێکم کردوە کە ئێوەی خوێنەر واقتان وڕ بمێنێ! هێندەی سەر سوڕمان بێزکردنەوەتان حەزبکات، لە خۆتان بپرسن: چۆن؟ چیە ئەوە؟ بۆ؟ مەسەلە چیە؟) باوەڕم پێبکە من بۆ خۆشم هەمان ئەم پرسیارانە لە خۆم دەکەم! چۆن؟ بۆچی؟ مەسەلەچیە؟ بۆوای لێ هات؟

من بۆخۆشم پڕ بە دڵ حەز دەکەم بزانم بتوانم تێبگەم. جیاوازی منی نوسەر و ئێوەی خوێنەر لەوەدایە کەمن توانیومە هەوڵ بدەم بە پێچەوانەی ئێوە بیر بکەمەوە. هەر تەنیا ئەمەشە گوناهی من.

*کەواتە، دان بەوەدا دەنێیت کە گوناهباریت؟

—هەموو هونەرمەندێکی ڕەسەن گوناهبارە.

*بۆچی؟

—چونکە درۆ دەکات بۆئەوەی ڕاستییەکان ئاشکرا بکات!

*ونبوونی ئاستی کەسایەتی، بۆتە هۆی خەوشێك لە پاڵەوانەکاندا. تەنیا (ئەختەر) و(جوامێر) و(مەلازم تەحسین) ن ، ئەوانیش لە مەداریکی سێکسی‌دا دەسووڕێنەوە.

—ونبونی کەسایەتی مرۆڤی کوردو دیاردەی دوو فاقەیی (أزدواجێتی) مرۆڤی کوردی ڕۆژهەلاتی، دیاردەیەك نین کە من دامهێنابن. دکتۆر علی الوردی زۆری لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە نوسیوە. لەو تۆقڵێتەی منداء ئەوە گرنگە: ئاخۆ من— خۆم چۆنم لەو مەسەلەیە ڕوانیوە؟! لە بارەی بەشی دووەمی پریارەکەشتانەوە دەڵێم: ڕاستە، من وردبینانە بە ئەنقەست کارم لەسەر ئەم مەسەلەیەی (کەبتی جنسی لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا) کردوە. من بە چەند ئیحاو و ئیمایەك، بە پیشاندانی یەك دوو ڕوداوی بچووك هەوڵم داوە بڵێم: ژیانی پێشمەرگایەتی بریتیە لە کەپتی جنسی و پێشمەرگایەتی بریتیە لە ژیانێکی پڕ لە کەپتی جنسی و بێ بەری بوون لە ژن، ژیانێکی پڕ لە دابڕان و لە یەکتر دووریی پیاو لە ژن. ئەمەش هۆکارێکە بۆ

ئەوەی شەرمن و سڵۆك و ترسنۆك و ڕاڕا و بێ شەخسیەتمان بکات، بمانبات بەرەو ئەو هەڵدێرانەی کە تەنانەت تا ئەمڕۆی دووای ڕاپەڕینیش باجەکانیان هەر دەدەین! من جورئەتی ئەوەم کردووە لە چیرۆکێکدا ئەم مەسەلەیە، بۆ یەکەمین جار بوروژێنم، کەچی ڕووناکبیران کە ئەم کارە خۆ ئەرکی ئەوانیشە، جورئەت ناکەن تەنانەت بەیەك دێڕیش چیە، بەرگری لەم تێگەیشتنەم بکەن!

*بۆچی تا ئێستا ئەو وتارو ڕەخنە و نووسینانەی لەسەر ئەم نۆڤڵێتەی تۆ نووسراون. هەموویان لە دژی تۆو لە دژی نۆڤڵێتەکەت ڕادەوەستن؟

-من هیچ یەکێکیانم، بە داخەوە، نەخوێندۆتەوە. (ئەگەر وابێت واتە تا ڕۆژی ١١/٣- بەدرخان) بەڵام ئەمە نیشانەی ئیفلاسی ڕووناکبیریی ئەمڕۆیە، کە هیچ ڕووناکبیرێك نەبێت بەرگری لە (پۆخڵەواتەکانی هونەرمەندێك) بکات! بەداخەوە.

*کەواتە، تۆ پێویستیت بەوە هەیە کە ئەمڕۆ بەرگریت لێ بکەن و لە پشتت بوەستن؟!

-بەرهەمی ئەدەبی، یان هونەری، هەمیشە وەکو پارچە ئێسقانێك وایە، هونەرمەند فڕێی دەداتە ئەو ناوە.. ئیتر برسییەکان دەکەونە سەری! من باری خۆم گەیاند و خێری خۆم کرد. تەواو. داوا لە کەس ناکەم بەرگریم لێبکات، چونکە دەبینم: ئەوانەی بەرگری لە یەکتر دەکەن و هێرش دەکەنە سەر یەکتر، هەموویان تاوانبارەکانن. من، منی چیرۆکنووسی هەوڵێری، لە (گوجیلەیەك) زۆر پاکتر و بێ تاوانترم.

*هەست ناکەیت تێکەڵاوییەکی زەمەنی هەیە لە نێوان پەیوەندیی (جوامێر) و (ئەختەر) و دووواتر هاتنی مولازم تەحسین بۆ ناو ئەو پەیوەندییە؟

-ئەختەر یاری جوامێر بووە. جوامێر کردوویەتیە ژن و پاشان لەبەر کەشف بوونی، نەیتوانیوە ئەختەر بخوازێت، ڕۆشتووە بۆ شاخ! جاربەجار لە شاخەوە هەر سەری لە ئەختەر داوە، بەڵام بێ ئەوەی بیخوازێ و لەگەڵ خۆی بیبات بۆ شاخ. لەم ماوەیەدایە کە ئەختەر ناچار دەبێت (دەرگا لە خەڵکی دیکەش بکاتەوە). منی چیرۆکنووس لەم زەمەنەوە، لە ناو ئەم ڕاڕایی وئیزدواجیەتەی جوامێرەوە، مولازم تەحسین دەهێنمە ناو پەیوەندیەکی ئەوانەوە! کەواتە، ئەگەر جوامێر ڕاڕا و ئیزدواجی نەبووایە، زەمەنی خیانەتکردنی ئەختەر لە جوامێر، نەدەهاتە پێشەوە.

*بەڵام تۆ بۆچی جوامێرت ڕاڕا و ئیزدواجی پیشان داوە؟!

-پرسیارێکی زۆر جوان و بەجێیە. لەبەر ئەوەی من ویستوومە بڵێم: دوێنێش و ئەمڕۆش جیلێك لە پیاو هەن ئیدیعای مافی ئافرەت و ئازادیی ئافرەت دەکەن و دەڵێن (زۆر ئاساییە ئەگەر ئافرەت مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی و تەنانەت ئازادییە سێکسیەکانی خۆیشی کردبێت و دەیان پەیوەندیشی لەگەڵ پیاوان هەبێت؟ ئەخلاق تەنیا ناوگەڵ نیە و گرنگ ئەخلاقی شۆڕشگێرییەو.. هتد) بەڵام لە حاڵەتی واقیعیدا و کاتێ دەگاتە جێبەجێکردنی ئەم ئیدیعا و فەلسەفەیە، پیاو دۆش دادەمێنێ، دەترسێ، ناتوانێ ئەم ڕۆشنبیرییە شۆڕشگێڕانەیە لەسەر خۆی و بەسەر خۆیدا جێبەجێ بکات. با بە ڕاستگۆییەوە قسە بکەین: چەند پیاوی کەڵەڕۆشنبیری ئێمە، توانیویەتی بڕیاربدات (ئەو مەحبووبە نازدارە چووکەڵانەیەی) کە (سابیقەیەکی)هەبووە، بخوازێت؟! بە کورتیەکەی جوامێر یەکێکە لەو پیاوانەی، لەو پیاوە کوردە ڕۆژهەڵاتیە ئیزدواجییانەی کە ڕۆشنبیرە، بەڵام ناتوانێ ئەو ڕۆشنبیرییە بکاتە واقیع! ئیتر بەڵای منەوە گرنگ نیە ئاخۆ (جوامێر) پێشمەرگەیە یا دوکاندارە یا ڕەئیس وزەڕایە! پیاوە!

*باشە، بۆچی بۆ ئەو کەسایەتییە ڕۆشنبیرە، هاتووی پێشمەرگەت هەڵبژاردووە، دوکاندارێکت

هەڵنەبژاردووە؟! یان بەشێوەیەکی دیکە: لە بەرچی جوامێرت کردۆتە پێشمەرگە؟

–پرسیارێکی زۆر زیرەکانەیە، سوپاست دەکەم. ئەمە، لەبەرئەوەی (پێشمەرگە) ڕۆشنبیرترین کەسێکە کە دروشمی گۆڕینی واقیعی بەرزکردۆتەوە، ئینجاش ناتوانێ تەجاوزی ئەم بەربەستە و گرێ ڕۆژهەڵاتییەی خۆی بکات، هەمیشە لەوە دەترسێ کە پەنجەی بۆ درێژ بکرێت.

*بەڵام تۆ لێرەدا ئافرەتت وەکو قوربانی و نێچیرێك پیشانداوە!

–بەڵێ من لەم نۆڤلێتە بەرگریم لە حاڵەتی ئافرەت و تراژیدیای ژن کردووە، کەچی پێم سەیرە دەڵێن (یەکیەتی ژنان و ئافرەتانیش دەعوایان لە مەحکەمە لەسەرم قەید کردووە !) تێناگەم!

*دەبینین قسە لەبارەی تەکنیکی نوێ دەکرێت لەم نۆڤلێتەی تۆدا، بەڵام ئەوەی لەوێدا بەکارهاتووە تەنیا گەمەیەکی نێو نووسینی داداییەکانە، پێشتر (بریتۆن) و هاوڕێکانی، کاری زۆری لەم چەشنەیان کردووە!

–ئێوە لە خۆتانەوە قسەدەکەن! بریتۆن و هاوڕێکانی، چ کارێکی لەم چەشنەیان کردووە؟ کوا دەی ئاماژەی پێ بدەن و نموونەم بدەنێ و بەراوردی بکەن !! من دڵنیام زۆر دڵنیام: ئەو کەسانەی ئەم جۆرە تۆمەتە دەدەنە پاڵ من، تەنانەت دوو بەرهەمی بریتۆنیشیان نەخوێندۆتەوە. گەمەی داداییەکان چۆنە؟ ئادەی ، بزانم، با ڕوون بکرێتەوە و ئەوەی منی پێ بەراورد بکرێت؟ ڕەخنەی ئەدەبی ئەمڕۆ، ماوەیەکی زۆرە، من بە دادایی و سوریالی تاوانبار دەکات، بێ ئەوەی یەك تۆزقاڵ نە لە دادیی و سوریالی، نە لە من تێ بگات. هەرچی شتێکی تازەی من ببینێت. دەڵێ (ئەمە داداییە)، (ئەمە سوریالییە). وای لێ هاتوە من خۆیشم ڕەقم هەڵسێت وحەزنەکەم وەڵام بدەمەوە. ژنێك هەیە ناوی ئەختەرە، بەشەوان لە ژیان و حاڵەت و فیکرێك دەژی، بە ڕۆژانیش لە ژیان و حاڵەت و فیکرێکی پێچەوانەی خۆی. کەواتە، ئایا ئاسایی نیە دوو خەتی ژیانی لە یەك جیاوازی دابڕی بۆ دروست بکەیت؟ ئایا پێویست نیە بە دوو چیرۆکی هاوتەریب تەعبیری لێ بکەیت؟ من دەمەوێ بڵێم: ئەو تەکنیکەی بەکارهێناوە (دابەشکردنی لاپەڕە بەسەر دوو ئاراستە و دوو بەشی هاوتەریب) دادایی و سوریالی نیە، بەڵکو پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەوە هەیە، هارمۆنیەتە. هەردوو چیرۆکی سەرەوە و خوارەوە تێکەڵ بەیەکتر دەبنەوە.

*زۆر کەس پێیان وایە کە تۆ بەم نۆڤلێتە ویستووتە ڕەخنە لە حزبێکی دیاریکراوی کوردستان یان چەند حزبێکی دیاریکراوی کوردستان بگریت؟ ئەمە ڕاستە؟

–نۆڤلێتی مولازم تەحسین، پێش هەموو شتێك، بۆ ئەوە نەنووسراوە کە ڕەخنە لە هیچ حیزبێکی دیاریکراوی کوردستان بگرێت. من لەو کاتەی لەسەر نووسینی نۆڤلێتەکە بووم ، بەهیچ شێوەیەك ، لە غەمی ئەوەدا نەبووم ڕووی قسە و ڕەخنەم ئاڕاستەی هیچ حیزبێکی کوردستان بکەم تەنانەت وا تێدەگەیشتم و واتێدەگەم ئەگەر ئامانجی نوسینی نۆڤێلت بریتی بێت لە ڕەخنەگرتنی سیاسی، ئەوا باشتر وایە من بچم وتارێك بنوسم و خۆم بکەم بە (ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی فلانە حیزب و فیسارە حیزب) ! هەموو ئەوانەی نۆڤلێتەکەی منیان بە (تاوانبار) لە قەڵەم داوە ، هیچ یەکێکیان نەك نەتیا لە نۆڤلێتەکەم تێنەگەیشتوون ، بەڵکو لە سادەترین پرەنسیپەکانی هونەرو داهێنانیش تێنەگەیشتون . ئەو ڕەخنەگرە ڕۆژنامەنووسانەی بەحوکمی ئەوەی خۆیان هەمیشە لە سەنگەرێکدان دژی سەنگەرێکی دیکە ئیدی هەموو دیاردەو داهێنانێك بەچاوێکی حیزبیانە تەماشا دەکەن من لەو برادەرانە دەپرسم : "ئاخۆ هونەرمەند هیچ ئەرك و غەم و بەرپرسیارییەکی دیکەی نییە ، بێت ئەوەندە



مولازم تەحسین و شتی تریش..

خۆی بچـوك بكاتـەوە و ئامـانجی نۆڤێلّتەكـەی خـۆی بكاتە ڕەخنە گرتن لـە حـیزبێك ؟" مـن لای خۆمـەوە هەتا دەشمرم بێز لەوە دەكەمـەوە خیتـابی هونـەریم بكەمە خیتابێكی حیزبایەتی یان سیاسی..

–ئەدی كەواتە من ڕەخنەم لەچی گرتووە ؟

من لێرەدا نامەوێ ماستاو بـۆ هیـچ حـیزبێك سارد بكەمەوە و پاساو بۆ هیچ هەلّەیەكم بهێنمـەوە، بـەلّام دەمـەوێ تـەنیا سادەترین پرەنسـیپێكی داهێنـانی هونـەری بـۆ ئـەو ڕۆژنامەنووسانە كە بـەم دووایـیـە، لەسـەر لاپـەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامـەكاندا، دەیانـەوێ تەئویلی حیزبیانە (بۆ بەرهەمێكی سادەی وەك ملازم تەحسین).. بدۆزنەوەو خوێنـەرانی چیرۆكی كوردیی پێ سەرچیغ ببەن!

من لێرەدا جەختی لەسەر ئەوەش دەكەمـەوە، كە مـولازم تەحسـین، وەك پاڵەوانـەكانی دیكـەی نـاو نۆڤلّێتەكە، هەموویان پێكەوە لەیەك كـاتدا بەشدارن لـە دروستكردنی تراژیدیاكـە ! واتـە لـێرەدا، مـولازم تەحسـین، وەك هـەر كەسـایەتیەكی دیكـەی نـاو چیرۆكەكـە، توخمێكـی پێكـهێنی تراژیدیاكەیـە. لـە ڕووی سیاسی و واقیعی و مێژووییشـەوە، هـەموومان دەزانـین، مـولازم تەحسـین بەشـێكی پێكـهێنی كۆمەڵگـەی كـوردەواری بـووە، تەنانـەت سـاڵانێكی یـەكجار زۆر دەیان نیشتمانپەروەر و ڕۆژنامەنووسی لە خۆی كۆكردبۆوە. ئەم مـولازم تەحسینە، لـە نـاو هـەموواندا، لـە نـاو هـەموو كـۆڕ و كـۆڵان و گەڕەكێكماندا بوونی هـەبووە و كاریگـەریی هـەبووە. كەواتـە، بۆچـی لـەوە شـەرم و بـێز بكەینـەوە ئەگـەر باسـی كردەوەكانی بكـەین؟ بۆچـی ڕێگـە نەدەینـە ((چیرۆكنووسـێ) كـە وەكـو توخمێكـی پێكـهێنی تراژیدیای كـورد تەماشای بكـات؟ وەكـو گـوتم: لـە ڕووی سیاسی و واقیعی ڕاسـتەقینەی مێژووییشـەوە، مولازم تەحسین بەشێكی پێكهێنی ململانێی سیاسـی بووە لە كوردستاندا. كەواتـە بۆچـی پێمـان ناخۆش بێت كـە مـولازم تەحسـین وەك توخمێكـی پێكـهێنی تراژیدیـای نەتەوایـەتیمان و وەك لایـەنێكی ململانێـی سیاسی كوردستان تەماشای بكەین؟ بەتایبەتیش كە من خۆ لـەم چیرۆكـەمدا مـولازم تەحسـینم نەكردۆتـە (حەكـەم) بـەڵكو وەك (خـەصمێك) پیشـانم داوە. ئەوەتا لـە كۆتـایی چیرۆكەكـەدا دەبینـین: سـەری جوامێری بەدەستەوەیەو لە بارەی ئەختەرەوە (كـە ڕەمزی كێشەی كوردە) دەڵێ:

–ئەم قەحپە پیسەش ببەنە دەرەوە !

بەدرخان ژمارە ١٤ی ٢٠٠١/١١/٢٢

پاڵەوانی ئەدەبی پاڵەوانێکە لەکاغەز

د. ئەحمەدی مەلا . ئیسپانیا

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی چەند ئاستێك دەگرێتە خۆی، تێگەیشتن‌و چێژوەرگرتن‌و خوێندنەوەمان دەگرێتەوە. هەڵبەتە چیرۆك‌و رۆمان‌و شانۆنامە، ئەم ئاستانە زیاتر تیایانا سەقامگیر دەبن، چونکە سیستەمی کارەکتەرەکان خۆیان تەونێکن لەدەلالات‌و مانا پێکدەهێنن. هەروەها رۆڵی گێڕەرەوەو ریزستەرە زمانەوانییەکان، ئەمەش بەپێی ئینتمای کۆمەڵایەتی، قوولاییی سایکۆلۆژی، تەمەن، پیشە، هتد. لەکارەکتەرێکەوە بۆ کارەکتەرێکی دی دەگۆڕێ، ئەوانیش دەچنە خانەی راڤەو لێکدانەوەی جیا جیاوە، لەلایەکی دیش بەرهەم لەبەتاڵییەوە لەدایك نابێت، بەڵکو وەکو چەندین چالاکی تر، لەسیاقێکی مێژوویی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتییەوە لەدایك دەبێت، نەك لەپێناوی ئەوەی بینووسێتەوە، بەڵکو دیدەنیگایەکی ترمان پێ نیشان دەدات‌و چێژی خوێندنەوەمان بداتێ‌و بواڕێکیش بێت بۆ لەخۆڕامان. ئەدەب ئەگەر بێت‌و بەچێژەوە خۆی خەریك بکات، مەبەستیش لەو جۆرە چێژەوەرگتنەیە کە ئاستۆکانی بیرو ئەندیشەمان بۆ فراوان بکات. ئا ئەوکاتە رەگی ئەم چێژ وەرگرتنە لەناوچە شێدارەکانی مەعریفەدایە !

لەم پێشەکییە گشتییەوە دەمەوێ ناونیشانەکەی سەرەوە (خێرا بارت مان بەخایاڵا دێت)و لەمەڕ "نۆڤلێت"ەکەی فەرهاد پیرباڵەوە بدوێم کە بنکەی ئەدەبی‌و رووناکبیری گەلاوێژ، لەژێر ناونیشانی "مولازم تەحسین‌و شتی تریش.. ، بڵاویکردۆتەوە.

توخمە بنەڕەتییەکانی ئەم بەرهەمە:

ناوی بەرهەم: مولازم تەحسین‌و شتی تریش..

شوێن: شاری سلێمانی.

کات: ١٩٨١ ـ ١٩٩١.

ئەکتەرەکان: مولازم تەحسین، جوامێر، ئەختەر، خەڵکێکی زۆری تر، گرنگییان لەوانی دی کەمتر نییە. بەبێ ئەوان، ئەو سێ شەخسییەتەش وجودیان نابێت.

لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە، شتێك خێرا لەزەینماندا دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە فەرهاد پیرباڵ پێمان دەڵێت: من خەریکی نووسینەوەی بەرهەمێکی "فیکتیفم"[1] هەر لەدەسپێکی نووسینەکەدا، دووبارەبوونەوەیەك یەکسەر لەدەردی واقیع رزگار دەکات، یا بەشێوەیەکی دی لەواقیع دایدەماڵێ‌و بەرگی هونەری دەکاتە بەر. واتە نووسەر پێمان دەڵێ دەمەوێ

شتێك بگێڕمەوە كە زادەی خەیاڵە و چیرۆكەرگرتنم لەكاتی نووسینو دارشتن بكەمە خولیای یەكەمم و بەردی بناغەی ئەم بەرهەمە: ئەوەشی دەمێنێتەوە لەپەراوێزەكانی خوێندنەوەدا جێیان دەبێتەوە. كەواتە ئێمە ئازادین چۆن تەفسیری دەكەین، هەر وەك ئەو ئازاد بوو لەنووسینی.

بەڵام، خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە نابێ لەدەرەوەی كارێكی ئەدەبی تەماشای بكرێت، چونكە نووسەر، نەمێژوومان بۆ دەنووسێتەوە، نە فۆتۆكۆپی رووداوەكانمان بۆ دەكات. ئەگەر بێت ناوی "مولازم تەحسین" لە- هۆشیاریماندا ئاماژە بۆ سێبەری كەسێكی دیاریكراو دەكات، بەڵام ئێمە دەبێ، ئەم شەخسییەتە تەنها لەسیاقی ئەدەبیدا جێی پێشك بەرین، ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەدەب بەهەڵواسراوی، لەنێوان چێژو فەنتازیاكانمادا دەمێنێتەوە، بەڵكو گەڕان بەدوای ئەو هەودا باریكەی كە دونیای ئەدەبو واقیع پێكرا گرێ دەدات بكەینە جێی گرنگی پێدانمان. نووسەر بەئەنقەست دێتو بەهونەرێكی دوو فاقەیی، هەر وەك لەسەر رووپەڕەكاندا دەستنیشانی كردووە، هەر بەو شێوەیش، هونەری ئاسانو زەحمەت پێكراو مارە دەكاتو چیرۆكێكمان بۆ دەنووسێ كە خۆی خۆی دەگێڕێتەوە.

هەندەی باسی تراژیدیای قۆناغێكی دیاریكراومان بۆ دەكات، هەندەش لەڕێگەی دیالۆگی زۆر قۆشمە ئامێزانە (ئەم چیرۆكە بەدەر نییە لەتۆپێكی كۆمیدیانە، بەتایبەت لەدووتوێ دیالۆگەكانەوە)، خوێنو ئێسقانو گۆشت دەكاتە بەر كارەكتەرەكانو بۆ قەدەرێك لەگەڵیانا دەژین.

بەڕای من ئەم چیرۆكە چیرۆكیی عیشقە پێش هەموو شتێك، عیشقێكی بەرینو بێ سنوور، هەر وەكو هەموو عەشقێكی راستەقینە، دەبێ خوێنو قوربانی كۆتایی بەو گڕو بڵێسەیە بهێنێت.

با بزانین ئەختەر كێیە؟ ژنە كوردێكە لەژێر بارستایی كۆمەڵایەتی دەتلێتەوە، ئافرەتێكە پڕ رۆحی وزەو ژیانە، دەیەوێ بەسەر كۆسپەكانا زاڵ بێت مومارەسەی عیشقی راستەقینەی خۆی بكاتو بگاتە جوامێر[٢]. بەڵام وەكو دەردەكەوێ، جوامێر دەیەوێ بەكاری بهێنێو كاری حیزبی پێ ئەنجام بداتو بەس. ئەویش تا دێت وەكو گوڵ كە ئاو نەدرێت دەژاكێو ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە كە جوامێر خۆشی ناوێ بەڵكو بەپێچەوانەوە مولازم تەحسین لەقوواڵایی دڵییەوە خۆشی دەوێ[٣]. گوڵێكە دەژاكێو بەرەو رووی قەدەری خۆی دەبێتەوەو لەژێر فشاری جۆراوجۆر، لەئەكتەرێكی پاسیڤەوە دەبێتە ئەكتەرێكی ئەكتیڤ. ئەویش لەپێناوی ئەوەی لۆژیكی رووداوەكان بگەیەنێتە لوتكە. لێرەوە هەست بەدرامایەكی تراژیدی دەكەین. بەتایبەت لەدوا دیمەندا، وەكو ئەكتەرێكی یۆنانی كۆن، لەسەر تەختەی شانۆدایەو خواوەندەكان نەعەلەتیان لێكردووە.

هەرچەندە ئەختەر وەكو حیكایەتخوان بۆمانی دەگێڕێتەوە ژنێكی "نا زیرەكو نا هۆشیار نییە"[٤] بەڵكو ئازاشە، هەندە ئازایە، ئامادەی ئەوەیە كە هەموو شتێك بكات لەپێناوی ئەوەی ببێتە هاوسەری جوامێر، چونكە لەلایەك بێگومانین كە خۆشی دەوێ، لەلایەكی دیش، دەیەوێ خۆی لەتەماشای كۆمەڵ رزگار بكات. داب‌و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان وەكو ئەكتەرێكی نەبینراو زۆربەی زۆری رووداوەكان دەردەپەڕێنن، بەڵكو ئەو داب‌و نەریتانەیە كە دەبنە قەدەرو وەكو ئەكتەریش كە لەسێبەر دروست كرابێتن، لەپشت دیمەنەكان دەجووڵێتەوەو داوی رووداوەكانیان بەدەستە. لەڕاستیشدا، ئا ئەم ئەكتەرە نادیارەیە كە دەبێ لێی رابمێنین. ئەویان نووسەر دروستە نەكردووە، بەڵكو ئێمە دروستمان كردووە، ئێمەین لێپرسراو نەك نووسەر.

کەواتە، ئێمە بێ دەسەلآت "ئەختەرمان" خۆش دەوێ، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە ژیانی بەمووسێکی تراژیدی واقیعی کەرت بووە، هەندەش دەیەوێ تەجاوزی ئەو مەنتیقە بکات کە زاڵ بووە بەسەریا. دونیای ئەم چیرۆکە رەش‌و سپی نییە. شەڕێك نییە لەنێوان خراپەو چاکە، لەنێوان پیس‌و پاکە، بەڵکو شەڕن لەناوەمان دایە. هەموومان گەرای ئەو شەڕەمان تێدایە. کەس سەد لەسەد شەیتان نییەو کەسیش سەد لەسەد فریشتە نییە، هەموومان ئینسانین. نووسەر خۆی دوورەپەڕیزە گرتووە لەبۆچوونی مانیکیانەوە. واتە دژایەتییەك نییە لەنێوان بەرەی چاکەو بەرەی خراپە. ئەمە بەهیچ شێوەیەك تەبریر بۆ هیچ شتێك ناکات، بەڵکو تێگەیشتنێکی تری تەندروستترە. لەم رووەوە ژان بودیار دەڵێ: "کەس لەوە تێناگات کە چاکەو خراپە هەردوك، بەرامبەر بەیەك خۆ پڕچەك دەکەن بۆ ئەوەی بەسەر یەکتردا زاڵ بن‌و لەسەر یەك هێڵدا ئیش دەکەن. سەرکەوتنی یەکێکیان مانای سڕینەوەی ئەوی تریان ناگەیەنێ، بەڵکو زۆر بەپێچەوانەوە چاکە ناتوانێ چۆك بەخراپەدا بهێنێ، تەنها لەو حاڵەتەی کە خۆی بەچاکە دادەنێت، چونکە ئیحتکارکردنی چاکە، خۆی لەخۆیدا خراپە دێنێتەوە"[٥].

نووسەر زیرەکانە ئەو چیرۆکەی نووسیوە. ئەو حیکایەتخوانەی کە هەڵیبژاردووە ئەویش کۆمەڵێ شەخسیاتی هەڵبژاردووەو ئەوان شتمان پێ دەڵێن، ئەم نۆڤلێتە، زیاتر دیالۆگ بەسەریا زاڵەو کامێرای زۆر بزۆکیش بەدەوری شەخسیاتەکانا دەسووڕێتەوەو لەوانەوە زانیارییەکانمان پێدەگات.

واقیع وەکو ساختومانی ژێرەوەی ئەم بەرهەمە، ئەویش تراژیدییە، بەمانایەکی تر، ئەویش نەساغە، ئەویش دووفاقەیە، دووفاقەیە: رژێمێك شەڕی هەڵگیرساندووە بەبێ ئەوەی ئیعلانی شەڕ بکات، لەلایەکی دیش بزووتنەوەی رزگاریخوازی لەئارادایە، ئەم بزووتنەوەیەش دژایەتییەکانی خۆی لەگەڵدایە، ئەم دژایەتییانەش زۆر سروشتی‌و بەشێکن لەمێژووی ئێمە. دەبێ قبوڵی بکەین، وەکو یاری شەترەنجی لێدێت. بەجوڵانەوەی داشێك دەبێ داشێکی دی بجوڵێتەوە. جۆرە حەتمییەتێکی تراژدی دێتە ئاراوە.

پنتی فۆکالیزاسیۆن

لەتیرمینۆلۆژی (ژان ژینێت)دا لەمەڕ هونەری گێڕانەوە، باس لە"پنتی فۆکالیزاسیۆن" دەکات، واتە لە چ پنتێکەوە سەیری شتەکان دەکەین، مەبەست لەبینینی حیکایەتخوانە، لەڕۆمانی واقعیدا[٦]، حیکایەتخوان، لەپنتی سفرەوە دەڕوانێتە دەرەوە، واتە هەموو شتەکان دەبینێ‌و درك بەهەموو شتەکان دەکات ئەوانەی رووبان داوەو ئەوانەی کە رووەدەن. ئەم پنتە تووشی گۆڕانکارییەکی تەواو هاتووە لەم چیرۆکەدا. زۆر جار، هەندێ وشەی تایبەتیش کراونەتە نێو دوو کەوانەی بچووکەوە[٧]، ئەویش دیسانەوە بۆ ئەوەی نوێترالیزە ببن واتە بێلایەن بن، چونکە نووسەر نایەوێ بینینی خۆیمان بەسەرا بسەپێنێ.

ئەم تێڕوانینە، لەڕێگای دیالۆگەکانیشەوە هەستی پێ دەکرێت، کارەکتەرەکان زیندوون‌و قسەدەکەن‌و رێگر لەبەردەمیاندا نییە. هەر کەسەو بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی لەدونیا، یا بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، یا لەبەر دووربینە سایکۆلۆژییەکانی قسە دەکات‌و زمانی خەملاوە، نە نووسەر ئۆتۆ - سانسۆری خۆی دەکات، نە سانسۆری دەرەکیش هەیە، رووداوەکان خاوەن یەك دووربینی نین. زمانی دیالۆگ‌و هەڵبژاردنی (ناو) یەکێکە لەخاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەم بەرهەمە. حیکایەتخوان شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی داوامان لێبکات بڕوای پێبکەین. قارەمانی راستەقینەی ئەم چیرۆکەش ئەختەرە کە هەموو لاپەڕەکان داگیر دەکات‌و پۆزەتیڤانە دەڕوانێتە ژیان. سەرەڕای هەموو کۆسپ‌و تەگەرەکانیش، دەیەوێ بەعاشق ی

بمێنێتەوەو حەزی لەژیانەو دەیەوێ باوەش بۆ ژیان بکاتەوەو بەکورتی شوو بکات.

بەڵام مەنتیقێکی دژوار ڕێڕەوی ژیانی دەگۆڕێ. ئەویش دەبێتە قوربانی. لەو نێوەندە: لەنێوان شەوو ڕۆژدا، دەبوایە یان جوامێر هەڵبژێرێت یان مولازم تەحسین[8] ئەمەش لەسیاقی چیرۆکەکە نەنگییە، نەدزێویشە بەڵکو شتێکە سەپاوەتە سەری.

سیاقی سیاسی گشتیش: زرووفێکی ناهەمواره! بەمەفهوومە هاوچەرخەکەی سیاسەت لەگوڕێدا نیە. ڕژێمێك هەیە کە مولازم تەحسین وەکو زمانحاڵی ئەو ڕژێمە خەریکی داپلۆسینە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کابرایەك بێت بەدەر لەخۆشەویستی، بەڵام وەکو ئێمە دەمانەوێ ئەو دونیای خۆش ناوێ! لەلایەکی دیش جوامێر (ئاراس بابەکر عەبدولحەمید) یەکێکە لەو پێشمەرگانەی کە شەڕی چەکداری دەکەن لەپێناوی پرەنسیپو مەبدەئەکانی خۆی، مەرج نیە، فریشتەیەك بێت لەو نێوەندەش ژنێك دەبێتە قوربانی عیشق.

بەڵام مولازم تەحسین ئامادەیە، سەرەڕای ئەوەی تیرۆر لەشاری سلێمانی دەنێتەوە، ئەختەر بخوازێو لەقوواڵایی خۆشی هەست دەکات ئەویش ناوی زڕاوە؛ لەهەمان کاتدا کە جوامێر لەڕوویەکەوە، واتە لەدەیدەنیگای جەماوەری شۆڕشگێڕەوە، وەکو قارەمان، بەڵکو وەکو ڕەمزی قارەمان تەماشا دەکرێت ئامادە نیە، ئەختەر بخوازێ کە هەر خۆشی هۆی هەموو کارەساتەکانە. ئا ئەمەیە کە سەغڵەتمان دەکات؟ بەڵام چ خوێنەرێك سەغڵەت دەکات تەنها ئەوانە سەغڵەت دەکات کە هەندێ جوامێریان تێدایە. جوامێریش نەدەبێتە ڕەمزی شۆڕشگێڕیی نە دەشبێتە ڕەمزی شار (هەڵبەت لێرە سلێمانییە). ئەگەریش کەسێ جوامێرییان تێدا بێت، ئەوە دەبێ خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە وامان لێبکات کە بەچاویکی دیکەوە سەیری ژنو ژیان بکەین. ئەو خوێنەرەی کە بەم چیرۆکە سەغڵەت دەبێت، دەبێ ئەدەب یارمەتیی تەهارەتی ئەخلاقیو دەروونی بدات. لێرە خوێنەر وەزیفەیەك دەبەخشێتە ئەدەب ڕەنگ نییە هەموومانیش تەبا ببن لەسەری.

زمانی ئەم چیرۆکە زۆر ڕەوانە، ڕەوانە بەو مەبەستەی ڕستەی قۆقزو بارۆکی[9] تێدا نیەو خاڵبەندییەکی زۆر مەحکەمیش ڕستەکانی دروست کردووە. بەڵام دەبوایە لەزۆر شوێن نووسەر داشی بەرامبەر بەهەندێ مۆنۆلۆگ دانەنایە، چونکە مۆنۆلۆگ یا ڕستەی موخاتەبی ناڕاستەوخۆش دیسانەوە پێویستی بەداش نیە[10]. یا لەهەندێ شوێن هەر لەدوای ناوی شەخسییەوە وێرگوڵی داناوە، کە یەکسەر ڕستە دەکاتە ڕستەیەکی نیدائی[11]. بەڵام زۆر بەجوانی زمانی حیکایەتخوانو کارەکتەرەکان لەیەکتر جودا کراونەتەوە، بەڕادەیەك وەکو چۆن ئەوان هەندێ وشە لەفز دەکەن، ئا بەو شێوەیە، نوسەر ڕێنووسی بۆ داڕشتووە، ئەمەش خاڵێکی تر دەکرێ جەختی لەسەر بکرێت، ئەمە ڕوویەکی واقیعی ئەم بەرهەمەیە کە نووسەر بەتەواوی بەسەریا زاڵ بووە، ڕەنگبێ لەبەر ئەوەش بێت کە فەرهاد پیرباڵ لەبواری نووسینەوەی شانۆنامەش شارەزایی هەیە. چونکە ئەم ئاستە واتە ئاستی زمانەوانی لەهونەری گێڕانەوە گەلێ ئاڵۆزە، چونکە زۆر جار زمانی حیکایەتخوانو نوسەرو کارەکتەر دەئاڵۆزکێتە ناویەکتریيەوەو نازانرێ کێ قسە دەکات. ئەم خاڵە زۆر بەوردی، فەرهاد پیرباڵ بیری لێکردۆتەوە. مەرجیش نیە شێوە زمانی سلێمانی یا شێوە زمانی هەولێری زاڵ بێت بەسەر ئەم بەرهەمەدا، نووسەر خۆی ئەم کارەیبەرنامەڕێژ کردووە. ئەمەیان گرنگ نیە.

لەکۆتاییشدا مافی ئەوەمان هەیە کە چێژ لەخوێندنەوەی ئەم بەرهەمە وەرنەگرین، بەڵام نابێت ئەوە لەنووسەر داوا بکەین کە شتێك بنووسێ هەر وەکو ئەوەی ئێمە دەمانەوێو نا شبێ هەندەش زویر بینو خۆمان لەبنکەی گەلاوێژ بکشێنینەوە هەر لەبەر

ئەوەی کە نووسەر کارێکی ناپەوای کردووەو بنکەی ناوبراو روخسەتی بلاوکردنەوی چیرۆکێکی وای داوە ! با هەندە لەهونەری نووسینو گێڕانەوە تێبگەین کە هەموو پاڵەوانەکان تەنها کاغەزنو بەس. بەهیوای ئەوەی ئەم بەرهەمە بەرهەمی دیکەی بەدواوە بێت.

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: ژیانی رۆژانەی ئەختەر١: ئەختەر، پەرداخێك ئاو بەدەستی راستییەوە،..

ژیانی شەوانەی ئەختەر١: ئەختەر: ئەختەر، پەرداخێك ئاو بەدەستی راستییەوە..

(٢) مولازم تەحسینو شتی تریش..، د. فەرهاد پیربالّ، لەبلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژ، ٢٠٠١، سلێمانی "ئەختەر چەندی دەیکردو دەیکرد، نەیدەتوانی دەسبەرداری عەشقی جوامێر بێت" ل٤٦-٤٧.

(٣) مولازم تەحسینو شتی تریش..، د. فەرهاد پیربالّ، لەبلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژ، ٢٠٠١، سلێمانی "ئەختەر لەدڵی خۆیدا بەراوردی هەڵوێستی مولازم تەحسینی لەگەڵ هەڵوێستی جوامێر دەکرد ل٥٨".

(٤) مولازم تەحسینو شتی تریش..، د. فەرهاد پیربالّ، ل٢،١.

(٥) ژان بودریار، زیهنییەتی تیرۆریسم، لۆمۆند، ٢٠٠١/١١/٣.

(٦) مەبەست لەڕۆمانەکانی واقیعی بەلزاکییە؛ زۆربەی ڕۆمانە کوردییەکانیش دەگرێتەوە.

(٧) بۆ نموونە: "قومبەلەیەکی دیکەش فڕێ درابووە ناو مەعمەلی جگەرەکەو هەژدە کەسی کوشتبوو، تازەش دوو سێ ڕۆژێك بوو، دەزگیر کرابوون کە چووبوون پارێزگاری کەرکوك "تیرۆر" بکەن"ل١٤، تیرۆر وشەیەکی نێگەتیڤە بەلاّم لێرە خراوەتە نێو دوو کەوانەی بچووکەوە لەپێناوی نوێترالیزەکردنی، بەلاّم هەمان وشە کاتێك لەلایەن مولازم تەحسینەوە بەکار دێت، لەنێو جووتە کەواندا نییە، بۆ نموونە: "ئەم تاوانە خۆیناوییەی ئەمڕۆ، وەك سەدان تاوانی دیکە، وەك مۆرێك بەسەر نێوچەوانی ئەو تیرۆریستو تێکدەرانەوە دەمێنێتەوە، ل٧٦".

(٨) مولازم تەحسینو شتی تریش.. د. فەرهاد پیربالّ، لەبلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ ٢٠٠١ سلێمانی، ل٤٧.

(٩) بارۆك: جۆرە ستیلێکی سەدەی شانزەم بوو کە خەسڵەتی قۆقزیی‌و رووکەشی پێوە دیاربوو.

(١٠) بۆ نموونە: "باشە، بەڕاستی، سەرەڕای هەموو شتێك، من بۆچی شوو بەمولازم تەحسین نەکەم؟!"ل٤٢.

(١١) بۆ نمونە: ١- ئازاد پەرداخە ئاوەکەی هێنا، ٢- ئازاد، پەرداخە ئاوەکەی هێنا، لەیەکەمیان، ئازاد بکەرەو لەدووهەمییان، بکەر نادیارەو یەکێك بانگی ئازاد دەکات، واتە ئازاد تۆ پەرداخە ئاوەکە مەهێنە، ئەوی نادیار پەرداخە ئاوەکە دەهێنێ.

هەموومان لەژێر پاڵتۆکەی کۆمەڵەوە هاتووینەتە دەرەوە..!



نازاد تۆفیق

پێشەکییەکی پێویست ..

سەرەتا دەبێت هەموو ئەوە بزانین ئەمڕۆ تێڕوانین بۆ ئەدەب وەکی دوێنێ نییە .. هیچ دەق و دانراوێکی ئەدەبی بە ڕاستەو پەڕگالی هیچ فێرگەیەک ناپێورێت . دەقی ئەندێشەمەند .. وێنەی شیعری جوان .. نۆتەی پڕ ئاواز .. لەوە گەورەترە لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیاو زەوابتەکانی قوتابخانەیەکی هونەرییەوە سەیر بکرێت . ئەندێشەکانی نوسەر نە لەچك دەکرێت و نە رادەی ئیلتزام بوونیشی بە هیچ فێرگەیەکەوە دەتوانێت ڤیزەی پەرینەوەی بۆ زهنی خوێنەر پێ ببەخشێت . چونکە گۆرانکارییە بەرچاوو تێژرەوەکانی ناو ژیان و کۆمەڵ .. داهێنانە بەرفراوانەکانی تەکنەلۆژیا .. کارێکی وایان نەك تەنها لەسەر پانتایی ماتریالیانەی کۆمەڵ ، بەڵکو لەسەر گشت کایە مەعرفیەکانیش بەشێوەیەك کردووە کە هیچ بوارێکی فیزیکی ... ئۆرگانی ... بایۆلۆژی ... مێژوویی.دەرونی نەماوە زانستێکی تایبەت و پسپۆری شارەزاو لێهاتووی خۆی نەبێ و لێکۆلینەوەو توێژینەوە لەسەر لایەنە جۆراو جۆرەکانی و ... پێکهاتەو .. سەرهەڵدان و .. سیما و .. نەش و نماو .. جیاکاریەکانیەوە نەکات.

گەر لە ساڵەکانی پێش سەدەی رابردوداو هەندێك لە زانستە دیارو بالاّ دەستەکانی نێو بواری مەعریفە شتێك لە تێکەڵاوی یان جیانەکراوەیی تێدابووبێت ، ئەوا ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە هیچ دەرکەوتەیەکی ناو ژیان و ژیار نەماوە پۆلێن نەکرابێت و زانستێ لە زانستەکان نەیگرتبێتە خۆو لە ناوەندی ئیشکردنیشیا چەندین قسەکەری نەبێ و رادەی کارابونی و رەهەندەکانی لێك نەدرابێتەوە . بۆیە لەم نێوەندەدا ئەدەبیش وەك ژانرێکی زیندوو .. کایەیەکی مەعریفی .. لەم پۆلێن کردنەدا بێبەش نەبوەو ئامادەیی و بەرچاو روونی خۆی لێوە دیارە . ئەمڕۆ ئیتر ئەو زەمەنە بەسەر چوو کێشە زەبر و گەرەکانی ناو کۆمەڵگا بە دەقێکی ئەدەبی ناسك چارەسەر بکرێت.

ئەمرۆ مەهامەکانی دەقێکی ئەدەبی ، مەهامەکانی گەیاندنی ئایدۆلۆژیاو .. پەند لیوەگرتنی مێژوو .. ئیشکالیەتی ناو سیاسەت نییە . ئەمرۆ بە حکومی تایبەتیەتی (خصخصه) زانستی تر هەیە لە جیاتی ئەدەب و بواری تر هەیە لە جیاتی دەق و پسپۆری تر هەیە لە جیاتی نوسەر .. قسەبکات و تەسریح بدات بۆیە گەر نەڵێین ناشێ و ناکرێت ئەوا دەکرێت بڵێن قورس و گرانە ، لەیەک کاتدا داوا لە دەقێکی ئەدەبی بکەین و بڵێین.. کوا چێژی ئەدەبی و کوا ئێستاتیکای هونەری و .. کوا وەزیفەی مەعریفی و پەیامی مێژوویت .

چونکە دەق و دانراوی ئەدەبی ، ئەمرۆ هێندەی ئەدەبە نیو هێندە سیاسەت نییە .. هێندەی جوانکارییە نیو هێندە ئایدۆلۆژیا نییە .. هێندە کەشف کردنی نهێنیەکانی ناخی مرۆڤە . نیو هێندە قسەکردنی نییە لەسەر گێرانەوەو ئیشکالیەتی مێژوو. ئەمرۆ دەقێکی ئیستاتیکی جوان کە ئیش لەسەر دروست کردنی شانەیەک دەکات لای هەنگێک لەو دەقە نەمرتر کە ئیش لەسەر دروست کردنی شانەیەک دەکات لای هاورێیەک کە بە زمانی زبری سیاسەت نوسرابێت . چیرۆکێکی هونەری کە بە زمانێکی روون و شەفاف و بە تێروانێنی پر سەلیقەی ئەدەبیەوە باس لە موعاناتی تەنهایی شەوانی بێوەژنێک دەکات ، لەو دەقە کاریگەرترە بە زمانی راپۆرتی سیاسی باس لە برایەتی نەزۆکی کورد و عەرەب دەکات .

بۆیە من پێم وایە ئەستێرەی ئەم حەقیقەتە ، لای دکتۆر فەرهاد لە هەموومان زیاتر درەوشاوەترە و چاو خشاندنێک بە بیلۆگرافیای سەرجەم چیرۆکەکانی لەمەوبەری دکتۆریشدا ، ئەو راستیەمان لا زیاتر چەسپاوترو بەرجەستە تر دەکات . بەڵام ئەوەی جێی پرسیار و گومانە ئەوەیە ... ئاخۆ بۆ کاک دکتۆر لەو حەقیقەتەش باش ئاگاداربوو کەچی بە پێچەوانەی ویست و قەناعەتی خۆیەوە دەست دەداتە قەڵەم و نۆڤلێتێکمان بۆ دەنوسێت ، کە بە حسابی خۆی ..مێژوو.. .. رووداو .. حەقیقەت .. پەند و مەهامی تێدایە . ئایا ئەم نوسەرە لەم کاتەدا لەو عەریزە نوسە ناچێت کەلەسەر داوای مشتەرییەکانی پەرە رەش دەکاتەوە !؟ ئایا گەر بڵێین کاسەی ئەم نوسینە بێ ژێر کاسە نییە بە هەڵەدا دەچین و بوختان دەرهەق بە قەڵەمێک دەکەین !؟ ئایا ئەم نۆڤلێتە وەک شاری حسێن عارف و.. قەڵای دمدمی عەرەبی شەمۆو .. دایکی گۆرکی .. دەچێتە خانەی نۆڤلێتی مێژوویییەوە !؟ بۆیە ناچارین لەبەردەم ئەم راستیانەی سەرەوەدا مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەم نۆڤلێتەدا بکەین و خوێندنەوەیەکی تایبەتیشمان بۆی هەبێت . ئەویش لەبەر ئەو مێژوو .. رووداو .. جیاکاری و .. مەهامە مەعرییفیەی کە دەقەکە خۆی فەرزی دەکات بەسەرماندا . چونکە ..

یەکەم / لە رووی نوسینەوە ئەم دەقەو ئیشکردن تیایدا بریتی نییە لە فەنتازیاو خەیاڵی چنراوی رووت و زادەی هزرو بیرکردنەوەی نوسەر نییە بەتەنها

دووەم / لە رووی مێژوویییەوە ئەم دەقە بریتیە لە قسەکردن لە قۆناغێک یان وردتر بڵێن چەند ساڵێکی دیاری کراوی نێوان ساڵانی (١٩٧٧ – ١٩٨٣) ی شوێنی لە شوێنەکانی ئەم دەقەرە.

سێیەم / لە رووی جوگرافیەوە ئەو پانتاییەی کە ئەم دەقە گەمەی خۆی تیا دەکات و کاراکتەرەکتنی تیایدا رۆڵیان هەیەو شەو رۆژی تیا بەسەر دەبەن ، شاری سلێمانییە کە شوێنێکی دیار و بەرچاوە .

چوارەم / لە رووی رووداو هەندێک موفرەدات و ئیدیۆم و ناوی کەسانی هەڵسوراوی ناو دەقەکەوە ، ئەوا رووداوەکان نامێژوویی و .. موفرەداتەکان ناراستی و .. ئیدیۆمکان نامۆو .. هەندێ لەو کەسانەش کە لەم دەقەدا ناویان هاتووە یان راستین و بە فیعلی وجودیان هەیەو لە ژیاندان . یان ناوێک لەناوە لێکدراوەکان راستین و بە ئەنقەست دانراون و

بێگومان زەمەنە مێژوویی زەمینە جوگرافیەکەش دیارە .

بۆیە گەر (پێشمەرگە)ی (رەحیمی قازی) باس لە شۆرشی کورد لە رۆژهەلاتدا و .. (بیرەوەرییەکانی مالّی مردووەکان) ی‌دستۆفسکی باس لە زولّم و زۆری قەیسەر و ئەشکەنجەدانی زیندانەکانی سیبریا و .. (کاریتە)ی یەشار کەمال باس لە ژیان و گوزەرانی کوردی (چوقورئاوا) بکات، ئەوا نۆڤلێتی (مولازم تەحسین و شتی تریش) باس لە خەباتی رێکخستنەکانی کۆمەلّە – بەلّامبە سەقەتی – کچێکی سۆزانی گەرەکێکی ئەم شارە – بەلّام بە تەعمیمی – نیشاندانی شەخسیەتێکی ئەمنی وەك ملازم موحسین – بەلّام بە ئینسانی – چالاکی پێشمەرگانە –بەلّام بە ئیرهابی لە سالاّنی ۱۹۷۷ تا ۱۹۸۳ی شاری سلێمانی دەکات. بۆیە دەکرێت لە رووی مێژوویییەوە هەلّەکانی راست بکرێتەوە و لە رووی شێوە زمانی نوسینەوە قسە لەسەر ئەو شێوە ئاخاوتنە بکرێت بەو چەشنەی کەلە دەقەکەدا هاتووەو لەرووی ئەو پەیامەش کە دەقەکە دەیدات بە گوێماندا ، داوای پەیام و وەزیفەی مەعریفی لێ بکرێت.

دیاری کردنی ناوو .. دانانی وێنەی بەرگ

مولازم تەحسین و شتی تریش ناوی ئەو نۆڤلێتە سەدو سی چارەکە پەڕەیە کە دکتۆر فەرهاد لێیەوە باس لە سێ تا چوار سالّی شاری سلێمانی ، لەماوەی پێنج شەش رۆژدا و لەسەردەمی حکومرانێتی بەعس و حاکمیەتی عەسکەری پیاوێکیئەمنی وەك مولازم موحسین دەکات لەم شارەدا . سەرەتا ناوی نۆڤلێتە کە مولازم تەحسین بێت یان مولازم موحسین ، ئەوا من هیچ داهێنان و فەنتازیەك لەو گۆرانکاریەدا نابینم ، هێندە نەبێت دەپرسم ئاخۆ ئەو هۆیە چییە والە نوسەرێك بکات ئامادەبێت بێ دوودڵی ناوی قارەمانێك بە حەقیقی لە ژیاندا بکاتە کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکەی و هیچ ناوێکی خوازراوی بۆ نەدۆزێتەوە، کەچی ئامادە نەبێت ناویشانی



نۆڤلێتەکە وەك ئەوەی خۆی کە لەواقعدا هەبووە بنوسێ و دابنێ. بە مەرجێ هەلّبژاردن‌و دانانی ناونیشان بۆ هەر کارێکی ئەدەبی دکتۆر خۆی دەزانێ چەند گرنگەو بگرە پەیوەندی بە وردەکاری و سەلیقە و تەنانەت زیرەکی و زەوقی نوسەریشەوە هەیە . بۆیە زۆر دورنییە گەر بلّێم ئازایی و بوێری لەم ناونانەدا کەم تا زۆر رۆڵی خۆی هەیەو مەحاڵ نییە گەر ئیشی خۆیشی لەو ئیختیار و دانانەدا لای دکتۆر کردبێ ، ئەگینا رەوایە بپرسم و بلّێم ئاخۆ هونەر لە گۆرینی ئەم ناوەدا چییە؟ ئایا ئەم گۆرین و دەستکاری کردنە هیچ بەهاو جوانکارییەکی داواتە دەقەکە ؟ئایا ئەگەر مولازم تەحسین بێ و مولازم موحسین نەبێت ، خوێنەر نازانێت باسی چیو .. کێ و .. کوێ دەکرێت .. بۆیە لێرەدا من گومان لە دوو شت دەکەم ..

یەکەم .. یان ئەو کەسەی کە چاو ساغ و مامۆستای دکتۆر بووە . لە نوسینی ئەم نۆڤلیتەدا زۆر شارەزا نەبووە .

دووەم .. یان خودی نوسەر خۆی زۆر باش لەناوەندەکەدا نەژیاوەو بێ ئاگا بووە، ئەوەندە نەبێ

که بیستویەتی مولازم تەحسینێ هەیە لە سلێمانی بە هەوەسی خۆی قەتل و عامو حاکمیەتی خەڵکی ئەو شارە دەکات . ئەگینا حیکمەت لە گۆرینی موحسین بە تەحسین چییە لەم نۆقلێتەدا !؟ هەرچی تابلۆی سەربەرگیشە ئەوا پێم وایە ، پەیوەندییەکی مەنتقی لە نێوان ناوی نۆقلێتەکەو وێنەی سەر بەرگی دەقەکەدا هەیە . چونکە برگەی دووەمی ناوی نۆقلێتەکە دەڵێ (شتی تریش) واتە لە تێروانینی کاك دکتۆردا جگە لەو (١٣٠) چارەکە پەڕەیە هێشتا (شتی تریش) لە گومان و .. رووداو .. نێهنی تر .. ماوە کە شایەنی خستنە روو لەسەر نوسین بێ . وە تابلۆی سەر بەرگەکەش کەوێنەی کەسێکی زیندووەو بەیەك چاو لە پشت کارتێکی سپییەوە سەیر دەکات ، خودی شەخسی کاك دکتۆر خۆیەتی کە بەو پەری کاملی و بەچاوی خۆی و لە هەڵوێستی بە پێوە وەستاندا خراوەتە روو .. بێگومان ئەم سێکچە هێماو .. ماناو .. دەلالەتی خۆی لە هێزو .. هەزرو .. کۆنترۆڵی داهەیە و بەکارهێنانی یەك چاویش لەو تێراوانین و سەیر کردنەدا کە چاوی راستیەتی هەروا کارێکی رێکەوت نییە و بێ مانا ئەو وێنەیە نەکراوەو دانەنراوە . چونکە گەر لە روانگەی زانستەوە سەیری شتەکان بکەین ، ئەوا چاوی راست لە رووی بینین و سەرنج و دیقەتەوە گەر بە پۆینتێکی بچوکیش بێ لە چاوی چەپ بەهێزتر و تیژ تریشە . جامن بزانم بۆیەکاك دکتۆر چاوەکەی تری بەکارنەهێناوە ئەوە لێدانی زەنگە بۆ زانینی (شتی تریش) .. بۆ نوسین و .. خستنە روو .. گێرانەوەو .. تێروانینی تر. ئەڵبەتە (چاوەکەی تریش) گەر بخرێتە کار (شتی تریش) ئەڵێ و قسەی خۆی ئەبێ . بەڵام بە پێی ئەو ئیدیۆمەی کە دەڵێ کنگرو ماست بە وادەی خۆی ئەوا ئەمیش لە وادەو زەمان و زەمینی خۆیدا بە هۆی چاوەکەی تریشەوە (شتی تریش) دەدرکێنی و دەیکاتە نۆقلێتێکی ترو لێیەوە بە هەندێ روداوو نێهنی تر زیاتر ئاشناترمان دەکات. بۆیە دەڵێم تابلۆکە وێنەی دەقاو دەقی مانا شاراوەکانی تری ناو دەقەکەیە کە خۆی لە (شتی تریش) دا دەبینێتەوە.

شوێن و پانتایی دەق :

دیاری کردنی پانتاییەکی جوگرافی لە شوێنێکی دیاروو بەرجستەبووی واقعیدا لە دەقێکدا ، نەکاریکی سەرپێیەو ..نەرێکەوتەو نەلەخۆڕاهاتوە – راستە مولازم محسین چەندسالێك لەم شارەدا ئەمن بووە– بەڵکو راستیشە گەر هەوڵ بدرێ بۆ سود وەرگرتن لەو جوگرافیەو مێژووەکەیو تەوزیف کردنی لە دەقێکداو بگرە کارێکی تابلێیی دروستو بەجێیشە . بەڵام دەڵێین نەك بە شێوەیەکی چەواشەو شێواو، کە هەر کەسێك لە دەرەوەی ئێمە گەر سبەی رۆژ ئەو نۆقلێتە بخوێنێتەوە بەمەرجێك شارەزای مێژوو خەبات و قوربانی دانی ئەم شارە نەبێت ئەوا رقی لەو جوگرافیاو لەو هەناوەش دەبێتەوە کە رووداو حەدەسی وا ناجیزەو ..کەسێتی وا مەشلولو... بزوتنەوەی سیاسی وا سەقەتی لێ دەبێتەوە . بۆ یە حەقی خۆیەتی گەر بڵێین بەمەیان دکتۆر گەورەترین غەدری لەو شارە کردووە کە مێژوویەکی سەنگینی لە پانتایی دووسەد ساڵەی تەمەنی دا لەناو گەلێکی بندەستدا بۆ خۆی تۆمار کردووە . مێژوویەکی وا کە لەرەوتی ژیاندا هێندە ئەولەویەت و یەکەمی وای لە داهێناندا هەیە گوناهما دەگات، گەر مشتێك لەو خەرمانی سەروەریانەی نەخەینە پێش چاوی کاك دکتۆر. چونکە ئەو شارەی کە پانتایی دەقێکی وەك (مولازم تەحسین و شتی تریش) ی گرتۆتە خۆو کاراکتەرەکانی شەوو رۆژی تیا بەسەر دەبەن و کەسانی وەك ئەختەرو.. بنارو .. ست نیهایەتی بەرازیلییەکە .. گەمەی ناشیرین ناشیرینی تیادەکەن ، ئەوا لە مێژووی راستە قینەی خۆیدا نەك لەو تەوزیف کردنە سەقەتەی ناو دەقەکەدا ئەم سەروەریانەی هەیە .

١. سەرەتای شیعری کلاسیکی کوردی لەسەر دەستی شاعیرانی گەورەی گەلەکەمان (نالی و

سالم و کوردی) لەم شارەوە لەدایك بوەو .. نەش و نمای کردوەو .. کەوتۆتە سەرپێ .

٢. بۆیەکەم جار شیعری نوێی کوردی لەسەر شاعیرانی گەورەی وەك شێخ نوری و گۆراندا لەم شارەوە سەری هەڵدا.

٣. یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردی چیرۆکی (لەخەوما) ی منەوەری گەلەکەمان جەمیل سائیبی ئەم شارەیە .

٤. شەرەفی یەکەم مەلیکی کوردستان و یەکەمین حکومەتی کوردی ، تەنانەت پێش دروست بوونی دەوڵەتی (عێراق)یش بەم شارە برا.

٥. یەکەم شەهیدی مەعریفە کە تێروانینی زانستیانەی بۆ سروشت و بوون و کۆمەڵ هەبووە ، جەمال عیرفانی ئەم شارە بوو.

٦. یەکەمین چەخماغەی هەردوو شۆرشی گەورەی گەلەکەمان لەم شارەوە بزیسکی دا .

٧. رۆژهەلات ناسێکی گەورەی وەك مێجەرسۆن لە سالی ١٩١٩ شایەتی دا لەسەر زیندویەتی ئەم شارەو وریایی خەڵکەکەی بەوە دەدات ، کە راپۆرت بۆ بەریتانیای گەورە دەنوسێت و دەڵێ (بۆبەدبەختی ئێمە خەڵکی موتەئەسیر بە ئەفکاری بەلشەفی لەم شارەدا هەیە).

جامن لێرەدا خوێنەری وشیار دەکەمە حەکەم و دەڵێم ..

شارێك لەبزوتنەوەی ئەدەبی دا داهێنەرو .. لەدامەزراندنی یەکەمین حکومەتی کوردیدا ئەولەویەت و ... لە بەخشینی شەهیدی مەعریفەدا سەرقافلەو ..لەسەر هەڵدانی شۆرش و بەرنگاربوونەوەدا پێشەنگ بێت. مانایچی نوسەرێکی زمان زانی دونیا دیدەی خاوەن بروانامە ، لە بێشەو چەمی چرو پری ئەو شارەدا تەنها چەقەڵەکانی ئەختەرو بنار و ..فلان و فلان دەبینێت و ئیتر بە ئارەزووی خۆی ئەکەوێتە وێزەی ئەو شارە و جامی قین و غەزەبی بەسەردا قڵپ دەکاتەوەو دەیکاتە نمونەو نۆقلێکتێکی لەسەر دەنوسێ و بە هیواشە وەك دەقێکی ئەدەبی کە سودی لە مێژوو وەرگرتبێ و بەحەدەس و رووداوی واقعی موتوربە کرابێت ، ئەوا لە سبەی رۆژداو نەوەکانی داهاتوو بیکەنە سەرچاوەو زانیاری بە پێزی لە رووی سۆسیۆلۆژیەوە لەسەر کەسێتی و چەند سالێکی مێژوویی شارەکەیانی لێ وەربگرن.

گەر نوسەر بڵێت مێژووی چی.. من کەی مێژوونووسم و کوامێژووم نوسیوە ! من نوسەرم و هیچی تر... ئەوا پێی دەڵێن گەر نوسەرێ لە دەقێکدا باس لە سالانێکی دیاری کراوی شاری سلێمانی بکات و .. لەسەر شەخسیەتێکی واقعی وەك مولازم موحسین بنوسێ و .. ناوی کەس و لایەنێکی حەقیقی ناو ژیانی هێنابێ و .. قسە لەسەر تیپ و مەفرەزە و چالاکی پێشمەرگانە بکات و .. تێروانین و ئایدۆلۆژیای رێکخراوێکی دیاری کراوی ئەو قۆناغە بداتە بەر تەشەرو پلار.. ئەی ئەمە ئەگەر مێژوو نییە چییە ..! گەر تەوزیف کردنی مێژوو تەنانەت موخاتەبەکردنی سەقاتانەیشی نییە ئەی چییە و ئاخۆ کاك دکتۆر چ ناوێکی تری لێ دەنێت !؟

ئایا هەر کەسێك بیست و پێنج سالی تر سەیری ئەم نۆقلێتە بکات ئەوا تف لەو شارەو .. بێزلە کەسەکانی و ... نەفرەت لەو لایەنە سیاسیەش ناکات کە لەو سالانەدا شانی دابووە بەر خەبات و بەرەنگاربونەوە !؟ ئایا سلێمانی هیچ رووبەکی گەشی لە بەرەنگاری و هیچ هەڵوێستێکی لە بەپێوە وەستان بەرامبەر بە مولازم موحسین و ئەو رژێمەی کە چەندینی وەك ئەویشی ئاراستە دەکرد نەبووە ، تا لای کاك دکتۆر مایەی سەرنج و تێرامان بێت و بیکاتە مادە و شایەنی لەسەر وەستان و لەسەر نوسین بێت. راستە نوسەر ئازادە و هیچ کەس بۆی نییە پۆلیس و بەر پرس بێ بەسەر نوسەرەوە تا بزانێت چی دەنوسێ و چۆن نانوسێت و لەهەمان کاتدا نوسەریش نابێت بە زورنا ژەنی هیچ هێزو

دەستەو لایەنێك . بەڵام ئازادی نوسین .. سەربەستی فکر. هەرگیز تەوزیف کردنی سەقەتانەی مێژوو .. بوختان .. چنینی رووداوی ناراست .. ئاوەژووکردنەوەی راستی .. بۆهیچ نوسەرێك ناسەلمێنێ و رێ پێ نادات . لەلایەکی ترەوە ئایا ئەو گەرەکەی کە لەم نۆقلێتەدا هێمای بۆ کراوە ، ئەو گەرەکە زەعیف و سۆزانی و هەمیشە پاڵکەوتووەیە، واکاك دکتۆر بەتەوسو بێزەوە لەسەر ئەو گەرەکە دەنوسێت و بەزمانی ئەختەرەوە سێ جار ئیشارەت بە دەعوەتی مولازم تەحسین دەکات بۆ کفتەی سابونکەران و لە لاپەرە ٩٩ی نۆقلێتەکەشدا جوگرافیەکەی دیاری دەکات ! ئایا ئەمەشیان ناهەقیەکی ترو غەدرێکی گەورەتر نییە لە مێژووی ئەو گەرەکە دێرینەی کە دۆست و دوژمن شایەتی قارەمانێتی ئەو رۆژانەین .. بۆ ئەوەی کاك دکتۆر جارێکی تر گەر ویستی نۆقلێتی بنوسێ و سوود لە مێژوو وەرگرێ و بەهەڵەدا نەچێت ، ئەوا دوو هەڵوێستی بچوکیشی لەسەر ئەو گەرەکە بۆ بەیان دەکەم هەر بۆ ئیزافەی معلوماتی و هچی تر . چونکە ئەو نوسەرانەی کە مێژوو تەوزیف دەکەن لە ئەدەبدا ، ئەبێ زۆر باش ئاگادار و شارەزای مێژووبن، بۆ ئەوەی هەرکە خوێندەوە ، ئەوا سەرباری چێژی ئەدەبی و ئیستاتیکی لە هەمان کاتدا بە زانیاریەکانیشی بەهرە مەند بن .

یەکەم .. لە سالّی ١٩٣٠ دا کە راپەرینی شەشی ئەیلول لەم شارەدا رووبدا ئەوا پزیسکی ئەوا راپەرینە لەسەر دەستی بێ کەسی شاعیر و قوتابیانی قوتابخانەی (زانستی) گەرەکی سابونکەاندا بوو .

دووەم .. پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) یەکێکە لەو پارتە کوردیانەی گەر سبەینێ هەر مێژوو نوسێك بیەوێت مێژوویەکی سەد لاپەرەیی لەسەر بزوتنەوەی کوردایەتی لەم بەشەی خۆماندا بنوسێتەوە، ئەوا ناتوانێت چەند پەرەیەك بۆ ئەو پارتە و دروستبوونی و... خەبات و .. قوربانیانی تەرخان نەکات . بۆزانین و ئیزافەی مەعلوماتی کاك دکتۆر ئەوا ئەو رێکخراوە لەو گەرەکەدا لە دایك بووەو زۆربەی شەهید و پێشمەرگەو سەرکردەکانیشی لەدایك بووی ئەو گەرەکەن کە دکتۆر تیایدا تەنها (ئەختەری) تیا دەبینێ و دەیکاتە نمونەی خەبات و تێکۆشان .

بۆیە گەر کافتریای سانجرمان لە پاریس بۆ سارتەو .. مەقهای پەرلەمان و بەرازیلی لە بەغدا بۆ شاعیران و داهێنەرانی وەك بایاتی و جەواهیری و... گازینۆی (تلّێ تلّە) لە دیمەشق بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان .. مایەی شانازی و شتێ لە یادگار و مێژوو خۆشەویستی بێت . ئەوا سابونکەرانیش بۆ حزبێکی وەك پاسۆك هەمان مێژوو .. هەمان یادگار و هەمان خۆشەویستییە . ئیتر نازانم کاك دکتۆر لەبەر رۆشنایی چ دیکۆمێنتێکی باوەڕ پێکراوو بە چ پێودانگێك و لەبەردەم ئاوێنەی کام مێژوو ویژادانەدا ئەم خوێندنەوەیەی بۆ ئەمشارە و ئەو گەرەکە و کەسەکانی هەبووە.

هەندێ وردەکاری ناو دەق

پێم وایە کاك دکتۆر لە نوسین و بڵاوکردنەوەی ئەم نۆقلێتەدا زۆر پەلەی کردووە . یان پاش نوسین و تەواوبوونی کارەکەی بە وردی پیایدا نەچوەتەوە و بوردە کاریەکانیەوە خۆی ماندوو نەکردووە. ئەو سێ سکێچەش کە لە لاپەرەی یەکەمی نۆقلێتەکەدا هێمای بۆ کراوە ، بۆ رێ ون کردن و نیشاندانی پێشینەی نوسینەکەیە . ئەگینا من بزانم ئەم نوسینە دەستپێکردن و ..نوسین و .. کۆتایی پێهێنانی لە فکری نوسەردا چل رۆژی نەبردووە. بۆیە باکی بە هەندێك هەڵەی زەقی مێژوویی‌و زمانەوانی نەبووە . چونکە گەر ئەو نۆقلێتە سێ سکێچی هەبوایە ئەوا لە نوسینێکی سەدو سی چارەکە پەرەیدا . کەر ئەگەر لاپەرەری ئاسای چاپ بکرایە ، لە (٢٥)پەرەی فولسکاب تێپەری نەدەکرد. ئەو هەموو هەڵە مێژوویی و زمانەوانی‌و غەفڵە تیەی تێ نەئەکەوت و

بەهەڵە ئیدیۆمی ناوچەیەکی بەناوی ناوچەیەکی ترو ئاخاوتنی ناوچەیەکی بە زمانی ناوچەیەکی تردەوە فەرز نەدەکردو بەکاری نەدەهێناو هەندێك کاریگەریش نە دەکەوتە ناو نۆڤلێتەکەیەوە . بۆیە داواکارین خوێنەری وشیار بە دیقەتەوە سەیری ئەم ڕەخنەو سەرنج و تێبینیانەمان بدات و خۆی ببێتە حەکەم و سەرپشك بێ بەسەر نۆڤلێتەکەوە ، تا بزانێت ئێمەش سەرپێیانەو دکتۆر ئاسا بەیەکچاو سەیردەکەین و حوکم دەدەین. یان سەرنج و تێبینیەکانمان ڕاستن و مەنتقین و لەجێی خۆیدان.

١. مولازم موحسین لە ساڵی ١٩٧٧ دا هاتۆتە ناو شاری سلێمانی و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣یشدا بارگەو بنەی ڕەشی خۆی پێچاوەتەوەو ڕۆیشتوە. ئەو ئەمنە سورەش کە قەڵای باستیلی بەعس بوو لەبەردەم ورەی ڕۆڵەکانی شارەکەی ئەختەردا بەرگەی چل سەعاتی نەگرت ، لەساڵی ١٩٨٣ دا بناغەی ڕەشی لێ دراوە . واتە کاتێك مولازم موحسین وەك دالّی ڕەش بالّی بەسەر شاردا کێشا بوو ئەوا ئەو مولّگەی جاسوسانە هێشتا دروست نەکرابوو. ئیتر نازانین کاك دکتۆر چۆن مولازم موحسین و ئەمنە سورەکەی شان بە شانی یەکو لەیەك کاتداو هاوزەمەن پێکەوە گرێ داوە .

٢. لە لاپەرە حەوتدا لە دوو پەرەگرافدا کاك دکتۆر وەسفی هەردووکاراکتەر مولازم تەحسین و جوامێر دەکات لەسەر زمانی هەریەکە لە خۆیانەوە. گەر خوێنەر بە وردی سەرنج بدات ئەوا هەست بە جۆرێ لەتەحەیوز دەکات لەو وەسف کردنەدا بەلای مولازم تەحسیندا و شتێ لە غوبن و کۆڵی نارەزایی و بگرە هەندێ ئیهانەیشی بۆ خودی جوامێر لەسەر زمانی جوامێر خۆیەوە دەخوێنێتەوە ئەوەتا نۆڤلێتەکە لەوەسفی مولازم تەحسیندا دەڵێ..

– من عارەبم بەعسیم، زابگ ئەمنێکم .وەك خۆتان پێم دەڵێن (پیسترین زابگ ئەمنی ئەم شارەم) تۆی پەپولە.. ل٥

لای هەموو کەس ئاشکراو دیارە .. (عەرەب)بوون وەك پۆلێن کردنی ئەتنیکی بۆ هیچ کەسێ نەمایەی شەرمە نەعەیب و عارە . چونکە گەلی عەرەب وەك گەلانی تری دونیا خاوەنی مێژوو .. کەلتور ..شارستانیەتی تایبەتی خۆیانن . هەرکەسێ کە لە ڕووی ئەتنیکیەوە عەرەب بێ ، ئەوا هیچ کەس ناتوانێ و بۆی نیە ئەو (عەرەب) بوونەی بەلەکەیەك یان خوانە خواستە بەکەم و کورتی بدا لە قەڵەم . مەگەر ئەو کەسە کەسێکی شۆفێنی یان ڕەگەز پەرست و بیرتەسك بێ . هەروەها ئەم ڕاستیە بەرامبەر بە کوردو بۆ گەلی کوردیش هەمان شتە .

بەهەمان شێوە (بەعسی) بوونیش وەك ئینتمایەکی سیاسی بۆ ئێمەی کورد کە گەلێکی بن دەست و داگیرکراوی ژێر چەپۆکی بەعسیانین ، ئەوا پێمان شەرمە و لامان سوکیە . ئەگینا بەعسی بوون وەك موفرەدەیەك هیچ کات سیفەتێکی ناشایستە نیە و ناتوانرێ بەو وشەیەکی موهان ناوبرێ و بنرێ بەکەسێکەوە .هەرچی وشەی (زابگ ئەمن) یشە ، ئەوا وەك هێمایەك بۆ دیاریکردنی شێوەیەك لە شێوەکانی دەسەڵات بەهەمان چەشنی وشەی دووەم بۆ ئێمەی گەلێکی داغکراو دەکرێ ناشیرینو ناپەسەندبێ . ئەگینا ئەو وشەیەش لە فەرهەنگا نەتەعنەو نەلەکەیشە بۆ هیچ شەخسێك و بۆ هیچ کەسێ . بۆیە پێم وایە بۆ ئێمەی کورد چەندە عەیبە و چەندە مایەی شەرم و ڕەخنەیە گەر بڵێن..

من کوردم .. یەکێتیم ، زابتێکی ئاسایشم تۆی پەپولە ..

من کوردم پارتیم زابتێکی ئاسایشم تۆی پەپولە .. بۆ ئەویش هەر هێندە عەیبە کە دەڵێ ..

من عەرەبم . بەعسیم زابگ ئەمنێکم . تۆی پەپولە ..

هەتا کاك دکتۆر ئەو وشەیەی کە رویەکی هەندێ نێگەتیڤی هەیەو دەڵێ .. (*پیسترین زابگ ئەمنی ئەم شارەم*) ئەوا ئامادەنیە بەسەر زمانی مولازم تەحسین خۆیەوە بدرکێنێ و پێمان بڵێ. بەڵکو ئەڵێ وە ك خۆتان پێم ئەڵێن، واتە مولازم تەحسین خۆی بەخۆی نالێو خۆی پێی وانییە کە (*پیسترین زابگ ئەمنی ئەم شارە*)یە .. بەڵکو ئەوە لای خەڵکی ئەم شارەو دانیشتوانەکەیەتی کە ئەو (*پیسترین زابگ ئەمنی ئەم شارە*)یە . بەکوردی بەکورتی دکتۆر ئامادە نەبووە نەقسەیەکی ناشیرین .. نە ناڕەزاییەك .. نەخوا نەخواستە وشەیەکی سوك لەسەر زمانی مولازم تەحسینەوە بە خۆی بڵێ و بۆ ئێمەی بنوسێ، کەچی بە پێچەوانەی وەسفەکەی تەحسینەوە لە وەسفی جوامێردا و لەبەشی دووەمی هەمان لاپەرەدا جوامێر بووە .. بە سەرسەری .. جەللادو .. بێ ویژدان .. ئەوەتا دەڵێت..

–من پێشمەرگەم ، هەتا عومرم ماوە هەردەبێ بەم شاخەوە بم: بێ مآڵ و حآڵ ، سەرسەری : هەتا هەتایە هەردەبێ راوی ئەو سەربازو زابگە پێ پەتیانە بکەم کە بەم شاخ و داخەوەن . ل٥

من پێشمەرگەم .. وشەیەکی ئاساییە و هیچ قسەو سەرنجێکمان لەسەری نییە . بەڵام دوای ئەوە کە دەڵێ .. *هەتا عومرم ماوە هەردەبێ بەم شاخەوە بم : بێ مآڵ و حآڵ* .. ئەوا ئەم رستەیە پراوپڕ ناڕەزاییەو دەربرینی بێزاری جوامێرە لەو رێگەیەی کە گرتوویەتیە بەرو بەحساب خەباتی بۆ دەکات . (*سەرسەری*) . ئیهانە کردن و سوکایەتی کردنی جوامێرە بە خۆی (*هەتا هەتایە هەردەبێ راوی ئەو سەربازو زابگە پێ پەتیانە بکەم کە بەم شاخ و داخەوەن*) .. لیوان لێوە لە ناهومێدیو پرە لە بێ تاقەتی و هەست کردنی جوامێرە بەغوبن.

لە درێژەی ئەو وەسفەی کاك دکتۆردا جوامێر جارێکی تر دەڵێ ..

– ئەرێ وەڵآ ئەمە کاسپی نییە تۆکارت هەر ئەوە بێ سەربازوزابگی ناو شارو شاخ راو بکەیت و تەپۆلکە گوناحەکانیان بدەیتە بەرگوللە و ئاربیجی . من ویژدانم لە هەموو ئەوکاتانەدا پێم دەڵێ : (تۆ جەللادیت) ل٦

بۆ ئەمەیان من دوو سەرنجم هەیە .. یەکەمیان ئەوەیە ئەبوایە بیوتایە (تا پۆلکە گوناحەکان) نەك (تەپۆلکەگوناحەکانیان) بۆ ئەوەی لە روی رێزمان و دارشتنەوە رستەکە راست و تەواو بوایە و ماناو مەبەستی خۆی بپێکایە. چونکە ئەو کاتە رستەکە وای لێدەهات .. *سەربازو زابگی ناوشار و شاخ راوبکەیت و تەپۆلکە گوناحەکان بدەیتە بەرگوللەو ئاربیجی*. لەوە دەچێ کاك دکتۆر نەیزانیبێ بەبەکارهێنانی ئەو وشەیەی کە دەڵێ (گوناحەکانیان) ئەوا لە رووی ماناوە کەوتۆتە هەڵەو غەفڵەتێکی واوە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ شەرعیەتی داوە بەو زابتو سەربازو سوپاو دەزگا سەرکوتکەرانە . بەوەی کە ئەوان خاوەنی ئەو تەپۆلکانەن و مافی ساحێب مالّی و خاوەندارێتی بۆ ئەوانە و جوامێری .. *بێ مآڵ و حآڵ .. سەرسەری .. هیچ کاسپیەکی نییە* .. ئەوە نەبێ بە غەدر تۆپۆلکەکانیان ..گردەکانیان .. شاخەکانیان کە ئەوان مولگەو سەربازگەیان لێ داناوە دەداتە بەر گوللەو ئاربیجی .

هەرچی سەرنجی دووەمیشە ئەوا لەسەر قفڵی ئەو پەرەگرافەیە کە دەڵێ ..

من ویژدانم لە هەموو ئەوکاتانەدا پێم دەڵی : (تۆ جەللادیت) ل ٧

ئەمەی دواییان بەڵای منەوە مونتەهای بێزاری و پەشیمان بوونی جوامێرە لەو کارەی کە دەستی داوەتێ .ناڕەزاییەکە کە جوامێری لە هاوکێشە شۆڕشگێڕانەکەدا هەڵگیراوەتەوە . چونکە ویژدان و .. ناخو .. لاشعوری هەمیشە پێی دەڵێ تۆ *جەللادیت .. پیاو کوژ و تاوانباریت*. ئەترسم کاك

دکتۆر بلێ من به ئەنقەست ئەم حاڵەتەم وادانـاوەو مەبەستی تایبەتیشم بووە لە نوسینی ئەو رستەیەدا .. من نوسەرم ئەی وانەکەم چی بکەم .. ! ئەی چۆن باسی دوودڵی و دڵە راوکێ بکەم و ئەی چۆن راستیتە شاراوەکانی ناخی جوامێر بخەمە روو چۆن چۆنی پەردە لەسەر ئەو راستیانەی ناوەوەی مرۆڤەکان کە دڵە راوکێی هەمیشە بیە لابدەم و دەمامکیان لە روو بکەمەوە . بۆ ئەم حاڵەتە دەڵێم باسکردنی دڵە راوکێ .. قسەکردن لەسەر نهێنیە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ.. دووان لە لاشعور لای شێرزاد حەسەن لە چیرۆکی (من و قالە و سەگکەی بافلۆف)دا دەردەکەوێ کە هێندە جوانکاری و سەلیقە و وردەکاری و هونەری تیا بەکارهاتووە بەشێوەیەك دوو قوتابخانەی دەروونی گەورەی وەك فرۆیدو بافلۆفی لەدوو تۆێی دەقێکی ئەدەبی دا جێ کردۆتەوە بێ ئەوەی هیچ کەسێ بریندارو.. هیچ لایەنێ شەرمەزار و .. هیچ مێژوو یەکیش بشێوێنێ. باسکردن لە دڵە راوکێ ، سەلیقەی ئەدەبی و زیرەکی ئەوێ لە هەڵبژاردنی رووداو .. وردەکاری دەوێ لە دانانی کەس و شوێندا بۆیە دەکرا کاك دکتۆر ئەو حاڵەتەی لەسەر شتێکی کۆمەڵایەتی ترو گرنگترتاقی بکردایەتەوە . نەك بکەوتایەتە چەواشە کردنی مێژوو بە رووداو کەس وشوێنەوە . گوایە ویستویەتی قسە لەسەر دڵە راوکێو قەلەقی مرۆڤو تاکی کورد بکات.

لە لایەکە ترەوە دەڵێم .. مرۆڤێ هێندە بە ویژدان بێ بیەوێ پەپوڵە ئاسا ژیان بگوزەرێنێ و ویژدانی ئازاری بدات و تەنانەت خۆی بە (جەلاد) بزانێ کاتێ کە ئەمنێ .. سەربازێ .. زابتێ دەکوژێ کە گوند و تەپۆلکەو شاخ و کەلتوری گەلەکی داگیر کردووە . بەڵام هەمان مرۆڤ و هەمان جوامێر لەلایەکی ترەوە دەستی کچێ دەبرێ و دەیکاتە ژن و دەستی دەستی پێ دەکات و ئامادەش نییە نەك هەر بیهێنێ و بیگوازێتەوە، بەڵکو رێشی بۆ خۆش دەکات بۆ زیاتر رۆچوونی بەناو زەلکاوی لەش فرۆشی دا .کەچی هیچ باکیشی نییە و ویژانیشی یەك تۆز ئازاری ناداو دڵیشی لە ئاستی دا لەبەرد رەقتر . دەپرسین ئاخۆ ئەم شەخسیەتە چییە و ئەم سیفەتانە چ هزرێ ئاراستەی دەکات و لەکوێی ناخی مرۆڤەکاندا کۆدەبێتەوە. ئایا دەشێ مرۆڤێ بەرامبەر بە داگیرکەران بەویژدان بێو کەچی لە ئاستی زاتی خۆیدا جەلاد بێ . بۆیە ئەو قسەیەی جوامێر وامان لێدەکات بڵێین جوامێر لە ئاستی خۆیدا جەلادو رۆح کوژە ، نەك لە ئاستی سەربازو زابت و داگیرکەراندا .

٣. لە لاپەرە (٨٨) ی نۆڤلێتەکەداو لە خاڵی (٣)یەمی دۆسیەکەی جوامێردا واهاتووە..

(دەرکەوت خەت مایلە و لە پێناو پێشمەرگە بەکرێ گیراوەکاندا کار دەکات) من بزانم لە ئەرشیفی ئاسایش و دەزگا جاسوسیەکانی رژێمدا هەرگیز وشەی پێشمەرگە نەنوسراوەو نەبەکار هاتووە . بەڵکو هەمیشە نوسیویانە یان وتوویانە تێکدەرە بەکرێ گیراوەکان (مخرب العملا) نەك پێشمەرگەی بەکرێ گیراو ئیتر نازانین کاك دکتۆر پێشمەرگەی بەکرێ گیراوی لەچی دیکۆمێنتێکدا دیوە.

٤. بڵاوبونەوەی ناوێك لە قۆناغێکدا یان شایع بوونی زاراوەیەك لەسەردەمێکدا ، هەروا لە خۆرا نایەت و بگرە پەیوەندیەکی راستەوخۆو گرێدراوی بەو واقیعە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە لەو رۆژگارەدا تەحەکوم بەسەر کۆمەڵدا دەکات . وەك چۆن لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا و لە کۆمەڵگای خۆماندا بە خوێندەوارانیان وتووە(منەوەر) و لە پاشدا و لەگەڵ پێشەکەوتنەکاندا وردە وردە بووە بە (میرزا) و ئێستایش بە تەواوی گۆراوەو پێی دەڵێن خوێنەوارو رۆشنبیر . ئاوەهاش ناکرێ ئێمە لە خۆمانەوە ناوو زاراوەکانی ئەمرۆ بخەینە ناو زمان و ئاخاوتنەکانی دوێنێ و لە نوسراوو دەقەکانماندا دەلالەتی لە شتێ پێ بکەین . بۆیە پێم وایە

هەتا کاك دکتۆر ئەو وشەیەی کە رویەکی هەندێ نێگەتیڤی هەیەو دەڵێ .. (*پیسترین زابگ ئەمنی ئەم شارەم*) ئەوا ئامادەنیە بەسەر زمانی مولازم تەحسین خۆیەوە بدرکێنێ و پێمان بڵێ. بەڵکو ئەڵێ وە ك خۆتان پێم ئەڵێن، واتە مولازم تەحسین خۆی بەخۆی نالێو خۆی پێی وانییە کە (*پیسترین زابگ ئەمنی ئەم شارە*)یە .. بەڵکو ئەوە لای خەڵکی ئەم شارەو دانیشتوانەکەیەتی کە ئەو (*پیسترین زابگ ئەمنی ئەم شارە*)یە . بەکوردی بەکورتی دکتۆر ئامادە نەبووە نەقسەیەکی ناشیرین .. نە ناڕەزاییەك .. نەخوا نەخواستە وشەیەکی سوك لەسەر زمانی مولازم تەحسینەوە بە خۆی بڵێ و بۆ ئێمەی بنوسێ، کەچی بە پێچەوانەی وەسفەکەی تەحسینەوە لە وەسفی جوامێردا و لەبەشی دووەمی هەمان لاپەرەدا جوامێر بووە .. بە سەرسەری .. جەللادو .. بێ ویژدان .. ئەوەتا دەڵێت..

—من پێشمەرگەم ، هەتا عومرم ماوە هەردەبێ بەم شاخەوە بم: بێ مآڵ و حآڵ ، سەرسەری : هەتا هەتایە هەردەبێ راوی ئەو سەربازو زابگە پێ پەتیانە بکەم کە بەم شاخ و داخەوەن . ل٥

من پێشمەرگەم .. وشەیەکی ئاساییە و هیچ قسەو سەرنجێکمان لەسەری نییە . بەڵام دوای ئەوە کە دەڵێ .. *هەتا عومرم ماوە هەردەبێ بەم شاخەوە بم : بێ مآڵ و حآڵ* .. ئەوا ئەم رستەیە پراوپڕ ناڕەزاییەو دەربرینی بێزاری جوامێرە لەو رێگەیەی کە گرتوویەتیە بەرو بەحساب خەباتی بۆ دەکات . (*سەرسەری*) . ئیهانە کردن و سوکایەتی کردنی جوامێرە بە خۆی (*هەتا هەتایە هەردەبێ راوی ئەو سەربازو زابگە پێ پەتیانە بکەم کە بەم شاخ و داخەوەن*) .. لیوان لێوە لە ناهومێدیو پرە لە بێ تاقەتی و هەست کردنی جوامێرە بەغوبن.

لە درێژەی ئەو وەسفەی کاك دکتۆردا جوامێر جارێکی تر دەڵێ ..

— ئەرێ وەڵآ ئەمە کاسپی نییە تۆکارت هەر ئەوە بێ سەربازوزابگی ناو شارو شاخ راو بکەیت و تەپۆلکە گوناحەکانیان بدەیتە بەرگوللە و ئاربیجی . من ویژدانم لە هەموو ئەوکاتانەدا پێم دەڵێ : (تۆ جەللادیت) ل٦

بۆ ئەمەیان من دوو سەرنجم هەیە .. یەکەمیان ئەوەیە ئەبوایە بیوتایە (تە پۆلکە گوناحەکان) نەك (تەپۆلکەگوناحەکانیان) بۆ ئەوەی لە روی رێزمان و دارشتنەوە رستەکە راست و تەواو بوایە و ماناو مەبەستی خۆی بپێکایە. چونکە ئەو کاتە رستەکە وای لێدەهات .. *سەربازو زابگی ناوشار و شاخ راوبکەیت و تەپۆلکە گوناحەکان بدەیتە بەرگوللەو ئاربیجی*. لەوە دەچێ کاك دکتۆر نەیزانیبێ بەبەکارهێنانی ئەو وشەیەی کە دەڵێ (گوناحەکانیان) ئەوا لە روری ماناوە کەوتۆتە هەڵەو غەفڵەتێکی واوە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ شەرعیەتی داوە بەو زابتو سەربازو سوپاو دەزگا سەرکوتکەرانە . بەوەی کە ئەوان خاوەنی ئەو تەپۆلکانەن و مافی ساحێب مالّی و خاوەندارێتی بۆ ئەوانە و جوامێری .. *بێ مآڵ و حآڵ .. سەرسەری .. هیچ کاسپیەکی نییە* .. ئەوە نەبێ بە غەدر تۆپۆلکەکانیان ..گردەکانیان .. شاخەکانیان کە ئەوان مولکەو سەربازگەیان لێ داناوە دەداتە بەر گوللەو ئاربیجی .

هەرچی سەرنجی دووەمیشە ئەوا لەسەر قفڵی ئەو پەرەگرافەیە کە دەڵێ ..

من ویژدانم لە هەموو ئەوکاتانەدا پێم دەڵی : (تۆ جەللادیت) ل ٧

ئەمەی دواییان بەلای منەوە مونتەهای بێزاری و پەشیمان بوونی جوامێرە لەو کارەی کە دەستی داوەتێ .ناڕەزاییەکە کە جوامێری لە هاوکێشە شۆڕشگێڕانەکەدا هەڵگیراوەتەوە . چونکە ویژدان و .. ناخو .. لاشعوری هەمیشە پێی دەڵێ تۆ *جەللادیت .. پیاو کوژو تاوانباریت*. ئەترسم کاك

دکتۆر بڵێ من به ئەنقەست ئەم حاڵەتەم وادانـاوەو مەبەستی تایبەتیشم بووە لە نوسینی ئەو رستەیەدا .. من نوسەرم ئەی وانەکەم چی بکەم .. ! ئەی چۆن باسی دوودڵی و دڵە راوکێ بکەم و ئەی چۆن راستیتە شاراوەکانی ناخی جوامێر بخەمە روو چۆن چۆنی پەردە لەسەر ئەو راستیانەی ناوەوەی مرۆڤەکان کە دڵە راوکێی هەمیشە بیە لابدەم و دەمامکیان لە روو بکەمەوە . بۆ ئەم حاڵەتە دەڵێم باسکردنی دڵە راوکێ .. قسەکردن لەسەر نهێنیە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ.. دووان لە لاشعور لای شێرزاد حەسەن لە چیرۆکی (من و قالە و سەگکەی بافلۆف)دا دەردەکەوێ کە هێندە جوانکاری و سەلیقە و وردەکاری و هونەری تیا بەکارهاتووە بەشێوەیەك دوو قوتابخانەی دەروونی گەورەی وەك فرۆیدو بافلۆفی لەدوو تۆێی دەقێکی ئەدەبی دا جێ کردۆتەوە بێ ئەوەی هیچ کەسێ بریندارو.. هیچ لایەنێ شەرمەزار و .. هیچ مێژوو یەکیش بشێوێنێ. باسکردن لە دڵە راوکێ ، سەلیقەی ئەدەبی و زیرەکی ئەوێ لە هەڵبژاردنی رووداو .. وردەکاری دەوێ لە دانانی کەس و شوێندا بۆیە دەکرا کاك دکتۆر ئەو حاڵەتەی لەسەر شتێکی کۆمەڵایەتی ترو گرنگترتاقی بکردایەتەوە . نەك بکەوتایەتە چەواشە کردنی مێژوو بە رووداو کەس وشوێنەوە . گوایە ویستویەتی قسە لەسەر دڵە راوکێو قەلەقی مرۆڤو تاکی کورد بکات.

لە لایەکە ترەوە دەڵێم .. مرۆڤێ هێندە بە ویژدان بێ بیەوێ پەپولە ئاسا ژیان بگوزەرێنێ و ویژدانی ئازاری بدات و تەنانەت خۆی بە (جەلاد) بزانێ کاتێ کە ئەمنێ .. سەربازێ .. زابتێ دەکوژێ کە گوند و تەپۆلکەو شاخ و کەلتوری گەلەکی داگیر کردووە . بەڵام هەمان مرۆڤ و هەمان جوامێر لەلایەکی ترەوە دەستی کچێ دەبرێ و دەیکاتە ژن و دەستی دەستی پێ دەکات و ئامادەش نییە نەك هەر بیهێنێ و بیگوازێتەوە، بەڵکو رێشی بۆ خۆش دەکات بۆ زیاتر رۆچوونی بەناو زەلکاوی لەش فرۆشی دا .کەچی هیچ باکیشی نییە و ویژانیشی یەك تۆز ئازاری ناداو دڵیشی لە ئاستی دا لەبەرد رەقتر . دەپرسین ئاخۆ ئەم شەخسیەتە چییە و ئەم سیفەتانە چ هزرێ ئاراستەی دەکات و لەکوێی ناخی مرۆڤەکاندا کۆدەبێتەوە. ئایا دەشێ مرۆڤێ بەرامبەر بە داگیرکەران بەویژدان بێو کەچی لە ئاستی زاتی خۆیدا جەلاد بێ . بۆیە ئەو قسەیەی جوامێر وامان لێدەکات بڵێن جوامێر لە ئاستی خۆیدا جەلادو رۆح کوژە ، نەك لە ئاستی سەربازو زابت و داگیرکەراندا .

٣. لە لاپەرە (٨٨) ی نۆقلێتەکەداو لە خاڵی (٣)یەمی دۆسیەکەی جوامێردا واهاتووە..

(دەرکەوت خەت مایلە و لە پێناو پێشمەرگە بەکرێ گیراوەکاندا کار دەکات) من بزانم لە ئەرشیفی ئاسایش و دەزگا جاسوسیەکانی رژێمدا هەرگیز وشەی پێشمەرگە نەنوسراوەو نەبەکار هاتووە . بەڵکو هەمیشە نوسیویانە یان وتوویانە تێکدەرە بەکرێ گیراوەکان (مخرب العملا) نەك پێشمەرگەی بەکرێ گیراو ئیتر نازانین کاك دکتۆر پێشمەرگەی بەکرێ گیراوی لەچی دیکۆمێنتێکدا دیوە.

٤. بڵاوبونەوەی ناوێك لە قۆناغێکدا یان شایع بوونی زاراوەیەك لەسەردەمێکدا ، هەروا لە خۆرا نایەت و بگرە پەیوەندیەکی راستەوخۆو گرێدراوی بەو واقیعە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە لەو رۆژگارەدا تەحەکوم بەسەر کۆمەڵدا دەکات . وەك چۆن لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا و لە کۆمەڵگای خۆماندا بە خوێندەوارانیان وتووە(منەوەر) و لە پاشدا و لەگەڵ پێشەکەوتنەکاندا وردە وردە بووە بە (میرزا) و ئێستایش بە تەواوی گۆراوەو پێی دەڵێن خوێنەوارو رۆشنبیر . ئاوەهاش ناکرێ ئێمە لە خۆمانەوە ناوو زاراوەکانی ئەمرۆ بخەینە ناو زمان و ئاخاوتنەکانی دوێنێ و لە نوسراوو دەقەکانماندا دەلالەتی لە شتێ پێ بکەین . بۆیە پێم وایە

بلاوبونەوەو ناساندنی ئارەقی فەل وەك زاراوەیەك لەم دواییەدا دەركەوتەی ئەو باروزروفە ئابووریيە قورس و گرانەی دوای سالانی ۱۹۹۱ ی گەلەكەمانە و ، لەسەر و بەندی ئەو سالانەی كە دەقەكە باسی لێوە دەكات، ئەوا هیچ كەسمان نەبەتامی نە بەناوی ئاشنا نەبووین . گەر كاك دكتۆر بەو حوكمەی خەڵكی هەولێرەو سوكە ئاشنایەتیەكی لەگەڵ ئەو چەشنە تایبەتیەی عارەقی عەینكاوەدا هەبوو بێت ئەوا ئەوە ناچێتە خانەی ناوهێنانی عارەقی فەل و هەرگیز وشەی فەلی بەم مانایەی ناوەراستی نەوەدەكانی بۆ بەكارنایەت . ئیتر نازانین دكتۆر چۆن بە زمانی ئەختەرەوە دەڵێت (*لە هەمووپشی خۆشتر عەرەقە فەلە حەیاتەكەم قەت لە بیر ناكا*) ل ۹۷ .

٥- زمان و شێوازی نوسین لەهەر دەقێكدا بەیەكێ لە پێكهاتە بنچینەییەكانی ئیستاتیكای هونەری ئەودەقە دەژمێردرێت . بۆیە نوسەر دەبێت شارەزایی باشی لە زماندا و سەلیقەی ئەدەبی وردی لە بەكارهێنانی وشەو دەستەواژەو شێوەی ئەو ئاخاوتنە هەبێت . كە كاراكتەرەكانی دیالۆگی پێ دەكەن . بەهەڵە وشەو ئیدیۆمی ناوچەیەك نەترنجێنێتە ناو ئاخاوتنی ناوچەیەكی تر‌ەوە . تازمان بتوانێت ئەركی خۆی لە گەیاندنی مانا دیار و شاروەكانی دەقدا ، رونترو جوانتر بەیان بكات .بەڵام وەك لە سەرەتاوە وتمان ئەو دەقەی كاك دكتۆر ئەسپی داهێنانی خۆی تیا تاوداوە، شاری سلێمانیيەو ئەو كاراكتەرانەش كە رۆڵی ئەو كەسە (سۆزانی ... خائین..رارا.. خۆفرۆش)انە وازی دەكەن. خەڵكی ئەم شارەنو هەموو كەسیش شێوەی ئاخاوتن و تەنانەت بەكارهێنانی هەندێ ئیدیۆمی ئەم شارە دەزانێت . جا ئیتر نازانین كاك دكتۆر ئەم وشەو .. رستەو .. ئیدیۆمانەی چۆن بەسەر زمانی كەسانی ئەم شارەوە وتووە و چۆن لەم نۆڤلێتەدا جێگەیان بۆتەوە..

وشەو دەستەواژەو ئیدیۆمەكانی ناو دەقەكە	وشەو دەستەواژەو ئیدیۆمەكانی ناوچەی سلێمانی
١. مەچەك و زەندی پر بازنی خۆی ل ٦	١. قۆڵ و مەچەكی پر بازنی خۆی
٢. لە گۆشەیەكی تەعزیبخانەدا لێی پارایەوە ل٧	٢. لە گۆشەیەكی تەعزیبخانەكەدا لێی پارایەوە.
٣.من بۆ سبەی نەكەی یان دوو سبەی ل ١٠	٣. من بۆ سبەی یان دووسبەی
٤. لە دواوە را ددانی جیر كردبۆوە. ل١٠	٤. لە دواوە ددانی جیر كردبۆوە.
٥.چەندی دەیكردو دەیكرد . ل ١٧	٥. چەندی دەكرد و دەكۆشا
٦.بەگەڵی كەوت .ل ١٧	٦. لەگەڵی رۆیشت
٧. ئاوری لە قووات خاصەكانی پشتە خۆیدایەوە. ل١٩	٧. ئاوڕی لە قووات خاصەكانی پشت خۆی داویە .
٨. تەماشای گوڵەكانی سەر عەردی كراسەكەمی دەكرد . ل ٢٢	٨. تەماشای گوڵەكانی سەر تەختی كراسەكەمی دەكرد
٩.لەگەڵ رێكخراوی پێشمەرگەدایە . ل ٢٢	٩. لەگەڵ رێكخراوی پێشمەرگەدایە .
١٠. رۆڵە گیان تۆ ئەو ساتیش ل ٢٣	١٠. رۆڵە گیان تۆ ئەو سایش
١١. بە یاننامەو بڵاوكراوە كە جوامێر بۆی ناردبووم ل ٢٦	١١. بە یاننامەو بڵاوكراوەی كە جوامێر بۆی ناردبووم.

١٢اه شوێنێکی تەقەت هەڵمگرتبوون ل ٢٦	١٢. لە شوێنێکی قایم هەڵمگرتبوون.
١٣رۆژم بە رۆژی ئەمرۆ گەیشت. ل ٢٩	١٣ رۆژم بە مرۆ گەیشت.
١٤نەخێر ، گەوادەیی بۆ دەکا . ل٣٣	١٤. نەخێر گەوادی بۆ دەکا
١٥.ئەگینا هەتکیان دەکەن. ل ٣٤	١٥. ئەگینا ئەتکیان ئەکەن.
١٦.ئەم پیاوە عارەبە بەعسیپە ل ٣٧	١٦. ئەم پیاوە عەرەبە بەعسییە

وشەو دەستەواژەو ئیدیۆمەکانی ناو دەقەکە	وشەو دەستەواژەو ئیدیۆمەکانی ناوچەی سلێمانی
١٧. هەموو کوڕی سلێمانی خۆی بە (ئەختەر) کردۆتە پیاو .ل ٤١	١٧. هەموو کوڕی سلێمانی بە (ئەختەر) باڵق بوون .
١٨. قەزان قەیاخەکەی خۆی دۆزیەوە .ل ٤٢	١٨. مەنجەڵ سەرقایی خۆی دەدۆزێتەوە.
١٩. تەیری یوت عاشق بەداری زەقنەبووت. ل٤٢	١٩. تەیری گول عاشق بەداری زەقنەبووتە.
٢٠. جوامێری لە هەمبێز گرت ل ٤٣	٢٠. جوامێری لەباوەش گرت .
٢١. ئەدی بێرارەکە ل ٤٥	٢١. ئەی بێرار.
٢٢. هەموو ئەم شارەی لە زەواق ناوە . ل ٤٧	٢٢. زەندەقی هەموو ئەم شارەی بردووە .
٢٣. ژنی هەیە ، قەیدی چیە . ل ٥٠	٢٣. ژنی هەیە ، قەی چێکا.
٢٤. خوا چۆنی چاکە. ئاوهات بە نسیب بکات. ل٥١	٢٤. خوا چی چاکە ، ئەوەت بە نسیب بکات.
٢٥. لە شتێك پۆشمان بوو بێتەوە . ل٥٤	٢٥.لە شتێك پەشیمان بوبێتەوە
٢٦. جوامێر کاژەلاکی خۆی لەناو هەردو دەستی ل ٥٤	٢٦. جوامێر چەناگەی خۆی لەناو هەردوو دەستی
٢٧.ئەوە من مردوو ئەتۆ زیندوو . ل ٦١	٢٧. ئەوە من مردوو تۆ زیندوو
٢٨. ئەمەی بە تۆش گوتووە .ل ٦١	٢٨.ئەمەی بە تۆش وتووە
٢٩. بەقەد کیژە گەورەکەی خۆمم خۆش دەوێ .ل٦١	٢٩. بەقەد کچە گەورەکەی خۆمم خۆش ئەوێ .
٣٠. چ بکەین ! خوا رەحمی پێ بکا . ل ٦٢	٣٠ . چی بکەین خوا رەحمی پێ بکات .
٣١. من لێم نەپێچایەوە. ل ٦٢	٣١. من لێم نەپرسیپەوە.
٣٢ماڵەکەی جوامێر تۆق دەکەنو ل ٦٣	٣٢. ماڵەکەی جوامێر تەوق ئەدەن و .
٣٣. عاشقی خزمێکی ئێوە بوویمە	٣٣. عاشقی خزمێکی ئێوە بووم .
٣٤. وەرەقە و مەرەقانی پێ لەناو بازار بڵاو بکاتەوە.ل٦٦	٣٤. وەرەقە و مەرەقەی لە بازار پێ بڵاو بکاتەوە.
٣٥. کورم دانیشە ! دەك . ئێ.. دەسکتر بە ل ٦٦	٣٥. کورم دانیشە ئێ داسەکنێ.
٣٦. یەك دەمانچەی چواردە خۆر بە لاکەلەکییەوە ل ٧١	٣٦. یەك دەمانچەی چواردەخۆر بەلاکەلەکەیەوە.
٣٧.تەماشایەکی سینەماکەی کرد .. کەجەوان بوو ل ٧٢	٣٧. تەماشایەکی سینەماکەی کرد کە جوان بوو.
٣٨.قەرۆیتەکەی خۆی شل کردبۆوە ل ٨١	٣٨. بۆینباخەکەی خۆی شل کردبۆوە.

٣٩. بۆ زیاتریش ئەرخایەن بوون ل ٨٢	٣٩. بۆ زیاتریش دڵنیا بوون.
٤٠. دەربڕێ قوتەکەشم ل ٩٦	٤٠. دەربڕێ کورتەکەشم
٤١. دژوێنن ل ٩٧ .	٤١. پیسن .
٤٢. خەڵك هەروا دەزانن بەدمەستێکی تەروەنەیە ل ١٠١	٤٢. خەڵك هەروا دەزانن بەدمەستێکی بەرەڵایە.
٤٣. چاوەڕێی ئەوەبوو چایەکە دێم بدا . ل ١٠٣	٤٣. چاوەڕێی ئەوە بوو چایەکە دەم بکێشێ .
٤٤. گوێم لە پستە پستێکی زۆر سەیر بوو . ل ١٢٥	٤٤. گوێم لە چپە چپێکی زۆر سەیر بوو .
٤٥. دیتم ئەختەر لەناو حەوشەدا . ل ١٢٥	٤٥. بینیم ئەختەر لەناو حەوشەکەدا .

وشەو دەستەواژەو ئیدیۆمەکانی ناو دەقەکە	وشەو دەستەواژەو ئیدیۆمەکانی ناوچەی سلێمانی
٤٦. ئاخۆ چیی دیکە رووەدا ! ل ١٢٦	٤٦. ئاخۆ چیتر رووەدا .
٤٧. هەندێکیان وەستاو ، ئەوانی دیکە لەسەر چینچکان ل ١٢٧ .	٤٧. هەندێکیان وەستاو ، ئەوانی تر لەسە چیچکان.
٤٨. مامەند رەیێ بۆوە. ل ١٢٩	٤٨. مامەند هەستایە سەریێ.
٤٩. جلکی قووات خاصەیان لەبەر بوو. ل ١٣٠	٤٩. جلی قوات خاصەیان لەبەرا بوو.
٥٠. هەی هەناویان بە خوێنی داتەکاو بێ . ل ١٣١	٥٠. هەی هەناویان بە هەناری داتەکاو بێ .

جا ئەم وشانە چەند جارێك دووبارە بونەتەوە وەك .. چ بکەین ٢جار .. پێشمەرگانە ٢ جار .. ئەرخایەن ٢جار... تەروەنە ٢جار.. جلکی ٢جار... دێم بدات ٢ جار .. دیکە ٢جار .. عەرد ٢جار.. عارەب ٢جار .. ئەتۆ ٢جار .. پۆشمان ٣جار .. قەیدی چیە ٣جار .. دیتم ٥جار .. ئەوەات ٧ جار ..ئەدی ١١جار .. بەگەڵی ١١ جار .. گوتی ٩١ جار .. جگە لە ٢٢ وشەی تر کە هەر یەکەیان یەك جار نوسراوە .. واتە ١٧٣ هەڵەی زمانی لە شێوەی ئاخاوتن .. رێنوس .. ئیدیۆم کەوتۆتە ناو نۆقڵێتەکەوە..

٦.حەمە فەریق حەسەنی چیرۆك نوس وەك نوسەرێکی بە هەڵوێست و دیار لەو سالانەدا مل لە چەقۆی بەعس هەڵدەسوێ و لەبەر بەرزی گەردنی قەڵەمەکەی ، گەردنی خۆی دەخاتە مەترسییەوە و لە سالانێکدا کە مولازم موحسین بە فیعلی حاکمی ئەم شارە بوو ، ئەوا ئەو بوێرانە چیرۆکی (دوربین) دەنوسێت و لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری نوسەری کورد دا بڵاوی دەکاتەوە و بە ئاشکرا ناوەرۆکی چیرۆکەکە باس لە مولازم موحسین و زوڵم و زۆری ئەو رۆژانە و دەستە و تاقمەکەی دەکات و وێنەیەکی دانسقەمان لەسەر ئەو کابرایە بۆ دەکێشێت و دەڵێ ..

(کابرا قینی لە سێ کەس زۆر دەبێوە .. ئەوانەی کڵاش بەسەر پێوە دەکەن .. ئەوانەی ریش دەهێڵنەوە .. ئەوانەی سیلەی کۆڵانان دەگرن .. ئەو ئێوارەیە باری شەقامەکە گۆڕا .. ئۆتۆمبیلەکان باریکیان کردەوە ..کابراو دەستەکەی بە خێرایی دەهاتن . خۆیان بە ئۆتۆمبیلەکانیاندا هەڵواسیبوو.. لە ئاست کۆڵانەکە زیرەی ئیستۆپێك ئەو ناوەی شڵەژاند وەك تیپی یاری بە گۆرەپانی شەماقەکەدا بڵاوبونەوەو چاوی رێبوارانیان دەترساند .. پلەی گەرمی لە سیلەی کۆڵانەکە هەڵچوو .. کارە ڕەهێل بوو .. ئەم سەرو سەریان لێ گرتوو هەوایان دایە پشتی پیکابێك.).

با خوێنەری بەڕێزیش سەیری ئەم چەند دێرەی نۆقڵێتەکەی دکتۆریش بدات .. *(مولازم تەحسین لەناو ئۆتۆمبیلێکی رەشی قەبەی تازەدا " سێ*

مسەللەحەی پڕچەکدار لە دوایەوە" بەشەقامە دڕێژەکەی تەوی مەلیك دا سەر دەکەوێ . لە پەنجەرەوە چاو بە سەر شۆستەدا دەگێڕێ لەناکاو هەرگەنجێکی کەشخەو بالا بەرزی تەزبیح بەدەست سەرنجی رابکێشێت . هەرلە خۆیەوە لێی دەکەوێتە گومانەوە . سواری ئۆتۆمبیلەکەی دەکات و پەلپێچی دەکات بۆ ئەمنە سورەکە). ل ٣٤.

من بۆخۆم لە ئەنجامی ئەم بەراوردکردنەدا ئەم دوو سەرنجەم لا گەلاڵە بووە کە مایەی پرسیار و تێرامانە.. یەکەم . گەورەیی حمە فەریق سەرباری فۆرمی نوێ و تەکنیکی سەرکەوتوو لە فلاش باگ و دیالۆگ و وێنەی هونەری جوان ، ئەوا لە ئازایی و بوێرییەکەیدایە . چونکە لە رۆژێکدا ئەو چیرۆکەی نوسیوەو بلاوی کردۆتەوە کە خودی مولازم موحسین سەرباری حاکمێتی ئەوا چەقۆو نێزەو رژێمیشی لە پشت بووە.

دووەم .. ئەم وێنەیەی نۆقلێتەکەی کاك دکتۆر گەر وەرگرتن نەبێ لە چیرۆکی (دووربین) ئەوا بە تەئکید لە ژێر ئیحاو کاریگەریێتی ئەو پەرەگرافەی چیرۆکی دووربیندا نوسراوە . بۆیە لێرەدا حەز ئەکەم سەرباری ئەو لێوەرگرتنە ئەوا شتێکی گرنگتر بیرخۆینەری وشیار بێنمەوە ئەویش ئەوەیە .. ئەمرۆ ناکە جادەکەی پانە.. ئەوسا کە هەموو گەنجێکی ئەم شارە مولازم موحسینێکی بەر دەکەوت.. ئەمرۆ نا کە خەڵك هەیە تا ئەو رۆژەی تەقە لە ئەمنە سورەکە کراوە نەیزانیەوە کورد بەیەك (و) دەنوسرێت یا بە دوو(وو) .. ئەوسا کە لە هەموکوچەو کۆڵانێکی ئەم شارەدا ئەمنێکی رەش دێز ئەوەستا و رێی لە رێبواران دەگرت و بە دەنگێکی نا قۆڵا دەیوت (هویاتکم) .. ئەمرۆ نا نوسەر هەیە کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەیت (نەسیحەت و ئامۆژگاری) هەموو حزبە راست و چەپەکان دەکات * ئەوسا کە رژێم بە چرای رۆن گەرچەکەوە بە شوێن کەس و کاری پێشمەرگەدا دەگەڕا، ئەوا حەمە فەریق چیرۆکی دووربینی دەنوسی و بلاوی دەکردەوەو بەعس و مولازم موحسینی تیا سووك و رسوا دەکرد. بەڵام کاك دکتۆر فەرهادیش ((داخەکەی پشت دەستم) دەنوسێ و قارەمانانەو بێ ترس و سڵەمینەوە لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری نوسەری کورد دا بڵاوی دەکاتەوە ،جا داخ بۆ ئەو کەسەی چیرۆکەکەی نەخوێندۆتەوە و سەد داخیش بۆ پاش خوێندنەوەکەی .

٧.لەم دەقەدا دکتۆر فەرهاد ئەو لایەنەی لەو سااڵنەدا شانی دابویە بەر قورسایی خەبات و بەرەنگاری ، بە ئیرهابی دەناسێنێو بە تیرۆریستی دەدا لە قەڵەم چونکە بە رۆژی رۆشنا و بە بەرچاوی هەزاران کەسەوەو بە ئیعاز و ئاگاداری سەرەوە، چەند جارێ لەناو شاردا و لەناو ئاپورەی کۆمەاڵنی خەڵکدا قومبەلە دەتەقێتەوەو دەبێتە هۆی کوژران و بریندار بوونی چەندین کەسی بێ گوناە. ئێمە و کاك دکتۆرو خوێنەریش ئەو راستیە دەزانینو باش لێی تێ دەگەین کەئەم رووداوانە چنراوی خەیاڵی نوسەرن و هیچ راستیەکی تێدا نییە . چونکە نەمەیانی ماستێك هەیە لەم شارەدا لای بانقەوە بێو ..نەهیچ روداو و تەقینەوەیەك بووە کە بوبێتە هۆی کوژرانی(١٩) کەس و بریندار بونی (٣٧) کەسو نە مولازم موحسینیش لە ئەنجامی کاردانەوەیەکی لەم چەشنەدا لەناو شاردا ختابی وای داوە .. بەڵام لە چنینی رووداوەکەو هێڵی بەیانی نۆقلێتەکەدا لە لاپەڕەکانی ١٠٥ تا ١٠٧ دا گەر خوێنەری وشیار بە وردی سەرنج بدات ، ئەوا لەو دەقەدا وا دەردەکەوێت ئەو کارە لەمێژووی سیاسی ئەو رێکخراوە لەو رۆژانەدا تەبەنی کراوەو دوور نەبووە لە سیما و ئیتجاهی سیاسی ئەو لایەنەوەو بگرە وەك روداوێك کە سەرەتای هەیەو هونەریانە چنراوەو تاگەیشتۆتە زەروە، ئەوا بە تەواوی لەو دەقەدا وەك وێنا کردنێکی واقع بەرجستە بووە .

٨. مولازم تەحسین لەم دەقەدا هەندێك قسەو حیواری هەیە- خوا ماڵی دکتۆر ئاوەدان بکات - ئەوا لە جوامێر مرۆڤ دۆستانە تر دەردەکەوێت و ئینسانەتریش بیر دەکاتەوە کاك دکتۆر لە زۆر پەرەگرافدا ئەمەی بە ئاشکرا دەرخستووە بۆیە

چـــەندین رســـتەو .. هەڵوێســـت و... وێنـــەی ئینسانیانەی بە نموونە بۆ دەهێنینەوە..

—بەڵام من ، بە گوێی باوکم ، سوێندت بۆ دەخۆم ، لەوەتەی لەم شارە تۆم ناسیوە ، دەستم بۆ هیچ ئافرەتێکی دیکە درێژ نەکردووە : ل ۷.

- ئەختەر، گوێ بگرە ! خۆمن دەتوانم بە زۆرە ملێ بتخەمە پشتی ئوتومبێلێکەوەتا بەغدا رانەوەستین ، بە زۆرە ملێ بتکەم بە ژنی خۆم : بەڵام من هێندەم خۆش دەوێیت کە نامەوێ غەدرت لێ بکەم و تۆزقاڵێك چیە ئازارت بدەم.. ل ۹.

ئەختەر بە مولازم تەحسین دەڵێ :

- نامەبەستم : ئەگەر شوت پێ بکەم وازلەم پیشەیەت دەهێنی ؟

- دڵنیابە ئەختەر : بەڵام هەردەبێ برۆین بۆ بەغداو لەوێ بژین! ل ۵۸ .

- ئەو تێکدەرو بەکرێ گیراوانە .. ئەگەر بیانویستایە خزمەتی گەل بکەن، دەهاتن چەند گوللێکیان لەم شوێنەی ئێرەدا دەچاند ، نەك تی ئێن تی ! ل ۷٤.

خوێنەر لەم دێرەی دوایدا نازانێ مولازم تەحسین دکتۆر فەرهادە . یان دکتۆر فەرهاد مولازم تەحسینە . چونکە ئەم رستەیە هێندەی رستەیەکی شاعیرانەیە ئەوا نیوهێندە، لە رستەی جەللادێك ناچێت.

کە پێم وایە ئەمە لە راستی و واقعدا وانیە و هیچ نوسەرێکیش لە هیچ کات و زەمانێکدا بەناوی.. ئازادی ... چنینی خەیاڵ .. دروست کردنی رووداو .. سەربەستی بیرکرنەوە .. بۆی نیە وئەو هەقەی نادرێتێ پەپولەبە گوللە و .. دێو بە لێو بچوێنێ . گەر کاك دکتۆر بڵێ وا نیە و ئەوە نیە لەدوا جاردا جوامێر چۆن بە شێوەیەکی درندانە بەدەستی تەحسین سەردەبڕێ . ئەوا دەڵێم هەڵوێستی رۆژانەی تەحسین لەگەڵ ئەختەر و گفتوگۆو بەڵێنو راستگۆیی تەحسین لە دەقەکەدا زیاتر ئیبراز کراوەو خراوەتە روو تا هەڵوێستی جوامێر . گەر نوسەر بۆ ئەمەشیان نەڵێ من ئەنقەست وام کردووە بۆ ئەوەی موفاجەئە دروست بکەم و کۆتایی (مۆپاسانی) بخولقێنم. چونکە لەسەرەتای نۆڤلێتەکەوە هیچ ئیشارەتێك نیە کەوا لە تەحسین بکات تا بزانێت ئەختەر پەیوەندی بە جوامێرەوە هەیەو بگرە ناشی رین بوونی ئەختەر لای تەحسین لە فراندنی کورەکەی مەولودملوێنەرەوە دەست پێ دەکات . کە ئیتر تەحسین دەزانێت ئەختەر چی دەکات و چیناکات ئەکەوێتە دڵەراوکێ و تەنانەت پرسیار کردن لە ئەختەر و تادواجار بە هاوکاری ئەختەر بریاری ئەو ئەنجامە تراژیدیە ئەدەن. بەڵام جوامێر هەر لەسەرەتاوە کە ئەختەری ناسیوە تا دروست بوونی پەیوەندی و کردنی بە ژن و رێکخستنی و کەشف بوونی و چوونە شاخیش هیچ گلەییەکی لە ئەختەر و رەفتاری ئەختەر نیە و کەچی ئامادەش نیە نە بیخوازێ و نە لەگەڵ خۆی بیبات و نەراستی لەگەڵ بکات.

۹.ئەختەر لە لاپەرە ۳۱دا دەڵێت .. *(ئەختەر بە باجی بناری دەگوت من وەك ئەو میللەتە بومەتە قوربانی هەردوو لایان رژێم و پێشمەرگە).*

ئەم رستەیە . رستەیەکی هەروا سادەو حیواریکی ئاسایی نێوان ئەختەر و باجی بنار نیە. ئەم رستەیە پێویستی بە لەسەر وەستان و لەسەر نوسین هەیە . چونکە هەموو نوڤلێتەکە دە رستەی ئاوا چرو پر و مانادارە تیا نیە کە تەعبیر لە روئیاو بۆ چوونی فەلسەفیانەی دکتۆر بکات لەسەر کێشەی وا گەورە کە پانتایی جەستەی گەلی کوردی گرتبێتەوە . دەپرسین مانای چی میللەت بوەتە قوربانی هەردوو لایان ، نوسەر چۆن دڵی هاتووە ئەمن و پێشمەرگە .. داگیرکەرو داگیرکراو... فاشیزم و مارکسیزم .. رەش و سپی تێکەڵ بکات. حزبی بەعس کە نمونەی شۆفێنی ترین ئایدیاو فاشی ترین پراکتیکی بۆرژوای مشە خۆری عەرەبەو رۆژانە لە رەفتار وکرداری ئەمنیکی وەك مولازم تەحسین دا بە پچوکی رەنگی ئەدایەوەو بەردەوام تەحسین بۆ تەنفیس قەتڵ و عامی خەڵکی کوردو بێ گوناهی ئەم شارەی دەکرد، کەچی لەبەرامبەرئەو کارەی رژێمدا پێشمەرگە

شەونخونی دەکێشا.. .. سەرماو برسی دەبوو .. رۆژانە چەندین جار لە لێواری مەرگ دەگەرایەوە .. خێزانی لەو خوارانە زیندانی دەکرا .. دایکی و خوشکی بە ئیختیفاو بەنهێنی ماڵەو ماڵیان دەکرد.. کەچی بەو هەموو قورسیەی ژیان و ئازاری دابرانی ئازیزانیەوەدەئەبەزیە ناو شار تا چالاکیەکی پێشمەرگانە بە ئەنجام بگەیەنێت و کۆمەلانی خەڵکی پێ دڵ خۆش بکات ، ئەوا لایکاك فەرهاد بەناوی (نوێگەری و ئیبداع و داهێنان وشێوە تەکنیکێکی نوێ کە نەك لە ئەدەبیاتی کوردی دا بەڵکو لە ئەدەبیات و چیرۆکی جیهانیشدا یەکەم جارە بەرچاو دەکەوێت)* جەللاد و قوربانی تێکەڵ دەکات و خەبات و خیانەت ئاوێزان دەکات و هیچ سڵێکیش نە لە ویژدان... نە لەمێژوو.. نە لە راستی ناکاتەوەو شەرمیش لە خوێنی شەهیدان ناکات .

بەراوردێکی پێویست...

بەپێویستی دەزانینو بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەی کاك دکتۆرەوە هەندێ لەچیرۆکی سالانی رابردوو بە نموونە بهێنینەوە چونکە لەم دەقەدا لای کاك دکتۆر پێشمەرگەو رێکخستنی نهێنی ، بەکاری عەسکەری فیرار و .. سۆزانی و .. دزو شەرواڵ پیس.. ناوزدە دەکرێ..

(ئەمرۆ بووە بە عادەت : هەرکەسێك دزییەك بکات ، حیزیەك بکا، کچێك هەڵبگرێ . پیاوێك بکوژێ .یان لە عەسکەری فیرار بکا . دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە!) ل ٦٧ .

دکتۆر لە مرۆدا ئەمە بۆ چوون و تێڕوانینی بێ کە بەرهەمی رەنج و تێکۆشانی پێشمەرگەو شەهید بەچاوی خۆی دەبینێ، دەپرسین ئاخۆ بیست سالّ لەمەوبەری چۆن بووبێت..! ، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئاوڕێك لە نوسەر و قەڵەم بەدەستانی بیست سالّ لەمەوبەری ئەم شارە بدەینەوەو بزانین سەرباری بۆ چوون و ئایدیای جیاوازیان ئەو قەڵەمانە چۆن سەیری ریکخستن و کاری نهێنیو پێشمەرگایەتیان کردووەو چۆن ئەو واقیعەتاڵەی ئەو رۆژانەیان بە شێوەیەکی هونەری لەناو دەقەکانیاندا تەوزیف کردووە.

١. حەمە فەریق جەسەنی چیرۆك نوس لە ساڵی ١٩٨٢دا .. لە ژمارە ١٠ی گۆڤاری نووسەری کوردا .. لە چیرۆکی (جیهانێکی تایبەتی)دا... لەم شارەدا .. لەسەردەمی دەسەلاتی فاشیانەی بەعسدا .. ئاوا تەمجیدی کاری رێکخراوەیی دەکات ، هۆگر کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە خوێندکارەو لە زانکۆیەو کورێکی و شیارە و لە ئەنجامی هەڵسوکەوتێکی دیاری کراوەوە ئەویش کە کاری رێکخستن و نهێنییە، دەگیرێ و بێ سەرو شوێن دەکرێ . مام کەریمیش باوکی هۆگرەو وەك هەموو باوکێکی خاوەن سۆزو عاتیفەی باوکانە لە سۆراخدا یە .. ئەگەرێ .. عەوداڵە .. سەربەکۆشی دەیان کەسا ئەکا .. سودی نییە و کەس بە هانایەوە نایەت و لە ئەنجامدا (مولازم موحسینەکان) ئاوا جوابی ئەدەنەوە..

(وەل بە لەبەر چاووم... ئەمانە هەرکە منداڵێکیان لێ ون بووتەکە تەك لە بنی دنیاوە دەگەن سەرمان و دەماندۆزنەوە بۆ ناوی وەهامان لانیە)

٢. رەئوف حەسەنی چیرۆك نوس لە ساڵی ١٩٨٢ دا لەژمارە (٥)ی گۆڤاری نووسەری کوردا .. لە چیرۆکی (ئاسۆ)دا.. لەم شارەدا .. لەسەردەمی دەسەلاتی فاشیانەی بەعسدا .. لەوەسفی پێشمەرگەدا ئاوا دەڵێ ..

(ئەو بەفرو رەشەبا بەهێزەیە کەلەتاریکی شەوداو لە پر پەیدا دەبێ و شار دەشلەقێنێ و گەڵای زەرد و سیسی دڕەختەکان دەوەرێنێ)،

٣. حەمە نوری تۆفیقی چیرۆك نووس لە ساڵی ١٩٨٣ دا.. لە ژمارە (١١)گۆڤاری نوسەری کوردا... لە چیرۆکی (گورگانە شەوێ)دا .. لەم شارەدا .. لەسەردەمی دەسەلاتی فاشیانەی بەعسدا... ئاوا وێنەی دوو پێشمەرگەمان بۆ دەکێشێت (گۆران و سۆران هەردوکیان بران و

پێشـــمەرگەن، یـــەکێکیان لـــە چالاکیـــەکی پێشمەرگانەدا شەهید دەبێ و ئەویشیان لە شاخ لە بەفرا رەق دەبێتەوە).

٤. مستەفا سالّح کەریمی چیرۆك نوس لە سالّی ١٩٨٣دا .. لە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری نوسـەری کـوردا. لـە چـیرۆکی (رەشپۆشـێکی جیـهانی چـوارەم) دا... لـەم شـارەدا .. لەسـەردەمی دەسـەلاتی فاشیانەی بەعسدا .. ئاوا وەسـفی پێشمەرگەمان بۆ دەکات .

(نیان گیان.. شارەکەمان ئەگەر چی لە ئاسۆ بۆ ئاسۆ رەش پۆشە بەلاّم پەرەی دلّی سپی و بێگـەردە . رۆژانی وشك و برنگە بەلاّم شەوانی تـەرو پاراوە .. ئەو رەشێنەیەی شەوانی دەبێتە هۆی فێنك بونەوەی گڕی دەرونی خەلّکەکەی).

٥. حسام بەرزنجی چیرۆك نـوس لـە سـالّی ١٩٨٣ دا .. لـە ژمـارە ١٢ی گۆڤـاری نوسـەری کوردا .. لـە چیرۆکی (کـەلّ بـژی) دا .. لـەم شارەدا .. لەسەردەمی فاشیانەی بەعسدا .. ئاوا باسی سەرداری پێشمەرگەمان بۆ دەکات ..

(بەیانی لەقەد زۆرگی دێتیـان ئـەوا سـەردار بـەگردیدا هەڵدەگـەڕێ ، بـەلاّم چ " سـەردار" هك دەڵـێ ی خەنجەری دەبانە هەتا چۆکـی خـۆی هاویشتۆتە نـاو گۆرپەو رەخت و فیشەکەکانی بـاوکی هـەموو لـە خـۆ ئـالاّندووەو تفەنگەکەشی لەسەرشانی داناوە، ئـەوا وەك گورگـی فەرخـەخورایی لـە خـۆی هـەڵدەداو دەڕوا..)

دوا سەرنجم ئەوەیە هێندەی من بزانم لەم نۆڤلێتـەدا لایەنێکی سیاسـی دیاری کـراو بەرپرسـە نـەك چـەند لایەنێك ، ئەو لایەنەش وەك رۆژی ڕوون لەناو هێزێکی گەورەدا دیاری کراوە و دەسـت خراوەتـە سـەری کـە کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان و یـەکێتی نیشـتمانیەیە . دیـارە نووسـەر بـە هـۆی ئـەو نـاوو زاراوانـەوە .. تیـپ .. *مارکسـی – لینینـی .. هـێزی پێشمەرگە .. سۆشیالیست هێرشمان دەکاتە سەر ..* ئەو ڕاسـتیەی بـۆ سـەلماندوین کـە هیـچ کـەس نیـە نەزانێت ئەم ناوانە لە مێژووداو لـە قۆناغێکی دیـاری کـراوی شۆڕشـی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکـەماندا .. ئەدەبیاتی چ لایەنێك و .. زاراوەی پێشـمەرگایەتی چ هێزێك و .. دیدو ئایدۆلۆژیای چ ڕێکخراوێك بوون . بۆ ئەم مەسەلەیە من هیچ نالێم ، هێندە نەبێ .. کۆمەڵە .. وەك ڕێکخراوێکی سیاسی شۆڕشگێڕ لەو ڕۆژگارەدا کـە شـانی دابوویـە بـەر هـەرەس و ئـالاّی شـۆڕش و بەرەنگاری بەرزکردبوویەوە . ڕۆڵێکی هێندە گـەورەو .. پیرۆز و .. مەزن و .. مێژوویانەی لە هەسـتانەوەو لەبەشـداری کردنـی بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکەماندا گێڕاوە ، هەتا مێژوو ماوە نە بەخۆیـەوە دەبینێ و نە ئەشتوانێ حەقی خۆی پێ بـدات . بۆیـە زۆرمـان نـەووتووە گـەر بڵێـین .. خـۆری وەرەی ڕێکخستنەکانی هاوڕێیانی کۆمەڵـە لـە تواندنـەوەی بەستەڵەکی نائومێدی ڕۆژانی هەرەسداو دواتریش لـە بـەردەوامی و درێـژە پێدانـی خـەبات و بـەرەنگار بوونەوەدا ، هێندە بە تین و پرشنگدارە هەموو کەس ناتوانێ نەبەیەك چاو سەیری بکات و نە بە ئاسـانیش لێی بڕوانێ .

*چاو پێکەوتنێکی کاك دکتۆر فەرهادە لە (ڕۆژنامەی بەدرخان) ژمارە ١٤.

– د. سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین خۆشحاڵین کە ئەم چاوپێکەوتنەت لەگەڵدا سازدەکەین، سەبارەت بەدوا بەرهەمتان، نۆڤلێتی (مولازم تەحسین و شتی تریش)، کە یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ ئاشکرایە دوای چاپکران و بڵاوبوونەوەی ئەم نۆڤلێتە چ لەشاری سلێمانی و چ لەشارەکانی تری کوردستان، لەسەر روویەڕی گەلێك لە رۆژنامەو گۆڤارەکان، ورتە ورت و هەرایەکی زۆری نایەوە کە رەنگە گەلێك نووسینی تریش مابن و هێشتا بڵاو نەکرابێتنەوە. دیارە زۆرێك لەو نووسینانە بە باش نووسراون و زۆرێکی تریشیان گەلێك بەخراپ لە نۆڤلێتەکە دواون. ئێستا تۆ پێت وایە داهێنانت کردووە یان پڕوپاگەندە؟

*د. فرهاد: من پێم وایە داهێنانم کردووە، ئەگەر پرسیارەکە ئاوا بەزەقی بکرێت لەبەینی ئەوەی ئایا من داهێنانم کردووە یان پڕوپاگەندەم کردووە؟ ئاوا وەڵام دەدەمەوە کە وتم، بەڵام بۆ ئەوەی جڵەوی قسەی خۆم هەندێك بکشێنمەوە و تەوازوعانە قسە بکەم دەبێ بڵێم کە لەئاستی تەکنیکدا من جاری پێشووش باسم کرد، تەکنیکی چیرۆکەکە یەکێکە لەوانەی کە بۆخۆم شانازی پێوە دەکەم و تازەیە، لەئەنجامی بیرکردنەوەو دانیشتن و رامانێکی تایبەتی تەجروبەی خۆمەوە کە لەوانەیە پێنج چیرۆکم نووسیبێ وەکو تەجریبی، وەکو ئەزموون تا توانیومە ئەم چیرۆکە درێژەی کە ناوی (مولازم تەحسین)ە بنوسم، مانای شتێك نەبووە تەکنیکەکە لەماوەی شەوو رۆژێکدا لام دروست بووبێت، بەڵکو وەکو چۆن پەیکەرێك دروست دەکەیت، پەیکەرتاش سێ مانگ ئایا سێ ساڵ بەو پەیکەرەوە سەرقاڵ ئەبێت، دروستکردنی داهێنانی ئەو تەکنیکە بەنیسبەت منەوە تەقریبەن هاوشێوەی پەیکەرتاشێك بوو بەچەند ئەزموونێکی جۆراو جۆردا تێپەڕیم، چیرۆکێکی دیکەی لەو شێوەیەم نووسیبوو یەك لەوانە (شیزۆفرینیا) دووەمیان (زارو مارەکان) کە لە فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ، پێم وابێ پاربوو یان پێرار خوێندرایەوەو خەڵاتی یەکەمی وەرگرت، دوای ئەوە چەند چیرۆکێکی دیکە، ئینجا من توانیم ئەو تەکنیکە بەو شێوەیەی ئێستا بەکاربهێنمو ئەو فۆرمو ئەو قاڵبە تازەو نوێیەی لێ دروست بێت، کە من ئێستا بڵێم کاك کاوە داهێنانە

ڕووبەڕوو لەگەڵ د. فەرهاد پیربالّ–دا

(کاوە حاجی عەزیز) لەهەولێر سازیداوە

پرو پاگەندە نییە، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە من بڵێم بۆ پڕوپاگەندە نییە، پڕوپاگەندە پێش هەموو شتێك وشەیەکی سیاسییە. چونکە تۆ لەبواری ئەدەبو داهێناندا ناتوانی یا لەبواری ئەدەبو هونەردا ناتوانی پڕوپاگەندە بکەیت، چونکە سیستەمێکی رەخنەی هەیە هەمیشە لەهەموو کۆمەڵگایەك لەهەموو ناوەندێکی رۆشنبیری ئەو سیستەمە رەخنەییە، چەند رەخنەگرێکی هەیە، من زۆر بەشانازییەوەو زۆر بە تکاوە پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە وەرن رەخنەگران وەرن نووسەران ئەگەر پێتان وایە ئەم لاسایی کردنەوەیە یان پێتان وایە ئەم لاسایی کردنەوەییە وەکو چیرۆکنوسێکی سالانی شەستەکان ئەمڕۆ پێم باشن لاسای کردنەوەی (محمد خضیر) عێراقیەو چییە من حەزدەکەم ئەمەم بۆ ڕوونبکرێتەوە چۆن ئەمە لاسایی کردنەوەیە.ئەم لەبواری تەکنیکو لەبواری شێوازی سیاسی دەگرێتەوە، لەمەسەلەی داهێنان یا پڕوپاگەندەیەکدا حەزدەکەم لەو بارەیەوە زیاتر بۆم ڕوون بکەیتەوە.

-کاتی خۆی چیرۆکێکت نووسی، لەگۆڤاری (ئێستا)و گۆڤاری (رامان)دا بڵاوبۆتەوە.

لە پاشاندا لە چاوپێکەوتنێکدا گوتووەتە کە ئەو چیرۆکە هەرایەك دەنێتەوە، بەڵام وانەبوو. دیارە تۆ تۆزێك عەبەسیەتیش لەناختا هەیە، عەبەسیەتێکی جوانییە. تارادەیەك لەوانەیە پڕوپاگەندەیەك بێت بۆ ئەوەی زیاتر باسبکرێیت. ئەو پڕوپاگەندەیە بەو شێوەیە دەڵێم، نەك بەشێوەیەکی تر.

*د. فەرهاد...: باشە دەشێ مەسەلەن نووسەر پێش ئەوەی، زۆرجار تەشبیهی ئەوە دەکەن کە ئەوە وەکو منالێك وایە لەدایك بووبێت، یان چیرۆك یان هەر بەرهەمێکی تری هونەری وەکو منالێك وایە لەدایك بێت، من تەسەوردەکەم ئەم هەندێك ڕۆمانسیەتی تێدایە ڕۆمانسیەتەکە لەوەدایە نەخێر من دەڵێم یەعنی بەرهەمی هونەری زەحمەتە ناکرێ ئێمە بیشوبهێنین بەلەدایك بوون چونکە تۆ ئەوە هیچ ، مەسەلە لەدایك بوونەکە سەد لەسەد تۆ دەزانی ئەو منالەی لەدایك دەبێت هی خۆتە یا هی فلان کەسە یا هی هەرچیەیە دێت مەعلومە ئەگەر منالەکە هی خۆت بێت تۆ دەزانی نەخێك بەخۆت دەچێت بەدایکی دەچێت بە باپیری دەچێت ئەمە نیسبەتەن لە سەدا دەی ئەو لەدایك بووە نوێیەی شارەزایی

بەبێ دادگا ئەم چیرۆکەی منیش بچێتە سەر، ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی حیزبێکی دیموکراتیە، دیموکراتی لەناو شاری سلێمانی و لەو شوێنانەدا هەیە کە یەکێتی تیایدا بالادەستە

بەڵام بەنیسبەت بەرهەمی هونەرییەوە، هونەرمەند یان نووسەر شاعیر یان چیرۆکنوس نەک پێویستە هەر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێ ئەو چیرۆکنوسە یا ئەو هونەرمەندە نیسبەتی لەسەدا نەوەد دەبێ بزانێت کە تەئسیر دەکاتە سەرجەم تەرمۆمەتری جەوێك دەگۆڕێت، تەرمۆمەتری چ شتێك نیشان ئەدات من بۆیە ئەگەر بە قسە قسەیەکم کردبێت، ئەویش قسەیەکی دۆستانەیە لای برادەرێکی وەکو تۆ یا رەخنەگرێك لەوە گەڕێ دڵنیابووم لە زارو مارەکان کە خەڵاتی یەکەمی وەرگرت لەراستیدا دەبێت لەسەدا نەوەد من دڵنیابووم کە ئەو چیرۆکە لەبارێ تەکنیکەوە تەواو هەرایەك دەنێتەوە، هەرای نەناوە عەلاقەم پێدا نییە، بەڵام من لەسەدا نەوەد دڵنیابووم کە مولازم تەحسینو شتی تریش، شیرۆفرینیاش، زارو مارەکانیشو شتێکی تازەیە بە نیسبەت خۆمو چیرۆکی کوردییەوە. ئەمە نابێتە پڕوپاگەندە ئەمە تەنیا دڵنیابوونێکە لەوەی کە تۆ ئەو شتەی نووسیووتە تازەیە نوێیە موسیرە، لەبەرئەوەی مێژووی چیرۆکی کوردی من نۆ ساڵ بۆخۆم لەپاریس لەبەردەستم بووەو لێکۆڵینەوەم کردووە لەیەکەمین چیرۆکی کوردییەوە بگرە لە ١٨٥٦ هەتا کۆتایی چیرۆکێك کە لەگۆڤاری (ئێستا) پێش یەك دوو ساڵێك بڵاوبۆتەوە، من دەبێ ئاگام لەهەموو ئەو بزووتنەوەیە بێت، منێك کە وەك دەڵێن دۆم بی نازانم چی بۆخۆی بچنێت، کڵاش بۆخۆی بچنێت. هیوادارم ئێوە ئەم قسەیەش هەر بە پڕوپاگەندە تێنەگەن، من ئاگام لەمێژووی ئەو چیرۆکە کوردییە هەیە، ئاگام لەوەیە ئەم تەکنیکەی من پێم نووسیوە پێشتر نەکراوە، بۆیە کە من چیرۆکەکەم نووسی پێش ئەوەی بڵاوی بکەمەوە من باش دەزانم، باش دەزانم سیقەم بەخۆم هەیە بە سەرنووسەرەکەی بڵێم ئەم تەکنیکە تەکنیکێکی تازەیە لەو نوقتەوە من بەرگری لەخۆم دەکەم دەڵێم ئەمە پڕو پاگەندە نیە بەڵکو باوەڕ بەخۆبوونێك و دڵنیاییەکە کە من قسەی تێدا دەکەم..

-با بگەڕێینەوە سەر ناوی نۆڤلێتەکە (مولازم تەحسین و شتی تریش). کاتێك سەیری رووداوەکەی دەکەی وەك مێژوو، مێژووی شاری سلێمانیە بەتایبەت. ئەو پیاوەش ئاشکرا ئەبێت کە مولازم موحسینە، باشە مولازم موحسین بۆچی بوو بە مولازم تەحسین؟؟!و چ حیکمەتێکی تێدایە؟!

*د. فەرهاد..: لەترسان نەبوو.. لەبەرئەوەی محمد موکریش. شانۆنامەیەکی نووسیوە. ناوی ناوە. هارونە رەشید دەیتوانی بیکاتە مارونە رەشید- شتەکە. بەڵام مولازم لەلایەکی ترەوە موحسین. دوو ناوە زۆر بەئاشکرا. هەموو کەسێك دەزانێ کە ئەمە شەخصێك بووە، لەواقعی سلێمانی، شەخصێکی زاڵم شەخصێکی ستەمکار، شارێکی لەژێر چڕنوکەکانی خۆیدا پلێشاندبۆوە پێویستی بەوە نییە کە من، ئیلا پێی بڵێم مولازم موحسین.

باش دەزانی گۆڕینی ئەوە، ئەگەر دەپرسن بۆ گۆڕیوتە. ئەوە من وەکو چیرۆکنوسێك بەحەقی خۆمی دەزانم، من لەزۆربەی چیرۆکەکان. تۆ حەقت هەیە لێم بپرسی هەر نەتنووسیوە فەرهاد، ئەمە تەنها لەبابی جوانکارییە، لەبواری ئەوەیە. کە ئیقاعێکی بدەمێ ئەگینا مەسەلەی گۆڕینەکە، یەعنی ئیشکالیەتێك نییە بەنیسبەت من تەنیا لەڕووی ئەدەبییەوە ویستومە کە گۆڕانکارییەك بەسەر ناوی پاڵەوانەکاندا بێنم.

-لەخوێندنەوەی ئەم نۆڤلێتەدا، هەست دەکەین کە زمانێکی راستەوخۆ بەکارهاتووە. تۆ چۆن ئەوە لێك دەدەیتەوە؟

*د. فەرهاد: زمانی راستەوخۆ مەبەستت چییە.

-بەو مانایەی کە زۆر بەئاسانی ناوی کەسەکانت بردووە. لەوانەیە هەندێك لە کەسێتیەکانی ناو نۆڤلێتەکە کە ناویان هاتووە، بەڕاستیش ئەو کەسێتیانە هەبن... هەروەها زمانێکی راستەوخۆیەو ناوی گەڕەکەکانیش راستەوخۆن...

باشە نەدەکرا لەجیاتی ئەو راستەوخۆیە، ڕەمز بەکار بهاتایە؟

د. فەرهاد: *موتەئەسیفانە من پێشتریش وتم، بە نیسبەت هەندێك ناو. ئەمە سوێندیشم خوارد وە لە رۆژنامەشدا بڵاوم کردەوە کە من ئاگام لەوە نەبووە، وەختەبەریشم بۆ نارد حەقی خۆیەتی شکاتم لێ بکات لەدادگا، داوای لێبوردن بکەم یان نۆڤلێتەکە سەحب بکەمەوە لەبازاڕ، چی بکەمو چی نەکەم مافی خۆیەتی ئامادەییم هەیە لەو بارەوە نەمزانیبوو کەسێك هەیە ئەو ناوەی هەیە بەڵام بەنیسبەت کەسایەتیەکانی دیکەی ناو نۆڤلێتەکە (مولازم تەحسین) باشە مولازم موحسینێك هەیە چ قەیدی هەیە بەنیسبەت (جوامێر) کە یەکێك دەڵێ ئەمە فلاّن کەسە کە یەکێکی تر دەڵێ ئەمە فلاّن کەسە. باشە خودی جوامێر کە نازناوی خۆم بووە ئەو وەختەی من لە یەکێتی نووسەران بووم لەشاخ نامەم بە ئیمزای جوامێر بۆ مالّی خۆمان دەناردەوە، باوکم ماوە، برام ماوە دەتوانن لێی بپرسن، نازناوی خۆم ئەو نامانەی کە لە دوورە وڵاتییەوە ناردوومە لە دانیمارکەوە لە فەرەنساوە بە نازناوی جوامێر دەمنارد، حەقی خۆمە نازناوی خۆم بەکاربێنم، بەڵام تۆش بەمن دەڵێی منیش ناوم جوامێربوو، کەسێکی دیکەش دەڵێ نازناوم جوامێربووە، ئەمە گوناهی من نییە. یەعنی مەسەلەی ناوی جوامێر من دەیان جاری دیکەش وتوومە یەکەم نازناوی خۆم بووە، ئەو وەختە لەدانیمارك بووم لە فەرەنسابووم نامەم پێ دەناردەوە، تەنانەت لەشاخیش بووم دەشێ ئەو نازناوەش هی خەڵکی دیکەش بێت یا ناوی خەڵکی دیکە بێت.

-بێگومان تۆ کەسێکی مەیلت هەیە بەشێوازی سوریالیەت، ئەدی چۆن لەم نۆڤلێتەتە ڕێگەت بەخۆت دا کە ئەدەبێکی واقیعیانە بەکاربهێنێ؟ لەکاتێکدا خۆت لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا دەڵێی: ئێمە شەپۆلی ئاوارەو هەلا هەلا بووی نێوان بەرداشەکانی ئەو هەموو جەنگە، لەسوریالیزمەوە نزیکترین تا ریالیزم.

*د. فەرهاد: وام وتوە پرسیارەکەشت جوانە سوپاست دەکەم، گیروگرفتەکە ئەوەیە لەیەکێك لە چاوپێکەوتنەکانی بەدرخان بوو، گیروگرفتەکە ئەوەیە ئەم مولازم تەحسینەشم هەر بەدادایی و سوریالی لە قەڵەم دەدەن، وا تێدەگەن کە ئەمە گەمەیەکی ئەدەبی سوریالیستەو دادایيەکانە... راستیەکەی من لە سوریالی و دادایەکانەوە نزیکەی تا رادەیەك فێری ئەوەبووم کە تەکنیکی نوێو شێوازی نوێو قاڵبی نوێ چۆن بەکاربێنم بەمانای شتێك لە سوریالیزم لەباری شەکڵەوە لە مولازم تەحسیندا هەیە، لەباری تەکنیك و لەباری شێوەوە چونکە سوریالیستەکان زۆر حەزیان لە شتی تازەیە زۆر حەزیان نەك حەزیان باوەڕیان بەو تێکشکاندنە هەبوو کە لەبواری فۆرمو تەکنیکی نووسیندا پێشتر باوبوو من تا رادەیەك لە مولازم تەحسیندا ئەو پرانسیپەم پیادە کردووە دەمێنێتەوە سەر ناوەڕۆك بە نیسبەت ناوەڕۆکەکە دیسانەوە بڵێم ئەم دابەشکردنەی ژیانی شەوانی ئەختەرو ژیانی رۆژانەی ئەختەر ئەمیان لەسەرەوەو ئەویان لەخوارەوەو ژیانی رۆژانەی جوامێرو ژیانی شەوانی جوامێرو ئەمیان لەسەرەوەو ئەویان لەخوارەوەو ئەم تێهەڵکێشیەو پچڕ پچڕیە خۆی لەخۆیدا شتێکی دروست کردووە کە ئاڵۆزە بەڵام زۆر زۆریش روون دەبێ، بەڵام خۆی لەخۆیدا جارێك یا دووجار بخوێنیتەوە یەعنی تەسەوردەکەم شتێکك کە سوریالیزم لەمولازم تەحسینیشدا وجودی هەبێت، بەڵام بۆ رووم کردە ئەوەی واقیعی بم، تەواوە یەکەمین چیرۆکم لە ١٩٨٠دا بڵاوکراوەتەوە یەعنی نزیکەی ٢١ ساڵ پێش ئەمڕۆ بەڵام بەخۆم دەڵێم من چیرۆکنوسێکم لەقۆناغی ئەزموونگەریدا دەژیم یەعنی شتەکان تاقیدەکەمەوە، شتەکان تەجروبە دەکەم، بەتەجروبەیەکدا دەڕۆم شەرت نییە ئەوەی کە ئەمڕۆکە من ئەینووسم، دوو ساڵی تر پێم راستو جوان بێت، بەڵام حاڵی حازر، پێم باشە، ئەوەم پێ جوانە. بۆ؟ رووم کردە واقعیەت! من نالێم ئەمە واقعیەتێکی رووکەشانەیە واقعەتێکە کە چۆن رەئوف حەسەن لە واقعیەت تێ دەگات یان چۆن رەئوف بێگەرد لە واقعیەت تێدەگات، تەسەور دەکەم بینینی من بۆ ئەو واقیعەی کە باسم کردووە جودا بێت لەگەڵ ئەو واقیعەی کە پێشتر خۆم خوێندومەتەوە، یان ئێستا دەیخوێنمەوە ئەگەڕێینەوە بۆ نۆڤلێتەکە تەماشای رووداوەکانیش بکەیت تێکەڵو پێکەڵیەك هەیە لەهەندێ شتدا لەهەندێ دیمەندا یان لەهەندێ رووداودا بۆ نموونە واقیع قەت بینینی ریالیستیانە نەبووە، واقیع قەت ئەوەنەبووە لەهیچ چیرۆکێکدا نەمخوێندۆتەوە. ئەختەر لەدیمەنی یەکەمدا چیکردووە لەگەڵ مولازم تەحسین بەشەو هەمان شتی لەگەڵ جوامێر بەشەو دووبارە دەکاتەوە، لەگەڵ مولازم تەحسین بەڕۆژ چیکردووە بەشەو هەمان شتی لەگەڵ جوامێر دووبارە دەکاتەوە، پەپولەیەك دێت لەسەر دەستی دەنیشێتەوە ئەم پەرداخ ئاوەکەی دەداتێ یەعنی تۆ هەست بەوە دەکەیت کە خەونێکە ئەمە. هەست بەوە دەکەی تۆ ئەم دیمەنەت بینیوە بەڵام کەچی دووبارە دەبێتەوە ئەمە بیردۆزێکی واقعی نییە، بیردۆزێکە من کەڵکم لەخەون وەرگرتووە سوودم لە ناواقعی یا سەروی واقیعەوە وەرگرتووە بۆ نموونە زۆر مەشهەدی وای تیایە لەسەرەوە تەسەروفێکە رووداوێکە لەخوارە، بەهەمان رووداو دووبارە دەبێتەوە، بەشکڵێکی دیکە ئەمە واقیعی نییە من نالێم بیردۆزێکی واقیعیم هەیە ناوهێنانی گەڕەك و سابونکەران و کفتەی سابونکەرانی و تەقینەوەی فڵان قومبەلە لە فڵان بانك و ناوەکان و پاڵەوانەکان، ئەجوائی سلێمانین و ئەمانە کارم بەو واقعە هەبووە، من رۆمانێکی واقعیم ئەسڵەن بەو مەفهومە نەنووسیوە بەڵکو واقیعەکەم بەکارهێناوە بۆ فکرەیەك کەچی پێم سەیرە تاکو ئێستا ئەوەندەی خەڵك باسی لەواقعەکە دەکا ئەوەندە باسی لە فیکرەکەی من ناکات کە من ئەدەبم نووسیوە، یەعنی کاکە ئەو واقعە بۆخۆتان بۆ ئەو خەڵکەی حەزدەکات قسە لەسەر مولازم تەحسین، قسە لەسەر شەهیدانی رێگەی کوردستان بکات کە من ئەوپەڕی تەقدیرم هەیە قسە ولەسەر هێزی پێشمەرگە بکا کە من

هەمیشە هەتا رۆژی راپەڕین هەتا ئەمڕۆکەش هەمیشە بەدڵو بەگیان تەقدیری پێشمەرگەم گرتووە، وەڵاهیی ئەگەر ئەندام پەرلەمان بومایە هەزار شەپیشم لەپەرلەمان دەکرد لەسەر هێزی پێشمەرگەو سوپاو میللەت، بەڵام هەموو ئەو واقیعە بۆ خەڵکانێك کە پەیوەندیان بە واقعەکەوە هەیە ئەدەبەکەی بۆمن لێگەڕێن، بۆ خەڵکانێك لێگەڕێن کە حەز لەئەدەبیات دەکات. ئێوە پێتان ناخۆشە، کە بڵێم من ئەوانەی کە کەوتوونەتە سەنگەر دژی ئەو رۆمانە با بێن منیش لەگەڵیانابم با خزمەتی واقعەکە بکەین باس لەواقعەکە دەکەین، من واقعەکەم تەنیا وەك چەند ئالەتێکی شەترەنج بەکارهێناوە ناوێکم گۆڕیوە، ناوێکم زیاد کردووە، ناوێکم شێواندووە، ناوی گەڕەکێکم هێناوە، ناوی پاسێکم هێناوە، ناوی بینایەکم هێناوە. خۆ من ناچم ئەجوائی کەمبۆدیا هەڵبژێرم، خۆ ناچم باسی نیودلهی ئەجوائی سیحربازو پیرێژنو روباری گەنجو سەندوچی بکەم، من پێویستم بەو کەرەستانەی واقعی ژیانی خۆمان بووە، بۆ ئەوەی فیکرەو روانینێکی چیرۆکنوسانە، هونەرمەندانە دەربڕم بۆ ئەوەی خەڵك بڵێن وەڵاڵا ئەمە باسی واقعی ئێمە دەکات، فیکردکەی من ئەوەی کە ویستوومە دەربڕم، فیکرەیەکە. کاوەگیان! روانینی هونەرمەندانەیە من ویستوومە دەربڕم بەداخەوە وەکو گوتم کەس باسی ئەوەم ناکات هەر باسی ئەوە دەکەن من جنێوم بەفلان داوە، قسەم بە پێشمەرگە وتووە، ئەمانە تەنیا کەرەستەیەکە بۆ ئەوەی من سودی لێوەرگرم بۆ گوزارشتکردنی بینینی خۆم. واقع بۆ ئەوانەی پابەندی واقعن، ئەدەبیش بۆ ئەوانەی چێژی ئەدەب دەکەنو کە من خۆم یەکێکم لەوانە.

-بێگومان هونەری رۆمان، هونەرێکی رۆژئاوایە. خۆشت دکتۆراکەت لەپاریس وەرگرتووەو وابزانم هەر لەسەر چیرۆکیشە، ئەو تەکنیکەی کە تۆ لەو نۆڤلێتەدا بەکارت هێناوە من تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا نەمبینیوە، بەڵام لەجیهاندا بە دڵنیاییەوە هەیە. ئایا تۆ بۆ ئەو تەکنیکە سودت لە کێ بینیوە؟ جگە لەو سوودەی کە پێشتر باست کرد.؟

*د. فەرهاد: من وەکو پێشتر وتم لەخۆیەوە دروست نەبووە، سودم لەهیچ تەکنیککی جیهانی وەرنەگرتووە، بەکورتیەکەی شەرحی ئەوە من لەسەرەتاوە وتم. پێش ئەو چیرۆکە چیرۆکی شیرۆفرینیا نوسی کە لەگۆڤاری (ئێستا)و لە رامانی هەولێریش بڵاوبۆوە، ئەو شیرۆفرینیایە من سودم لەبەخت نامە وەرگرت، بەختنامە خانە خانەیە، دابەش کراوە. پەنجە لەسەر هەر خانەیەك دەخەی ئەڵێی بڕوانە خانەی ژمارە ١٢ کە سەیری خانەی ژمارە ١٢ ئەکەی دەبینی لەسەری نووسراوە ئەوا تۆ سەفەرێکت لەپێشە، لەم ماوەیە ژنەکەت دەمرێت، نازانم کەی چیت لێ رووەدات، ئەم قسە هەلەق و بەلەقەی تیایە، سوودم لەو خانە خانانەی بەخت نامەی گیو موکریانییە نازانم کێ نووسیویەتی. کتێبێك ئەکەیتەوە دەست لەسەر رەقەمێك دائەنێیت ئەڵێی بڕوانە ژمارە ئەوەندە ئەبینی ئەمە ئەوە سودم لەوە وەرگرت بەڕاستی بۆ نووسینی شیرۆفرینیا، پاش ئەوە چیرۆکێکی منداڵانی فەرەنسی هەبوو نووسەرەکەی پێتەئەڵێم، (رایمۆن کینۆ) کە تەسەوردەکەم لەسلێمانیشو لەهەولێریش ئەو

خودی جوامێر کە نازناوی خۆم بووە ئەو وەختەی من لە یەکێتی نووسەران بووم لەشاخ نامەم بە ئیمزای جوامێر بۆ مالّی خۆمان دەناردەوە

چیرۆکنوسەیان نەخوێندۆتەوە، من ناوەکەت پێ دەڵێم.

تۆ بۆخۆت برۆ بخوێنەرەوە بزانە من چەند سودم لێوەرگرتووە ئەو پیاوە چیرۆکێکی بۆ منداڵان نووسیوە وەکو لەسەر قوتوی پاکەتە شقارتەو شتی وا ئەمانەی بۆ منداڵان نووسیوە گورگو بزنو نۆکو بامیە قسە ئەکاو نازانم چی قسە ئەکا بەڵام چیرۆکنوس هەمیشە حەقی خۆیەتی کە سود لە تەکنیکێکی معماریش وەربگرێت، سەیری نافورەیەک دەکەی چیرۆکنوس یا شاعیر حەقی خۆیەتی سوود لە تەکنیکی معماری نافورەیەک وەربگێت، تەماشای بینایەک دەکات معماری وەزارەتێکی زەغم دەکات تەماشای تابلۆیەک دەکات تەماشای مۆسیقا مەسەلەن گوێی لێڕائەگرێ حەقی خۆیەتی سودی لێوەربگرێت. بەڵام دیسانەوە سوئالەکەت بەکورتی جواب بدەمەوە ئەگەر من سودم لە تەکنیکی رۆژئاوایی دەقاو دەق وەرگرتبێت، ئەمە راست نییە هەتا دوو سەد سالّی دیکەش لەو تەئریخە بەو لاوە کە من چیرۆکەکەم تێدا نووسیوە مەسئولم لە قسەکەم هیچ تەکنیك نییە بڵێی من لاسایم تێدا کردۆتەوە، بەڵام وتم سوودم لە بەختنامە وەرگرتووە، ئەو خانە خانانە لەگەڵ رایونکی نەنکا، یەک دوو چیرۆکێکی بۆ منداڵان هەیە لەسەر زمانی بامیەو تەماتەوە چیرۆك بۆمنداڵان دەگێڕێتەوە شتێك نزیکایەتیەك هەیە لەبەینی ئەوەو. ببورە، لەسەر بنچینەی ئەو (شیزۆفرینیایە) بوو کە من توانیم زارو مارەکان بنووسم دوایی ئەوە تەسویرم پێدا لە زارو مارەکان لاپەڕە بەستونی دابەشی دوو کراوە لە مولازم تەحسین بە پانایی لاپەڕەکە من تەوزیفم کردووە. ئینجا لەوانەیە سبەی چیرۆکێکی تر بنوسم لاپەڕە لەناوەڕاستا سێ گۆشەیەکی لێدروست کەم، من ئارەزووی خۆمەو حەقی خۆمە، کە چۆن تەسەروف بە لاپەڕەیەك دەکەم حقوقی ئینسان ئەوەیە کە تۆ تەسەروف بتوانی بە لاپەڕەیەکەوە بکەیت، تۆ دەتوانی ئەم لاپەڕەیە بڵێی ئاوای لێبکەی کەچۆن حەزی لێدەکەی بینووسی جوان بوو بڵێ جوانە جوان نەبوو بڵێ ئەوە قەشمەریاتەو (مستەفا سالّح کەریم) چیم پێ دەڵێت ئێوەش ئاوا بڵێن، حەقی خۆتانە. ئەگەریش جوان بوو بیخوێنەوەو بەدڵتان نەبوو فڕێیدەنە ماڵەوە.

-یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی ئەم نۆڤلێتە ئەوەیە کە خوێنەر هەست دەکات کە تۆ وەك نووسەر دەسەلاتت بەسەر نۆڤلێتەکەدا نەشکاوە، بۆ نموونە با باسی کەسایەتی جوامێر بکەین. جوامێر لەو نۆڤلێتە پیاوێکی پێشینەی پاك نییەو لەگەڵ ئەختەردا رادەبوێرێ. جگە لەوەش کەسێکی گێلە، وەك لە کۆشتنەکەیداو لەکۆتایی نۆڤلێتەکەدا دەردەکەوێ. نەدەکرا بە دیوەکەی تردا باس لە جوامێر بکرێو دەوری مرۆڤێکی پاکو جوامێری پێببەخشرێ؟.

*د. فەرهاد: باشە پرسیارەکەت زۆر جوانە..

جارێ ئەوەی کە گێل بووە، گێل نەبووە پێشمەرگە زۆر حاڵەتی ئاوای لێهەڵکەوتووە کە بۆسەی بۆ دابنێن، چەندیش ئازابووبێ ئەوە گێلیەتی ناگەیەنێ ئەوەندەی تایبەتمەندییەکی کوردە ئەم کەوتنە ناو بۆسەیە، سمکۆ ئاغای شکاك گێل بووە؟. نەخێر سمکۆ ئاغای شکاك سەرکردەیەکی گەورەی کورد بووە کە ئەمڕۆ فەخری پێوە دەکەین لەسەر خوانی دوژمنەکەی خۆی شەهید دەکرێ دەستگیر دەکرێ قازی محمد بەهەمان شێوە دەخرێتە بۆسەوە دەیان لەوانەیە سەدان پێشمەرگەو رێبەری دیکە بەهەمان حاڵەت دەستگیردەکرێنو تێکدەشکێنرێنو تووشی هەرەس دەبن، ببورن تەنیا راکە راست دەکەمەوە گێل نەبووە لەبەر ئەو هۆیانە لەبەرئەوەی وەکو گوتم سیفەتێکی جوانی یان پاکی بەرائەتی کوردان بێت، کە دەکەوێتە بۆسەی دوژمنەوە مەسەلەی ئەوەی کە پاك نەبووە من ئاوام نیشان نەداوە، کە پاك نەبێت بە پێچەوانەوە لەفەرمانگەی کشتوکاڵ فەرمانبەربووە، بەڕێوەبەربووە بۆ بەرژەوەندی



لە سەدا هەشتای ئەوانەی لەسەر

نۆقلیێتەکەمیان نووسیوە لێی تێنەگەیشتوون!

شۆڕش لەژێرەوە دولایەن (خەتمایل)، پاك لەگەڵ کێشەی کورد، وە پاك بووە لە رێی خەباتکردنو لەپێناوی باوەڕێکدا کە ئەو خۆی باوەڕی پێی هەبووە، گومان لە پاکی جوامێردا نیبە وەکو پێشمەرگەیەك وەك ئەندامێکی ئەو حیزبەی کە تیایدا ئیشدەکات حیزبەکەش دیارنییە، حەزدەکەم ئیشارەتی پێ بدەین دیار نییە چ حیزبێکە، حیزبێکە لەشاخ کاردەکا لەبۆ چارەنووسی ئەو میللەتە دیارنییە چ حیزبێکە.

-دکتۆر تۆ باس لە مارکسی و لینینی دەکەی کە حیزبێکە. وەك جەنابیشتان دەزانن ئەوانەی کە بانگەشەی ئەو فیکرەیان دەکرد کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو....

*د. فەرهاد: لەو ماوەیەدا ئێمە دەزانین کە ژمارەیەکی جۆراو جۆر لە ئەحزاب هەبووە سودی لە مارکسیەتو لینینی وەرگرتووە.

-لەوە زەقتر باسی شەڕی قڕناخەو پشتئاشان دەکەی بێگومان ئەوە مێژوویەکەو یەکێتی تێیدا بەشداربووە.

*د. فەرهاد: تەنیا یەکێتی تێیدا بەشدارنەبووە، تەنیا ئەو لایەنانە بووە، لە پاڵەوانەکان؟

که ناوتان برد من وتم ئاگام لێنەبووە یا چی ئەمە چۆن بەشداری ئەکا ئەگەر لایەنی یەکێتی نیشتمانی

بێت، گرنگ ئەوەیە من ناوی یەکێتی نیشتمانیم نەبردووە کە بڵێم ئەمانن ئەو حیزبە..

-ئەمەیە مانای راستەوخۆیی نۆڤلێتەکە. من کوڕی سلێمانیم. ئەوەی کە دەسەڵاتی هەبووبێت و لەو گەڕەکانە بەیاننامەی باڵوکردبێتەوە، من بەش بەحاڵی خۆم تەنها یەکێتی نیشتمانیم بینیوە. بەتایبەتیش گەڕەکانی سەرکارێزو سابونکەران، هەتا تۆ باسی گەڕەکێك دەکەیت کە بەڵای سەرچیمەندا دەڕوات، زۆربەی کوڕەکانی ئەم گەڕەکانە سەر بەیەکێتی و کۆمەڵەبوون.

*د. فەرهاد: ئینجا ئەو واقعەی من گوتم بۆ ئەوانەی کە لەو واقیعە مێژووییە دەکۆڵنەوە ئەو واقیعە سیاسییە ئەو واقیعە مێژووییە با بۆ ئەو کەسانە بێت کە لە واقعی سیاسی سلێمانی ئەو سەردەمە دەکۆڵنەوە، من ئەوەندە دەڵێم چۆن سیاسی ئیزن دەدا کە خۆی ئەدەب بەکاربهێنێ بۆ واجیهەیەکی ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە، ئەدیبیش حەقی خۆیەتی کە دەست بداتە ژیانێکی سیاسی، چارەسەری خۆی بۆ بکات. ئەدیبیش مافی خۆیەتی کە بێت باسی ژیانێکی سیاسی بکات قۆناغێکی دیاریکراوی میللەتەکەی خۆی بکات چونکە ئەو واقیعە سیاسیە تەنها مولکی فلان حیزب نییە، بۆیە دەڵێم مێژووییی چونکە بە قۆناغێك کۆتایی پێهاتووە قۆناغێکی دیاریکراو و دروست بووە،بەس من یەکێك لەئامانجەکانم بۆ ئەو مشتو مڕە کە دروست بوە یەکێك لەئامانجو تەمەنایەکانم ئەوەیە کە بتوانم باوەڕ بە دەوروبەرەکەی خۆم بێنم ئەو دەوروبەرەی کە گفتوگۆ لەسەر ئەو چیرۆکە دەکات باوەڕ بەوە بێنم کە نەك من هەر چیرۆکنوس و شاعیرو سینەمایی فیلم سازو پەیکەرتاش و سیناریۆو هونەرمەندێك، مافی خۆیەتی کە بێت باس لە هەر قۆناغێکی مێژووی میللەتەکەی خۆی بکات، چونکە ئەو قۆناغە مێژووییەیان حەتا ئەو واقعە مێژووییە ئەو واقعە تەنیا مولکی سیاسییەك نیە، تەنیا مولکی حزبێك نییە کە چۆن خۆی نەزەرەی چییە بۆ ئەو واقعە هەر ئەوە بمێنێتەوە. با بەوە رابێین کە مەلایەکیش تەفسیری خۆی هەبێت بۆ واقع. مەسیحیەکیش قەشەیەکیش تەفسیری خۆی هەبێت. هونەرمەندێکی لیبڕالیش تەفسیری خۆی هەبێت. هونەرمەندێکی رۆمانیش هونەرمەندێکی سوریالیش هونەرمەندێکی دادایش کە یەکێکی واقعی ئیشتراکیش یەکێکی باحەقی ئەوەمان هەبێت هەریەکە لە شوێنی خۆمانەوە. مافی خۆمان هەبێت بە بەینی شەخصیو تایبەتی خۆمان بڕوانینە مێژووی خۆمان واقعی بەلام من خۆ نەموتووە. موقەدەساتی خۆمان.

عەلەل ئەقەل لەواقعی تەئریخی خۆمان، ئەم واقعە کە تۆ ویستت بە شێوەیەك تەفسیری بکەیت بڕۆ تەفسیری بکە جگە لەوە من نەهاتووم، مێژوو بنوسمەوە، ئەگەر من کتێبێکی مێژوویم نووسی مولازم تەحسینم ئاوا نیشاندا، جوامێرەکەی پێشمەرگەی ئاوا نیشاندا من سەگو سەگبابم من ئەو وەختە کە دیارە درۆ دەکەم، بەناوی مێژووەوە شت دەگێڕمەوە، بەلام من لەسەر ئەو نووسینەم نووسیوە نۆڤلێت، کە نووسیومە نۆڤلێتو ئاوای باس دەکەم کە چۆن باسم کردووە، من چیرۆکنوسم شانازیش بەو چیرۆکەی خۆمەوە دەکەم. کەواتە واقع، حەقی هەموومانی بەسەرەوەیە، هەموومان هەریەکەی دادایزمو کۆمۆنیستو مەلاو قەشەو سیاسیو حزبو هەموو کەسێکیان حەقی خۆمانە کە چۆن واقع دەبینین، نەك چۆن تەفسیری دەکەین من وەك چیرۆکنوسێك واقعەکەم ئاوا بینوە! بۆ ئەوەی فیکرێك تەعبیر بکەم روانینێك تەعبیر بکەم، ئێستا بەداخەوە کەس باس لەو روانینە هونەرمەندانەیەو روانینە چیرۆکنوسیەم ناکات هەموویان هاتوون قسە لەسەر واقعەکە دەکەن، بۆیە راستیەکەی هەموو ئەو شتانەی وترابوون پەیوەندی بە چیرۆکەکەی منەوە نییە، پەیوەندی بەواقعێکەوە هەیە، کە خەڵك دەیەوێ بنوسرێتەوە، کەسیش نییە بینووسێتەوە

دوای ئەوە من پرسیارێکی تر دەکەم لەدوای راپەڕینەوە هەتا ئەمڕۆ وابزانم دوانزە ساڵ یانزە ساڵ بەسەر راپەڕین رەت دەبێت، بۆچی چیرۆکنوسێك نەهات، ئەم مولازم تەحسینە سەگو سەگبابە بۆ نموونە یەکێکی وەکو کاك مستەفا کە خودی خەڵکی شارەکەیە کە لەمن دڵسۆزتریشە بە حسابی خۆیی دەیان چیرۆکنوسی تر بۆچی تاکو ئێستا یانزە ساڵ رەت دەبێت بەسەر مێژووی رەشی ئەو مولازم تەحسینە چیرۆکنوسێك نەهات باسی مولازم تەحسین بکات.

-ئەگەر جەنابتان ئاگادارین، بۆ نموونە لە چیرۆکەکانی (محەمەد فەریق حەسەن)دا زۆر بەجوانی کەسایەتی مولازم موحسین دیاریکراوە بەبێ ئەوەی ناویشی هێنابێ بەتایبەتی لە چیرۆکی (دوربین و قاوغە شقارتە)دا. هەر بۆیە کەسێکی سیاسی دەڵێ: ئەگەر مەفرەزەیەکمان بهاتایەتە دەست و دەستی لەڕێم بوەشاندایە، هێندەی چیرۆکێکی (محەمەد فەریق حەسەن) کاریگەری نەدەبوو. کەواتە ئێمە پێش راپەڕین ئەدەبێکی بەرگریمان داناوەو شانازیشی پێوە دەکەین.

*د. فەرهاد: باشە منیش ئەو چیرۆکەم نووسیوە. ئێوە بەئەدەبێکی فاشلی لەقەڵەم بدەن، بە ئەدەبێکی پۆخڵەواتی لەقەڵەم بدەن بە ئەدەبیاتێك کە بۆگەنە. کەچی ناوێکی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام من ئەو بینینەم هەیە کە چیرۆکەکە ئاوا بگێڕمەوە، بۆ ئەوەی شتی دیکەم هەیە فیکری دیکەم هەیە روانینی دیکەم هەیە، باسی بکەم یەعنی من چیرۆکەکەم بۆ ئەوە نەنوسیوە. مولازم تەحسین بکەمە پاڵەوان کە نەشکراوەتە پاڵەوان، نەکراوەتە پاڵەوان لەکۆتاییەکەدا وانیشان دەدرێ کە خیانەت لەئەختەر دەکا.. ئاخر جوملەی دەڵێ ئەم قەحبە پیسەش فڕێ دەدەنە دەرەوە، ئەمە دەلالەتەی ئەوەیە کە مولازم تەحسین لەیەکەم خاڵی دەستپێکردنی خۆشەویستی لەگەڵ ئەختەر درۆی کردووە هەتا ئاخر لەحزە.

-راستە نکولی لێناکرێت..

د. فەرهاد: تەواو من مولازم تەحسینم وانیشان نەداوە کەوا خۆشەویستی بکەم ویستومە بینینێك تەعبیر بکەم، فیکرەیەك تەعبیر بکەم، کە تاکو ئێستا قەتعیەن قسەی لەسەر نەکراوە، نوقتەیەکی دیکە حەزدەکەم باسی بکەم، مەسەلەی ئەوەی کە جوامێرم درۆزن نیشانداوە، من ئەوەم سەلماند کە گێل نییە، وتم پاك بووە، لەخۆشەویستیەکەی خۆیدا، بەڵام پاکنەبوونەکەی ئیحتمالە، ئەو هانی دابم، بڵێم کە جوامێر خۆیان نیشان نەداوەو درۆزنانە پیشانت داوە، هەر ناوی دەڵێم وە مەبەستیشمە بڵێم دوودڵی رۆشنبیری کورد لەو فەترەیە کە ئەمڕۆش دوو دڵی پیاوی کورد، دوو دڵیەکە لەچی دایە، دوو دڵیەکە یان ئەو باوەڕ نەبوونەی، بەوەی کە ئەختەر بخوازێت، قەلەق بوونەکەی ڕاڕابونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خاسیەتێکی زۆر دیار کە لەپیاوی کوردا هەیە، دوو دڵە تەنانەت هەتا ژن دێنێت. ژنێك دەهێنێت، قەرار لەسەر ئەوە ئەدا ژنێك بهێنێت، یا نا.. عائیلەی ئەو ژنەی هەموو لۆ پیاوەکە دەپرسن عائیلەی ئەو پیاوە هەموو لۆ ژنەکە دەپرسن، خۆی هەزار پرسیار دەکا. دەڵێ ئەگەر ئەو ژنە بێنم ژنێکی چۆنە، ئایا کە هێنام پەنجەی بۆ ڕاناکێشرێ، ئایا سابیقەی هەیە.. جوامێر دەزانێ کە ئەختەر سابقەی هەیە، ئەختەر لەناو شارەکا پەیوەندی تری هەیە لەگەڵ پیاو. لەبەرئەوە هەرچەندە چەند ڕووناکبیرێکی زۆریش هەبێت، سەقافەتێکی مارکسی لینینانەش هەبێت، بۆ ئەوەی کە باوەڕی بەوەیە ئەگەرچی ئافرەت سابقەی هەبێت. یان چۆن بێت چۆن نەبێت. بەڵام تۆ دەبی بیخوازیو چۆن دەبێو نابێ گوێ بدەیتە ئەوە.. ئەمە وا لە جوامێر دەکات دوو دڵ بێت لەوە دەترسێت ئەگەر خواستیو لەگەڵ خۆی بردیە شاخ هاوڕێکانی هەڤاڵەکانی پەنجەی بۆ درێژکەن لەسەرجادە لەناو شاخدا پەنجەی بۆ درێژبکەن. ئەوەیە وا لەجوامێر دەکا کە تۆ ناوی بنێی درۆزن،

بەبۆچوونی من بنکەی گەلاوێژ یەکێکە لەو دەزگایانەی کە بەڕاستی رێزی لەنووسەری ئازادگرت

من خۆشم دەوێ چونکە رۆژانە دووسێ کەس لەو بابەتە رۆژانە دەیانبینم برادەری خۆم کە دێن بۆ سلێمانی کە دێن بۆ هەولێر. کە دەچن بۆ دهۆك ئەم نموزەجەی جوامێر کە رۆشنبیرێکی دوو دڵە بە سەقافەت بە نەوعێك بیر دەکاتەوە بەڵام لە واقعدا ناتوانێ تەنفیزی ئەو بینینەی بکات، جێبەجێ بکات. ئەمە نموزەجیان زۆرە، درۆزن نین، دوو دڵن ئەم دووددڵیەیە کە ناتوانێت، لەکۆتاییدا ئەختەر بخوازێت. ئەختەریش کەسێکە بەدوای ئیستقرار دەگەڕێ، دەیەوێ بەلای ئەوەوە. ئەوە گرنگە مێردێکی هەبێ، وەکو دەیان ژنی هاو بابەتی هاوجۆری خۆی ئەوەی بەلاوە گرنگە کە دااڵدەیەکی هەبێت، بۆیە لێرەوە دەڵێم دیفاعێکی ژنی کورد کردووە، کەچی تەفسیری غەڵەتی بۆ کراوە لەئەنجامی ئەوە ئەختەر دەکەوێتە بەینی دوو ڕێگاوە، دەبێ ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێت کە دااڵدەی ژیانی ئەو دەدات، بۆیە مولازم تەحسین هەڵدەبژێرێ، ئەمەش دەلالەتی ئەوە نییە کە من باوەڕم بەوە هەیە، ئینسانێکە ژیانێکە، دەبێ دااڵدەیەك هەڵبژێرێ دااڵدەکە ناتوانێ جوامێربێت. چونکە جوامێر نایخوازێت، نموونەی ئاواش زۆرە، ئینجا ئەوە پێشمەرگەبێت یا وەزیر بێ عەلاقەم پێدانییە و گرنگ ئەوەیە پیاوێکە و دووددڵی پیاوێکە رۆژهەاڵتی راڕایە. فیلمی (البندقیە القدیمە) یەعنی تفەنگە کۆنەکە، کە (رۆمی شنایدەر) دەوری تێدا دەبینێ فیلمێکی فەرەنسییە، لە فیلمی البندقیە القدیمە، نازانم بۆ ئەوەم بیرهاتەوە رۆمیشینایدەر ئافرەتە سۆزانیەکەیە دکتۆرێك دەیخوازێ..

گەورەترین سومعەی ناو کۆمەڵگای ئەڵمانی هەیە بەڵام دوور نییە وەکو جوامێر. ئینسانی کورد ئینسانی رۆژهەاڵتی دووددڵە لەوەی ئافرەتێك بخوازێت، سابقەی هەبێ، من دەبێ ئەمە بڵێم من نامەوێ بڵێم پێشمەرگە پیسەو داوێن پیسە ئەو قسانەی کە بەمن وتراوە، لەسەر جوامێر.

-کەواتە تۆ جیاوازییەکت هەیە؟

*د. فەرهاد: دکتۆرەکە لە فیلمەکەدا کە رۆمی شنایدەر دەوری تیا دەبینی. دکتۆرەکە فلیپ نازانم کێیە دەوری تیا دەبینی. فلیپ کە دکتۆرەکەیە دەمو دەست قەرار ئەدات رۆمی شنایدەر کە ئافرەتێکی سۆزانیە دەیخوازێت، لۆ ئەوەی ئینقازی بکا، خۆشی دەوێ. جوامێر فەرقی لەگەڵ ئەو دکتۆرە ئەڵمانیە، کە دوو شارستانیەتی جیاوازن دوو ئەخلاقیاتی جیاوازە، جوامێر دوو دڵە.. وەکو تۆ وەکو من عەفومکە وەکو برای گەورەم وەکو برای بچوکم وەکو مامەم، وەکو خاڵم. ئەم دوو دڵیە ناکرێ لە پێشمەرگەیەك بسەنرێتەوە ئینجا با وەزیریش بێت، من ئەمەم وتووە. خەڵك تەفسیری بۆ دەکات ئەمن ئەو پێشمەرگەیەم پاك نەکردووەو گێلم کردووە. درۆزنم کردووەو سەختەچیم کردووە، کاکە پێشمەرگەیە قەیناکا، پێشمەرگەش بەشەرە پێشمەرگەش ئەو دووددڵیەی تیا ماوە، من بۆیە پێشمەرگەم هەڵبژاردوە، نەمکردۆتە عەرەبانەچییەك لەبەرئەوەی پێشمەرگە لوتکەی ئەو مرۆڤانەیە کە رۆشنبیری جێبەجێ دەکەن لەواقعدا ئینجا وتوومە. هێشتاش هەرناتوانێت.

-ئەگەر جیاوازییەك هەبێت لەنێوان باسکردنی پێشمەرگە لای حەسەنی قازی لەرۆمانی (پێشمەرگە)دا، کە ئەو باس لە قارەمانیەتی و شۆڕشگێڕیی جوامێری و گەورەیی پێشمەرگە دەکات، لەگەڵ ئێستادا. ئەو باسکردنە چ جیاوازییەکی هەیە؟.

*د. فەرهاد: زۆر رێزم هەیە بۆ ئەو چیرۆکنوسانەی کە پێش من باسی پێشمەرگەیان کردووە، ئەوان تەواو حەقی خۆیانە لەقۆناغێك ئەوەیان نووسیوە، وەمنیش بم، لەجێی ئەوان لە شوێنی ئەوان ئیحتمال بوو لەهەمان بینین شتەکانم دەبینی، بەڵام ئێمە باسی ئەوە بکەین ئەمڕۆ یازدە ساڵ بەسەر ئەو قۆناغەدا تێپەڕیوە فەترەیەکی دیکەیە ئەوکات قۆناغێك بوو، بەسەرچوو، ئەمڕۆ ئێمە حەقی خۆمانە بەچاوێکی دیکەوە سەیری پێشمەرگە بکەین.

–ببورە دکتۆر ئەگەر ماوەم بدەی ئێمە هێشتا لە شۆڕشداین و هێشتا دوژمنەکانمان ماون، دەکرێ نموونەیەکم بۆ بێنیتەوە لە جیهاندا بەو جۆرە رەخنە لە شۆڕش گیرابێ؟.

*د. فەرهاد: نموونەت بۆ بێنمەوە من وەکو گوتم نمونەت بۆ دەهێنمەوە بەڵام پێش ئەوە قسەیەکی پێشوو کە کردم ئێستا لەحزەیەك بەر ئێستا راست بکەمەوە. یا تەوزیح بدەم. حەقی خۆمانە کە بیردۆزێکی دیکەمان هەبێت، یا هەرچمان هەبێ بۆ پێشمەرگە مەبەستم ئەوەیە کە وەکو گوتم من یەك پێشمەرگی تیایە، ئەو تەرەفێك کە ئەو پێشمەرگەیە سەر بەئەوانە، من کارم بە جوامێر هەبوو وەکو شەخصیەتێك ئەو شەخصیەتە دەبوایە پێشمەرگە بێت، لەبەرئەو سەبەبەی کە وتم سەبەبەکەی ئەوەیە کە بەرزترین لوتکەی ئینسانی کوردە فیکری کرد جێبەجێ دەکات. لە کۆمەڵگاکەی خۆی، ناشتوانێ بەسەر ئەو کۆسپە گەورەیە زاڵ بێت کە قەزیەیەکی ئەخلاقی ،قەزیەیەکی دەروونییە، ناتوانێ زاڵ بێت، من لەو گۆشە نیگایەوە تەسورم بۆ پێشمەرگە کردووە، من وەختێك بمەوێ. کاتێ پێشمەرگە کوردی رزگارکرد، ئەمە حەقیقەتێکی موسبەتە. پێویستی بە چیرۆکنوسێك نییە، ئەوکات دەبێتە ئەوەی کە من تەئریخ بنوسمەوە. ئەمە واقعێکە هەموومان دانی پێدا دەنێین، ئینجا نووسراوە دەیان کتێبی لەسەرنووسراوە، ئەمە لەحاڵەتێك کارمان بەو حەقیقەتەوە هەبێت، ئەگەر ویستمان فیکرەیەکی دیکەی شەخصی یا تایبەت یا هونەرمەندانە هەیە، جوزئیەن سوود لەو کارە وەردەگرێت. دەستە چەپەڵەکانی جان پۆل سارتەر.. باسی رەخنە لە حیزب دەگرێت، رۆمانی (الشیاطین)ی دۆستۆفسکی مەبەستی ئەو حیزبەیە کە دۆستۆفسکی بەشەیاتینیان لەقەڵەم دەدات، لەحاڵەتێك کە ئەو حیزبەی کە دستویفسکی بەشەیاتانەکان لە قەڵەمیان دەدا، حیزبێك بووە پێش، رێکخراوەکەی لینین لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، قیادەی سیاسی حەرەکەی پێشمەرگایەتی روسیای لەدەست بووە.

–دکتۆر تۆ هەست ناکەی کە پێش مێژوویەکی کورت کەوتوویت. ئەو شتەی کە تۆ باست کردووە دەکرا بۆ چەند ساڵێکی دیکە باسبکرایە، بەڵام ئێستا ئەو هەڵاێەی نایەوە.

*د. فەرهاد: من پێش مێژوو نەکەوتووم، لەبەرئەوەی من قسەم بە پێشمەرگە نەوتووە. نە کارم بە جوامێر هەبووە، بۆ ئەوە ئەو دوو دڵی و ڕاڕاییەی ڕۆشنبیری کوردی تێدا دەربڕم، من قسەم بە پێشمەرگە نەوتووە، من پێشمەرگەیەکم وەرگرتووە، وەکو نموونەی روناکبیرێك کە بتوانم لەڕێی ئەوەوە فیکری خۆم بینینی خۆم دەربڕم.

–با بێینە سەر تەوەرێکی تر، دکتۆر من وەکو بیستوومە، تۆ پێشمەرگە بوویت و لەسەنگەری یەکێتی نیشتمانیدا بوویت لەشاخ؟

*د فەرهاد: جەوهەر کرمانج دەڵێ فەرهاد پێشمەرگە نەبووە، من لێدەگەڕێم بۆ زەوقی خۆتان، من پێشمەرگە بوویمە نەبووم، ئەمە عەلاقەی بەمنەوە نییە، بەڵام من بەڵێ لەشاخ بویمە لەپشین و ساران بویمە کاك ئەرسەلان بایز ئەمری کردووە، تەنفیزم کردووە، ئینجا فلان کەس. شەرەفی پێشمەرگایەتی بەمن دەبەخشێ یانابەخشێ ئەمە قۆناغێکی ژیانی من بووە، من فەخری پێوە دەکەم. چونکە هیچ شتێك لەژیانی خۆمدا نییە مایەی شەرمەزاریم بێت.

-دکتۆر من بیستوومە کە کاتی خۆی شانۆگەریەکت نووسیوە کە باس لەدوو سەرباز دەکات یەکێکیان ئێرانییەو ئەوی دیکەیان عێراقیە. ئەم دوو سەربازە لەجیاتی شەڕ، ژیان لەیەکیان نزیک دەکاتەوە. تۆ چ جیاوازییەك دەبینی لەنێوان ئەو نووسینانەی سەرەتاتداو ئەم نووسینەی ئێستاتدا؟.

*د. فەرهاد: مالئاوا ئەی ولات. لەشاخ بەشانازییەوە دەڵێم.. لەیەکێتی نووسەرانی شاخ بلاوبۆوە. لە چاپخانەی شەهید عەزۆ کەخۆم سەرپەرشتیم دەکرد، سەرپەرشتی چاپەکەی ئەو ماوەیە بۆخۆم لەوێ بووم، لە چاپخانەکە بووم، ئەگەر سەرنج لە شانۆنامەی مالئاوایی ولاتەکەم بدەین بە تەواوەتی مالئاوایی کردنێك بوو، من ئەوەم دەربڕی کە چیتر عێراق ولاتی من نییە. مەفهومی وەتەنیەت کە جاران لەژێر کاریگەریتی فیکری شوعیەتو ئەحزابە مارکسیەکانی ئەوکاتە، پێمانی دەوتو فێرمانی دەکرد، عێراق ولاتی ئێمەیە، من لەو شانۆنامەیە.. بۆم دەربڕیوە کە چیتر عێراق ولاتی من نییە.. لەبەرئەوەی حەربێکی بەسەردا سەپاندووین، کە لەپێناو هیچ بەرژەوەندییەکی نیشتمانیدا نییە، خەڵك برسی بووە خەڵك دەکوژێت. بەهەرحاڵ من ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ناگێڕمەوە. بەڵام لەچیرۆکەکەدا، ئەوەم نیشان داوە. لەو شانۆنامەیە، کە چیتر مەفهومی وەتەنیەت بەدەردی خەڵکی کورد ناخوات، یان عەلەل ئەقەل هی خۆم، مالئاوایی کردنێك لە ولات، مالئاوایکردنێکە لەمەفهومی ولات، ئەمە سەرەتای ئەو ژیانەم بوو، کە رۆیشت فعلەن بەرە ئەوەی کە ئێستا ناوی لێدەنێین دادایی‌ەتو سوریالیەتو نەهلیزمو نازانم عەبەسیەتو چی‌و چی‌و ئەمانە. من لەوێوە لەو مەفهومە دابڕبووم، کە پێی دەگوترێ ولات، وەتەنو وەتەنیەت. مەسەلەی راپەڕین رووێدا، من یەکێك بووم لەوانەی کە بەخۆشەویستیەوە زۆر بە پەلە هەموو ئەوروپا لەژێر پێمدا بوو گەڕامەوە بۆ هەولێرێ بۆ سلێمانیەك ئێستا مەفهومم تێگەیشتنم جیاوازە بۆ ئەو ولاتە ولاتی جارانم ئەوەی کە لە شانۆنامەی ولاتەکەمدا هەیە عێراقە ولاتی ئێستام سلێمانیە هەولێرە دهۆکە، دیاربەکرە قامشلیە کرمانشانە کوێندەرە..

دەمەوێت ئەوە بسەلمێنم کە لەوڵاتێکدام دیموکراتیەتی لێیە

مەفهومێکی دیکەم هەیە بۆ ئەوە، مولازم تەحسین باس لە کێشەی نالێم میللەتێك دەکات یەعنی زۆرجاران رۆژنامە دەبینم باس لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانەکەم دەکا ئەمە ئسلوبێکی رۆژنامەگەرییە بۆ سەرنج راکێشانە، من باس لە قۆناغی خەباتی ژیانی پێشمەرگایەتی فەترەیەك ناکەم، من باس لە کێشەیەك دەکەم کێشەی عەشقە. کێشەی خۆشەویستی ژنو پیاوە کێشەی جیلێکە ئایا ئەم جیلە کە جیلێکی پیاوە کە قەلەقیان هەیە راڕاییەکیان هەیە یەعنی من نەمویستووە کێشەیەکی سیاسی تەعبیر بکەم ئەوەندەی ویستوومە کێشەیەکی ئینسانی کە پەیوەندی بە جیلێکەوە هەیە، کە ئەوکات ژیاوە ئێستا ژیاوە ئەو کەرەستە ژیانیو شۆڕشگێڕیو پێشمەرگایەتیو واقعە سیاسیە تەنیا هەنجەتێك بووە، تەنیا کەرەستەیەك بووە، داشێکی وام بووە، بەنسبەت من. ببورە دەڵێم داشی دامەبووە، ئەمە لەفەن ئاساییە تۆ دێی بزنێك وەر دەگری دارێك وەردەگری چەکێك وەردەگری پێشمەرگەیەك وەردەگری وەزیرێك وەردەگری یان

قەڵایەك وەردەگری یـان شـەمەندەفەرێك وەردەگـری ئەمانـە هـەموو کەرەستەن بۆ ئـەوەی تـۆ بتوانـی رەسمی بینینی خۆتیـانی پـێ بکـەیت. فەرقەکـە جیاوازییەکە لەبەینی مالّئاوایی ولّاتەکـەمو مالّئـاوایی کردن بوو لەمەفهوم نیشتمان پەروەرێتی کە عێراقـە. مەفهومی عێراق وەکو نیشتمانێك ئەوەی ئێستا جێی بەراوردکردن نییە، چونکە ئینتلاقم نەکردووە. لەسەر مەفـهومێکی سیاسـی. مەفـهومی مـن مەفـهومێکی هونەرمەندانەیە چیرۆکنوسانەیە...

-کـاتی خـۆی رۆمانەکـەی محەمـەد موکـری (سەگوەڕ) هەلّایـەکی نایـەوە، پاشـان بـەڕێز مـام جەلال پێشەکییەکی بۆ چاپە تازەکەی ئەو رۆمانە نووسی، حەزدەکەم بزانم کە تۆ رات چییە بەرامبەر پێشەکیەکەی بەڕێز مام جەلال؟ چونکە هەلّاکـەی تۆش زۆر نزیکە لەو هەلّایەی کە (سەگوەڕ) نایەوە.

*د. فەرهاد: من بەگـەورەیی دەزانم بەڕاستی ئـەو پێشەکییە پێم وایە سەد سالّی دیکەش بـاس دەکـرێ لەتەئریخ، وە رێزم هەیە بۆ ئەوە وەجێی تەقدیرمە.

– ئێستا شـتێکی تـر هەیـە کـە بـاس بکـەین، ئەویش مەسەلەی ژنە. ژن لـەنێو نۆڤلێتەکـەی تـۆدا، یـان فـەرهاد پیربـاڵو ژن. تۆچـۆن لـەژن دەڕوانـی، چونکـە ئاشـکرایە نۆڤلێتەکـە رێکخراوەکـانی ژنانیشی زۆر دلّگران کـرد. تـۆ لـەم بارەیـەوە چـی دەلّێی؟!

د. فەرهاد: مـن گـوتم رێکخراوی ژنـان وەکـو گـوتم دەبـێ پێیـان خـۆش بێـت کـە مـن ئـەوەم نوسـیوە چونکـە ژنم وەك نێچـیرێك نیشـانداوە. ژنم وەکـو قوربانیەك نیشانداوە قوربـانی دەسـتی ڕاڕایـی پیـاو. قوربـانی دەسـتی کۆمەڵگایـەك کـە پیـاو تێـدا زاڵـەو حوکمی بەسەردا دەکات، من بـە پێچەوانـەی ئـەوەی ئێستا دەبینـم چـاوەڕێی ئـەوەم دەکـرد ژنـان پێیـان خۆش بێت لەبەر ئەو شتانەی کە گوتم.

–دەلالەتی سێکسی چییە لەم نۆڤلێتەدا؟

*د. فەرهاد: سێکس لـەو چیرۆکـەدا لـەو نۆڤلێتـە، دوو سێ ئاستی هەیە ئاستی یەکەم. ئەوەیـە کـە مـن لەو نۆڤلێتە تەمسیلیەشیان نیم تەئکیدم لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە ژیانی پێشمەرگایەتی کـە ئـەمڕۆ ئێمـە لـەوە بترسـین ئەگـەر شـۆڕش دەسـتی پێکـردەوە.. ئەوە رووبکەینـەوە شاخو بلّێین نەوێرین رووبکەینـەوە شاخو بلّێین ژیانمان هەموو عیبارەت دەبێ لە کـەبتی جنسـی، بـەلّام ئامازەدانێکـە بینینێکـە مـن بەحـەقی خۆمی دەزانم. بتوانم لەتوێی بینینی گشتی خۆمـەوە ژیان. ئەوە دەربـبڕم کە ژیانی پێشمەرگایەتی ژیانێکە کەبتی جنسی تێدایە.

ئافرەت تێدا حزوری نییە، یا ئامادەیی نییە، بـەوە نابـێ کـە هـەموو ژنو رێکخـراوی ئافرەتـانو چـیو قەرەبالّغیـەی ئێستا دەبینـین وەك دەلّێن نـان ئـەو نانەیـە ئێستا لەخوانـە، ئایـا لەسـەردەمی شـۆڕش هـەموو ئـەو رێزانـەی کـە ئێسـتا سـەیارە لەژێردەستیانو بارەگا لەژێدەستیانو ئیدیعای مـافی ئافرەتو مافی ئافرەتانو چیو چی ئەوانە دەکـەن.. نسبەتی چەندیان لەناو شۆڕشدا هەبووە. ئەو سوئالە بۆ ئەوەناکەم کە سەر لەنوێ ئافرەتانو ژنان لـەخۆم بوروژێنـم.. بـەلّام دەلّێـم ژیـانی پێشـمەرگایەتی شاخمان نسبەتی سەرەتایەکی ژنی تێدابووە. یـا نەبووە، ئەمەش وایکـردووە چۆن لەشارا هەیـە ئـەو ئاستەی هەیـە، ئاستی دووەمـی ئەوەیـە پـەیوەندی بەسـێ کوچکەکـەوە هەیـە. هـەموو شـتێکی لـەوێ بـەوازحی وتـووە، بـەلّام تەفسـیراتی غەلّـەت موتەئسیرم ئەکات بەلّام تەفسیراتێك کـە نزیـك بێـت لە بینینی خۆم، دلّم خۆش دەکا.

–ئەو کاتەی کە جەلادێکی وەك مولازم تەحسـین باوەش بـە کچێکـی کـورددا دەکـاتو مومارەسـی سێکسیی لەگەلّدا دەکات تۆ هەست بەچی دەکەیت؟ ئایا هیچ نەپەشۆکایت ئەو کاتەی دەتنووسی؟

*د. فەرهاد: مەسـەلەی پەشـۆکانو نەپەشـۆکان نییـە، مـن چـۆن دەنووسـم کـە مـولازم تەحسـین

پێشـــــــمەرگەی شـــەهیدی بەســـەر بۆدی ئۆتۆمبێلەکەی خۆیـەوە دەکـــردو.. لـەناو گەڕەکـەکانی سلێمانیدا پیشـانی خەڵکی دەدا کـە بۆ ئـەوەی خـەڵك فـیرار نـــەکاو کـــاری پێشـــمەرگایەتی نـەکات لـەناو شـار چۆن نیشانی ئەوەم داوە کە ئەم کـارەی کـــردووە مـــولازم تەحســـین ئەمـــە شایەتیەك بێت بۆ تەئریخ بەهـەمان شێوەش ئـەوەم جورئـەت کـردووە بنوسـم کـە مـــولازم تەحســـین توانیویەتی باوەش بەژنێکی کوردبکات، نا پەشـۆکێم چونکـە بـەلای منـەوە ئەمـە شـەهادەت دانێکـــی تەئریخمە گەواهی دانێکە. کە ئەو مولازم تەحسینەی کە وجودی هەبووە ئەمە ئەخلاقیاتی هـەبووە، ئەمـە ئەخلاقیاتی بووە کە باوەش بەژنێکی کـورددا بکـات. لەهەمان کاتیش ئەوەم باسکردووە کـە پێشـمەرگەی شـــەهیدی بـــەبۆدی ســـەیارەکەیەوە کـــردووە، لەگەڕەکـەکانی سلێمانیدا گێڕاویـەتی عەینـەن کـات ئەوەشی کردووە کە باوەش بەژنێکی کـورددا بکـات، دەمێنێتـەوە ئـەوەی کـە ئایـا بینینـی کۆتـایی مـن چۆنە.. جوان جـوان ئـەوەم نیشـان داوە کـە مـولازم تەحسین بەڕاستی نەبووە. کە مونافەسەی جوامـێری کـردووە، لەمەســـەلەی خۆشەویســـتی ئەختـــەردا، لەکۆتاییدا ئەوە دەردەکەوێ. ئەی هـاوار خـەڵك ئـەو جوملەیە ناخوێنێتەوە ئەوە دەردەکەوێ دەڵـێ: ئـەم قەحبە پیسەش ببەنە دەرەوە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لەسەرەتاوە هەتا کۆتـایی ئـەو مـولازم تەحسینە

راست نەبووە درۆنن بووە، پاك نـەبووە، پیس بـووە، لەگـەڵ ئـــەوەی چیشـــی بەئەختـــەر وتـــووە، لـــەکۆتایدا ئـــەوە دەردەکـــەوێ کـــە مـــولازم تەحســـین درۆی لەگـــــەڵ ئەختـــــەرکردووە، ئەختـــــەری هەڵخەڵەتاندووە.

–دکتـــۆر لـــێرەدا دەردەکـــــەوێ، ئەختـــەر ئەگـــەر خیانەتیشی نەکردبێ، خیانەتی لێکراوە.

*د. فەرهاد: ئەختەر خیانەتی لەکێ نەکردووە..

–ئەختەر خیانەتی مەسەلەن لەجوامێر نەکردبێ.. ئەڵێ ئابلوقەدراوی ناو چەکدارەکان هـەر دەگریا بە هەر دوو دەستی قژی خۆی دەڕنێتەوە،

*د. فەرهاد: لەمە زیاتر نەیدەزانی چی بکاو هیچی تر بڵێت..

–کەواتە تاوانبارنییە وەك هەندێك کەس دەڵێن.

*د. فەرهاد: ئەختەر خـائن نییـە. ئەختـەر لەگـەڵ جوامێردا تـۆ ناوی دەنێی خائن، لەبـەر ئـەوەی بـە وازحـی پشـتی لـەجوامێر کـردووەو سـەری جوامـێری بەخشیوەتە، مـولازم تەحسـین لـــەو نوقتەیـــەدا تـــۆ ئەتوانی ناوی بنێی خائن، بـەڵام لـە نوقتەیـەکی تـرا، کـە ئەختـەر پێویسـتی زۆرتـر بـــە دااڵدەیـــەك هەیـــە. پێویسـتی زۆرتـر بـە باوەشێك هەیـە، بـە پانەیـــەکی پیاوانەیە هەیە کە لەو کۆمەڵگا رجولیە لەو ئەزمەیەی کـە تیایـەتی دەربـازی بکـات، پێشـمەرگە ناتوانـێ دەربـازی بکـــات، جوامـــێر ناتوانـــێ دەربـــازی بکـــا، لەبەرئەوە ڕاڕایـە، قسـەی مـن لەسـەر ئـەو نوقتەیـە،

راڕایە جورئەتی ئەوەی نییە کە ئینقازی بکات، کە رزگای بکات.

ئەمەش خاسیەتێکە نەك لەپێشمەرگە لەڕۆربەی پیاوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ئێمە وجودی هەبووە، بەڵێ ئەختەر خیانەتی نەکردووە بەڵام لەکۆتاییدا خیانەتی لێدەکرێ خیانەت لە ئەختەر دەکرێت. لەتەرەفی مولازم تەحسینەوە کە لەدەقەکەدا دەڵێ: (ئەم قەحبە حیزەش فڕەدەنە دەرەوە)

-ئاشکرایە لەسەردەمی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، زۆربەی ئەوانەی کاری خراپیان دەکردو دەبوون بەدارو دەستەی ڕژێم، پیاوبوون. بەڵام بێگومان هەندێکجار ژنانیش هەڵدەستان بەوکارانە، بۆ نموونە ئەو ژنەی کە هەڵسا بەدەرمانخواردکردنی شەهید (بێستونی مەلا عومەر)و کاك مستەفا چاوڕەشو کاك عەدنان موفتیو کاك سامی شۆڕش... تۆ چ جیاوازییەك دەبینی لەنێوان ئەو ژنانەو ئەختەردا؟

*د. فەرهاد: ئەشێ ئەو ڕووداوەی جەنابت ئیشارەتت پێدا، خەڵکی دیکەش دەیزانن چ لەهەولێر، چ لە سلێمانی، چ لەدهۆك نموونەی ئەو جۆرە ئافرەتانە هەیە، کە دەوری خیانەتیان هەبووە، یان لەو پێناوەدا ئافرەت بەکارهاتووە بۆ ئەوەی ناوی شۆڕش بزڕێنن یان زیان بەشۆڕش بگەیەنن، ئەم نموونانەمان لەبەردەستدایەو دەیانزانین. بەڵام بەپێچەوانەشەوە، وەکو جەنابیشت دەزانی، سەدان ئافرەتی قارەمانو خۆبەختکەریشمان هەیە. پیرەمێرد، دەڵێ:

تا ئێستا ڕووی نەداوە لەتەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا

باشە پیرەمێرد ئەمەی وتووە لە قۆناغێکدا ژیان لەوە جەنجاڵتربووە، ئێمە هەمیشە ئەو بۆچوونەمان هەبێت، بەرامبەر بە ئافرەت. چۆن پیاو خیانەت دەکا، ئاساییە، نالێم ئاساییە ئەویش خیانەت بکات، بەڵام ئاساییە ئەگەر لەواقیعدا ئافرەتیش دەوری خراپی هەبێت من هەرچەندە لەو چیرۆکەدا نەمگەیاندۆتە ئەو ڕادەیە، ئەختەر تا دواهەمین مەشهەد ژنێکە پاك، ژنێکە هەمیشە دەیەوێ خزمەت بە جوامێرو شۆڕشی کورد بکات، بەڵام جوامێر خۆی گیانی ئەوەی تێدانییە کە بیخوازێ. لەبەرئەو دووڵێیەی کە ئەختەر چەند ئەو کەسێتییەیە، کە دەوری ئافرەتی خراپی بووە. بەو مانایەی، کە دەشێ شتێك لەهەموو ئەو ئافرەتە خراپانەی دەوریان بووە، من تاکو تەرا ڕستەیەك کۆمکردبێتەوەو، خستبێتمە ناو کەسێتی ئەختەرەوە.

چونکە کەس سەد لەسەد فریشتە نییە، ئەختەریش بەهەمان شێوە، فریشتەیەك نییە ئامادەیی هەبێت، تاهەتایە ئاوا بمێنێتەوە. چۆن منو تۆ دەمانەوێت دەوری ئەختەر دەورێکی دوو دڵیو دوو فاقییە، هەقی خۆشیەتی کە تەئکید لەسەر چارەنووسی خۆی بکاتەوە، چارەنووسی خۆی کە کامەیان هەڵبژێرێ، کامیان دەستنیشان بکات.

بەڵام لەکۆتایی چیرۆکەکەدا، ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێ کە ئەختەر سەرەڕای هەموو خراپەکارییەکی کە کردوویەتی، وەك چۆن ئەو حراپەکاریانەی فڵان ژنو فڵان ئافرەت بۆی دەمێنێتەوە، ئەو چارەنووسەیان بۆ ماوەتەوە کە لەکۆتایی چیرۆکەکەدا دەیبینین، هەر لەخۆی دەداو قژی خۆی دەڕنێتەوەو لەوە زیاتر نەیدەزانی چی بڵێو چی بکات. ئینجا نموونەی ئەو حاڵەتانەو ئەو ئافرەتانە لە، ئاناکاریناى تۆڵستۆی، لە ئەلخەرسیەی ئەمیل زۆلا، زۆر نموونەی دیکە لە ئەدەبیاتی جیهاندا هەیە. حاڵەتێکی واقعییە. بەهەرحاڵ من دەمەوێ بەکورتی ئەوە بڵێم ئافرەتی کورد هەتا ئەگەر پێشمەرگەش بووبێت فریشتە نییە، دەکەوێتە هەڵەوە، دەکەوێتە هەڵەی واوە کە کۆمەڵگا پێی ناخۆشە، بەڵام سەرجەم چیرۆکەکە قسەمان لەسەرێتی. لەئەنجامی

چیرۆکەکەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە ئەختەر بەباشەو خراپەی خۆی، کە لایەنی باشەی زۆرترە، بەبۆچوونی من دەبێت بە قوربانییەك، قوربانی ئەو نیزامەو ئەو رژێمەو ئەو مولازم تەحسینەی کە لەسەرەتای چیرۆکەکەدا هەڵیخەڵەتاندووە لەکۆتایشدا بەهەڵخەڵەتاوی دەمێنێتەوە، ئەوەنیشان دەدا کە مولازم تەحسین. سەبەبی هەڵوێستەکەیە، مولازم تەحسین توانیویەتی ئەو زوڵمو زۆرە بەسەر ئەختەریشو بەسەر جوامێریشدا بهێنێ.

-با بێینە سەر مەسەلەی دادگا، ئاشکرایە تۆ ئێستا دراوی بە دادگاو شکاتت لێکراوە، لەوانەیە بەڕێزیشت دەقی شکاتەکەت بەدەست گەیشتبێ، واتە دەبێ دوێنێ ٢٠١/١١/٢٨ پێتگەیشتبێ.

*د. فەرهاد: کاغەزم پێنەگەیشتووە، بەڵام بەهەواڵ لەڕێگەی هەندێك برادەرانی هەولێرەوە، کە حاکمو محامین، چوونەتە مەحکەمەی ئەوێو پرسیویانە، هەندێك محامی برادەری ئێرەم هەیە ئەوان هەواڵەکەیان بۆ هێنام..

-ئایا دەچێ بۆ سلێمانی؟ ئەی رات بەرامبەر دادگاکە؟

*د. فەرهاد: من ئامادەم بۆ دادگاکە، دادگای سلێمانی بێ یان هەر شوێنێکی تر، بەڵام نالێم بەغدا. لەهەر دادگایەك بێ ئامادەم، بەرگریش لەخۆم دەکەم. ئامادەم، بەڵام شەقو پێلەقەو جنێوو ئەو شتانە لە منداڵیەوە بەوە راهاتووم کە قبوولیان نەکەم، بکوژرێم قەیناکە، گوللەیەکم پێوەبنرێ قەیناکە، بەڵام سوکایەتیم پێبکرێ، (ردفعل)ی خراپم دەبێ.

-باشە ئەگەرهاتوو دادگا بۆ کەم بایەخکردنی کارەکەت، بەشتێکی کەم، بۆ نموونە بەدیناریك تەغریمی کردی، هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئەم قسەیەت بەلاوە سەیرنەبێ، چونکە لەچلەکاندا، کاتێك (حسێن مەردان)ی شاعیر درا بەدادگا، لەسەر دیوانی (قصائد عاریە)، دادگای عێراق تەغریمی کرد بە چەند فلسێكو شتەکەی بێبایەخکرد؟

وەڵاهیی ئەگەر ئەندام پەرلەمان بومایە هەزار شەڕیشم لەپەرلەمان دەکرد لەسەر هێزی پێشمەرگەو سوپاو میللەت

زانستی، دووکاری ئەدەبیو کارێکی باش بکەم، ئەمڕۆ دادگا حوکمی ئەوەم بەسەردا بدات، حەوت ساڵ بچمە ژوورەوە، وەڵاڵا دەچمە ژوورەوەو ئامادەیم هەیە بمخەنە ژوورەوە، غەرامەی لەسەر بدەم،... بەڵام ئەوە دەڵێم دڵگرانی ئەوەم کە هەشتاو ئەوەندە ساڵ پێش ئێستا، (جەمیل صائب) چیرۆکی (لەخەوما)ی نووسی شێخ مەحمود نەیدایە دادگا. من دوای ئەو هەشتاو ئەوەندە ساڵەو، دوای پێشکەوتنی فیکری دیموکراتیو سیاسەتوانیو حیزبایەتی لەسەر چیرۆکێك بدرێم بە دادگا.. من زۆر لەوە دڵگرانم کە هێزێك لەناویدا ژیاوم، لەشاخ دوو ساڵ لەناو یەکێتی نووسەران بووم، لێرە یەکێك بووم لەوانەی وەکو ئاشتیخوازێك لەنێوانی هەولێرو سلێمانیدا بەناو پیرەردا، خودی ئەوانەی لەناو یەکێتی بوون، خودی ئەوانەی لەناو پارتی بوون، نەیاندەوێر، نەیادەتوانی، بەڕاستیان نەدەزانی

هاتووچۆی نێوان هەولێرو سلێمانی بکەن. من پێشڕەوی ئەوانە بووم، هەمیشە یەکێکم لەدیارترین ئاشتیخوازەکانی هەولێرو سلێمانی. ئەمڕۆبێم لەسەر چیرۆکێك دادگایی بکرێم، وەڵڵاهی ئەوەم بۆ ئەوە دڵگرانم. بۆخۆم دڵگران نیم الحمدالله. شتێك کە لەویژدانی خۆم و لە فیکری خۆمدا دەیزانم شتێکی خراپم نەکردووە. باشە پێش ئەوە لەسلێمانی بووم.

لەگەڵ کاك عەدنان موفتی، لەگەڵ کاك مەلا بەختیار، لەگەڵ دڵشاد عەبدوڵڵا، لەگەڵ کاك شێرکۆ، لەگەڵ زۆر لە بەرپرسان دانیشتووم، ئەگەرپیاوێك بوومایە ئاوا بازاڕی تاوانبار بکرێم کە جنێوم بە سوپا داوە، سوکایەتیم بەسوپا کردووە، چۆن ئەوەندە لەخۆم دڵنیا دەبم کە بێم لەناو خودی سلێمانیو لەناو خودی بنکەیەك کە جێی رێزن، لەناو شوێنێکی پیرۆزبێم قسەی حەلەقو بەلەقو سوکایەتی بڵاو بکەمەوە؟!. بەڵام کاکە ئەساسی مەسەلەکەی ئێمە تەنها لێکدانەوەی هەڵەیە، لەبۆنەیەکی ئەدەبی کە من دانی پێدا دەنێم چاومان پێی رانەهاتووە، دڵمان پێی رانەهاتووە، مێشکمان پێی رانەهاتووە بەڵام دادگای سلێمانی هەر بڕیارێکی دا، من ئامادەم.

-دیارە ئێمەش دڵگرانین، بەڵام لەنێوان تۆو جەمیل صائبدا، لەنێوان حوکمی ئێستاو حوکمی شێخ مەحموددا، هەروەها لەنێوان دەقەکاندا. بەبۆچوونی من جیاوازییەکی زۆر هەیەو ناکرێ تۆ بەو شێوەیە باسیان بکەی. لەوانەیە لەکاتی خۆیدا شتێك بووبێتو رایەك هەیە کە (لەخەوما) پێش دروستبوونی حوکمی شێخ مەحمود نوسراوە. نازانم تۆ دەڵێی چی؟.

*د. فەرهاد: بەرەحمەتبێ کاك شازاد صائب، دوو هەفتە پێش ئەوەی وەفات بکات، لەباخچەی مالی برادەرێکی زۆر خۆشەویست دانیشتبووین، باسی ئەو مەسەلەیەمان دەکرد. کاك شازاد لەو بارەیەوە کە من مەبەستمە بیسەلمێنم، زۆر باسی ئەو پەیوەندییەی کرد، پەیوەندی باوکی لەگەڵ شێخ مەحمود، کە پەیوەندییەکی گرژ بووە، پەیوەندییەك بووە، کە جەمیل صائب رازی نەبووە بەو سیستمە ئیداریو سیاسییەی شێخ مەحمود لەو سەردەمەدا، بەرامبەر بەسیاسەتی فیکریو خاریجیو شاری سلێمانی ئەو کاتە. من بەکاك شازادم گوت: خۆزگە ئەو قسانەی بۆ برابچوکی خۆتی دەڵێی، دەتنووسیو بڵاوتدەکردنەوە، ئەو گوتی ئەوە کاری ئێوەیە، ئەو قسانە بڵاوبکەنەوە بەو پەڕی دیموکراسیەتەوە.. ئەو برادەرەی کە لەمالیان میوان بووین، برادەرێکی خۆشەویستو رۆشنبیری شاری سلێمانییە، گوتی: کاك فەرهاد ماوەم بدە منیش قسەیەك لەو مەسەلەیەدا بکەم. گوتم.. ببورە. گوتی: ئەو قسانەی کاك شازاد دەیگێڕێتەوە بۆتۆ لەبارەی ئەو گرژییەی نێوان جەمیل صائبو شێخ مەحمودو لەبارەی سیستەمی ئیداری کە شێخ مەحمود بەڕێوەی بردووە، هەروەها سیاسەتی خاریجیو ئەو رەخنە تووندانەی کە جەمیل صائب ئاڕاستەی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی کردووە، نیشانەی ئەوەیە کە شێخ مەحمودو حکومەتی شێخ مەحمود دیموکراتیەتی هەبووە، نیشانەی ئەوەیە کە شێخ مەحمودو حکومەتی پیاوێکی دیموکراتی بووە، سوپاس بۆ ئەو تێبینییە. ئەگەر ماوەی ئەوەم بدەن، بەبێ دادگا ئەم چیرۆکەی منیش بچێتە سەر، ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی حیزبێکی دیموکراتییە. دیموکراتی لەناو شاری سلێمانیو لەو شوێنانەدا هەیە، کە یەکێتی تێیدا بالادەستە، بەتایبەتی بۆ منێك کە لەدەرەوەی سلێمانی دەژیم، هەرچەندە قاچێکم هەمیشە لەسلێمانی بووە.

-بابێینە سەر مەسەلەی چاپکردنی نۆڤلێتەکە، هەرکە یەکەمین لاپەڕەی نۆڤلێتەکە هەڵدەدەیتەوە، نووسراوە یەکەم سکێچ کۆپنهاگن (۸۷)، دووەم سکێچ پاریس (۹۱)، سێیەم سکێچ سلێمانی، داڕشتنی دوایی (۲۰۰۱). ئێستا ئەو پرسیارەم لا دروستبوو، کە بۆ چی کاتی خۆی لەئەوروپا هەوڵی تەواوکردنو چاپکردنیت نەدا؟.

*د. فەرهاد: پرسیارێکی زۆر جوانە.. وەڵامەکەم ئەوەیە، دەمەوێت بڵێم ئەم چیرۆکە لەناو خودی شارێك، لەناو باوەشی خودی حیزبێك کە یەکێتی نیشتمانیەو ئەمڕۆ بالا دەستە، لەناو ئەوێدا بڵاودەبێتەوە. بۆ ئەوەی بەو پەڕی سەربەرزییەوە بڵێم، من باسم لەحاڵەتێك کردووە، باسم لەژیانێك کردووە، کە پەیوەندی کەم تا زۆر بەوانەوە هەیە؟ بەڵام ماوەشیان دام بڵاوی بکەمەوە، الحمدالله پارەم زۆرە، دەمتوانی لەهەولێر بڵاوی بکەمەوە..

-ئەدی بۆچی لێرە (لەهەولێر) بڵاونەبۆوە؟.

*د. فەرهاد: لەهەولێر نەمداوە بەکەسێك رەفزیکردبێتەوە، دەزگای ئاراس، دەزگای موکریان، وەزارەتی رۆشنبیری و هەر دەزگایەکی دیکە، لێرە ئامادەیی ئەوەی هەیە کە کتێبم بۆ چاپبکات. دەزگای ئاراس تا ئێستا دوو کتێبی بۆ چاپکردووم، دەزگای موکریان ئێستا کتێبێکم لایانە، وەزارەتی رۆشنبیری کتێبێکم لایانە، هیچ شوێنێك لێرە دەرگام بەڕووا داناخات. زۆر بە ئەنقەست هێنامە سلێمانی، ئەگەر لەوێش چاپ نەکرایە، نەمدەبردە ئەورووپا، چونکە دەمەوێت ئەوە بسەلمێنم کە لەوڵاتێکدام دیموکراتیەتی لێیە.

-زۆر جوانە... دکتۆر ئێمە لەبەرئەوەی بەرپرسین لەبنکەی ئەدەبی گەلاوێژ، زۆر برادەرمان هەیە رەخنەی ئەوەیان لێگرتووین کە ئێمە لەماوەیەکی زۆر کەمدا نۆڤلێتەکەی تۆمان لەچاپداوە، لەکاتێکدا شاعیر هەیە دیوانی بۆ هێناوین و سەرۆکی بنکە گوتویەتی ساڵی ٢٠٠٣ چاپدەکرێ. ئایا تۆ پێشتر بە بنکەی گەلاوێژت گوتوە، یان بەبێ سەرە بۆت چاپکراوە؟.

*د. فەرهاد: بەماوەیەکی کەم چاپ نەبووە، من سێ مانگ پێش ئەوەی بێم بۆ سلێمانی، نۆڤلێتەکەم نارد بۆ سلێمانی و بەشێوەیەکی زۆر ئسولّی و یاسایی نامەیەکم نووسی بۆ سەرۆکی بنکەی گەلاوێژ، کە ئەم رۆمانەم بۆ چاپبکرێ. دوابەدوای ئەوە هاتم بۆ سلێمانی و بۆ ئەوە وەڵامی ئەوە وەربگرم، کە ئەم نۆڤلێتە چاپ دەکرێ یان نا، گوتیان خەبەرت لێدەگێڕینەوە، جارێ زووە. گەڕامەوە هەولێر دوای دووسێ هەفتەی تر پەیوەندیم کردەوە، ئیشارەتیان دامێ کە رەنگە چاپببکرێ. ئەو رەنگەیە وای لێکردم کە بێمەوە سلێمانی و بێگومان بینیم کە بڕیاری چاپکردنی لەسەردراوە. نەك تەنفیزی چاپکردنی، بڕیاریش درابوو کە کتێبەکەی کاك جەوهەر کرمانج چاپببکرێ. بەڵام ماوەیەکی تر. ئەوەی من لەبەرئەوەی لەمەسرەفو ئەوانەدا، کەمتری تێدەچێ لەسەر بنکە، من بە تایپکراوی و بەستێنسڵ هێنابووم، حازربوو. چونکە تەصمیمەکەی حسابی تێدایە لەبارەی تەکنیکەوە، بۆیە داوام لە بنکەی گەلاوێژ کرد کە تەصمیمەکەی وەکو خۆی دەرچێت، وتم خۆم سەرپەرشتی چاپەکەی دەکەمو خاترم بگرن، مۆڵەتم لە چاپخانەکە وەرگرت کە خۆم سەرپەرشتی چاپەکەبکەم. لێرەوە پەیوەندی بە (چاپخانەی بنکەی گەلاوێژەوە نەما، پەیوەندی بە (چاپخانەی داناز)ەوە هەبوو کە بەچ خێراییەك بیکەن. بەڵام پێش ئەوە نزیکەی شەش مانگ چاوەڕێم کرد، واتا من شەش مانگ چاوەڕێم کرد، تا بنکەی گەلاوێژ رازی بوو بەچاپکردنی.

-ئایا تۆ وەك نووسەری ئەو نۆڤلێتە، خۆت بە بەرپرس دەزانی لەبەردەم دادگادا، یان بنکەی گەلاوێژ، کە دەزگایەکە هەوڵی خزمەتکردنی ئەدەبیاتی کوردی دەدات و هەر لەو پێناوەشدا ئەو نۆڤلێتەی تۆی چاپکردووە؟.

*د. فەرهاد: من بەرپرسیارم یان ئەوان؟! من لەبەر خاتری گەلاوێژ نا، بەڵکو لەپێناوی ئەوەی کە ئەو دەزگایە بەردەوامی بەکاروبارەکانی بدات، من بەرامبەر دادگاش خۆم بە بەرپرسیار دەزانم، واتە لەبارەی یاساییەوە. یاسا چییە؟ یان حیزبێك، یان وڵاتێك، یان دەسەڵاتێك، یا سیستەمێك، خۆی قانونەکە دادەنێت. بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا وەکو

پێشتر گوتم، من بەرپرسی یەکەمم. نووسەران و هونەرمەندان ئازادن لە راگەیاندنی بیروڕای خۆیان، پێم وایە، دەزگای گەلاوێژ ئەگەر بەرهەمێکی وەکو ئەوەی من چاپ بکات، یان لەدوای ئەوەی منیشەوەو لەهاوبابەتی ئەوەی من کێشەو گفتوگۆیەك دروست بکات، پێم وایە لەبەرژەوەندی ئەم وڵاتە دایە. بۆ ئەوەی گفتوگۆ دروست ببێ.

بیروڕای جیاواز دروست ببێ لەبینین، لەبۆچوون، لە بیرکردنەوە... بۆیە من لەروانگەی خۆمەوە دەڵێم، بەرپرسیارەکە بەپلەی یەکەم بکەوێتە ئەستۆی خۆم، چونکە من چەند دەمەوێ بەرگری لەتەندروستی نۆڤلێتەکەی خۆم بکەم، ئەوەندەش دەمەوێ بەرگری لە تەندروستی بنکەی گەلاوێژ بکەم، یان دەزگای موکریان، یان دەزگای دهۆك، کە ئەگەر وێستبێتی کتێبێك یان بابەتێکی لەو جۆرە چاپ بکاتو بیسەلمێنێت کە دیموکراتیەت هەیە، کە جیاوازی هەیە. من بۆ بچم بۆ ئەوروپا چاپی بکەم، بۆ ئەوەی ئەوروپا بکەمە ئەو بنکەیەی کە نیشان بدرێ کە کورد لە دووڕە وڵاتی ئازادن، بۆ ئەوەی نیشانی بدەم کە ئینسانی کورد تەنها لەسویدو پاریس و...

ئازادن و دەتوانن قسە لەبارەی وڵاتی خۆیانەوە بکەن؟. ئایا یەکێتی و پارتی و حیزبی کۆمۆنیست حەزدەکەن؟ ئاوایان پێخۆشەو ئاوایان پێ باشە کە من بچمە سویدو لەژێرناوی خوازراو لەژێر پەردەوە قسەو قسەلۆك و دژایەتی ناڕاستەو خۆیان بکەم؟ بەم شێوازو پێچ و پەنایانەوە قسە لەسەر کۆمەڵگای خۆم بکەم؟ یان حەزدەکەن سەربڵندو ئازا، بێم لەناو جەرگەی شارێك کە من خێزانم خەڵکی ئەو شارەیە، کە من رۆژگارێك ژیانی خۆمم لەوێ بەسەربردووە، بە دڵسۆزی ئەو شارەو ئەو وڵاتە بێم سەربڵندانە قسەی خۆم بکەم؟

بنکەی رووناکبیری گەلاوێژ، یەکێك لە ستراتیژەکانی کە رێگەی بەمندا بەرهەمێکی ئاوا چاپ بکەم، بە بۆچوونی من ئەوەیە، کە من لەپێناوی کتێبێکم کە سبەی دەبێتە دوو کتێبو خەڵکی دیکەش لەخۆم دەئاڵێنم، نەچمە ئەوروپاو ئەوێ بکەمە سەنگەرێك بۆ دژایەتی ئێرە، ستراتیژی بنکەی گەلاوێژ ئەوەیە کە بەهەموو ئەوروپای نیشان بدا کەسێکی وەکو من، فەرهاد پیربالێك کە ئەو هەموو قسە قۆڕو ناشرینانەشی بەچی و چی وتووە، بەڵام لەڕێگەی بنکەی ئێمەوە بۆی چاپکراوە. بەبۆچوونی من بنکەی گەلاوێژ یەکێکە لەو دەزگایانەی کە بەڕاستی رێزی لەنووسەری ئازادگرت، کە من یەکێکم لەوان، رێزی لەنووسەرە بەڕەڵاکان گرت، کە ئێمە لێوەی رەخنە لە پارتی و یەکێتی و شیوعی و چی و چی، وڵاتی خۆمان بکەینە سەنگەر بۆ دروستکردنی گفتوگۆ. لەسەر ئەوە بدرێینە دادگا، وەڵڵاهی عەیبەو جوان نییە.



-بەڕای تۆ، ئەو هەرایەی لەسەر نۆڤلێتەکەی تۆ هەیە، هەرایەکی راگەیاندنە، یان هەرایەکی رەخنە ئامێزە؟

*د. فەرهاد: دووشتە، رەخنە ئامێز تەواوە رەخنەیە، شتێك لەراگەیاندنی سیاسی تێدایە.. راگەیاندنی سیاسیش بەو مەفهومە نا کە ئەوە بڕیارێکی مەرکەزی بێت، واتە لەخۆبردنە پێشەوەی تێدایە، شتێك لەوەی تێدایە کە لەوانەیە کۆمەڵێك خۆیانی پێ شیرین بکەن، خۆیانی پێ دڵسۆزبکەن. کە من دیارە لەوە بچوکترم لەو حاڵەتە بتوانم هیچ بکەم، لەسەر حسابی من ئەو هەموو شتانە بکرێ، بەڵام ئەگەرچی واشبێ، ئەگەر رەخنە ئامێزیش بێت، دیسان لەبەرژەوەندی ناوەندە رۆشنبیرییەکەدا نییە. ئەمە ئەوە دەکا، کە خەڵك چاوشکێن بکا، رۆشنبیران و نووسەران و خوێندەواریش فێربکات هەمیشە ماستاوبکەن. هەمیشە من ناچاربم، نووسەرێکی تر ناچاربێ، فیلم سازێك ناچاربێ، ستایشێکی کوێرانەی شتەکان بکات، فیلمێك سازبکەین لەسەر فلان پاڵەوان، فیلمێك سازبکەین لەسەر فلان راپەڕین، بەبۆچوونی من پێویست دەکا ئەو مێژووەی خۆمان ئەرشیف بکەین و بینووسینەوە، من هەتا ئەم دواییەش لەئەرشیفی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانەوە بگرە تا دەگاتە کتێبخانەکان، تا دەگاتە مێژوونووسەکان دێن لەلای من لە کتێبخانەی من ئەرشیف و مێژوو دەنووسنەوە و دەیاندەمێ و سوودی لێوەردەگرن. من لەوانەنیم کە خەتی راست و چەپ بەمێژووی خۆماندا بهێنم، من ئەم کارە مێژوویانەشم کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا چاوێکی هونەرمەندانەو، چیرۆکنوسانەم هەیە، ئەم کارەشم کردووە کە هەمە، ئینجا من پێم وایە ئەو هەرایە ئەگەر راگەیاندنە، یا رەخنە ئامێزە، یان چی بێت لەبەرژەوەندی سیاسی سەردەمەکەو حکومەتەکە، ئەبێت هۆی ئەوەی کە خەڵکەکە فێری چاوترساندن ببێ، خەڵك فێری ئەوە دەکات کە وتووێژ دروست نەبێ، خەڵك فێری ئەوە دەکات کە نەزانێ قسە لەسەر کۆمەڵێك لەو کێشانە بکات کە بۆ دروستکردنی دیالۆگ کە ناونیشان یان دروشمی ئاشکرای حکومەتی ئەمڕۆی سلێمانییە.

-دکتۆر تۆ ئامادەی بێیت بۆ سلێمانی، کۆڕێك بگرێت و خۆت لەنزیکەوە وەڵامی رەخنەی ئەو کەسانە بدەیتەوە کە گلەییان لە نۆڤلێتەکەت هەیە؟.

*د. فەرهاد: بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە ئامادەم و لەو باوەڕەشدام ئەوەندەی لە سلێمانی ژیاوم و ئەوەندەی لەوێ دۆست و ناسیاوو خوێنەرم هەیە، کە وەکو ئەو رق و تونددو تیژییەی کە دەیبینینەوە لەسەر لاپەڕەی هەندێك لە رۆژنامەکان، ئەو رووگرژی و توڕەییە نابینم. هەر کاتێکیش ئێوە داوابکەن ئەوا بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە لەسبەینێ بەولاوە دێمە سلێمانی و ئامادەیی ئەوەشم هەیە، کە هەر لێپرسینەوەیەکی یاساییم لەگەڵدا بکرێ. بەڵام لەڕێگەی یاساییەوە.

-ئێستا کەسانێکی زۆرهەن قسەت پێدەڵێن، چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟

*د. فەرهاد: وەڵا، گەردنیان خۆش و ئازادبێت و، هیچی دیکە نالێم.

-ئەی بەرامبەر ئەوانەی کە لەسەر نۆڤلێتەکەیان نووسیوە؟

*د. فەرهاد: بەشێکی ئەوانەی کە نووسیویانە، لەسەدا هەشتایان لەچیرۆکەکە نەگەیشتوون، تەفسیراتی هەڵەی بۆکراوە، ئەمەش گوناهی خۆیان نییە، چونکە خاوەنی تێگەیشتنێکی سیاسین. من کە چیرۆکەکەم نووسیوە، یەکێك لەئامانجەکانم ئەوەبووە، کە چیتر بەو تێگەیشتنە سیاسییە، نەڕوانینە هونەرو ئەدەب. کە ئەوەم نووسی دەمزانی ئەو ئاژاوەیە دەنێتەوە، ئامانج لەوە ئەوەبوو کە بینینمان بۆ سیاسەت، بینینێکی ئەدەبی نەبێت، هەروەها بینینیشمان بۆ ئەدەب، بینینێکی سیاسی نەبێ. سیاسەت سیستمێکی خۆی هەیە بەڕێوەی

دەبات، ئەدەبیاتیش سیستمێکی خۆی هەیە بەڕێوەی دەبات. ئەو برادەرانەی تێنەگەیشتوون، گوناهی خۆیان نییە. دەڵێم چونکە خاوەنی تێگەیشتنێکی سیاسیانە یان حیزبیانەن لەڕووی ئەدەب، گوناهی خۆیان نییە. دەمێنێتەوە بەشێکی کەم، لەولاو ئەم لا قسەیەکی خێریان کردووە، لە لێکدانەوەکە، ئەوانیش هەرچەندە ژمارەیان کەمە، بەڵام دڵم خۆشە پێیان، چونکە لەناو ئەو تێگەیشتنو لەناو ئەو ناوەندە ئیش دەکەن، کە ئێمە بەڕاستی تێگەیشتنێکی جیاوازو تایبەتمان هەبێ، لەڕووی ئەدەبو هونەر، نەک ئەو جۆرە تێگەیشتنە سیاسیو حیزبییەی کە پێم وابێ، زەرەر دەگەیەنێ بە رۆشنبیریو ئەدەبیات و روناکبیریمان.

-دکتۆر حەزدەکەم ئەگەربکرێ، بێ پێچوپەنا وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە. ئێمە لە سلێمانی ئەندامێکمان وازی لە ئەندامێتی هێنا، لەبەرئەوەی ئەو نۆڤلێتەی تۆمان چاپکرد، چییە، بەرامبەر ئەو بەڕێزە؟.

*د. فەرهاد: من بەیاننامەکەم نەخوێندۆتەوەو هەواڵەکەشم نەخوێندۆتەوە، بەڵام خەڵک باسیانکرد. راستییەکەی چەند دەگەڕێم بەدوایدا نایدۆزمەوە، ئەم ماوەیە رۆژنامەی کوردستانی نوێشمان لێبڕاوە. ئەوە هەڵوێستی خۆیەتی، چیرۆکنووسێکی سالانی هەشتاکانەو بینینێکی جیاوازی هەبێ بۆ چیرۆکنوسین، لەگەڵ منێکی گەنج، کە هیوادارم قبوڵی بێت کە منیش بینینێکی جیاوازم هەیە بۆ چیرۆکنوسین.

-ئەی، چی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەڵێی، لەکاتێکدا شکاتیان لێکردووین؟

*د. فەرهاد: بێگومان قسەیەکم هەیە لەو بارەیەوە، قسەکەم ئەوەیە کە بڵێم، ژیانی پێشمەرگایەتیو سیستمی پێشمەرگایەتی، سیستمێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو سیستمی بیرکردنەوەیە، ئەو سیستمی کارکردنە، جیاوازە لە سیستمی هونەر.

من کە باش لە سیستمی پێشمەرگایەتیو ژیانی پێشمەرگایەتیو سیستمی ئیداری پێشمەرگایەتی تێناگەمو نازانمو ناتوانم بەڕێوەی ببەم، ئەوانیش ناتوانو نازانن، لەسیستمی ئەدەب تێبگەنو بیرکردنەوەی هونەرمەندانەیان هەبێت بۆ شتەکان. هیوادارم ئەم کێشەیە ببێتە هۆی پەیوەندیەک بۆ ئەوەی لەنێوانماندا گفتوگۆیەک دروست ببێت. لەنێوان ئەو هونەرمەندو نووسەرانەی کە وەکو من بیردەکەنەوە، یان من وەکو ئەوان بیردەکەمەوە، لەگەڵ ئەو سیستمو هێزی پێشمەرگەیەی، کە بێگومان بەشێوەیەکی دیکە دەڕوانێتە ژیان. هیوادارم وەکو، گوتم ئەم کێشەیە ببێتە گفتوگۆیەکو، هەمیشە زەمینە خۆشبکرێ بۆ گفتوگۆ...

-ئەی بۆ رێکخراوەکانی ژنان، چی دەڵێی؟.

*د. فەرهاد: دەڵێم ئەگەر سەرلەنوێ بچن چیرۆکەکە بخوێننەوەو، لەکۆتایی چیرۆکەکە رابمێنن، بۆیان دەردەکەوێ کە من بەرگریم لەژنان کردووە، ژنم پیسو داوێن پیسو ناشرین نیشان نەداوە، نەشم ویستووە ژن ناشرین نیشان بدەم، لەکۆتایی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ بۆیان، کە ژن زۆرلێکراوەو دەستدرێژیی کراوەتەسەرو غەدری لێکراوە، پێش هەموو کەسێک لەلایەن مولازم تەحسین خۆیەوە، کە لەسەرەتای چیرۆکەکەوە، تا کۆتایی چیرۆکەکە هەڵیخەڵەتاندووە.

-ئەی بەرامبەر بنکەی گەلاوێژ چی دەڵێی، کە ئێستا لەگەڵ تۆدا تاوانبارکراوە؟

*د. فەرهاد: بە بنکەی گەلاوێژ دەڵێم، هیوادارم زەمینەی ئەوە بڕەخسێ کە، ئەو گفتوگۆیەی کە پێویستە دروست ببێ لەنێوان سیستەمی بیرکردنەوەی رۆشنبیراندا، لەنێوان سیستمی بیرکردنەوەی هونەرمەنداندا، لەگەڵ سیستمی بیرکردنەوەی حیزبایەتی، ئەو پردە دروست بکات، ئەمە سەرەتایەکە، سەرەتا ئەرکێکی قورسترە، کە نەک لەئەستۆی بنکەی گەلاوێژدایە، بەڵکو لەئەستۆی زۆربەی دەزگا رۆشنبیرییە سەربەخۆکاندایە، ئەگەر

نەتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، بەدڵنیاییەوە دابخرێ باشترە. ئەگەر داشبخرێت وەکو گوتم، مانای وایە دەرگای گفتوگۆ دادەخرێ. داخستنی دەرگای بنکەی گەلاوێژ، لەسەر ئەو چیرۆکەی من، پێموایە مانای وایە دەرگای وتووێژی رۆشنبیری دادەخرێ.

-ئەی چی بە مااڵی خەزورت و تەرزەخان و خەڵکی سلێمانی دەڵێی؟!

*د. فەرهاد: تەرزەی خێزانم خەڵکی سلێمانیە، تەواوە. بەڵام هەست ناکات بەهیچ شێوەیەك کە من قسەم بە سلێمانی گوتووە، مااڵ خەزورانم بەهەمان شێوە، باسی ئەوەیان نەکردووە کە من قسەم بەخەڵکی سلێمانی گوتبێ، بە پێچەوانەوە گفتوگۆمان لەسەر ئەوەبووە، کە چیرۆکەکەیان خوێندۆتەوە؟ ئەوەی باشبووە، ئەوەی خراپبووە، ئەمەی خۆشبووە، ئەمەی ناخۆشبووە، وەکو چۆن هەرچیرۆکێکی ئاساییان خوێندبێتەوە. لەنێوان منو تەرزەدا، تەرزەی خێزانم کە خەڵکی سلێمانییەو من خەڵکی هەولێرم، قسەمان والەسەر چیرۆکەکە کردووە، کە ئەو یەکەم کەسبووە چیرۆکەکەی خوێندۆتەوە، دوای تەواوبوونی قسەمان لەسەریکردووە، وەکو چۆن قسەمان لەسەر زارو مارەکان کردوە، قسەمان لەسەر دیوانی رەشاییەکانی ناو سپیو سپایییەکانی ناو رەش کردووە، کە دیوانێکی شیعریمە.

-ئێمە زۆر زۆر سوپاست دەکەین، ماندوومان کردی چونکە زیاتر لە دوو سەعاتە گفتوگۆ دەکەینو لەکاتمان گرتی. ئەگەر لەکۆتاییدا پەیڤێکت هەبێو حەزبکەیو بەڕاشکاوی بیڵێی.

*د. فەرهاد: بەڕاشکاوی ئەوە دەڵێم، ڕێزی تەواوی ئەوانە دەگیرێ، ئەو نووسەرانە کە من خۆم تا ساڵی ١٩٩٤ لەئەوروپا بووم، ڕێزێکی زۆری ئەوانەی لەئەوروپاوە، چ شتێك دەڵێنو چ ڕەخنەیەك لەبنەماڵەی فاڵان کەسو بنەماڵەی فاڵان کەسی ناو حیزبو فاڵان حکومەت دەگرن. هەرچی جنێوو قسەیەکی ناشرین هەیە بەگوتار دەینووسن، نەك بەچیرۆك، کە دێنەوە وڵات زۆر ڕێزیان دەگیرێو زۆر



بە ساغو سەلامەتیو زۆر بە ڕێزیشەوە پارەیەکی زۆرو مەسرەفێکی زۆرەوە بەڕێ دەکرێنەوە. بەڵام نووسەرێك کە لەناو خودی وڵاتەکەیدا، یەك چیرۆکی (٨٠) لاپەڕەیی بڵاو دەکاتەوە، ئەو هەموو بەزمو ڕەزمو حەیاچوونەی پێدەکەنو، دەشیانەوێ ڕیسوای بکەن، کە ئەو نووسەرە بەقەد منداڵێکی خۆی ئەو شارەی خۆش دەوێ.

٢٠٠١/١١/٢٩ هەولێر ، شیرین پالاس

پەراوێزێک بۆ نۆڤلێتی مولازم تەحسین و شتی تریش

ئەختەری سۆزانی، یان قوربانی!؟

سەمەد ئەحمەد

(١)

نۆڤلێتی (مولازم تەحسین و شتی تریش..) کە لەنووسینی (د. فەرهاد پیربال)ە لەچەند مانگی رابردوودا، بەتیراژی (٧٥٠) دانە لەلایەن بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. هەر لەماوەی چەند رۆژێکدا، تاکی لەبازاڕدا نەما، ئینجا خوێنەران کەوتنە کۆپی کردنی و بەنرخێکی زۆر گرانتریش لەجاران، هەتا ئێستا دەفرۆشرێت.

لەنێوان هەموو ئەو نووسینانەی کە رۆژانە لە رۆژنامەو گۆڤارو کتێبە تایبەتییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، کەم دەق و نووسین هەیە هێندەی ئەم نۆڤلێتە بەختی یار بووبێت و خوێندرابێتەوە. هاوزەمان لەگەڵ ئەمەدا، کەم دەق و نووسینی تر هەبووە هێندەی ئەم دەقە بێ بەخت بووبێت، چونکە کێشەیەکی زۆری بەدوای خۆیی و نووسەرەکەیدا هێناوە.

لەم سەرو بەندەدا من دەمەوێت بڵێم، باهەموو لایەکمان بەئارام بین، پێموایە نووسەر مافی خۆیەتی چۆن دەقەکەی دەنووسێت، هەرواش خوێنەریش مافی خۆیەتی پەسەندی بکات، یان رەتی بکاتەوە. بڕواناکەم هیچ نووسەرێك هەبێت بتوانێت گرەو لەسەر ئەوە بکات، کە دەتوانێت دەقێك بنووسێت مایەی پەسەندی هەموو کەسێك بێت.

لەم بارەیەوە نامەوێت زیاتر درێژدادڕی بکەم، هەرئەوەندە دەڵێم: من لەم چەند دێڕەدا هەوڵ دەدەم بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆم، لەیەك گۆشەنیگاوە راڤەی دەقەکە بکەم، کە ئەویش مەسەلەی (قوربانی ئەختەری سۆزانییە). دەبێ ئەوەش بڵێم: ئەم چەند دێڕەی من ناچێتە خانەی لێکۆڵینەوەو رەخنەی ئەدەبییەوە، بەڵکو تەنها لێکدانەوەو چەند سەرنجێکی خۆمە لەسەر پاڵەوان و ناوەڕۆکی دەقەکە.

پێش ئەمەی دەست بەنووسینی سەرنجەکانم بکەم، پێم باشە هەریەك لەسێ پاڵەوانی دەقەکە (جوامێرو ئەختەرو مولازم تەحسین) بەچەند دێڕێك بەخوێنەرانی بناسێنم..

جوامێر؛ ناوی راستەقینەی (ئاراس)ە، پێش ئەوەی بچێتە شاخ، بەعسی بووە، چوار ساڵیش بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتووکاڵی سلێمانی بووە. لەم کاتەدا، کچە فەرمانبەرێکی خۆی تەفرەدان،

بەناوی ئەوەی کە دەیخوازێت، فێرە جەستەی دەبێتو دواجاریش دەیکات بەژن، ئێنجا هەڵدێتو دەچێتە شاخ، ناوی خۆی دەگۆڕێت بە (جوامێر)، بەڵام بۆ مەسەلەی دەستبازی، هەرگیز دەستبەرداری کچە نابێت، کە ناوی ئەختەرە..

ئەختەر؛ لە دڵەوە بەڕێوەبەری خۆشدەوێت، بەهەموو شێوەیەك ئامادەیە شوو بە بەڕێوەبەر بکات، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك ئەم کارە ناکات، هەموو جارێکیش هەر تەماداری دەکات کە دەیخوازێت، دواجار زەمانە ئەختەر دەکاتە سۆزانییەکی ڕەسمی، ئینجا زابت ئەمنێکی بەعسیش فێرە جەستەی دەبێت، کە ناوی (مولازم تەحسین)ە..

مولازم تەحسین؛ زابت ئەمنێکی بەعسییە، زۆر بێڕەحمانە لەدژی کورد ڕەفتار دەکات، ڕۆژانە دەستی خۆی بەجەستەی ئەختەر گەرم دەکاتەوە..

لەنێوان ئەم ماجەرایەداو لەکۆتایی دەقەکەدا، جوامێر دەکوژرێتو ئەختەریش ڕاپێچی زیندان دەکرێت.

(۲)

(ئەختەر) کە پاڵەوانێکی سەرەکی دەقەکەیە، پانتاییەکی زۆرو سەنگێکی قورسی لەنۆڤلێتەکەدا هەیە، بەجۆرێکە، کە دەکرێت بیکەینە چەقی دەقەکەو سەرجەم کارەکتەرەکانی تر، تەنانەت بە (مولازم تەحسینو جوامێر)یشەوە، کە دوو پاڵەوانی سەرەکی تری نۆڤلێتەکەن، لەدەوری ئەم چەقە کۆبکەینەوە.

(ئەختەر) لەڕووی کۆمەڵایەتیو سیاسیو دواجاریش دەروونییەوە، کەسێکی ئاڵۆزو نائارامە، لەڕاڤەی هەریەك لەم لایەنانەوە، لە کەسێتی (ئەختەر) باشتر دەگەین.

تەمەنو ژیانی (ئەختەر) دەکرێ بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین، لەهەریەکەشیاندا، کۆمەڵێ تایبەتمەندی هەیە، بەڵام ئەوەی لەهەموو قۆناغەکاندا پاتە دەبنەوە، ئەوەیە کە (ئەختەر) وەك ڕەگەزێکی (مێ)، لە هیچ قۆناغێکدا کەسێکی ئاسایی نییە، هەر ئەم ئاسایی نەبوونەشە وایکردووە کە ژیانی ڕۆژانەی بەشێوەیەکی تراژیدیانە نمایشی خۆیان بکەن.

سەرەتا دەبێت بزانین کە ئەختەر، جگە لە (دایكو خاڵ) کەسی تری نییە، هەر زوویش بەهۆی جموجۆڵو هەڵسوکەوتی نائاسایی ئەختەرەوەیە، لەخەفەتا دایکە کلۆڵەکەی دەمرێتو سەر دەنێتەوە، خاڵۆکانیشی حاشای لێدەکەن.

ئیدی (ئەختەر) وەك کچێك بەتەنهاو لەماڵێکدا ژیان بەسەر دەبات، ئەم شێوە ژیانەی (ئەختەر) بۆ خۆی مایەی تێڕامانو ورد بوونەوەیە. چونکە ژیان لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا کە کوردستانیش بەشێکە لێی، ئەگەر بڵێین مەحاڵە، دەتوانین بڵێین: نامۆیە.

ئەم جۆرە ژیانە، لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایدا، شتێکی ئاساییە، چونکە ژیان لەمجۆرە کۆمەڵگەیەدا لەوە کراوەترە کە کەسێك جا چ (نێربێت، یان مێ) بەتەنهاو بێ خێزان ژیان بەسەر بەرێت. ئەمە نەك تەنها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو لەڕووی یاساییشەوە، چ کێشەیەك بۆ تاکە کەس دروستناکات، بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی جێگای سەر سوڕمانو مایەی تێڕامانە.

ئەوە ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا، ژن هەمیشە پاشکۆی پیاو بووە. بە مانایەکی دی؛ ژن، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە لەڕووی یاساییو کۆمەڵایەتییەوە بەتەواوی دانی بەکەسێتیو مافە تایبەتییەکانیدا نەناوە، نەیتوانیوە ئەو بەندو بەستو لەمپەرانە بشکێنێت، هەر بۆیە لەمەسەلەی بژێویدا چارەنووسی ژن وەکو پاشکۆیەك بە پیاوەوە، یان ڕاستتر بڵێین بەڕەگەزی نێرەوە بەستراوەتەوە.

بەم شێوەیە دەبینین، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، سەرەتاکانی تەمەنی (ئەختەر) بەشێوەیەکی نائاسایی چووەتە پێشی، کاتێکیش گەورە دەبێتو

لەڕووی جەستەییەوە پێدەگات، تراژیدیای ژیانی چەند هێندەی تر لەگەڵیدا بالا دەبێت. لەبەرئەوەی (ئەختەر) لەڕووی روخسارەوە کچێکی ئێسک سووک و بەرچاویی و جوانە، هەر یەکسەر دەبێتە جێنیشانەی دەروبەری، لەدوای ئەوەی لە فەرمانگەی کشتوکاڵی وەک فەرمانبەرێک دادەمەزرێت، بەڕێوەبەرەکەی (ئاراس) تەماحی دەکات، دەیهەوێت لەخشتەی بەرێت.. بەڕێوەبەر (دوو مانگ زیاتر بوو، چەندی دەکردو دەیکرد، نەیدەتوانی ئەختەر فریوبدات و رۆحکێشی ماڵەکەی خۆی بکات.. ل١٦)، بەڵام دواجار (ئەختەر) بۆ بەڕێوەبەر رام دەبێت و دێتە ژێر بار، ئەگەرچی (ئەختەر) لە دڵەوە زۆر بەپاکی بەڕێوەبەری خۆشدەوێت، بەو ئومێدەی رۆژێک لەرۆژان ببنە هاوسەری یەکدی، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵیدا دادەمەزرێنێت (ئەختەر هەر لەیەکەمین رۆژەوە، بڕیاری دابوو، بەتەواویش دڵنیابوو کە ئیتر دەبێتە ژنی جوامێر.. (١٩).

وەکو لەسەرەتاوە گوتمان: (ئەختەر) کەسێکی ئاسایی نییە، هەر زوو ئەم پەیوەندییە سنووری ئاسایی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئاینی دەبەزێنێت. دەروبەرو کۆمەڵگە هەریەکەو لەدیدی خۆیەوە باس لە پەیوەندی نائاسایی (ئەختەرو بەڕێوەبەر) دەکەن. ئێمەی خوێنەر لەدەمی ئەو کەسانەوە لەراستی و چۆنیەتی و چییەتی پەیوەندی (بەڕێوەبەرو ئەختەر) دەگەین.

(سەلامی فەرەج فافۆن ، کە هاوڕێی نزیکی جوامێربوو، لەلای برادەرەکانی خۆی دەیگوت: جوامێر تەنها دەستی پێگەرم دەکاتەوە.. ل١٨).

سەرەتای قوربانی و بەکالاّبوونی ئەختەر لێرەوە دەستپێدەکات، لەبەرئەوەی (جەستە) لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا هەموو بونیادو پێکهاتەی مرۆڤی تیا چڕبووەتەوە، هەروەها یەکێکیشە لەپیرۆزترین شتە پیرۆزەکان، تاکە کەسیش هەرگیز ناتوانێت وەک بەشێکی سەربەخۆ لەپێکهاتەو بوونی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵکو لەئاقار مەسەلەیەکی وا تایبەتدا، کۆمەڵگە بڕیاری جۆری وازییەکە دەدات، نەک خودی مرۆڤەکە خۆی. هەر کەسێکیش سەرکێشی بکاتو بێ پەروا ئەو سنورە ببەزێنێت، ئەوا کۆمەڵگە زۆر بێبەزییانە سزای دەداتو تۆڵەی لێدەکاتەوە.

کاتێک (ئەختەر) ئەم پیرۆزییە لەدەست دەدات واتە (لەکچەوە بەناشەرعی دەبێت بەژن)، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە کالاّیەکی زۆر بێنرخ، ئەم بێنرخیو تڵتەبوونەی تەنها لەئاستی گشتی کۆمەڵدا رەنگنداتەوە، بەڵکو لەلای خودی ئەو نێرەش کە کارە سێکسییە نا شەرعییەکانی لەگەڵدا کردووە، زۆر بەقوڵی رەنگدەداتەوە. لێرەوە چەمکی (سۆزانی)، کە چەمکێکی کۆمەڵایەتییە، بەرهەم دێت.

لەماجەرای ژیانی (ئەختەر)ەوە لەوە تێدەگەین کە (ئەختەر) چەند سۆزانییە (بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی)، دەبێت بە نەفرەت بکرێتو زۆر بەتوندی سزا بدرێت.. لەوەش زیاتر قوربانییە (بەمانا هیومانییەکەی)، جێگەی بەزەییەو دەبێت هەوڵی قەرەبووکردنەوەی دۆڕاوییەکانی و بەدەستهێناوەی کەسێتییە شکستخواردووییەکانی بدرێت.

بەمانایەکی دی، هەموو ئەو لەمپەرانە بشکێندرێت کە ناسنامەی سۆزانییان بەو (مێ)یە بەخشیووە.

لەسەر رۆشنایی ئەم راستیانە، ئێمە درک بەوە دەکەین کە (ئەختەر) قوربانییە. بێگومان هەموو قوربانییەکیش، بەشێوەیەک لەشێوەکان جەلادی خۆی هەیە. جەلادی یەکەمو راستەوخۆی (ئەختەر)یش جگە لە (جوامێر)، دواجاریش (مولازم تەحسین) کەسی دی نییە. چونکە یەکەم کەسێک کە پیرۆزییەکانی جەستەی (ئەختەر)ی لەکەدارکرد، (جوامێر) بوو، یان راستتر بڵێین (ئاراسی بەڕێوەبەربوو).

(ئەختەر) لەدایەلۆگێکدا بە (باجی بناری ژنی مامەندە مۆن) دەڵێت (جوامێر یەکەمین پیاو بوو کە من خۆمم بۆی رووتکردەوە.. ل٢٠) لەم دیمەنەدا هیچ ئاماژەو لەززەتێکی سێکسی بەدی ناکرێت، (ئەختەر) هەموو ئەمانەی لەساویلکەیی و سادەیی و خۆشەویستی بێپایانی بۆ (جوامێر) ئەنجام داوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، (ئەختەر) نیازی پاکەو جوامێری تاسەر ئێسقان خۆشدەوێت.

(باجی بنار) پێی دەڵێت:

(-پەشیمانیت) ئەختەر؟ ، (ئەختەر) دەڵێت:

-نەخێر، چونکە خۆشیم ویست، خۆشی ویستم.

-ئەدی ئێستا؟ ئێستا پەشیمان نیت؟

-نەخێر.

باجی بنار دەڵێ:

-هەی کەرە! ئاخر ئەو بوو کە تۆی بەم رۆژە گەیاند.

ئەختەر درۆی لەگەڵ باجی بنار نەدەکرد، دڵۆپە فرمێسکە گەرمو رونەکانی خۆی دەسرپیەوەو دەیگوت:

-ئێستاش هەر خۆشیم دەوێ.. ل٢١).

لەبەرامبەر ئەم رازو سۆزانەدا (جوامێری جەلاد- ئاراسی بەڕێوەبەر) زۆر بێبەزەییانە، تەنها بۆ رابواردنو دەست گەرمکردنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جەستەیەدا دەکات.

خەڵکو خوا شاهیدی ئەم تاوانەی جوامێرن، پورە رەعنای ژنی سەلیم سەرپان بەئەختەری دەگوت:

(-بەخوا کچم، ئەو جوامێرەی تۆ باسی دەکەی دەستی دەستیت پێدەکات.. ل٤١).

(کە کچ بوی، جوامێر دەستی خۆی پێت گەرمکردەوە..ل٤٥)، ئەمە قسەی باجی بنارە، لەدایەلۆگێکدا بە (ئەختەر) دەڵێت. بەم شێوەیە دەبینین (جوامێر-ئاراسی بەڕێوەبەر) وەک نێرێکی هەوەسبازی رۆژهەلاتی، تەنها بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووە شەیتانییەکانی (ئەختەر)ی لە ئامێزگرتووە، نەک وەک عاشقێکی بەوەفا هەوڵی تێکشکاندنی، لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکانی بەیەکگەیشتنی بەردەمیان بدات.

(٣)

(ئەختەر) بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی، تەنها یەک جەلادی نییە، لەدوای ئەوە کە لەساڵی ١٩٨٥ بەدواوە ئاراسی بەڕێوەبەر (ئەختەر) لە کچەوە دەکات بەژن، ئینجا (٢٠٠٠٠٠) دیناری دائیرەکەی دەفڕێنێتو دەچێتە شاخ، لەوێ ناوی خۆی دەگۆڕێت بە (جوامێر).

لێرە بەدوا قۆناغێکی تری تراژیدیای ژیانی (ئەختەر) دەستپێدەکات.

(جوامێر) وێڕای ئەوەی بەخۆی دەڵێت پێشمەرگە، بەڵام لەتەواوی دەقەکەدا هیچ کارو رەفتارێکی پێشمەرگانە نانوێنێت.

بۆیە راستتر وایە بڵێین: جوامێر پێشمەرگەیەکی موزەیەفە، چونکە لەسەردانەوەکانیدا بۆ لای (ئەختەر) جگە لەدەستی دەستیو تەفەردانو دەستبازی، چ پەیامو سۆزێکی تری پێنابەخشێت.

(جوامێر) وەک جەلادێک، بەشێوەی جیا جیا ئەم خواستی تەفەردانە پیادە دەکات، دەیهەوێت هەوەسبازییەکانی خۆی ناوبنێت عەشق! بەئەختەر دەڵێت: (تۆ هەمیشە ناو لەم چیرۆکەی ئێمە دەنێیت هونەر، سەردان، وێران.. قەت بە زمانتدا نایە بڵێی عەشق...ئەختەریش لەوەڵامدا بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: چی!؟ عەشق؟ کەوانییە!.. ل ١١).

دواجار خەڵکیش درک بەم رازە دەکەن، چونکە ئەوان لەئەختەر باشتر (جوامێر) دەناسن.

(جوامێر) پێش ئەوەی بچێتە شاخو لەپۆلی دووەمی کۆلیژی کشتوکاڵییەوە بەعسی بووە، پلەی حیزبیشی (رەفیق موتەقەدم) بووە، چوار ساڵیش بەڕێوەبەری دائیرەی کشتوکاڵ بووە.. کاتێکیش دەچێتە شاخو ناوی خۆی دەنێت پێشمەرگە، تەواوی کردەوەکانی شاهیدی ئەوەت کە ئەو هەرگیز

پێشمەرگەی کوردستان نەبووە، بەڵکو چۆن رۆژگارێك بوو لەبەر بەرژەوەندی خۆی بەعسی بوو؛ هەرواش بەهۆیەکی ترەوە ئەمڕۆ چووە شاخ.

کەسێتی دزێوی جوامێر لەلای خەڵکی پەنهان نییە، ئەوان زۆرباش جوامێر دەناسن.

لەدیمەنێکی دەقەکەدا پورە رەعناو باجی بنار، تیزو گاڵتەیان بە پێشمەرگایەتی‌و قارەمانی جوامێردێت، کە لەلای هەندێ کەسی ساویلکەو بێئاگا بووە بەقارەمان‌و لەوەش زیاتر بووە بە ئەفسانە. باجی بنار بەتەوەسەوە دەڵێت: (جوامێرە فەندی، کۆنە مودیری دائیرەی زراعە، هەتا ئەو بەعسی بوو! چما هیچ بەعسییەکی وەکو ئەویش لە سلێمانی هەبوو؟ کاتێ رۆیشتیشە شاخ، بووە (جوامێر)! گوایە لەناو شار خەتایل بووە !.. ل٦٧).

ئەمەش درۆیەکی تری شاخدارە جوامێر بۆخۆی دروستکردووە، کە گوایە ئەو لەناوشاردا وەك پێشمەرگەیەك کاری بۆ کوردو کوردستان کردووە، بەڵام جوامێر جگە لەخۆی‌و هەندێ کەسی ساویلکەی تر، کەسی دی بەم درۆیەی هەڵناپەڕێت. باجی بنار لەهەموومان باشتر لەکەسێتی جوامێر گەیشتووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جوامێر کاتێك بەڕێوەبەربووە، هەر خزمەتی بەعسی کردووە، چ پەیوەندییەکی بە پێشمەرگەو کوردایەتییەوە نەبووە، لەسەر کەسێتی جوامێر دەڵێت‌و دەپرسێت: (ئەمڕۆ کێ دەکرێتە مودیر، ئەگەر جێی متمانەیەکی زۆری حکومەت نەبێ؟ خەڵکی کەریش شانازی پێوە دەکەن گوایە خەت مایل بووەو بۆ پێشمەرگە ئیشی کردووە..! ل٦٧).

ئەگەر بەپەیژەی ئەم تەرزە باسانەدا زیاتر هەڵزنێین، لەکەسێتی‌و گەوهەری گورگ ئاسای جوامیچر باشتر حاڵی دەبین، دەبێت بزانین کە جوامێر، جگە لە ئەختەر، هەرواش جەلادی پێشمەرگەو شۆڕش‌و کێشەکەیەتی، چونکە ئەو، ئەو هەموو دەستبازییەی خۆی لەژێر پەردەی کوردایەتی‌و ناوی پیرۆزی پێشمەرگەوە ئەنجام دەدات. جوامێر جگە لە جلەکەی هیچ گەوهەرێکی تری پێشمەرگانەی نییە، لێرەدا ئەرکی ئێمەی خوێنەرە بەو جلانەی تەفرە نەخوێن‌و درك بەوەبکەین کە پێشمەرگە کەسێکی لەخۆبردوو شۆڕشگێڕە، نەك هەوەسبازو سەرسەری.

نووسەر ئەگەرچی (جوامێر)مان بەجلی پێشمەرگانەوە بۆ نمایش دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا هەوەسبازی‌و ناخی گورگ ئاسایمان پێدەناسێنێ. بەمانایەکی دی ئەو بەئاشکرا پێمان دەڵێت جوامێر ئەگەرچی جلی پێشمەرگەی پۆشیوە، بەڵام ناخ‌و کارو رەفتاری هەرگیز پێشمەرگانە نییە.

ئیدی ئەوە هەڵەیەکی بەرچاوە، هەرواش نزمترین‌و سادەترین ئاستی خوێندنەوەیە بۆ دەق، گەر بێین لەدوای ئاشکراکردنی کەسێتی راستەقینەی جوامێر یەخەی نووسەر بگرین‌و بەوە تاوانباری بکەین‌و پێی بڵێین: تۆ لەم دەقەداو لە دارشتنی کەسێتی جوامێردا ویستوتە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لەکەدار بکەیت!

تۆێکاری (تشریح)و خوێندنەوەی کەسێتی راستەقینەی پاڵەوان‌و کارەکتەرەکانی هەر دەقێك، چەندە ئەرکی نووسەرە، لەوەش زیاتر کاری خوێنەرە درکییان پێبکات‌و وەك خۆیان بیاناسێت.

جوامێر تاوانبارە، دەیهەوێت بەناوی شۆڕش‌و پێشمەرگەوە ئەختەر زیاتر تەفرە بدات. لێرەشەوە ئەو راستیەمان زیاتر بۆ ئاشکرا دەبێت کە جوامێر چەندە ئەختەری خۆشدەوێت، یان وەفاداری‌و ئامادەیە قوربانی لەپێناودا بدات! هەر ئەوەندەش دڵسۆزی شۆڕش‌و کوردو کوردستانە. کەواتە ئەگەر جوامێر پێشمەرگەش بێت، جگە لە پێشمەرگەیەکی هەڵپەرست‌و موزەیەف زیاتر هیچی دی نییە. هەبوونی کەسی واش لەناو شۆڕشدا، نەك هەر لەلای کورد، بەڵکو لەناو شۆڕشی هەموو نەتەوەیەکی تردا، مەحاڵ‌و کاری نەکردە نییە.

ئێمە هەموو دەزانین کە پێشمەرگەش وەک هەر مرۆڤێکی تر لە رۆح و خوێن و گۆشت و ئێسک پێکهاتووە، ئاسایە ساتێك لەساتەکانی ژیان، رەفتارەکانی ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی هەبێت لەگەڵ کردەوە شۆڕشگێڕییەکانی. کە دەڵێین ئاساییە، مەبەستمان ئەوە نییە کە هەڵوێستە دزێوەکانی پەسەند دەکەین، یان پشتیوانی لێدەکەین، هەر ئەوەندەیە دەڵێین: دەشێ کەسێکی پێشمەرگەش خیانەت لەئامانجە بالاکانی خۆی بکات. هەموومان بەچاوی خۆمان بینیوومانە کە چەندین پێشمەرگە لەوپەڕی شکۆمەندی و قارەمانیدا بووە، بەڵام لەپڕ هەموو شتێکی دۆڕاندووەو بووە بە جاش و بکوژی پێشمەرگە! بەشێوەیەك لەشێوەکان (جوامێر)ی پاڵەوانی ئەم دەقەش لەو جۆرانەیە.

جوامێر لەبری سەرخستن و بردنە پێشی مەسەلە نەتەوەییەکان، هەرواش توکمەکردنی ریزی رێکخستنەکان، هاتووە بەناوی شۆڕش و پێشمەرگەو، لەوەش زیاتر مەکتەبی سیاسییەوە، کار بۆ سەرخستنی مەرامە گڵاوەکانی خۆی دەکات، کە دەستبازی و رابواردنە لەگەڵ ئەختەردا.

(ئەختەر) لەهەموو شوێنێکی دەقەکەدا، جگە لەو شوێنانەی کە بێئومێدە لە دڵسۆزی و وەفاداری جوامێر، چەخت لەجوامێر دەکاتەوە کە لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ شاخ، بۆ ئەوەی لەمەینەتییەکانی (مولازم تەحسین) رزگاری بێت، بەڵام جوامێر چ باکی نییە، هەر رۆژەو بەناو و مەسەلەیەکەوە ئەختەر تەفرەدەدات، بەوەش دڵخۆشی دەداتەوە، ئەگەر هەر نەیتوانی ئەختەر بهێنێتە شاخ، جوامێر خۆی دەڵێت: (بەڵێنت دەدەمێ تەسلیمی حکومەت دەبمەوەو لێرە دەتخوازم.. ل٥٩).

بەڵام جوامێر ئەم درۆیە بۆیە دەکات، بۆئەوەی ساتەکانی لەزەت و رەحەتبوونەکەی لێنەشێوێت، چونکە کاتێك ئەم بەڵێنەی دا (پەنجەکانی دەستی چەپی، تا قەراغی هەناوی ئەختەر رۆیشتبوو.. ل٦٠) ئەمانە هەموو لەلایەك، هەندێجاریش، جوامێر بەناوی مەکتەبی سیاسی و شۆڕشەوە ئاوەکە شلوێ تر دەکات، بەمەش ئەختەر هەر بەتەماداری دەهێڵێتەوە، هەرواش دەستبازی شەوانەی هەر بەردەوام دەبێت.

لەدیمەنێکدا، جوامێر لەسەر مەسەلەی بەیەکنەگەیشتنی خۆی و ئەختەر، بەئەختەر دەڵێت:

(-مەسەلەکە پەیوەندی بەمەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبەوە هەیە.

-چی؟!

جوامێر گوتی:

-ئەوان، ئەوان رێگەنادەن جارێ بتخوازم.. ل٥٥-٥٦).

هەڵبەتە جوامێر ئەم درۆیە بۆیە دەکات، بۆ ئەوەی پەیوەندی و دەستبازی لەگەڵ ئەختەردا هەر بەردەوام بێت، بەڵام هەرگیز نایەوێت سنووری پەیوەندییەکان بەرتسکتر ببێتەوەو دواجار لەچەقێکدا وەک ژن و مێردێك ژیانێکی خێزانی دروست بکەن.

ئەختەر نیگەرانەو هەمیشە بەجوامێر دەڵێت: بۆ نامخوازیت؟ خۆ ئێستا ئێمە (بەقەد ژن و مێردێك زیاتریش شتمان لەنێواندایە..

جوامێر قسەکەی پێدەبڕێتو دەڵێت:

-تەواو، ئەمەیە مەسەلەکە! ئەختەرگیان، ئەوەی لەنێوان من و تۆدا هەبووەو هەیە، لەژن و مێردایەتی زۆر پیرۆزترو گەورەترە، ئەمەندە بەسە!.. ل٤٧).

سەرەتا ئەختەر وادەزانێت جوامێر راستەکات کەسەرکردایەتی شۆڕش، لەمپەرە لەبەردەم بەیەك گەیشتنیان، بۆیە لەچەمکەکانی (شۆڕشش و حزب و پێشمەرگە) بەدگومان دەبێت، بەنیگەرانییەوە بەجوامێر دەڵێت:

(-من پێموابێ تۆ منت تەنیا بۆ ئیشی حزبی دەوێتو بەس!

-چۆن؟

—تۆ، من بەکارەهێنیت بۆ مەبەست‌و ئامانجەکانی حزب.. ل٤٤).

بەڵام دواجار ئەختەر دەزانێت هەموو ئەوانەی جوامێر بەناوی مەکتەبی سیاسیەوە دەیڵێت، جگە لە درۆیەکی زل زیاتر هیچی دی نین، ئەو تەنها جەستەی ئەختەری دەوێت، نەك دڵ‌و گیان.

لەسەرو بەندی ئەم مەسەلانەدا باجی بنار فریای هەمووان دەکەوێت‌و راستییەکی تر دەدرکێنێت: کە جوامێر (هەر بەئانقەستیش ئەم کارانەی پێدەکات، بۆ ئەوەی سەری بەفەتارەت بدات‌و لەکۆڵ خۆی بکاتەوە !..ل٦٦).

دواجار هەموو پێشبینییەکانی باجی بنار راست دەردەچن، ئەختەر لەبەر جموجۆڵ‌و چالاکی ناوشاری، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی رژێمەوە دەستگیر دەکرێت، هەرواش لەکارەکەی کە فەرمانبەرێکی حکومییە دەردەکرێت، لە زیندانیشدا قۆناغێکی تری تراژیدیای ژیانی ئەختەر دەخوێنینەوە، کە چۆن لەلایەن ئەمن‌و پیاوەکانی رژێمەوە سوکایەتی پێدەکرێت، لەوەش زیاتر دەستدرێژی دەکرێتە سەری. ئەختەر لەدیمەنێکی دەقەکەدا ژیانی زیندانی خۆی بۆ باجی بنار ئاوها دەگێڕێتەوە:

(—لەکاتی ئەشکەنجەدا، سێ پیاو بەجارێك لێم هاتە ژوورەوە).

—سێ؟

—ئەوەی یەکەمیان گوتی: ئێمە دەزانین تۆ ژنیت‌و جوامێر تۆی کردۆتە ژن.

ئەختەر لە پرمەی گریانیدا.

—بەنۆبەت، دەهاتن..

—وەیش! یەعنی بەزۆر..

—بە.. زۆر.. ل٢٧).

بەڵام لەبەرئەوەی ئەختەر هیچی پێناگیرێت، ئازاد دەکرێت، بەڵام هەمیشە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی رژێمەوە چاودێری دەکرێت‌و ناوەناوەش بانگی دەکەنە ئەمنە سوورەکە. تا دواجار لەشەوێکدا کە مولازم تەحسین بۆ پشکنینی مەڵانی شار دەچێتە ماڵی ئەختەر، تەنهایی ئەختەر دەقۆزێتەوە‌و پێی فێردەبێت..

(٤)

بەشێکی تری تراژیدیاو قوربانی ژیانی ئەختەر، راستەوخۆ پەیوەندی بە (مولازم تەحسین)ەوە هەیە.

مولازم تەحسین جەلادی هەموو کوردە، لەدوو تۆیی ئەم مەسەلانەوە دەکرێ خوێندنەوەیەکی وردترمان بۆ سروشت‌و پێکهاتەی کۆمەڵێ کوردەواری هەبێت، هەرواش تاوانەکانی داگیرکەرانی کوردستان لەبەرمبەر خەڵکی کوردستان بەگشتی‌و رەگەزی مێ بەتایبەتی.

ئەگەر نێرینەی کورد لەبەرامبەر هەر تاوانێکی داگیرکەراندا پەنای بۆ شاخ‌و چەك بردبێت، ئەوا ئەم دەروازەیە بۆ رەگەزی مێ بەگرانتر کراوەتەوە، یان هەر کڵۆم دراوە. بۆیە لەئاقار مەسلەی قوربانی‌و بەکالاّبوونی جەستە، هەمیشە رەگەزی مێی کورد، لەرەگەزی نێرچەوساوەتربووە، دیارە ئەمەشیان چەندە پەیوەندی بەمەسەلە سیاسییەکانەوە هەیە، لەوەش زیاتر پەیوەندی بەمەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. جگە لەم لایەنانە، لەژێر رۆشنایی ئەم دەقەدا، لەوە باشتر حاڵی دەبین کە داگیرکەرانی کوردستان، هەر تەنها هەوڵی داگیرکردنی خاك‌و ئاوو سەروەت‌و سامانی کوردستانیان نەداوە، بەڵکو هاوزەمان لەگەڵ ئەمانەدا، ویستویانە تاکی کورد لەناوببەن، یان بیانکەن بە کۆیلەو بەکرێگراوی خۆیان، لەوەش زیاتر جەستەیان داگیربکەن‌و بیکەنە بەشێك لەمولکی خۆیان، ئەمەشیان تا ئەو سنوورەی کە حەزە شەیتانییەکانیان تێردەبێت، دواجاریش وەکو کالاّیەکی بێزراوو نەویستراو تەماشا دەکرێ. لەسەرو بەندی ئەم قسانەوە، هەر سەبارەت بەم دەقە دەمەوێت بڵێم: ئەم دەقە لەیەك کاتدا چەندین

گوتاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆژی‌و سێکسی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام گوتاری بەکاڵابوونی ژن، دیارترین گوتارێتی.

پێویست ناکات لەسەر کەسێتی مولازم تەحسین زۆرشت بڵێین، چونکە ئەو خوێنڕێژو جەلادێکی راستەقینەی کوردە، ئیدی لەهەندێ جێگای دەقەکەدا خۆی بەفریشە، یان بەعاشق! دەداتە قەڵەم، جگە لەدرۆو تەفرەدان هیچی دی نییە.

دیسان دەیڵێم: ئەمەش هەر ئەرکی ئێمەیە (خوێنەر) کە وەکو خوێان کەسێتییەکانی هەر دەمێك بناسین، ئەم ناسینەش لەئیزدبواجییەتی هەڵوێستو قسەی پاڵەوانەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

دەبێ چی لەوە رونتربێت کە (زابت ئەمنێکی بەعسی) هیچ سۆزو خۆشەویستی‌و نەرمو نیانییەك لەناخیدا شك نەبرێت، بەڵام کاتێك لەهەندێ دیمەنی دەقەکەدا مولازم خۆی بەپیاو باش دەچووێنێ، یان هەندێ بەڵێنی درۆ بەئەختەر دەدات، کە ئەگەر ئەختەر رازی بێت، ئەم دەیخوازێت.

ئێمەی خوێنەر دەبێ بزانین، کە ئەمیش وەکو جوامێر تەفرەدەرەو جەلادە جارێکی دی دەیڵێمەوە ئەرکی نووسەر لەنووسینی هەر دەقێکیدا شیتەڵکردنی هەموو لایەنێکی پاڵەوان‌و کەسێتییەکان نییە، بەڵکو ئەمەیان زیاتر ئەرکی ئێمەیە. چونکە لەخوێندنەوەی دەقی هاوچەرخدا، ئەرکی خوێنەر هیچی وای کەمتر نییە، لەئەرکی نووسەر. بە مانایەکی دی خوێنەر کار لەدەق دەکات، تەنانەت هەندێجار خوێنەری جدی دەقێکی ناتەواو، تەواو دەکات، مەبەستم لەناتەواو لایەنی هونەری نییە، بەڵکو مەبەستم ئەو بۆشاییانەیە کە زۆر نووسەر بۆ بزواندنی هەزری خوێنەر لەدەقدا جێیان دەهێڵێت.هەندێجار لە رەخنەی ئەدەبیدا، سەبارەت بە نووسەر ئەوە گوتراوە کە مەرج نییە نووسەر هەموو کاتێك لەنووسینی تێکستدا، سفت چن بێت، بەجۆرێك هیچ بوارو بۆشاییەك بۆ لێکدانەوەی خوێنەر بەجێ نەهێڵێت، بەپێچەوانەوە، لەئەمرۆدا بەشداریکردنی خوێنەر لەدەقدا شتێکی تەندروستە، مەبەستیشمان لەبەشداریکردن، پشکنین‌و دۆزینەوەی مانا قۆڵەکانی هێڵە گشتی‌و تایبەتییەکانی دەقەکەیە، نەك شێواندن‌و نازڕکردن‌و ئاڵۆسکانی بابەتەکە.

سەبارەت بەئەرکی قورس‌و وردبینی‌و چاودێری خوێنەر لەلایەك‌و شاش چنینی دەق لەلایەن نووسەرەوە لەلایەکی ترەوە، دەمەوێت نموونەیەك پێشیماو بخەم.

لەم سالانەی رابردوودا، لە فەرنسا، چەند هونەرمەندێکی تەشکیلی، رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە هەریەکەیان لەسەر بابەتی (خندکاندن لە ئاودا) تابلۆیەك بکێشن، دواجار لە پێشانگەیەکی تایبەتدا هەموو تابلۆکان نیشانی بینەر بدەن، هونەرمەندەکان کەوتنە خۆیان‌و تەدارەکی خۆیان بینی، هەریەکەو بەپێی شارەزایی‌و سەلیقەو بۆچوونی خۆی، بەهێڵو رەنگ تەعبیری لەبابەتی (خنکاندن) کردبوو، لەڕۆژی نمایشدا تابلۆکان نیشانی جەماوەر دران. لەناو تابلۆکاندا بەڕواڵەت نیگارێکی سادەو ساکار بەرچاو دەکەوت، بەڵام لەناوەڕۆکدا مانایەکی قوڵ لەودیو هێڵ‌و رەنگەکانەوە هەبوو. لەدوای مشتومڕێکی زۆر، ئەم تابلۆیە پلەی یەکەمی پێبەخشرا.

نیگارەکە هیچ نەبوو، جگە لە وێنەی شەپقەیەکی سەرئاو کەوتوو زیاتر.

سەرەتا هەندێ کەس گاڵتەیان بەم تابلۆیەو تەعبیری هونەرمەندەکە دەهات، کە چەند بەساویلکانە هەستی خۆی بەرامبەر بابەتێکی گەورەی وەك خنکاندن دەربڕیوە. لەخاوەن تابلۆکەیان پرسی:

ئەمە بۆ وا؟ بۆچی قوڵتر تەعبیرت لەخنکاندن نەکرد؟ هونەرمەندەکە لەوەڵامدا گوتی:

ئازیزان، ئەمە شەپقەیەکەو خاوەنەکەی خنکاوە، ئیدی کابرا مەلەی نەزانی‌و خنکا، قرشی دەریا

خواردی، یان به چ ڕێگەیەکی تر کە تۆی بینەر پێت باشە، ئەمنیش پێم باشە، کابرا خوا فەوتیکردوو خنکا، ئەوەکاری تۆیە چۆنیەتی خنکاندنەکەم بۆ بگێڕیتەوە، نەک من!

جارێکی دی دەگەڕێمەوە لای دەقەکەی لەمەڕ خۆمانو چەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە نووسەر هیچ کاتێکو لەهیچ جێگایەکی دەقەکەدا مولازم بە پیاو باش، یان بە عاشق، یان بە فریشتە نەداوەتە قەڵەم، خوێنەری جدیو وردبین لەمسەر بۆ ئەوسەری دەقەکە لەوە حاڵییە کە مولازم تەحسین گورگەو لە پێستی مەڕدا خۆی دەنوێنێت.

(٥)

ئەگەر من ئەم دەقەم نووسیبا، هەرگیز نەمدەتوانی ئەو تەکنیکو فۆرمە نوێیەی کە نووسەر دەقەکەی پێنووسیووە، پێی ببەخشم، ئەمەیان نەک هەرمن، بەڵکو پێم وایە هیچ کوردێک، ئێستاشی لەگەڵدا بێت تەکنیکی وای بەکارنەهێناوە، ئەم جۆرە تەکنیکە لەئەدەبی عەرەبیو جیهانیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام سەبارەت بەکورد، (د. فەرهاد پیربااڵ) داهێنەری ئەم بوارەیە.

دیسان دەیڵێم: ئەگەر ئەم دەقە من نووسیبام، هەرگیز ئەو زمانە کاڵو کرچەم بەکارنەدەهێنا، کە نووسەر دەقەکەی پێنووسیوە، ئەمەیان خەوشێکی گەورەیە بەسەر دەقەوە، مادامەکی (د.فەرهاد) هەم شاعیریشە، دەبوو زمانی نووسینی زۆر پاراوتر بوایە لەوەی کە ئێستا هەیە. دەقەکە پڕ لەهەڵەی زمانەوانییە، لەبەر ئەوەی ئەم نووسینەی من تایبەت نییە بەلایەنی هونەری دەقەوە بۆیە زیاتری لەسەر ناڵێم.

هەروەها دەڵێم ئەگەر ئەم دەقە من نووسیبام، خۆم دەبوارد لەو هەموو ناو کەسو شوێنە ئاشکرانەی کە لەدەقەکەدا ناویان هاتووە، بەمەش زۆر کێشەم لەکۆڵ دەبووەوە، هەرواش دەقەکە گشتگیرتر دەبوو، نەک وەک ئێستا مۆڵدراوە لەناوچەیەکدا.

ئەمجارەش دەیڵێم: ئەگەر ئەم دەقە من نووسیبام، بەم شێوەیەی کە هەیە کۆتایم پێنەدەهێنا، دەهاتم لەنێوان (جوامێرو مولازم تەحسین)دا (ئەختەرم) دەدا بەکوشت، وەکو چۆن بەدرێژایی دەقەکە (ئەختەر) قوربانی دەستی ئەو دووەیە، ئاوها هەربەڕاستی دەمکرد بەقوربانی. دواجاریش دەهاتم هەردوو جەلادەکە (جوامێرو مولازم تەحسین)م ئاشتو شاو شوکر دەکردەوە، ئەو دووە، ئەگەرچی بەڕواڵەت لەیەک جیان، بەڵام لەگەوهەردا کەسێکی کۆپیکراوی یەکدین، ئەمیان ئەمنێکی بەعسییەو ئەویان پێشمەرگەیەکی موزەیەف!

لەپایانی ئەم قسانەدا دەڵێم: نۆقلێتی (مولازم تەحسینو شتی تریش..) دەقێکی فرە زیندووە، شایانی ئەوەیە وردتر بخوێندرێتەوەو توێژینەوەی بابەتیانەی لەسەر بکرێت.

رونکردنەوەیەکی

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ

دەربارەی نۆڤلێتی (مولازم تەحسین و شتی تریش)

لەدوو مانگی رابووردودا، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، ئەرکی لەچاپدانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)ی خستە ئەستۆ، دوای بڵاوکردنەوەی، بیروڕای جیاواز لەسەر ناوەڕۆک و چاپکردنی نۆڤلیتەکە، وروژان، زۆربەی بیروراکانیش رەخنەبوون لەسەر ناوەڕۆکی نۆڤلیتەکە، بەشێکی کەمیشیان بەرگریبوو لەنووسەر، ئەوەی مایەی سەرنج بوو، بەشە زۆرەکەی رەخنەکان، سیاسی و رەنگدانەوەی هەڵوێستی حزبیبوون، بەشە کەمەکەی رەخنەکانیش لەناویاندا، بیروڕای ئەدەبی جوان و تێگەیشتن لەفەنتازیای ئەدەبی تیابوو.

بنکەی گەلاوێژ.. دەیەوێ بەم رونکردنەوەیە بڵێ:

مان و نەمانمان، بەستراوە بەم ئەزموونە دیموکراتییە کەلە باشووری کوردستاندا، لەبیناکردندایە، ئەم ئەزموونەش، بەری رەنجی تێکۆشەران دڵسۆزان.. لەپێشەوەیاندا، ئەزموونەکەمان، زادەی خوێنی شەهیدان و پێشمەرگەی کوردستانە، دەمێکیشە شۆڕشی نوێ و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، نووسەرانی هۆگری (نان و ئازادی)کردووە.

لەدەهەی دوای راپەڕینیشەوە، گەرچی هێشتا پرۆسیسی دیموکراتی راستەقینە رێگای درێژی لەبەردەمدا ماوە، بەڵام مەوداکانی ئازادی بەفراوانی دابینکراون، هەر لەسایەی ئەم ئازادیەدا، حکومەتی کوردستان، لای ئاساییبووە بیروڕاجیاوازەکان دەربڕدرێن، کەزۆرجار، بیری جیاوازو رەخنەی زۆری تووندیش، دەخوێنێتەوە.

ئەزموونە دیموکراتیەکەمان.. بەئازادیەوە جوانە، جوانی گەلەکەشمان بەئازادیەوە جوانترە.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانە، بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ، ئەوەتەی دامەزراوە هەتا ئێستا شانازی بەوەوە دەکات کەبنکەیەکی بڕیارەو بەرنامە سەربەخۆیە. دورو نزیك، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، هەستمان بەبچوکترین سانسۆرو دەست تێوەردان لەلایەن دەسەلاتەوە، نەکردووە. کاتێکیش دەسەلاتێك لەشەش سالّی رەبەقدا، بەو هەموو ئازادیەی راهێنابینو خۆشمانو هاوپێناوانیشمان لەپاڵدا، لەچوارچێوی مافە دیموکراتیەکانیشماندا، بۆ ئازادیەکی فراوانتر تێکۆشابین، دیارە کارێکی ئاساییە لەسایەی ئازادیدا، ئازادی نۆڤلێتەکەی (د. فەرهاد پیربالّ)یش دابین بکەین، چاپکردنی نۆڤلێتەکە لەسایەی دەسەلاتی یەکێتیدا، لەخۆی لەخۆیدا، دەیسەلمێنێ کەوا: مەوداکانی ئازادی لەم دەڤەرەدا، لەسەر رەگو ریشەی دروشمەکەی (نانو ئازادی)شاخ رواوەو پەلو پۆی هاویشتووە.

نووسەرانو رووناکبیرانی ئازیز!

لەو پێودانگەوە، چاپکردنی نۆڤلێتی (مولازم تەحسینو شتی تریش)بەکارێکی سەیر نازانین، بەڵکو ئەو کاردانەوانە بەڕاست نازانین کەبەبێ خوێندنەوەی ستاتیکیانەی بەرهەمەکە، هەتاڕادەی ئازاردانی بنکەی گەلاوێژ، قەڵەمی رەخنەیان لێداگرتین.

سەرەڕای ئەو راستیانەش.. بنکەی گەلاوێژ، پشووی رووناکبیری درێژکردو رانەکێشرایە ناو کێشمە کێشی لاوەکی، ئامادەش بووین لەدادگاش بەرگری لەهەڵوێستەکەمان بکەین، بەڵام بەسوپاسەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەمجارەش وەکو نەریتی ئازادیخوازی بەڕێزی، کۆتایی بەکێشەکە هێنا.

بەم رونکردنەوەیەش. بنکەی گەلاوێژ، لەهیچ کەسێکو دەزگایەك زویر نییە، هیواداریشە، هیچ کەسێکو دەزگایەك چاپکردنی نۆڤلێتەکە، جگە لەدابینکردنی ئازادیو ئەفراندنی زیاتری گەوهەرە دەستەمۆنەکراوەکانی جیهانی ئەدەب، لێکدانەوەی دیکەی بۆ نەکا.

ئەوەی لەم تەنگژیەشدا، لامان گرنگە، چۆنیەتی دەرسو پەندوەرگرتنی هەموانمانە، لەم ئەزموونەش بۆ قوڵتر تێڕوانین لەجیهانە ئەفسوناویەکەی ئەدەبو قبوڵکردنی بەهرەو داهێنانە ئازادەکەی نووسەران.

بەهیواین.. دیموکراتیو ئازادی بەچەشنێ رۆبچێتە ناخو هەستو.. ویژدانمان.. بیروبۆچوونی زۆر جیاوازتر لە نۆڤلێتی (مولازم تەحسینو شتی تریش)قبوڵ بکەین، تەنها ئەمەش.. مانای راستەقینەی ئازادیەو هیچی دیکە، بەتایبەتی ئازادی ئەدەبو ئەدەبی ئازاد.

دەستەی بەڕێوەبەری
بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ
٢٠٠١/١٢/١٢